# ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

# ١٩٤٦ - ٢٠٢٤


ئامادەکردنی

**هەڵات سەمەد باکرمانی**

**سنەوبەر تەیب ئاکرەیی**



لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٥

**ناوی کتێب:** ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦ - ٢٠٢٤

**ئامادەکردنی:** هەڵات سەمەد باکرمانی و سنەوبەر تەیب ئاکرەیی

**دیزاینی بەرگ:** دیار سەعید پیرانی

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر- ٢٠٢٥

**چاپخانە:** دانیشفەڕ

**تیراژ:** ١٠٠٠ دانە

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٣٠٠) ساڵی ٢٠٢٥ی پێدراوە.**

## پێشکەشە بە:

- ڕۆحی پاک و بێگەردی دامەزرێنەر و ڕێنیشاندەری کوردایەتی بارزانی نەمر و ئیدریسی هەمیشە زیندوو.

- ڕۆحی پاکی باوکی هەردووکمان.

- ڕۆحی پاکی گشت شەهیدانی قەڵەمی کوردستان.

- هەموو نووسەر و کادرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦-ەوە تا ئێستا.

# پێڕست


پێشگۆتن ........................................................................... ١

دەروازە ............................................................................. ٣

**بەشی یەکەم: ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان ............................ ٥**

کورتەیەک لە مێژووی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان ................... ٩

**بەشی دووەم: ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی مەکتەبی سیاسی ..................... ٥١**

**بەشی سێیەم: ڕاگەیاندنی بەش و مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگاکانی کۆمیتەی ناوەندی مەکتەبی سیاسی ........................................................ ٦٥**

تەوەری یەکەم: ڕاگەیاندنی بەشەکانی کۆمیتەی ناوەندی مەکتەبی سیاسی ........ ٧٣

تەوەری دووەم: ڕاگەیاندنی مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگاکانی کۆمیتەی ناوەندی مەکتەبی سیاسی ........................................................ ٢٠٩

**بەشی چوارەم: ڕاگەیاندنە (هاوبەشەکان، دژبەری شۆڕشی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان) ........................................................ ٢٤٣**

تەوەری یەکەم: ڕاگەیاندنە هاوبەشەکان .............................................. ٢٤٥

تەوەری دووەم: ڕاگەیاندنی دژبەری شۆڕشی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان .... ٢٥٥

لیستی سەرچاوەکان ................................................................ ٢٦١

## پێشگۆتن:

ڕەنگە بەهۆی بایەخ نەدانی پێویست بە کۆکردنەوە و پاراستنی ئەرشیف کە خەسڵەتێکی کوردە، بەشێکی زۆری ئەرشیفەکەی ونبووبن. هاوکات ئەو دەربڕینەمان بە مانای ئەوە نایەت کە هیچ نەکراوە، یان هەوڵ بەو ئاراستەیەدا نەنراوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە گشت قۆناغ و سەردەمەکاندا کەسانێکی خەمخۆر هەبوونە، ماندوونەناسانە ئەسپی خۆیان لەو بوارە تاوداوە کە جێگەی پێزانین و دەستخۆشییە، چونکە بووەتە بناغەیەک بۆ کاری داهاتوو.

ئەم پەرتووکەی بەردەستتان کە تایبەتە بە ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بواری نووسراو، بینراو و بیستراو، بەشێکە لەو هەوڵە. بێگومان ئەم کارەش بێ کەموکوڕی نییە. لەپێناو ئەوەی بە باشترین شێوە بکەوێتە بەرچاوی خوێنەران و سوود گەیاندن بە توێژەران، دەستەکەمان داوای لە بەڕێز عەبدوڵا زەنگەنە، وەک خەمخۆرێکی کۆکردنەوەی ئەرشیف و شارەزایەکی ئەو بوارە کرد پێداچوونەوەیەکی بۆ بکات. بە سوپاسەوە بەڕێزیان وێڕای سەرقاڵی زۆری بەکارە تایبەتییەکانی خۆی داوای دەستەکەمانی قبوڵکرد و پێشنیاز و ڕاستکردنەوەکانی ڕۆڵی گەورەیان بینی لەوەی ئەم پەرتووکە بەم شێوەیە بکەوێتە بەردەستتان.

لەبەر ئەو هۆکارەی لەسەرەتادا ئاماژەمان پێکرد، ساغکردنەوە و بەدەستخستنی بابەتەکان کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام ئیرادە و پێداگیری وایکرد دوای ماوەیەکی زۆر لە دایک ببێت.

ئەم پەرتووکە بەپێی قۆناغ و جۆر و کات، ڕێکخراوە و دابەشکراوە، نەک تەنیا بابەتەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان باسکراوە، بەڵکو باس لەوانەش کراوە کە بەهۆی ناوبانگی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لەلایەن گرووپی دیکەوە بەناوی پارتی بڵاوکراونەتەوە، کە لە بنەڕەتدا هیچ پەیوەندییەکیان بە پارتییەوە نەبووە، تەنیا بۆ فریودانی خوێنەران ئیستغلالی ناوی پارتییان کردووە.

ئەم پەرتووکە لە بەرایی و دەروازە و چوار بەش پێکهاتووە، لە دەروازەدا وەک چوونە ناو تەواوی مێژووی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان باس لە قۆناغەکانی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کراوە و لە بەشی یەکەمدا بە کورتی باسی مێژووی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان کراوە، دواتر ئاماژە بە ساڵ و شوێنی بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە درێژی کراوە. بەشی دووەم باسی ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی مەکتەبی سیاسی کراوە. بەشی سێیەم دوو تەوەر لە خۆ دەگرێت؛ تەوەری یەکەم باسی ڕاگەیاندنی بەشەکانی کۆمیتەی ناوەندی مەکتەبی سیاسی دەکات کە پێک دێت لە بەشی (ڕێکخستن، هەڵبژاردن، دیراسات و پێگەیاندن، ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن،

پەیوەندی گشـــتی، ڕێکخراوە جەماوەری(قوتابیان و لاوان و ئافرەتان) و پیشـــەییەکان) و تەوەری دووەم تایبەتە بە ڕاگەیاندنی مەکتەبی ڕێکخســـتنی پارێزگاکانی کۆمیتەی ناوەندی مەکتەبی ســیاســی پێکدێت لە مەکتەبی ڕێکخســتنی پارێزگای (هەولێر، دهۆک، ســلێمانی- هەڵەبجە- ڕاپەڕین، نەینەوا، کەرکوک- گەرمیان، بەغدا). بەشـــی چوارەم و کۆتا بەشـــی ئەم پەرتووکە دابەشـی سەر دوو تەوەر بووە؛ تەوەری یەکەم تایبەتە بە ڕاگەیاندنە هاوبەشەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبەکانی دیکەی کوردسـتان، هەروەها دووەمین تەوەری ئەم بەشـــە باس لەو بڵاوکراوە و گۆڤار و ڕۆژنامانە دەکات کە بە ناوی پارتی بڵاوکراونەتەوە و لە بنەڕەتدا دژبەری شـۆڕشـی کورد و پارتی دیموکراتی کوردسـتانن، تەنیا ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان ئیستغلال کراوە.

لە کۆتاییدا بە پێویســـتی دەزانین ســـوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراســـتەی هەموو ئەوانە بکەین کە هاوکاریان کردین تا بتوانین ئەم بەرهەمە بەم شـێوەیە بخەینە بەردەسـتی ئێوەی ئازیز: سـوپاسـی باوکە خۆشـەویسـتەکانمان دەکەین کە خەباتیان بۆ ڕێبازی پیرۆزی بارزانیان کرد و ئێمەش بووین بە بەشێک لەم ڕێبازە و گەنجینەیەکمان بەرهەم هێنا، ئەم گەنجینەیەش بە پشـتیوانی و هاندانی مامۆسـتا کەریم قادر هاتووەتە بوون، ئەگەر هاندەر و پشـتیوانمان نەبووایە، نەمـــــاندەتوانی بەردەوام بین لە ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە، هەروەها سـوپاسـی تایبەت بۆ شـارەزای بواری ڕۆژنامەگەری کوردی مـــــامۆسـتا عەبدوڵا زەنگەنە، کە بەڕێزیان گەلێک ئەرکی کێشــا لەگەڵمان، ســـوپاســـی تایبەت بۆ بەڕێز ڕەنجبەر شـــەوکەت پیرانی لە دیزاینکردنی ناوەڕۆکی ئەم پەرتووکە گەلەک هاوکارمـــان بوو، هەروەها سوپاسی بێ پایانمان بۆ بەڕێز عومەر بەکر کە بەهۆی ڕاوێژ و زانیارییەکانی جەنابییان توانیمان بە بەشـــێک لە دەزگا و نووســـینگەکانی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردســـتان ئاشـــنا بین، ســـوپاس بۆ ئەرشیفی مەکتەبی سیاسـی پارتیمان، سوپاس بۆ هاوکاری و پاڵپشتی بەڕێز سامی عەبدی و هوشـــین حەجی باقی، ســـوپاس بۆ هەموو ئەوانەی کە بە پەیڤێک یاخود بە ناســـاندنی کەسەکان و پێدانی زانیاری هاوکارمان بوون.

داوا لە خوێنەری بەڕێز دەکەین هەر تێبینییەک یان هەڵەیەک لە زانیارییەکانی ناو ئەم پەرتووکە هەبوو، هاوکارمان بن بۆ ڕاستکردنەوە و زیادکردنی زانیارییەکان بۆ چاپی داهاتوو.

**ئامادەکاران**

## دەروازە:

ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردســـتان، لە دامەزراندنییەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە و بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

- قۆناغی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری (بەشێوەی نهێنی) لە ١٩٤٦- ١٩٥٨.
- قۆناغی گەشەسەندن لە ١٩٥٩- ١٩٦١.
- قۆناغی لێکترازان و جیابوونەوە لە ١٩٦٤- ١٩٧٠.
- قۆناغی دانوستاندن و ئاشتی لە ١٩٧٠- ١٩٧٤.
- قۆناغی شۆڕشی ئەیلوول/ دوا خول لە ١٩٧٤- ١٩٧٥.
- قۆناغی سەردەمی شۆڕش لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش لە ١٩٧٦- ١٩٩١.
- قۆناغی دوای ئازادکردنی کوردستان لە ١٩٩١- ٢٠٠٣.
- قۆناغی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣-یەوە تا ئێستا.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم

## ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان

هەواڵنامەی کتێب


رزگاری
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد


ندای کوردستان


خەباتی کوردستان





ئازادی
ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنایی سیاسییە
خەباتی نەتەوەی کورد
شۆرشەکەی بارزان
وەك جەنابی شێخ احمدی بارزانی


خەبات


برایی


آخر تطورات الموقف الوزاري
التآخي


کوردستان

## کورتەیەک لە مێژووی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان:

بۆ یەکخستن و یەکگرتنی هێز و حزبە سیاسییە کوردییەکانی باشووری کوردستان، جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی کە ئەو کات بە فەرماندەیی لەشکرێکی شۆڕشگێڕی بە ئەزموون و ئەندامانی سەرکردایەتی (لێژنەی ئازادی) دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشی دووەمی بارزان لەلایەن ڕژێمی پاشایەتی عێراق بە پاڵپشتی فڕۆکەی بەریتانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد بوو لەوێ بڕیاری دامەزراندنی حزبێکی بەناوی (پارتی دیموکراتی کورد) دا، لە ڕێی هەمزە عەبدوڵاوە یەکەم پەیڕەو و پرۆگرامی بە ناوی (پەیمانی میللی) و سێ ڕاسپاردەی بۆ حزب و هێزەکان ناردە باشوور، دوای چەندین گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە و هەڵسەنگاندن بۆ دۆخەکە، هەردوو حزبی (ڕزگاری کورد) و (شۆڕش) بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆیان دا و هاتنە ناو ڕیزی پارتی دیموکراتی کورد. یەکەم کۆنگرەی حزبیان لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦دا بەست، کە تێیدا بڕیار درا بە دەرچوواندنی ڕۆژنامەی ڕزگاری وەک ئۆرگانی حزب و یەکەم ژمارەی لە ئەیلوولی ١٩٤٦ بە نهێنی دەرچوو. هەڵبژاردنی ناوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوبانگەی لە ناو کورددا هەیبوو.

لە ڕێکەوتی ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٥٣، لە کۆنگرەی سێیەمی حزب لە کەرکووک، بڕیاری گۆڕینی ناوی ئۆرگانی پارتی لە (ڕزگاری)یەوە بۆ (خەبات) درا، بەڵام بەهۆی ناکۆکی نێوان ئەندامانی دەستەی ڕۆژنامەکە و جیابوونەوەی ژمارەیەک لە ئەندامانی حزب، تا بەهاری ١٩٥٦ هەر بەناوی ڕزگارییەوە دەرکرا. ئەم ڕۆژنامەیە لە ساڵانی ١٩٥٢ تا ١٩٥٦ بە زمانی کوردی دەرچووە و شانبەشانییەوە ڕۆژنامەی (نداء کوردستان) بە زمانی عەرەبی دەرکراوە.

لە بەهاری ساڵی ١٩٥٦، پارتی بڕیاری دا ڕۆژنامەی خەباتی کوردستان (نضال کوردستان) وەک ئۆرگانی ناوەندی حزب بە نهێنی دەربکات، ئەمەش دوای ئەوەی ئەو ئەندامانەی کە پێشتر جیاببوونەوە، گەڕانەوە ناو حزب و تا شوباتی ١٩٥٨ بەو ناوەوە لە دەرچوون بەردەوام بووە. هەرچی ڕۆژنامەی (الأخوة)- برایەتییە، لە دوای گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ مۆڵەتی فەرمی وەرگرت، بەڵام دەرنەچوو. دواتر لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٩، تا ڕێکەوتی ١ی نیسانی ١٩٥٩ گۆڤاری ڕزگاری بە ئاشکرا دەرچووە. لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٥٩ بڵاوکراوەی ئازادی بڵاوکراوەتەوە و لە ماوەی نێوان ڕێکەوتەکانی (٤ی نیسانی ١٩٥٩ تا ٢٨ی ئاداری ١٩٦١) ڕۆژنامەی خەبات بە ئاشکرا دەرکرا و دواتر بۆ ماوەیەک وەستاوە. لە ڕێکەوتی ٤ی ئاداری ١٩٦١ و مانگی نیسانی ١٩٦١، ڕۆژنامەی کوردستان وەک ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان ناسێنرا، بەڵام تا ئێستا ئەوە ساغ نەکراوەتەوە کە ئەم ڕۆژنامەیە ئۆرگانی حزب بووە.

لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول لە (نیسانی ١٩٦٢ تا ئاداری ١٩٧٠) ڕۆژنامەی خەبات لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش دەستی بەدەرچوون کردەوە. لە دوای ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ کە لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەت بوو، بڕیار درا، ڕۆژنامەی (التآخي) بە زمانی عەرەبی و برایی بە زمانی کوردی بە ئاشکرا، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەربچێت کە لە (نیسانی ١٩٦٧ تا تشرینی دووەمی ١٩٦٨) دەرچووە، تا ئەوکاتەی بەعسییەکان بە کودەتا سەربازییەکەی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ دەسەڵاتیان گرتە دەست و ئامادە نەبوون ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیران جێبەجێ بکەن، لەو بارودۆخە ئاڵۆزە سەرکردایەتی پارتی بڕیاری دا (التآخي) و برایی ڕابگیرێ، هەر لە ماوەی بە ئاشکرا دەرچوونی (التآخي) و برایی، ڕۆژنامەی خەبات لە دەرچوون بەردەوام بووە. دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتە کارکردنی ئاشکرا. دووبارە لەئایاری ١٩٧٠ تا ئاداری ١٩٧٤ ڕۆژنامەی (التآخي) بە زمانی عەرەبی و برایەتی بە زمانی کوردی بە ئاشکرا لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان دەرچوو. برایەتی لە حوزەیرانی ١٩٧٠ تا حوزەیرانی ١٩٧١ وەک پاشکۆ بە شێوەی گۆڤار و لە ئەیلوولی ١٩٧١ تا ئاداری ١٩٧٤ وەک ڕۆژنامە بە پاشکۆ دەرچووە، دواتر وەستاوە.

ڕۆژنامەی خەبات لە مانگی ئاداری ١٩٧٠ تا ناوەڕاستی ئاداری ١٩٧٤، ڕاوەستاوە و لە ناوەڕاستی مانگی ئاداری ١٩٧٤ دوای وەستانی ڕۆژنامەی (التآخي) و برایەتی، ڕاستەوخۆ دەرچوویەتەوە، کە تا ئێستاش بەردەوامە.

هەروەها لە مانگی ئاداری ١٩٩٣ تا ئایاری ٢٠٠٣ ڕۆژنامەی برایەتی بە زمانی کوردی دەرچووەوە، لە ئایاری ٢٠٠٣ ناوەکەی گۆڕا بۆ ڕۆژنامەی (التآخي) زمانەکەی بووەتە عەرەبی، تا ساڵی ٢٠١٧ بە شێوەی بەرپەڕ دەرچووە، دواتر بەهۆی بەردەوامی شەڕ و ئاڵۆزییەکانی بەغدا ئەم ڕۆژنامەیە کرایە ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی و تا ئێستاش بەردەوامە.

هەواڵنامەی کتێب

هەوڵ دەدەین بەپێی زنجیرەی مێژوویی تیشـــک بخەینە ســەر ئۆرگـانی پـارتی دیموکراتی کوردستان:

**١- ڕزگاری:** لە کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کورد بڕیار درا بە دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی مـانگانە بە ناوی ڕزگاری، کە ڕۆژنامەیەکی نهێنی بووە، ماوەیەک بە زمانی عەرەبی و دواتر بە زمانی کوردی دەرچووە. پێش ١٦ی ئابی ١٩٤٦ هەردوو حزبی (ڕزگاری کورد) و (شۆڕش) کۆنگرەیان بەست و خۆیان هەڵوەشاندەوە و زۆربەی ئـەندامانیان، بەشداریان لە کۆنگرەی دامەزرانـدنی پـارتی دیموکراتی کورد کرد و بڕیـاریـان دا، کەلوپەلی چاپەمەنی خۆیـان ڕادەستی پارتی دیموکراتی کورد بکەن. وەک لە بەرایی ئـــاماژەمان پێداوە کە لە کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کورد بڕیار درا ڕۆژنامەی ڕزگــــاری، ببێت بە ئۆرگانی ناوەندی ئەو حزبە نوێیە. سەرەتای چاپکردن و دەرکردنی ڕۆژنامەی ڕزگاری لە ماڵان بووە، دواتر لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیار درا ناوی ئـۆرگانی حزب لە ڕزگارییەوە بگۆڕدرێت بۆ خەبات، بەڵام بەپێی بەڵگە و سەرچاوەکان لەبەر بـارودۆخی سیاسی ئەوکات و ناکۆکی نێوان ئەندامانی دەستەی ڕۆژنامەکە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دواکەوتووە، بۆیە ڕزگاری وەک ئـــــۆرگانی حزب لە دەرچوون بەردەوام بووە تا ســـاڵی ١٩٥٦، دواتر لە دەرچوون وەســـتاوە، لە ســـاڵی ١٩٥٦ ڕۆژنامەی خەبـاتی کوردســـتان وەک ئۆرگـان بڵاوکراوەتەوە.

لە ڕاپۆرتی جەلال تاڵەبانی بۆ مەلا مســتەفا بارزانی (سـەرۆکی پارتی دیموکراتی کورد)دا هـاتووە ((ئۆرگانی حزب مـاوەیەکە بەڕێکوپێکی دەرنـاچێت، لە زســـتـانی ١٩٥١- ١٩٥٢ هەوڵەکان بۆ کڕینی ئامێری چاپکردن و دانان و بەکارخستنی سەرکەوتوو بوو. لە ئەیلوولی ١٩٥١ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی ڕزگاری بە زمـــانی کوردی دەرچوو، ئەمە دوای دوو سـاڵ وەستانی لە دەرچوون. لە ساڵی ١٩٥٢ ڕۆژنامەی ناوەندی حزب ڕزگاری بە زمانی کوردی و (نداء کوردسـتان) بە زمـــانی عەرەبی دەرچووینە، لەم خولەی ڕزگاریدا لێکترازان لە نێوان ئەنـدامـانی حزب ڕوویـداوە. ڕزگاری بە زمانی کوردی ئۆرگانی پـارتی دیموکراتی کوردە و (نداء کوردســتان) بە زمانی عەرەبی دەردەچێت))[١]. لە دووەم ڕاپۆرتی جەلال تاڵەبانی بۆ مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی حزبدا هاتووە ((هەمزە عەبدوڵا هاتەوە ناو حزب و بڕیارمان دا ڕۆژنامەی ناوەندی حزب کە ئۆرگانییەتی بە ناوی خەباتی کوردســـتان دەربکەین))[٢].

(١) مســـعود بارزاني، البارزاني و الحركة التحررية الكردية (ثورة بارزان) ١٩٤٥- ١٩٥٨، (كردســـتان- كانون الاول ١٩٨٧)، ص ص ٢٢٢، ٢٢٦، ٢٣٢، ٢٣٤، ٢٤٠، ٢٥٤.

(٢) مسعود بارزاني، المصدر السابق، ص ص ٢٥٧- ٢٥٨، ٢٦٦.

عەلی عەبدوڵا نووسـیویەتی ((لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ لە کاتی بەسـتنی یەکەم کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کورد، بەپێی بڕیاری هەردوو کۆنگرەی حزبی (ڕزگاری کورد) و (شـــۆڕش)، ئەو دوو حزبە هەڵوەشانەوە و زۆربەی ئـــەندامانیان هاتنە ناو پارتی دیموکراتی کورد و هەر لەو کۆنگرانە بڕیار درابوو کەلوپەلی چاپەمەنیان بدرێت بە پـــــارتی، ســـەرەنجام پارتی دیموکراتی کورد ژمـــارە ١ی ڕزگاری دەرکرد. هەرچەندە ساڵی ١٩٤٩ بۆ پارتیمان کاتێکی سەخت و پر مەترسی بوو، بەڵام ڕۆژنامەی ڕزگـاری ڕۆڵی مێژوویی خۆی بینیوە و زۆر باش ئەو سیاسـەتە دڕندانەی کۆنەپەرسـتی ناوخۆی بۆ میللەت ڕوونکردۆتەوە و هانی داون بۆ شۆڕشگێڕی و لەنـــاوبردنی ڕژێمی کۆنەپەرستی. نەوەستانی ڕزگاری بووە هۆی چڕترکردنی چاودێری میری لەسەر چالاکییەکانی پـارتیمان، لە ئەنجامی ئەو ئابڵوقەدانەی چالاکییەکانی پارتی، میری توانی لە پاییزی ١٩٥٠ ڕزگـــاری بوەستێنێت. هەرچەندە هەوڵێکی زۆر درا بۆ ئەوەی کەلوپەلی چاپەمەنی لە سلێمانییەوە بگوازرێتەوە بۆ کۆیە تا ڕزگـــاری نەوەستێت، بەڵام لەبەر سیاسەتی تۆقاندنی میری نەتوانرا ئەمە بکرێت))[1].

ئاری نانەکەلی ئامـاژە بەوە دەکات کە ((ڕزگـاری لە ٣ی ئەیلوولی ١٩٤٦ لە ماڵی یەکێک لە بـاوەڕپێکراوەکـانی حزب لە نـاوچەی (الاعظمیة) بڵاوکراوەتەوە، دوای جاڕدانی حوکمی عورفی لە ١٥ی ئایاری ١٩٤٨، هەمزە عەبدوڵا دەزگای چاپەمەنی دەگەیەنێتە ســـیتەک و چەند ژمارەیەکی ڕزگاری لەوێ دەردەچێت، پاشـــان هەمزە عەبدوڵا دەگەڕێتەوە بەغدا، بەڵام بە دەســتگیرکردنی لە ســاڵی ١٩٥٠ ڕۆژنامەکەش دەوەسـتێت))[2]. دڵشـاد وەسـانی لەبارەی ڕۆژنامەی ڕزگـــارییەوە نووسـیویەتی ((میرزا کەریم ئەفەندی لە ساڵی ١٩٥٢ بۆ ١٩٥٣ کە لە دادگـای کەرکووک کـاری دەکرد، بە ئـامێری چـاپ و ڕۆنیۆی ئەم دادگـایە سـتێنسـڵەکانی ڕۆژنامەی ڕزگـــاری چاپ کردووە))[3]. لە پرسیارێکماندا لەبارەی ڕێکەوتی دەرچوونی ڕزگاری، مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە گوتی: "یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی ڕزگـاری لە ئەیلوولی ١٩٤٦ و دوایین ژمارەی لە شـــوباتی ١٩٥٦ دەرچووە"[4]. جەعفەر حەمیدی لە

(١) علی عبدالله، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق تا بەستنی کۆنگرەی سێ یەمی، (چاپخانەی خەبات- ئەیلوول ١٩٦٨)، ل ل ٦٤، ٨٢، ٨٤- ٨٥.

(٢) ئاری نانەکەلی، برایەتی ١٩٧٠-١٩٧١ دووەمین گۆڤاری سیاسیی ئاشکرای پارتی دیموکراتی کوردستان، (کوردستان- هەولێر- ٢٠٢٠)، ل ل ١٥- ١٦.

(٣) دڵشاد مستەفا وەسانی، خەبات بەردەوامە... پوختەیەک دەربارەی ڕۆژنامەی خەبات ١٩٥٩- ٢٠١٩، لە بڵاوکراوەکانی خەبات، چاپی یەکەم، (چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر- ٢٠٢١)، ل ٢٥.

(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە، (هەولێر- ٦ی ئەیلوولی٢٠٢٣).

نامەی ماستەرەکەیدا نووسیویەتی ((ژمارە ٢ی ساڵی ١ی ڕۆژنامەی ڕزگـــاری لە تشـــرینی یەکەمی ١٩٤٦ دەرچووە. ژمارە ٣ی سـاڵی ١ی لە تشـــــــرینی دووەمی ١٩٤٦، ژمارە ١٣ی سـاڵی ٢ی لە ئەیلوولی ١٩٤٧، ژمارە ١٧ و ١٨ی سـاڵی ٢ی لە کانوونی دووەم و شـوباتی ١٩٤٨ و ژمارە ٢ی ساڵی ٣ی لە تشـرینی یەکەمی ١٩٤٨ دەرچووینە))[١]. لە ژمارە ١٣ی ٦ی تەمووزی ١٩٥٩ی خەبات، بابەتێکی ژمارە ١٧ و ١٨ی ڕۆژنامەی ڕزگـاری بڵاوکراوەتەوە کە ئاماژە بە کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٤٨ کراوە وەک ڕێکەوتی دەرچوونی ئەو ژمارەیە[٢].

سـدیق سـاڵح و ڕەفیق سـاڵح نووسـیویانە ((ڕزگـــاری یەک ژمارەی بە زمانی کوردی و ئەوانی دیکە بە زمـانی عەرەبی دەرچووە. لە ژمـارە ١٣-ەوە کە لە مانگی ئەیلوولی ١٩٤٧ دەرچووە بووەتە ساڵی ٢. لە خولی یەکەمدا هەمزە عەبدوڵا چاودێر و نووسـەری سـەرەکی وتار و سـەروتارەکانی بووە و دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم ناوبەناو وتاری بۆ نووسـیوە. کاتێک کرایە چاپ عەبدولڕەحمان زەبیحی و حەسـەن قزڵجی پیتچنینیان کردووە، پـــاشان هەر حەسـەن قزڵجی خۆی کاری پیتچنینی کردووە. لە کۆنگرەی دووەمەوە تا سـاڵی ١٩٥٦ لێکترازان لە نێوان ئەندامـانی پارتی ڕوویدا و هەمزە عەبدوڵا لە پارتی جیابووەوە و لە ژێر ناوی (پـــارتی دیموکراتی کورد- عێراق/ بەرەی پێشکەوتوو)، کاریدەکرد و بەجیا ڕۆژنامەی ڕزگاری لە دژی پارتی دەرکرد کە ژمارەی ٣ی سـاڵی ٨ بە زمانی عەرەبی و بە زمانی کوردی هەر یەکەیان بەجیا لە کانوونی یەکەمی ١٩٥٣، ژمارە ٤ی ساڵی ٨ بە زمـــانی عەرەبی و بە زمانی کوردی هەر یەکەیان بەجیا لە کـانوونی دووەمی ١٩٥٤، ژمارە ٥ی ساڵی ٨ بە زمانی عەرەبی لە مارتی ١٩٥٤، ژمارە ٦ی ساڵی ٨ لە نیسـانی ١٩٥٤ بە زمانی عەرەبی و ژمارە ٧ی ساڵی ٩ لە تشـرینی دووەمی ١٩٥٤ بە زمانی کوردی دەرکردووە. هاوکات پـارتی دیموکراتی کوردســـتـان بەردەوام بووە لە دەرکردنی ڕۆژنـامەی ڕزگـاری بە زمـانی کوردی و (نـداء کوردستان) بە زمانی عەرەبی، ڕۆژنامەی ڕزگـــاری ژمارە ٦ی ساڵی ٦ لە مارتی ١٩٥٢، ژمارە ١٠-١٣ی سـاڵی ٦-٧ لە تەمووز- تشـــــــرینی یەکەمی ١٩٥٢، ژمارە ١ی سـاڵی ٧ لە مارتی ١٩٥٣، ژمارە ٦ی سـاڵی ٧ لە ئۆغســتۆســی ١٩٥٣، ژمارە ٢ی سـاڵی ٩ لە حوزەیرانی ١٩٥٥ دەرکردووە. لە ساڵی ١٩٥٦ کە یەکیان گرتەوە هەردوو ڕۆژنامەکەی ڕزگـاریش یەکخران))[٣].

هەرچەندە ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح نووسیویانە ((ڕۆژنامەی ڕزگـاری کراوەتە گۆڤاری

(١) جعفر عباس حميدي، التطورات السياسية في العراق ١٩٤١- ١٩٥٣، رسالة ماجستير، (مطبعة النعمان- نجف الأشرف- ١٩٧٦)، ص ص ٢٢٨، ٢١٠، ٢٢٦، ٢٣٠، ٢٣٣.

(٢) ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٣، (٦ی تەمووزی ١٩٥٩- چاپخانەی النجاح)، ل ٨.

(٣) سـدیق سـاڵح و ڕەفیق سـاڵح، ڕۆژنامەوانیی نهێنیی پارتی دیموکراتی کوردسـتان- عیراق ١٩٤٦- ١٩٥٨، (چاپخانەی شڤان- سلێمانی- ٢٠١١)، ل ل ٤- ٨.

ڕزگـــاری))، بەڵام جەعفەر حەمیدی نووسیویەتی ((لە بەهاری ١٩٥٦ ئۆرگانی حزب ناوی لە (ڕزگـــاری) بۆ (خەباتی کوردستان) گۆڕاوە))[١]. سەباح بازرگان نووسیویەتی ((لە دوای کۆنگرەی ٢ی حزب لە ئاداری ١٩٥١ ئیبراهیم ئەحمەد سەرنووسەری ڕزگـــاری بووە، چەند ژمارەیەکی ئەم ڕۆژنامەیە بە نهێنی بە زمانی کوردی لە کەرکووک دەرچووە. ژمارە ١ی خولی دووەم لە ئەیلوولی ١٩٥١ بە ٤ لاپەڕە دەرچووە. ژمارە ٥ی لە سـەرەتای ساڵی ١٩٥٢ دەرچووە. لە دوای کۆنگرەی حزب لە ١٩٥٣ تـــــا ١٩٥٥ بەردەوام بووە لە دەرچوون کە خولی سێیەمی بووە))[٢].

لە دوایین لاپەڕەی گۆشـەی (اعتذار)ی ژمارە ٢-٣ی سـاڵی یەکەمی ١ی نیسـانی ١٩٥٩ی گۆڤـاری ڕزگـاری نـووسراوە ((داوای لێبـوردن لە خوێنەران دەکەیـن بەهـۆی درەنـگ دەرچوواندنی گۆڤاری ڕزگـــاری، بەم نزیکانە بە دەرچوونی ڕۆژنامەی خەبات قەرەبوویان دەکەینەوە)). ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە بڕیاری کۆنگرەی ٣ی پـــــارتی دیموکراتی کوردســتان لە کاتی خۆی جێبەجێ نەکراوە بەڵکو تا ٤ی نیسـانی ١٩٥٩ ئەو کات ئۆرگانی پـــارتی بووەتە خەبات. لە ئەنجامدا بەپێی ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ مـــــامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە ئەنجامان دا و بەڕێزیان ئیشـارەتیان بە نـــــامەکەی جەلال تـــــاڵەبانی دا لە پەرتووکی جەنابی سەرۆک، ئیتر بۆمان ساغ بووەوە کە ئـــۆرگانی حزب لە ساڵی ١٩٤٦ تا بەهاری ١٩٥٦ بە ناوی ڕزگاری بووە و دوای گەڕانەوەی هەمزە عەبدوڵا بۆ ناو حزب، ناوی ئـۆرگانی حزب گۆڕدراوە بۆ خەباتی کوردستان.

٢- **نداء کوردسـتان:** ئەم ڕۆژنامەیە شـانبەشـانی ڕۆژنامەی ڕزگاری ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردســتان بە زمانی عەرەبی دەرچووە. ئیبراهیم ئەحمەد ســەر وتارەکانی نووســیوە. لە کەرکووک بە ڕۆنیۆ لە چاپ دراوە، میرزا فەندی عەبدولکەریم ســەرکاتبی دادگا پیتچنی کردووە، عەلی حەمدی کە بەڕێوەبەری تاپۆ بووە تایـپ و ڕۆنیۆیەکەی کردووە و جەلال تاڵەبانیش دابەشـیکردووە. ژمـــارە ٢ی مایســی ١٩٥٦ بە ٦ لاپەڕە دەرچووە. لە کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی کوردســـتان تا دوای یەکگرتنەوەی هەمزە عەبدوڵا لەگەڵ پارتی

(١) ســدیق ســاڵح و ڕەفیق ســاڵح، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٨؛ الدکتور جعفر عباس حمیدي، التطورات و الاتجاهات السیاسیة الداخلیة في العراق ١٩٥٣-١٩٥٨، رسالة دکتوراه، الطبعة الاولی، (١٩٧٩-١٩٨٠)، ص ص ٢٣٠، ٣٦٥.

(٢) صـباح البازرگان، المرشـد الی صـحافة کرکوك ١٩١١-٢٠١١، (مطبعة ازاد هورامي- کرکوك- ٢٠١٣)، ص ١٣.

دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٥٦ بەردەوام بووە و دواتر نەماوە[١].

لە ساڵی ١٩٥٢ ڕۆژنامەی ناوەندی حزب واتە ڕزگاری بە زمـــانی کوردی و شانبەشانی ڕۆژنامەی (نداء کوردستان) بە زمـــانی عەرەبی دەردەکرا، لەم خولەی ڕزگاری لێکترازان لە نێوان ئەندامانی حزب ڕوویداوە. لە ساڵی ١٩٥٣ بڵاوکراوەی لق (نداء کوردستان) دووبارە دەرچوویەوە[٢].

٣- **خەباتی کوردستان (نضال کوردستان):** ئۆرگانی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان/ عێراق بووە، پێشتر ناوی ڕۆژنامەی ڕزگـــاری بووە، لە بەهاری ساڵی ١٩٥٦ گۆڕا بۆ خەباتی کوردستان. لە کەرکووک بە زمـــانی کوردی و عەرەبی، بە سەرپەرشتی هەمزە عەبدوڵا و جەلال تـاڵەبانی و نوری ئەحمەد تەها دەرچووە. بە ڕۆنیۆ چاپ دەکرا، دوایی گواسترایەوە سلێمانی.

لە پەرتووکی (البارزاني و الحركة التحررية الكردية (ثورة بارزان) ١٩٤٥-١٩٥٨)دا هاتووە ((لە ساڵی ١٩٥٢ لێکترازان لە نێوان ئەندامـــانی حزب ڕوویداوە لەم خولەیدا ڕزگـــاری بە زمانی کوردی دەرچووە. لە ســـاڵی ١٩٥٥ هەمزە عەبدوڵا هاتەوە ناو حزب و بڕیار درا ڕۆژنامەی ناوەندی حزب کە ئـــۆرگانی حزبە، بە ناوی خەباتی کوردستان دەربکرێت))[٣]، (تەنیا ٥ ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارە ١ی لە ئـــاداری ١٩٥٧ و ژمارە ٣ی لە مایسی ١٩٥٧ و ژمارە ٥ی لە شـوباتی ١٩٥٨ دەرچووە)[٤]. جەعفەر حەمیدی نووسـیویەتی ((ڕۆژنامەیەکی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، پێشتر ناوی ڕۆژنامەی ڕزگـــاری بووە و لە بەهاری ساڵی ١٩٥٦ گۆڕا بۆ خەباتی کوردستان و یەکێک لە ژمارەکانی، لە کانوونی دووەمی ١٩٥٧ دەرچووە و ژمارەیەکی دیکەی لە شوباتی ١٩٥٨ دەرچووە))[٥].

ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح نووسیویانە ((خەباتی کوردستان پێشتر ناوی بڵاوکراوەی خـــەباتمان بووە، کە لە ساڵی ١٩٤٩ لەلایەن لقی بەغدای پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەرچووە، ئەم بڵاوکراوەیە دواتر بووەتە خەباتی کوردســتان و کرایە ئـــۆرگانی حزب بە زمانی عەرەبی. تەنیا یەک ژمارەی بەردەســت ماوە کە ژمارە ٣ی ســاڵی یەکەمی مایســی

(١) سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦- ٧، ١٧٧، ٣٤٩.

(٢) مسعود بارزاني، المصدر السابق، ص ص ٢٢٢، ٢٣٢، ٢٤٠، ٢٥٤.

(٣) المصدر السابق، ص ص ٢٢٢، ٢٢٦، ٢٣٢، ٢٥٤، ٢٥٧- ٢٥٨، ٢٦٦.

(٤) ع.ز و ڕەفیق ســـاڵح ئەحمەد، ڕابەری ڕۆژنامەنووســـیی کوردی، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە ١١- ١٢، ساڵی ٤، (چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٣)، ل ١٣٠.

(٥) الدكتور جعفر عباس حميدي، المصدر السابق، ص ص ٢٣٠، ٢٥٨، ٣٦٥.

١٩٥٧-ە، کە بە وتەیەکی مەلا مستەفا بارزانی لە لاپەڕە یەک دەستی پێکردووە و نووسراوە (انني اوجه ندائي هذا الى الشـــعبين الكوردي و العربي على الســـواء ليتكاتفا و يوحدا جهودهما في النضال المشترك ضد العدو المشترك و هو الاستعمار و اذنابه، و لكي يعيش كل شعب في ارضه حراً سعيداً مستقلاً)). لە یەکێک لە ژمـــارەکانی کە لە کانوونی دووەمی ١٩٥٧ دەرچووە، دوو وتـــاری دژی سیاسەتی نوری سەعید و پەیمانی بەغدای نووسیوە و ژمارەیەکیشی لە شوباتی ١٩٥٨ دەرچووە، بروسکەیەکی پیرۆزبـــایی بۆ سەرانی میســـر و ســوریـــا بەبۆنەی یەکگرتنی هەردوو وڵاتەوە تێدایە))[1]. (ئەم دەقە عەرەبیەی پەرتووکی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، ئەو ڕێنمایی یـــاخود نامە و ڕاسپاردەیەیە کە لە ساڵی ١٩٤٦ هەمزە عەبدوڵا لە مەهابادەوە بەمەبەســـتی دامەزراندنی پارتی بۆ دامەزرێنەرانی پارتی هێناوە، هەروەها لە کاتی لەبەرگرتنەوەی وێنەی خەباتی کوردســـتانی ســـاڵی ١٩٥٧ و دانانەوەی لە پەرتووکەکەیان ڕەفیق ســـاڵح و ســـدیق ســـاڵح، ســـاڵەکەی وەک ١٩٥٣ دەرکەوتووە)[2]. وریا جاف نووسـیویەتی ((ڕۆژنامەیەکی سـیاسـی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە دوایی پەنجاکان بڵاوکراوەتەوە. ئەم ڕۆژنامەیە هەمان ڕۆژنامەی خەبات بووە، بەڵام ناوەکەی گۆڕاوە، تا شـــۆڕشـــی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ هەر بە ناوی خەباتی کوردســـتان بڵاوبووەتەوە، هەمزە عەبدوڵا و حلمی عەلی شـــەریف ناوبەناو بابەتییان نووســیوە و عومەر مســـتەفاش دابەشـــیکردووە))[3]. بـــازرگان ســـەباح هەمان قســـەی سەرچاوەکانی نووسیوە کە لەپێشەوە ئاماژەمان پێکردووە[4].

دڵشاد وەسانی نووسیویەتی ((لە سێیەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیار درا خەبات ببێتە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردســـتان، لە ســـاڵانی ١٩٥٣- ١٩٥٩دا، دوو ژمارەی بە نهێنی لێ دەرچووە، کە هەمزە عەبدوڵا سەرپەرشتی کردووە و خاوەن ئیمتیاز و ســەرنووســەریشــی بووە. جەلال تاڵەبانی بە هاوکاری خورشـید شـێرە (نائیب زابتی کاتب بووە) و ساڵح شێرە لە کەرکووک پیتچنین و ڕۆنیۆکەیانی کردووە، ڕۆنیۆکە هێنراوەتە ماڵی خولە کۆمەڵە لە خـانووی قـادر تەگەرانی لە ســـلێمانی. هەردوو ژمـارەی لە بـارەگـای ســەرکردایەتی فرقەی دوو بە ڕۆنیۆ چاپکراون. لەبارەی دەرچوونی خەبات ڕایەک هەیە کە لە ساڵانی ١٩٥٣- ١٩٥٩ هیچ ڕۆژنـــامەیەک بەناوی خەبات دەرنەچووە. خەباتی کوردستان

(١) سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥، ٧، ٨.
(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە، (هەولێر- ٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٣).
(٣) وریا جاف، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦.
(٤) صباح البازرگان، المصدر السابق، ص ١٥.

ژمارە ١ی لە دوایی ساڵی ١٩٥٦ بە ٦ لاپەڕە و ژمارە ٢ی لە بەهاری ١٩٥٧ بە ٦ لاپەڕە دەرچووە))[١].

لە ئەنجامدا بەپێی بەڵگەنامەی ژمارە (٧ و ٨)ی پەرتووکی (البـارزاني و الحركة التحررية الكردية (ثورة بارزان) ١٩٤٥-١٩٥٨) و ئەو سەرچـاوانەی کە دکتۆر جەعفەر حەمیدی لە نـامەی ماستەر و دکتۆراکەی بەکاریهێناوە، ئەوە دەسەلمێنن کە ڕزگاری بووەتە خەباتی کوردستان نەک خـەباتمان، هەروەها دەسەلمێنن کە خەبات لەو ماوەیە دەرنەچووە، بەڵکو خەباتی کوردستان دەرچووە. هەروەها بە پشتبەستن بە قسـەکانی مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە بۆمان دەردەکەوێت دوا ژمـارەی لە مانگی شـوباتی ١٩٥٨ دەرچووە، کە وەک سـەرچاوە لەلایەن دکتۆر جەعفەر حەمیدی بەکارهاتووە. (هەرچی ئەرشـیفی بنکەی ژینە ئاماژە بەوە دەکات کە ژمارە ٣ی بە زمانی عەرەبی لە ساڵی ١٩٥٦ دەرچووە)[٢].

لەبـارەی دەرچوونی خولی دووەمی ئەم ڕۆژنـامەیە ئـاری نـانەکەلی نووسـیویەتی ((ڕۆژنامەی خەباتی کوردستان لە مارتی ١٩٦٦ تا شوباتی ١٩٦٨ وەک ساڵی یەکەم، خولی دووەم ٧ ژمـارەی بە زمـانی کوردی لێ دەرچووە، ئۆرگـانی نـاوەنـدی پـارتی دیموکراتی کوردسـتان بووە و لە چاپخانەی خەبات چاپ کراوە))[٣]، بەڵام مامۆسـتا عەبدوڵا زەنگەنە دەڵێت: "ڕۆژنامەی خەباتی کوردسـتانی خولی دووەم لەلایەن جەلال تاڵەبانی، ئەوکاتەی جوودابوویەوە لە پارتی و چووە بەغدا دژ بە شـۆڕش هەر لە ژێر ناوی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵانی ١٩٦٦ تا ١٩٦٨ بڵاوکردەوە. هەروەها دوای نسکۆی ١٩٧٥، مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی هەوڵیان بۆ ڕێکخستنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دا، کۆمەڵێکی دیکە کەوتنە خۆ کە لەگەڵ شۆڕش نەکەوتن و دژبەری شۆڕش و گەلی کورد وەستان و لە ژێر ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان کاریان دەکرد، لە ساڵی ١٩٧٨ بۆ ١٩٧٩ ڕۆژنامەی خەباتی کوردسـتانیان دژی سـەرکردایەتی کاتی دەرکرد، کە لە ژێر ناوی پارتی دیموکراتی کوردسـتان دەرچووە و هیچ پەیوەندییەکی بە پارتی دیموکراتی کوردسـتانەوە نەبووە. ئەوانەی ئەم ڕۆژنامەیان دەرکردووە جەمـاعەتی حزبی دیموکراتی کوردسـتان-لێژنەی ئامادەکاری بوون، بە سەرپەرشتی د. مەحمود عوسمان و ئەوان بووە"[٤].

(١) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٥، ٢٧.

(٢) https://zheen.org.

(٣) ئاری نانەکەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە، (هەولێر- ٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٣).

٤- **ڕزگاری:** گۆڤارێکی ڕامیاری و وێژەیی و مێژوویی هەفتانە بووە، بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە[1]، پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئاشکرا لە بەغدا بڵاویکردۆتەوە[2]، لە سەرەتای قۆناغی کۆماری عێراقدا دوو ژمارەی دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی ساڵح حەیدەری و سەرۆکی نووسینی لێپرسراو پارێزەر فوئاد جەواد بوون[3].

ژمارە ١ی ساڵی یەکەم بە زمانی کوردی لە ١٠ی شوباتی ١٩٥٩ لە چاپخانەی (النجاح) و ژمارە ٢، ٣ی ساڵی یەکەم بە زمانی عەرەبی لە ١ی نیسانی ١٩٥٩ لە چاپخانەی (الرابطة) چاپکراون[4].

وریا جاف نووسیویەتی ((لە ژمارەی دووەم ئیمتیازی درایە خوالێخۆشبوو پارێزەر عومەر مستەفا))[5]، بەڵام لە پەرتووکی (ڕۆژنامەوانیی نهێنیی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق (١٩٤٦- ١٩٥٨)) کۆپی ژمارە ٢و ٣ی گۆڤارەکە هەیە تێیدا نووسراوە (دەبووایە ژمارە ٢ لە شوباتی ١٩٥٩ دەربچێ، بەڵام بەچەند هۆکارێکی لە دەسەڵات بەدەر ڕێی ئەوەیان نەدا دەربچێ، ناچاربووین بە ٢و ٣ دەربکەین، ئەم گۆڤارە خاوەن ئیمتیازی ساڵح حەیدەری و سەرۆکی بەرپرسی نووسینی پارێزەر فوئاد جەوادی لەسەر نووسراوە)[6]. هیشام عەمار لەبارەی ڕزگاری نووسیویەتی ((ڕزگاری ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەیە، بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە، خاوەنی ساڵح حەیدەری و سەرنووسەری فوئاد جەواد بوون. لە ڕۆژنامە چەپڕەوەکان بوونە، لە ساڵی ١٩٥٨ دەرچووە و لە ساڵی ١٩٦٠ ڕاوەستاوە))[7]. ئێمە وەک ئامادەکاران ئەو زانیارییانەی هیشام عەمار ڕەتدەکەینەوە، چونکە ڕۆژنامە نەبووە بەڵکو گۆڤار بووە و لە شوباتی ١٩٥٩ و نیسانی ١٩٥٩ دەرچووە، نەک ساڵی ١٩٥٨ تا ١٩٦٠.

٥- **ئازادی:** ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان، وەک ئۆرگانی حزب لە

(١) عبدالجبار محمد جەباری، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپی یەکەم، (چاپخانەی ڕاپەڕین- سلێمانی- ١٩٧٠)، ل ١١٢.

(٢) وریا جاف، کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، کتێبی گوڵان ژمارە (١٩)، (چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر- ١٩٩٨)، ل ٦٠.

(٣) عبدالجبار محمد جەباری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٢.

(٤) سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨.

(٥) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی.. سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.

(٦) سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤٠٥، ٤٥٤.

(٧) هشام عمار أحمد الراوي، موسوعة الصحافة البغدادية و رجالاتها، الطبعة الأولى، (الناشر دار الحكمة- لندن- ٢٠١٣)، ص ١٤٤.

ڕۆژنامەی خەبات ئاماژەی پێکراوە کە لە ٣١ی ئاداری ١٩٥٩ دەرچووە[١]. ژمـــارە ٧ی ساڵی یەکەمی لە ١٤ی حوزەیرانی ١٩٥٩ بە زمـانی کوردی دەرچووە، لە گۆشـــەی (خەبـاتی نەتەوەی کورد) بـابەتێک لە ژێر ناونیشانی (شۆڕشەکەی بارزان وەک جەنابی شێخ احمدی بارزانی ئەی گێڕێتەوە) نووسراوە[٢].

٦- **خەبات (النضـال):** ئـــــۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردســتان بووە، لە ٤ی نیســانی ١٩٥٩ دەرچووە و تا ئێســتا لە دەرچوون بەردەوامە. لە سـێیەمین کۆنگرەی پـــــارتی دیموکراتی کوردســتان بڕیار درا خەبات ببێتە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردســتان، ڕۆژنامەی خەبات لە ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩ مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتووە، تیراژی گەیشـــتە ١٥ هەزار، بە زمانی کوردی و بە زمانی عەرەبی دەرچووە. خەبات ســـاڵێک بەر لە حزب مۆڵەتی کارکردنی وەرگرت، بۆیە تا ٩ی شـــوباتی ١٩٦٠ لە ژێر لۆگۆی پێناســـەی وەک (زمانحاڵی پـــــارتی دیموکراتی کوردستان) نەکراوە، لە ١٠ی شـوباتی ١٩٦٠ وەک (زمانحاڵی پـــــارتی دیموکراتی کوردستانە) پێناسەکراوە.

لەبارەی خەباتەوە عەبدولجەبار محەمەد پێی وابووە ڕۆژنـــــــامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانە بووە[٣]، سـەباح بازرگانیش پێی وابووە کە ڕۆژنامەیەکی نهێنی بووە[٤] و ئیسـماعل تەنیا بە ئـۆرگانی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق پێناسەی دەکات[٥].

عەبـدولجەبـار محەمەد وای بۆ دەچێـت کە (یەکەم ژمـارەی لە ٧ی نیســـــانی ١٩٥٩ بەشـێوەیەکی فراوان بڵاوکرایەوە)[٦] و ســەباح بازرگان پێی وایە (یەکەم ژمارەی لە پاییزی ١٩٥٥ بە ٤ لاپەڕە لە کەرکووک بە ســەرپەرشــتی هەمزە عەبدولا و جەلال تـــــاڵەبانی و خورشـید شـێرە لە دوای کۆنگرەی سـێیەمی حزب کە لە سـاڵی ١٩٥٣ لە کەرکووک گرێدرا و ژمارەیەکی دیکەی لە زستانی ١٩٥٥ بە ٦ لاپەڕە دەرچووە)[٧]، بەڵام بەپێی ئەو ژمارەیەی لە دەستەی ئینسکلۆپیدیا هەیە (ژمارە ١ی خەبات لە ٤ی نیسانی ١٩٥٩ دەرچووە) و زۆربەی

(١) ڕۆژنامەگەری کوردی لە یادی جەژنی خۆیدا ٨٦ مۆم دەکوژێنێتەوە، ڕۆژنامەی خەبات(النضـال)، ژمارە ٥٥١، (کۆتایی نیسان)، ل ٥.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٣) عبدالجبار محمد جەباری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣.

(٤) صباح البازرگان، المصدر السابق، ص ١٤.

(٥) ئیســـماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی ١٩٧٥- ١٩٩٣، لە چاپکراوەکانی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی میللی کوردستان، چاپی یەکەم، (چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر- ١٩٩٨)، ل ١٠.

(٦) عبدالجبار محمد جەباری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣.

(٧) صباح البازرگان، المصدر السابق، ص ١٤.

لێکۆڵەرانی مێژووی ڕۆژنامەڤانی لەسەر ئەوە کۆکن کە یەکەم ژمـــارەی خەبات لە ڕۆژی شەممەی ٤ی نیسانی ١٩٥٩ بڵاوبووەتەوە.

دوای شـــۆڕشـــی گەلاوێژی ســـاڵی ١٩٥٨، ئیبراهیم ئەحمەد دەبێتە خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی خەبات[١]، تا شـوباتی ١٩٦١ ســەرنووســەر و خاوەن ئیمتیاز بووە، چونکە دواتر حکومەتی بەغدا بە تۆمەتی کوشـــتن تۆمەتباریکرد، خۆی شـــاردەوە. ڕۆژنامەی خەبات لەسەرەتای دەرچوونی لەلایەن هەمزە عەبدوڵا، ساڵح حەیدەری، حەمید عوسمان، خســرۆ تۆفیق، نەژاد ئەحمەد عەزیز ئـاغا، سەرپەرشتی دەکرا، کە مەیلی شیوعیەتیان هەبوو بۆیە خەبات وەک ئاراستەی شیوعیەتی نەک پـــارتی دەبینرا و لەڕێگەی خەباتیش، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە سەندیکا و کۆمەڵەی کوردی نەبێت و سەرتاسەری عێراقی بێت، تا ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٥٩، ١٣ ژمـــارەی خەباتیان دەرکرد و دواتر بە بڕیاری کۆنگرە لە ڕیزی پارتی دوورخرانەوە[٢].

لەبارەی زمـــانی دەرچوونییەوە، وریا جاف نووسـیویەتی ((لە سـەرەتادا ١٤ ژمارەی بە زمانی کوردی لێ دەرکراوە ئینجا بە زمـــانی عەرەبی بڵاوبووەتەوە))[٣]، دڵشـاد وەسـانی نووسیویەتی ((تا ژمـــارە ١١١ لە ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٩ بە زمانی کوردی بووە، دواتر بووەتە عەرەبی))[٤]، بەڵام بەپێی ئەو ژمـــارانەی بەرچاومان کەوتوون لە دەســـتەی ئینســـکلۆپیدیا (ژمارە ١ی خەبات تا ژمارە ٥ی بە زمـــانی کوردی دەرکراوە، دواتر بەپێی بارودۆخ جار بە زمانی عەرەبی و جاریش بە زمـانی کوردی دەرچووە)[٥].

هەرچەنـدە ڕزگار نوری شـــاوەیس نووســـیویەتی ((ژمارە ســـفری لە ١ی ئایاری ١٩٥٩ دەرچووە))[٦]، هەروەها وێنەکەی داناوە، بەڵام ئێمە ئەو ژمارەیەی کە لە وێنەکە دایە لە دەسـتەی ئێسـکلۆپیدیا بەرچاوکەوت ژمارە ٥ی ١ی ئایاری ١٩٥٩ی سـاڵی یەکەم بوو نەک ژمارە سفر[٧].

---

(١) عبدالجبار محمد جەباری، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٧٤- ١٧٥.

(٢) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٦- ٤٠.

(٣) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

(٤) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٨، ٣٠.

(٥) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٦) رزگار نوری شاوەیس، (رزگاری) ثم (خەبات) لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني- نضال مشرف لاكثر من نصـف قرن-عرض تـــأريخي_ (١٩٤٦-١٩٩٨)، من منشـورات مؤسـسـة (برايەتی و خەبات) الصحافية، (مطبعة التربية في اقليم كوردستان- ١٩٩٨)، ملحق صور.

(٧) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

لەبەرئەوەی خەبات ساڵێک بەر لە حزب مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتووە[1]، بۆیە لە ژمارە ١ی ٤ی نیسانی ١٩٥٩ تا ژمـــارە ١٦٦ی ٩ی شـوباتی ١٩٦٠ نەنووسراوە (زمانحاڵی پـــارتی دیموکراتی کوردستان)، لە ژمـــارە ١٦٧ی ١٠ی شوباتی ١٩٦٠ بەدواوە نووسراوە (زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانە). لە ژمـــارە ١ی ساڵی یەکەم نووسراوە (خەبات، ڕۆژنامەیەکی ســیاســی ڕۆژانەیە). لە ژمارە ٦ی ســاڵی یەکەمی ٨ی ئایاری ١٩٥٩ نووسراوە (خەبات (النضال)، جريدة يومية سياسية)[2].

لە کاتی گەڕان بەناو ژمـارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە چەند هەڵەیەکی تایپ بەرچاومان کەوتن لەوانە (لە ژمارە ١ تا ژمارە ١٩٤ی ٢٧ی ئاداری ١٩٦٠ ســاڵی یەکەم بووە، لە ژمارە ١٩٥ کە لە ٦ی نیســانی ١٩٦٠ بەهەڵە نووسراوە ســاڵی ٣، لە ژمـــــارە ١٩٦ی ٨ی نیســانی ١٩٦٠ نووسراوە ســاڵی ٢. هەروەها ژمارە ١٤ دووجار دەرچووە یەکێک لە ٦ی تەمووزی ١٩٥٩ و ئەوی دیکە لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٩. هەروەها ژمـارە ١٢ی لە ١٦ی حوزەیران و ژمارە ١٥ی لە ٢١ی تەمووز دەرچووە، بەوپێیە بێت دەبێت ژمـارە ١٤ی ٦ی تەمووزی ١٩٥٩، ژمارە ١٣ بێـت و بەهەڵە بە ژمـارە ١٤ دەرچووبێـت. ژمـارە ٢٥ نووسراوە لە ٥ی تەمووزی ١٩٥٩ دەرچووە خۆی دەبێت لە ٥ی ئابی ١٩٥٩ دەرچووبێت، ژمـــــارە ٢٦ لە ٦ی ئابی ١٩٥٩ دەرچووە، هەروەها ژمـارە ٢٧ی لە ٧ی ئابی ١٩٥٩ دەرچووە، کەچی بەهەڵە نووسراوە ٧ی تەمووز. هەروەها ژمـــارە ٢٨ بە هەڵە لەسەری نووسراوە ژمارە ٢٧ کە لە ١٠ی ئابی ١٩٥٩ دەرچووە ژمارە ٢١٠ی ســاڵی ٢ لە ٥ی ئایاری ١٩٦٠ و ژمارە ٢٢ی ســاڵی ٢ لە ٦ی ئایاری ١٩٦٠ و ژمـــارە ٢١٢ی ساڵی ٢ لە ٩ی ئایاری ١٩٦٠ دەرچووە، واتە لێرەدا بەپێی ڕێکەوت ژمـــارە ٢١١ بەهەڵە بە ٢٢ تایپ کراوە. ژمارە ٢٣٣ی ساڵی ٢ی لە ٢ی حوزەیرانی ١٩٦٠ و ژمارە ٢٣٤ی ساڵی ٢ لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٠ و ژمـــارە ٢٣٦ی ساڵی ٢ لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٠ دەرچووە، لێرەدا هەڵەیەک هەیە، چونکە ژمارە ٢٣٤ و ٢٣٦ ڕێکەوتیان لە دوای یەک هـاتووە بەو پێیە بێت ٢٣٥ دەرنەچووە یـانیش بەهەڵە ژمارەکە نووسراوە ٢٣٤، هەروەها ژمارە ٢٥٤ی ساڵی ٢ی ٣ی تەمووزی ١٩٦٠ و ژمارە ٣٥٥ی ساڵی ٢ی ٤ی تەمووزی ١٩٦٠ و ژمارە ٣٥٦ ســاڵی ٢ی ٥ی تەمووزی ١٩٦٠ و ژمارە ٢٥٧ی ســاڵی ٢ی ٧ی تەمووزی ١٩٦٠ دەرچووینە، بەو پێیە بێت ژمـــــارە ٣٥٥ و ٣٥٦ دەبێت ژمارە ٢٥٥ و ٢٥٦ بن کە بەهەڵە تایپ کراون، هەروەها ژمـــارە ٢٨٢ی ساڵی ٢ی ٨ی ئابی ١٩٦٠ و ژمارە ٣٨٢ی ساڵی ٢ی ٩ی ئابی ١٩٦٠ و ژمـــارە ٢٨٤ی ساڵی ٢ی ١٠ی ئابی ١٩٦٠ دەرچووینە، دیسان ژمارە ٣٨٢

(١) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

بەهەڵە نووسراوە و دەبێت ٢٨٣ بێت)[١].

لە ژمارە ٣٨١ی ڕۆژنامەی خەبات سەبارەت بە بەندی دووەم و سێیەمی دەستوری کاتی وتارێک بڵاوکراوەتەوە، بۆیە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم ڕۆژنامەی خەباتی دایە دادگای سەربازی عورفی، لە ئەنجامدا وتارەکەی خەبات ڕاست و ڕەوا دەرچوو و لەو دادگایەدا سەرکەوت، قاسم کەوتە هاندانی ڕۆژنامەی (الثورة) کە (یونس الطائی) خاوەنی بوو بە ئاشکرا داوای تواندنەوەی نەتەوەی کوردی لەناو عەرەب دەکرد، بۆ دەمکوتکردنی (یونس الطائی) و ڕۆژنامەی (الثورة)، ڕۆژنامەی خەبات لە ژمارە ٤٤٠ی ٢٢ی شوباتی ١٩٦١ هاتە دەنگ و سەروتارێکی بە ناونیشانی (هەوڵدانی تواندنەوەی نەتەوەی کورد و ئەنجامە سەرنەکەوتووەکان) بڵاوکردەوە[٢].

خەبات لە چەند چاپخانەیەکی جودا چاپکراوە؛ لەژمارە ١ەوە تا ژمارە ٩٧ی ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩ لە چاپخانەی (النجاح) لە بەغدا، لە ژمارە ٩٨ی ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩ تا ژمارە ١٠٥ی ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩ لە چاپخانەی (التمدن)، لە ژمارە ١٠٦ی ٢٦ی چریا دوویێ ١٩٥٩ تا ١٩٤ی ٢٧ی ئاداری ١٩٦٠ لە چاپخانەی (رأي العام) لە بەغدا لە چاپدراوە، دواتر پارتی دیموکراتی کوردستان چاپخانەی تایبەتی بە خۆی بەناوی سەلاحەدین لە بەغدا دامەزراند، ژمارە ١٩٥ی ٦ی نیسانی ١٩٦٠ تا[٣] ژمارە ٤٦٢ی ٢٨ی ئاداری ١٩٦١ کە دوا ژمارەی بە ئاشکرا دەرچوونی خەبات بووە لەم چاپخانەیە دەرچووە[٤]. دوای ئەو ژمارەیە بە یەکجاری ڕۆژنامەکە داخرا و چاپخانەی سەلاحەدینیش لەلایەن حکومەتی ئەوکات دەستی بەسەردا گیرا[٥]. دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول بۆ ماوەی ساڵێک ڕۆژنامەکە وەستاوە[٦]. هەرچەندە فەرهاد محەمەد نووسیویەتی ((خەبات تا ژمارە ٢٠٠ لە چاپخانەی (رأي العام) دەرچووە و لە ژمارە ٢٠١-ەوە لە چاپخانەی سەلاحەدین دەرچووە))[٧]، بەڵام لە ژمارە ١٩٦ی خەبات ئیبراهیم ئەحمەد نووسیویەتی ((لە ساڵی یەکەم ١٩٤ ژمارەی خەبات دەرچووە بەڵام بەشێوەیەکی ڕێکوپێک نەبووە، بەو

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
(٢) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٨، ٣٠.
(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
(٤) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٤- ٢٥.
(٥) عبدالجبار محمد جەباری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٥.
(٦) دڵشاد مستەفا وەسانی سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.
(٧) فرهاد محمد أحمد، خەبات/ النضال ١٩٥٩- ١٩٦١، دراسة تاريخية، دار سپيريز للطباعة والنشر، الطبعة الأولى، (مطبعة خاني- دهوک- ٢٠٠٨)، ص ٥٧.

هیوایەم لەمەودوا كە ئامێر و چاپخانەی تایبەتی بەخۆی هەیە بە ڕێكوپێكی دەربچێت))[1].
هەروەها لە ژمارە ١٩٥ی خەبات دا نووسراوە (بڕیاربوو لە ٤ی نیسـان ژمارەیەكی تایبەت بەبۆنەی ساڵیادی خەبات دەربچێت، بەڵام بەهۆی گواستنەوەی بارەگای كارگێڕی و دانانی چاپخانەی سـەلاحەدین دەرنەچووە، ژمارەی دابێت واتە ١٩٦ ژمـارەیەكی تایبەت دەبێت بەو یادە)[2]. وریا جاف نووسـیویەتی ((پاش هەڵگیرسـانی شـۆڕشـی ئەیلوول، خەبات كەوتەوە بارودۆخی نهێنی تا ڕێككەوتنەكەی ١١ی ئاداری ١٩٧١ لە بڵاوبوونەوەی نهێنی بەردەوام بوو))[3]. ئێمە ناكرێت ناوی بنێین قۆناغی نهێنی، چونكە لەناوچە ئازادكراوەكان بە ئاشـكرا دەرچووە، هەروەها وریا جاف لێرەدا سـاڵەكەی بەهەڵە نووسـیوەتەوە، خۆی ڕێككەوتنەكە لە ئاداری ١٩٧٠ بووە نەک ئاداری ١٩٧١.

دڵشـاد وەسـانی نووسـیویەتی ((لە لاپەڕە ١ی ژمارە ٤٦٥ كە لە سـەرەتای نیسـانی ١٩٦٢ دەرچووە، نووسراوە خەبـات جـارێكی دیكە دەگەڕێتەوە كۆڕی خەبـات و داوی بەو ڕاوەسـتـانە دێنێ، بەپێی ئەو نووسراوەی ڕۆژنـامەی خەبـات بێـت، ژمـارە ٤٦٣ و ٤٦٤ دەرنەچووە، چونكە ئەمە ئـامـاژەیە بۆ ئەوەی ژمـارە ٤٦٥ یەكەم ژمـارەی دوای قۆنـاغی بەغدایە. ژمارە ٤٦٥ یەكەم ژمارەیە لە دوای ژمارە ٤٦٢ دەرچووە، لە سـلێمانی بە سـادەیی دەسـتی پێكردووە و بە نهێنی دەرچووە. لە دوای سـاڵی ١٩٦٢، خەبات گواسـتراوەتەوە ئەشـكەوتە ڕەشـەی چیای گردەڕەش لە مـاوەت و ژمارە ٤٧٣ لە كانوونی دووەمی ١٩٦٤ دەرچووە، لەم قۆناغەدا ڕۆژنامەیەكی قەدەغەكراو بووە. پارتی دیموكراتی كوردستان ژمارە ٤٧٤ لە تشـرینی دووەمی ١٩٦٤ تا ژمارە ٤٨٥ لە شوباتی ١٩٦٦ لە ناوچە ئازادكراوەكانی ژێر دەسـتی شـۆڕش بڵاوكردۆتەوە. لە ٢٨ی كانوونی دووەمی ١٩٦٦ هەریەک لە جەلال تاڵەبانی و حلمی عەلی شـەریف و عەلی عەسـكەری و عومەر دەبابە بەبێ پرسـی بەرپرسانی باڵای شۆڕش، دۆڵە ڕەقەیان بەجێهێشت و چوونە پاڵ حكومەتی عێراق و دژی شـۆڕشـی كورد وەسـتان، دوا ژمارەی خەبات كە ئەوان تێیدا بەشـداربوون ژمارە ٤٧٣ بوو، بۆیە كە چوونە بەغدا ژمارە ٤٧٤ لە شوباتی ١٩٦٦ تا ژمـارە ٤٨٤ لە حوزەیرانی ١٩٦٨یان بە ناوی پارتی دیموكراتی كوردسـتانەوە دژی شـۆڕش لە بەغدا دەركرد، واتە ١١ ژمارەیان لێ دەركرد و لەسەریان نووسیوە لە چاپخانەی خەبات دەرچووە، بەڵام لە ڕاستیدا لە چاپخانەی

(١) ابراهيم احمد يتكلم..، جريدة خەبات- نضال، عدد ١٩٦ السنة الثانية (الجمعة ٨ نيسان ١٩٦٠)، ص ص ١، ٨.
(٢) جريدة خەبات- نضال، عدد ١٩٥، السنة الثالثة، (الاربعاء ٦ نيسان ١٩٦٠)، ص ٢.
(٣) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٠، ٣٦.

(تایمس) لە بەغدا چاپکراون))[1]. هەروەها ژمارە ٤٦٥ دوو جار دەرچووە هەردووکی نووسراوە سەرەتای نیسانی ١٩٦٢ کە بابەتیان جیاوازە[2]. هەروەها دڵشاد وەسانی نووسیویەتی ((لە گەرمەی شۆڕشی ئەیلوول لە ١٩٦٧ جگە لە خەبات، برایی-برایەتی بە ناوی عەرەبی (التآخي) دەرچووە. دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ ڕۆژنامەی برایەتی لە تەک خەبات ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەرچووە))[3]. مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە دەڵێت: "خەبات تا ئاداری ١٩٧٠، تەنیا ٥١٦ ژمارەی لێ دەرچووە و دواتر تا ئاداری ١٩٧٤ لە دەرچوون وەستاوە، لە ئاداری ١٩٧٤ دووبارە دەستی بە دەرچوون کردۆتەوە و تا شوباتی ١٩٧٥زنجیرەی ژمارەکانی گەیشتۆتە ٥٢٧"[4]. ژمارە ٥٢٥ لە سەرەتای کانوونی یەکەمی ١٩٧٤ دەرچووە[5].

وریا جاف نووسیویەتی ((خەبات لە شۆڕشی ئەیلوول هەواڵەکانی ئەو شەڕانەی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاودەکردەوە و تا کارەساتە گەورەکەی ١٩٧٥ بەردەوام بوو لە بڵاوبوونەوە))[6]. دڵشاد وەسانی نووسیویەتی ((لە قۆناغی شۆڕشی ئەیلوول ٦٥ ژمارەی لێ دەرچووە، دوا ژمارەی شۆڕشی ئەیلوول ژمارە ٥٢٧ بووە کە لە شوباتی ١٩٧٥ دەرچووە. دوای ٣٥ ڕۆژ لە هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان، ڕۆژنامەی خەبات دووبارە هاتەوە گۆڕەپانەکە و یەکەم ژمارەی ٥٢٧ لە ١ی تەمووزی ١٩٧٦ بە زمانی عەرەبی دەرچووە))[7]. لە لاپەڕە ١ی ژمارە ٥٢٨ی ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٧٦ی خەبات بابەتێک بڵاوکراوەتەوە ئاماژە بە ژمارە ٥٢٧ی خەبات کراوە کە لە ١٦ی ئابی ١٩٧٦ دەرچووە و ناوی گوندەکانی تێدا بڵاوکراوەتەوە[8]. لە کاتی پۆلێنکردن و زنجیرەپێدانی ژمارەکانی خەباتدا هەڵەی تێکەوتووە و ڕۆژنامەی خەبات بە ژمارە ٥٢٦ لە ١ی تەمووزی ١٩٧٦ دوای نسکۆی ئاداری ١٩٧٥ لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستی شۆڕش دەستی بە دەرچوون کردۆتەوە. دەبوو یەکەم

(١) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤٩- ٥٦.
(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
(٣) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.
(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە، (هەولێر- ٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٣).
(٥) نوزاد علي احمد، صحافة الحزب الديمقراطي الكردستاني (خارج الوطن)، (مطبعة شڤان- السليمانية- ٢٠١٠)، ص ٧٦.
(٦) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤.
(٧) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥٨- ٥٩.
(٨) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

ژمارەی شــۆڕشـــی گوڵان، ژمارە ٥٢٨ی بدرێتێ، بەڵام ژمارە ٥٢٦ی درایتێ[١]. ژمارە ٥٣٨ کە دوا ژمارەی (سەرکردایەتی کاتی) بووە لە ئایاری ١٩٧٩ دەرچووە و تایبەت کراوە بە وەفاتی باوکی ڕۆحی نەتەوەییمان مەلا مستەفا بارزانی و لە ژمارە ٥٣٩ی ئاداری ١٩٨٠ لەسەردەمی شــۆڕشــی گوڵان نووسراوە (ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردســتان)، دوا ژمـــــارەی قۆناغی شۆڕشی گوڵان ژمارە ٦٠٩ بووە، لەم قۆناغـەدا ٨٣ ژمارەی لێ دەرچووە. بە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان کە مـاوەکەی ٣٠ ســـاڵ بووە کە ١٤٧ ژمـارە لە ڕۆژنـامەی خەبـات دەرچووە[٢]. هەروەها ژمارە ٦٠٩ لە تشـرینی دووەمی ١٩٩٠ دەرچووە[٣].

لە ژمـــــارە ٥٤٨ نووسراوە (لەبەر چەند هۆیەکی تەکنیکییەوە ڕۆژنامەکەتان خەبات نەیتوانی وەکو پێویســـت دەربچێت. بەم بۆنەیەوە داوای لێبووردن دەکەین و بەڵێن تازە دەکەینەوە لەمەودوا بەڕێکوپێکی دەربچێت)[٤]. لە ژمـــارە ٥٥٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٤ سـاڵی ٢٦ی وەرگرتووە لەم بارەیەوە نووسراوە ((ئێمە سـاڵی ٢٦مـــــان تەنیا بۆ دەرچوونی ڕۆژنامەی خەبات داناوە نەک وەک هەموو زنجیرەکانی ئۆرگانی پارتی کە لە ١٩٤٦-ەوە بەناوی ڕزگارییەوە دەرچووە))[٥].

لە دوای ڕاپەڕین جارێکی دیکە بە ئۆرگانی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردســتان هاتەوە کۆڕی تێکۆشـــــان و ژمـارە ٦١٠ یەکەم ژمارەی دوای ڕاپەڕین بووە و لە ئەیلوولی ١٩٩١ دەرچووە و لە چاپخانەی ڕۆشنبیری لە هەولێر چاپکراوە. یەکەم ژمـــارەی خەبات بووە بە زمانی کوردی دەربچێت لە دوای ڕاپەڕین[٦]. دواتر ژمارەیەک زمانی کوردی و ژمـارەیەک بە زمـانی عەرەبی یـــــــان دوو ژمـارە بە زمـانی کوردی ژمـارەیەکی بە زمـانی عەرەبی لێ بڵاوکراوەتەوە. دوا ژمـارەی کوردی ٦٦٥ی ١ی ئاداری ١٩٩٣ بووە، وێنەیەکی بارزانی نەمری بە قەبارەی لاپەڕەیەک بڵاوکردۆتەوە و هەر ئەو ژمـارەیە وەک ڕۆژنامەیەکی ســـیاســـی

(١) ئیســــماعیل تەنیـا، رابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی (ئازاری ١٩٧٥- ١٩٩٣)، چاپی یەکەم، (چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر- ٢٠١٣)، ل ٢٩.

(٢) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦٠- ٦١.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٤) دەســتەی نووســەرانی (خەبات)،"خەبات" داوای لێبووردن دەکات!، ڕۆژنامەی خەبات(النضـال)، ژمارە ٥٤٨، (ئاب- ١٩٨٣)، ل ١٤.

(٥) (خەبات) و راستی یەکی مێژوویی، ڕۆژنامەی خەبات(النضـال)، ژمارە ٥٥٣، سـاڵی ٢٦، (کانونی یەکەم/ ١٩٨٤)، ل ٢.

(٦) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.

هەفتانە پێناسـە کراوە[١]، لە سـەردەمی ڕاپەڕیندا فەلەکەدین کاکەیی و دواتریش حەبیب محەمەد کەریم سەرنووسەری بوون، بارەگـاکەشی سەرەتا لە شەقڵاوە بووە، لە ژمارە ٦٦٦-ەوە بە یەکجاری بووە عەرەبی و بارەگاکەی چووە هەولێر و جارێکی دیکە فەلەکەدین کاکەیی بووە سـەرنووسـەر. لەو ماوەیەدا خەبات هەر ژمارەیەکی پتر لە ١٠ هەزار دانەی لێ چاپ دەکرا[٢].

لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٤ بارەگای دەزگای ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات لەلایەن مەفرەزەیەکی یەکێتی دەستی بەسەردا گیرا، ژمارە ٧٥٧ لە ١٠ی شوباتی ١٩٩٥ لە پیرمام بە ٨ لاپەڕە بە زمانی عەرەبی بە شـێوەی کۆپی چاپ و بڵاوکرایەوە، بەڵام دوای دامەزراندنی چاپخانەی خەبات لە دهۆک لە ١٢ی ئابی ١٩٩٦ ژمارە ٧٩٤ لە چاپ درا و بڵاوکرایەوە. دوای گەڕاندنەوەی دەزگای ڕۆژنامەنووسـی برایەتی و خەبات بۆ هەولێر، خەبات بە ژمارە ٧٩٨ لە ٧ی تشـــرینی یەکەمی ١٩٩٦ بە زمانی عەرەبی کە هەفتانە دەرچووە، دەسـتی پێکرد. لە ماوەی دەرچوونی لە پیرمام تا گەڕانەوەی بۆ هەولێر ٤١ ژمارەی لێ دەرچووە[٣]. هەروەها ژمارە ٨٧٠ی ١٧ی نیسانی ١٩٩٨ و ٨٧١ی ٢٤ی نیسانی ١٩٩٨ دووجار دەرچوونە یەکێکیان بە زمانی عەرەبی ئەوی دیکە بە زمانی کوردی[٤].

تا کۆنگرەی ١٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٩ بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە، دواتر بڕیار دراوە تەنیا بە زمـانی کوردی دەربچێت[٥]. لە ژمارە ٥٠٠ تا ٦٦٥ جار بە زمانی عەرەبی و جاریش بە زمـــانی کوردی دەرچووە (واتە لە ساڵانی ١٩٦٩ تا ١٩٩٣). ژمارە ٦٠٢ تا ٦٠٩ واتە سـاڵی ١٩٩٠ هەموویان بە زمانی کوردی (شـێوەزاری سـۆرانی و لاتینی دەرچووە)، لە ژمـارە ٦٦٦ی ٣ی ئاداری ١٩٩٣ تا ژمارە ١١٢٧ لە ١ی ئایاری ٢٠٠٣ بە زمانی عەرەبی درچووە دواتر لە ژمـارە ١١٢٨ لە ٣ی ئایاری ٢٠٠٣-ەوە تا ئێستا بە زمانی کوردی بەردەوامە[٦].

لە سـاڵی ١٩٩٣ بۆ سـاڵی ٢٠٠٣ بە شـێوەی هەفتانە دەرچووە، لە سـاڵی ٢٠٠٣ بووەتە

---

(١) عەبدوڵڵا موحەممەد زەنگەنە، ڕۆژنامەنووســـی کوردی لە کوردســـتانی دوای ڕاپەڕین، ژمارە ٤٢، (چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر- ١٩٩٨)، ل ٣٦.

(٢) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦.

(٣) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠١، ١٠٨.

(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٥) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦٠- ٦١.

(٦) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

ڕۆژانە[1]. تــا ١٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤، ٦٨٨١ ژمارەی لێ دەرچووە و بەردەوامیشە لە دەرچوون. خاوەن ئیمتیازی لە ژمــــارە ١ تا ٣٢٨ ئیبراهیم ئەحمەد، لە ژمارە ٩٥٨ تا ئێستا عەلی عەبدوڵا بووە. ســەرنووســەری لە ژمارە ١ تا ٤٣٣ ئیبراهیم ئەحمەد، لە ژمارە ٩٥٨ی ١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠ تا ٩٦٦ فەلەکەدین کاکەیی، لە ژمارە ٩٦٧ی ١٠ی ئاداری ٢٠٠٠ تا ١٠٥٤ سەعید یەحیا خەتات و لە ژمــــارە ١٠٥٥ی ٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠١ تا ١١٢٧ ڕزگار نوری شاوەیس، لە ژمارە ١١٢٨ی ٣ی مایسی ٢٠٠٣ تا ١٥٠٩ ئاریان فەرەج، لە ژمارە ١٥١٠ی ٢٦ی تەمووزی ٢٠٠٤ تا ٤٠١٩ نەژاد عەزیز سورمێ، لە ژمــارە ٤٠٢٠ی ١٤ی ئاداری ٢٠١٢ تا ئێستا سەلام عـــەبدوڵا بووە[2]. لە ساڵی ١٩٥٩ محەمەد کەریم نووسەری خەبات بووە[3].

چاپی دەولی(نێودەوڵەتی) خەبات بە زمانی عەرەبی لە لەندەن بڵاودەبووەوە، ژمارە سفری لە ڕۆژی ١٦ی ئاداری ١٩٩٦ بڵاوبووەتەوە، ژمارەی یەکەمی لە مانگی ئایار و مایس ١٩٩٥ بڵاوبووەتەوە، لە ئەوروپا و ئەمریکا و کەنەدا دابەشـدەکرا، تا ســاڵی ١٩٩٦ تەنیا ٥ ژمارەی لێ بڵاوبووەتەوە و بەردەوامیش بووە[4]. ژمارە ١ی ئەم ڕۆژنامەیە لە نیسانی ١٩٩٥ بڵاوکراوەتەوە[5]. لە ســـاڵی ١٩٩٥- ١٩٩٦ یەکەمین ڕۆژنامە بووە کە بۆ کاری هونەری ڕۆژنامەکە توانیویەتی سوود لە کۆمپیوتەر و تەکنیکی نوێ وەربگرێت[6].

خەبات مــاڵپەڕی تایبەت بەخۆی هەیە بە ناونیشانی www.xebat.net. کە ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە بە pdf لەم مــاڵپەڕەیە هەیە، بێجگە لە هەواڵی ناوخۆیی و جیهانی و سیاسی و ئەدەبی و کولتوری و ئابووری و وەرزشی.

خـەبات لەگەڵ دەرچوونی، چەندان پاشکۆ و ڕۆژنامە و گۆڤاری دەرکردووە وەک:

ا- **دیسان بارزانی (البارزاني مرة اخری):** پاشکۆی ڕۆژنامەی خەبات بووە، لە ساڵی ١٩٦١ بە زمانی کوردی و عەرەبی بە قەبارەی فۆلسکاب دەرچووە، بە ڕۆنیۆ ڕاکێشــــراوە. هەواڵی سەرکەوتنی پێشمەرگەی کوردستان و شۆڕش و بابەتی پەیوەندیدار بە ڕۆشنبیری حزبی و تەنزیمی و بەلاغی حزبیشـــی تێدا بڵاودەکرایەوە، هەروەهــا وەڵامی درۆ

(١) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.
(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
(٣) نتیجة انتخابات نقابة الصـحفیین، خەبات(النضـال)، العدد ٥٠، السـنة الاولی، (الثلاثاء ٨ ایلول ١٩٥٩- مطبعة النجاح- بغداد)، ص ٢.
(٤) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی..... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧.
(٥) عەبدوڵلا موحەممەد زەنگەنە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.
(٦) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.

هەڵبەسـتراوەکانی ڕژێمی دەدایەوە. ژمارە ٢ی لە سـەرەتای حوزەیرانی ١٩٦٢ دەرچووە، لەسـەری نووسراوە پاشـکۆی دیسـان بارزانی لە دەرەوەی کوردسـتان چاپدەکرێت و بڵاودەکرێتەوە، هەروەها لە ژمارە ٤٦٥ی ڕۆژنامەی خەباتی نیسـانی ١٩٦٢ دا نووسراوە (لە بڵاوکراوەکـانی خەبـات، بڵاوکراوەی دیسـان بـارزانی لە دەرەوەی کوردسـتـان چاپدەکرێت و بڵاودەکرێتەوە، لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٦٢ دەردەچێت)[١].

**ب- خەبات لاتینی (XEBAT):** پاشکۆی لاتینی ڕۆژنامەی خەباتە، ژمارە ٦٠٠ی وەرگرتووە، لەگەڵ ژمـارە ٦٠٠ی ڕۆژنـامەی خەبـاتی عەرەبی، پـاشـکۆی خەبـات بە زمـانی کوردی ڕێنووسی لاتینی لە ئابی ١٩٨٩ دەرچووە، دوو بابەتی تێدا بووە، چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی (ئـارمانج) لەگەڵ جەنابی سـەرۆک مەسـعود بارزانی لە ژمارە ٩١ی نیسـانی ١٩٨٩ و چاوپێکەوتنی ئێزگەی دەنگی کوردستان و ڕۆژنامەی خەبات، لەگەڵ د.شەرەف ئاشیریان لە بارەی مەسـەلەی کورد بە تایبەتی لە کوردسـتانی باشـوور لەلایەن ن.بێباک (دکتۆر ناسح غەفوور) ئامادەکرابوو[٢].

**پ- هێلانەی منداڵان:** گۆڤاری منداڵان بووە، سـەرەتا لە ١ی حوزەیرانی ٢٠٠٠ لە لاپەڕە ٧ بۆ ١٠ی ڕۆژنامەی خەبات فایلێکی تایبەت بە منداڵان کرایەوە، پاشـان کرایە هەفتانە لە ڕۆژانی شـەممە لاپەڕەیەکی تایبەت لە دوا لاپەڕەی خەبات بە ناوی هێلانەی منداڵان تەرخـان کرا، دواتر هەر بەو نـاوەوە کرایە پـاشـکۆیەکی چوار لاپەڕەی ڕەنگـاوڕەنگی هەفتـانە و یەکەم ژمـارەی لە ١٩ی ئـابی ٢٠٠٠ دەرچووە، دوای ئەوەی ٥٧ ژمـارەی لێ دەرچوو و لە ٢٠٠١ وەسـتاوە. نەژاد عەزیز سـورمێ سـەرنووسـەر، سـەیران سـەلاح سەرپەرشتیار، هەڵەچن و زمانەوانی مەسعود پەرێشـان و نیگارکێش ئاریان عەبدولخالق سـەرسـام بوونە. دوای ئەوەی جارێکی دیکە نەژاد عەزیز سـورمێ بوو بە سـەرنووسـەری خەبات، دووبارە لە ١٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٥ گۆڤاری هێلانەی منداڵانی وەک درێژەپێدەری خولی پێشـوو و هەفتانە بە ژمارە ٥٨ دەسـتی پێکردەوە، لەم ژمارەیەوە تا ٦٦ هەر هەفتانە مایەوە، جەزا حەمە لاو بووە سـەرپەرشـتیاری، دواتر بڕیار درا ببێتە گۆڤارێکی مانگانە، لە ژمارە ١٣٨ی گۆڤارەکە نەژاد عەزیز سـورمێ بووە سـەرنووسـەر. لە ٥ی ئایاری ٢٠١٢ سـەلام عەبدوڵا بووە سـەرنووسـەری تا ئاداری ٢٠١٥ ئەم گۆڤارە بەردەوام بوو، هەمووی بەسـەریەکەوە ١٧٥ ژمارەی لێ دەرچووە[٣]. لە ئێسـتادا دووبارە بە بڕیاری د.

(١) رزگار نوری شاوەیس، المصدر السابق، ص ٥٤، ملحق صور.
(٢) ڕۆژنامەی خەبات (النضال)، ژمارە ٦٠٠، (ئابی ١٩٨٩)، ل ١٠.
(٣) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٢٢- ١٢٣.

سالار عوسمان دەستی بەوەشان کردۆتەوە[١].

**ت- تـــــاو:** گۆڤارێکی تایبەت بوو بە فۆتۆ، ســەرەتا وەک پاشــکۆی ڕۆژنامەی خەبات. ١٣ ژمارەی لێ دەرچووە، نەژاد عەزیز سورمێ خاوەن ئیمتیاز و سۆنیا سدیق سەرنووسەری بوو. دواتر تاو بووەتە دەزگایەکی سەربەخۆ بەهەمان سەرنووسەری پێشوو[٢].

**ک- ملحق خەبات:** پاشــکۆی خەباتی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردســتانە. ژمارە ٩٤١ی خەباتی وەرگرتووە لە ١٠ی ئەیلوولـــــی ١٩٩٩ بە زمانی عەرەبی دەرچووە، تایبەتە بەگوژمەی مەسروفاتی نیوەی یەکەمی ١٩٩٩ی وەزارەتی دارایی لە کابینەی ســێیەمی حکومەت. ژمارە ١٠٨٩ لە ٢ی ئابی ٢٠٠٢ دەرچووە و هەر هەمان ژمارەی خەباتی وەرگرتووە، بە بەرگەکەیەوە ٣٢ لاپەڕەیە، لە شــێوەی پەرتووکە، بە زمانی عەرەبی دەرچووە، تایبەتە بە دەستوری کۆماری فیدڕالی عێراق و دەستوری هەرێمی کوردستانی عێراق کە پڕۆژەی پارتی دیموکراتی کوردستانە[٣].

**گ- ملحق خاص خەبات:** پاشــکۆی خەباتی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردســتانە. تایبەت بووە بە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠١ی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان کە بە زمانی عەرەبی بە ٤ لاپەڕە دەرچووە، ئەو ژمارانەی بەردەستمانن ژمارە ١ لە ٢١ی ئایاری ٢٠٠١، ژمارە ٢ لە ٢٢ی ئایار، ژمارە ٣ لە ٢٣ی ئایار و ژمارە ٤ لە ٢٤ی ئایار دەرچووینە[٤].

**ج- زانیاری و زانست:** هەفتەنامەیەکی زانستی بووە، هەموو سێشەممان ڕۆژنامەی خەبات دەریدەکرد. بە زمـــانی کوردی لە چاپخانەی موکریانی لە هەولێر چاپکراوە[٥]. لە ساڵی ٢٠٠٥ لاپەڕەی زانسـت بۆ ڕۆژنامەی خەبات زیادکرا، لە ساڵی ٢٠١٢ بووە هەفتانەیەکی ٨ لاپەڕەیی و ڕۆژانی ســێشــەممە وەک پاشــکۆی ڕۆژنامەی خەبات دەرچووە، یەکەم ژمارەی لە ٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢ دەرچووە، دوا ژمارەی ژمـــارە ٨٦ی لە ١٩ی ئابی ٢٠١٤ دەرچووە[٦]، خاوەن ئیمتیازی عەلی عەبدوڵا و ســەرنووســەری ســەلام عەبدوڵا و سەرپەرشتیاری ئەژی چەتۆ بوون. ستافەکەی ئازاد دیبەگەیی، هەردەوان نەقشبەندی و

(١) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ شـکار عەفان نەقشبەندی، (پیرمام- ٢٣ی ئابی ٢٠٢٣).

(٢) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٢٣- ١٢٤.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٤) هەمان سەرچاوە.

(٥) هەمان سەرچاوە.

(٦) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٢٦- ١٢٧.

نەخشەسازی ئەبوبەکر عەبدوڵا بوون[١]. لاپەڕەی تەندروستی لەلایەن د. فەیسەڵ عارەب بلباس ئامادەکراوە. بابەتەکانی ئەم هەفتەنامەیە تایبەت بووە بە هەواڵی زانستی و نوێترین تەکنەلۆژیا و داهێنان، لە بوارە جیاجیاکانی زانستدا[٢].

**چ- ژمارەی شـەممان:** ڕۆژنامەی خەبات پێنج ڕۆژ لە هەفتەدا دەرچووە، ڕۆژانی هەینی و شەممە پشوو بوو. لە ٢٢ی ئایاری ٢٠٠٤ لە سەردەمی سەرنووسەر ئاریان فەرەج، ژمارەی ڕۆژانی شەممە دەرچوو. لە سەردەمی هەردوو سەرنووسەر نەژاد عەزیز سورمێ و سەلام عەبدوڵا بەردەوام بووە، بەمەش لە هەفتەیەکدا ٦ ڕۆژ ڕۆژنامە دەرچووە، ژمارەی ڕۆژی شەممە بە (ژمارەی شەممان) ناسرابوو، ژمارەیەکی تایبەت بوو بە لێکۆڵینەوە و بۆچوون لە بوارەکانی سیاسی، هزری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئەدەبی، بەو پێیەی ژمارەیەکی جیاواز بوو. ڕزگار عەبدوڵا سەعید، هێمن مەهدی نەقشبەندی، ئیبراهیم سەمین لە دوای یەک سەرپەرشتیاری بوون. ئەم ژمارەیە لە قۆناغی دوایی، بەتایبەتیش لە سەردەمی ئیبراهیم سەمین لاپەڕەکانی ١ تا ٣ وەک هەمان لاپەڕەی ڕۆژانی دی بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژ تەرخان کرا[٣].

**ح- خەبات وەرزشی(خەباتی وەرزش):** هەفتەنامەیەکی وەرزشی بووە، ڕۆژنامەی خەبات بە زمانی کوردی دەریدەکرد. خاوەنی ئیمتیازی عەلی عەبدوڵا و سەرنووسەری نەژاد عەزیز سورمێ بوون. تا ژمارە ١٢٧ ناوی چاپخانەی کە لێی چاپکراوە نەنووسراوە، بەڵام ژمارە ١٤١ و ١٤٣ لە چاپخانەی موکریانی چاپکراوە[٤]. خەباتی وەرزش هەفتانە بووە وەک پاشکۆی ڕۆژنامەی خەبات لە ١٥ی ئایاری ٢٠٠٥ یەکەم ژمارەی لێ دەرچوو، لە ژمارە ١ تا ٢٣٥ سامان بریفکانی و لە ژمارە ٢٣٦ تا کۆتایی هاوار مورتکە سەرپەرشتیاری بوون. پەیامنێرەکان محەمەد سەعید کوردە، ئەرسەلان عەبدوڵا و ئیحسان تاهیر بوون، زانا خدر دیزاینەر و عەبدوڵا ڕێزانەیی تایپێست و عەلی شێخانی هەڵەچن بوون[٥].

**خ- مئوية الجواهري:** پاشکۆی ڕۆژانەی هەفتەنامەی خەبات بووە، کە تایبەت بووە بە ڤیستەڤاڵی سەد ساڵەی جەواهیری، لەلایەن نووسینگەی ڕۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات بە ٤ لاپەڕە و بە زمانی عەرەبی دەرچووە. بابەتەکانی تایبەت بووە بەو کاروچالاکییانەی بۆ ماوەی هەفتەیەک ئەنجامدراون بۆ یادی جەواهیری، لەو ماوەیەدا

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
(٢) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٧.
(٣) هەمان سەرچاوە، ل ل ١٢٣- ١٢٤.
(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
(٥) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٢١- ١٢٢.

چەندان پێشـانگای فۆتۆگرافی و سـەردان و چاوپێكەوتن و سـیمینار ئەنجامدراون. ژمارە ١ی لە ٢٠ی تشـــــرینی یەكەمی ٢٠٠٠ و ژمارە ٧ی لە ٢٦ی تشـــــرینی یەكەمی ٢٠٠٠ دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی عەلی عەبدوڵا و سـەرنووسـەری سـەعید یەحیا خەتات بوون. دەسـتەی نووسـەران فەوزی ئەتروشـی، عەباس عەبدوڵا یوسـف، عەبدولڕەحمان پاشـا، موخلیس خۆشـناو و تاریق كارێزی بوون. لە ژمارە ٣-یەوە ئازاد لەشـكری لە دەسـتەی نووسەران زیادكراوە وەک وێنەگر[١].

**د- هزر و هونەر:** هەفتەنامەیەكی كولتووری بووە، ڕۆژنامەی خەبات دەریدەكرد، بە ١٦ لاپەڕە دەرچووە. خاوەنی ئیمتیاز عەلی عەبدوڵا و سەرنووسەری سەلام عـــەبدوڵا بوون، لە چاپخانەی موكریانی لە هەولێـــــر چاپكراوە. بابەتەكانی هونەری و ئەدەبی و كۆمەڵایەتی بووە[٢]. دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠١ هەفتەنامەی ئەدەب و هـونەر نەما كە فەرهـاد عەونی سەرنووسەری بوو، پێشتر لەسەردەمی سەرنووسەر نەژاد عەزیز سورمێ، دوو لاپەڕەی تـایبەت بە ئەدەب بە نـاوی كولتوور تەرخـانكرابوو، دوای ئەوەی لە ٦ی ئایاری ٢٠١٢، سەلام عەبدوڵا وەک سەرنووسـەری خەبات دەستبەكار بوو، ناوی ئەو دوو لاپەڕەیە كرایە هزر و هونەر و دواتر بووە پاشـــكۆ و ڕۆژانی هەینی دەرچووە، یەكەم ژمارەی لە ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠١٢ دەرچووە، لەگەڵ دەرچوونی یەكەم ژمارەی هزر و هونەر، ژمارەی شـەممان نەما و سـتافی ژمارەی شـەممان لەگەڵ سـتافی لاپەڕەی هزر و هونەر كە (لاپەڕەی كولتووری جاران) كاریان لە هەفتەنامەی هزر و هونەر كرد، بۆیە ئیبراهیم سەمین كە سەرپەرشتیاری ژمارەی شەممان بوو، لە یەكەم ژمـارەوە تا ژمارە ٢٦ بووە سـەرپەرشـتیاری هەفتەنامەكە، دواتر نەجات حەمید بوو بە سـەرپەرشـتیاری ئەم هەفتەنامەیە لە ژمارە ٢٧-ەوە تا كۆتا ژمارە ١٣٤ لە ١٠ی نیسانی ٢٠١٥[٣].

سەلام عەبدوڵا دەڵێت ((لە ٤ی تشـــرینی یەكەمی ٢٠١٥ ژمارە ١٣٤ی هەفتەنامەی هزر و هونەرمـــان دەركرد كە دوا ژمارەی بووە، لەبەر بارودۆخی سیاسی و ئابووری ئەوكات، وا دیسـان دەسـت بە دەركردنەوەی پاشكۆی هەفتانەی هزر و هونەر دەكەینەوە لەگەڵ ڕۆژنامەی خەبات، بە ٤ لاپەڕەی ســـەربەخۆ لە هەموو ڕۆژانی پێنجشـــەممە))[٤]. ژمارە ١٣٥ی پاشكۆی هزر و هونەر لە ١٠ی ئابی ٢٠٢٣ لەگەڵ ژمارە ٦٥٦١ی ڕۆژنامەی خەبات دەرچووە، تا ژمـــــارە ١٥٣ی ٢١ی كانوونی یەكەمی ٢٠٢٣ بە ٤ لاپەڕەی ســـەربەخۆ

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسكلۆپیدیای پارتی دیموكراتی كوردستان.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٢٤- ١٢٥.

(٤) سەلام عەبدوڵا، پاشكۆی هزر و هونەر، ژمارە ١٣٥، (٢٠٢٣/٨/١٠)، ل١.

دەرچووە. لە ژمـــــارە ١٥٤ی ١١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ سـەربەخۆ نەماوە و لەگەڵ ڕۆژنامەی خەبات تێکەڵ کراوە و وەک دۆسـیە ناوی بردراوە، لاپەڕە ٧ تا ١٠ی ڕۆژنامەی خەباتی وەرگرتووە. ژمـارە ١٥٦ لە ١٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ دەرچووە. ژمـارە ١٥٧ لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ دەرچووە. هزر و هونەر لەژمـــارە ٦٦٧٦ی ١ی شوباتی ٢٠٢٤ی ڕۆژنـامەی خەبـات ژمـارە ١٥٨ی وەرگرتووە، کەچی لەگەڵ ژمـارە ٦٦٨١ی ٨ی شـوباتی ٢٠٢٤ی ڕۆژنامەی خەبات دووبارە ژمارە ١٥٨ی وەرگرتووە و لەسـەری نووسراوە ژمارە ٦٦٧٦ی ڕۆژنامەی خەبات، دەبێت لە ٨ی شوباتی ٢٠٢٤ ژمارە ١٥٩ی هزر و هونەر بێت. هەروەها لەژمـــارە ٦٦٨٦ی ١٥ی شـوباتی ٢٠٢٤ی ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ١٦٠ی وەرگرتووە، کەچی لە ژمـــارە ٦٦٩١ی ٢٢ی شـوباتی ٢٠٢٤ی ڕۆژنامەی خەبات دووبارە ژمارە ١٦٠ وەرگرتووە لەسـەری نووسراوە ژمـــارە ٦٦٨٦ی ڕۆژنامەی خەبات، دەبێت لە ٢٢ی شـوباتی ٢٠٢٤ ژمارە ١٦١ی هزر و هونەر بێت. سـەرپەرشـتیار و ڕێکخەری هزر و هونەر بۆتان جەلالە[١].

٧- **کوردسـتان:** ڕۆژنـــــامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانە بووە، لە دوای خەبات ئیبراهیم ئەحمەد لەو ڕۆژنامەیە بوو بە خاوەن ئیمتیاز و سـەرۆک نووسراوی لێپرسراوی جەلال تاڵەبانی بووە. لە بەغدا دەرچووە. ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردســتان بووە (لێرەدا مامۆســتا عەبدوڵا زەنگەنە دەڵێت: زمانحاڵی پارتی نەبووە، تەنیا ڕۆژنامەیەک بووە)، لەسـەر ئاسـتێکی بەرز وتاری ڕامیاری و مێژوویی و وێژەیی تێدا بــــڵاوکراوەتەوە، بە خۆداگرتنێکی قایمەوە بەربەرەکانی هەنگاوە ناڕێکەکانی عەبدولکەریم قاســمی دەکرد، بۆیە کاربەدەســتانی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم نەیانهێشت لە ٥ ژمـــارە زیاتر بژیت و دەرگایان لەسەر داخست[٢]. ژمـــارە ١ی ساڵی ١ لە ٤ی ئاداری ١٩٦١ دەرچووە، ژمارە ٥ی ساڵی ١ لە ١ی نیســـانی ١٩٦١ بە ٨ لاپەڕە بە زمانی کوردی دەرچووە. لە چاپخانەی کوردســتانی نوێ چاپکراوە[٣].

ئیبراهیم ئەحمەد نووسـیویەتی ((بەهیواین کە کوردسـتان بتوانێت شـان بەشـانی خەباتی هەڤاڵی نازداری، هێنانەدی ئامانجەکانی پارتی پێشـــڕەوی خەڵکی کوردســـتان، پارتی دیموکراتی کوردسـتان بێت. کوردسـتان هەر خەباتەکەی جارانە و هەمیشـە هەر هەڵگری

(١) https://xebat.net.

(٢) عبدالجبار محمد جەباری، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٢٧، ١٧٥.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

خەباتی نەبەردانەی خەڵک ئەبێت))[١].

٨- **برایەتی (الأخوة):** ڕۆژنامەی سـیاسـی هەفتانەی کوردی و عەرەبی بووە، ئیمتیازەکەی لە ساڵی ١٩٥٩ درا بە خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەرەکەی خەسرۆ تۆفیق، بەڵام دەرنەچووە[٢].

حەمە ساڵح نووسیویەتی ((ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەی کوردی و عەرەبی بووە، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. خاوەن و سەرۆکی نووسینی خەسرۆ تۆفیق بووە. لە ٨ی ئاداری ١٩٥٩ ئیمتیازی دراوەتێ و لە ١٣ی تەمووزی ١٩٥٩ داخراوە. ئەم ڕۆژنامەیە لە هیچ سـەرچاوەیەکی کوردیدا نیە، بەڵام لە سـەرچاوە عەرەبییەکانی وەکو لاپەڕە ١٤ی (كشـاف الجرائد والمجلات العراقية)ی زاهیدا ئیبراهیم و لاپەرەی ٧ و ٨ی (دليل الصـحافة العراقية/ وزارة الاعلام) دەڵێن: لە وەزارەتی ڕاگەیـانـدن هەیە لەبەر نەدانی بـارمتەی یـاسـایی داخراوە))[٣].

٩- **التآخي:** ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی بوو، پارتی دیموکراتی کوردستان بە زمانی عەرەبی بڵاویدەکردەوە[٤]. ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردسـتان بووە[٥]، لە دوای ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ بڕیار درا ڕۆژنامەی (التآخي) دەربکرێت[٦]. لە ٢٩ی نیسـانی ١٩٦٧ دا ڕۆژانە دەرچووە (هەفتەی جارێکی بە زمانی کوردی و ژمـارەکانیتری بە زمانی عەرەبی)، تا مـانگی تشـرینی دووەمی ١٩٦٨ بەردەوام بووە[٧]. ژمارە ١ی لە ٢٩ی نیسانی ١٩٦٧ تا ژمارە ٢٧١ لە ٢٦ی نیسـانی ١٩٦٨ سـاڵی ١ و لە ژمارە ٢٧٣ی ٢٩ی نیسـانی ١٩٦٨ تا ژمارە ٤٢٩ی ١١ی تشـرینی دووەمی ١٩٦٨ ساڵی ٢ بووە[٨].

---

(١) ئیبراهیم ئەحمەد، ئامانجی کوردسـتان، ڕۆژنامەی کوردسـتان، ژمارە ١، سـاڵی ١، (شـەممە ١٩٦١/٣/٤- چاپخانەی کوردستانی نوێ)، ل ١.

(٢) هشام عمار أحمد الراوي، المصدر السابق، ص ١٤٦.

(٣) حەمە سالح فەرهادی، چەند لایەنێکی ڕۆژنامەنووسـی کوردی، (چاپخانەی الحوادث- بەغدا ١٩٨٨)، ل ل ٤٠، ٦٥.

(٤) ئاری نانەکەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

(٥) التآخي...، گۆڤاری برایەتی، ژمارە ٥ی سـاڵی یەکەمی خوولی دووهەم، (ناوەڕاسـتی ئەیلوولی ١٩٧٠- چاپخانەی دار الزمان- بەغدا)، ل ٨؛ (خەبات) و راسـتی یەکی مێژوویی، ڕۆژنامەی خەبات(النضـال)، ژمارە ٥٥٣، ساڵی ٢٦، (کانونی یەکەم/ ١٩٨٤)، ل ٢.

(٦) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤١- ٤٢.

(٧) (خەبات) و راستی یەکی مێژوویی، ڕۆژنامەی خەبات(النضال)، ژمارە ٥٥٣، ساڵی ٢٦، (کانونی یەکەم/ ١٩٨٤)، ل ٢.

(٨) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

وریا جاف پێی وا بووە کە (یەکەم ژمـــــــارەی ڕۆژنامەی (التآخي) لە بەرەبەیانی ڕۆژی شــەممە لە ٢٩ی نیســانی ١٩٧٦، لە بەغدا لە قەبارەی ٨ لاپەڕەدا بڵاوبووەوە)[١] و زۆربەی لێکۆڵەرانی ڕۆژنامەڤانی لە نێویشـــیاندا ئاری نـــــــانەکەلی پێیان وایە (ژمارە ١ی لە ٢٩ی نیسانی ١٩٦٧ بڵاوکراوەتەوە)[٢]، بۆ ڕاستی ئەم بابەتە ئەو ژمارانەی بینیومانە لە ئەرشیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیا (ژمـــــارە ١ی لە ٢٩ی نیسـانی ١٩٦٧ دەرچووە)، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە وریا جاف لە ڕێکەوتەکە هەڵەی کردووە ساڵی ١٩٦٧ نەک ١٩٧٦.

پـاشـــــان حکومەت کەوتە بیـانووگرتن لە (التـآخي) و جـاربەجـار لاپەڕەیەکی ســـپی بڵاودەکرایەوە، لە بەرئەوەی دەکەوتە بەر مقەستی سانسۆر و (التآخي)ش بێ سڵکردنەوە لە ڕێبازی خۆی بەردەوام بوو، ئەوەبوو لە ژمارە ٢٧٩ی ٧ی ئایاری ١٩٦٨، وەزیری ڕۆشنبیری و ئیرشادی ئەو سـەردەمە مالک دوهان ئەلحەسـەن، نووسراوێکی بۆ سـەیدا ساڵح یوسفی دەنێرێ و تیایدا دەڵێت: "ئەمە و هەندێک هەڵەکردن نابێتە هۆی هێرشکردنە سەر شۆڕش بۆیە بڕیارمان دا ڕۆژنامەکەتان بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ دابخەین بەپێی ئەحکامی بەندی ١ی ماددەی ٣٣ی یاسـای چاپەمەنی ژمـــــارە ٥٣ی سـاڵی ١٩٦٤"، سـەرەڕای ئەوەش ڕۆژنامەی (التآخي) بەو شـێوەیە مایەوە، تا ئەو کاتەی بەعسـیەکان بە کودەتای ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ دەسـەڵاتیان گرتە دەسـت و ئامادەنەبوون ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیران جێبەجێ بکەن، لەو بارودۆخە پڕ ئاڵۆزە و شـــەڕ فرۆشـــتنە بە شـــۆڕش و تەنگ پێهەڵچنین بە (التآخي) و بنەمـــاڵەکەی، سەرکردایەتی پارتی بڕیاری دا (التآخي) ڕابگیرێ و دوا ژمارەی لەو قۆناغەدا ژمارە ٤٢٧ بوو[٣].

دوو مـانـگ پـاش بڵاوبوونەوەی ڕێککەوتنـامەی ئـاداری ١٩٧٠، ســـەرکردایەتی پـارتی جارێکی دیکە بڕیاری دا ڕۆژنامەی (التآخي) بـــــــڵاوبکرێتەوە. ئەوەبوو بەپێی زنجیرەی ژمارەی سـەردەمی پێشـوو لە ٩ی ئـــــایاری١٩٧٠ ڕۆژنامەی (التآخي) ژمارە ٤٢٨ لە بەغدا بڵابووەوە[٤]. لە گەرمەی شـــۆڕشـــی ئەیلوول لە ســـاڵی ١٩٦٧ جگە لە ڕۆژنامەی خەبات، برایی- برایەتی لە ساڵانی ١٩٦٧ تا ١٩٧٤وەک پاشکۆی کوردی ڕۆژنامەی (التآخي) بە زمانی عەرەبی دەرچووە و ئەم پاشکۆیە لەسـەری نووسرابوو (ڕۆژنامەیەکی سیاسـییە) ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەرچووە، بووە یەکەمـــــین ڕۆژنامەی ڕۆژانە کە ٢٧ ژمـــــارەی ڕۆژانەیان دەرکردووە. لە ســەرەتای ســاڵی ١٩٧٤جەنابی پێشــەوا و ســەرکردە بارزانی نەمر پارەی بۆ

(١) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤١- ٤٢.

(٢) ئاری نانەکەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

(٣) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤٤، ٥٢.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل ٥٨.

پڕۆژەی دەرکردنی ڕۆژنامەی برایەتی تەرخانکردووە. ســەربەســت بامەڕنی، جەلال میرزا، مەحمود زامـــدار، عەبدولڕەحمان نەقشبەندی، عەبدوڵا عەباس، سەڵاح شوان و محەمەد زادە (وەک خۆشنووس) کاریان تێدا کردووە، دارا تۆفیق سەرنووسەر بووینە[١]. بەم شێوەیە (التآخي) پارتی و بارزانی و شۆڕش پێی نایە خولی دووەمی. لەو ماوەیەدا (التآخي) بێوچان خاوەنی هەڵوێستی نیشتمانی و سیاسی و فکری بیناو بوو، بە تایبەتی شەڕە دەنووکە درێژەکەی لەگەڵ ڕۆژنامەی (الثورة) و ڕۆژنامەی (طريق الشـعب) کە تا ئێسـتا لە بیری خوێنەراندا ماوە. زۆری نەخایاند لە پاییزی سـاڵی ١٩٧٢ شـەڕە دەنووکێکی خەسـت و چڕ کەوتە نێوان ڕۆژنـامەی (التـآخي) و (الثورة)ی بەعس، تیـایـدا هەردوولا بیروڕای خۆیـان دەخسـتەڕوو سـەبارەت ئەو هۆیانەی بوونەتە کۆسـپ بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ١١ی ئادار. بەعسیەکان بەم شەڕە دەنووکە لە نێوان (التآخي) و (الثورة) پەلەقاژەیان پێکەوت و خێرا پەنایان بردە بەر بارەگای بارزانی بۆ ڕاگرتنی ئەو شـــەڕە دەنووکە و لاپەڕەیەکی نوێ بکرێتەوە[٢].

ڕۆژنامەی (التآخي) لە ژمـــارە ١٥٨٣ی ١٢ی ئاداری ١٩٧٤ نووسیبووی (بۆ خوێندەواران، لەبەر ئەو هۆیە ناسکە سیاسییە، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری دا هەردوو ڕۆژنامەی (التآخي) و برایەتی بۆ کاتێکی نادیاریکراو ڕابگیرێ). ئەو کاتە نادیارە ١٩ ساڵی خایاند لە ئاداری ١٩٧٤ بۆ ئاداری ١٩٩٣، دەبێ بۆ ڕاستی ئەوە بگوترێ ئەو حزبە کارتۆنیەی کە ڕژێم بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردســتان دروســتی کردبوو، لە ڕۆژی ٢٧ی ئاداری ١٩٧٤ بارەگای (التآخي) داگیرکرد و بە هەمان شـێوەی پارتی (التآخي) بڵاوکردەوە، ئەوەی نەیتوانی لە (التآخي) بدزێ تەنیا ڕێبازە بێگەرد و ڕاستگۆیەکەی بوو[٣].

برایەتی لە ســاڵانی ١٩٩٣ تا ٢٠٠٣ لە هەولێر بە زمانی کوردی دەرچووە. دوا ژمارەی کوردی ژمارە ٣٩٨١ی لە ١ی ئایاری ٢٠٠٣ دەرچووە. لە ژمـــارە ٣٩٨٢ی کە لە ١٠ی ئایاری ٢٠٠٣ بە زمـــــانی عەرەبی دەرچووە، ناوەکەی کراوەتە (التآخي) و لە بەغدا درێژەی بە دەرچوونی دراوە[٤]. لە دەستەی ئینسکلۆپیدیا ژمارە کوردییەکەی برایەتی (٢٦/٨٦) لە ٢ی ئاداری ١٩٧٤ دەرچووە، عەرەبییەکەی (التآخي) ژمـارە ١٥٨٠ لە ٩ی ئاداری ١٩٧٤، ژمـارە ١٥٨٣ لە ١٢ی ئاداری ١٩٧٤ دەرچووە، ژمــــارە ١٥٨٤ی برایەتی لە ١ی ئاداری ١٩٩٣ بە زمـــانی عەرەبی بووە و لە ژمارەی ١٥٨٥ی لە ٢ی ئاداری ١٩٩٣ بووەتە کوردی تا ژمارە

---

(١) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

(٢) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥٨- ٥٩، ٦٣.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٦٤.

(٤) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٤- ١٥.

٣٩٨١ لە ١ی ئایاری ٢٠٠٣، دواتر زمانەکەی بووەتە عەرەبی بەناوی (التآخي) لە ژمارە ٣٩٨٢ی خولی سێیەم لە ١٠ی ئایاری ٢٠٠٣ دەستی پێکردووە تا ژمارە ٥٨٠٤ی خولی سێیەم لە ٢٢ی شوباتی ٢٠١٠[١].

ڕۆژنامەی (التآخي) لە چەند چاپخانەیەکی جیاواز چاپکراوە، ژمارە ١ی ساڵی یەکەمی تا ژمارە ٥٤ی ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٦٧ لە چاپخانەی (الشـعب) لە بەغدا و ژمارە ٥٥ی لە چاپخانەی (التضـامن) لە بەغدا، ژمارە ٥٦ی ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٦٧ تا ژمارە ٨٩٥ی ساڵی ٢ی ٢٥ی تشـرینی دووەمی ١٩٧١ لە چاپخانەی (دار الجاحظ) لە بەغدا، لە ژمارە ٨٩٦ی ساڵی ٢ی لە ٢٧ی تشـرینی دووەمی ١٩٧١ تا ژمارە ١٥٨٣ی ١٢ی ئاداری ١٩٧٤ لە چاپخانەی (تـایمس)، ژمارە ٢١٨٠ تا ژمارە ٢١٨٦ لە چاپخانەی خەبات، ژمارە ٢١٨٧ و ٢١٩٨ تا ٢٢٢٥ لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر چاپ کراون[٢].

خاوەن ئیمتیاز و سـەرنووسـەر و دەسـتەی نووسـەرانی (التآخي) گۆڕانکاری بەسـەردا هاتووە، لە ژمارە ١ تا ژمارە ٤٢٩ی ١١ی تشـرینی دووەمی ١٩٦٨ سەرنووسەر و خاوەن ئیمیازی ساڵح یوسـفی، لە ژمارە ٤٢٨ی ٩ی ئایاری ١٩٧٠ (بەهەڵە ژمارەکە نووسراوە ٤٢٨ دەبێت ٤٣٠ بێت) تا ژمارە ١٥٨٣ی ١٢ی ئاداری ١٩٧٤ خاوەن ئیمتیازی حەبیب محەمەد کەریم بووە، لە ژمارە ١٧٠٨ تا ژمـارە ٣٩٨١ جەوهەر نامیق سالم وەک خاوەن ئیمتیازی برایەتی کوردی بووە، لە ژمارە ٤٤٣٢ی خولی سێیەم ٢٦ی ئاداری ٢٠٠٥ تـا ٧٠١٨ی خولی سێیەم ٢٥ی تشـرینی دووەمی ٢٠١٥ فەلەکەدین کاکەیی خاوەن ئیمتیازی بووە[٣]*.

سـەرنووسـەرەکانی لە ژمارە ٤٢٨ی ٩ی ئایاری ١٩٧٠ تا ٦٦٢ی ١٥ی شـوباتی ١٩٧١ عەلی عەبدوڵا، لە ژمارە ٦٦٣ی ١٦ی شوباتی ١٩٧١ تا ژمـارە ٦٨٩ی ٢٢ی ئاداری ١٩٧١ حەبیب محەمەد کەریم، لە ژمـارە ٦٩٠ی ٢٣ی ئاداری ١٩٧١ تا ژمارە ١٥٨٣ی ١٢ی ئاداری ١٩٧٤ دارا تۆفیق سەرنووسەری بووە[٤].

لە ژمارە ١ تـا ١٩٧ دەستەی نووسەران محەمەد سەعید جاف، نەجیب بابان، عەبدوڵا سـەعید و شـەوکەت عەقراوی بوون، لە ژمارە ١٩٨ تا ٤٢٩ شـەوکەت عەقراوی نەماوە و

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) هەمان سەرچاوە.

* مامۆستای هێژا عەبدوڵا زەنگنە دەڵێت: بە پێی یاسای ڕۆژنامەڤانی ئەوکات (اصحاب الامتیاز) هەبووە، کە لە چەند کەسێک پێکدەهات، کە یەکێک لەوانە وەک سەرۆکی لێپرسراوی نووسین دادەنرا، کە دوای بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ ئەو یاسایە نەما.

(٤) هەمان سەرچاوە.

حەبیب محەمەد کەریم لە جیاتی لە دەستەی نووسەران زیاد کراوە، لە ژمارە ١٥٨٤ تا ١٨٦٦ حەبیب محەمەد کەریم سەرنووسەری برایەتی کوردی بووە و لە ژمارە ١٨٦٧ تا ٣٠٤٥ فەرهاد عەونی سەرنووسەری بووە و لە ژمارە ٣٠٤٦ تا ٣٥٥٦ زاهیر ڕۆژبەیانی سەرنووسەری بووە، لە ژمارە ٣٥٥٧ تا ٣٩٨١ ئاریان فەرەج سەرنووسەری بووە و لە ژمارە ٣٩٨٢ی خولی سێیەم ١٠ی ئایاری ٢٠٠٣ تا ٤٤٢٢ی خولی سێیەم ١٠ی ئاداری ٢٠٠٥ فەلەکەدین کاکەیی سەرنووسەری بووە، لە ژمارە ٤٤٢٣ی خولی سێیەم ١٣ی ئاداری ٢٠٠٥ تا ٦٢٩٣ی خولی سێیەم ٣ی نیسانی ٢٠١٢ دکتۆر بەدرخان سندی سەرنووسەری بووە. لە ژمارە(...)* تا ژمارە ٧٠١٨ی خولی سێیەم ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ ئەحمەد ناسر فەیلی سەرنووسەری بووە[١].

لە ساڵی ٢٠١٤ بەهۆی پەلاماری میلیشیاکان بۆ سەر بارەگای ڕۆژنامەی (التآخي)، ڕۆژنامەکە لە چاپ و بڵاوکردنەوە ڕاوەستا تا نیسانی ٢٠١٥ واتە نزیکەی ساڵێک داخرا، لە نیسانی ٢٠١٥ تا ٢٠١٧ دیسانەوە بە کاغەز چاپکرا و بڵاوکرایەوە، پاشان چاپی کاغەز ڕاگیرا و بوو بە ئەلکترۆنی تا ئێستا بەردەوامە لە دەرچوون بە شێوەی ئەلکترۆنی، ژمارە ٩٥٩٥١ی لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ دەرچووە و بەردەوامیشە لە دەرچوون، لەسەری نووسراوە لەلایەن دەزگای (التآخي) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە لە بەغدا دەردەچێت، سەرنووسەری بە وەکالەت جەواد مەلەکشاهییە و خاوەن ئیمتیازی فەلەکەدین کاکەییە[٢].

ڕۆژنامەی (التآخي) ماڵپەڕی تایبەت بەخۆی هەیە بە ناونیشانی www.altaakhi.net. کە ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە بە pdf لەئەم ماڵپەڕە هەیە، جگە لە هەواڵی ناوخۆیی و جیهانی و سیاسی و ئەدەبی و کولتوری و ئابووری و وەرزشی.

ئەو پاشکۆ و ڕۆژنامانەی (التآخي) دەریدەکرد بریتی بوون لە:

أ- **ملحق التآخي:** پاشکۆیەکی سەربەخۆی چوار لاپەڕەیی ڕۆژنامەی (التآخي) بووە، لاپەڕەکانی ئەو پاشکۆیە تایبەت بووە بە یەکێتی قوتابیانی کوردستان(صفحة اتحاد طلبة كردستان) و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان(صفحة اتحاد شبيبة كردستان) و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان(صفحة اتحاد نساء كردستان) و یەکێتی مامۆستایانی کوردستان(صفحة اتحاد معلمي كردستان)، کە هەر یەکەیان لاپەڕەی تایبەت بە خۆی

* لە نێوان ئەو ماوەیە ژمارەکانمان دەستنەکەوت.

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ جەواد مەلەکشاهی، (١٤ی ئایاری ٢٠٢٣).

هەبووە و بە هاوبەشی دوو هەفتە جارێک ئەم پاشکۆیەیان بە زمانی عەرەبی دەردەکرد، ئەم پاشکۆیە لە دوای کۆنگرەی حەوتەمی (ی.ق.ک) دەیان ژمارەی لێ دەرچووە تا ساڵی ١٩٧٢ بەردەوام بووە[١].

لاپەڕەی (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان) لە ژمـــارە ٨٦٢ی (ملحق التآخي- صفحة اتحاد نساء كردستان)ی ڕۆژی شەمە لە ١٦-١٠-١٩٧١دا دەرچووە، کەواتە (ملحق التآخي) لەگەڵ ئەو ژمارەیە دەرچووە[٢]. هەروەها لە دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم ژمارانەی (ملحق التآخي) هەیە (ژمارە ٨٨٤ی لە ١٠ی تشـــرینی دووەمی ١٩٧١، ژمارە ٩٠٣، ژمـــــارە ٩١٣، ژمارە ٩٢٦، ژمارە ٩٣٨، ژمارە ٩٤٤، ژمارە ٩٥٣، ژمارە ٩٥٨، ژمارە ٩٦٤، ژمارە ٩٦٩، ژمـــارە ٩٧٤، ژمارە ٩٨٠، ژمارە ٩٨٦، ژمارە ٩٩١، ژمارە ١٠٠٣ی لە ٨ی نیسـانی ١٩٧٢)[٣].

ب- **ملحق التآخي:** بڵاوکراوەی مانگانەی هەواڵی ڕێکخراوە کوردستانییەکان بوو، ڕۆژنامەی (التـآخي) دەریـدەکرد. ژمـارەی ١ی لە ئـابی ١٩٧٣ دەرچووە. بـابەتەکـانی لەبـارەی ڕێکخراوەکـانی قوتـابیـان و لاوان و ئـافرەتـانی کوردســـتـان بووە کە دەنگوبـاس و کـاروچـالاکییەکـانی ئەو ڕێکخراوانەی تێـدا بڵاودەکرایەوە، بە زمـانی عەرەبی بووە. لە چاپخانەی (التآخي) چاپکراوە. بەبێ بەرگ ٢٤ لاپەڕە بووە. لاپەڕەی یەکەمی ڕێنماییەکانی ســەرکردەی مەزن بارزانی نەمر بووە. بابەتەکانی ئەم بەڕێزانەی تێدا بڵاوکراوەتەوە برو، أ. پرشـنگ، حەسـەن دەروێش، کازم عەبد نوری، عەبدولمونعەم ئەلئەعسـەم، ساڵح کوردۆ، عومەر معەن ئەلعجێلی، سالیحا عەبدولمەناف، عەلی شێروان[٤].

پ- **التآخي الثقافي/ التواصل:** پاشکۆی ڕۆشنبیری هەفتانە بووە، لەلایەن ڕۆژنامەی (التآخي) هەموو پێنجشـــەممەیەک لە بەغدا بە زمانی عەرەبی بە ٤ لاپەڕە دەرچووە، یەکەمجار بەناوی (التآخي الثقافي) بووە، ژمـــارە ٥٩٩ی ٢٨ی ئایاری ٢٠١٥ مان بەردەستە، تا ژمارە ٦٢٦ی ٣٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥ بەم ناوە بووە دواتر لە ژمارە ٦٢٧ی ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٦ ناوەکەی بووەتە (التواصـل) تا ژمارە ٧٢٧ی ١ی شـوباتی ٢٠١٨ مـــــان

---

(١) موسـا ئەحمەد، ڕۆژنامەگەریی یەکێتی قوتابیانی کوردســتان، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی سـکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان زنجیرە (٩)، (چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر- حوزەیرانی ١٩٩٨)، ل ل ٣٨- ٣٩.

(٢) ملحق التآخي-صـفحة اتحاد نسـاء كردسـتان، عدد ٨٨٤، (١٠-١١-١٩٧١- مطبعة دار الجاحظ- بغداد)، ص ٢٠.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٤) هەمان سەرچاوە.

بەردەستە. لە ژمارە ٥٩٩ نووسراوە نووسەر حەسبوڵا یەحیا[١].

**ت- ثـورة ايلول:** پاشكۆی تایبەت بە شۆڕشی ئەیلوول بووە، لەلایەن ڕۆژنامەی (التآخي) لە بەغدا بە زمانی عەرەبی بە ٤ لاپەڕە دەرچووە، ژمارە٦٩٧٠ی ڕۆژنامەی (التآخي) ١٠ی ئەیلوولی ٢٠١٥ی وەرگرتووە تەنیا ئەو ژمارەیەمان بەردەستە[٢].

**چ- صـدى التغيير:** پاشـكۆی سـیاسـی و خزمەتگوزاری بووە، لەلایەن ڕۆژنامەی (التآخي) لە بەغدا بە زمـانی عەرەبی بە ٤ لاپەڕە دەرچووە، ژمارە ٧٢٠٦ی (التآخي)ی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٦ و ژمـارە ٧٣٧٧ی (التـآخي)ی ١١ی حوزەیرانی ٢٠١٧ وەرگرتووە، تەنیـا ئەو دوو ژمارەیەمان بەردەستە[٣].

**١٠- برايى/ برایەتی:** ڕۆژنـامەیەكی ڕامیـاری ڕۆژانە بووە[٤]، لە ئەنجامی ســـەركەوتنەكـانی پێشـــمەرگە لە شـــەڕی هندرێن، حكومەتی عێراق ناچاربوو دانوســـتان لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ بكات و بەیاننامەیەكی دەركرد، یەكێك لەو مافانەی لەو بەیاننامەیەدا هاتبوو بۆ كورد مافی دەركردنی ڕۆژنامەیەك بوو لەلایەن پارتی دیموكراتی كوردســـتانەوە. ئەوەبوو مۆڵەتی فەرمی لەلایەن دەســـتەی ئیمتیازەوە لە بەغدا بۆ ڕۆژنامەی (التآخي)- برایەتی وەرگیرا و دەسـت بە چاپكردن و بڵاوكردنەوەی كرا[٥]. برايى لە ١٧ی شـوباتی ١٩٦٨ بە دوو لاپەڕە ٩ و ١٠ لەگەڵ ڕۆژنـامەی (التـآخي) دەرچووە و نووسراوە (برايى هـاتەوە كۆڕی تەلاشـكردن و بەردەوام بوون)، خاوەن ئیمتیاز و سـەرەك نووسـەری لێپرسراو سـاڵح یوسـفی بووە و دەسـتەی نووسـەران حەبیب محەمەد كەریم، نەجیب بابان، محەمەد سـەعید جاف و عەبدوڵا سـەعید[٦]. تا ژمارە ٤٢٠ ساڵی ٢ی ٢ی تشـــرینی دووەمی ١٩٦٨ هەمان خاوەن ئیمتیـاز و دەســـتەی نووســـەران بەردەوام بووە و هەموو ژمـارەكـان لە چاپخـانەی (دار الجاحظ) لە بەغدا چاپ كراون و تا مـــانگی ئایاری ١٩٦٨ بە دوو لاپەڕی لەگەڵ (التآخي) دەرچووە، دواتر لە حوزەیرانی ١٩٦٨ بووەتە پاشـكۆیەكی سـەربەخۆ، لەسـەری نووسراوە (برايى ڕۆژنامەیەكی ڕۆژانەی سیاسییە بە زمانی كوردی و عەرەبی دەردەچێت) و دواتر لە

(١) هەمان سەرچاوە.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) هەمان سەرچاوە.

(٤) عبدالجبار محمد جەباری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٠.

(٥) عەبدوڵڵا زەنگەنە و سـدیق سـالح و ڕفیق سـالح ئەحمەد، برایەتی ڕۆژنامەیەكی ڕۆژانەی سـیاسـییە، پرۆژەی هاوبەشی بنكەی ژین و زانكۆی زاخۆ، (چاپخانەی خانی- دهۆك- ٢٠١٧)، ل ل ١١- ١٤.

(٦) ڕۆژنامەی برايى (التآخي)، بێ ژمارە، (١٧ شوبات ١٩٦٨- دار الجاحظ- بغداد)، ل ٩.

تشـرینی دووەمی ١٩٦٨ وەستاوە[١].

**خولی یەکەمی چەند قۆناغێک بووە:**

- **قۆناغی یەکەمی؛** برایی یەکەم ژمارە کوردییەکەی دەکاتە ٨-ەمین ژمـــارەی (التآخي) کە لە ٦ی ئایاری ١٩٦٧ دەرچووە. خاوەنی ئیمتیاز و دەســتەی نووســەرانی ســاڵح یوســفی (سەرۆکی نووسین و لێپرسراوی)، شەوکەت عەقراوی، محەمەد سەعید جاف، نەجیب بابان، عەبدوڵا سەعید. ئەم دوو ژمارەیە بە ٨ لاپەڕە دەرچوونە. وێنەی ڕێبەری کورد مەلا مستەفا بارزانی لەلای چەپی هەردوو ژمارەی یەکەمی کوردی و عەرەبییەکەی دانراوە. لە ژمارە ١٩٨ی (التآخي) کە لە ١٥ی تشـــرینی دووەمی ١٩٦٧ دەرچووە، ناوی شەوکەت عەقراوی لەدەســتەکە نەماوە و حەبیب محەمەد کەریم لە شــوێنی دانراوە. ژمارە ٢١٤ی (التآخي) ســاڵی یەکەم کە دەکاتە ٢٩-ەمین ژمارە کوردییەکەی برایی لە ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧ دەرچووە ئەم ژمارەیە دەبێتە دوایین ژمارە کوردییەکەی ئەم ماوەیە. ژمارە ٢١٥ی (التآخي) لە ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧ ناونیشانی (اغتيال الصحافة بمقصلة القطاع العام) بە سپێتی دەرچووە واتە دوایین ژمارەی ئەم قۆناغە بووە، (لێرەدا نووســەر ئاماژە بەوە دەکات کە ژمارە ٢١٥ لە ٢ی کانوونی یەکەم دەرچووە کەچی لە دەســتەی ئینســکلۆپیدیا ژمارە ٢١٥ هەیە لە ٣ی کانوونی یەکەم دەرچووە) [٢].

- **قۆناغی دووەم؛** دوای ٧٥ ڕۆژ لە وەستانی برایی لە ١٧ی شوباتی ١٩٦٨ بە ژمـــارە ٢١٦ دەســتی بە بڵاوکردنەوە و چاپکردنی کرایەوە، هەردوو بەشــی عەرەبی و کوردی بەیەکەوە ڕۆژانە بڵاودەکرانەوە، کوردی برایی بە ٢ لاپەڕە لەگەڵ ٨ لاپەڕە عەرەبییەکە (التـآخي) دەرچووە، تـا ژمارە ٢٧٩ی (التـآخي) ٧ی ئـایاری ١٩٦٨ بەردەوام بووە، کە دەکـاتە ٦٣ی کوردی برایی، دواتر بۆ ماوەی مانگێک ڕاگیراوە[٣].

- **قۆناغی سـێیەم؛** لەم قۆناغەشـدا سـەرەتا وەک قۆناغی دووەم بەشــی کوردی برایی بە ٢ لاپەڕە لەگەڵ بەشـــە عەرەبییەکەی (التـآخي) دەرچووە. ژمـارە ٢٨٦ (التـآخي) لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٦٨ یەکەمین ژمــارەی کوردی برایی ئەم قۆناغەیە کە بە تەنیا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام وەک قۆناغی یەکەم نەنووسراوە ژمارە چەندە، هەربۆیە ژمـــــارە ٤٢٧ی (التآخي) لە ٩ی تشـرینی دووەمی ١٩٦٨ دەبێتە دوا ژمارەی کوردییەکە و زنجیرەی گشتی هەموو ژمارە عەرەبی و کوردییەکان، لە قۆناغی ســێیەم ٢١ ژمارە بڵاوبووەتەوە و لەگەڵ قۆناغی یەکەم

(١) عبدالجبار محمد جەباری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٠.

(٢) عەبدوڵڵا زەنگەنە و سدیق سالح و ڕەفیق سالح ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١١- ١٤.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ل ١١- ١٤.

دەکـاتە ٥٠ ژمـارە، لە قۆنـاغی دووەم و سـێیەم کە بەشـی کوردی و عەرەبی پێکەوە بڵاوکراونەتەوە هەموو ژمـارەکانی ٦٣ی قۆناغی دووەم و ٢ی قۆناغی سێیەم بووە کە لە دوو توێی لۆگۆی (التآخي) بڵاوکراونەتەوە. ژمـارە ٢٧ دوا ژمارەی کوردی برایی بووە لە ٩ی تشـرینی دووەمی ١٩٦٨ دەرچووە. ڕۆژنامەی برایيان پەکخسـت بەهۆی نووسراوێکی وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن. ئەم داخستنەی بەهۆی دەرچوونی ڕۆژنامەی (النور) بووە لەلایەن جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەدەوە[1].

هەروەها وریا جاف نووسیویەتی ((بە زۆری ڕەفیق چالاک سەرپەرشتی بەشی کوردییەکەی دەکرد. ژمارەی یەکەمی ڕۆژنـامەی برایی لە ڕۆژی ٦ی ئـایـاری ١٩٦٨ لە شـاری بەغدا بڵاوبووەوە. بۆ یەکەمین جار بوو ڕۆژنامەیەکی سـەربەخۆ بکەوێتە دەسـت خوێنەران لە پاش ڕۆژنـامەی خەبات لە ١٩٥٩- ١٩٦٨، ڕۆژنـامەی برایی خۆی بە ڕۆژنـامەی ڕۆژانە بە خوێندەواران ناساندووە، ٦٥ ژمـارەی لێ دەرچووە لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕۆژانی هەینی و پشـووەکانی دیکە. برایی هەموو ڕۆژێ بە ٢ لاپەڕەی گەورە و ٢ لاپەڕەی بچووک دەرچووە، بە مانا لە هەفتەیەکدا بە ٢٤ لاپەڕەی بچووک و سـێ قاتی جاران، ئەمە یەکەم جارە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا ڕۆژنامەی ڕۆژانە بتوانرێ دەربکرێ))[2]. لە گەرمەی شۆڕشی ئەیلوول لە سـاڵی ١٩٦٧ بێجگە لە خەبات، برایی- برایەتی لە سـاڵانی ١٩٦٧ تا ١٩٧٤وەک پاشـکۆی کوردی ڕۆژنامەی (التآخي) بە زمانی عەرەبی دەرچووە و ئەم پاشـکۆیە لەسـەری نووسرابوو ڕۆژنامەی سیاسییە. دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ ڕۆژنامەی برایەتی لە تەک ڕۆژنامەی خەبات بە زمانی کوردی دەرچووە[3].

**خولی دووەمی برایەتی:**

دوای ڕێککەوتنـامەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ دووبـارە ڕۆژنامەکە دەسـتی بە بڵاوکردنەوە و چاپکردن کردەوە بە خاوەن ئیمتیاز و سـەرنووسـەری نوێ، لە خولی یەکەمدا مالک ناوێک لۆگۆ و مانشێتەکانی نووسیوە، لەم خولە سەعید یەحیا واژۆکەی زۆر بە ئاشکرا دیارە، دواتر محەمەد زادە کاری نەخشـەسـازی تێدا کردووە. لەم خولەدا بەپێی یاسـای نوێ مۆڵەتی بۆ وەرگیراوە. لە ٩ی ئایاری ١٩٧٠ ژمارە ٤٢٨ (التآخي) دەرچوو و لە ڕۆژی دواتر بە ژمارە ٤٣١ دەرچووە و نووسراوە داوای لێبوردن دەکەین بەهەڵە نووسراوە ٤٢٨ کە دەبووا ٤٣١ بووایە، بەڵام دووبـارە هەڵە کراوەتەوە دەبووایە ژمـارە ٤٣٢ لە ڕۆژی دواتر دەرچووبا نەک ٤٣١.

(١) هەمان سەرچاوە، ل ل ١١- ١٤.

(٢) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥٣- ٥٤.

(٣) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

لەم ماوەیەدا بۆ جارێکیش نەوەستاوە تا ژمـــارە ١٥٨٠ی (التآخي) ١٢ی ئاداری ١٩٧٤ بە بەردەوامـــــی دەرچووە. ژمارە زنجیرەی ڕاگرتنی (التآخي) دەبووایە ١٥٨٤ بووایە نەک ١٥٨٣[١].

دواتر لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٧١ ژمارە ١ی ســاڵی ١ی بەناوی ڕۆژنامەی برایەتی دەرچووە و لە سـەری نووسراوە (ڕۆژنامەیەکی سیاسییە و هەفتەی جارێک لە سلێمانی دەردەچێت)، لە ژمارە ٢ی ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٧١ بووەتە ساڵی ٢. ژمـــارە ٢ تا ژمارە ٨ی ساڵی ٢ی ٧ی تشـــرینی دووەمی ١٩٧١ لە چاپخانەی ژین لە سلێمانی، ژمارە ١١ تا ١١٧ی ساڵی ٢ی ١٨ی مارتی ١٩٧٢ لە چاپخانەی کامەرانی لە سلێمانی، ژمـــارە ١ی خولی چوارەمی ٢٦ی ئایاری ١٩٧٢ تا ژمــارە ٢٨ی خولی چوارەمی ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٢ لە چاپخانەی (الجامعة) لە بەغدا، ژمارە ٢٩-٣٠ی خولی چوارەمی ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٢ تا ژمارە ٤٧ی خولی چوارەمی ١٩ی نیسانی ١٩٧٣ لە چـاپخانەی (الحوادث) لە بەغدا، ژمارە ٤٨ی خولی چوارەم تا ژمارە ٥١ی ١٨ی ئایاری ١٩٧٣ لە چاپخانەی (التآخي) لە بەغدا و ژمـــــارە ٥٢ی ٢٥ی ئایاری ١٩٧٣ تا ژمــارە ٨٢ی ٢٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٣ لە چاپخانەی (تایمس) لە بەغدا چاپکراون. لە ژمارە ٩ی ســاڵی ٢ی ١٤ی تشـــــــرینی دووەمی ١٩٧١ تا ژمارە ٨٢ی ٢٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٣ خاوەن ئیمتیاز حەبیب محەمەد کەریم و سەرنووسەری دارا تۆفیق بووە[٢].

لەبارەی دەرچوونی برایەتی لە ساڵی ١٩٧٤ (ژمارە سفری لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٤ تا ژمارە ٢٦/٨٦ی ٢ی ئاداری ١٩٧٤ خاوەن ئیمتیـازی حەبیب محەمەد کەریم و سەرنووسەری دارا تۆفیق بووە، لە ژمارە ٢ی ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٧٤ تا ژمـــارە ٢٦/٨٦ لە ٢ی ئاداری ١٩٧٤ لە چاپخانەی (دار الجاحظ) لە بەغدا چاپ کراون. ژمـارە ٥٨ لە ٦ی تەمووزی ١٩٧٣ دەرچووە، ژمارە ٥٩ بەهەڵە بە ٩٥ دەرچووە کە لە ١٣ی تەمووزی ١٩٧٣ دەرچووە، هەفتەی یەک ژمارە دەرچووە و دوا ژمـارە ٢٦/٨٦ لە ٢ی ئاداری ١٩٧٤ دەرچووە و دواتر وەستاوە[٣]. لە ژمارە ٢٦ی ١٩٧٤ بەهەڵە نووسراوە ٧ی تشـــرینی دووەمی ١٩٧٤ کەچی دەبووایە ٧ی شوباتی ١٩٧٤ بووایە، بەڵگەش بۆ ڕاستی ئەوەی مانگەکە شوباتە نەک تشـــرینی دووەم، لە لاپەڕە ٤ی ژمـــارە ٢٦دا هاتووە (لە ڕۆژی هەژدەی ئەم مانگەدا یادی بیست و یەکەمی

(١) عەبدوڵڵا زەنگەنە و سدیق سالح و ڕەفیق سالح ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١١- ١٤.
(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
(٣) هەمان سەرچاوە.

دامەزراندنی یەکێتی قوتـــابیانی کوردســتان تێدەپەڕێت)[١]. لە ژمارە ســفری (التآخي) و برایەتی کە ئۆرگـانی پـارتی دیموکراتی کوردســـتان بووە لەســـەری نووسراوە (دەزگـای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی (التآخي) دەریـدەکات، چەنـد ڕۆژێـک لەمەوبەر دوا ژمارەی برایەتی هەفتانەمان بوو لە ژمـارە ٨٢ دا، لە کاتێکدا ماڵئاوایی لەو ژمارانەی ڕۆژنامەکەمان دەکەین، دەگەڕێینەوە ســـەر هەمـــــان ڕێباز و ڕێگای جاران واتە لە هەفتانە بووەتە ڕۆژانە)[٢]. لە ئاماری دەستەکەمان ژمارە کوردییەکەی ٢٦/٨٦ لە ٢ی ئاداری ١٩٧٤ دەرچووە و عەرەبی (التآخي) ژمـــارە ١٥٨٠ لە ٩ی ئاداری ١٩٧٤ دەرچووە، ژمـــارە ١٥٨٣ لە ١٢ی ئاداری ١٩٧٤ دەرچووە[٣].

هەروەها لەبارەی دەرچوونی برایەتی لە سـاڵی ١٩٧١ تا ١٩٧٣ ڕەفیق سـاڵح نووسـیویەتی ((ڕۆژنامەی برایەتی ڕۆژنامەی سیاسی گشتی بوو، هەفتەی جارێک لە سلێمانی دەرچووە. سەرپەرشتیاری ڕەمزی قەزاز بوو. ژمارەی یەکەمی لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٧١ لە سلێمانی بە زمانی کوردی دەرچووە. ژمـــارە ١٧، ١٨ لە مارتی ١٩٧٢ دەرچووە)). هەروەها وریا جاف نووســـیویەتی ((دوو مانگ پاش ڕاوەســـتاندنی گۆڤاری برایەتی لە ســـلێمانی، برایەتی بە شێوەی ڕۆژنامەیەکی پاشکۆ بڵاوبووەتەوە، ژمـــارە ١ی لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٧١ دەرچووە، خوالێخۆشبوو ڕەمزی قەزاز سەرپەرشتی کردووە. دوا ژمارەی ژمارە ١٧ بووە لە ١٨ی ئاداری ١٩٧٢ دەرچووە. پاش ئەوەی بۆ ماوەی دوو مـانگ ڕۆژنامەی برایەتی کە بەشێوەی پاشکۆ بـــڵاودەبووەوە ڕاوەستا و بڕیار درا برایەتی ببرێتەوە بۆ بەغدا. ئەوەبوو ڕۆژنامەی برایەتی بەشـێوەی هەفتانە بڵاوکرایەوە و ژمارەی ١ی لە ڕۆژی ٢٦ی ئایاری ١٩٧٢ لە شـاری بەغدا بڵاوکرایەوە، دوا ژمارەش ٨١ بوو لە دوایی ١٩٧٣ دەرچووە)). بەڵام بەپێی ئەو ژمارانەی کەوتۆتە بەر دیدی ئێمە لە دەستەی ئینسکلۆپیدیا (دوا ژمارە ٨٢ بووە کە لە ٢٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٣ دەرچووە)[٤].

هەروەها لەبـــارەی دەرچوونی برایەتی لە سـاڵی ١٩٧٤، وریا جاف نووسـیویەتی ((لە

(١) بەبۆنەی یادی بیســـت و یەکەمینی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردســـتانەوە، ڕۆژنامەی برایەتی (پاشکۆی ئەلتەئاخی)، ژمارە ٢٦، (٧-١١-١٩٧٤- چاپخانەی دار الجاحظ- بەغدا)، ل ٤.

(٢) ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٠، (١٩٧٤/١/١)، ل ل ٦- ٧.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٤) ڕەفیق ســـاڵح ئەحمەد، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەنوســـیی کوردیی لە شـــاری ســـلێمانی (١٩٢٠-١٩٩٠)، بڵاوکراوەکـانی هەفتەنـامەی ســـلێمانیی نوێ ژمـارە (١)، (٢٠٠٢)، ل ٧٥؛ وریـا جـاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦٧- ٦٨؛ ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ برایەتی بووە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە لەبــــەغدا دەرچووە، ژمارە سفری لە ڕۆژی ســێشــەممە لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٤ بڵاوبووەتەوە. دوا ژمارەی ڕۆژنامەی برایەتی ڕۆژانە ژمـــــارە ٢٦ بوو لە ٦ی شــوباتی ١٩٧٤ دەرچوو ئیتر لەوە بەدواوە ڕاگیرا، بڕوبیانووی وەزارەتی ڕاگەیاندن ئەوەبوو گوایە ڕۆژنامەی برایەتی ڕۆژانە بەڕەسمی ماوەی پێنەدرابوو))[١]. ژمارە ٢٦ی برایەتی کە لەبەردەستمانە لەسەری نووسراوە ٧ی تشـــــرینی دووەمی ١٩٧٤ خۆی بەپێی ژمارەکانی دواتر بێت دەبووایە ڕێکەوتەکەی ٧ی شوباتی ١٩٧٤ بووایە[٢]. هەروەها نووســـیویەتی ((پاش چەند هەفتەیەک و تا ڕاگرتنی (التآخي) لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، برایەتی مـاوە ماوە بڵاودەکرایەوە و لەسەری دەنووسرا ژمـارە (٢٧/٨١) واتە ژمـارەی هەفتـانە و ڕۆژانەکەی دەنووسرا، لە دوایـدا بە یەکجاری ڕاگیرا و لە مەزەندەی کەس نەبوو کە ئەو ماوەیە ١٩ ساڵی ڕەبەق بکێشێ واتە تا ســاڵی ١٩٩٣))[٣]، دووبارە نووســەر بەهەڵە نووســیویەتی (٢٧/٨١) کەچی ژمارە (٢٦/٨٣، ٢٦/٨٤، ٢٦/٨٥، ٢٦/٨٦) وەک پاشکۆی (التآخي) دەرچووە[٤].

لە ناوەڕاستی مانگی ئـــــاداری ١٩٧٤، دوای کۆتایی هاتنی ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠، کۆمەڵێکی دیکە لەگەڵ شۆڕش نەکەوتن و دژبەری شۆڕش و گەلی کورد وەستان، هەستان بە درێژەدان بە ڕۆژنـامەی (التآخي) و برایەتی دژ بە گەلی کورد، بەڵام بەس ناوەکەی وەک خۆی ماوەتەوە ناوەڕۆک و ئامانجی جیاواز بووە، کە لە ژمارە ١٥٨٥ی ٢٨ی ئاداری ١٩٧٤ تا ژمارە ٢١٣٤ی ١٧ی شوباتی ١٩٧٦ی (التآخي) بە هی پارتی دیموکراتی کوردستان هەژمار نـاکرێن. ژمـارە ١٥٨٤ لە ١٠ی ئـاداری ١٩٩٣ دووبـارە کەوتەوە بڵاوکردنەوە و چـاپکردن. لەژمـارە ١ی ســـاڵی ١ی ١١ی ئەیلوولی ١٩٧١ نـاوی برایی بووەتە برایەتی، دوا ژمـارە کوردییەکەی ٢٦/٨٦ لە ٢ی ئـاداری ١٩٧٤ دەرچووە و بە زمـانی عەرەبی (التآخي) ژمـارە ١٥٨٠ لە ٩ی ئاداری ١٩٧٤ دەرچووە و ژمارە ١٥٨٣ لە ١٢ی ئاداری ١٩٧٤ دەرچووە[٥].

**خولی ڕاپەڕین:**

شــیاوی گوتنە دوای ئەوەی (التآخي) لە ژمـارە ١٥٨٣ دا لە ســـاڵی ١٩٧٤ لە دەرچوون وەســـتابوو، لە ڕاپەڕین ڕۆژنامەی برایەتی- (التآخي) جارێکی دیکە دەســـتی بە وەشـــان کردووەتەوە وەک (ڕۆژنـامەیەکی ڕۆژانەی پـارتی دیموکراتی کوردســـتان- عێراق)، یەکەم

(١) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٣) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.

(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٥) هەمان سەرچاوە.

ژمارەی خولی ڕاپەڕین ژمــارە (١٥٨٥-١) لە ٢ی ئاداری ١٩٩٣ بە زمانی کوردی بڵاوبووەوە. لە ڕووی ژمـــاردنەوە لەگەڵ ڕۆژنامەی (التآخي) جاران حیساب کراوە. واتە درێژەپێدەری (التـآخي)ی عەرەبی بووە. ڕۆژانە ٣ هەزار دانەی لە چـاپخـانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر لێ چـاپ دەکرا. بەهۆی شـــەڕی نـاوخۆ یەکێتی بـارەگـای ڕۆژنـامەی برایەتی و خەبـاتیـان داگیرکرد و هەردوو ڕۆژنـامەکە بۆ مـاوەیەک لە کـارکەوتن، لە ٢٥ی کـانوونی یەکەمی ١٩٩٤ ژمـارە ٢١١٥ی برایەتـی دوای دەرچـوونـی لە بـارەگـای دەزگـا لەلایەن مەفرەزەیەکی یەکێتی ســـووتێنرا و دابەش نەکرا. ڕۆژنـامەی برایەتی تـا مـانگی کـانوونی یەکەمی ١٩٩٤ بەردەوام بوو. لە ١٣ی شوباتی ١٩٩٥ بەدواوە برایەتی بە هەفتانە لە هاوینە هەواری پیرمـام بڵاودەبێتەوە. برایەتی لە ١٩٩٣ تـا ٢٠٠٣ لە هەولێر بە زمـانی کوردی دەرچووە. دوا ژمـــارەی کوردی ژمـــارە ٣٩٨١ی لە ١ی ئایاری ٢٠٠٣ دەرچووە. لە ژمارە ٣٩٨٢ی ناوەکەی بووەتە (التآخي) کە لە ١٠ی ئایاری ٢٠٠٣ بە زمـــانی عەرەبی لە بەغدا درێژەی بە دەرچوونی دراوە[(١)].

ســتافی برایەتی لە خولی ڕاپەڕین بەم شـێوەیە بووە: لە ژمـــارە ١٥٨٤ تا ١٨٦٦ حەبیب محەمەد کەریم سەرنووسەر، لە ژمارە ١٨٦٧ تا ٣٠٤٥ فەرهاد عەونی سەرنووسەر، لە ژمارە ٣٠٤٦ تا ٣٥٥٦ زاهیر ڕۆژبەیانی ســەرنووســەر و لە ژمـــارە ٣٥٥٧ تا ٣٩٨١ ئاریان فەرەج ســەرنووســەر بووینە. لە ژمارە ١٧٠٨ تا ژمارە ٣٩٨١ جەوهەر نامیق ســالم خاوەن ئیمتیاز بووە[(٢)].

چاپی دەولی ڕۆژنامەی برایەتی بارەگاکەی لە لەندەن بووە. ژمارە ســفری لە ڕۆژی ١٢ی نیسانی ١٩٩٥ و ژمارەی ١ی لە حوزەیرانی ١٩٩٥ بڵاوبووەتەوە. لەلایەن ئاوارەکانی کورد لە دەرەوەی کوردســتان پێشــوازییەکی یەکجار مەزنی لێکرا، لە ئەوڕوپا و ئەمریکا و کەنەدا و وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا دابەش دەکرد[(٣)].

برایەتی دوای ڕاپەڕین لە ژمـــارە ١٥٨٤ لە ١ی ئاداری ١٩٩٣ عەرەبی (التآخي- برایەتی) بووە و لە ژمارە ١٥٨٥ی لە ٢ی ئاداری ١٩٩٣ تا ژمارە ٣٩٨١ لە ١ی ئایاری ٢٠٠٣ بووەتە کوردی (برایەتی- التآخي)، عەرەبییەکەی (التآخي) لە ژمـارە ٣٩٨٢ کە لە ١٠ی ئایاری ٢٠٠٣

(١) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ل ٩٧- ٩٩، ١٠٢؛ ئیســـماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦؛ دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٤- ١٥، ١٠١.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٣) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠٦- ١٠٧.

دەستی پێکردووە تا ئێستا بەردەوامە[1].

ئەو پاشکۆ و ڕۆژنامە و هەفتەنامانەی برایەتی دەریدەکرد ئەمانە بوون:

ا- **برایەتی ئەدەب و هونەر:** ڕۆژنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر لە ساڵی ١٩٩٦ لە هەولێر دەرچووە. لە سەرەتا دا وەک پاشکۆی ئەدەبی ڕۆژنامەی برایەتی دەستی پێکرد کە تا ژمارە ٤٤ چوار لاپەڕەیی بووە. لە ژمارە ٤٥ەوە تا ژمارە ١٠٠، بووەتە هەفتەنامەیەکی سەربەخۆ کە هەموو هەفتەیەک لە ڕۆژی هەینی بە ٨ لاپەڕە بە زمانی کوردی دەرچووە. نووسەرانی دەرەوەی کوردستانیش بابەتیان بۆ بڵاوکردنەوە دەنارد. یەکەم ژمارەی ئەم پاشکۆیە لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦ دەرچووە، لە ژمارە ١ تا ٤ دوو هەفتە جارێک دەرچووە و لە ژمارە ٤ بە دواوە تا ٤٤ بوو بە پاشکۆی ئەدەب و هونەر و هەفتانە ڕۆژانی پێنجشەمە دەرچووە، تەنیا ژمارە ٨ی لە چوارشەممە دەرچووە بە بۆنەی سەری ساڵی تازەی ١٩٩٧-ەوە. لە ژمارە ٤٥-ەوە کە لە ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ دەرچووە ئێدی ناوەکەی گۆڕاوە لە پاشکۆی (ئەدەب و هونەر) بۆ (برایەتی ئەدەب و هونەر)، لاپەڕەکانیشی لە ٤ لاپەڕە بووەتە ٨ لاپەڕە و بوو بە هەفتەنامەیەکی سەربەخۆ لە ڕۆژنامەی برایەتی جیابوویەوە. تا ساڵی ٢٠٠١ بەردەوام بووە لە دەرچوون. خاوەن ئیمتیازی لە ژمارە ١ تا ١٠٠ جەوهەر نامیق سالم و سەرنووسەری فەرهاد عەونی بوون. دەستەی نووسەرانی زادوق ئادەم، جەلیل کاکەوەیس، عەباس عەبدوڵا یوسف و حەیدەر عەبدولڕەحمان بوون. بەڵام لە ژمارە ٦٠-ەوە بۆ بەشی هونەریەکەی لە لاپەڕە ٦ و ٧ لە جیاتی حەیدەر عەبدولڕەحمان، تاریق کارێزی دانراوە. هەندێک دیمانە و ئامادەکردنی عەباس عەبدوڵا یوسف بە ناوی (ب- دۆمیر یان بەهاناس)، و هی جەلیل کاکەوەیس بە (ب- میدیا یان ڕێکار بیبانی) ئەنجام دراون، لە ژمارە ٨٣-یەوە ئازاد سوبحی بۆ دەستەی نووسەران زیاد بووە و بە ناوی (ئازاد یان هێمن) بابەتی ئامادەکردووە. سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەکەش زاهیر ڕۆژبەیانی بابەتی بە ناوی (کۆزاد یان کۆردۆنیا) بڵاوکردۆتەوە[2].

ب- **برایەتی پاشکۆی هەواڵ و سیاسەت:** ئەم ڕۆژنامەیە پاشکۆی هەواڵ و سیاسەتە، هەفتانە ڕۆژانی پێنج شەممە ڕۆژنامەی برایەتی دەریدەکرد. ژمارەی ١ی لە ٣٠ی

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٢) جەلیل کاکەوەیس، برایەتی ئەدەب و هونەر بیبلۆگرافیای ١٠٠ ژمارەی یەکەم، (چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر)، ل ل ٩- ١١؛ دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١١٥- ١١٦.

تەمووزی ١٩٩٨ بە ڕەش و سپی بە دیالێکتی کرمانجی خواروو- سۆرانی دەرچووە[١].

**پ- وەرزشی برایەتی:** ڕۆژنامەیەکی وەرزشی گشتی بووە، دوو هەفتە جارێک دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی جەوهەر نامیق سالم و سەرنووسەری فەرهاد عەونی بووە، سەرپەرشتکاری یاوەر نامیق سالم و دەستەی نووسەران سدیقی گچکە و خالید محەمەد بوون. لاپەڕە ١ و ٨ ڕەنگاوڕەنگ و ئەوانیتر ڕەش و سپی بوون. لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر لە چاپدراوە. تیراژی ١١٠٠ دانە و بە ٨ لاپەڕەیی دەرچووە. لە دەزگای ڕۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات بووە. ژمارە سفری لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ دەرچووە و ژمارە ١ی لە ڕۆژی ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ بە ٨ لاپەڕە دەرچووە. ژمارە ٦ لە ٤ی کانوونی دووەمی ١٩٩٨ دیاری ڕۆژژمێری وەرزشی برایەتی لەگەڵدا بووە. ژمارە ١٧ی لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٩٨ دەرچووە لەسەری نووسراوە (وەرزشی برایەتی ڕۆژنامەیەکی وەرزشی ڕۆژانەیە بەبۆنەی مۆندیالی فەرەنساوە دەردەچێت)، کراوە بە ٤ لاپەڕە و تیراژەکەی ١٥٠٠ دانە و ژمارەی تایبەت بووە و هەمووی ڕەنگاوڕەنگ بووە. ژمارە ٤٣ لە ١٣ی تەمووزی ١٩٩٨ دەرچووە و ژمارەی تایبەت بە ٨ لاپەڕە دەرچووە، لە ژمارە ١ و ٨ ڕەنگاوڕەنگە و ئەوانی دیکە ڕەش و سپین. ژمارە ٤٤ لە ١٨ی تەمووزی ١٩٩٨ دەرچووە و نووسراوە هەفتەنامەیەکی وەرزشییە، ٤ لاپەڕە و لاپەڕە ١ و ٤ ڕەنگاو ڕەنگ و ئەوانی دیکە ڕەش و سپی، تیراژی بووە بە ١٧٥٠ دانە. ژمارە ٥٦ لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨ دەرچووە و ژمارەی تایبەت ١٢ لاپەڕە بووە، ٤ لاپەڕەی بەرگ و ناوەڕاستی ڕەنگاوڕەنگن و ئەوانی دیکە ڕەش و سپین. ژمارە ٦٨ لە ٣١ی کانوون یەکەمی ١٩٩٨ دەرچووە و ژمارەی تایبەت بووە کە بە ١٢ لاپەڕە دەرچووە و لاپەڕە ١ و ١٢ ڕەنگاوڕەنگ و ئەوانی دیکە ڕەش و سپین. لە ژمارە ٦٩ نووسراوە ڕۆژنامەیەکی وەرزشییە. ژمارە ٨٢ لە ٢٤ی نیسانی ١٩٩٩ دەرچووە و ژمارەی تایبەت بووە، بە ٨ لاپەڕە دەرچووە، لاپەڕەی ١ و ٨ رەنگاو ڕەنگ و ئەوانی دیکە ڕەش و سپی. ژمارە ٨٤ی لە ٨ی ئایاری ١٩٩٩ دەرچووە و ژمارەی تایبەت بووە و ٨ لاپەڕەیی بووە، لاپەڕە ١ و ٨ ڕەنگاوڕەنگن. ژمارە ١٠١ لە ٤ی ئەیلوولی ١٩٩٩ دەرچووە و نووسراوە ڕۆژنامەیەکی وەرزشییە هەفتەی جارێک دەردەچێت. ژمارە ١١٢ لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩ بە ٤ لاپەڕە دەرچووە و سەرجەمیان ڕەنگاوڕەنگن. ژمارە ١٢٧ لە ١١ی ئاداری ٢٠٠٠ دەرچووە و ناوی سەرنووسەری لەسەر نەنووسراوە، یاوەر نامیق

(١) جەمال خەزنەدار، ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی کوردی، پرۆژەی نووسینەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی ١٨٩٨- ٢٠١٥، بەرگی دووەم (ب)، (چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر- ٢٠١٨)، ل ٢٨١.

سـالم کراوە بە بەڕێوەبەری نووسـین. ژمارە ١٤١ لە ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٠ دەرچووە، و نووسراوە ڕۆژنامەیەکی وەرزشییە هەفتەی جارێک لە دەزگای ڕۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات دەردەچێت. دوا ژمارەی ٢٠٥ لە ٦ی تشـرینی یەکەمی ٢٠٠١ دەرچووە و دواتر وەستاوە[١].

**ت- مۆندیالی ٢٠٠٢ برایەتی:** پـاشـکۆیەکی ڕۆژانەی برایەتی تایبەت بە مۆندیال بووە. ڕۆژنامەی برایەتی بەهاوکاری هۆتێل چوارچرا دەریدەکرد. ڕاپۆرت و هەواڵ سـدیق گچکە، ئیبراهیم عەلی موراد، ڕێبوار محەمەد، هاوار مورتکەیی، سابیر سمایل، ئیحسان تاهیر بوون. لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هـەولێر بە ڕەنگاوڕەنگ چاپ دەکرا. بە تیراژی ٧٠٠ دانە بوو، ژمارە ١ی لە ٢٦ی ئایاری ٢٠٠٢ بە ٤ لاپەڕە و ژمـارە ٣٧ی لە ١ی تەمووزی ٢٠٠٢ دەرچووە. دیاری پاشـکۆ خشـتەی یارییەکانی مۆندیالی بەجیا لەگەڵدا بووە[٢].

**ج- سـەنتەری برایەتی:** گۆڤارێکی وەرزی فیکری- سیاسـی بووە، دەزگای ڕۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات بە زمانی کوردی دەریکردووە، ژمارە ١ی سـاڵی ١ لە ئابی ١٩٩٧، ژمارە ٧ی ساڵی ٢ لە ئابی ١٩٩٨، ژمارە ١٣ی ساڵی ٣ لە ئەیلوولی ١٩٩٩، ژمارە ١٨ی ساڵی ٤ لە ٢٠٠١، ژمارە ٢١ی سـاڵی ٥ لە ٢٠٠١، ژمارە ٢٥ی سـاڵی ٦ لە ٢٠٠٢ و دوا ژمارەی بەردەستمانە لە ئەرشیف ژمارە ٢٧ی ساڵی ٦ لە ٢٠٠٣ دەرچووونە. هەروەها ژمارە ١٠ و ١٦ی ژمارەی تایبەت بوونە. لە ژمارە ١ تا ٢٥ لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر و ژمارە ٢٧ لە چاپخانەی منارە لە هەولێر چاپکراون[٣]. خاوەن ئیمتیازی ئەم گۆڤارە جەوهەر نامیق سالم بووە، سەرنووسەری لە ژمارە ١ تا ١٤ فەرهاد عەونی و لە ژمارە ١٥ تا ٢٧ فوئاد سـەدیق بوونە، ئاسـۆ کەریم دواتر فوئاد سـدیق لە دوای یەک بەڕێوەبەری نووسین بووینە[٤].

---

(١) سـەنگەر شـێخەشـلی، بڵاوکراوە وەرزشـییەکانی دوای ١٩٩٤- ٢٠٠٤، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، (سلێمانی- ٢٠٠٤)، ل ل ٣٥- ٤٤، ٤٧. ئیسماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥.

(٢) سەنگەر شێخەشلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٥- ٢٧.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١١٤- ١١٥.

هەرچەندە ئیسماعیل تەنیا نووسیویەتی ((ژمارە ١ی لە تەمووزی ١٩٩٧ دەرچووە))[١]، بەڵام ئەو ئەرشیفەی لە دەستەی ئینسکلۆپیدیا بەردەستە ئەوە دەردەخات ژمارە ١ی لە ئاب دەرچووە نەک تەمووز.

**چ- برایەتی وەرزش:** گۆڤارێکی گشتیی وەرزشییە، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان بە زمانی کوردی دەرچووە، خاوەن ئیمتیاز جەوهەر نامیق سالم و سەرنووسەری فەرهاد عەونی بوو، هەروەها سدیقی گچکە و خالید محەمەد لە دەستەی نووسەران بوون. گۆڤارێکی ڕەنگاوڕەنگ بووە و بە تیراژی ٧٥٠ دانە و لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر چاپکراوە. بە ٤ لاپەڕە دەرچووە و لە بارەگای ڕۆژنامەی برایەتی بووە. ژمارە ١ی لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ بە ٥٦ لاپەڕەیی دەرچووە جگە لە ٤ لاپەڕەی بەرگی. لە ژمارە ٥ سەرنووسەری نەماوە. ژمارە ٦ی لە تەمووزی ٢٠٠١ دەرچووە و دواتر وەستاوە[٢].

**١١- برایەتی:** گۆڤارێکی سیاسی گشتی مانگانە بووە، وەک پاشکۆی ڕۆژنامەی (التآخي) دەردەکرا. مانگێ جارێک بە زمانی کوردی لە بەغدا دەرچووە و پاشانیش لە سلێمانی دەرچووە. هەمووی دوو مانگ بەسەر ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٥ تێنەپەڕی (لێرەدا وریا جاف ئاداری ١٩٧٠ی بەهەڵە بە ١٩٧٥ی نووسیوە)، سەرکردایەتی پارتی و شۆڕش ئیمتیازی دەرچوواندنی (التآخي) وەکو ئۆرگانی ئاشکرای پارتی دیموکراتی کوردستان وەرگرتەوە و گۆڤاری برایەتیشی لەگەڵ دەرچووە کە بە تێکڕا ١٤ ژمارەی لێ بڵاوبووەتەوە. ژمارە ١ی ساڵی ١ی خولی دووەم لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٠ تا ژمارە ١١ی ساڵی ١ی خولی دووەمی ١٥ی شوباتی ١٩٧١ لە بەغدا لە چاپخانەی (دار الزمان)، ژمارە ١٢ی ساڵی ١ی خولی دووەمی ١ی نیسانی ١٩٧١ و ژمارە ١٣ی ساڵی ١ی خولی دووەم ١ی مایسی ١٩٧١ و ژمارە ١ی ساڵی ٢ی حوزەیرانی ١٩٧١ لە سلێمانی دەرچووە، لە چاپخانەی ژین چاپکراون. بەرگی پشتەوەی هەموو ژمارەکانی بە پیتی لاتینی ناوی گۆڤارەکە و ناونیشانی نووسراوە تەنیا ژمارە ١ نەبێت[٣].

ئەم گۆڤارە ١١ ژمارەی لە بەغدا لێ دەرچووە کە خاوەن ئیمتیازیان حەبیب محەمەد

---

(١) ئیسماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٤.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ فەرهاد عەونی، ئەزموونی ڕۆژنامەوانیم، (چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر- ٢٠١١)، ل ل ١٦٣- ١٦٤؛ سەنگەر شێخەشلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٨٤- ٨٦.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢؛ وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦٥-٦٧.

کەریم و سەرنووسەریان عەلی عەبدوڵا بوونە و لەلایەن سەعید ناکام و ڕەفیق چالاک سەرپەرشتی دەکران، هەروەها سێ دانەکەی تریشی لە سلێمانی دەرچووە خاوەن ئیمتیازیان حەبیب محەمەد کەریم و دارا تۆفیق کراوەتە سەرنووسەری بەهۆی ئەوەی عەلی عەبدوڵا بە پارێزگاری سلێمانی دامەزرێندراوە و ڕەمزی قەزاز سەرپەرشتی ئە ژمارانەی دەکرد[1].

لەبارەی کۆتا ژمارەی وریا جاف نووسیویەتی ((دەتوانین بڵێین ژمارە ١ی ساڵی ٢ی لە حوزەیرانی ١٩٧٢ دوا ژمارەی گۆڤاری برایەتی بووە))[2]. لێرەدا وریا جاف ڕێکەوتەکەی بەهەڵە نووسیوەتەوە خۆی ١٩٧١-ە نەک ١٩٧٢.

١٢- **KDP info:** ماڵپەڕی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە ٢٨ی شوباتی ٢٠١١ دامەزراوە، سەر بە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیار دراوە ماڵپەڕێکی فەرمی هەبێت وەک ئۆرگانی ئەو حزبە، بەڵام لە کۆنگرەی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆژنامەی خەبات و ماڵپەڕی (KDP.info) وەک ئۆرگانی ئەم حزبە دەستنیشان کران. بارەگای لە هەولێرە بە زمانی کوردی شێوەزاری سۆرانی، لاتینی و زمانی عەرەبی هەواڵەکانی بڵاودەکاتەوە، بابەتەکانی هەواڵ و دەنگوباسی سەرکردایەتی و کاروچالاکییەکانی حزب و مەکتەبی سیاسی و دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاریکردن لە دەسکەوتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی ئەم حزبە و دیدی حزب بۆ ناوچەکە و جیهان. یەکەم بەڕیوەبەری ئەم سایتە بەختیار شاخی بووە و دواتر غازی حەسەن و دوای ئەو بەکر ئەحمەد بووە، دوا بەڕێوەبەر کە تا ئێستا بەردەوامە جەبار حەجی عەبدوڵا بووە. لە سۆشیاڵ میدیا فەیسبوک و تویتەر و ئینستگرام ئەکاونتی هەیە بابەتەکانی سایت تیدا بڵاودەکرێتەوە. ماڵپەڕیان بە ناونیشانی WWW.KDP.info[3].

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢؛ وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦٥-٦٧.

(٢) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦٥-٦٧.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ جەبار حەجی عەبدوڵا، (١٤ی ئایاری ٢٠٢٣).

# بەشی دووەم

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی مەکتەبی سیاسی





# الكادر

مجلة تثقيفية دورية يصدرها المكتب السياسي
للحزب الديموقراطي الكردستاني

العدد ١ — تموز — ١٩٦٨

## أهدافنا

تنبع العدد الاول من مجلة الكادر بين ايدي كوادر الحزب واعضائه ومرشحيه بناء على القرار الذي اتخذته اللجنة المركزية للحزب بهذا الخصوص في اجتماعها الاخير، وقد صدر هذا القرار نظراً لوجود بعض الصعوبات والعراقيل التي حالت لحد الان بيننا وبين افتتاح مدرسة الكوادر التي كان من المقرر ان تباشر بالعمل منذ اوائل العام الماضي. وسوف لا تكون مجلة الكادر بطبيعة الحال البديل عن المدرسة المذكورة بل انا مع اشرافة على

## حول الكادر

## مبادىء عامة

### ١ـ اهمية الكادر في حياة الحزب الداخلية:

لا يستطيع اي حزب، ان يقوم بواجب وان يكون في مستوى مهماته، ان لم يستند على مجموعة جيدة من خيرة العناصر الحزبية القائدة، التي تتوقف على نوعيتها مدى قدرة الحزب على تنفيذ برامجه واهدافه.

وهذه العناصر التي تتدرج من اللجان السفلى الى

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی مەکتەبی سیاسی

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان گرنگییەکی تایبەتی بە ڕاگەیاندن داوە، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی مەکتەب سیاسییەوە ڕاگەیاندن ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە لەم دەزگایە، ئەمانەی خوارەوە لە بڵاوکراوە و دەزگای ڕاستەوخۆی بوون:

١- **مرۆڤ:** ڕۆژنامەیەکی نهێنی پارتی دیموکراتی کورد بووە، لە ساڵی ١٩٤٨ بە زمانی کوردی دەرچووە.

لێکۆڵەرانی بواری ڕۆژنامەنووسی ڕاوبۆچوونی جیاوازیان لەبارەیەوە هەیە؛ لەوانە ئاری نانەکەلی ئاماژە بەوە دەکات کە ((ڕۆژنامەی مرۆڤ پارتی دیموکراتی کورد بە زمانی کوردی دەریکردووە، ژمارە ١ی ئەم ڕۆژنامەیە لە ئەیلوولی ١٩٤٨ لە ژێر چاودێری موحەڕەم محەمەد ئەمین بڵاوکراوەتەوە)). نووسەر لێرەدا سوودی لە پەرتووکی فەرهاد محەمەد ئەحمەد وەرگرتووە کە نووسیویەتی ((گۆڤاری مرۆڤ)). هەروەها فەرهاد محەمەد سوودی لە ژمارە ٣ی ڕۆژنامەی خەباتی کوردستانی مانگی مایسی ١٩٥٧ وەرگرتووە، لە پەرتووکی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح دا، ژمارە ٣ی ڕۆژنامەی خەباتی کوردستانی مایسی ١٩٥٧ هەیە، ئێمە زۆر لەناو بەرپەڕەکانی گەڕاین، بەڵام هیچ ئاماژە بە گۆڤاری مرۆڤ و موحەڕەم محەمەد ئەمین نەکراوە لەو ڕۆژنامەیە دا[١]. هەرچی سەباح بازرگانیش نووسیویەتی ((گۆڤاری مرۆڤ گۆڤارێکی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، دوای کۆنگرەی سێیەمی ١٩٥٣ی حزب لە ساڵی ١٩٥٥ لە کەرکووک دەرچووە))[٢].

لێرەدا نووسەرەکان هەندێک دەڵێن گۆڤارە و هەندێکی دیکە دەڵێن ڕۆژنامەیە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی جەعفەر عەباس حەمیدی (لە بەشی سەرچاوەکان بە ڕۆژنامە ناوی بردووە)[٣]، بۆیە ئێمەش وەک ڕۆژنامە ناساندیتمان.

٢- **نرکەی جووتیار:** ڕۆژنامەیەکی سیاسی بووە کە ئۆرگانی چینی جوتیارانی کوردستان بوو و لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بە شێوەی نهێنی بەزمانی کوردی بڵاودەکرایەوە. لە سەرەوەی ڕۆژنامەکە نووسراوە (زەوی بۆ جووتیار). ساڵی ١٩٤٩ کاتێکی

(١) ئاری نانەکەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦؛ فرهاد محمد احمد، المصدر السابق، ص ٣٢؛ سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) صباح البازرگان، المصدر السابق، ص ١٤.

(٣) جعفر عباس حمیدي، رسالة ماجستیر...، المصدر السابق.

پڕ مەترسی بووە بۆ پارتی کەچی نرکەی جووتیار دەردەچوو، ئەمەش بووە هۆی پترکردنی چاودێری میری بۆ سەر پارتی و ئەوە بوو لە پاییزی ساڵی ١٩٥٠ سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی لە سلێمانی دەستبەسەرکرا و چالاکیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان سستی تێکەوت. لە ساڵی ١٩٥٣ دووبارە بە زمانی کوردی دەرچوویتەوە. ژمارە ٥ی ساڵی ١ی لە مانگی ئەیلوولی ١٩٥٣ دەرچووە و ژمارە ٧-٨ی ساڵی ١ی لە تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٥٣ دەرچووە[(١)].

هەرچی د. سامان جەلال لەسەرەتادا لەبارەی ئەم ڕۆژنامە ئاماژە بە ساڵی ١٩٥٦ دەکات وەک ساڵی دەرچوونی، بەڵام لە ناوەڕۆکەکەیدا نووسیویەتی ژمارە ٥ی ساڵی ١ی لە ئەیلوولی ١٩٥٣ و ژمارە ٦ی لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٣ و ژمارە ٦ و ٧ی لە تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٥٣ دەرچووە[(٢)]. بەپێی ئەو سەرچاوانەی پێشتر ئاماژەمان پێکردووە نووسەر هەڵەی کردووە لە ساڵەکەی.

٣- **بانگی کوردستان:** ڕۆژنامەیەکی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لە باشووری کوردستان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە. لە باشووری کوردستان لە ساڵانی ١٩٥٢- ١٩٥٦ دەرچووە، لە ساڵی ١٩٥٦ بە هەردوو زمانی کوردی و زمانی عەرەبی دەرچووە. ژمارە ٢ی لە مایسی ١٩٥٦ بە زمانی عەرەبی دەرچووە. عەبدوڵا زەنگەنە دەڵێت: "من خۆم لە سەرچاوەیەکدا بینیومە ئاماژە بە ناوەڕۆکی یەک لە ژمارەکانی ساڵی ١٩٥٢ دەکات"[(٣)]. ئەو قسەیەی عەبدوڵا زەنگەنە وەها دەردەخات کە ئەم ڕۆژنامەیە لە بڵاوکراوەکانی ساڵی ١٩٥٢ بووە[(٤)].

٤- **ڕێگەی نوێ:** بڵاوکراوەی پارتی دیموکراتی کوردستانە بۆ ڕۆشنبیرکردن، کە تایبەت بووە بە ڕۆشنبیری پارتایەتی، ئەم بڵاوکراوەیە لە ماوەی دەرچوونی ڕۆژنامەی نرکەی جووتیار لە

(١) مسعود بارزاني، المصدر السابق، ص ص ٢٢٢، ٢٣٩- ٢٤٠، ٢٥٤؛ علی عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٨٢، ٨٤- ٨٥؛ وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥؛ سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧.

(٢) د. سامان جەلال، ئینسایکلۆپیدیای میدیای کوردی لە باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، (چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر- ٢٠٢٣)، ل ٥١١.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە، (هەولێر- ٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٣).

(٤) جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠.

ساڵی ١٩٥٣ دەرچووە[١].

٥- **ڕۆژی نوێ(اليوم الجديد):** گۆڤارێکی ئەدەبی سیاسی کۆمەڵایەتی مانگانەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لەلایەن پارێزەر جەمال شاڵی لە سلێمانی دەردەچوو. ژمارە ١ی لە نیسانی ١٩٦٠ و ژمارە ١٨ی لە ئەیلوولی ١٩٦٠ دەرچوو، تەنیا ١٨ ژمارەی لێ دەرچوو و دواتر وەستا[٢].

٦- **کادر (الكادر):** گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و تیۆری سیاسی خولی ناوبەناوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە. تیایدا وتاری سەبارەت بە ڕێکخستن بڵاودەکردەوە لەگەڵ بارودۆخی شۆڕشی ئەیلوول و بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەی سیاسی و مێژوویی دەربارەی کێشەی کورد. یەکەمجار بابەتەکانی بە ئامێری لاینۆ تایپ، تایپ کراوە و دواتر بە لاینۆ ڕایتەر چاپکراوە، بە ڕەنگی ڕەش و سپی دەرچووە، شێوازی بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی دوو ستوون یان سێ ستوونی بووە. خولی یەکەم لە ساڵی ١٩٦٨ لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش دەرچووە. دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ تا ئاداری ١٩٧٤ خولی دووەمی لە بەغدا دەرچووە. خولێکیشی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دەرچووە[٣].

**یەکەم خولی گۆڤاری کادر**؛ هژمارا ١ێ ل تیرمەها ١٩٦٨، ب ٨ بەرپەڕان، ژمارە ٢ی لە ئابی ١٩٦٨ بە ٨ لاپەڕە، ژمارە ٣ی لە تشرینی دووەمی ١٩٦٨ بە ١٢ لاپەڕە (بە دوو دانەی جیاواز بڵاوکراوەتەوە کە بابەتیان هەمان شت بووە، یەکیان بە زمانی عەرەبی و ئەوی دی بە زمانی کوردی بووە)، ژمارە ٤ی لە مایسی ١٩٦٩ بە ٨ لاپەڕە، ژمارە ٥ی لە ئابی ١٩٦٩ بە ١٧ لاپەڕە (ئەم ژمارەیە ژمارەیەکی تایبەت بووە بە یادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی

(١) مسعود بارزاني، المصدر السابق، ص ص ٢٢٢، ٢٤٠، ٢٥٤؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانی ی کوردی ١٩٣٨- ١٩٥٨ (ڕۆژنامەوانی ی نهێنی)، بەرگی سێیەم/ بەشی یەکەم، (سلێمانی- ٢٠٠٤)، ل ٢٢٢.

(٢) عرض مقتضب للصحافة الكردية العلنية، جريدة التآخي، عدد ٤٦٣، (الاثنين ١٥ حزيران ١٩٧٠- مطبعة دار الجاحظ- بغداد)، ص ٢.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە، (هەولێر- ٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٣)؛ نوزاد علی احمد، الكادر، الطبعة الاولى، (مطبعة شهاب- اربيل- ٢٠١٥)، ص ص ٤- ٦، ٣٥، ٤٣؛ حەمەی ئەحمەد جاف، لە ئەرشیفی مێژووی ڕۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە گۆڤاری (کادر) یان پەیمانگای دێرینی پێگەیاندنی کادران، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٢٥٧٠، (چوارشەممە ١٩٩٨/٤/٢٢- هەولێر)، ل ١٧؛ ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٩، ٧٠، ٩٧.

کوردسـتان) دەرچوونە. لە چاپخانەی خەبات چاپ دەکران. لە ژمـــارە ٦ دەبێتە خولێکی دیکە، مامۆسـتا عەبدوڵا زەنگەنە دەڵێت: "ژمارە ٦ی درێژەپێدەری ژمارەکانی پێشـە خۆی بووە". لە لاپەڕە ١ی ژمارە ٤ی مایسـی ١٩٦٩ی گۆڤاری کادر نووسراوە (لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەی کادر ڕوونمان کردەوە لەبەر ئەوەی کردنەوەی خولی پەیمانگای کادران هەندێک ئاسـتەنگی هاتۆتە پێش لەسـەر پێشـنیاری کۆنگرەی ٧ی پارتی دیموکراتی کوردسـتان سـەرەتاکانی ١٩٦٧ بەسـترا، تێیدا بڕیار درا ئەم گۆڤارە دەربچێت، بەڵام لەگەڵ دەسـتپێکردنی خولی پەیمانگای کادران لەبەرئەوەی سـوودی زۆری هەبووە بۆ کادرانی حزب و داوایەکی زۆرمان بۆ هاتووە تاکو بەردەوام بین بۆیە ڕاناوەسـتین و بەردەوام دەبین)[1].

**خولی دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ تـاکو ئاداری ١٩٧٤؛** لەم خولەدا کادر وەک گۆڤارێکی نیوە ئاشـکرای لێ هات و لە بەغدا چـاپ دەکرا و بەسـەر بنکەکان و جەماوەری پارتی دابەش دەکرا. ئینجا گۆڤاری کـادر بووە گۆڤارێکی تیۆری. تـا مانگی شـوباتی ١٩٧٠، ٦ ژمارەی بە نهێنی لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسـتی شـۆڕش دەرچوواندووە، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا بە دوو خول ٢٥ ژمارەی لێ دەرچووە، دوا ژمارەی ئەم خولە ژمارە ٢٥ بوو. لە سەردەمی شۆڕشی گوڵاندا دەرنەچوو[2].

**خولی دوای ڕاپەڕین؛** دوای نزیکەی ١٨ سـاڵ وەسـتان ژمارە ٢٦ی دوای ڕاپەڕین دووبارە دەرچووەوە تا ژمـارە ٣١ی ئاداری ١٩٩٢ لە شەقڵاوە بەردەوام بوو، لە چاپخانەی خەبات لێدەدرا و لە چاپخانەی رۆشـنبیری و وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر چاپ دەکرا، مانگانە دەرچووە و هەر ژمـارەیەکی ٢ هەزار دانەی لێ چاپ دەکرا. هەروەها لە دوای کۆنگرەی ١١ی پارتی دیموکراتی کوردسـتان جارێکی دیکە ئەم گۆڤارە دەرچوویەوە، لەم خولە گۆڤاری کادر لە گۆڤارێکی تیۆرییەوە کرا بە گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و حەبیب محەمەد کەریم سەرپەرشتی دەکرد و زاهیر ڕۆژبەیانیش سکرتێری نووسینی بوو[3].

سـەبارەت نۆرەی (ژمـارەی سـاڵ)ی دەرچوونی ئەم گۆڤارە لە دوو خولی کۆتایی؛ هەرچەندە ژمارەی تشـرینی دووەمی ١٩٧٠ کە بە ٩٣ لاپەڕە دەرچووە لەسەری نووسراوە ژمارە ١ی سـاڵی یەکەم، بەڵام لە لاپەڕەی دووەمی ژمارە ٨ی سـاڵی ٣ لە شـوباتی ١٩٧١ی گۆڤاری (الکادر) کە بە زمـانی عەرەبی بووە، نووسراوە (ئاگاداری: هەڵەیەک لە ژمارەی

(١) هەمان سەرچاوە.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) هەمان سەرچاوە.

پێشــوودا ڕوویداوە کە بەهەڵە لەســەر بەرگەکەی نووسراوە ژمارە ١ی ســاڵی یەکەم لە تشــرینی دووەمی ١٩٧٠ دەرچووە کەچی لە ئەسڵدا ژمارە ٧ی ساڵی ٣-یە کە تەواوکەری ژمارەکانی پێش خۆیەتی). لە ژمارە ١١ بووەتە ساڵی ٤ لە ئایاری ١٩٧٢، لە ژمارە ١٨ بووەتە ساڵی ٥ لە کانوونی دووەمی ١٩٧٣ دەرچووە، لە ژمارە ٢١ بووەتە ساڵی ٦ لە شوباتی ١٩٧٤ دەرچووە، لە ژمــارە ٢٥ بووەتە ساڵی ٧ و لە کانوونی دووەمی ١٩٧٥ دەرچووە، لە ژمارە ٢٦ی ئاداری ١٩٩٢ بە دواوە ســاڵی لەســەر نەنووسراوە، دوا ژمارەی ٣٢ی لە ئایاری ١٩٩٣ دەرچووە[١].

سـەبارەت بە زمــانی دەرچوونیان لەم دوو خولەی کۆتایی؛ ژمارە ٧ تا ١١، ١٤-١٥، ١٨، ٢٢، ٢٤، ٣٢ بە زمــانی عەرەبی دەرچووینە و ژمارە ١٢، ١٣، ١٦، ١٧، ١٩ تا ٢١، ٢٣، ٢٥ تا ٣١ بە زمانی شیرینی کوردی دەرچووە[٢].

هەروەها چاپخانەکان لەم دوو خولەدا بەم شێوەیە بوونە؛ ژمارە ٩ لە چاپخانەی (سلمان الاعظمي) لە بەغدا، ژمارە ١٠ لە چاپخانەی (دار السلام) لە بەغدا، ژمارە ١١ی لە چاپخانەی (تایمس) لە بەغدا و ژمـارە ١٢ و ١٤-١٥ تا ١٧ و ٢٢ تا ٣٢ لە چاپخانەی خەبات چاپکراون. ژمــارە ١٠ی تایبەت بووە بە یادی بیسـت و پێنج سـاڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان. هەروەها ژمــارە ٢٩ی تایبەت بووە بە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول. لە ژمــارە ٧ نووسراوە (بڵاوکراوەیەکە پارتی دیموکراتی کوردســتانی دەریدەکات). لە ژمارە ٨ بۆ ١١ی نووسراوە (پارتی دیموکراتی کوردستانی دەریدەکات)، لە ژمارە ٩-ەوە نووسراوە (گۆڤارێکی خولییە، پارتی دیموکراتی کوردستانی دەریدەکات). لە ژمارە ١٢ بۆ ٢٧ی نووسراوە (گۆڤاری تیۆری پارتی دیموکراتی کوردســتانە)، لە ژمارە ٢٨ بۆ ٣٢ی نووسراوە (گۆڤاری ڕۆشــنبیری پارتی دیموکراتی کوردستان)[٣].

نووســەرانی خولی ڕاپەڕین؛ لە ژمــارە ٢٦ حەبیب محەمەد کەریم، هوشــیار زێباری، فەلەکەدین کاکەیی، م. زامــدار، کامەران قەرەداغی، محەمەد مەلا قادر، ن- بێباک (ناسح غەفور) و زاهیر ڕۆژبەیانی بوون. لە ژمارە ٢٧ فەوزیە عزەدین ڕەشــید، حەبیب محەمەد کەریم، بەشــی ڕێکخســتن، ک. ڕێبوار، فەلەکەدین کاکەیی، زاهیر ڕۆژبەیانی و دیار بوون. ژمارە ٢٨ فەرەنســۆ هەریری، عەزیز پیرداود، ن- بێباک (ناســح غەفور)، زادوق ئادەم، ئەحمەد ســەلام، فەلەکەدین کاکەیی و زاهیر ڕۆژبەیانی بوون. ژمارە ٢٩ حەبیب محەمەد

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
(٢) هەمان سەرچاوە.
(٣) هەمان سەرچاوە.

کەریم، فەلەکەدین کاکەیی، فەرەنسـۆ هەریری، عەلی حسـۆ میرخان، مامۆسـتا کەمال غەمبار، سەردار ئەحمەد و ئەسعەد عەدۆ بوون. ژمارە ٣٠ فەرەنسۆ هەریری، عەبدولحسێن شەعبان، ئەحمەد سالار، ئـازاد عەبدولواحید، گۆران هەڵەبجەیی و حەسەن هەمزە بوون. ژمارە ٣١ سـەردار ئەحمەد یاسـین، کەمال غەمبار، شـوان محەمەد، نزار ئاغری، سـەیدا و تـاریق فەقێ عەبدوڵا بوون. ژمارە ٣٢ محەمەد خدر مەولود، ک. ڕێبوار، پارێزەر محەمەدسالح ئامێدی، ع. کەرکووکی، فەیسەڵ نورەدین دەباغ، باوکی ژیار و ز. ب بوون[١].

نووسەران ڕای جیاوازیان هەیە لە بارەی دەرچوونی ژمـارەی ١ی کادر بۆ نموونە سالح یوسف نووسیویەتی ((هژمارا ١ێ ل ٨ێ تیرمەها ١٩٦٨ دەرکەفتیە))[٢]، هەروەها ئیسماعیل تەنیا لە دوو کتێبەکەی دوو ڕای جیاوازی نووسیوە، لە کتێبێک نووسیویەتی ((ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٧٠ دەرچووە))[٣]، کەچی لە کتێبەکەی دیکەیدا نووسیویەتی ((ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٦٧ دەرچووە))[٤] و بەڵام ئەوانەی دەستەی ئینسکلۆپیدیا لە هەموویان ڕاستترن.

لەبارەی دووبارە دەرچوونی ئەم گۆڤارە زاهیر ڕۆژبەیانی نووسـیویەتی ((لە دوای کۆنگرەی ١١ی ١٩٩٢ی پارتی دیموکراتی کوردسـتان لەلایەن مەکتەبی سـیاسـی بڕیار درا دەرکردنی گۆڤارەکە بسـپێردرێت بە مەکتەبی ناوەندی ڕێکخسـتن، بەڵام تا کۆنگرەی ١٢ هیچ ژمارەیەکی لێ دەرنەچوو. لە کۆنگرەی ١٢ی ساڵی ١٩٩٩ی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاردرا ئەم گۆڤارە لەلایەن مەکتەبی ناوەندی دیراسـات و لێکۆڵینەوە دەربچێت، بەڵام تا ئێستا دەرنەچووەوە))[٥].

٧- **دەنگو باسـی کوردسـتان (دەنگوباسـی کوردسـتان)/ اخبار کردسـتان:** بڵاوکراوەیەکی دەنگوباسـی بووە، هەندێجار بە زمانی کوردی و هەندێجارش بە زمانی عەرەبی دەرچووە. هەڵوێسـت و دەنگوباس و چالاکییەکانی پارتی تێدا بووە. ژمارە کوردییەکانی دەنگوباسـی کوردسـتان بەم شێوەیە بووە: ژمـارە ٢ی ١٥ی تەمووزی ١٩٦٩ لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردسـتان دەرچووە، ژمارە ١١ی ١٢ی ئەیلوولی ١٩٦٩ لێژنەی پەخش و ئاراسـتەی پارتی دەرچووە. لە لاپەڕە ١ی ژمـارە ١٣ی (اخبار کردسـتان)ی ناوەڕاسـتی نیسـانی ١٩٧٣ی

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٢) صالح یوسف صوفی، کرۆنۆلۆژیا کوردستانێ و جیهانێ، بەرگێ دووێ، چاپا ئێکێ، ڕێڤەبەرییا چاپ و بلاڤکرنێ، (چاپخانا پارێزگەها دهۆکێ- دهۆک- ٢٠١٣)، ل ٦٨٧.

(٣) ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٠.

(٤) ئیسماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨.

(٥) زاهیر ڕۆژبەیانی، ئەزموونی ڕۆژنامەگەریم، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسـەرانی کورد- لقی کەرکووک ژمارە ١٦٧، چاپی یەکەم، (چاپخانەی کارۆ- ٢٠١٢)، ل ل ٧٦- ٧٧، ٩٣- ٩٤.

بڵاوکراوەی دەنگوباســی کوردســتانی(بەشــی ڕاگەیاندنی پارتی) هاتووە (ئەم بڵاوکراوەیە درێژەپێدەری ساڵانی پێشووە، لەبەر پێویستی بەشی ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردســتان بڕیاری دا کە دەنگوباســی کوردســتان (اخبار کردســتان) بە زمانی کوردی و بە زمانی عەرەبی دووبارە دەربکاتەوە). ژمارە ١٤ تا ١٧ی ١ی ئابی ١٩٧٣ لەلایەن (بەشــی پەخش و ڕاگەیاندنی پارتی) دەرچووە، لە ســاڵانی هەشــتاکان بەشــی ڕاگەیاندنی مەکتەبی ســیاســی پارتی دیموکراتی کوردســتان- عێراق دەریدەکرد. هەروەها ژمارە عەرەبییەکانی (اخبار کردستان) بەم شێوەیە بووە: ژمارە ١٣ی ناوەڕاستی نیسانی ١٩٧٣ و ژمــارە ٢٠ی لە ١ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٣ لەلایەن بەشی پەخش و ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی پارتی دەرچووە. سەبارەت بە ساڵانی هەشتاکان بە دواوە: ژمارە ١ی لە ٧ی ئاداری ١٩٨٠، ژمارە ١٠ی لە کانوونی دووەمی ١٩٨١ و ژمارە ١١ی لە شــوباتی ١٩٨١ دەرچووە، بەشی ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی پارتی دەریدەکرد. چالاکی پێشمەرگە و هەواڵی گشتی کوردســتان و عێراق بڵاودەکردەوە. ژمارەیەکی تایبەتی لە ١ی ئاداری ١٩٨٣ بێ ژمارە دەرچووە کە دەکەوێتە نێوان ژمارە ١٠١ی ٢٨ی شوباتی ١٩٨٣ و ژمارە ١٠٢ی ٣٠ی ئاداری ١٩٨٣. تا کانوونی دووەمــی ساڵی ١٩٨٤ تەنیا ١١٠ ژمــارەی لێ دەرچووە، ژمارە ١٢٨ی ١ی شوباتی ١٩٨٥ تا ژمارە ١٣٧ی ١ی تشــــرینی دووەمی ١٩٨٥ کە لەبەردەستمانە ساڵی ٦ بووینە، هەروەها ژمارەیەکی (اخبار کردستان) بە زمانی فارسی لە ١٥ی ئەیلوولی ١٩٨٥ لێ دەرچووە. ژمارە ١٩٢ی ٤ی ئاداری ١٩٩٠ و ١٩٣ی ١ی ئایاری ١٩٩٠ ساڵی یازدەمە. ژمــارە ٩٨ی ٢٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٢ ژمارە (٩٩، ١٠٠، ١٠٤، ١١١تا ١١٥، ١١٨، ١٢١، ١٢٤، ١٢٩، ١٣٩، ١٥٧، ١٦١ تا ١٦٣، ١٦٨، ١٧٢، ١٧٥ تا ١٧٩، ١٨٢، ١٨٣، ١٨٥تا ١٨٧، ١٨٩، ١٩١، ١٩٢) لەلایەن بەشی ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی دەرچووە. لە ساڵی ١٩٨٦ تەنیا ١ ژمارەی بەزمانی کوردی و عەرەبی لێ دەرچوو[1].

لەبارەی ڕۆژی دەرچوونی ژمارە ١ی ســاڵی ١٩٨٠ی ئەم گۆڤارە، ئیســماعیل تەنیا نووسیویەتی ((ژمارە ١ی لە ٨ی ئاداری ١٩٨٠ تا تشــــرینی یەکەمی ١٩٨٢))[2]. بەڵام وەک

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ دەنگوباسی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات(النضال)، ژمارە ٥٤٦، (شوباتی ١٩٨١)، ل ٢؛ اخبار کردستان، جريدة خەبات(النضال)، عدد ٥٤٣، (تشــرين الثاني ١٩٨٠)، ص ٢؛ چاپەمەنییەکانمان لە ساڵی ١٩٨٦، خەبات، ژمارە ٥٦٩، (کانوونی یەکەمی ١٩٨٦)، ل ٤؛ لە بڵاوکراوەکانی ڕاگەیاندنی پارتیمان، خەبات(النضـــال)، ژمارە ٥٤٩، (کانونی دووەمی ١٩٨٤)، ل ٦.

(٢) ئیسماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦. ئیسماعیل تەنیا، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠.

ئەوەی لەســـەرەوە ئاماژەمان پێداوە (ژمارە ١ی لە ٧ی ئاداری ١٩٨٠دەرچووە و تا ئاداری ١٩٩٠ بەردەوام بووە لە دەرچوون).

٨- **بەلاغی عەســـکەری:** هەرچەندە ڕۆژنامە و گۆڤار نەبوو، بەڵام دەتوانرا وەک ڕۆژنامەیەکی دەنگوبـاس دابنرێـت، ئەم بڵاوکراوەیە نـاوبەنـاو بوو، پـارتی دیموکراتی کوردســـتـان- سـەرکردایەتی کاتی- لێژنەی ڕاگەیاندن بڵاویدەکردەوە. لە شـۆڕشـی گوڵانی مەزن ٢١ ژمارە لە بەلاغی عەسکەری پارتی دیموکراتی کوردستان- سەرکردایەتی کاتی- بڵاوکرایەوە[١].

٩- **ئینســـاتی ناوەندی (م.س):** بڵاوکراوەی ڕۆژانەی مەکتەبی ســیاســی بەشــی ڕاگەیاندنی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردســـتان، بە زمانی عەرەبی و کوردی بووە. ناجی ئەرگۆشـــی ســەرپەرشــتی دەکرد. یەکەمجار لەســەری نووسراوە (ئەنسـاتی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردسـتان/ مەکتەبی سـیاسـی/ ڕاگەیاندنی ناوەندی)، دوای ئەو بووەتە مەکتەبی ناوەندی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندن، دواتر بووەتە (مەکتەبی ناوەندی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندن ئینسـاتی ناوەندی). ژمارە ٤٧٠٤ی ١ی تشـــرینی دووەمی ١٩٩٦ ژمارەیەکی تایبەت بووە بە بۆنەی چواردە سـاڵەی دامەزراندنی ئەنسـاتی ناوەندی. لە دوای کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری وەستاندنی درا و ئیتر دەرنەچوو[٢].

ژمارە ١ی لە ١ی تشـرینی دووەمی ١٩٨٣، ژمارە ٣١٣ ساڵی ١ لە ١٠ی تشـرینی یەکەمی ١٩٨٤، (لەم ژمارە نووسراوە ژمارەیەکی گرنگ)، ژمارە ٤٣٧ سـاڵی ٢ لە ١٩ی شـوباتی ١٩٨٥ لەسەری نووسراوە (بڵاوکراوەی ڕۆژانەیە هۆبەی (ئەنسات) دەریدەکات)، ژمارە ٧٢٧ ساڵی ٢ لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٥، ژمارە ٧٧٢ ســـاڵی ٣ لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٨٦ دەرچووینە[٣]. ژمارە ٣١٠٨ ساڵی ٩ی ١٨ی حوزەیرانی ١٩٩٢ تا ژمارە ٣٢٤٢ی ٣٠ی تشـرینی یەکەمی ١٩٩٢. ژمارە ٣٢٤٤ ساڵی ١٠ی لە ١ی تشـــرینی دووەمی ١٩٩٢ تا ژمارە ٣٦٠٨ لە ٣٠ی تشـــرینی یەکەمی ١٩٩٣. ژمارە ٣٦٠٩ ساڵی ١١ی ١ی تشـــرینی دووەمی ١٩٩٣ تا ژمارە ٣٩٧٣ی ٣١ی تشـرینی یەکەمی ١٩٩٤. ژمارە ٣٩٧٤ ساڵی ١٢ی ١ی تشـرینی دووەمی ١٩٩٤ تا ژمارە ٤٣٣٧ی ٣١ی تشـرینی یەکەمی ١٩٩٥. ژمارە ٤٣٣٨ ساڵی ١٣ی ١ی تشـرینی دووەمی ١٩٩٥ تا ٤٧٠٣ی ٣١ی تشـــــرینی یەکەمی ١٩٩٦. ژمارە ٤٧٠٤ سـاڵی ١٤ی ١ی تشـــرینی دووەمی ١٩٩٦ تا ٥٠٧٠ی ٣١ ی تشـــرینی یەکەمی ١٩٩٧. ژمارە ٥٠٧١ ساڵی

(١) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

لەسەر نەنووسراوە لە ژمارە ٥٠٧٢ نووسراوە ساڵی ١٥ی ٢ی تشـــــرینی دووەمی ١٩٩٧ تا ٥٤٣٥ی ٣١ی تشـــــرینی یەکەمی ١٩٩٨. ژمارە ٥٤٣٦ ساڵی ١٦ی ١ی تشـــــرینی دووەمی ١٩٩٨ تا ٥٨٠١ی ٣١ی تشـــــرینی یەکەمی ١٩٩٩. ژمارە ٥٨٠٢ ساڵی ١٧ی ١ی تشـــــرینی دووەمی ١٩٩٩ تا ژمارە ٦١٦٧ی ٣١ی تشـــرینی یەکەمی ٢٠٠٠. ژمـــارە ٦١٦٨ ساڵی ١٨ی ١ی تشـــرینی دووەمی ٢٠٠٠ تا ژمارە ٦٥٣٢ی ٣١ی تشـــرینی یەکەمی ٢٠٠١. ژمارە ٦٥٦٣ ساڵی ١٩ی ١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠١ تا ٦٨٨٨ی ٣١ی تشـــــرینی یەکەمی ٢٠٠٢. ژمارە ٦٨٨٩ ساڵی ٢٠ی ١ی تشـــــرینی دووەمی ٢٠٠٢ تا ٧٠٩٥ی ٢٥ی ئایاری ٢٠٠٣. لە ژمارە ٧٠٩٦ی ٢٦ی ئایاری ٢٠٠٣ بەهەڵە نووسراوە ساڵی ١٩ تا ژمـــارە ٧١٢٠ی ١٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٣[١].

١٠- **دەنگی دیموکراتی کوردستان:** لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەبۆنەی دەنگدانی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر، بە زمـــانی کوردی دەرچووە. ژمـــارە ١ی لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ و ژمارە ٤ی لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ دەرچووە[٢].

١١- **هەڵەبجە:** گۆڤاری وەرزی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، بە زمانی کوردی دەرچووە و خاوەن ئیمتیازی نوری عەلی محەمەد بووە[٣].

(١) هەمان سەرچاوە.

(٢) هەمان سەرچاوە.


(٣) حبیب کرکوکي، الخطاب السیاسي في القنوات الفضائیة الکوردیة، (مطبعة ئـــارابخا کرکوک- کرکوک- ٢٠٠٦)، ص ١٩٤.

# بەشی سێیەم

# ڕاگەیاندنی بەش و مەکتەبەکانی کۆمیتەی ناوەندی

# مەکتەبی سیاسی











دەنگی پێشمەرگە












نامەی مێژا بارزانی
بۆ نیلسۆن ماندێلا
بابەگوڕگوڕ








زاگرۆس
ZAGROS


PESH MERGA


کوردستان


خەبات


Kurdistan Review





ملحق

اخبار كردستان



دەنگوباسی کوردستان




صوت الشبيبة الطالبة






دەنگی قەلات









ESTÊRE




دەنگی لاوان و قوتابیان



خەباتی
لاوان


دەنگی قوتابی




هیوای
قوتابیان و لاوان




قسم من اذاعة
صوت كردستان العراق















# تەوەری یەکەم
# ڕاگەیاندنی بەشەکانی کۆمیتەی ناوەندی مەکتەبی سیاسی

کۆمیتەی ناوەندی مەکتەبی سیاسی پێکدێت لە چەند بەشێک کە هەندێکیان بڵاوکراوە و تەلەڤزیۆن و سایتی تایبەت بە خۆیان هەیە وەک؛ بەشەکانی (ڕێکخستن، هەڵبژاردن، دیراسات و پێگەیاندن، ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، پەیوەندی گشتی، ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان) و مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگاکانی کۆمیتەی ناوەندی مەکتەبی سیاسی (هەولێر، دهۆک، سلێمانی- هەڵەبجە- ڕاپەڕین، نەینەوا، کەرکووک- گەرمیان، بەغدا).

## • بەشی ڕێکخستن:

ئەم بەشە سەر بە کۆمیتەی ناوەندی مەکتەبی سیاسی پارتییە کە ئەویش چەند بەشێکی هەیە و یەکێک لەو بەشانە بڵاوکراوەی هەبووە:

أ- **هەیئەی گشتی مەکتەبی ڕێکخستنی پێشمەرگە:** ئەم دەزگایە ئێستا سەر بە بەشی ڕێکخستن کۆمیتەی ناوەندی مەکتەبی سیاسی پارتییە و چەندین جار ناوی گۆڕاوە لە (لێژنەی پەخش و ئاراستەی پارتی دیموکراتی کوردستان) بۆ (لێژنەی ئاراستە و پەخشی شۆڕشی کوردستان) دواتر بۆ (دەزگای پەخش و ڕاگەیاندنی شۆڕشی کوردستان) دوای ئەویش بۆ (مەکتەبی ڕێکخستنی پێشمەرگە) و ئێستاش بە ناوی (هەیئەی گشتی مەکتەبی ڕێکخستنی پێشمەرگە)یە، ئەم بڵاوکراوانەی هەبووە:

١- **هەواڵی کوردستان (اخبار كردستان):** بڵاوکراوەی دەوری بوو، لێژنەی پەخش و ئاراستەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاویدەکردەوە و زیاتر هەواڵی شەڕەکانی شۆڕشی ئەیلوولی لە خۆ دەگرت[1]. سەبارەت بە دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕای جیاواز هەیە؛ لە سایتی هەواڵنامە ژمارەکەی دانراوە و زانیارییەکانی بەم شێوەیەیە: ژمارە ١ی لە ١ی تەمووزی ١٩٦٩ بە زمانی عەرەبی بە ٨ لاپەڕە دەرچووە و لەسەری نووسراوە (بڵاوکراوەی خولی سەربازیی نیو مانگییە، بە زمانی کوردی و زمانی عەرەبی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان دەردەچێت)[2]، محەمەد مەلا قادر نووسیویەتی ((گۆڤاری (هەواڵی کوردستان) لە ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان-

(١) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

(٢) www.hewalname.com.

یەکگرتوو لە دوایی ساڵانی شەستەکان دەرچووە))[1] و هەروەها وریا جاف نووسیویەتی ((لە مانگی نیسانی ١٩٦٥ بڵاوبووەوە و بە ڕۆنیۆ لە چاپ دەدرا، دوا ژمارەی لە ناوەڕاستی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩ بڵاوکرایەوە. کوردیەکەی بە ناوی هەواڵی کوردستان بووە))[2].

٢- **دەنگی پێشـــمەرگە:** گۆڤارێکی مانگانە بوو، وتاری تایبەت بەشـــۆڕشـــی بڵاودەکردەوە. سەرەتا لێژنەی ئاراستە و پەخشی شۆڕشی کوردستان دەریدەکرد، لە ژمارە ١٤ی ئایاری ١٩٦٨ تا ژمارە ٢٢ لە ژێر دروشمی (هێزی پێشمەرگە قەڵغانە بۆ پاراستنی بوون و مافی نەتەوایەتی کورد) دەرچووە. لە ژمارە ١٨ تا ٢٤ بە ڕۆنیۆ لە چاپ دەدرا، لە دوایدا لە چاپخانەی خەبات چاپ دەکرا. ژمارە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٦٩ دوا ژمارەی ئەم خولە بووە لە قەوارەی ٢٨ لاپەڕەدا بووە. ژمارە ٢٥ی خولی ٣ی مانگی مارتی ١٩٧٤ لە ژێر دروشمی (کوردستان یان نەمان، ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراتی بۆ عیراق) لەلایەن دەزگای پەخش و ڕاگەیاندنی شـــۆڕشـــی کوردســـتان دەرچووە و لە لاپەڕە ٢یدا نووسراوە (ئەمە یەکەمین بەرهەمی ســـێیەمین خولی گۆڤارەکەمانە کە پێشـــکەشـــتان کرا)، ئەو بەڕێزانەی لەم ژمارەیەدا بەشـــداربووینە قوسری (خالە حەمە)، هەڵۆ، مەهدی خۆشـــناو، بەنگین، ئافەرین جاسم، نەژاد عەزیز سورمێ، ناکام و سەبری بۆتانی. دوای وەستانی بۆ ماوەیەکی درێژ دووبارە ژمارەی ١ی لە مانگی ئەیلوولی ١٩٩٧ لە هەولێر دەســـتی بە دەرچوون کردەوە و لەســـەری نووسراوە (گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشـــنبیری گشـــتییە فەرمـــــاندەیی لەشـــکری کوردســـتان- مەکتەبی ڕێکخســـتنی پێشـــمەرگە دەریدەکات). بابەتەکانیان سیاسی و سەربازی و ئەدەبی و مێژوویی بوون. تا ژمارە ٩٦ هیچ ئاماژە بە ژمارەی ساڵەکان نەکراوە و لە ژمارە ٩٦ی ئاداری ٢٠٠٦ بووەتە ساڵی ٩، لە ژمارە ١٠٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ بووەتە ساڵی ١٠، لە ژمارە ١٢١ی نیسانی ٢٠٠٨ بووەتە ساڵی ١١، لە ژمـــــارە ١٥٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٠ بووەتە ساڵی ١٢، لە ژمارە ١٦١ی ئابی ٢٠١١ بووەتە ساڵی ١٣، دوا ژمارەی بەردەستمان ژمارە ١٧٤ی ئەیلوولی ٢٠١٢یە. لە ژمارە ١٤١ تا ١٧٤ عومەر عوسمان مێرگەسۆری خاوەن ئیمتیاز و فریاد بارزانی سەرنووسەر بووینە. لە ژمارە ٣ تا ٨ لە چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشـــنبیری لە هەولێر، ژمارە ٨٤ لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر، ژمارە ١٠٤ تا ١١٣ و ١٣٢ تا ١٦٦ لە چاپخانەی ئاراس لە هەولێر، لە ژمارە ١١٤ تا ١٣٠ لە چاپخانەی موکریانی لە هەولێر، لە ژمارە ١٦٧ و ١٦٨ لە

(١) محەمەد مەلا قادر، ســـەربردە- کورتەیەک لە بیرەوەرییەکان، چاپی یەکەم، (دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر- ٢٠٠٩)، ل ٧٧.

(٢) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

چاپخانەی حاجی هاشم لە هەولێر چاپ کراون[1].

لەم بارەیەوە فریاد بارزانی گوتی: "لە شـــۆڕشـــی ئەیلوول ٢٥ ژمارەی لێ دەرچووە و لە ساڵی ١٩٩٧ دووبارە دەرچوویەتەوە کە ١٧٦ ژمارە بووە لە دوای ساڵی ١٩٩٧ دەرچووە"[2]. بەڵام مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە دەڵێت: "لە شۆڕشی ئەیلوول ٢٨ ژمارەی لێ دەرچووە"[3].

٣- **پێشمەرگە:** گۆڤارێکی لەشکری- ڕۆشنبیری گشتیە، وەرزانە سوپای یەک، هۆبەی ڕێنمایی سـیاسـی دەریدەکات. ژمارە ١ی لە مانگی ئابی ١٩٩٦ بەبۆنەی یۆبێلی زێڕینی پارتی دیموکراتی کوردسـتانەوە دەرچووە[4]. ل دهۆکێ ب زمانی کوردی و عەرەبی دەردچوو. هژمارا ١٧ و دیماهیـکێ ل شـواتا ٢٠٠٠ دەرکەفتییە. ل دەسـتپێکێ لیوا بابەکر زێباری خودانێ ئیمتیازێ بوو و حەسـەن نوری سـەرنڤیسـکار بوو. پاشـان نادر هەورامی بوویە خودانێ ئیمتیازێ و مەسـعود سـەرنی بوویە سـەرنڤیسـکار و خوشـناڤ جەمیل بوویە سـکرتێری نڤیسـینێ تا راوەسـتانا وێ. هەروەسـا ل دەسـتپێکێ دەسـتەکا نڤیسـەرا ژ ڤان بەڕێزان پێک دهات ل عەلی عەبدولخالق، ئازاد موختار، لەزگین مسـتەفا. پاشـان د قوناغەکا دیتر ئەڤ بەرێزە بوونە دەسـتەکا نڤیسـەرا عەبدوڵا سـگێری، عەلی عەبدولخالق، تالب سەعید نهێلی، فاروق ئەمین ئامێدی، عەبدوڵا حسێن ئامێدی، جەعفەر یوسف شێخ مەمی هەروەسا ڕێبەر عومەر و محەمەد مەلا حەمـدی ب دەرهێنانا گۆڤارێ رادبوون و ڤیان عەبدوڵا ب کاری تایپ کرنێ ڕادبوو[5].

## ● بەشی هەڵبژاردن:

پێشـتر بەشـێکی سـەربەخۆ بووە بە دەزگای هەڵبژاردن دەناسرا، بەڵام لە کۆنگرەی ١٤ بووە بەشێک لە مەکتەبی سیاسی پارتی:

١- **هەڵبژاردن:** گۆڤاری دەزگای گشـتی هەڵبژاردنە بە زمانی کوردی دەریکردووە. ژمارە ١ی لە

(١) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان؛ وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧.

(٢) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ فریاد بارزانی، (پیرمام- ٢٣ی شوباتی ٢٠٢٣).

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە، (هەولێر- ٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٣).

(٤) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩.

(٥) وەصفی حەسەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.

ساڵی ٢٠٠٦ و دوا ژمارەی بەردەستمان ژمارە ٤٤ی لە نیسانی ٢٠١٤ دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی لە ژمارە ١ تا ١١- ١٢ جەعفەر ئیبراهیم و لە ژمارە ١٣ تا ٤٤ خەسرۆ گۆران بوونە. سەرنووسەری لە ژمارە ١ تا ١١- ١٢ ساڵح هەرکی و لە ژمارە ١٣ تا ٤٤ قەرەنی قادری بوون. ژمارە ١٣ تا ٤٤ لە چاپخانەی نازە لە هەولێر چاپکراون. پاشکۆیەکی بە ناوی پاشکۆی هەڵبژاردن هەبووە[١].

٢- **هەڵبژاردن:** پاشکۆی گۆڤاری هەڵبژاردنە، دەزگای گشتی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە زمانی کوردی دەریکردووە، بێ ژمارەیە لە شوباتی ٢٠١٣ دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی خەسرۆ گۆران و سەرنووسەری قەرەنی قادری بوونە، لە چاپخانەی نازە لە هەولێر چاپ کراوە[٢].

٣- **هەڵبژاردن (تایبەت):** گۆڤاری دەزگای گشتی هەڵبژاردنە بە زمانی کوردی دەریکردووە. دوو ژمارەی تایبەتی گۆڤاری هەڵبژاردن بێ ژمارە بڵاوکراونەتەوە یەکێکیان لە ئاداری ٢٠١٣ و ئەوی دیکە لە ئابی ٢٠١٨ دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی جەعفەر ئیبراهیم و سەرنووسەری ساڵح هەرکی بوون[٣].

## • بەشی دیراسات و پێگەیاندن:

بەشێکی مەکتەبی سیاسی پارتییە بۆ توێژینەوە، یەکەمجار بەناوی مەکتەبی ناوەندی دیراسات کرایەوە، دواتر ناوەکەی کراوە بە سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دوای کۆنگرەی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان ناوەکەی بووەتە بەشی دیراسات و پێگەیاندن، ئەمەی خوارەوە یەکێکە لە گۆڤارەکانی:

١- **شرۆڤە:** گۆڤارێکی سیاسی فکرییە، ئێستا بووەتە وەرزە گۆڤارێکی سیاسی هزری، بەشی دیراسات و پێگەیاندن بە زمانی کوردی دەریدەکات. ژمارە ١ی لە ساڵی ٢٠٠٦ و ژمارە ٢٨ی لە ساڵی ٢٠١٨[٤]، ژمارە ٣٢ لە ئایاری ٢٠٢٣ دەرچووە، بۆ ماوەیەک ئەم گۆڤارە وەستاوە، دواتر ژمارە ٣٤ لە ئاداری ٢٠٢٤ و ژمارە ٣٥ لە ئەیلوولی ٢٠٢٤ دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی لە ژمارە ١ تا ١٠ جەعفەر ئیبراهیم، لە ژمارە ١١ تا ١٤ دکتۆر عەبدوڵا ئاگرین، لە ژمارە ١٥

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
(٢) هەمان سەرچاوە.
(٣) هەمان سەرچاوە.
(٤) https://zheen.org.

تا ٣١ سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستان و ژمـــارە ٣٢ و ٣٤ و ٣٥ بەشـی دیراسـات و پێگەیاندن بووینە. سـەرنووسـەری لە ژمـــارە ١ تا ١٤ نەورەس ڕەشید، لە ژمــارە ١٥ تا ٢٤ دکتۆر عەبدوڵا ئاگرین، لە ژمارە ٢٥ تا ٣٥ دکتۆرە چنار سەعد عەبدوڵا بوونە. ژمارە ١ تا ٤ و ١٢ تا ١٤ لە چاپخانەی حاجی هاشم لە هەولێر، ژمارە ٥ تـــــا ١١ لە چاپخانەی ئاراس لە هەولێر، لە ژمارە ١٥ تا ٣٢ لە چاپخانەی ڕۆژهەڵات لە هەولێر، ژمـارە ٣٤ و ٣٥ لە چاپخانەی دانیشفەر لە هەولێر چاپ کراون. ژمارە ١٤ی تایبەت بووە بە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان(١).

## ● بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن:

یەکێکە لە بەشـەکانی مەکتەبی سیاسی، لە ساڵی ١٩٤٦ هۆبەی ڕاگەیاندن و دارایی بووە و لە ئاداری ١٩٧٤ بووەتە ئەمانەتی گشـــتی ڕاگەیاندن و ڕۆشـــنبیری و لاوان، کاتێک ئەمانەت (وەزارەت)ەکان دامەزران، یەکێک لەوانە ئەمانەتی گشـــتی ڕاگەیاندن و ڕۆشـــنبیری و لاوان بووە، کە لە ســـێ بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی پێکهاتبوو (بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی ڕاگەیاندن فەلەکەدین کاکەیی بەڕێوەبەری گشـتیی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بووە، بەڕێوەبەرایەتی گشـتی ڕۆشـــنبیری تەڵعەت نادر بەڕێوەبەری گشـــتی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بووە، بەڕێوەبەرایەتی گشـتی لاوان فەرهاد عەونی بەڕێوەبەری گشـتی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بووە)(٢)، دواتر بووەتە مەکتەبی ڕاگەیاندن و لە هەفتەی یەکەمی مانگی شـوباتی ٢٠٠٢ بووە بە ١٠ هۆبە کە بریتی بوون لە مەکتەبی ناوەندی ڕۆشـــنبیری و ڕاگەیاندن، دەزگای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی کوردســـتان، دەزگای ڕۆژنامەنوســـی برایەتی و خەبات، دەزگای تەلەڤزیۆنی کوردســـتان کەناڵی ئاســـمانی، دەزگای ڕۆشـنبیری و ڕاگەیـــــاندن، ئەرشـیفی مەرکەزی، بەڕێوەبەرایەتی تەکنیکی ناوەندی، بەڕێوەبەرایەتی ئینساتی مەرکەزی، ناڤـــەندا خانی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی. کاروان ئاکرەیی لە ١٢ی شـوباتی ٢٠٠٠ لەلایەن سـەرۆک مەسـعود بارزانی کرا بە بەرپرسـی ڕاگەیاندن لە مەکتەبی ڕاگەیاندن. لە سـاڵی ٢٠٢٣ لە کۆنگرەی ١٤ی پارتی، مەکتەبی ڕاگەیـاندن بووە بەشێک لە مەکتەبی سیاسی. ئەم بەشە کۆمەڵێ بڵاوکراوەی لەخۆ گرتووە کە هەندێک لەوانە لە ساڵانی ١٩٤٦- ١٩٧٤ لە پێشتر باسکراوە، لەم تەوەرشـدا لە ساڵی ١٩٧٤ بەدواوە باس دەکەین. ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وەک (گۆڤارا پێشمەرگە، گۆڤاری دەنگی پێشـــمەرگە، پاشـــبەندی دەنگی پێشـــمەرگە، بڵاوکراوەی أخبار کوردســـتان (هەواڵی

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٢) فەرهاد عەونی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

کوردستان)، گۆڤاری صوت کوردستان، بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان، بەلاغی عەسکەری، بڵاوکراوەی صـــوت الشـــبيبة الكردية- KURD DENGÊ LAWANÊ، ئینســـاتی ناوەندی (م.س)، ئەنســـاتی ناوەندی ئەلکترۆنی (بەشـــی ڕۆشـــنبیری)، ڕۆژنامەی پەیمان، ڕۆژنامەی هەولێر پۆســت- هەولێر، ڕۆژناما Kurdish Globe، ئاژانســی هەواڵی زاگرۆس ZN/ئاژانســی هەواڵی پەیامنێر.

هەروەها، مەکتەبی ڕاگەیاندن بەشــی دەزگای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی کوردســتان لەخۆگرتووە لەوانە، دەزگای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی کوردســـتان وەک (KTV (هەولێر- پیرمام)/ تەلەڤزیۆنی کوردســتان (کەناڵی مەرکەزی یان ناوەندی، Ktv کوردســتان ســەتەلایت/کوردســتان تی ڤی (کەناڵی ئاســـمانی)، تەلەڤزیۆنی زاگرۆس-زاگرۆس تی ڤی (ئاســـمانی)، تەلەڤزیۆنی زاگرۆس عەرەبی، دەزگای بێتەلی پەخشی ڕادیۆ، تەلەڤزیۆنی خەبات، تەلەڤزیۆنی کورستان (دهۆک)، تەلەڤزیۆنی دهۆک، ئێزگەی دەنگی کوردستان/زاخۆ، ڕادیۆی دەنگی زاخۆ، ڕادیۆیا زاخۆ، Ktv کەناڵی (ســـلێمانی)، Ktv (کۆیە)، Ktv کەناڵی دەروازەی ڕاپەڕین (ڕانیە)، TV پارتی-کەناڵی شـارەزور، KTV (ئاکرێ)، ڕادیۆی دەنگی کوردسـتان (دهۆک)، ڕادیۆی دهۆک، ئێزگێ دەنگێ شــەقڵاوە، ڕادیۆ پارتی-شــارەزور، ڕادیۆیا ئاکرێ، ڕادیۆیا چۆمان، دەزگای ناوەندی ڕۆشــنبیری ڕادیۆ و تی ڤی کەرکووک وەک KTV(کەرکووک)- کەرکووک تی ڤی- حەمرین تی ڤی (کەرکووک)- باوگوڕگوڕ (کەرکووک)، ڕادیۆی دەنگی کوردستان (کەرکووک).

بەشـی چاپخانەی مەکتەبی ڕاگەیاندن بریتین لە ڕزگاری، سـەلاحەدین، خەبات، ئەلتەئاخی، موکریان و خانی.

ســـەنتەر و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بریتی بووە لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (التآخي)، دەزگای موکریان هەولێر، ناڤەندا خانی (دهۆک)، سـەنتەرێ دەلال (زاخۆ)، دەزگای شـــەفەق (کەرکووک)، دەزگـای گوڵان، دەزگـای هەرمـان (بـارزان)، دەزگـای (دار الاهـالي) لە دهۆک دواتر لە بەغدا، دەزگای شەفەق (فەیلی- لە بەغدا).

نووسـینگەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندن بریتین لە نووسـینگەی خەبات، نووسـینگەی برایەتی (سلێمانی)، نووسینگەی دەزگای ڕۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات.

**یەکەم- ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە:** ڕاسـتەوخۆ سـەر بە بەشـی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندن بووینە لەوانە:

**١- نتائج المعارك في جبهات القتال في كردســـتان العراق:** بڵاوکراوەی خولی بووە، لەلایەن بەشـی دیراسـاتی ئەمانەی گشـتی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندن و لاوانی شـۆڕشـەوە دەرچووە.

ژمارە ١ی لە ناوەڕاستی نیسانی ١٩٧٤ و ژمــارە ٢ی لە سەرەتای ئایاری ١٩٧٤ و ژمارەە ٣ی لە ١٥ی ئایاری ١٩٧٤ دەرچووە[١].

**٢- صـوت کوردسـتان/ دەنـــــگی کوردسـتان:** دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد سـەرپەرشـتی دەرکردنی ئەم گۆڤارەی لە ئەســتۆ بووە، لە ئاداری ســاڵی ١٩٧٤ بۆ ئاداری ســاڵی ١٩٧٥ ناوبراو یاریدەدەری ئەمینداری گشـتی ئەمـــــانەی ڕۆشــنبیری و لاوانی شـۆڕش بووە[٢]. نـــــاوەڕۆکەکەی بریتی بووە لەو وتار و هەواڵانەی لە ئێزگەی دەنگی کوردستان بە زمانی عەرەبی بڵاودەکرانەوە، تەنیا ٣ ژمارەی لێ دەرچووە، کە ژمـــــارە ١ی دەنگی کوردستان بە زمانی کوردی لە ساڵی ١٩٧٥ دەرچووە[٣].

**٣- بــــــــارزان/ بارزان نیوز:** ڕۆژنامەیەکی گشــتی بوو لە ئەمریکا دەرچووە، وەک ئۆرگانی کۆمەڵەی قوتابیانی قوتابخانەی بارزانیی ناســێنرابوو. عەبدولقادر محەمەد ئەمین لە ئەمریکا دەریدەکرد. پاش ڕاپەڕین عـــــەبدولقادر سـەردانی کوردسـتانی کرد و لە هەولێر دەریکرد، لە ساڵی ٢٠٠٩ ناوەکەی لە (بارزان) کراوەتە (بارزان نیوز).

ئەم ڕۆژنامەیە لە ژێر دروشمی (کوردستان یەک پارچەیە، ئەو سنوورەی جیای کردۆتەوە دەستکردە) بڵاودەکرایەوە. ژمــــارە ١ی لە ئەیلوولی ١٩٨١، بە دیالێکتی کرمانجی خواروو-سـۆرانی و بە ئەلفوبێی کوردی لە عەرەبی و ئارامی داهێنراو چاپکراوە. پاش سـەرهەڵدانی کوردسـتانی باشـوور و لە کاتی هەڵبژاردنی یەکەم خولی پەرلەمانی کوردسـتان، ژمارەکانی ١٠، ١١، ١٢ی ڕۆژنامەی بارزان لە شـــاری هەولێر چاپ و بڵاوکرایەوە و بە یەکجاری گەڕایەوە هەولێر و دامەزرێنەر و خاوەن ئیمتیازی عەبدولقادر محەمەد ئەمین بوو. ژمارە ٥٠ی لە ١٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٨ بە ڕەش و ســپی دەرچووە و دامەزرێنەر و خاوەنی ئیمتیاز لەو ژمارەیەدا عەبدولقادر محەمەد ئەمین و سەرنووسەری نەجات حەمید ئەحمەد بووە. ژمارە ١٠٦ی ٨ی ئاداری ٢٠٠٩ بە ڕەش و سپی و ڕەنگاوڕەنگ دەرچووە و دامەزرێنەر و خاوەن ئیمتیاز عەبدولقادر محەمەد ئەمین ســەرنووســەر غازی حەســەن بوونە. ژمارە ١٣٥ی ٤ی تشــرینی یەکەمی ٢٠٠٩ بە ناوی (بارزان نیوز) دەرچووە، کە خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری غازی حەسەن بووە. دوا ژمارەی ٢٠٢ی ٢٧ی شوباتی ٢٠١١ بووە[٤].

---

(١) من ادبیات الحزب، خەبات(النضال)، عدد ٥١٩، (اواسط حزیران- مطبعة خەبات)، ص ٨.

(٢) فەرهاد عەونی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە، (هەولێر- ٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٣).

(٤) جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٢٨- ١٣٣.

پاشکۆ و ڕۆژنامەکانی بارزان/ بارزان نیوز:

أ- **بارزان sport News:** هەفتەنامەیەکی وەرزشـــی بوو، ڕۆژنامەی بارزان نیوز، لە ژێر دروشـمی (بارزان سپۆرت بکە بە سەرچاوەی زانیاریی وەرزشـی خۆت) دەریدەکرد. ژمارە ١ی لە ٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ بە لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگ بە زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی خواروو- سۆرانی دەرچووە. ژمارە ٨٢ی لە ٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١١ دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی غازی حەسەن و سەرپەرشتیاری گشتی مامە یارە ئەحمەد بووە[١].

ب- **ئەزموون:** پاشـــکۆیەکی ئەدەبی و هونەری بوو. هەفتەنامەی بارزان نیوز لە هەولێر دەریدەکرد. ژمارە ١ی لە ٢١ی شوباتی ٢٠١٠ بە زمانی کوردی دیالێکتی خواروو سۆرانی- کرمانجی بە ڕەش و سپی دەرچووە. ژمارە ٧ی لە ٢٣ی مایسی ٢٠١٠ دەرچووە[٢].

٤- **KURDISTAN NEWS:** ڕۆژنامەی پارتی دیموکراتی کوردســتان بووە، بە زمانی ئینگلیزی لە شـــاری هەولێر بڵاودەکرایەوە. یەکەم ژمـارەی لە مـانگی ئـاداری ١٩٩٣ دەرچووە. بابەتەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون. حەبیب محەمەد کەریم سەرنووسەری بووە[٣].

لەبارەی جۆری ڕۆژنامەکەیەوە وریا جاف پێی وایە (ڕۆژنامەیەکی ســیاســییە)[٤]. بەڵام لە سەرچاوەیەکی دیکە ئاماژە بەوەکراوە کە (مانگانەی گشتییە)[٥].

٥- **من الانترنیت:** گۆڤاری مەکتەبی ناوەندی ڕۆشـــنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە زمانی عەرەبی دەرچووە. ژمـــارە ٣٩ی لە ١٩٩٨[٦]، ژمارە ٧١ لە تشـــرینی دووەمی ١٩٩٨ و ژمارە ٦٥٩ لە شوباتی ٢٠٠١ دەرچوونە[٧].

٦- **هەولێر پۆســـت/ هەولێر:** ڕۆژنـامەیەکی ڕۆژانەی خۆڕاییە لەلایەن پـارتی دیموکراتی کوردســـتان بڵاودەکرێتەوە. بیرۆکەی دەرچوواندنی دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێز ســـەرۆ قادر کە

(١) هەمان سەرچاوە، ل ل ٤٤٠- ٤٤١.

(٢) جەمال خەزنەدار، ئینسـکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی کوردی، بڵاوکراوەکانی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردستان گۆڤاری ڕۆژنامەنووس (٤)، بەرگی یەکەم (الف)، (چاپخانەی حاجی هاشـم- هەولێر- ٢٠١١)، ل ٥٤٣.

(٣) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣.

(٤) هەمان سەرچاوە.

(٥) PDK News Views, (Kurdistan Demokratic Party, Iraq in USA & Eurpe), issue 1, july 1993 ,Merrifield, Virginia, page 5.

(٦) https://zheen.org.

(٧) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

سەردانی سوێدی کردووە و لە شوێنی مێترۆی ستۆکهۆڵم، ڕۆژنامــەی بە خۆڕایی دانرابوون و ئەویش بیرۆکەکەی گواستەوە بــۆ کوردستان و لە هەولێر جێبەجێی کرد، لە ساڵی ٢٠٠٤ سەرۆ قادر بوو بە بەرپرسی مەکتەبی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆژنامەی هەولێر پۆســتیان دەرکرد، ئیمتیازەکەی هی شــارەوانی هەولێر بووە لە ســاڵی ١٩٩٢ بەڕەزامەندی پــارێزگاری هەولێر نەوزاد هادی ئیمتیازەکە دراوە بە هەولێر پۆست. ئێکەمجار هەولێر پۆست لە دوایی ساڵی ٢٠٠٥ دەرچووە[١].

سەبارەت بە گۆڕینی ناوی ڕۆژنـــامەکە؛ لەسەر بڕیاری ئەنجوومەنی کارگێڕی ڕۆژنامەی هەولێر پۆســت بڕیاردرا بەلادانی وشــەی پۆســت لە ڕۆژنامەی (هەولێر پۆســت) کرا بە (هەولێر). لە چاپخانەی موکریـانی چـاپ دەکرا و لەلایەن دەزگـای تەتەرەوە پەخش و بڵاودەکرایەوە[٢]. ژمـارە ١٧١ لە ٢٦ی ئابی ٢٠٠٧ دوا ژمـارە بووە بەناوی هەولێر پۆست و ژمارە ١٧٢ی ٢٩ی ئابی ٢٠٠٧ بووەتە هەولێر[٣].

ئەو ژمـــــارانەی لە ئینســکلۆپیدیا بینیمانن لە هەولێر پۆســت نووسراوە (ڕۆژنامەیەکی گشتییە هەفتەی دووجار دەردەچێت)، لە ژمارە ١٣٨ تـــا ١٤٦ نووسراوە (لەلایەن دەزگای موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە دەردەچێت). لە ژمارە ٢٠٥ی ٩ی کـــــانوونی دووەمی ٢٠٠٨ نووسراوە (بە پشتیوانی پارێزگای هەولێر دەردەچێت)، هەرچەندە لە ژمـــارە ٣٣٦ی ٢٨ی تەمووزی ٢٠٠٨ لەسەری نووسراوە (لە ساڵی ١٩٥٠ پارێزگای هەولێر دەریکردووە)[٤]، بەڵام بەڕێزان عـــەبدوڵا زەنگەنە و سەرۆ قادر ئەوەیان ڕەتکردەوە کە ڕۆژنامەی هەولێری ئێســـتا بەردەوامی ڕۆژنامەی هەولێری ســـاڵی ١٩٥٠ بێت، بەڵکو بەردەوامی ڕۆژنامەی هەولێر پۆســتە و هیچ پەیوەندییەکی بەو ڕۆژنامە و پەخشـانامە و گۆڤارانەی پێشــتر نییە کە بە ناوی هەولێرەوە دەرچوونە[٥]، تا ئێســـتا بەردەوامە لە دەرچوون ژمارە ٤٢١٠ی لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ دەرچووە. ئەم ڕۆژنامەیە ماڵپەڕی تایبەت بەخۆی هەیە بە ناونیشـانی www.hawlerweb.net. کە ژمــــارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە بە pdf لەم ماڵپەرەیە

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆ قادر، (٢٦ی تشـرینی دووەمی ٢٠٢٣).

(٢) ڕۆژنامەی هەولێر پۆست، ژمارە ١٦٨، (١٥ی ئابی ٢٠٠٧- هەولێر- چاپخانەی موکریانی)، ل ١.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٤) هەمان سەرچاوە.

(٥) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆ قادر، (٢٦ی تشـــرینی دووەمی ٢٠٢٣)؛ ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا زەنگەنە، (هەولێر- ٦ی ئەیلوولی٢٠٢٣).

هەیە، جگە لە هەواڵی ناوخۆیی و جیهانی و سیاسی و ئەدەبی و کولتوری و ئابووری و وەرزشی[١].

ئەو پاشکۆ و هەفتەنامەی ڕۆژنامەی هەولێر دەریدەکرد ئەمانەن:

ا- **بەڕوو:** هەفتەنامەیەکی زانیاری گشتی بوو. ڕۆژنامەی هەولێر بە دیالێکتی کرمانجی خوارووـ سۆرانی دەریدەکرد. بە خۆڕایی لەگەڵ ڕۆژنامەی هەولێر بڵاودەکرایەوە. ژمارە ١ی لە ٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩ دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی ئاریان فەرەج و سەرنووسەری جەواد قادر و بەڕێوەبەری نووسینی زکری موسا بوونە. ژمارە ٦٦ی لە ٧ی ئاداری ٢٠١٠ دەرچووە[٢].

ب- **ئابووری هەولێر:** پاشکۆیەکی سەربەخۆیە لەلایەن ڕۆژنامەی هەولێر هەفتەی جارێک بڵاودەکرێتەوە. ژمارە ١ی ئەم پاشکۆیە لەگەڵ ژمارە ٢٢٠ی ڕۆژنامەی هەولێر لە ٥ی شوباتی ٢٠٠٨ دەرچووە. جەبار قادر بەڕێوەبەری و ماکوان عزەت و لوقمان مستەفا دەستەی کاری بوون[٣].

٧- **Kurdish Globe:** ئەم هەفتەنامەیە لەلایەن بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە زمانی ئینگلیزی لە هەولێر دەردەچێت و پاڵپشتی دەکرێت. بایەخی بە بابەتە سیاسی و کولتوری و هونەری و زمانەوانی و ئەدەبی و پەروەردە و تەندروستی و وەرزشیەکان دەدا.

ئەم هەفتەنامەیە؛ ژمارە ١ی لە ٣١ی نیسانی ٢٠٠٥ دەرچووە، سەرنووسەری تاهیر تەیب جاف بووە[٤]. ژمارە ٨٥ لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦ دەرچووە، ٦ لاپەڕەی ئینگلیزییە و ٦ لاپەڕەشی کوردییە، لەم ژمارەیەدا نیوەی ئینگلیزیە و نیوەکەی دیکەی بە ژمارە ١ی کوردی دەرچووە، لەسەری نووسراوە (ڕۆژنامەیەکی کوردی و ئینگلیزییە لە هەولێر دەردەچێت). سەرنووسەری ژمارە ١ی کوردییەکەی جەواد قادر و جێگری سەرنووسەر جەمال ئیختیار بوونە. ژمارە ٢٥٦ لە ١٥ی مایسی ٢٠١٠ بە ١٦ لاپەڕەیی بە زمانی ئینگلیزی دەرچووە. سەرنووسەری جەواد قادر، سەرنووسەر ئازاد ئەمین، بەڕێوەبەری نووسینی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سۆزان دێرون و بەڕێوەبەری نووسینی وڵاتە یەکگرتووەکانی بەریتانیا، بەشدار پوشۆ ئیسماعیل و دەستەی نووسەران ئاکۆ محەمەد، سازان م. مەولودی،

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٢) جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم (ب)، ل ل ٤٤٣- ٤٤٥.

(٣) جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم (الف)، ل ٤٧٩.

(٤) www.kurdishglobe.krd

ئەیوب مەولودی، زەکەریا محەمەد، قاسم خزر و هاوژین ڕەشادەدین بوون. ژمارە ٣٦٩ لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٢ بە ١٦ لاپەڕە بە ئینگلیزی دەرچووە. سەرنووسەری ئازاد ئەمین و بەڕێوەبەری نووسینی وڵاتە یەکگرتووەکانی بەریتانیا، بەشدار پوشۆ ئیسماعیل و دەستەی نووسەران زەکەریا محەمەد، سازان م. مەولودی، ساڵح وەلەدبەگی. ژمارە ٣٧٧، ٣٨٠، ٣٨٧ بەهەمان شێوەی ژمارە ٣٦٩ بوون. ژمارە ٥١٩ لە ٢١ ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥ بە ئینگلیزی بە ٨ لاپەڕە دەرچووە. سەرنووسەری غازی حەسەن بووە و بەڕێوەبەری نووسینی وڵاتە یەکگرتووەکانی بەریتانیا، بەشدار پوشۆ ئیسماعیل و دەستەی نووسەران زەکەریا محەمەد و ساڵح وەلەدبەگی بوون. ژمارە ٥٢٠، ٥٣٤، ٥٣٥، ٥٣٦، ٥٤٥، ٥٤٨، ٥٦٧، ٥٦٨ بەهەمان شێوەی ژمارە ٥١٩ بوون[١]. لە ژمارە ٥٦٨ لە ٢٠ی شوباتی ٢٠١٧ وەستاوە، دووبارە لە ٢١ی ئابی ٢٠٢٣ بە ژمارە ٥٦٩ دەستی بە دەرچوون کردەوە. ژمارە ٥٨١ی لە ١٩ی شوباتی ٢٠٢٤ دەرچووە[٢].

هەروەها ماڵپەڕی تایبەت بەخۆی هەیە بەناوی kurdishglobe.krd سەرپەرشتی ماڵپەڕەکە عەلی سمکۆیە. لە ٢٨ی ئابی ٢٠٢٣ وەک تێستی ئەزموونی کەوتۆتە کار و تا ئێستا بەردەوامە[٣].

٨- **بەرەو هەڵبژاردن:** بڵاوکراوەیەکە لەلایەن بەشی مەکتەبی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بەیادی هەڵبژاردنی لقی چواری پارتی لە ساڵی ٢٠١٤ دەرچووە[٤].

٩- **ئەنساتی ناوەندی ئەلکترۆنی (بەشی ڕۆشنبیری):** بڵاوکراوەی ڕۆژانەی ئەلیکترۆنی بەشی ڕاگەیاندنی ناوەندی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە. بە زمانی کوردی بووە. ژمارە ١٢٣٨ی ١٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢ و ژمارە ١٢٣٩ی ٢٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢ دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن/ بەشی ئەنسات، ژمارە ١٢٥٥ی ساڵی ٨ی ١٣ی ئاداری ٢٠٢٣ تا ژمارە ١٢٦١ی ساڵی ٨ی ٢٦ی ئاداری ٢٠٢٣ بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن (ئەنسات بۆ چاودێری و شیکردنەوەی میدیایی)، ژمارە ١٢٦٢ی ساڵی ٨ی ٢٧ی ئاداری ٢٠٢٣ تا ١٢٨٦ی ساڵی ٨ی ٢٥ی نیسانی ٢٠٢٣ بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن تا ئێستاش

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٢) www.kurdishglobe.krd

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٤) هەمان سەرچاوە.

بەردەوامە لە دەرچوون[١].

## دووەم- ئاژانسی هەواڵی زاگرۆس ZN/ ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر:

ئەم ئاژانسە سەر بە دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە. بە زمانی کوردی و لاتینی و عەرەبی بابەتەکانی بڵاودەکاتەوە. لە ڕێکەوتی ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٤، بە ناوی (ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر) کەوتەکار، تا ساڵی ٢٠١٤ بەم ناوە بووە و دواتر ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (ئاژانسی هەواڵی زاگرۆس) تا ئێستا بەردەوامە لە کارەکانی.بارەگاکەی لە هەولێر بووە، ئێستاش لە هەولێر لە میدیا سەنتەرە. بابەتەکانی زیاتر سیاسی کوردستانی، عێراقی و نێودەڵەتی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، وەرزشی، وتار، تەکنەلۆژیا، لایف ستایل و ڕاپرسی لەسەر پرسە گرنگەکانی نێوخۆیی و جیهانین. یەکەم بەڕێوەبەری میکائیل ئاکرەیی بووە و دواتر ڕێبوار کەریم وەلی و دواتر عەبدولڕەزاق عەلی و دوای ئەو شڤان حەمدی کە تا ئێستا هەر ئەو بەڕێوەبەرێتی. ماڵپەڕیان بە ناونیشانی WWW.Zagrosn.com [٢].

## سێیەم- دەزگای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی کوردستان:

دەزگای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی کوردستان لە هەفتەی یەکەمی شوباتی ٢٠٠٢ ڕێبوار یەڵدا بەرپرسی ئەم دەزگایە بووە[٣]. ئەم دەزگایە چەند تەلەڤزیۆن و ڕادیۆیەک لەخۆ دەگرێت لەوانە:

١- **دەنگی کوردستانی عێراق**: ئەم ڕادیۆیە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا، کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی شۆڕشی کوردی و باشووری کوردستاندا ئێزگەیەک هاتە بوون. ئەم ئێزگەیە چەند قۆناغێکی تێپەڕاندووە؛ قۆناغی یەکەمی لە ساڵی ١٩٦٣ تا ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، قۆناغی دووەمی لە مانگی ئاداری ١٩٧٤ تا ساڵی ١٩٧٥، قۆناغی سێیەم دوای ساڵی ١٩٧٥ تا ٥ی ئەیلوولی ١٩٨٨ و کۆتا قۆناغی لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩١ تا ئێستا بووە[٤]. هەندێکجار بە دەنگی کوردستانی عێراق و هەندێکجاریش بە دەنگی

---

(١) هەمان سەرچاوە.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ شڤان حەمدی حوسێن، (١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤).

(٣) وریا جاف، مێژووی دەنگی کوردستانی عێراق، (چاپخانەی خەبات- دهۆک- ٢٠٠٢)، ل ١٦٣.

(٤) صالح یوسف صوفی، کرۆنۆلۆژیا کوردستانێ و جیهانێ، بەرگێ سێ، ڕێڤەبەرییا چاپ و بلاڤکرنێ، (چاپخانا پارێزگەها دهۆکێ- دهۆک- ٢٠١٣)، ل ٩٦٢.

کوردستان کاری کردووە[1].

**قۆناغی یەکەم:** سەبارەت بە یەکەم ڕۆژ و مانگی دەستپێکردنی پەخشی ڕادیۆ ڕای جیاواز هەیە، لە بڵاوکراوەی (PDK News Views) دا هاتووە ((بۆ یەکەمجار لە ١٥ی تەمووزی ١٩٦٣ دامەزرا تا مانگی ئاداری ١٩٧٠ بەردەوام بوو))[2]. وریا جاف نووسیویەتی ((لە ٢٠ی ئابی ١٩٦٣ دەستی بە پەخش کردووە))[3].ساڵح یوسف نووسیویەتی ((لە ٢٨ی ئەیلوولی ١٩٦٣ دەستپێکرد))[4]. بەڵام بەپێی ئەو بابەتەی لە لاپەڕە ١ی ژمارە ٤٧١ی ڕۆژنامەی خەباتی ئەیلوولی ١٩٦٣ لە ژێر ناونیشانی (دەنگی کوردستان في خدمة الشعب و الثورة) بڵاوکراوەتەوە، نووسراوە ((لە ٢٠ی ئابی ١٩٦٣ ئەم ئێزگەیە دەستی بە پەخش کردووە و دکتۆر سەید عەزیزی شەمزینی بەم بۆنەیەوە وتاری مەلا مستەفا بارزانیی خوێندەوە. ڕادیۆی دەنگی کوردستان هەموو ڕۆژێ لە دەمژمێر ٨ی ئێوارە بە کاتی بەغدا پرۆگرامەکانی لەسەر شەپۆلی کورت بە درێژی ٤٣ مەتر بۆ ماوەی کاتژمێرێک و هەروەها نیو کاتژمێر بەرنامەی دەنگی برایەتی کورد و عەرەب بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە)). هەروەها لە ژمارە ٤٧٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ی خەبات دا هاتووە ((بۆ بەرەوپێشبردنی بەرنامەکانی دەنگی کوردستان بۆ ماوەیەکی کەم وەستاوە، پاشان لەسەر شەپۆلی کورتی ٤٧،٥ مەتر دووبارە دەستی بە پەخشی خۆی کردووەتەوە. بەشی کوردی لە دەمژمێر ٦:٣٠ تا ٨:٠٠ و بەرنامە عەرەبییەکەی بە ناوی (صوت الاخوة العربية الكردية) لە دەمژمێر ٧:٣٠ لەسەر هەمان شەپۆڵ بووە))[5]. لە وتاری سابیر ئەحمەد بۆ ڕۆژنامەی خەبات هاتووە ((لە ئەیلوولی ڕابردوودا ٢٥ ساڵ بەسەر دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراقدا ڕەت بوو، کە لە پاییزی ١٩٦٣دا دەنگی زوڵاڵی گەلی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول و پارتی بەسەرکردایەتی بارزانی نەمر بڵاوبووەوە))[6].

ئەم ئێزگەیە لەسەر شاخی گردەڕەش لە ناوچەی ماوەتی سەر بە پارێزگای سلێمانی لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕش دامەزراوە، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەستی بە

(١) سابیر ئەحمەد، یۆبیلی زیوین "٢٥" ساڵەی ئێزگەی دەنگی کوردستانی عیراق، ڕۆژنامەی خەبات(النضال)، ژمارە ٥٨٥، (تشرینی دووەمی ١٩٨٨)، ل ٣.

(٢) PDK News Views, (Kurdistan Demokratic Party, Iraq in USA & Eurpe), issue 1, july 1993 ,Merrifield, Virginia), page 5.

(٣) وریا جاف، مێژووی دەنگی.. سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٥- ١٦.

(٤) صالح یوسف صوفی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگێ سێ، ل ٩٦٢.

(٥) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٦) سابیر ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣.

پەخش کردووە، حەبیب محەمەد کەریم بەرپرسـی لێژنەی ئێزگە و نووسـەر و بێژەری عەرەبی بووە[1]. لەسـەر فەرمانی سـەرۆک مەلا مسـتەفا بـارزانی وەک یەکەم قۆناغی ئەزموونی لە چیای گردەڕەشـەی ماوەت پەخشکرا، عەبدولخالق مەعروف ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاوی هەبووە[2]، کە ناوبراو لە سـاڵی ١٩٦٣ چووەتە ڕیـزەکانی شـۆڕشـی ئەیلوول و بووەتە بەڕێوەبەری ئێزگەی دەنگی کوردستان[3]، ئەم ئێـزگەیە لە ڕێگەی کەمال عوسمان ئاغا دابینکرا بۆ شـۆڕش، کە لە ڕێی براکەیەوە سـەلاح عوسـمان ئاغای و لەتیف قۆجە لە بەغدا نێردرا بۆ هەولێر[4].

دەیـان کادری پێشـکەوتووی حزب لە ڕێی ئەم ئێزگەیەوە هەواڵی سـەرکەوتنەکانی پێشـمەرگە و ورەی بەرزی جەمـاوەر و هێزی بەرگری میللی دەگەیاندە گوێی هەموو کەسێک، دوای مـاوەیەک ئێزگە گوێزرایەوە دەڤەری قەسر و ماکۆک و پاشـان بۆ کانی خـاتوون لەسـەر سـنووری ئێران و هـاوکات، لەوێ بەرنـامەکانی نـاوخۆی ئێزگە کرایە سەرتاسەری و لە ئێزگەی ناوخۆیی دەرچوو[5].

دەنگی کوردستانی عێراق، ڕۆژانە سێ کاتژمێـر لە ١٦:٠٠ بـۆ ١٩:٠٠ گرێنێچ بە زمانی کوردی و عەرەبی و نـاوبەنـاو بە زمـانی ئـاشـووری و تورکیش پەخش دەکرا. دەنگی کوردسـتانی عێراق بە ١٦١٠ KHZ لە MW و ٤١٨٠ KHZ لە ٧٥مەتر SW بـاند پەخش دەکرا[6].

دوای وەستانی لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ جارێکی دیکە لە ناوەڕاستی ئـایاری ١٩٦٥ لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕش لە گۆڕی گـاجوتان، لە پشت گوندی وەڵاش دامەزرایەوە و دەستی بە پەخشـکردەوە و سـاڵح یوسـفی سـەرۆکی دەسـتەی بەڕێوەبردنی کاروباری ئەم ئێزگەیە

(١) وریا جاف، مێژووی دەنگی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٥- ١٦.
(٢) ژیار پشـدەری، ئێزگەی دەنگی کوردسـتان دەنگی زوڵاڵی شـۆڕش و خەباتی نەتەوەیی و بڵندگۆی ڕاستی، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە ١٢٦، (ئەیلوولی ٢٠٠٨- چاپخانەی موکریانی- هەولێر)، ل ٤٠.
(٣) فـاروق ابراهیم شریف، الضـباط الکورد في الجیش العراقي، الجزء الاول، الطبعـة الاولی، (مطبعـة ORKA MATBAACILIK TURKEY- تورکیا- مایس ٢٠١٤)، ص ٢٧٦.
(٤) بەسـەرکردنەوەی هەڤاڵ (لەتیف قۆجە) پێشـمەرگەی دێرینی شـۆڕشـی ئەیلوول، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە ١٥٥، (شوبات ٢٠١١- چاپخانەی ئاراس- هەولێر)، ل ٣٩.
(٥) ژیار پشدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤٠- ٤١.
(٦) PDK News Views, (Kurdistan Demokratic Party, Iraq in USA & Eurpe), issue 1, july 1993 ,Merrifield, Virginia) , page 5.

بووە[١].

دوای دەرکردنی بەیـانی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ ئێزگەی (دەنگی کوردســـتـانی عێراق) وەســـتاوە و دووبارە لە هاوینی ســـاڵی ١٩٦٨ لە ناوچەی باڵەکایەتی لە نێوان پردی زەرد و قەسر و ماکۆس تا ڕێککەوتننامەی ١١ی ئـــــاداری ١٩٧٠ دەسـتی بە پەخش کردووە[٢]، لە ساڵی ١٩٦٩ بـــارزان مەلا خالید، ڕەفیق چالاک، دڵشاد مەعروف، محەمەدئەمین ئاغوک بە زمانی کوردی، سـەعید یەحیا خــــەتات بە زمانی عەرەبی، سـوها عەبدولڕەحمان بە زمانی تورکمانی، شەهید فەڕەنسۆ هەریری و قەشە فەرەنسیس داود بە زمـــانی ئاشووری، یۆنان هورموز بە زمانی فەڕەنسی، ئەنوەر میرزا بەرواری و جەرجیس فەتحوڵا بە زمانی ئینگلیزی سەرکەوتنی هەڵمەتی نەوتی کەرکووک بڵاوکردەوە[٣]. ئێـزگە دوایین جار گوێزرایەوە مەمی خەلان تاکو ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لە نێوان سـەرکردایەتی شـۆڕش و حکومەتی ناوەندی عێراق ئەوکات ئێزگە وەستا[٤].

**قۆناغی دووەم؛** لە پاش دەرکردنی یاسـای ئۆتۆنۆمی لەلایەن ڕژێمی بەعس، سـەرۆک مەلا مســـتەفا بارزانی لە ســـاڵی ١٩٧٤ بڕیاری بەگەڕخســـتنەوەی ئێزگەی دەنگی کوردســـتانی داوە[٥]. لە مانگی ئاداری ١٩٧٤ تا ئاداری ١٩٧٥، بە دەنگی کوردســـتانی عێراق بە شـــەش باندی جیاواز دەســـتی بە پەخشـــکردەوە بە زمانی کوردی، عەرەبی، ئاشـــووری، تورکی، ئینگلیزی[٦]. لە ٢٩ی ئاداری ١٩٧٤ لە دەوروبەری گوندی کۆسرەتـــــــان (هەولێر، چۆمان، ناوەند) بە پەیامێکی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی دەستی بە پەخشکردنی بەرنامەکانی بە زمـانەکـانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی و ئـاشـــووری و ئینگلیزی کردووە. دارا تۆفیق ئەمینی گشـتی ڕۆشـنبیری و لاوان بووە، ئەوکات مسـتەفا سـاڵح کەریم بوو بە بەرپرسـی بەشی کوردی ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق[٧]. لە پەخش بەردەوام بوو تا ناوی گۆڕا بۆ

(١) وریا جاف، مێژووی دەنگی.. سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٧، ٢١.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ل ٢٧، ٢٨.

(٣) وەصـــفی حەســـەن، داســـتانا لێدانا گازخانا کەرکووک، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، (چاپخانەی خانی- دهۆک- ٢٠١٠)، ل ٣١.

(٤) ژیار پشدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

(٥) فەرهاد عەونی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

(٦) PDK News Views, (Kurdistan Demokratic Party, Iraq in USA & Eurpe), issue 1, july 1993 ,Merrifield, Virginia) , page 5.

(٧) وریا جاف، مێژووی دەنگی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥٣، ٥٥.

ئەمینداریەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن[1].

لە ساڵی ١٩٧٤، سامی شۆڕش لە ڕێگای کەریم شنگالی بە نووسەری وتاری سیاسی و داڕێژەری هەواڵ لە ڕادیۆی کوردستانی عێراق دامەزراوە[2]. مام هەژار، کەمال میراودەلی، خوشکە گەزیزە، عومەر چاوشین، ڕەفیق چالاک، مستەفا ساڵح کەریم و بارزان مەلا خالید...، وەک کادر لەم ئێزگەیە کاریان کردووە[3]. زۆر لە بەرنامە و بەیاننامە و ڕاپۆرتەکانی تۆمار و چاپ کردوون. دکتۆر دشنەری ئەڵمانی لە پەرتووکەکەی بەناوی (ڕۆڵەکانی سەلاحەدین) نووسیوویەتی: نەبەس خەڵکی کوردستان، بەڵکو خەڵکی عەرەبی عێراقیش لە ناوەڕاست و باشوور، لە ساڵانی ١٩٧٤ تا ١٩٧٥ ڕۆژانە گوێیان لە بەشی عەرەبی ئێزگەکە دەبوو، تا لە حەقیقەتی ڕووداوەکان (واتە؛ شەڕی سەختی ئەو سەردەمە لە کوردستان) تێبگەن[4].

**قۆناغی سێیەم؛** پەخشی ڕادیۆ لە ساڵی ١٩٧٧ لە ناوچە ئازادکراوەکان هاتەوە پەخش تا پاییزی ١٩٧٩ بە ئاستەنگێکی زۆر بەردەوام بوو[5]. لە پاییزی ١٩٧٧ ڕادیۆی ئێرە دەنگی کوردستانە، بە زمانی کوردی و عەرەبی لە گوندی بێداو لەلایەن سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە و دەستی بە پەخش کردووە، لەلایەن شەماڵ حەوێزی، ئاسۆ کەریم، فەتحی ئاکرەیی و فارس ئامێدی بەڕێوە دەچوو[6].

لە هەشتاکان جگە لە کاری حزبی و شۆڕش و پێشمەرگە، بایەخی بە گەیاندنی دەنگی جود و هەروەها بەرەی کوردستانی داوە[7].

سەبارەت بە ڕێکەوتی دەستپێکردنەوەی پەخشی ئەم ئێزگەیە لە ساڵی هەشتا ڕای جیاواز هەیە؛ لە بڵاوکراوەی (PDK News Views)دا هاتووە (لە ٩ی نیسانی ١٩٨٠

(١) ژیار پشدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.
(٢) حەمە ئەحمەد جاف، خامەی سامی شۆڕش، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە ١٥٨، (ئایاری ٢٠١١- چاپخانەی ئاراس- هەولێر)، ل ٧٣.
(٣) ژیار پشدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.
(٤) سابیر ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣.
(٥) PDK News Views, (Kurdistan Demokratic Party, Iraq in USA & Eurpe), issue 1, july 1993 ,Merrifield, Virginia) , page 5.
(٦) وریا جاف، مێژووی دەنگی... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٥.
(٧) سابیر ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣.

دەنگی کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و ڕۆژانە دەستی بە پەخشکردەوە)[1]. لە بڵاوکراوەی مەتین دا هاتووە (ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق لە ١٢ی ئـــایاری١٩٨٠، بە (گوێ بیستی دەنگی کوردستان بن لەسەر شەپۆلی کورت کە درێژیەکەی ٤٩ مەترە، لە دەمژمێر شـــەش و نیوی ئێوارە و حەفتی بەیانی)، لە دواى کۆنگرەى نۆیەمی حزبەکەمان جارێکی دیکە دەستی کردەوە بە وەشانی)[2]. هەروەها وریا جاف نووسیویەتی ((لە ١٩ی ئایاری ١٩٨٠ ئێزگەی دەنگی کوردســـتان لە ناوچەیەکی نزیک ســـنووری عێراق و ئێران و تورکیا بە هەردوو زمـــانی کوردی و عەرەبی دەستی بە پەخشی بەرنامەکانی کردەوە، کە لەلایەن دکتۆر عەبدولحەمید ئاکرەیی و ئەندازیار ئەحمەد بریفکانی بەڕێوە دەچوو. دکتۆر ڕزگار زاخۆیی لە بەشــی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردســتان لە ئێزگەی دەنگی کوردستان لە ١٩ی ئایاری ١٩٨٠ دامەزراوە و کاریکردووە))[3].

**قۆناغی کۆتایی؛** پەخشــی ڕادیۆ ڕۆڵێکی چارەنووســـازی لە ڕاپەڕینی جەماوەری کورد لە دژی ڕژێمی سەدام لە ئاداری ١٩٩١دا بینی[4]. لەم قۆناغەدا سەباح بەیتـــوڵا بەڕێوەبەر و بەهزاد چەلەبی جێگری بەڕێوەبەر و شـــێرکۆ ڕەســـوڵ ســـەرنووســـەری ئێزگەی دەنگی کوردســـتانی عێراق بوون. وریا جاف لە هەفتەی یەکەمی مانگی شـــوباتی ٢٠٠٢ بوو بە بەڕێوەبەری ڕادیۆی دەنـــــگی کوردســـتانی عێراق[5]، ئەم ڕادیۆیە تا ئێســـتا لە پەخش بەردەوامە.

ســـەبارەت بە ڕێکەوت و شـــوێنی دەســـتپێکردنەوەی پەخش؛ وریا جاف نووســـیویەتی ((ئێزگە بۆ ماوەیەک لە سەربازگەی باپشتیان بووە سەر بە قەزای سۆران، دوای کۆڕەوی ٣١ی ئاداری ١٩٩١ ئێـــزگەکە گواستراوەتەوە بۆ گوندی (دار السلام) لە ناوچەی باڵەکایەتی، جارێکی دیکە هێنراوەتە گوندی شێرۆکیان سەر بە قەزای مێرگەسۆر، ئینجا بێخمە و دواتر ناوچەی شەقڵاوە و پیرمام))[6]. هەرچی ئیسماعیل تەنیایە نووسیویەتی ((لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ بارەگاکەی لە هاوینەهەواری پیرمام دامەزرایەوە و دەســـتی بە پەخشـــکردەوە))[7].

(١) PDK News Views, (Kurdistan Demokratic Party, Iraq in USA & Eurpe), issue 1, july 1993 ,Merrifield, Virginia) , page 5.

(٢) نشرة مەتین (عەرەبی)، بێ ژمارە، (حوزەیران/ ١٩٨١)، ل ٤.

(٣) وریا جاف، مێژووی دەنگی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٣٧، ١٣٩.

(٤) PDK News Views, (Kurdistan Demokratic Party, Iraq in USA & Eurpe), issue 1, july 1993 ,Merrifield, Virginia) , page 5.

(٥) وریا جاف، مێژووی دەنگی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٦٠، ١٦٣.

(٦) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٤.

(٧) وریا جاف، مێژووی دەنگی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٦٠، ١٦٣.

بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو ئەویش:

**١- دەنـــــگی کوردســـتان:** بڵاوکراوەیەک بوو، ڕادیۆی دەنگی کوردســـتان- عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق، بە زمـانی کوردی لە ساڵی ١٩٨٣ لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەســـتی شـــۆڕش بڵاویدەکردەوە. بابەتەکانی بریتی بوون لەو وتارانەی لە ڕادیۆ دەخوێندرانەوە. لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانیدا چەند خولێکی دیکە دەرچووە[١].

**٢- بێتەلی پەخشـــی ڕادیۆ:** لە هاوینی ســـاڵی ١٩٦٣ دەزگایەکی بێتەلی پەخشـــی ڕادیۆیی هەبووە لەلایەن هێزی پێشمەرگە بەکارهاتووە[٢].

**٣- KTV کوردســـتان (کەناڵی مەرکەزی یان ناوەندی- پیرمام)/ زاگرۆس کوردی- Zagros (ئاسمانی)/ زاگرۆس عەرەبی- عربية Zagros:**

**KTV کوردستان (کەناڵی مەرکەزی یان نـــاوەندی- پیرمام)؛** تەلەڤزیۆنا پارتی دیموکراتی کوردستانێ بوو ل هاڤینگەها پیرمام هاتیە دامەزراندن[٣]. لە هەر یەک لە دهۆک و هەولێر و ســـلێمانی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردســـتان ســـێ کەناڵی ناوخۆ کرانەوە. ماوەی پەخشیان پێنج دەمژمێر بوو، بە زمـــانی کوردی و عەرەبی بوو، تەنیا لە شارە سەرەکیەکان پەخشی هەبووە. بەم دواییە بەشی تەکنیکی و زانیاری پارتی دیموکراتی کوردستان توانیان پەخشـەکە فراوان بکەن بۆ ســێ ناوچەی نوێ، سـێ کەناڵی بەهێزکردنی تەلەڤزیۆن دانران لە دەربەندیخان بۆ کەرکووک و کۆیە و ئاکرێ[٤].

ســـەبارەت ئێکەم ڕۆژا پەخشـــا وێ و وەســـفی ڕدێنی نڤێســـیە ((ل ١٤ێ ئایارا ١٩٩٢ کەفتیەکاری))[٥] و ساڵح سۆفی نڤێسیە ((لە ١٧ێ گوڵانێ ١٩٩٢ کەفتیەکاری))[٦].

سـەرپەرشـتێ وێ یێ پێشـین ئەندازیار ئەحمەد بریفکانی بوو، ب ڕەنج و کەدا ئەندازیار

(١) ئیسماعیل تەنیا، رابەری رۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٠.

(٢) دانا ئادامز شمیدت، سەفەرێک بۆ ناو پیاوە ئازاکانی کوردستان، وەرگێڕانی ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، (چاپخانەی خانی- دهۆک- ٢٠٠٨)، ل ١٤٩.

(٣) صـالح یوسـف صـوفی، سـەرچاوەی پێشـوو، بەرگێ دووێ، ل ٤٩٣؛ وەسـفی حەسـەن ردێنی، ئێزگە و تەلەڤزیۆنێت کوردی ١٩٣٩- ٢٠٠٢، چاپی یەکەم، (بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی رۆشـــنبیری- هەولێر- ٢٠٠٥)، ل ٧١.

(٤) PDK News Views, (Kurdistan Demokratic Party, Iraq in USA & Eurpe), issue 1, july 1993 ,Merrifield, Virginia) , page 6.

(٥) وەسفی حەسەن ردێنی، ئێزگە و.. سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.

(٦) صالح یوسف صوفی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگێ دووێ، ل ٤٩٣.

و تەکنیکارێت تەلەڤزیۆنا دهۆک زوهێر یاسین ئامێدی، حەسەن شەبیبە، سدیق مستەفا ئامێدی هاتە دانان، کارمەندین دێرین یێن ڤی کەناڵەی سامی سلێوە (وێنەگر)، هەڤاڵ نەورۆز، سابیر ئەحمەد وەرزش. لە هەفتەی یەکەمی شوباتی ٢٠٠٢، تەحسین ئیسماعیل دۆلەمەری بووەتە بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی کوردستان/کەناڵی مەرکەزی. لە ساڵی ٢٠٠٥ ناوی گۆڕا بۆ (زاگرۆس تی ڤی)[١].

**زاگرۆس کوردی- Zagros (ئاسمانی)؛** ئەم کەناڵە درێژەپێدەری کوردستان تی ڤییە کە لە ١٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٥ وەک کەناڵێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی و سەرانسەری، دەستی بە وەشان کرد. ئەم کەناڵە بە پێشکەشکردنی دەنگوباس و بەرنامە سیاسییەکان، ئابووری، وەرزشی، ڕۆشنبیری، کلتووری و هونەری توانی ببێتە سەکۆیەک بۆ گەیاندنی پەیامی کوردستان بۆ جیهان و پردێکی بەهێزی پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵات بوو[٢].

**زاگرۆس عەرەبی- عربية Zagros؛** کەناڵی سەتەلایتی عربية Zagros سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە. دوای ئەوەی هەردوو کەناڵی سەتەلایتی کوردستان و زاگرۆس لە ١١ی ئاداری ٢٠١٨ چوونە سەر بە دەزگای سەتەلایتی کوردستان، ئیتر کەناڵی زاگرۆس بوو بە عەرەبی[٣].

**٤- Ktv کوردستان سەتەلایت/ کوردستان تی ڤی (کەناڵی ئاسمانی):** ئێکەمین کەناڵێ ئاسمانییە ل سەر ئاخا کوردستانا عێراقێ هاتە پەخشکرن، ب پشتەڤانیا سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان پەخشا خو وەشاند، چەندین پەیامنێر ل پارچێن کوردستانێ و ل چەندین دەولەتێن ئەوروپی و ئەمریکا و ڕوسیا هەنە)[٤]. لە ساڵی ٢٠٠٠ بەدران حەبیب لێپرساوی سەتەلایتی کوردستان بووە و دوایی کاروان ئاکرەیی بەرپرسی کەناڵی کوردستان تی ڤی بووە[٥].

سەبارەت ڕێکەفتا پەخشا ڤێ تلەڤزیۆنێ؛ ساڵح یوسف نڤێسیە ((تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کوردستان تی ڤی لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٩٨ کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە

(١) وەسفی حەسەن ردێنی، ئێزگە و.. سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١؛ وریا جاف، مێژووی دەنگی... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٣.

(٢) https://kurdistantv.net/ku/news/83190.

(٣) https://kurdistantv.net/ku/news/83190.

(٤) وەسفی حەسەن ردێنی، ئێزگە و... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢.

(٥) فەرهاد عەونی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢.

دەستی بە پەخشی خۆی کرد))[1]. هەروەسا وەسفی ڕدێنی نڤێسیە ((ل ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩ کەفتیەکاری))[2].

٥- **pêlistank tv HD:** ئێکەم کەناڵێ زارۆکا بوویە، کو ل ١ێ ئایارا ٢٠١٢ ل دهۆکێ ب زمانێ کوردی دەست ب پەخشێ خۆ کریە و ل ساڵا ٢٠١٧ ڕاوەستیایە. پاشدا چوویە سەر ب دەزگەهێ سەتەلایتا کوردستان و ل ١٧ێ کانوونا ئێکێ یا ٢٠٢٢ پەخشا خو دەستپێکریەڤە و ل ١ێ ئادارا ٢٠٢٣-یێ ئۆفیسا خو ل هەولێرێ ڤەکریە، ڕێڤەبەرێ ڤێ کەناڵێ داروین وەیسە و نزیکی ٥٠ کارمەندێت هەین[3].

## چوارەم- نووسینگەی Ktv کەناڵێ (سلێمانی)/ سلێمانی تی ڤی:

ئەڤ تەلەڤزیۆنە ل پاییزا ١٩٩٢ێ ل سلێمانیێ پەخشا خو وەشاند. ئێکەمین ڕێڤەبەرێ وێ هەڵگورد عارف بوو، ل هاڤینا ١٩٩٤ پەخشا وێ ڕاوەستیا[4]. کەناڵی ناوخۆ لە سلێمانی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان کرانەوە. ماوەی پەخشی ٥ دەمژمێر بووو بە زمانی کوردی و عەرەبی، تەنیا لە شارەکە پەخش هەبووە. بەم دواییە بەشی تەکنیکی و زانیاری پارتی دیموکراتی کوردستان توانیان پەخشەکە فراوان بکەن[5]. دووبارە لە ١ی ئابی ٢٠٠٨ دامەزراوە و ئێستا بووەتە نووسینگە[6].

## پێنجەم- تەلەڤزیۆن و ڕادیۆکان:

ئەم تەلەڤزیۆن و ڕادیۆیانە پێشتر سەر بە ناوچە و لقەکان بووینە بەڵام دواتر هاتوونەتە سەر بە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، لەوانە:

١- **Ktv کەناڵێ دەروازەی ڕاپەڕین (ڕانیە)/ DERWAZE HD:** ئەڤ تەلەڤزیۆنە سەر ب

(١) صالح یوسف صوفی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگێ سێ، ل ١١٢٠.
(٢) وەسفی حەسەن ردێنی، ئێزگە و... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢.
(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ داروین وەیس، (١٨ی ئابی ٢٠٢٥).
(٤) وەسفی حەسەن ردێنی، ئێزگە و... سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥.
(٥) PDK News Views, (Kurdistan Demokratic Party, Iraq in USA & Eurpe), issue 1, july 1993 ,Merrifield, Virginia) , page 6.
(٦) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر بەکر، (هەولێر- ١ی شوباتی ٢٠٢٣).

پارتا دیموکراتا کوردستانێ ڤە بوو، ل ١٦ێ ئادارا ١٩٩٣ ل شـارێ ڕانیێ دەروازێ ڕاپەڕینێ کەفتیەکاری، ڕێڤەبەرێ وێ فاروق حەمید عەبدولقادر بوو، کارمەندێن وێ خالید مستەفا، بەکر محەمەد عەبدوڵا، عوسمان ئیبراهیم ڕانیەیی، بەهائەدین عەلی، سەلام خدر بوونە، ئەڤ تەلەڤزیۆنە ل ٩ێ چریا دوویێ یا ١٩٩٤ بەر شەڕێ ناڤخۆ هاتیە ڕاوەستان[1]. لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨ دووبارە دەروازە تی ڤی دامەزرایەوە[2]. کەچی لە پەیجی فەیسبوک نووسراوە (مێژووی دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٤ بەڵام بە ناونیشانی دیکە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە مانگی ٨ی ٢٠١٧ پەخشی ئەزموونی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بەناوی دەروازە و بە ستایلێکی نوێ و تایبەت کرایەوە، دواتریش لە ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨ پەخشی فەرمی پرۆگرامەکانی دەروازەمان دەستپێکرد)[3].

٢- **TV پارتی/ کەناڵێ شـارەزور:** ئەڤ تەلەڤزیۆنە پێشتر ناڤێ وێ تەلەڤزیۆنا یەکگرتن- کەناڵێ شـارەزور بوو، ل ٢٨ی نیسانی ١٩٩٣ کەفتیەکاری. پەخشا وێ دگەها عەربەت، سیروان، باریکە، زراین، دەربەندیخان. ڕێڤەبەرێ وێ فوئاد حەمە باقی بوو و کارمەندێن وێ ئەسعەد جەباری، ئازاد محەمەد عەزیز، عەلی عەبدولکەریم، فاتیح ساڵح بوون. ل تیرمەها ١٩٩٣ ناڤێ وێ هاتە گهورین بوو TV پارتی- کەناڵێ شارەزور. ل چریا دوویێ ١٩٩٤ ژ بەر شەڕێ ناڤخۆیی دەست ب سەردا هاتەگرتن و هاتە دائێخستن[4].

٣- **KTV (ئاکرێ):** ئەڤ تەلەڤزیۆنە ل ٢٥ێ نیسانا ١٩٩٣ کەفتیەکاری. کارمەندێت وێ یێن پێشین تۆفیق سەلیم (ڕێڤەبەر)، جەمال عەبدوڵا، مستەفا محەمەد سەعید، موحسین هەدیەڵا موحسین، سەربەست ڕەشید، عەبدولڕەحمان سدیق، مەسعود ئەحمەد، غەریب مستەفا، محەمەد حسێن ئەحمەد، مێهڤان سدیق، هەڤاڵ ڕەمەزان عەزو) بوون، بێژەر و نڤیسکار ئەمیر فەندی، کەمال ڕەمەزان، مەلیکا ڕەشید، سەعید مەموزینی، ئەمین بۆتانی، بوهار کەمال، هەڤاڵ ئەحمەد فەندی، عوسمان محەمەد ئەمین، هۆزان سدیق، لەیلا عەبدولغەنی عەلی یەحیا بۆتانی، شێخ موسا وەرمێلی و شەمال ئیسماعیل بوون. کارمەندێن دیتر یێت کەناڵێ بەیبین شەعبان کەریم، میرساد ئیبراهیم، حیکمەت جەمیل،

---

(١) وەسفی حەسەن ردێنی، ئێزگە و... سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر بەکر، (هەولێر- ١ی شوباتی ٢٠٢٣).

(٣) https://www.google.com/url?q=https://facebook.com/.DerwazeHD/post. 16 DEC 2019.

(٤) وەسفی حەسەن ردێنی، ئێزگە و... سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

ئەحمەد خەلیل و ئەحمەد عەزیز[١].

**٤- زاخۆ:** ئەڤ تەلەڤزیۆنە ســـەر ب بەشـــێ ڕۆشـــنبیری و ڕاگەهـاندنا پارتی دیموکراتی کوردستانە. ل ٢٩ێ چریا دووێ ١٩٩٣ دامەزرایە[٢].

**٥- KTV (کۆیە):** سـێ کەناڵی بەهێزکرنی تەلەڤزیۆن دانران لە دەربەندیخان بۆ کەرکووک و کۆیە و ئاکرێ[٣].

**٦- دەلال (زاخۆ):** ئەڤ تەلەڤزیۆنە سـەر ب دەزگەهێ دەلال یێ ڕەوشـەنبیریێ ڤەیە کو نها بن سەرپەرشتیا بەشێ ڕۆشنبیری و ڕاگەهاندنا پارتی دیموکراتی کوردستانێ ڤە دەردچیت، لە ١٠ی نیسانی ٢٠٠٦ ل زاخۆ کەفتیەکاری کو تا نها بەردەوامە[٤].

**٧- قەڵات:** تەلەڤزیۆنی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردســتانە ســەر بە بەشــی ڕۆشــنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە ١٦ی ئابی ٢٠٠٧ لە هەولێر دامەزراوە[٥].

**٨- داسنیا (دهۆک):** ئەڤ تەلەڤزیۆنە سەر ب بەشێ ڕۆشنبیری و ڕاگەهاندنا پارتی دیموکراتی کوردستانێ ڤە بوو، لە ١٤ی ئاداری ٢٠١٢ ل دهۆکێ کەفتیەکاری[٦].

**٩- داسنیا میوزیک (دهۆک):** ئەڤ تەلەڤزیۆنە سەر ب بەشێ ڕۆشنبیری و ڕاگەهاندنا پارتی دیموکراتی کوردستانێ ڤە بوو، ل ساڵا ٢٠١٦ ل دهۆکێ کەفتیەکاری[٧].

**١٠- داسنیا سپۆرت (دهۆک):** ئەڤ تەلەڤزیۆنە سەر ب بەشێ ڕۆشنبیری و ڕاگەهاندنا پارتی دیموکراتی کوردستانێ ڤە بوو، لە ساڵی ٢٠١٦ ل دهۆکێ و زاخۆ کەفتیەکاری[٨].

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٧٤.

(٢) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر بەکر، (هەولێر- ١ی شوباتی ٢٠٢٣).

(٣) PDK News Views, (Kurdistan Demokratic Party, Iraq in USA & Eurpe), issue 1, july 1993 ,Merrifield, Virginia) , page 6.

(٤) موسەدەق تۆڤی، ئینسکلۆپیدیا پارێزگەها دهۆکێ، (بەرگێ شەشێ- ٢٠١٧)، ل ١٧٧.

(٥) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر بەکر، (هەولێر- ١ی شوباتی ٢٠٢٣).

(٦) موسەدەق تۆڤی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٧.

(٧) هەمان سەرچاوە، ل ١٧٧.

(٨) هەمان سەرچاوە، ل ١٧٧.

**١١- ڕادیۆی دەنگی کوردســتان/ دهۆک:** ڕادیۆی (دەنگی کوردســتان) لە ١٤ی تشـــــــرینی یەکەمی ١٩٩٢ لە شاری دهۆک لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دامەزراوە، ناوی لە ١ی حوزەیرانی ٢٠٠٨ گۆڕا بۆ ڕادیۆی (دهۆک)(١). ڕۆڵەکێ کـاریگەر هەبوویە ژ بۆ ڤەگوهاستنا چالاکی و سیمینار و ئاهەنگا ب شێوەکێ ڕاستەوخۆ و وەشانا دەنگوباسان، ل سەرانسەرێ بەهدینان و سنوورێ تورکیا و سوریا و موسڵ و شێخان ژ بو کوردیکرنا، زمانێ دامودەزگەهێن میری و کەرتێن تایبەت نەمازە ل ناڤبەرا ساڵێن ١٩٩٣ تا ٢٠٠٢. ڕێڤەبەرێت وێ ل دیف ئێک هەوار ئەنوەر بەرواری، عەبدولســـەمەد ئیســـلام، عەبدولوەهاب خالید، کامیران بەرواری...، کارمەندێت ئێزگەی یێن پێشـــی کامیران بەرواری، موســـلح یاســـین نێروەیی، ئیســـماعیل تاهیر جانگیر، باییز عومەر، فەرســـەت حاجی، جەلیل خەلیل، گولیزار بەحری، نازم یاسین، عیسمەت محەمەد سەلیم، عەبدولغەفار فەتاح، هناو ڕەشید بەرواری، ئیدریس جەبار، ئەندازیار عەلی نەبی، عەبدوڵا بابەکر بەرواری (شوفێر)(٢).

**١٢- ڕادیۆی پارتی/ شـارەزور:** ئەم ڕادیۆیە پێشـتر ناوەکەی ڕادیۆ یەکگرتن- شـارەزور بووە، ل ٢٨ێ نیســانا ١٩٩٣ کەفتیەکاری، ل ســەر شــەپۆلا FM پەخشـا خو ڕاگەهاند. پەخشـا وێ دگەها عەربەت، ســـیروان، باریکە، زراین، دەربەندیخان. ڕێڤەبەرێ وێ فوئاد حەمە باقی بوو و کارمەندێت وێ ئەســعەد جەباری، ئازاد محەمەد عەزیز، عەلی عەبدولکەریم، فاتیح ساڵح. ل تیرمەها ١٩٩٣ ناڤێ وێ هاتە گهورین بووە ڕادیۆ پارتی- شـارەزور. ل چریا دوویێ ١٩٩٤ ژ بەر شەڕێ ناڤخۆ دەست ب سەردا هاتەگرتن و هاتە دائێخستن(٣).

**١٣- ئاکرێ:** ئەڤ ڕادیۆیە ل ٢٥ێ کانینا دوویێ یا ١٩٩٣ کەفتیەکاری و تـــا نها بەردەوامە. ژ کارمەندێت وی یێن پێشین ئەمیر یوسف ڕێڤەبەر، کەمال ڕەمەزان ڕێڤەبەر، محەمەد ساڵح ڕەسوڵ جێگر، ڕەجەب عەبدال و شێرزاد سەلیم و ڕەمەزان محەمەد قادر دەرهێنەر، مەلیکا ڕەشید، سولاڤ مام عوسمان، زەمرید تاهیر مەلا( شیرین تاهیر مەلا)، سولین تەیب بێژەر، کـــــارمەندێن دیتر ســالم ئەنوەر و دلۆڤان جەمیل، نیمال محەمەد تاهیر، کازم نەســڕوڵا، هەروەســـا حەکیم بوتانی پەیامنێرێ ڕادیۆیا ئاکرێ بوو ل دهۆکێ، ئەم ڕادیۆیە تا ئێســـتا بەردەوامە(٤).

---

(١) صالح یوسف صوفی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگێ سێ، ل ١٠١٦.
(٢) وەسفی حەسەن ردێنی، ئێزگە و... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٧٢- ٧٣.
(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٦٤.
(٤) هەمان سەرچاوە، ل ل ٧٣- ٧٤.

**١٤- زاخۆ/ دەنگی کوردســتان/ دەنگی زاخۆ:** ئەڤ ڕادیۆیە ســەر ب پشــکا ڕاگەهاندنا لێژنا ناوچا زاخۆ یـــــا پارتی دیموکراتی کوردســتان بوو[١]، نوکە ســەر ب بەشــێ ڕۆشــنبیری و ڕاگەهاندنا پارتی دیموکراتی کوردســتانە[٢]. ژ لایێ ســەرۆکێ خۆشــتڤی مەســعود بارزانی هاتیە ڤەکرن. ل هاڤینا ١٩٩٤ تا هاڤینا ١٩٩٦ یوسـف حسـێن ڕێڤەبەرێ وێ بوویە، ژ سـاڵا ١٩٩٧ هەتا ڕاوەســـتیانا وێ ل ســـاڵا ٢٠٠١ بەدیع محەمەد تاهیر ڕێڤەبەرێ وێ بوویە. ژ کارمەندێت وێ یێت دەســتپێکێ شــڤان شـێخۆ، میکائیل یەعقوب، ڕەشـید عەبدولعەزیز، حاجی سـەعید سندی وەک بێژەر بوون، کارمەندێت دیڤدا ژیان عومەر عەلی، سالم تاهیر، کوڤان حســێن، محەمەد کەمال، عەبدولباری ســلێمان، عەلی عومەر، موشــێ ئەنداراوس، عیسـا شــەرنەخی، بەحری ڕەشـید، حەسـیبا حەسـەن، کوڤان سـالم وەلی، فەرهاد حاجی، عەدنان ڕێســـان، قەدەم خێر حەســـەن و عەبدولباری ســـلێمان...، ل هاڤینا ســـاڵا ٢٠٠١ ڕاوەستیا[٣].

ســـەبارەت ب ناڤ و ڕێکەفتا پەخشـــا ڕادیۆیێ بۆچوونێن جیاواز هەنە؛ کو عومەر بەکر دبێژیت: "ل ٢٩ێ چریا دوێ ١٩٩٣ دامەزرایە"[٤] و وەسفی ڕدێنی نڤێسیە ((ڕادیۆیا زاخۆ ل ٢٢ێ چریا دوویێ ١٩٩٣ دەسـت ب کاری کریە))[٥]. هەرچی سـاڵح یوسـفە دوو بۆچوونێن جیاواز د پەرتووکا خودا نڤێسـینە، ل ڕوپەلێ ١١٦٧دا نڤێسـیە ((ئێزگەی دەنگی کوردسـتان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٢٩ی تشـــــرینی دووەمی ١٩٩٣ لە زاخۆ دامەزرا)) هەمان دەم ل ڕوپەلێ ١٢٧١دا نڤێســـیە ((ڕادیۆی دەنگی زاخۆ لە ٢٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٣ لە زاخۆ لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دامەزرا))[٦].

**١٥- ڕادیۆی سـۆران:** ئەم ڕادیۆیە لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٩٥ لەلایەن لقی ١٠ی سـۆران کراوەتەوە، کە لە ژێر چاودێری مەکتەبی ڕۆشـــنبیری و ڕاگەیاندن بووە، بەڕێوەبەرەکەی

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٦٦.
(٢) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر بەکر، (هەولێر- ١ی شوباتی ٢٠٢٣).
(٣) وەسفی حەسەن ردێنی، ئێزگە و... سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦.
(٤) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر بەکر، (هەولێر- ١ی شوباتی ٢٠٢٣).
(٥) وەسفی حەسەن ردێنی، ئێزگە و... سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦.
(٦) صالح یوسف صوفی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگێ سێ، ل ل ١١٦٧، ١٢٧١.

زەینەل خەیری بووە[١]. کارمەندێن وێ شــوان ڕەواندزی، کەلســوم شــوان، ڕزگار نەورۆز، یوسف حەسەن زێڕۆ و حەیدەر ڕەواندزی[٢].

**١٦- دەنگێ شەقڵاوە:** ئەڤ ئێزگە ب ئامادەبوونا شەهید سامی عەبدولڕەحمان ل ١٧ێ کانینا ئێکێ یا ١٩٩٥ پەخشــێ خۆ ڕاگەهاند. کارمەندێن پێشــی یێن وێ هەژار محەمەد وســو ڕێڤەبەر، حەسـەن خۆشـناو، فاخیر سالّح، محەمەد خەلیل بندیان، سـەردار عەبدوڵا، تەخیر عەبدولکەریم، چۆمـان حەسەن، عوسمان مەجید، ئەمین حەیدەری و ئارسن عومەر[٣].

**١٧- چۆمان:** ئەڤ ڕادیۆیە ل ١١ێ تەباخا ١٩٩٦ کەفتیەکاری[٤].

**١٨- خانەقین:** ئەم ڕادیۆیە لە ١٦ی ئابی ٢٠٠٤ کەوتووەتەکار[٥].

**١٩- دەلال (زاخۆ):** ئەڤ ڕادیۆیە ل ١٠ی نیسانی ٢٠٠٦ کەفتیەکاری[٦].

**٢٠- زاگرۆس:** ئەڤ ڕادیۆیە ل ٢١ی ئاداری ٢٠٠٦ کەفتیەکاری[٧].

**٢١- دەنگی کوردستان/ هەڵەبجە:** ئەم ڕادیۆیە سەر بە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردســتانە. لە ٢١ی ئاداری ٢٠٠٦ لە پارێزگای هەڵەبجە لەســەر دەســتی فەرەیدون جوانڕۆ دەســتی بە پەخشــی بەرنامەکانی ڕادیۆی ناوەند کردووە، لەگەڵ چەند بەرنامەیەکی تایبەت بە خۆی پاشان لە ساڵی ٢٠١٢-ەوە بووە خاوەن پەخشی تایبەت بە خۆی کە هەفتانە ٢١ بەرنامەی جۆراوجۆری سیاسی، ئەدەبی، کلتوری، زانستی، ڕۆشنبیری... پێشـکەش دەکات. تاکە ڕادیۆیە لە سـنوورەکەیان گرنگی بە شـێوەزاری هەورامی داوە. لە ڕووی تەکنیکەوە لە ساڵی ٢٠١٣-ەوە بەمەبەستی فراوانکردنی سنووری پەخشـەکەیان بە توانای ٣٠٠ وات پەخشی ناوچەی هاورامانیان لە چیای بەفری میری داناوە. پەخشـەکەیان تەنیا دەگاتە هەورامانی باشــوور و ڕۆژهەڵات کە ئامانجیان گەیاندنی زانیاری زانســت و

(١) محەمەد، لە سـێیەمین سـاڵرۆژی دا... ئێرە سـۆرانە، دەنگی ئاشـتی ئازادی دیموکراسـی، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٢٥٠٦، (پێنج شەممە ١٩٩٨/١١/١٥- هەولێر)، ل ٨.

(٢) وەسفی حەسەن ردێنی، ئێزگە و... سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٧٩.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل ٨٠.

(٥) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر بەکر، (هەولێر- ١ی شوباتی ٢٠٢٣).

(٦) هەمان سەرچاوە.

(٧) هەمان سەرچاوە.

ڕۆشنبیری بووە. هەروەها لە ساڵی ٢٠١٨ بەمەبەستی فراوانکردنی سنووری پەخشەکەیان بە توانـــــای ١٠٠٠ وات پەخشــی پێنجوین و شـارباژێڕ و بەشـێک لە ڕۆژهەڵات لە چیای هۆمەران داناوە. لە ماوەی دامەزراندنیەوە تا ماوەی ٤ ســـاڵ محەمەد عەبدولقادر بەڕێوەبەری یەکەم بووە، پاشـــان بۆ ماوەی کەمتر لە ســـاڵێک بێســـتون تۆفیق وەک بەڕێوەبەری دەســـتبەکار بووە. لە ســـاڵی ٢٠١١-ەوە تا ئێســـتا شـــاخەوان کەریم وەک بەڕێوەبەری بەردەوامە لە خزمەتکردن. لە ئێستادا لە شەو و ڕۆژێکدا ماوەی ٢١ دەمژمێر پەخشی بەرنامەکانیان دەکەن[١].

**٢٢- موسڵ:** ئەڤ ڕادیۆیە ل ساڵا ٢٠٠٨ کەفتیەکاری[٢].

**٢٣- داسنیا (دهۆک):** ئەڤ ڕادیۆیە سەر ب بەشێ ڕۆشنبیری و ڕاگەهاندنا پارتی دیموکراتی کوردستانێ ڤە بوو، ل ١١ی چریا دوویێ ٢٠١٠ ل دهۆکێ کەفتیەکاری[٣].

**٢٤- کازیوە:** ئەم ڕادیۆیە لە ١ی ئەیلوولی ٢٠١٣ لەلایەن لقی ٢٢ی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردســـتانەوە لە گەرمیان دامەزراوە. تا ٢٠٢٢ ســـەر بە لقی ٢٢ی گەرمیان بووە، دواتر لە ١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ چووە سەر بە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان. بارەگاکەی لە کەلارە، پەخشەکەی بۆ کەلار و دەوروبەریە، لەسەر فریکوێنسی (FM ٩٦.١) پەخشەکانی دەکات، تا ڕادەیەکی زۆر خزمەتێکی بەرچاوی ناوچەکەی کردووە لە گەیاندنی هەواڵ و بابەتە جیاوازەکانی سیاسی، ئەدەبی، کلتوری، زانستی، ڕۆشنبیری... بوون. بەرنامەکانی کازیوەی بەیان، پرسیار و دیاری، هۆشیاری تەندروستی، کۆمەڵایەتی فەرهەنگی، بەرنامەی سیاسی بەناوی کۆباس، خەڵاتی کازیوە بوون. لەسەرتادا پەخشەکەی ٨ دەمژمێر بووە، لە ٨ی بەیانی بۆ ٤ی ئێوارە، دواتر پەخشـــەکەی فراوانترکراوە بۆ ١٢ی شەو، لە ئێستادا پەخشەکەی ٢٤ دەمژمێرە. لەسەرتادا ئارام ئیکرام بەڕێوەبەری بووە دواتر کاروان کەلاری بووەتە بەڕێوەبەری، دوای ئەو کاک وریا بۆ ماوەی ســاڵێک ســەرپەرشــتی کردووە، دوای ئەو کاک بەرهەم بۆ ماوەی ساڵێک بەڕێوەی بردووە، لە ساڵی ٢٠١٩-ەوە تا

(١) ئەرشـــیفی دەســـتەی ئینســـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردســـتان/ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ شاخەوان کەریم محەمەد، (١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤).

(٢) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر بەکر، (هەولێر- ١ی شوباتی ٢٠٢٣).

(٣) موسەدەق تۆڤی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٣.

ئێستا کاروان کەلاری بووەتەوە بەڕێوەبەری[١].

**٢٥- دەروازە (DERWAZE):** ئەم ڕادیۆیە ل ١٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨ دەستی بەکارەکانی کردووە[٢]. لە مێژووی دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٤ بەڵام بە ناونیشانی دیکە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە مانگی ئابی ٢٠١٧ پەخشی ئەزموونی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بەناوی دەروازە و بە ستایلێکی نوێ و تایبەت کرایەوە، دواتریش لە ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨ پەخشی فەرمی پرۆگرامەکانی دەروازەمان دەستپێکرد[٣].

**٢٦- بەردەڕەش:** ئەڤ ڕادیۆیە ل ١٨ی ئابی ٢٠٢١ کەفتیەکاری[٤].

**٢٧- شێخان:** ئەڤ ڕادیۆیە ل مەها تەمووزا ٢٠٢٤ ل شێخان هاتیە دانان کو ڕێڤەبەرێ وێ کاروان باعەدری بوو[٥].

**٢٨- زێد:** ئەڤ ڕادیۆیە سەر ب پارتی دیموکراتی کوردستانە، ل دهۆک و هەڤلێر و سلێمانی و کەرکووک پەخش وێ هەبوو[٦].

## شەشەم- ناوەندی ڕۆشنبیری ڕادیۆ و تی ڤی کەرکووک:

ئەم دەزگایە لە ساڵی ٢٠٠٤ لە کەرکووک دامەزراوە، یەکەم سەرپەرشتی ئەم دەزگایە بەختیار تاڵەبانی دوای ئەو کاوێز مەلا پەروێز بووە، لە خیانەتەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ ئەم دەزگایە داخراوە[٧]، پێکدێت لە:

**١- KTV کوردستان تی ڤی/ کەرکووک تی ڤی/ حەمرین تی ڤی/ باوەگوڕگوڕ تی ڤی:**

---

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ کاروان کەلاری، (٢٠ی شوباتی ٢٠٢٤).

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر بەکر، (هەولێر- ١ی شوباتی ٢٠٢٣).

(٣) https://www.google.com/url?q=https://facebook.com/.DerwazeHD/post. 16 DEC 2019.

(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر بەکر، (هەولێر- ١ی شوباتی ٢٠٢٣).

(٥) هەمان سەرچاوە.

(٦) شەریف وەرزێر، رادیۆو رادیۆی کوردی، چاپی یەکەم، (چاپخانەی چوارچرا- ٢٠١٠)، ل ٣٨٢.

(٧) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ کاوێز مەلا پەروێز، (١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤).

کەناڵێکی ناوخۆیی بووە لە ساڵی ١٩٩٣ لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک بە ناوی (کەرکووک) تی ڤی کرایەوە. مـــــاوەی پەخشــی ٥ دەمژمێرو بە زمانی کوردی و عەرەبی بوو[١]. دواتر بەناوی کوردســـتان تی ڤی لە ٢١ی تەمووزی ٢٠٠٤ دەســـتی بە پەخشکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٦ بۆ مـــــاوەیەکی کورت ناوی گۆڕاوە بۆ (حەمرین تی ڤی)، دواتر ناوی بووەتە (بـــــــاوەگوڕگوڕ). لە خیانەتە شـــومەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ ڕاوەســـتاوە. یەکەم بەڕێوەبەری ئەم تەلەڤزیۆنە تەها تەیفور بووە و دوای ئەو ســـەردار جاف بووەتە بەڕێوەبەری[٢].

**٢- دەنگی کوردستان (کەرکووک):** ئەم رادیۆیە لە کەرکووک لە ١٥ی تشـرینی دووەمی ٢٠٠٣ دەستی بە پەخشکردووە. یەکەم بەڕێوەبەری کاوێس مەلا پەروێز، دواتر سامان، دوای ئەو مەریوان کەمـال حسێن تا وەستانی لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بەڕێوەبەری بووە[٣]. ڕادیۆی کەرکووک لە ١٥ی تشـــرینی دووەمی ٢٠٠٣ دامەزراوە و یەکەمجار سەر بە لق بووە، دوای ساڵی ٢٠٠٤ چۆتە سەر ئەم دەزگایە[٤].

## حەفتەم- دەزگا و نووسینگە و چاپخانەکانی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن:

بەشـــی ڕۆشـــنبیری و ڕاگەیاندن چەند چاپخانە و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە لەخۆ دەگرێت:

**١- رزگاری:** ئەم چاپخانەیە ل ساڵا ١٩٤٩ پاراستنی ماڵی نهێنی پارتی و مانەوەی سکرتێرەکەی هەمزە عەبدوڵا لە بەغدا زۆر گران بوو، بۆیە بە زوویی لە بەغداوە گواسترایەوە بۆ سلێمانی لەگەڵ هەموو کەلوپەلی چاپەمەنی، تا ماوەیەک چاپخانەی ڕزگاری لە دەرەوەی ســلێمانی گوندی سیتەک دەپارێزرا و بەکاردەهێنرا[٥].

**٢- سـەلاحەدین:** ئەم چاپخانەیە لە ٦ی نیسـانی ١٩٦٠ دەسـتی بەکارکردن کرد و ژمارە ١٩٥ی

---

(١) PDK News Views, (Kurdistan Demokratic Party, Iraq in USA & Eurpe), issue 1, july 1993 ,Merrifield, Virginia) , page 6.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ کاوێز مەلا پەروێز، (١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤).

(٣) هەمان سەرچاوە.

(٤) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر بەکر، (هەولێر- ١ی شوباتی ٢٠٢٣).

(٥) علی عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢.

خەبات یەکەم ژمارەی بووە کە لەم چاپخانەیەی پارتی دیموکراتی کوردستان چاپکرابێت[1].

چاپخانەی سەلاحەدین لە مەکینەی چاپی دەستی لە جۆری ڤیکتۆریا، مەکینەی هەندبەرگ، مەکینەی لاینۆتایپ بۆ ڕێکخستنی تایپ و ئامێری ئینتەرتایپ بۆ کاستکردنی پیت و مەکینەی بڕین پێکدەهات. چاپخانەکە بەناوی نوری شاوێس و ڕەشید عارف و ئیبراهیم ئەحمەد تۆمارکرابوو. خاوەنی کارگێڕی چاپخانەی سەلاحەدین کە چاپکردنی ڕۆژنامەی خەباتی لە ئەستۆ بوو هەر یەک لە عەبدولڕەحمان زەبیحی سەرپەرشت و مام سەفەر(سەفەر مەلا نزور) چاپ (فەرهاد محەمەد لێرەدا ناوی مام سەفەری وەک (سەفەر مەلا نزور)ی ناساندوە بەڵام لە لاپەڕە ٨ی ژمارە ١٥٨٥ی ڕۆژنامەی برایەتی (التآخي)ی ٢ی ئاداری ١٩٩٣، کە فەرهاد محەمەد سوودی لێ بینیوە، مام سەفەر دەڵێت: "من ناوم سەفەر مەلا غەفورە")، محەمەد بچکۆڵ دیزاینەری پیت و محەمەد سەعید لەسەر لاینۆ تایپ بوون. سەرپەرشتیکردن و دانانی مەکینەی چاپ و لاینۆ لەلایەن هەردوو ئەندازیار نوری عومەر و ئیبراهیم هایس کراوە. دوای تێپەڕاندنی ئاریشەکانی ناو حزب و وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی کارکردنی حزب، حزب چاپخانەی سەلاحەدینی لە یەکێک لە کۆمپانیاکانی بەغدا کڕی کە نرخەکەی ٥٠٠ یان ٦٠٠ دینار بووە، نیوەی پارەکەی ڕەشید عارف کە مقاول بووە و نیوەکەیتری وەزارەتی پیشەسازی عێراق داویەتی[2].

لەبارەی کڕین و دانانی ئەم چاپخانەیە؛ فەرهاد محەمەد نووسیویەتی ((تا ژمارە ٢٠٠ی ڕۆژنامەی خەبات لە چاپخانەی (رأي العام) چاپ دەکرا و لە ژمارە ٢٠١-ەوە لە چاپخانەی سەلاحەدین دەرچووە))[3] و هۆگر بەهادین شەریف ئاماژە بەوە دەکات کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٥٩ چاپخانەی سەلاحەدینی کڕیوە[4]، هۆگر بەهادین لێرەدا سوودی لە لاپەڕە ٣٣- ٣٤ی پەرتووکی (کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر ڕۆژنامەوانیی کوردی)ی ئازاد عوبێد ساڵح وەرگرتووە، ئێمەش بەدواداچووەمان بۆ سەرچاوەکە کرد، ئەویش لاپەڕە ٢٢٣ی ژمارە ٢٣ی گۆڤاری ڕامانی وەک سەرچاوە بەکارهێناوە کە دیداری سەفەر مەلا غەفووری تێدایە و هیچ ئاماژە بەکڕینی چاپخانە لە ساڵی ١٩٥٩ نەکراوە. کەچی لە ژمارە ١٩٥ی خەباتدا نووسراوە (بڕیاربوو لە ٤ی نیسان (واتە ساڵی ١٩٦٠) ژمارەیەکی تایبەت بەبۆنەی ساڵیادی خەبات دەربچێت، بەڵام بەهۆی

(١) جريدة خەبات النضال، عدد ١٩٦، (٨ نيسان ١٩٦٠- بغداد)، ص ص ١، ٨.

(٢) فرهاد محمد أحمد، المصدر السابق، ص ص ٦١- ٦٣.

(٣) المصدر السابق، ص ٥٧.

(٤) هۆگر بەهادین شریف، ماستەرنامە، ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان (١٩٧٦-١٩٩١)، (هەولێر- ٢٠٢٣)، ل ٤٧.

گواستنەوەی بارەگای کارگێڕی و دانانی چاپخانەی سەلاحەدین دەرنەچوو و ژمارەی دابێت (واتە ١٩٦) ژمارەیەکی تایبەت دەبێت بەو یادە)[١]. لە ژمارە ١٩٦ی خەباتدا ئیبراهیم ئەحمەد نووسیویەتی (لە ساڵی یەکەم کە ١٩٤ ژمارەی خەبات دەرچووە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دەرنەچووە، بەو هیوایەم لەمەودوا کە ئامێر و چاپخانەی تایبەتی بەخۆی هەیە بە ڕێکوپێکی دەربچێت)[٢]. بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی ژمارە ١٩٦ی ڕۆژنامەی خەبات بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ژمارە ١٩٥ی ساڵی ٢ی ٦ی نیسانی ١٩٦٠ی ڕۆژنامەی خەبات لە چاپخانەی سەلاحەدین چاپکراوە.

لەبارەی ناونانی چاپخانەکە؛ ئاماژە بەوەکراوە کە لەبەر بارودۆخی سیاسی ئەو کات پارتی نەیتوانی ناو لە چاپخانەکەی بنێت خەبات، بۆیە ناوی سەلاحەدین دانرا. لە ٢٨ی ئەیلوولی ١٩٦١ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان درا و ئیمتیازی ڕۆژنامەی خەبات ڕەتکرایەوە و چاپخانەی سەلاحەدینیش بەوپێیەی کە چاپخانەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو داخرا[٣].

٣- **خەبات:** ئەم چاپخانەیە هی پارتی بووە، لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول سەرکردایەتی شۆڕش کەوتە خۆی بۆ پەیداکردنی چاپخانە، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٦٣ پیتیان لە بەغدا کڕی ناچاربوون قاڵب بەکاربهێنن بۆ پیتچنین، بەشێوەیەکی زۆر سادە کاریان دەکرد لە ناوچەی ماوەت چیای گردەڕەش. لە زستانی ١٩٦٤ چاپخانەیەکی بچووک بەدەستکەوت کە بە دەست و قاچ کاری پێدەکرا، لەلایەن ئەحمەد دەشتی و مستەفا ڕابەر لە شاری هەولێرەوە گەیێندرایە دەستی شۆڕش و چیاکان، بەسەرپەرشتی حەبیب محەمەد کەیم لە گوندی سونێ لە ناوچەی قەڵادزێ دامەزراند[٤]، هەرچەندە لەسەرەوە باسی ئەوە کراوە کە گوایە بە پیت لێدان ڕۆژنامەکەیان دەرکردووە، بەڵام بەپێی ئەو ژمارانەی خەبات کە لەبەر دەستمانن لە دەستەی ئینسکلۆپیدیا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ژمارە ٤٦٧ و ٤٦٨ بە دەست نوسراونەتەوە و ژمارە ٤٦٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ تا ژمارە ٤٧٣ی ١٩٦٤ لە

(١) جريدة خەبات- نضال، عدد ١٩٥، السنة الثالثة، (الاربعاء ٦ نيسان ١٩٦٠)، ص ٢.

(٢) ابراهيم احمد يتكلم..، جريدة خەبات- نضال، عدد ١٩٦، السنة الثانية، (الجمعة ٨ نيسان ١٩٦٠)، ص ص ١، ٨.

(٣) ڕۆژنامەی برایەتی (التآخي)، ژمارە ١٥٨٥، (١٩٩٣/٣/٢)، ل ٨؛ دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٩- ٤٠.

(٤) دیدەنییەکی خێرا لەگەڵ مام سەفەر مەلا غەفوور و یەکەم چاپخانەی شۆڕشی کوردستان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٣، (٥ ئایار ١٩٩٨- چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر)، ل ٢٢٣.

چاپخانەی خەبات ڕۆژنامەکە چاپکراوە[١]. دوای جیابوونەوەی جەلال تاڵەبانی و ئەوان لە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٤، چاپخانەی خەباتیان سوتاند و چوون بۆ ئێران، پارتی دیموکراتی کوردســـتان لە ڕێی لقی دوو لە هەولێر بە نهێنی دووبارە چاپخانەیەکی کڕیەوە و چاپخانەی خەباتی دانایەوە[٢]. ژمارە ٤٧٤ی تشـــــرینی دووەمی ١٩٦٤ تا ژمارە ٤٧٦ی شـــوباتی ١٩٦٥ی خەبات، لە چاپخانەی خەبات چاپکراوە، ژمارە ٤٧٧ بە تایپی دەســـتی کراوە، ژمارە ٤٧٨ی حوزەیرانی ١٩٦٥ تا ژمارە ٤٨٨ی حوزەیرانی ١٩٦٦، ژمارە ٥١٤ی تشـــــرینی یەکەمی ١٩٦٩، و ٥١٥ی تشـــــرینی دووەمی ١٩٦٩ لەو چاپخانەیە چاپکراوە[٣]. لە ساڵی ١٩٦٥ چاپخانەکەیان گواستەوە بۆ گوندی لێوژێی سەر بە نـــاوچەی نێودەشـــت، لەبەر بۆردومانی فڕۆکەکانی دوژمنان بۆ پاراســـتنی گیانی کارمەندان و چاپخانەکە لە ناوەڕاســتی ١٩٦٦ چاپخانەکەیان گواســتەوە بۆ گوندی ســوورەبان ســەر بە ناوچەی قەسرێ. تا دواکات چاپخانەکە گوازرایەوە بۆ گوندی مەمی خەلانی ســەر بە ناوچەی چۆمان تا نســکۆی ١٩٧٥ بەردەوام بوو، بە یەکجاری لەوێ مایەوە چونکە ئەوێ شـــوێنێکی پارێزراوبوو و بۆردومانی فڕۆکەکان کاری تێ نەدەکرد. دوای ڕێککەوتنامە شـــوومەکەی جەزائیر ٦ی ئاداری ١٩٧٥ و تێکچوونی شـــۆڕش، چاپخانەکە بە دینامیت تەقێندرایەوە بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست دوژمنان[٤]. لە ساڵی ١٩٦٩ ڕۆژنامەی خەبات لەم چاپخانەیە لە چاپ دراوە[٥]. لە ســـاڵی ١٩٩٢ چاپی دووەمی پەرتووکی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد) لەم چاپخانەیە چاپ کراوە[٦]. لە ســـاڵی ١٩٩٤ بەهۆی

---

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٢) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

(٣) خەبات، عدد ٤٧٤، (تشـــرین الثانی ١٩٦٤- مطبعة خەبات). خەبات، عدد ٤٧٥، (كانون الاول ١٩٦٤- مطبعة خەبات). خەبات، عدد ٤٧٦، (شباط ١٩٦٥- مطبعة خەبات). خەبات، عدد ٤٧٧، (نيسان ١٩٦٥). خەبات، عدد ٤٨٨، (حزيران ١٩٦٦- مطبعة خەبات). خەبات، عدد ٤٨٧، (ايار ١٩٦٦- مطبعة خەبات). خەبات، عدد ٤٨٦، (آزار ١٩٦٦- مطبعة خەبات). خەبات، ژمارە ٤٨٥، (ریبەندان(ســەرەتای شــباط) ١٩٦٦- چاپخانەی خەبات). خەبات، عدد ٤٨٣، (كانون الاول ١٩٦٥- مطبعة خەبات). خەبات، ژمارە ٤٨٢، (سەرماوەز ١٩٦٥- چاپخانەی خەبات). خەبات، ژمارە ٤٨٠، (خەرمانان ١٩٦٥- چاپخانەی خەبات). خەبات، عدد ٤٧٨، (حزيران ١٩٦٥- مطبعة خەبات). خەبات(النضال)، عدد ٥١٤، (تشـرين الاول ١٩٦٩- مطبعة خەبات). خەبات(النضال)، عدد ٥١٥، (تشرين الثاني ١٩٦٩- مطبعة خەبات).

(٤) دیدەنییەکی خێرا... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٢٣، ٢٢٤.

(٥) جريدة خەبات، العدد ٥١١، (حزيران ١٩٦٩- مطبعة خەبات)، ص ١.

(٦) مەســعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد(یەکەم راپەڕینی بارزان ١٩٣١-١٩٣٢)، چاپی دووەم، (چاپخانەی خەبات- ١٩٩٢- کوردستان).

شەڕی ناوخۆ مەفرەزەیەکی یەکێتی دەستیان بەسەر چاپخانەکەدا گرت[١].

٤- **دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (التآخي):** لە لاپەڕە ٦ و ٧ی ژمارە سفری ڕۆژنامەی (التآخي)ی ١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٤دا ئاماژە بە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (التآخي)ی ساڵی ١٩٧٣ کراوە[٢]. دوای وەستانی دووبارە لە ١٠ی ئایاری ٢٠٠٣ دەستی بە کارەکانی کردووەتەوە و تا ٢٢ی شوباتی ٢٠١٠ بەردەوام بووە[٣]، بەهۆی پەلاماری میلیشیاکانی بەغدا بۆ سەر بارەگای (التآخي) لە ساڵی ٢٠١٤ تا مانگی نیسانی ٢٠١٥ واتە نزیکەی ساڵێک داخراوە، لە دوای نیسانی ٢٠١٥ تا ساڵی ٢٠١٧ دیسانەوە ئەم دەزگایە دەستی کار کردەوە، پاشان چاپی کاغەز ڕۆژنامەی (التآخي) ڕاگیرا[٤].

٥- **التآخي:** ئەم چاپخانەیە هی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، ژمارە ٤٨ی خولی چوارەمی ڕۆژنامەی برایەتی ٢٦ی نیسانی ١٩٧٣ تا ژمارە ٥١ی ١٨ی ئایاری ١٩٧٣ لەم چاپخانەیە چاپکراون. دواتر وەستاوە تا ١٠ی ئایاری ٢٠٠٣ دەستی بەکارەکانی کردووەتەوە و لە ٢٢ی شوباتی ٢٠١٠ دووبارە وەستاوە[٥]. دوای ماوەیەک دووبارە دەستی بەکارەکانی کردەوە تا لە ساڵی ٢٠١٤ بەهۆی پەلاماری میلیشیاکان بۆ سەر بارەگای (التآخي) نزیکەی ساڵێک داخراوە و لە نیسانی ٢٠١٥ تا ساڵی ٢٠١٧ دیسانەوە دەستی کار کردەوە، پاشان چاپی کاغەزی ڕۆژنامەی (التآخي) ڕاگیرا و بوو بە ئەلکترۆنی ئیتر چاپخانەکەش ڕاوەستا[٦].

٦- **خەبات:** نووسینگەی خەبات لە ساڵی ١٩٥٩ دامەزراوە، بنکە سەرەکییەکەی لە بەغدا بووە و لە گشت شار و شارۆچکەکانی کوردستان نووسینگەی هەبووە، بارەگای خەبات لە هەولێر بووە و لە کفری، زاخۆ، کەرکوک، گوندی کەلار، عەین سفنێ، دەربەندیخان، شەقڵاوە، موسڵ و ڕایات نووسینگەی هەبووە. سەرپەرشتی نووسینگەی هەولێر باوکی ڕێبوار، کەرکووک مستەفا کرێکار، کەلار عەلی حەمدی، موسڵ نوری خەلیل، کفری هاشم بەرزنجی، ڕایات بەکر کەریم و شەقڵاوە ئیسماعیل حسێن بوون. هەروەها شەمسەدین

(١) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٣) هەمان سەرچاوە.

(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ جەواد مەلەکشاهی، (١٤ی ئایاری ٢٠٢٣).

(٥) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٦) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ جەواد مەلەکشاهی، (١٤ی ئایاری ٢٠٢٣).

موفتی پارێزەر، عەبدولمەجید سەید، عەبدولا تــــاڵەبانی پارێزەر، مەجید ئەحمەد حەداد، زرار گەردین، ساڵح شێرە و قادر شۆڕش کاریان لە نووسینگەی هەولێردا کردووە. لە موسڵ ســبغەتولا مزوری، خانەقین چالاک و شــەقڵاوە مەولود عەزیز و عەبدولقادر عەبدولا پەیامنێر بوون و خەبات پەیامنێری لە کفرییش هەبووە[١].

**٧- برایەتی (سلێمانی):** نووسینگەی برایەتی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە لە ساڵی ١٩٧٣ دامەزراوە، مستەفا ساڵح کەریم لە ساڵی ١٩٧٤ لێپرسراوی نووسینگەی سلێمانی بووە[٢].

**٨- برایەتی و خەبات:** نووسینگەی دەزگای ڕۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات لە ساڵی ١٩٩٣ لە سلێمانی، لە ٢١ی نیسانی ١٩٩٣ لە دهۆک، لە زاخۆش نووسینگەکەی کرایەوە. لە ساڵی ١٩٩٦ فەرهاد عەونی وەک بەرپرسی دەزگای ڕۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات دواتر نەژاد عەزیز سورمی وەک بەرپرسی دەزگای ڕۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات لە ساڵی ٢٠٠٠ دەستی بەکارکردووە[٣].

**٩- هەرمان (بارزان):** ئەم دەزگایە سەر بە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی بووە لە ساڵی ٢٠٠٦ دامەزراوە و ئەم بڵاوکراوانە لەخۆ دەگرێت:

**ا- هەرمان:** گۆڤارەکا ڕۆشنبیری گشتی وەرزییە. دەزگای هەرمان بۆ ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لێکۆڵینەوە ل دەڤەرا بارزان ب زمانێ کوردی دەردکەت. ســەرنووســەری فاخر عەلی عارف بووە و ژمارە ١ی لە ساڵی ٢٠٠٦ و ژمارە ٢ تــا ٥ لە ساڵی ٢٠٠٧ و ژمارە ٦ تا ٨ لە ساڵی ٢٠٠٨ دەرچووینە[٤].

**ب- پــەرجان:** ئەم بڵاوکراوەیە لەلایەن دەزگای هەرمان لە دەڤەری بارزان بووە، ژمارە ٧ی

(١) جريدة خەبات(النضال)، عدد ٧٤، السنة الاولى، (الاحد ١١ تشـــرين الاول ١٩٥٩- مطبعة (النجاح)- بغداد)، ص ص ١، ٦؛ ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٥٨، ساڵی (١)، (هەینی ١٨ ئەیلوول- چاپخانەی (النجاح)- بەغدا)، ل ٦؛ ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٥٤، ســاڵی (١)، (یەکشــەمە ١٣ ئەیلوول- چاپخانەی (النجاح)- بەغدا)، ل ١؛ جريدة خەبات(النضال)، عدد ١١٧، (الجمعة ١١ كانون الاول ١٩٥٩- مطبعة (الراى العام)- بغداد)، ص ٦؛ الى رفاق المحترمين في مكتب خەبات بغداد، جريدة خەبات(النضال)، عدد ١٧٦، الســنة الاولى، (الاثنين ٢٩ شباط ١٩٦٠)، ص ٢؛ رزگار نورى شاوەيس، المصدر السابق، ص ص ٤١- ٤٢.

(٢) جريدة التآخي، عدد ٧٠١٨، (٢٠١٥/١١/٢٥- دار التآخي للطباعة و النشــــر- بغداد)، ص ١٦؛ فەرهاد عەونی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

(٣) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٩٥، ١١٥- ١١٦.

(٤) https://zheen.org.

لە مانگی ئاداری ٢٠٠٧ بە زمانی کوردی دەرچووە[١].

**پ- هـەرمان:** ئەم ڕادیۆیە لە ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠٠٦ لە ناوچەی بارزان دامەزراوە[٢].

**١٠- دەزگای شـەفەق (فەیلی- بەغدا):** ئەم دەزگایە سـەربە بەشـی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندنی پارتییە لە ساڵی ٢٠٠٥ دامەزراوە و ئەم بڵاوکراوەی هەبووە:

**ا- گوڵ سـوو:** گۆڤارێکە دەزگای ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندنی کوردی فەیلی (دەزگای شـەفەق) دەریکردووە. ژمـــارە ١ی لە سـاڵی ٢٠٠٥، بە زمانی کوردی، ژمارە ٧٢ی ٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠ دەرچووە. لە ژمـــارە ٤ بووەتە سـاڵی ٢ و لە ژمارە ٧ نووسراوە ساڵی ٣، ئیتر ساڵی ٣ لێرە وەستاوە، لە ژمارە ٨ بە دواوە ساڵی لەسەر نەنووسراوە. لە ژمارە ١ تا ٧٢ خاوەن ئیمتیازی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی کوردی فەیلی (دەزگای شەفەق) خۆی بووە و سـەرنووسـەرەکەی عەلی حسـێن فەیلی بووە[٣]. ژمارە ٨٨ی لە سـاڵی ٢٠١١ دەرچووە[٤].

**١١- دەلال (زاخۆ):** ئەم سـەنتەرە سـەربە بەشـی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندنی پارتییە لە سـاڵی ٢٠٠٨ دامەزراوە و چەند بڵاوکراوەی هەبووە:

**ا- زاخۆ/ دەلال:** گۆڤارەکا ڕەوشـەنبیری هەیڤانەیە، ژ ئالیێ سـەنتەرێ دەلال یا ڕەوشـەنبیری و هونەری ل زاخۆ دهاتە بڵاڤکرن. بەردەوامیا گۆڤارا زاخۆیە، کو گۆڤارەکا ڕەوشـــەنبیری گشـتی بوو ل سـاڵا ٢٠٠٤ بڵاڤ بوویە، هەیڤێ جارەکێ ل سـەنتەرێ زاخۆ یێ ڕەوشـەنبیری دەردکەفت. پشـــتی جودابوونا ســـەنتەرێ زاخۆ و دەزگەهێ دەلال یێ ڕەوشـــەنبیری و ڕاگەهاندنێ گۆڤارا (زاخۆ) ژ وەشـــانا ژمـــــارە ٤١ێ پێڤە ل ئیلونا ٢٠٠٨ ناڤێ وێ بوویە گۆڤارا (دەلال) و بوویە پشـکەک ژ دەزگەهێ ناڤبری و ل دهۆکێ دهاتە چاپکرن کو هەتا سـاڵا ٢٠١٢ بەردەوام بوو ژ وەشـانا خو. دەسـتەکا نڤیسـکارا شـەوکەت تاهیر سـندی، بەیار باڤی، بەحری ڕەشید، ڕەشید عەبدولعەزیز و کوڤان حسێن بوون[٥].

---

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٢) صالح یوسف صوفی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگێ سێ، ل ٩٦٩.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٤) https://zheen.org.

(٥) موسـەدەق تۆڤی، دیرۆکا ڕۆژنامەڤانیێ ل پارێزگەها دهۆکێ، چاپا ئێکێ، (نیسـانا ٢٠١٩)، ل ١٥٨؛ دلێر ڕەشـید و چیا ئەحمەد، سـەرهلدانا ڕۆژنامەگەریێ ل دەڤەرا زاخۆ (١٩٩١- ٢٠١٢)، (چاپخانا کوردسـتان- زاخۆ- ٢٠١٢)، ل ١٩.

ســەبارەت خودانێ ئیمتیاز و ســەرنڤیســەری؛ موســەدەق تۆڤی نڤێســیە ((خودانێ ئیمتیازێ د.هاشم ڕەمەزان و سەرنڤیسەرێ وێ بەحری ڕەشید بوون)) و دلێر ڕەشید و چیا ئەحمەد ل پەرتووکا خودا نڤێســینە ((خودانێ ئیمتیازێ د. ڕزگار و ســەرنڤیســەر سەگڤان عەبدولحەکیم بوون))[1].

ب- **پەلاتینک:** ئەڤ گۆڤارە پاشبەندا گۆڤارا (زاخۆ)، کو تایبەت بوو ب زارۆکان، هژمارا ١ێ ل ١ێ گولانا ٢٠٠٥ دەرکەفتیە، هژمارا ١١ێ ل ١١ێ ئــادارا ٢٠٠٦ دەرکەفتیە، ناهێتە زانین چەند هژمار لێ دەرکەفتینە. خودانی ئیمتیازێ د. هاشـم ڕەمەزان و سـەرنڤیسـەر بەحری ڕەشید و دەستەکا نڤیسەرا کوڤان سالم و شەرمین عەبدولا[2].

پ- **دەلال یا ڤـــــەکولینا:** گۆڤارەکا وەرزی ڕەوشـەنبیری گشـتی بوو، سـەنتەری زاخۆ یێ ڕەوشـەنبیری دەردئێخسـت. هژمارا ١ێ ل زڤسـتانا ٢٠٠٦ دەرکەفتیە و ژمارە ٢ دوماهیک ژمارا وەشـــانا وێ بوو ل بهارا ٢٠٠٦ دەرکەفتبوو. بزاڤ دکر ژبۆ خورتکرنا هۆشـــیاریا نەتەوەیی و نیشتیمانا خەلکێ کوردستانێ، گرنگی ب بابەتین ڤەکۆلینان ل بوارێ سیاسی، هزری، ئابووری، دیرۆکی، جڤاکی، ئەدەبی، دیموکراســی، مافی مرۆڤی، مەدەنیەت... ددا. خودانێ ئیمتیازێ د. هاشـم ڕەمەزان و سـەرنڤیسـەر بەحری ڕەشـید و دەسـتەکا نڤیسـەرا خەلات موسا، سەگڤان رەمو و دلبرین هالۆ و سەیفولا محەمەد بوون[3].

١٢- **دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی هەولێر:** ئەم دەزگایە سـەربە بەشـی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندنی پارتییە لە ساڵی ٢٠٠٠ دامەزراوە، کۆمەڵێک بڵاوکراوەی دەرچوواندووە وەک:

ا- **گــەپ:** ئێکەمجار وەک ڕۆڤارێکی کاریکــاتێری بە زمانی کوردی دەرچووە. لە ژمارە ٢ی ساڵی ١ی ١٥ی تشـرینی یەکەمی ٢٠٠٤ نووسراوە (ڕۆڤارێکی کاریکاتێرییە خاروخۆتری تیا نییە لەوانەیە مـــانگی دوو جار لە تەرەفی گۆڤاری گوڵان دەربچێت). لە ژمارە ٤ی ساڵی یەکەمی نووسراوە (ڕۆڤارێکی کاریکاتێرییە خاروخۆتری تیا نییە لەوانەیە مانگی دوو جار لە تەرەفی دەزگای موکریانی دەربچێت)، ژمارە ٢٤ دوا ژمارەی ســاڵی یەکەمە و لە ژمارە ٢٥ی ١٥ی تشـــــرینی دووەمی ٢٠٠٥ بۆتە سـاڵی دووەم لەسـەری نووسراوە (ڕۆڤارێکی

---

(١) موسـەدەق تۆڤی، دیرۆکا ڕۆژنامەڤانیێ ل پارێزگەها دهۆکێ، چاپا ئێکێ، (نیسـانا ٢٠١٩)، ل ١٥٨؛ دلێر ڕەشـید و چیا ئەحمەد، سـەرهلدانا ڕۆژنامەگەریێ ل دەڤەرا زاخۆ (١٩٩١- ٢٠١٢)، (چاپخانا کوردسـتان- زاخۆ- ٢٠١٢)، ل ١٩.

(٢) دلێر ڕەشید و چیا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٢١.

کاریکاتێرییە بە قەناعەتەوە مـــانگی دوو جار لە تەرەفی دەزگای موکریانی دەردەچێت). لە ژمارە ٤٦ی ١ی تشـــرینی یەکەمی ٢٠٠٦ بووەتە ساڵی سێیەم. لە ژمارە ٩٣ی ساڵی ٥ی ٢٥ی تشـــــــرینی یەکەمی ٢٠٠٨ بووەتە گۆڤار، لەسـەری نووسراوە (گۆڤارێکی مانگانەی کاریکاتێرییە). لە ژمارە ١٠٥ی ٢٥ی تشـــــرینی یەکەمی ٢٠٠٩ بووەتە ساڵی شـەشـەم، لە ژمارە ١١٨ی ٢٥ی تشــــرینی دووەمی ٢٠١٠ بووەتە ساڵی حەوتەم، لە ژمارە ١٢٩ی ٢٦ی تشـــرینی دووەمی ٢٠١١ بووەتە ساڵی هەشتەم، لە ژمارە ١٤١ی ٢٤ی تشـــرینی یەکەمی ٢٠١٢ بووەتە سـاڵی نۆیەم، لە ژمارە ١٥٧ی ٢٦ی شـوباتی ٢٠١٣ بووەتە سـاڵی دەیەم، لە ژمـارە ١٦٥ی ٢٨ی کـانوونی یەکەمی ٢٠١٤ بووەتە ســـــاڵی یـازدەهەم. دوا ژمـارەی بەردەســتمان ژمارە ١٧٢ی سـاڵی دوازدەهەمی ٢٨ی تشــــــــرینی یەکەمی ٢٠١٥ بووە. چاپخانەکانی کە ئەم گۆڤارەی لێ چاپکراوە؛ ژمارە ٢ تا ١٥ لە چاپخانەی حاجی هاشــم لە هەولێر، ژمارە ١٧ تا ٥٠ لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر، ژمـــارە ٥٤ و ٥٥ لە چـاپخـانەی ئـاراس لە هەولێر، ژمـارە ١٣٩ تـا ١٧٢ لە چـاپخـانەی موکریـانی لە هەولێر چاپکراون. خاوەن ئیمتیازی لە ژمارە ٩٣ تا ١٣٨ ئیسـماعیل بەرزنجی بووە، سـەرنووسـەری لە ژمارە ٢ تا ٢٥ ئازا حەسیب قەرەداخی و لە ژمارە ٢٦ تا ٥٥ و ١٣٩ تا ١٧٢ محەمەد قادر بوونە. نووسـەرەکانی عەلی دەروێش، سـەردار کێستەیی (دواتر بوو بە سـەرۆکی ئۆفیسـی دهۆک)، خزیر حمیری، ســـەردەم، ســـەلاح محەمەد عەلی، کامەران، لوئەی، هەندرێن، جەمال نەجاڕی، دیار ئاکرەیی، یاسـین قوڕەیشـی، محەمەد ئەمین قوڕەیشـی، سـالم بادی، یوســف، ئیلتیزام کەرکووکی، ئومێد، ڕەئوف، گرفتار کاکەیی، نزار سـدیق، فەریدا سـەباح، مەڕوان شـوکری، عەلی شـەعبان، سالم سـەلیم، عەبدولڕەحیم یاسر، سـەربەست ئەفەندی و ئاراس... بوون. ئێستا لەلایەن بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن دووبارە دەردەچێتەوە[1].

**ب- الصوت الآخر:** گۆڤاری هەفتانەی سیاسی گشتی- هەرێمی کوردستان، لەلایەن دەزگای موکریانی بۆ چاپەمەنی دەردەچێت. لە ژمارە ٩٩ بووەتە (هەفتانەی ســیاســی گشــتی- هەرێمی کوردسـتان). ژمارە ١ی سـاڵی ١ی لە ٥ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ دەرچووە. لە ژمارە ٥٠ بووەتە ساڵی ٢، لە ژمارە ٩٩ بووەتە ساڵی ٣، لە ژمارە ١٤٨ بووەتە ساڵی ٤، لە ژمارە ١٩٤ بووەتە ساڵی ٥، لە ژمارە ٢٤٧ بووەتە ساڵی ٦، لە ژمارە ٢٩٧ بووەتە ساڵی ٧، لە ژمارە ٣٤٢ بووەتە سـاڵی ٨، لە ژمارە ٣٩٢ بووەتە سـاڵی ٩، لە ژمارە ٤٣٩ بووەتە سـاڵی ١٠، لە ژمارە ٤٨٥ بووەتە ســـاڵی یازدەم، لە ژمارە ٥٩٦ بووەتە ســـاڵی دوازدەم. تا ژمارە ٥٩٧ی ١٩ی تشـــرینی یەکەمی ٢٠١٦ لە ئەرشیفی ئینسکلۆپیدیا هەبوو. خاوەن ئیمتیازی لە ژمارە ٩٩

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

تا ٥٩٧ مەحفوز مایی بووە. سەرنووسەری لە ژمارە ١ تا ١١٢ و ٣٠٤ تا ٣٢٦ و ٣٧٤ تا ٥٩٧ سەعید یەحیا خەتات، لە ژمارە ١١٣ تا ٣٠٢ و ٣٢٩ تا ٣٦٨ ماجد دەباغ بووە. ژمارە ٣٩ تا ١١٨ لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر، ژمارە ١٢٥ لە چاپخانەی خەبات، لە ژمارە ١٣٠ تا ١٤٨ لە چاپخانەی دەزگای ئاراس لە هەولێر، لە ژمارە١٥٠ تا ١٦٨ و ١٨١ تا ٥٩٧ لە چاپخانەی خانی لە دهۆک، لە ژمارە ١٧٠ تا ١٨٠ لە چاپخانەی موکریانی چاپکراون. لەگەڵ ژمارە ٣٢ی ٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ پاشکۆیەکی تایبەت هەبووە[١]. فەرهاد محەمەد دەڵێت: "ئەم گۆڤارە درێژەپێدەری گۆڤاری (گولان العربي)یە. لە ساڵی ٢٠١٦ وەستاوە و ئیتر بە ئەلیکترۆنی دەردەچێت"[٢].

پ- **الصوت الآخر:** پاشکۆی تایبەتی گۆڤاری (الصوت الآخر)ە، هەفتانەی سیاسی گشتی- هەرێمی کوردستان، لەلایەن دەزگای موکریانی بۆ چاپەمەنی دەرچووە. لەگەڵ ژمارە ٣٢ی ساڵی یەکەمی ٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ ئەم پاشکۆیە تایبەتە دەرچووە، کە هەمان ژمارە ٣٢ی گۆڤارەکەی وەرگرتووە. سەرنووسەری سەعید یەحیا خەتات بووە[٣].

ت- **توێژینەوە:** گۆڤارێکە بایەخ بە کۆمەڵگا، سیاسەت، مەعریفە دەدات. لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی بە زمانی کوردی دەرچووە. ژمارە ١ی لە ساڵی ٢٠٠٥ و ژمارە ١٠ی لە ساڵی ٢٠٠٧ دەرچووە. سەرنووسەری ئازا حەسیب قەرەداغی بووە[٤].

ج- **موکریانی:** ئەم چاپخانەیە لە ٢٠ی نیسانی ٢٠٠٧ لە هەولێر دامەزراوە[٥].

**١٣- شەفەق (کەرکووک):** دەزگای ڕۆشنبیری شەفەق لە ساڵی ٢٠٠٣ لە کەرکووک دامەزراوە و لە ساڵی ٢٠١٣ داخراوە. بەدران حەبیب سەرپەرشتی گشتی ئەم دەزگایە بووە لە هەولێر و لە کەرکووکیش حەمە کەریم عارف، دکتۆر مستەفا زەنگەنە و مەلا شاخەوان یەک لە دوای یەک بەرپرسی ئەم دەزگایە بووینە. نووسەرانی ئەم دەزگایە تاریق کارێزی، ئەحمەد تاقانە، حەمە سەعید زەنگەنە، سەباح ئیسماعیل، جەلیل کاکەوەیس، چنور نامیق، یوسف

(١) هەمان سەرچاوە.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ فەرهاد محەمەد، (١٤ی ئایاری ٢٠٢٣).

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٤) https://zheen.org.

(٥) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر بەکر، (هەولێر- ١ی شوباتی ٢٠٢٣).

لەتیف و سیروان ناشاد... بوون. لە بڵاوکراوەکانی ئەم دەزگایە (ڕۆژنامەی باسەڕە، گۆڤاری نەوشـــەفەق، بڵاوکراوەی باوەگوڕگوڕ (مناڵان)، گۆڤاری کانیاو) بوون. لە کارەکانی دیکەی ئەم دەزگایە دامەزراندنی تیپێکی موزیک بەناوی تیپی مۆســـیقای شـــەفەق و چاپکردنی کتێب و بەســـتنی کۆڕ و ســـیمینار بوون[١]، ئەم دەزگایە گۆڤار و ڕۆژنامەی دەرچوواندووە وەک:

**ا- منـــــاڵانی باوەگوڕگوڕ:** گۆڤاری مناڵان بووە، لەلایەن دەزگای شـــەفەقی ڕۆشـــنبیری لە کەرکووک بە زمانی کوردی دەرچووە. ســـەرەتا وەک پاشـــکۆی گۆڤاری شـــەفەق دەرچووە. ژمارە ١ی لە ١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣، ژمـــارە ٥٦ی لە ١ی تەمووزی ٢٠٠٨ دەرچووە. ژمارە ١ و ٢ و ١٢ و ١٤ و ١٧ و ١٨ کە لەبەردەســـتمانن لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر، ژمـارە ٤٩ و ٥١ و ٥٦ لە چـاپخـانەی ئـاراس لە هەولێر چـاپکراون. خـاوەن ئیمتیازی ژمارە ١٢ تا ١٨ فەلەکەدین کاکەیی و  ژمارە ٤٩ تا ٥٩ بەدران ئەحمەد حەبیب بوونە. ســـەرنووســـەری ژمارە ١٢ حەمە کەریم عارف و ژمارە ١٤ تا ١٨ یوســـف لەتیف و ژمارە ٤٩ تا ٥٦ محەمەد سەعید زەنگەنە بوونە. دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارە هیمەت کاکەیی و عومەر عەلی شـــەریف و ســـەباح ئیســـماعیل بووینە. لە ژمارە ١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ بەدواوە بووەتە گۆڤارێکی سەربەخۆ وەک پاشکۆ نەماوە. سەرنووسەری یەکەمجار یوسف لەتیف لە دوای ئەو محەمەد سـەعید زەنگەنە بووە. لە بەهاری سـاڵی ٢٠١٠ وەستاوە[٢].

**ب- باســەڕە:** هەفتەنامەیەکی ســیاســی ڕۆشــنبیری بوو، دەزگای ڕۆشــنبیری و ڕاگەیاندنی شەفەق لە کەرکووک بە دیالێکتی کرمانجی خواروو- سۆرانی دەریکردووە. ژمارە ١ی ٣٠ی نیســـــانی ٢٠٠٣ بە ٨ لاپەڕە دەرچووە. لە ژمـارە ٨٢ی ١٥ی کـانوونی یەکەمی ٢٠٠٤ بە سـەرپەرشـتی کوڕی کەرکووک گۆشـەیەک بە زمانی تورکمانی زیادکرا و تا ٦ی تشـــــرینی یەکەمی ٢٠٠٥ ئەم گۆشەیە بەردەوام بووە و دواتر وەستا. ژمارە ٣٤٥ی ٢٦ی ئایاری ٢٠١٠ دەرچووە و پاش بڵاوبوونەوەی ئەو ژمارەیەی مـــــاڵئاوایی لە بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی کردووە. خاوەن ئیمتیازی فەلەکەدین کاکەیی، لە ژمـــــارە ٣٠٠ی ١٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ خاوەن ئیمتیازی بووەتە بەدران ئەحمەد حەبیب. سەرنووسەری جەلیل کاکەوەیس، دواتر هەریەک لەم بەڕێزانە لە دوای یەک بوون بە سـەرنووسـەری ڕۆژنامەکە تاریق کارێز، ڕەزا

(١) هەمان سەرچاوە.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ صباح البازرگان، المصدر السابق، ص ٧١.

کاکەیی، ئەحمەد تاقانە و کامەران تاهیر بوون. دەستەی نووسەران نەبەز ڕۆستەم و سیروان ناشاد و سەباح ئیسماعیل بوون. دواتر دەستەی نووسەران مەلا شاخەوان، جومعە ئەلجەباری، خالید عەبدول و ئاسۆ عادل بوون[١].

**پ- نەوشەفەق:** گۆڤارێکی گشتی بوو، دەزگای شەفەقی ڕۆشنبیری لە کەرکووك دەریدەکرد. لە ژمارە ١ تا ٤٢ دەزگای شەفەقی ڕۆشنبیری لە کەرکووک دەریکردووە، لە ژمارە ٤٣ تا ٩١ نووسراوە (کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیری). ژمارە ١ی لە ٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٣ دەرچووە، دوا ژمارەی بەردەستمان ژمارە ٩١ی ٣ی کانوونی دووەمی ٢٠١٣ بووە. لە ژمارە ١ تا ٤١ بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە و لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر چاپکراوە. لە ژمارە ٤٢ تا ٩١ بە زمانی کوردی دەرچووە و لە چاپخانەی ئاراس لە هەولێر چاپکراوە. لە ژمارە ١ تا ١٩ فەلەکەدین کاکەیی خاوەن ئیمتیاز بووە، لە ژمارە ٢٠ تا ٣٨ خاوەن ئیمتیاز نەماوە و سەرپەرشتیاری بەدران ئەحمەد حەبیب بووە، لە ژمارە ٣٩ تا ٩١ بەدران ئەحمەد حەبیب خاوەن ئیمتیازی بووە. سەرنووسەری لە ژمارە ١ تا ٤١ حەمە کەریم عارف، لە ژمارە ٤٢ تا ٩١ یوسف لەتیف بوونە[٢].

**ت- کانیاو:** گۆڤارێکی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی گشتیی بووە، مانگی جارێک لەلایەن دەزگای شەفەق لە کەرکوک بە زمانی کوردی دەرچووە[٣]. ژمارە ١ی لەساڵی ٢٠٠٦ دەرچووە. دوا ژمارەی بەردەستمان ژمارە ٢١ لە ساڵی ٢٠٠٨ دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی بەدران ئەحمەد حەبیب بووە. سەرنووسەری لە ژمارە ١ تا ٨ جومعە جەباری، لە ژمارە ١٣ تا ٢١ نەبەز ڕۆستەم بوونە. لە چاپخانەی دەزگای ئاراس لە هەولێر چاپکراوە[٤]. دەستەی نووسەران ئاسۆ عادل و سروە حسێن بوون. ژمارە ٢١ی ئابی ٢٠٠٨ دوا ژمارە بووە[٥].

**ج- بزاو:** بڵاڤۆکەکا هەواڵییە حەفتەی دووجار لەلایەن دەزگای شەفەق لە کەرکووک و ئاکا نیوز لە هەولێر دەردەچێت، بە دیالێکتی کرمانجی خواروو- سۆرانی دەرچووە. ژمارە ١ی

(١) صباح البازرگان، المصدر السابق، ص ٥٠؛ جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم (ب)، ل ل ٣٤٧- ٣٤٩.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٣) https://zheen.org.

(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٥) صباح البازرگان، المصدر السابق، ص ١٢٣.

لە ٢٠ی تشـرینی یەکەمی ٢٠١٠ و ژمـارە ٨٠ی لە دوایی ساڵی ٢٠١١ دەرچووە[١]. خاوەن ئیمتیاز بەدران ئەحمەد حەبیب و سـەرنـــووسـەری عەوف عەبدولڕەحمان(شـاخەوان کەرکووکی) بوونە. لە چاپخانەی ئاراس چاپکراوە[٢].

**چ- واتە:** گۆڤارێکی هاوبەشـی دەزگای شـەفەق لە کەرکووک و دەزگای ئاراس لە هەولێر بووە، بە زمانی کوردی دەرچووە. ژمارە ١ی لە ١ی ئابی ٢٠١٠ و ژمارە ٢٩ی لە ١ی نیسانی ٢٠١٣ دەرچووە. لە چاپخانەی ئـــاراس لە هەولێر چاپکراوە. خاوەن ئیمتیازی بەدران ئەحمەد حەبیب بووە. سەرنووسەری لە ژمارە ١ تا ٢٣ یوسف لەتیف و لە ژمارە ٢٥ تا ٢٨ عەوف عەبدولڕەحمان(مەلا شاخەوان) بوونە[٣].

**ح- واتە:** پاشـکۆی ئەدەبی گۆڤاری (واتە)یە لەلایەن دەزگای ئـــاراس بە زمانی کوردی و ئینگلیزی دەرچووە. ژمارە ١ی سـاڵی یەکەمی لە ١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٨ دەرچووە، ژمارە ٤ی سـاڵی یەکەمی لە ١ی تەمووزی ٢٠٠٨ دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی شـەوکەت شـێخ یەزدین و سـەرنووسـەری بەدران ئەحمەد حەبیب بوونە. لە چاپخانەی ئاراس لە هەولێر چاپکراوە[٤]. ئەم پاشـکۆیە بەر لەوەی گۆڤاری واتە بە هاوبەشـی لەلایەن دەزگای شەفەق و ئاراس دەربچێت، دەرچووە.

**خ- حاجیلە:** گۆڤاری مـــانگانەی منداڵانی ٩ بۆ ١٤ سـاڵیە لەلایەن دەزگای شـەفەق لە کەرکووک بە زمانی کوردی دەرچووە. ژمارە ١ی لە تەمووزی ٢٠١٠ دەرچووە و تا سـاڵی ٢٠١١، ١٩ ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارە ٢٦ی لە سـاڵی ٢٠١٢ دەرچووە تا سـاڵی ٢٠١٣ بەردەوام بووە. خاوەن ئیمتیازی بەدران ئەحمەد حەبیب و سەرپەرشتی مەلا شاخەوان و سەرنووسەری محەمەد سەعید زەنگەنە بوون[٥].

**١٤- خانی (دهۆک):** ئەم ناڤەندە سـەر بە بەشـی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردسـتانە لە سـاڵی ٢٠٠٠ دامەزراوە، بەڵام لە سـاڵی ٢٠١٩ ناوی بووەتە دەزگای خانی. بەڕێوەبەرەکانی یەک لە دوای یەک فەهیم عەبـدوڵا حەمو، مەحفوز مـایی، ئیحســان ئامێدی. کۆمەڵێک بڵاوکراوە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن لە خۆدەگرێت وەک:

(١) المصدر السابق، ص ١٦٨.

(٢) جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم (ب)، ل ٤٨٦.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٥) https://zheen.org.

**ا- مەتین (METÎN):** سـەرەتا بڵاڤۆکەک بوو، یەکەمجار لقا ١ یا پارتا دیموکراتا کوردسـتانێ ب زمانێ کوردی و عەرەبی دەردئێخست. بابەتەکانی بڵاوکردنەوەی ڕووداوی ڕۆژانەی ناو سەنگەرەکانی پێشمەرگە و قارەمانێتیەکانیان و دەنگوباس و داستان و قارەمانێتی شۆڕشی گوڵان و هۆنراوە بووە، هەروەها گۆشەیەکی تایبەت بە شەهیدان هەبووە. لە بڵاوکراوەی مـــانگی ئابی ١٩٨٢ هەتا ژمارە ٣٢ی ئاداری ١٩٨٤ نووسراوە (بڵاڤۆکەکە، لقا ئێک یا حزبا دیموکراتا کوردســـتانێ- عێراق دەردئێخیت) دواتر لە ژمارە ٣٣ تا ژمارە ٥٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٥ وەک بڵاڤۆک بووە و لەســـەری نووسراوە (بڵاڤۆکەکە، لقا ئێک یا حزبا دیموکراتا کوردســـتانێ دەردئێخیت)، لە ژمارە ٥٤ی کانوونی دووەمی ١٩٨٦ بووەتە گۆڤار لەسـەری نووسراوە (گۆڤارا لقا ئێکە یا حزبا دیموکراتا کوردسـتانێ- عێراق). لە ژمارە ٥٨ و ٥٩ نووسراوە ســـیاســـی و ڕۆشـــنبیری و ئەدەبییە. لە لاپەڕە ٩ی ژمارە ٦٥،٦٦ی ئایار و حوزەیرانی ١٩٨٧ نووسراوە (داوای لێبوردن دەکەین گۆڤاری ئێوە مەتین بۆ چەند مانگێک ڕاوەستا بەهۆکارێکی تەکنیکی). لە ژمارە ٦٧،٦٨-ەوە ناوەڕۆکی بۆ نووسراوەتەوە. ژمـــارە ٦٩ لەســـەری نووسراوە ژمارەی تایبەت کە تایبەت بووە بە تۆماری داســـتانی دێرەلۆک. لە ژمـــــارە ٦٩ و ٧٠ بووەتە مەتین (METÎN). دیڤدا بوویە خولەکا دی و ل ژمارە ١ یا ئەیلوول و تشـــرینی یەکەمی ١٩٩١ تا ژمارە ٩٨ یـــا ئادارا ٢٠٠٠ ب ناڤێ پارتی دیموکراتی کوردســـتان بوویە، لە ژمارە ٩٩ لە نیســـانی ٢٠٠٠ تا ژمارە ٢٣٣ لە ئاداری ٢٠٢٣ بووەتە ناڤەندا خانی یا ڕەوشـــەنبیری و ڕاگەهاندنێ. ل ژمارە ١ تا ١١ لایێ ســـەری نڤیســـیە دیموکراتی بۆ عیراقێ و ئوتونومی یێ ڕاست و دروست بو کوردستانێ، لە ژمارە ١٢ تا ٢٥ نووسراوە (وتەی نەمر: ئەگەر دڵی میللەت لەگەڵمانا بێ، دوژمن هەزار هێندەی تریش بەهێزبێ ناتوانێ بمانشـــکێنن. بارزانی نەمر). لە ژمـــــارە ١ تا ٢٥ نووسراوە (کۆڤارەکا هەیڤانەیە یا لقی ١ پارتی دیموکراتی کوردستان)، لە ژمارە ٢٦ تا ١٣٢ نووسراوە (کۆڤارەکا سیاسی ڕەوشەنبیرییە)، ل ژمـــارە ١٣٣ تا ٢٣١ نووسراوە (کۆڤارەکا ڕامیاری ڕەوشـەنبیری گشـتی سـەربخۆیە)، ژمـــارە ٢٣٣ تا ٢٤٥ نووسراوە (کۆڤارەکا ڕەوشـەنبیری یا گشـتیی- هەیڤانەیە)[١].

خولی یەکەمی مەتین لە ساڵانی هەشتاکان وەک بڵاوکراوە دەرچووە؛ هەرچەندە دکتۆر ســاڵار عوســمان لە بارەی ڕێکەوتی دەرچوونی یەکەم ژمارەی مەتین نووســیویەتی ((لە

(١) ئەرشـیفی مەکتەبی سـیاسـی پارتی دیموکراتی کوردسـتان؛ ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

شـــۆڕشـــی ئەیلوول لە ســـاڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٥ دەرچووە))[١]، هەروەها لە ژمارە ٥٤٩ی ڕۆژنامەی خەبات نووسراوە (لە سـاڵی ١٩٨٠ تا کانوونی دووەمی ١٩٨٤ بەردەوام بووە لە دەرچوون)[٢]، بەڵام ئەوانەی بەرچاومان کەوتوون و بەردەســـتن لە ئەرشـــیفی مەکتەبی سـیاسـی و دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیا، بەم شـێوەیە بووە؛ ژمارە ١ی خولی ١ی لە نیسـانی ١٩٨١دا دەرچووە. د ناڤبەرا نیسـانا ١٩٨١- نیسـانا ١٩٨٨ جار هەیڤانە و جار وەرزی بوو، ل ڕۆژانێت شـــۆرەشـــا گولانێ ل دەڤەرا کوماتە و زێوە و ل دەڤەرا نێروەیا دەردکەفت ل بەراهیێ ل دەڤەرا کۆماتە، ژ ســـالا ١٩٨٣ ل زێوەشـــکان بوو کو بارەگایێ لقێ بوو، ٧٢ هژمار ژێ هاتینە بلاڤکرن. تیراژا وێ ژ ٢٠٠ دانەیان ژ نـــــاڤبەرا ١٩٨٥- ١٩٨٨ گەهشـتیە ١٤٠٠ دانەیان. ئەڤ بلاڤۆکە ل سەرجەم وان جهێن ئازادکری دهاتە بلاڤکرن و دگەهشتنە جهێن بن دەسەلاتا حکومەتێ و نـــاڤ پەنابەرێن کورد ل ئیرانێ و جهێن دی. لە مـــانگی حوزەیرانی ١٩٨١ تا شـوباتی ١٩٨٤ تەنیا ڕێکەوتیان لەسـەرە بێ ژمارەن (حوزەیرانی ١٩٨١ بە زمانی عەرەبی و ٤ لاپەڕەیە، تشـــرینی دووەمی ١٩٨١ بە زمانی کوردی و عەرەبی و ٤ لاپەڕە، ئاداری ١٩٨٢ بە زمانی کوردی وعەرەبی و ٤ لاپەڕە، ئاب ١٩٨٢ بە زمانی کوردی و عەرەبی و ٤ لاپەڕە، تشـــــــرینی یەکەم ١٩٨٢ بە زمانی کوردی و عەرەبی و ٤ لاپەڕە، تشـــــــرینی دووەم ١٩٨٢ بە زمانی کوردی و عەرەبی و ٤ لاپەڕە، مایس ١٩٨٢ بە زمانی عەرەبی و ٤ لاپەڕە، هەردوو بڵاوکراوەی ئـایاری ١٩٨٢ و مـایســـی ١٩٨٢ بەو شـــێوەیە ڕێکەوتەکانیان نووسراون بەڵام بابەتەکانیان جیاوازن بە زمانی عەرەبی و ٤ لاپەڕە بوونە، ئەیلوول ١٩٨٢ بە زمـــــانی عەرەبی و ٤ لاپەڕە، کانوونی یەکەم و دووەم ١٩٨٣/١٩٨٢ بە زمانی عەرەبی و ٤ لاپەڕە، کانوونی یەکەم ١٩٨٣ بە زمانی کوردی و عەرەبی و ٦ لاپەڕە، شـوبات ١٩٨٣ بە زمانی کوردی و عەرەبی و ٤ لاپەڕە، ئاداری ١٩٨٣ بە زمـــــانی کوردی و عەرەبی و ٦ لاپەڕە، ئـابی ١٩٨٣ بە زمـانی عەرەبی و ٤ لاپەڕە، ئەیلوول ١٩٨٣ بە زمـانی کوردی و عەرەبی و ٦ لاپەڕە، تشـــــــرینی یەکەم ١٩٨٣ بە زمانی کوردی و عەرەبی و ٦ لاپەڕە، تشـــــرینی دووەم ١٩٨٣ بە زمانی کوردی و عەرەبی و ٦ لاپەڕە، کانوونی دووەم ١٩٨٤ بە زمانی کوردی و عەرەبی و ٦ لاپەڕە، شـوبات ١٩٨٤ بە زمانی کوردی و عەرەبی و ٤ لاپەڕە)، لە ئاداری ١٩٨٤ ژمارە ٣٢ وەرگرتووە، لەم ژمارەیەوە تا ژمـــــارە ٥٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٥ هەموویان بە زمانی کوردی و عەرەبی و ٦ لاپەڕە درچووینە. ژمارە ٥٤، ٥٨،

(١) د. سالار عوسمان، مەتین پێویستە چیبکات...؟!!، گۆڤاری مەتین، ژمارە ٢٣٣، (ئادارا ٢٠٢٣- دهۆک)، ل ٨.

(٢) لە بڵاوکراوەکانی راگەیـانـدنی پـارتیمان، ڕۆژنامەی خەبـات(النضـــال)، ژمـارە ٥٤٩، (کانونی دووەمی ١٩٨٤)، ل ٦.

٥٩، ٦٠، ٦٥-٦٦، ٦٩، ٧٠ بە زمــانی کوردی و عەرەبی ١٢ لاپەڕە، ژمــارە ٥٥- ٥٦ بە زمانی کوردی و عەرەبی ٢٠ لاپەڕە، ژمارە ٥٧، ٦٣-٦٤، ٦٧-٦٨ بە زمانی کوردی و عەرەبی ١٦ لاپەڕەیی بووینە. لە ژمـــــارە ٥٤ تا ژمارە ٦٧-٦٨ قەبارەیان کتێبی بووە. هژمـــــارا ٧٢ و دومـــــاهیێ ل نیسانا ١٩٨٨ دەرکەفتییە. ژ بەر بەرپابوونا هەوا ئەنفالێت ڕەش ل دەڤەرا بەهدینان ئەڤ گۆڤارە ڕاوەستا[1].

کارمەندێن سـەرەکی یێ ڤێ خولێ؛ سـەرپەرشـتێ وێ د. ڕزگار زاخۆیی بوو و ژ سـتافێن سەرەکی یێن ڤێ گۆڤارێ د.غازی بامەرنی، تەیار سەلیم گەرمـاڤی، سەید جەلال تروانشی، خالـید محەمەد دەرکاری، نێچیرڤان ئەحمەد (وەک هونەرکاری و نەخشەسازی)، محەمەد ئەمین مایی(مام دژوار)، ناجی بامەڕنی، حەمید نەسری (وەک خوشـنڤیس)، هەروەسـا بو ماوەکێ جەعفەر مایی و ئەســـعەد گوهەرزی بوون. ژ وان بەرێزێت بەرهەم تێدا بلاڤ کرین عەبدولســـەلام بەرواری، د. رزگار زاخۆیی، د. جەرجیس حەســـەن، حەبیب کەلەش، عەبدولعەزیز تەیب، عیماد جەمیل مزوری... هی دیکە. ئەڤ گۆڤارە ب ئامێرێ چاپێ ژ لایێ سـەبری بامەڕنی و حەسـەن گولی (ئەبو کوڤان) و محەمەد حاجی دهاتە چاپکرن و پاشــان ب رۆنیو و سـتێنسـل و زیراکس دهاتە راکێشـان. هەروەسـا هەندەک جارا (ئەبو عێراقی) کادرێ ڕاگەهاندنا حزبا شیوعیا عێراقی ب کارێ نەخشەسازیێ ڕابوویە[2].

خولێکی دیکەی مەتین لە دوای ســالی ١٩٩١ دەســـتیپێکرد؛ ســـەبارەت بە دەرچوونی خولی نوێی ئەم گۆڤارە ڕای جیاواز هەیە، ئیســـماعیل تەنیا لە پەرتووکێکیدا نووسـیویەتی ((ژمـارە ١ی خولی ٢ی لە ئەیلوولی ١٩٩١دا دەرچووە))[3]. هەروەهـا لە پەرتووکێکی دیکەیدا نووســـیویەتی((خولی ١ و ٢ی لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەســـتی شـــۆڕش دەرچووە. ژمـارە ١ی خولی ٣ی لە ئەیلوولی ١٩٩١ دەرچووە))[4] و موســـەدەق تۆڤی نڤێسیە ((پشتی سەرهەلدانێ ل دوماهیکا ١٩٩١ ئێکەمین هژمارا وێ ل چریا ئێکێ ١٩٩١

(١) ئەرشـیفی مەکتەبی سیاسـی پارتی دیموکراتی کوردسـتان؛ ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ وەصفی حەسەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا دەڤەرا بەهدینان، وەشانا دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ (ژمارا وەشانێ ١٦٨)، چاپا ئێکێ، (چاپخانا حەجی هاشـم- هەولێر- ٢٠٠٦)، ل ل ٣٠-٣١، ٤٨؛ ئیسـماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥؛ موسەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨.

(٢) وەصفی حەسەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا....، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٠- ٣١.

(٣) ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥.

(٤) ئیسماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

هاته بڵاڤکرن و هەتا ٢٠١٢ (٢٣٦) هژمار لێ هاتینە بڵاڤکرن))[١] و وەســـفی نڤێســـیە ((هژمـــــــارا ١ێ ژ خولا ٢ێ ل چریا دوویێ ١٩٩١ ل دهۆک دەرکەفت و هژمارا ١٣٢ و دوماهێ ل هاڤینا ٢٠٠٣ دەرکەفتیە، هژمارا ١٣٣ وەک تەمـامکەرێ خولا دوویێ ل خزیرانا ٢٠٠٥ ل دهۆک دەرکەفتییە کو خولا ٣ بوویە)) [٢]. بەڵام ئەو ژمـارانەی لە دەســـتەی ئینسکلۆپیدیا هەبووە بەم جۆرە بووە: ژمارە ١ لە ئەیلوول و تشـــــرینی یەکەمی ١٩٩١ تا ژمارە ٧٤ لە ئاداری ١٩٩٨ نووسراوە خولی سێیەم، لە ژمـارە ٧٥ تا ١٣٢ هیچ خولی لەسەر نیە، لە ژمارە ١٣٣ لە حوزەیرانی ٢٠٠٥ تا ژمارە ٢٣١ لە تشـــــــرینی یەکەمی ٢٠١٥ خولی چوارەم بووە، ژمــــــارە ٢٣٣ ل ئادارا ٢٠٢٣ خولا پێنجێ دەسـتپێکریە، ژمارە ٢٤٥ ل ئادارا ٢٠٢٤ دەرچوویە. لە ژمــــــارە ١ تا ١٣٢بە زمانی کوردی و عەرەبی و لە ژمارە ١٣٣تا ٢٤٥ بووەتە زمانی کوردی. لە ژمـــــارە ٢٦ تا ٣٩ لە چاپخانەی ڕەوشـەنبیری دهۆک، ژمارە ٤٠ و ٤١ و ٤٧ تا ٥١ و ١٠٦ تا ١٠٨ و ١١٦ تا ١٢٩- ١٣٠ و ١٣٤ و ١٤٣ و ١٤٤ و ١٤٨ تا ٢٣١ ل چاپخانا هاوار ل دهۆکێ، ژمـارە ٤٤ ل چاپخانا ئۆفیس ل دهۆکێ، ژمارە ٤٥ و ٥٢ و ٥٣ ل چاپخانا کولێژا شـــەریعە ل دهۆکێ، ژمارە ٥٦ تا ٨٠ و ٨٢ تا ١٠٥ و ١١٠ تا ١١٥ ل چاپخانا خەبات ل دهۆکێ، هژمـارا ١٠٩ بەس نڤیسیە دهۆک بێ چاپخانە و ژمارە ٢٣٣ ل چاپخانا ڕۆژهەڵات ل هەڤلێر، ژمـــــــارە ٢٣٥ و ٢٣٦ و ٢٣٩ و ٢٤٠ ل چاپخانا پارێزگەها دهۆکێ، ژمـارە ٢٣٤ و ٢٣٧ و ٢٣٨ و ٢٤١ تا ٢٤٥ ل چاپخانا خانی ل دهۆکێ هاتینە چاپکرن[٣].

سـەبارەت دەسـتەکا نڤیسـەرا بۆ خولا پشـتی ڕاپەڕینێ؛ ل سـاڵا ١٩٩١ دەسـتەکا نڤیسـینا گۆڤارا مەتین ل بارەگایێ لقا ئێکا پارتی ل زاویتە هاتە دەســتنیشــانکرن و ل دەســتپێکێ هێژا د. ڕزگار زاخویی ســـەرنڤیســـەرێ وێ بوو و دەســـتەکا نڤیســـەرا پێک دهاتن ژ عەبدولکەریم فەندی، ئەنوەر محەمەد تاهیر، ڕەشـــید فەندی و ڕەمەزان عیســـا. هژمارا ١٣٣ وەک تەمـــامکەرێ خولا دوویێ ل خزیرانا ٢٠٠٥ ل دهۆک دەرکەفتییە باقی نازێ، د. ســـەلاح هروری، هزرڤان، ئەرشـــەد حیتۆ و ئامینا زکری، ژ دەســـتەکا نڤیســـەران بوون. هەروەسـا نزار رەشـاد باڵەتەیی و سـەعید خالید بوو دەرهێنانا هونەری. خاوەن ئیمتیاز ل ژمارە ٢٦ تا ١٣٢ نەجمەدین یوسـفی، ژمارە ١٣٣ تا ٢٣١ ئەنوەر محەمەد تاهیر، ژمارە ٢٣٣ تا ٢٤٥ ناڤەندا خانی یا ڕەوشـەنبیری و ڕاگەهاندنێ بوویە. سـەرنڤیسـەر ل ژمارە ٢٦ تا ٣٧-٣٨ حەمید سووری، ژمـــارە ٣٩ تا ٤١ کاروان ئاکرەیی، ل ژمارە ٤٢ تا ٨٦ فەهیم عـــەبدوڵا حەمو، ل ژمارە ٨٧ تا ١٣٢ دیار محەمەد سـەعید دوسـکی، ل ژمارە ١٣٣ تا ٢٣١ موحسـین

(١) موسەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨.

(٢) وەصفی حەسەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سەرچاوەی پێشوو، ، ل ل ٤٨- ٤٩، ٩٦؛

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

قۆچان و ل ژمـــــارە ٢٣٣ تا ٢٤٥ شـەمال ئاکرەیی بووینە. ماڵپەڕی تایبەت بەخۆی هەیە govarametin.com[1].

**ب- ســـڤۆرە:** ئێکەمین گۆڤارا زاروکانە ل دەڤەرا بەهـدینـان، گۆڤارەکا هەیڤانەیە یـا ڕەنگاورەنگە. ل دەســتپێکێ ژ لایێ دەزگەهێ ڕاگەهاندنا گازی ل هژمارا ١ یا ٢٢ نیســانا ١٩٩٨ ل دهۆکێ ب زمانێ کوردی دەرکەفتییە و تا ســاڵا ٢٠٠٥ بەردەام بوویە و پاشـــان ڕاوەســتایە، ئەڤ گۆڤارە ل ســاڵا ٢٠١٩ د ژێ ٢١ ســاڵیا خۆدا بوویە کو ژ لایێ ناڤەندا خانی یێ ڕەوشــەنبیری و ڕاگەهاندنێ ل دهۆکێ ب هەلکەفتا ســەد ســاڵیا ڕۆژنامەڤانییا کوردی دووبارە هاتیە بلاڤکرن. هژمارا ٢٣٦ێ ل ئادارا ٢٠١٩، هژمـــارا ٢٨٢ ل چریا ئێکێ ٢٠٢٣ دەرکەفتیە. هژمارا ٢٨٦ ڤێ گۆڤارێ ب کوالێتی و دیزاینەکا جوان کەفتە بەردەستێن خوەندەڤانان پرانیا بابەتێن هاتینە بلاڤکرن گرێدایی ئەدەب و ڕەوشــەنبیریا زارۆیانە و ل چاپخانا خانی هاتینە چاپکرن. خودانێ ئیمتیازێ ژ هژمارا ١ تا ٢٧ کاروان ئاکرەیی، ل ٢٨ تا ٥٥ حەبیب کەلەش، ل ٦٥ تا ٦٥ فەهیم عەبدولا، ل ٦٦ تا ١٠٠ د. فازڵ عومەر، ل ١٠١ تا ٢٨٦ ناڤەندا بووینە. ســەرنڤیســـەر ل ١ تا ٢٧ فەهمی ســەلمان، ل ٢٨ تا ٥٥ بەهجەت هروری، ل ٥٦ تا ٦٦ فازڵ عەمەر، ل ٦٧ تـــــا ٢٣٦ ســەلام بالایی و پاشــدا هەیفا عەلی دۆســـکی بووینە. ل ســاڵا ٢٠٠٤ بۆ ٢٠٠٥ ســتافێ گۆڤارێ ب ڤی ئاوایی بوویە، پەروین عەبدولعەزیز (ســکرتێرا نڤێســینێ)، نەسـێود خالید گولی (دەســتەکا نڤیســەرا)، محەمەد عەبدوڵا (پێداچونا زمانی)، ســـتار عەلی (دەرهێنانا هونەری)، ئەحمەد بیری (نیگارکێش)، محەمەد مەلا حەمدی (کومپیوتەر)[2].

**پ- پەیمان/ ئەڤرۆ:** هەفتەنامەیا پەیمان هەفتەنامەکا ڕەوشـەنبیری- سیاسی بوو، ب زمانێ کوردی ل دهۆکێ دەردچوو. ژ ئـــــالیێ نڤیســـینگەها ڕەوشــەنبیری و ڕاگەهاندنا پارتی دیموکراتی کوردســـتانێ ڤە، ب پشــتەڤانیا دارایيا لقا ئێک یا پارتی دیموکراتی کوردســتان دەردکەت. ل دەســتپێکێ حەفتینامەیا سـیاسـی ڕەوشــەنبیری گشــتی بوو، دیڤدا ناڤی وێ بوویە (ئەڤرۆ) کو درێژەپێدانا کاروانێ هەفتەنامەیا (پەیمان) بوویە و وەک ڕۆژنامەیەکا

(١) ئەرشـــیفی دەســتەی ئینســـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردســـتان؛ وەصـــفی حەســـەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سـەرچاوەی پێشـوو، ل ل ٤٨- ٤٩، ٩٦؛ وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سـەرچاوەی پێشوو، ل ل ٨٩، ١٠٣، ١٠٤.

(٢) ڕۆژناما ئەڤرۆ، هژمارا ٣٤٨٧، (٣/٣/ ٢٠٢٤- چاپخانا موکریانی)، ل ١٦؛ موســـەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١١٨- ١١٩؛ وەصفی حەسەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧؛ https://www.xaniagency.com/.govarasivore/.

سـەربەخۆیا گشـتییە حەفتانە ل دهۆکێ ب زمانێ کوردی ب دیالێکتا ژووروو دەردکەفت، جارجاریش ب زاراڤێ کرمانجی خواروو- سـۆرانی نڤێسـینا بڵاڤدکەت. پشـتی ماوەکێ ڕۆژناما ئەڤرۆ بووە ئێک ژ بڵاڤۆکێن دەزگەها ڕۆشـنبیری و ڕاگەهاندنا خانی. گرنگی ب پەیام و ڕووداننێن ناڤخۆ و دەڤەرێ ددەت، هەروەسا پەیامێن سیاسی، ساخلەمی، زانستی، ڕەوشەنبیری، ئابووری، جڤاکی، وەرزشی، گۆتار و دیداران بڵاڤدکەت[1].

سەبارەت هەفتەناما پەیمان؛ وریا جاف و وەسفی ڕدێنی نڤێسینە ((ژمارەی ١ی لە ١١ی تیرمەها ١٩٩٤ بڵاوبووەتەوە))، ل هەمـان دەمدا ل ماڵپەڕێ ڕۆژناما ئەڤرۆ نڤێسـییە (ڕۆژناما پەیمان ل ٣١ێ تیرمەها ١٩٩٤ دەرکەفتیە)[2]. ژ هژمـارە ١ تا ژمارە ١٤ یا ١١ێ کانینا دوویێ یا ١٩٩٥ بەروەخت و دوو حەفتیان جارەکێ دەرکەتیە. ژ هژمارە ١٥ یا ١٨ێ کانینا دوویێ یا ١٩٩٥ ب دروسـتی بوویە حەفتیانە. خودانێ ئیمتیازێ ل هژمارا ١ هەتا داویێ حەبیب کەلەش بوویە. سـەرنڤیسـکار هژمارا ١ هەتا ٣٢ ئەدیب چەلکی، ل هژمارا ٣٣ هەتا ٥٧ بەهجەت هروری ب وەکالەت سـەرنڤیسـکار و ل ١٥ێ ئایارا ١٩٩٥ هەتا داویێ بەهجەت هروری ب فەرمی سەرنڤیسکار بوویە. هژمـارا ١ هەتا ١٠٠ بەرپەڕێن وێ ناڤبەرا ٨ بۆ ١٠ بەرپەڕان بوون، چەند هژمارەکێن کێم بوونە ٦ بەرپەڕ، پشتی هژمارا ١٠٠ بەردەوام دناڤبەرا ١٢ بۆ ١٦ بەرپەڕاندا بوو. هەتا هژمارا ١٢ ئەڤ حەفتینامە ل دهۆکێ دهاتە بەرهەڤکرن و ل هەڤلێر دهاتە چاپ کرن، ژ هژمارا ١٣ وێڤە ژبەر شـەڕێ ناڤخۆ، سـتافێ حەفتینامێ پەنا برە بەر پەرگەها (اخلاص) کو دکەفتە بەرانبەر بارەگایێ حەفتیناما پەیمان و هەتا هژمارا ٣٢ ل وێرێ دهاتە کۆپیکرن، پاشی ب دەستی ل چاپخانا هاوار و کۆلیژا شـەریعە دهاتنە چاپکرن و هەتا هژمارا ٥٨ ڤەکێشـا، چاپخانەیا هاوار و خەبات باشـتر لێهاتن و هاتنە دامەزراندن هەتا هژمارا ١٠٠ ل ڤان دوو چاپخانەیان چاپ دکرن. پەیمان وەک ئێکەمین ڕۆژناما ژی درێژ ل دەڤەرێ کو یەکەمین جار بوو ڕۆژنامەکا حەفتیانە ل ڤێ دەڤەری دەرکەڤیت نزیکی ٩ سـاڵان بەردەوام بوو. تیراژا وێ ل ٥٠٠- ١٠٠٠ لبان گەهشـتە ٥٠٠٠- ٦٠٠٠ لبێن چاپکرنێ. دەمێ داوی هژمارا ٤١٣ ل ١٦ نیسـانا ٢٠٠٣ دەرچووی دەملدەست هزر ل وێ چەندێ هاتە کرن سەر ل نو پەیمان دەرکەڤیت و دەربڕینێ ل قوناغا شـەڕێ ئازادکرنا عێراقێ و سـەروبەرێ نو یێ باشـووری کوردسـتانێ بکەت، ئەنجامێ ڤێ هزرکرنێ دەرچوونا ڕۆژنامەیا ئەڤرۆ بوو[3].

(١) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سـەرچاوەی پێشـوو، ل ل ١٠٥- ١٠٦؛ وەصـفی حەسـەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا...سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥؛ /https://rojnameyaevro.com/ku/.derbareyme.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) موسەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٩٦- ١٠٢، ١٠٤، ١٣٠- ١٣٢.

سـەبارەت ڕۆژناما ئەڤرۆ؛ هژمارا ١ێ ل ٣١ تیرمەها ٢٠٠٣ دەرکەتیە، خودانی ئیمتیازێ فەهیم عەبدوڵا حەمۆ و سەرنڤیسەر بەهجەت هروری بووینە، ل ١ێ چریا ئێکێ یا ٢٠٠٩ ژ حەفتیانە بوویە ڕۆژانە ل وی دەمی ڕێبەر فەتاح سـەرنڤیسـەر بوویە، ڕۆژنامە ل هەڤلێرێ چاپ دبوو. ل سـالا ٢٠٠٥ سـتافێ حەفتینامێ ب ڤی شـێوەی بوویە فەهیم عەبدوڵا حەمۆ خودانێ ئیمتیازێ، بەهجەت هروری سـەرنڤیسـکار، بشـار کیکی جێگرێ سـەرنڤیسـکاری و ئیسـماعیل بادی سـکرتێرێ نڤیسـینێ. ژ سـتافێ ڤێ حەفتینامێ پێت سـەرەکی نەوزاد جەمیل، عیسـمەت محەمەد بەدەل، درباس مسـتەفا، شـاکر ئەتروشـی، هۆگر محەمەد تاهیر، سـەباح ئەتروشـی، شـوکری شـێخان، هەروەسـا ڕێبەر هونەر بوو دەرهێنانا هونەری و ماوەکێ عیسـام حەجی تاهیر ژی ب دەرهێنانا هونەری ڕادبوون. سـەرنڤیسـەرێ هژمارا ٣٤٨٧ ل ٣ێ ئادارا ٢٠٢٤ فازڵ عومەر و خودانێ ئیمتیازێ ناڤەندا خانی یا ڕەوشەنبیری و راگەهانـدنێیە و ل چاپخانا موکریانی هاتیە چاپکرن. هەتا نوکەش بەردەوامە ل دەرچوونێ، ژمـارە ٣٦٥١ ل ١٠ێ کانینا ئێکێ یا ٢٠٢٤ دەرچوویە. ماڵپەڕی تایبەت بەخۆی هەیە کە ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە بە pdf لەم مـاڵپەرەیە هەیە، جگە لە هەواڵی ناوخۆیی و جیهانی و سـیاسـی و ئەدەبی و کولتوری و ئابووری و وەرزشـی. مـاڵپەڕێ (ئەڤرۆ نیوز) گرنگیێ ب پەیام و ڕوودانێن ناڤخۆ و دەڤەرێ ددەت، هەروەسا پەیامێن سـیاسـی، سـاخلەمی، زانسـتی، ڕەوشـەنبیری، ئابووری، جڤاکی، وەرزشـی، گۆتار و دیـداران بڵاڤـدکەت، کو ل ڕۆژا ١ێ چریـا ئێکێ یـا ٢٠١٤ ب ڕەنگەکی فەرمی ب ناڤونیشانێت rojnameyaevro.com کەفتیەکاری[1].

**ت- ئەڤرۆ:** پاشـبەندێ ڕۆژناما ئەڤرۆ بوو، تایبەت بوو ب بەرنامێ لیسـتا کوردسـتانێ ڤە بۆ هەڵبژارتنین پەرلەمانێ کوردستانێ ل ٢٥ێ تیرمەها ٢٠٠٩[2].

**ج- دەنگێ مە:** بڵاڤۆکەکا تایبەت بوو ب لیسـتا پارتی دیموکراتا کوردسـتان، ژ لایێ ناڤەندا خانی یێ ڕەوشـەنبیری و ڕاگەهاندنێ ب زمانێ کوردی و عەرەبی دەردچوو. هژمارا ١ێ ل ٢٣ێ کـانینـا دوویێ ٢٠٠٥ دەرکەفتییە. ٤ ژمـارە ب تیـراژا ٤٠٠٠ دانە دەرکەفتینە. سەرپەرشتکار فەهمی عەبدوڵا و سەرنڤیسەر بەهجەت هروری بوون. دەستەیا نڤیسکارا بڵند محەمەد، فازڵ عومەر، خالید دێرەشی، ئیسـماعیل بادی، ئیحسـان حەسـەن، حەسـەن سـلێڤانەیی، درباس مسـتەفا، عەبدولخالق سـوڵتان، عیسـمەت محەمەد بەدەل و نەوزەت

(١) موسـەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سـەرچاوەی پێشـوو، ل ل ٩٦- ١٠٢، ١٠٤، ١٣٠- ١٣٢؛ وەصـفی حەسـەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٨؛ https://rojnameyaevro.com/ku/.derbareyme/.

(٢) جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم (الف)، ل ٤٠٥.

جەمیل بوون. هەروەسا عیسام حەجی تاهیر و ڕێبەر دەرهێنانا هونەری بوون[١].

**چ- خەبات/ دهۆک/ ktv دهۆک:** ئەم تەلەڤزیۆنە لە ٣ی گوڵانی ١٩٩٢ لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بە ناوی (خەبات) لە دهۆک دامەزراوە. لە ساڵی ١٩٩٣ ناوی گۆڕدرا بۆ (کوردستان) و لە ساڵی ١٩٩٨ ناوی گۆڕدرا بۆ (دهۆک)[٢].

کەناڵی ناوخۆ لە دهۆک لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان کرایەوە. ماوەی پەخشی پێنج دەمژمێر بوو بە زمانی کوردی و عەرەبی. تەنیا لە شارەکە پەخشی هەبووە. بەم دواییە بەشی تەکنیکی و زانیاری پارتی دیموکراتی کوردستان توانیان پەخشەکە فراوان بکەن[٣]. ڕۆلەکێ بەرچاڤ هەبوویە ل کوردیکرنا زمانێ خەلکی و ڕەوشەنبیرکرنا خەلکێ مە ل موسڵ و فەیدێ و دومیز و قامیشلی و ڕەوشەنبیریا کوردایەتی و وڵاتپارێزی. ئێکەمین کەناڵێ تەلەڤزیۆنیە ل بەهدینان پەخشا ئێکسەر ب کار ئینابیت. ڕێڤەبەرێت وێ ل دیڤ ئێکدا حەمید سوری، فەهیم عەبدوڵا، سەعید دێرەشی، ئەحمەد عەبدوڵا جاسم، عەبدولوەهاب خالید، عەبدولسەمەد ئیسلام، خوشناڤ جەمیل، عەدنان یوسف حسێن و هەلکەفت عەبدولواحید ساڵح بوون. بێژەرێن پێشییێن وێ ئەحمەد عەبدوڵا جاسم، نسرەت هادی، سەمیرا ئیبراهیم، هنار سالم ئامێدی، نوری عەبدولڕەحمان، ئەحمەد مایی، جەمیل خەلیل و ڤیان عەباس بوون. ژ کارمەندێت پێشییێن ڤێ کەناڵی باسل سەید محەمەد ئامێدی، شەوکەت بەندی، عادل حەسەن، پەژان عەبدولستار، ڕەمەزان سندوری (وێنەگر)، سالم سەعید نێروەیی (وێنەگر)، حەمید فەرەج (وێنەگر)، عەبدوڵا سەعید نێروەیی (وێنەگر)، ئازاد هروری (مونتاژ)، حیکمەت حسێن باجلوری، عومەر عەلی میرو (مونتاژ)، غەواس ئەرتوشی (وێنەگر)، عەبدولعەزیز خەیات، شوکری شێخان، ئیبراهیم عیسا، ڤیان عەباس، خەلیل جەمیل، خالید سیسکو (وێنەگر)، ئیبراهیم عیسا، ئارین عەبدولقادر، هانی عەبدولڕەحمان... بوون. نوکە ژ لایێ ناڤەندا خانی درێژە پێ هاتیە دان و بەردەوامە ل پەخشا خۆ[٤].

**ح- xaniagency.com:** ماڵپەڕێ دەزگای خانیە ژ لایێ ناڤەندا خانی ل ١٦ێ تەباخا ٢٠٢١

(١) وەصفی حەسەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٤.

(٢) صالح یوسف صوفی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگێ دووێ، ل ٤٤٤.

(٣) PDK News Views, (Kurdistan Demokratic Party, Iraq in USA & Eurpe), issue 1, july 1993 ,Merrifield, Virginia) , page 6.

(٤) وەسفی حەسەن ردێنی، ئێزگە و... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦٩- ٧٠؛ ناڤەندا خانی یا ڕەوشەنبیری و ڕاگەهاندنێ.

هاتیە دانان، بابەتێن وێ هەمەڕەنگن و د. ڕێبەر فەتاح ڕیڤەبەرێ وێیە[1].

**خ- ئاژانسا خانی (xaniagency):** ئاژانسەکا نوچەیی یا کوردستانێیە، ناڤەندا وێ ل باژێرێ دهۆکێیە، سەر ب ناڤەندا خانی یا ڕەوشەنبیری و ڕاگەهاندنێیە. ل ١٦ی ئابی ٢٠٢١ دامەزراوە[2].

**د- Helhelok tv:** سەتەلایێتا هەلهەلۆک تایبەتە ب جیهانا زارۆکا ل ١٨ێ ئادارا ٢٠١٦ێ ل دهۆکێ کەفتیەکاری[3].

**ژ- چاپخانەی خانی/ خەبات:** ئەم چاپخانەیە لە ساڵی ١٩٩٦ لە دهۆک دامەزراوە تا ساڵی ١٩٩٨ کاریکردووە. محەمەد مەلا حەمدی لە ساڵی ١٩٩٨ کاروباری دەرهێنانی هونەری و کۆمپیوتەری لەم چاپخانەیە لە ئەستۆ بووە[4]. چاپخانا خەبات ل ساڵا ١٩٩٦ ژ لایێ دەزگەهێ ڕۆشنبیری و ڕاگەهاندنێ ڤە دهاتە سەرپەرشتیکرن، ل ساڵا ٢٠٠٥ ناڤێ وێ هاتیە گهۆڕین بۆ (خانی). ڕێڤەبەرێت وێ سەعید یەحیا خەتات، مەعسوم ئەنوەر مایی، بەکر عەبدولکەریم کۆڤلی، زهێر یاسین مستەفا، سەورەت عەبدوڵا سلێمان و سەلام بالایی بوون[5].

**ز- ئەڤرۆ سپۆرت:** حەفتینامەیا وەرزشییە، هژمارا ١ێ ل ٦ێ چریا دووێ یا ٢٠١٢ ژ لایێ ناڤەندا خانی یا ڕەوشەنبیری ل دهۆکێ دەرکەفتیە[6].

**ک- دهۆک سپۆرت:** کەناڵێ ناڤەندا خانی یا ڕەوشەنبیری و ڕاگەهاندنێیە، ل ٢٢ی ئایاری ٢٠٢٢ لە دهۆک دامەزراوە. زیاتر گرنگی دەداتە بابەتی وەرزشی ناوخۆیی و دەرەوە. بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنەکە ڕەشید یەحیایە[7].

(١) ناڤەندا خانی یا ڕەوشەنبیری و ڕاگەهاندنێ.

(٢) https://www.instagram.com/xaniagency?igsh=MTEzM3NjbWh1MjZkcA==.

(٣) موسەدەق تۆڤی، ئینسکلۆپیدیا... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٨.

(٤) حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني- العراق، (مطبعة خەبات- دهوک- ١٩٩٨)، ص ٢.

(٥) ناڤەندا خانی یا ڕەوشەنبیری و ڕاگەهاندنێ.

(٦) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیسماعیل ئیبراهیم، (دهۆک- ١٥ێ تەمووزا ٢٠٢٤).

(٧) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیسماعیل ئیبراهیم، (دهۆک- ١٥ێ تەمووزا ٢٠٢٤).

**١٥- گوڵان:** ئەم دەزگایە سەربە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە ساڵی ١٩٩٥ دامەزراوە، کۆمەڵێک بڵاوکراوە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن لە خۆ دەگرێت وەک:

**ا- گوڵان:** ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بووە، لەلایەن کۆمەڵگەی گوڵان بڵاودەکرایەوە کە کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆیە، پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەی دەبات. یەکەمجار بوو ڕۆژنامەیەکی کوردی بەم جۆرە ئازادانە بنووسێ. لەبارەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی وریا جاف نووسیویەتی ((ژمارەی ١ی لە ٢٢ی نیسانی ١٩٩٤ بڵاوبووەتەوە))، بەڵام ئەوەی ئێمە بینیومانە ژمارە سفری لە ٢٢ی نیسانی ١٩٩٤ و ژمارە ١ی لە ٢٨ی نیسانی ١٩٩٤ دەرچووە. ژمارە ٣٦ی لە ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٤ دەرچووە. دوا ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە ٣٧ بووە، بەهۆی شەڕی ناوخۆ بارەگای گوڵان بەر هێرش کەوت و ڕاگیرا. دواتر لە ١٨ی شوباتی ١٩٩٥ ژمارە ٣٨ی گۆڤاری گوڵان (کوردی) وەک درێژەپێدەری ڕۆژنامەی گوڵان بەردەوام بوو[1].

**ب- گوڵان (کوردی):** گۆڤاری گوڵان (کوردی)، دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی گوڵان دەریکردووە. درێژەپێدەری ڕۆژنامەی گوڵانە کە ٣٧ ژمارەی لێ دەرچووبوو و لە ژمارە ٣٨ی ١٨ی شوباتی ١٩٩٥ بووەتە گۆڤاری گوڵان. خاوەن ئیمتیازی لە ژمارە ٣٨ تا ١٢٨ شەهید فەرەنسۆ هەریری، لە ژمارە ١٢٩ تا ئێستا شەهید شەوکەت شێخ یەزدینە. سەرنووسەری لە ژمارە ٣٨ تا ٣٥٩ سەرۆ قادر، لە ژمارە ٣٦٠ تا ٦٢٤ بێوار عەبدولڕحمان، لە ژمارە ٦٢٥ تا ٧٧٥ فوئاد سدیق، لە ژمارە ٧٧٦ تا ئێستا فەرهاد محەمەدە. لە ژمارە ٦٨ تا ١٢٨ نووسراوە (دەزگای ڕاگەیاندنی گوڵان دەریدەکات)، لە ژمارە ١٢٩ تا ٣٦٣ نووسراوە (دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی گوڵان دەریدەکات)، لە ژمارە ٣٦٤ تا ٤٨٣ نووسراوە (ناوەندی ڕۆشنبیری گوڵان دەریدەکات). لە ژمارە ١٠٩ تا ١١٨ ساڵی ٣، لە ژمارە ١١٩ تا ١٧١ ساڵی ٤، لە ژمارە ١٧٢ تا ٢٢٢ ساڵی ٥، لە ژمارە ٢٢٣ تا ٢٧٥ ساڵی ٦، لە ژمارە ٢٧٦ تا ٣٢٦ ساڵی ٧، لە ژمارە ٣٢٧ تا ٣٧٨ ساڵی ٨، لە ژمارە ٣٧٩ تا ٤٢٩ بووەتە ساڵی ٩، لە ژمارە ٤٣٠ تا ٤٨٣ ساڵی ١٠، لە ژمارە ٤٨٤ تا ٥٣٣ ساڵی ١١، لە ژمارە ٥٣٤ تا ٥٩١ ساڵی ١٢، لە ژمارە ٥٩٢ تا ٦٣٠ ساڵی ١٣، لە ژمارە ٤٣١ تا ٦٨١ ساڵی ١٤، لە ژمارە ٦٨٢- ٧٢٩ ساڵی ١٥، لە ژمارە ٧٣٠ تا ٧٧٧ ساڵی ١٦، لە ژمارە ٧٧٨ تا ٨٢٥ ساڵی ١٧، لە ژمارە ٨٢٦ تا ٨٧٥ ساڵی ١٨، لە ژمارە ٨٧٦ تا ٩٢٤ ساڵی ١٩، لە ژمارە ٩٢٥ تا ٩٧٣ ساڵی ٢٠، لە ژمارە ٩٧٤ تا ١٠٢١

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠٤- ١٠٥.

سـاڵی ٢١، لە ژمارە ١٠٢٢ تا ١٠٧٠ سـاڵی ٢٢، لە ژمارە ١٠٧١ تا ١١١٨ سـاڵی ٢٣، لە ژمارە ١١١٩ تا ١١٦٦ ساڵی ٢٤، لە ژمارە ١١٦٧ تا ١٢١٤ ساڵی ٢٥، لە ژمارە ١٢١٥ تا ١٢٧٢ ساڵی ٢٦، لە ژمارە ١٢٧٣ تا ١٣١٣ سـاڵی ٢٨، لە ژمارە ١٣١٤ تا ژمارە ١٣٥٢ی ٦ی شـوباتی ٢٠٢٣ بووەتە سـاڵی ٢٩. ژمارە ٨٢ و ٨٣ لە چاپخانەی خەبات، ژمارە ٨٥ تا ٢٧٩ لە چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەولێر، ژمارە ٢٨٢ تا ٢٩٦ و ٣٦٠ تا ٤٣٥ و ٥٤٥ تـا ٦١٩ و ٦٢٩ و ٦٣٠ لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر، ژمارە ٦٢٥ و ٦٣١ تا ٦٤٥ لە چاپخانەی دەزگای ئاراس لە هەولێر، ژمارە ٦٤٦ تا ٩٠٣ لە چاپخانەی موکریانی و ژمارە ١٣٥٢ لە چاپخانەی ڕۆکسانا لە هەولێر چاپکراون. تا ئێستا بەردەوامە لە دەرچوون[١].

پ- **گوڵان:** پاشـکۆی گۆڤاری گوڵان (کوردی)یە، دەزگای ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندنی گوڵان دەریکردووە. ژمارە ٢٤٢ی سـاڵی ٦ لە ٩ی ئەیلوولی ١٩٩٩ بە زمانی کوردی دەرچووە کە تـایبەت بووە بە خەرجیەکـانی نیوەی یەکەمی ١٩٩٩ی وەزارەتی دارایی و ئـابووری حکومەتی هەرێمی کوردسـتان. لە چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشـنبیری لە هەولێر چاپکراوە. ژمارە ٢٤٤ی سـاڵی ٦ لە ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٩٩ دەرچووە کە تایبەت بووە بە پەیوەندی نێوان داهێنان و دەسـەڵات و ڕۆشـنبیری. ژمارە ٣٣٢ی سـاڵی ٨ لە ٣١ی ئایاری ٢٠٠١ دەرچووە کە تایبەت بووە بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی شـارەوانییەکان. خاوەن ئیمتیازی شەهید شەوکەت شێخ یەزدین و سەرنووسەری سەرۆ قادر بوونە[٢].

ت- **گوڵان العربي:** گۆڤارێکی مانگانەی سیاسـی و ڕۆشـنبیری گشـتیە، دەزگای ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندنی گوڵان بە زمانی عەرەبی بە جیا شـانبەشـانی گۆڤاری گوڵان (کوردی) دەسـتە خوشـکی دەریدەکرد. ژمارە سـفری سـاڵی ١ی لە ١ی تەمووزی ١٩٩٦ و ژمارە ١ی لە ١ی ئابی ١٩٩٦ دەرچووە. لە ژمارە ١٤ بووەتە سـاڵی ٢، لە ژمارە ٢٥ بووەتە سـاڵی ٣، لە ژمارە ٣٧ بووەتە ساڵی ٤، لە ژمارە ٤٩ بووەتە ساڵی ٥، لە ژمارە ٦١ بووەتە ساڵی ٦، لە ژمارە ٧٣ بووەتە سـاڵی ٧، تا ژمارە ٩١ی ١ی ئاداری ٢٠٠٤ لەبەردەسـتمان هەیە. لە ژمارە ١٤ تا ٩١ خاوەن ئیمتیازی شـەهید شـەوکەت شـێخ یەزدین بووە. سـەرنووسـەرەکەی لە ژمارە ١٤ تا ٦٦ سـەرۆ قادر، لە ژمارە ٦٧ تا ٨٤ حەمە کەریم عارف، لە ژمارە ٨٥ تـــا ٩١ ڕزگار نوری شاوێس بوونە، دواتر گۆڕا بووەتە (الصوت الآخر)[٣].

---

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سـەرچاوەی پێشـوو، ل ١٠٩؛ ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

**ج- تێرامـــــان/ ڕامان:** گۆڤارێکی ڕۆشـنبیری گشـتییە، دەزگای گوڵان لە هەولێر بە زمانی کوردی دەریـدەکات[1]. هژمارا ١ێ ل ١١ێ تیرمەها ١٩٩٦ ب ٥٨ لاپەڕان ل هاڤینگەها پیرمام ب ناڤێ تێرامان دەرکەفتیە[2]. لە ژمارە ٢ی ١١ی ئابی ١٩٩٦ ناوی بووەتە (ڕامان)، کە تا ئێستا بەردەوامە لە دەرچوون. ژمارە ٣١٢ لە ٥ی تشـرینی یەکەمی ٢٠٢٣ دەرچووە. ژمارە ٧ تا ١٢ ساڵی ١، لە ژمارە ١٣ تا ٢٤ ساڵی ٢، لە ژمارە ٢٥ تا ٣٦ ساڵی ٣، لە ژمارە ٣٧ تا ٤٨ ساڵی ٤ لە ژمارە ٤٩ تا ٦٠ ساڵی ٥، لە ژمارە ٦١ تا ٧٢ ساڵی ٦، لە ژمارە ٧٣ تا ٨٢-٨٣ ساڵی ٧، ژمارە ٨٤- ٨٥ ساڵی ٨، لە ژمارە ٨٦- ٨٧ تا ٩٧ بووەتە خولی دووەم ساڵی ٩، لە ژمارە ٩٨ تا١٠٠ خولی دووەم ساڵی ١٠، لە ژمارە ١٠١ تا ١٠٩ خولی سێیەم ساڵی ١١، لە ژمارە ١١٠ تا ١٢١ خولی سێیەم ساڵی ١١، لە ژمارە ١٢٢ تا ١٣٣ خولی سێیەم ساڵی ١٢، لە ژمارە ١٣٤ تا ١٤٥ خولی سێیەم ساڵی ١٣، لە ژمارە ١٤٦ تا ١٥٧ خولی سێیەم ساڵی ١٤، لە ژمارە ١٥٨ تا ١٦٨ خولی سێیەم ساڵی ١٥، لە ژمارە ١٦٩ تا ١٨١ خولی سێیەم ساڵی ١٦، لە ژمارە ١٨٢ تا ١٩٣ خولی سـێیەم سـاڵی ١٧، ژمارە ١٩٤ هیچ نەنووسراوە، لە ژمارە ١٩٥ تا ٢٠٤ خولی سێیەم ساڵی ١٨، لە ژمارە ٢٠٥ تا ٢١٧ خولی سێیەم ساڵی ١٩، لە ژمارە ٢١٨ تا ٢٣٠ خولی سـێیەم سـاڵی ٢٠، لە ژمارە ٢٣١ تا ٢٤٠ خولی سـێیەم سـاڵی ٢١، ٢٤١ تا ٢٥٣ خولی سـێیەم سـاڵی ٢٢، لە ژمارە ٢٥٤ تا ٢٦٤ خولی سـێیەم سـاڵی ٢٣، لە ژمارە ٢٦٥ تا ٢٨٣- ٢٨٤ خولی سێیەم ساڵی ٢٤، لە ژمارە ٢٨٥- ٢٨٦ تا ٢٩٥- ٢٩٦ خولی سێیەم ساڵی ٢٥، لە ژمارە ٢٩٧- ٢٩٨ تا ٢٩٩- ٣٠٠ خولی سـێیەم سـاڵی ٢٦، لە ژمارە ٣٠١- ٣٠٢ تا ٣١٢ خولی چوارەم ساڵی ٢٦. لە ژمارە ١ تا ١٠٤ دەزگای ڕاگەیاندنی گوڵان، لە ژمارە ١٠٥ تـــا ١٢٤ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشـــنبیری ڕامان، لە ژمارە ١٢٥ تا ٣١٢ دەزگای ڕامان دەریدەکرد. ژمـــــارە ٢ی لە چاپخانەی خەبات، ژمارە ٣ تا ١١٦ لە چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشـنبیری لە هەولێر، ژمارە ١١٧ تا ١٢٦ لە چاپخانەی ئاراس لە هەولێر، ژمـــــارە ١٢٧ تا ١٢٩ لە چاپخانەی موکریانی لە هەولێر، ژمارە ١٣٠ تا ٢٧٤ لە چاپخانەی خانی لە دهۆک، ژمـــارە ٢٧٥-٢٧٦ تا ٣١٢ لە چاپخانەی ڕۆکســانا لە هەولێر چاپکراون. خاوەن ئیمتیازی لە ژمارە ١٤ تا ٣١٢ شـەوکەت شـێخ یەزدین بووە. سـەرنووسـەری لە ژمارە ٧ تا ٦٦ سـەرۆ قادر، لە ژمارە ٦٧ تا ٣١٢ ئازاد عەبدولواحید بووینە و تا ئێستاش بەردەوامە لە دەرچوون[3].

---

(١) https://zheen.org.

(٢) صـالح یوسـف صـوفی، سـەرچاوەی پێشـوو، بەرگێ دووێ، ل ٦٩٧؛ ئیسـماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

**چ- ئێوارە گوڵان/ گوڵانی ئێوارە:** ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتی ئازاد بوو، دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی گوڵان لە هەولێر بە زمانی کوردی بە دیالێکتی کرمانجی خواروو- سۆرانی هەموو ئێوارەیەک دەریدەکرد، جگە لە ڕۆژانی هەینی و شەممە پشووی ڕۆژنامە بوو. بە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی دادەنرێت کە لە ئێواران دەرچووبێت. ژمارە سفری لە ٣٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ دەرچووە. لە ژمارە ٥١ی ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٩٨ ناوی گۆڕاوە بووەتە (گوڵانی ئێوارە). دوا ژمارەی ٥٧٧ی ٢٣ی شوباتی ٢٠٠٠ بووە. خاوەن ئیمتیازی شەوکەت شێخ یەزدین و سەرنووسەری سەرۆ قادر بوون[١].

**ح- GULAN:** گۆڤارێکی گشتی بوو، دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی گوڵان لە هەولێر بە لاتینی دەریدەکرد. ژمارە ١ی ساڵی یەکەمی لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩ دەرچووە و دوا ژمارەی کە لەبەردەستمانە ژمارە ١٢ی ساڵی یەکەمی لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩ دەرچووە. لە ژمارە ١ تا ١٢ خاوەن ئیمتیازی شەوکەت شێخ یەزدین و سەرنووسەری سەرۆ قادر بوون[٢].

**خ- Tv گوڵان:** ئەڤ کەناڵە ل ٢٢ی نیسانی ١٩٩٤ کەفتیەکاری. کارمەندێن پێشییێن ڤی کەناڵی سەرۆ قادر (سەرپەرشتێ گشتی)، محەمەد مەلا ئەسعەد، سەڵاح حەسەن، ڤینۆس بابان، سیروان چاوبەخاڵ، شاخەوان، تریفە ڕەشید، فەرهاد ئیسماعیل، حەمکۆ(محەمەد فەرەیدون)، عەدنان شەریف، دلاوەر ڕەسوڵ حەریری، وەلید نانەکەلی، سیڤەر مەحمود زامدار، جانگیر حەمید بەرزنجی، موسلیح ئاکرەیی، سامی فەقێ، حەیدەر محەمەد، هێرش عەبدولوەهاب، ئازاد عەبدولواحید، بێخال عەبدوڵا، محیەدین قادر، بەختیار حەمەد، سەمیر نانەکەلی، ڕزگار لەشکری (وێنەگر)، جاسم وەندی، ڕەفیق خۆشناو، عەلی حەسەن، بەدیعا ئەحمەد، سۆزان عزەدین... بوون[٣].

**د- گوڵان:** ئەڤ ڕادیۆیە ل ٢٤ی نیسانی ١٩٩٤ ل ئاڤاهیێ ئوتێلا شیراتۆن ل هەڤلێرێ پەخشا خو ڕاگەهاند. کارمەندێن پێشین ڕەوەند ئاکرەیی، نەزمی بارزانی، هۆشەنگ، شێرزاد سلێمان، ڤینوس بابان، جاسم وەندی (دەرهێنەر)، ڕزگار ئاکرەیی بوون[٤].

**١٦- (دار الاهالي) لە دهۆک دواتر لە بەغدا:** ئەم دەزگایە سەر بە بەشی مەکتەبی ڕاگەیاندنی

---

(١) جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم (الف)، ل ل ٣١١-٣١٣.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٣) وەسفی حەسەن ردێنی، ئێزگە و.... سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل ٧٦.

پارتییە و ڕۆژنامەی (الاهالي) لە خۆ دەگرێت:

ا- **(الاهالي):** ڕۆژنامەکا هەفتیانەیا سیاسی ڕەوشەنبیری سەربخۆ بوو، ب زمانێ عەرەبی ژ ئالیێ دەزگەهێ (دار الاهالي) دهاتە بلاڤکرن. هژمارا ١ێ ل نیسانا ٢٠٠٢ ل دهۆکێ هاتیە بلاڤکرن[1]. پشتی ڕووخانا رژێما دیکتاتۆری ل بەغدا، بارەگایێ وێ هاتیە ڤەگوهاستن بۆ بەغدا و نهوژی د ناڤبەرا دهۆک و بەغدا رۆژناما (الاهالي) بەردەوامە. ل دەستپێکێ تا سالا ٢٠٠٦ خودانێ ئیمتیازێ حسێن سنجاری و سەرنڤیسەر هەڤال زاخۆیی بووینە. هەکار فەندی رێڤەبەرێ هونەری بوویە، زێدەباری ناڤێت ژووری، ل هاڤینا ٢٠٠٣ روبار سندی بوویە سەرۆکێ دەستەکا کارگێری یا (دار الاهالي) و محەمەد سەلیم سواری بوویە سکرتێرێ نڤیسینێ و زێدەباری چەندین کارمەند و پەیامنێرێت دیتر[2].

**١٧- تەتەر بۆ دابەشکردن:** ئەم دەزگایە لە ١ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ لە هەولێر دامەزراوە. سەر بە مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشی ڕاگەیاند و ڕۆشنبیریە. بەڕێوەبەری دەزگا ئەسعەد عەدۆ ڕەسوڵە. یەکەم دەزگا بووە بە ئوتومبێلی حزب و چاپخانەی حزب کاربکات و بڵاوکراوەکانی (ئەڤرۆ و خەبات و هەولێر و گوڵان و ڕامان) لە شاروشارۆچکەکانی کوردستان (دهۆک و سۆران و ڕانیە و سلێمانی و ناو هەولێر) دابەشبکەن. تا ئێستاش بەردەوامە لە کارەکانی[3].

## ● بەشی پەیوەندیی گشتی:

بەشێکە لە بەشەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی کە پەیوەندی ناوخۆ و دەرەوە لە خۆ دەگرێت، پێشتر پەیوەندی دەرەوە و ناوخۆ دوو بەشی سەربەخۆ بوونە، بەڵام لە کۆنگرەی ١٤ بوونەتە بەشی پەیوەندی گشتی، چەند بڵاوکراوەیەک لەخۆ دەگرێت لەوانە:

**١- دەنگ و باسی کوردستان/ دەنگوباسی کوردستان (اخبار کردستان):** بڵاوکراوەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق بوو ڕاگەیاندنی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە زمانی کوردی و زمانی عەرەبی بە شێوەی خولی دەریدەکرد.

---

(١) موسەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٧.

(٢) وەصفی حەسەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەسعەد عەدۆ، (١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤).

لە شـــەســـتەکان: ژمـــــارە ٢ی لە ســـاڵی ١٩٦٦ ڕاگەیاندنی دەرەوە بە زمانی کوردی دەریکردووە[١]، لە هەشـــتـاکـان؛ ڕاگەیـانـدنی دەرەوە بە زمـانی عەرەبی لە لەنـدەن دەریدەکرد، ژمارە ١ی ٨ی ئاداری ١٩٨٠، ژمارە ١٤٢ی ساڵی ١٩٨٦ بە ڕەش و سپی، ژمـارە ١٨٥ی ١-١٥ی ئەیلوولی ١٩٨٨ دەرچووە. لە ڕووی کاتی دەرچوونیەوە نارێک بووە[٢].

لە نەوەدەکان؛ ڕاگەیاندنی دەرەوە بە زمانی کوردی ژمارە ٣ی لە ساڵی ١٩٩٦ دەرکردووە[٣] و دواتر لە ساڵی ١٩٩٧ دووبارە بە زمـــانی کوردی و عەرەبی دەرچۆتەوە، کوردیەکەی بە ناوی (دەنگوباسی کوردستان) و عەرەبییەکەی بە ناوی (أخبار کوردستان) بووە. ژمارە ١ی لە ســەرەتای ١٩٩٧ بڵاوکراوەتەوە. ژمـــارە ٥ی لە ساڵی ١٩٩٧ و ژمارە ٨ی لە ئەیلوولی ١٩٩٧ دەرچووە[٤].

٢- **کوردستان نیوز بوڵتین:** بڵاوکراوەیەکی خولی بووە، لەلایەن نوێنەرایەتی شـۆڕشی کوردی لە دەرەوە لە برۆکسل بە زمانی ئینگلیزی دەردەچوو. هەواڵی شۆڕشی کوردی و قارەمانێتی پێشـمەرگە کە لە دەنگوباســی کوردســتان (اخبار کردســتان)ی بە زمانی کوردی و زمانی عەرەبی بڵاودەکرانەوە و وەریـان دەگێڕایە ســـەر زمـانی ئینگلیزی و لە وڵاتـانی دەرەوە بڵاودەکرایەوە کە تا مانگی ئاداری ١٩٦٦، ٧ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە[٥].

٣- **صــــوت الأکراد (DENGÊ KURD):** بڵاوکراوەی خولی بووە، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد لە لوبنان (پارتی) بووە. ژمارە ٣ی لە ســەرەتای مانگی ئایاری ١٩٧١ بە زمانی عەرەبی بە ٤ لاپەڕە دەرچووە[٦].

٤- **ملـــــحق اخبار کردســــتان:** بڵاوکراوەی خولی بووە، لەلایەن نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە لوبنان بە زمـــانی عەرەبی دەرچووە. ژمارە ٩ی لە ٢٠ی تشـــــرینی دووەمی ١٩٧٤ و ژمارە ١٠ی لە ٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٤ دەرچووە[٧].

٥- **صـــدی دەنگی کرد في اوروبا:** لە ســـاڵی ١٩٧٤ ژمارەیەکی تایبەتی لێ دەرچووە لەلایەن

(١) https://zheen.org.

(٢) ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەری... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٧٩- ٨٠، ١٩٠.

(٣) www.hewalname.com.

(٤) جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم (الف)، ل ل ١٨٥، ٣٠٠.

(٥) جریدة خەبات، عدد ٤٨٦، (آزار ١٩٦٦- مطبعة خەبات)، ص ٣.

(٦) www.hewalname.com.

(٧) نوزاد علي احمد، صحافة... المصدر السابق، ص ص ٧٩، ٨٩.

پارتی دیموکراتی کوردستان[١].

٦- **صوت الشبيبة الكردية (KURD DENGÊ LAWANÊ):** بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی بووە، دەســتەی ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردی لە لوبنان (پارتی)- ســەرکردایەتی کاتی بە زمانی عەرەبی دەریکردووە. بابەتەکانی ســیاســی و بەیاننامەکانی حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. ژمــاره ٢٣ لە ١ی ئاداری ١٩٨٠ لە بەیروت- لوبنان[٢] و ژمارە ٢٨ی لە ١ی ئەیلوولی ١٩٨٠ دەرچووە[٣].

٧- **دەنــگوباسی کوردستان (اخبار كردستان):** پاشبەندی بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان (اخبار كردســتان) بووە و لەلایەن نووســینگەی لوبنانی پارتی لە ســاڵی ١٩٨٣ و ١٩٨٧ دەرچووینە[٤].

٨- **صــدى كردســتان:** ڕۆژنامەیەکی ســیاســی گشــتی بوو، پارتی دیموکراتی کوردســتان- نووسینگەی لوبنان بە زمــانی عەرەبی لە ژێر دروشمــی (دیموکراتــی بۆ عێراق و حوکمی زاتی ڕاســتەقینە بۆ کوردســتــان) بڵاویـدەکردەوە. بیروڕای پــارتی دەخســتە بەردەم خوێندەوارانی عەرەب، لە ئەمریکــا و ئەوروپا و کەنەدا دابەشدەکرا. تێکڕا ٣٤ ژمارەی لێ بڵاوبووەوە. یەکەم ژمــارەی لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ بــڵاوکرایەوە و ژمارە ٥ی لە کۆتایی کانوونی یەکەمی ١٩٨٣، ژمارە ٦ی لە ســەرەتای ١٩٨٤، ژمارە ٧ لە شـوباتی ١٩٨٤، ژمارە ٢٦ و ٢٧ی لە تشــرینی یەکەمی ١٩٨٦ دەرچووینە و دوا ژمــارەی ٣٤ بووە و لە ت٢ ١٩٩٠ (ت٢ واتە تشــــرینی دووەم) دەرچووە. ژمارە ١٠ بە ٧ لاپەڕە، ژمارە ١١ تا ٢٦- ٢٧ بە ٨ لاپەڕە و ٢٩، ٣٠، ٣٢ بە ١٢ لاپەڕە و ژمــارە ٣١ بە ١٠ لاپەڕە و ژمــارە ٣٣، ٣٤ بە ١٤ لاپەڕە دەرچووینە. بەپێی ئەو ژمارانەی بەردەستمان لە دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان وا دەردەکەوێت بەڕێکی دەرنەچووە[٥].

(١) المصدر السابق، ص ٥٦.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٣) ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.

(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٥) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان؛ وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٨؛ ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٢٤- ١٢٥؛ اصدارات اعلامية، جريدة خەبات(النضال)، عدد ٥٥٠، (شباط ١٩٨٤)، ص ٤؛ لە بڵاوکراوەکانی راگەیاندنی پارتیمان، ڕۆژنامەی خەبات(النضــال)، ژمارە ٥٤٩، (کانونی دووەمی ١٩٨٤)، ل ٦؛ لە بڵاوکراوەکانی

٩- **مەشخەڵ (الشعلة):** ئەم ڕۆژنامەیە ئورگانا پارتا یەکێتی دیموکراتی کوردستان بوو. هژمارا ١ ل تەباخا ١٩٧٨ ل شامێ دەرچوویە و پشتی سەرهلدانا سالا ١٩٩١ ئەڤ ڕۆژنامەیە هاتیە ڤەگوهاستن بۆ باژێرێ دهۆک و هژمارا ١٩ تا هژمارا ٢٨ و دوماهیێ ل دهۆک دەرکەفتییە. ل سالا ١٩٩٢ سەر هاتیە نڤێسین یەکێتیا دیموکراتا کوردستانێ زڤریتەڤە بۆ پارتا دیموکراتا کوردستانێ. ئەڤ ڕۆژنامەیە ب سەرپەرشتیا عەلی سنجاری دەرچوویە[١].

## • دەزگای باڵای ئەیلوول:

پێشتر بەشێکی سەربەخۆ بووە سەر بە مەکتەبی سیاسی پارتییە و بە دەزگای باڵای ئەیلوول دەناسرا، بەڵام لە کۆنگرەی ١٤ سەر بە بارەگای بارزانی و بڵاوکراوەی هەبووە وەک:

١- **ڕۆژی پێشمەرگە:** گۆڤاری گرووپی ١١ی دەزگای باڵای ئەیلول بە زمانی کوردی دەریکردووە. ژمارە ١ی لە ١١ی ئەیلوولی ٢٠١٩ و دوا ژمارەی بەردەستمان ژمارە ١٦ لە ١١ی نیسانی ٢٠٢٢ دەرچووە. خاوەنی ئیمتیاز قادر قادر و سەرنووسەری سەباح شێخانی بوون. ل چاپخانا پارێزگەها دهۆک هاتیە چاپکرن[٢].

## • ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان:

دابەشی سەر دوو ڕێکخراو دەبێت ئەویش (ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، ڕێکخراوە پیشەییەکان)، لێرەدا هەوڵ دەدەین ئاماژە بەو ڕێکخراوانە بکەین کە بڵاوکراوە و تەلەڤزیۆن و ماڵپەڕیان هەیە.

### یەکەم: ڕێکخراوە جەماوەرییەکان:-

سەر بە ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی کۆمیتەی ناوەندی مەکتەبی سیاسی پارتییە. پارتی دیموکراتی کوردستان دوای بەستنی کۆنگرەی سێیەمی بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی دا، هەر یەک لە ڕێکخراوەکان (یەکێتی قوتابیانی کوردستان، یەکێتی

---

پارتیمان، ڕۆژنامەی خەبات(النضال)، ژمارە ٥٦٧- ٥٦٨، (تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی ١٩٨٦)، ل ٩؛ چاپەمەنییەکانمان لە ساڵی ١٩٨٦، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٥٦٩، (کانوونی یەکەمی ١٩٨٦)، ل ٤.

(١) وەصفی حەسەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

لاوانی دیموکراتی کوردســـتان و یەکێتی ئافرەتانی کوردســـتان) لەلای خۆیانەوە هەوڵ و کۆششیان کرد بۆ گەیاندنی کاروچالاکی و ئامـانجەکانی. لە ساڵی ١٩٥٣ تا ٢٠٢٤ بڵاوکراوە و تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و ســـاتی تایبەت بە خۆیانەوە بووە. کاری زۆر جوانیان پێشـــکەش بە توێژی قوتـابیـان و لاوان و ئـافرەتـان کردووە، بەتـایبەت ئەو بەرپەڕانەی بە نهێنی بەر لە ڕاپەڕینی گەلاوێژی ١٩٥٨ یاخود ئاشکرای دوای ڕاپەڕینی گەلاوێژی ١٩٥٨، دووبارە لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی ١٩٦١، لە دوای ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لە (١٩٦٧ تا ١٩٦٨) بە ئاشـــکرا دەرچووینە، دواتر لە ناوچە ئازادکراوەکان لە (١٩٦٨ تا ١٩٧٠)، دوای ڕیککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ تا ناوەڕاستی ئاداری ١٩٧٤ بە ئاشـــکرا دەرچووینە، لە دوایی ئاداری ١٩٧٤ تا ١٩٨٦ هەندێک جار بە نهێنی و هەندێک جاریش بە ئاشـکرا لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسـتی شـۆڕش و ئاوارەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان دەرچوون، لە (١٩٨٦ تا ١٩٩٣) یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان یەکخران بە ناوی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردســـتان، لێرەدا بە جیا باسی هەر یەکەیان دەکەین:

## ا- ڕاگەیاندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان:

ســـەر بە ڕێـــــــکخراوە جەماوەرییەکانە کە چەندین بڵاوکراوە و بەرنامەی ڕادیۆی و تەلەڤزیۆنی و ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی هەبووە، لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

**١- اتحاد طلبة کردســتان- نضــال الطلبة- خەباتی قوتـــــابیان:** ئۆرگانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە، لەلایەن سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان جار بە زمانی کوردی و جاریش بە زمانی عەرەبی دەرچووە. بـــابەتەکانی تایبەت بووە بە بواری خوێندن و وتاری ســیاســی و پەروەردەیی و نەتەوەیی و مێژووی کورد و ئەدەبی و هونەری. بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی شۆڕشی کوردی بەم شێوەیەی خوارەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە:

- **ڕۆژنامەی (اتحاد طلبة کردستان):** لەبارەی ساڵی دەرچوون و ناوی ئەم ڕۆژنامەیە؛ عرفان عەزیز نووسیویەتی ((جەلال تاڵەبانی لە نامەکەی ٨ی تشـــــرینی یەکەمی ١٩٥٥ بۆ مەلا مستەفا بارزانی، کە ئەوکات پەناهەندەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران بووە، تێیدا ئـــــاماژەی بەوە کردووە کە بڵاوکراوەی خەباتی قوتابیان بۆ یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەردەکەن کە ســەر بە سـکرتاریەت بووە، واتە لە سـاڵی ١٩٥٥ دەرچووە))[1]. ئێمەش بەدواداچوونمان بۆ

---

(١) عرفان عەزیز عەزیز، ڕۆژنامەنووسی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، زنجیرەی مێژوویی یەکێتی قوتابیانی کوردستان (٢)، چاپی یەکەم، (چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر- ٢٠١٢)، ل ل ٢٣- ٢٤.

هەمان سەرچاوە کرد کە عرفان عەزیز بەکاریهێناوە، لە نامەی ژمارە ٧ی تایبەت بە هەواڵەکانی (١٩٤٩ تا ١٩٥٥)ی ناو حزب، ئاماژە بەوەکراوە کە ((لە ساڵی ١٩٥٣ ڕۆژنامەی (اتحاد طلبة کردستان) بۆ یەکێتی قوتابیانی کوردستانمان دەرکرد، واتە یەکێتی قوتابیانی کوردستان ڕۆژنامەی تایبەت بەخۆی هەیە))[١]. لێرە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ناوی ڕۆژنامەکە (اتحاد طلبة کردستان) بووە نەک خەباتی قوتابیان، هەروەها لە ساڵی ١٩٥٣ دەرچووە نەک لە ساڵی ١٩٥٥.

- **لاپەڕەی (نضال الطلبة) لە ڕۆژنامەی خەبات:** ئەم لاپەڕەیە لە لاپەڕە ٣ و ٦ی ژمارە ٣٣٠ی ڕۆژنامەی خەباتی ساڵی ٢ی ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ دا هەبووە[٢].

- **لاپەڕەی خەباتی قوتابیان (نضال الطلبة) ڕۆژنامەی خەبات(نضال):** پێش دەرچوونی گۆڤاری خەباتی قوتابیان (نضال الطلبة) لە ڕێکەوتی تشرینی دووەمی ١٩٦٧، لاپەڕەی نضال الطلبة بە سەرپەرشتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی خەبات (نضال) بڵاودەکرایەوە، بۆیە گۆڤارەکەش هەر بەم ناوە ناونراوە[٣].

- **خولی یەکەمی گۆڤاری خەباتی قوتابیان (نضال الطلبة):** گۆڤاری خەباتی قوتابیان (نضال الطلبة) ئۆرگانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو، لەلایەن سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەرچووە. لە سەر ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی پێنجەمی (ی.ق.ک) کە لە ١٤ی گەلاوێژی ١٩٦٧ بەسترا، بڕیار درا گۆڤارێک بەناوی گۆڤاری خەباتی قوتابیان (نضال الطلبة) بۆ یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەربکرێت. لە خولی یەکەمدا، ژمارە ١ی لە تشرینی دووەمی ١٩٦٧، ژمارە ٢ی لە شوباتی ١٩٦٨[٤]، دوا ژمارەی ئەم خولە، ژمارە ٣ی لە کانوونی دووەمی ١٩٦٩ بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە. ناوی دەستەی نووسەرانی لەسەر نەبووە، بەڵام نەوزاد محەمەد عەلی سەرپەرشتی کردووە و مەحمود زامدار لەگەڵی کاری تێدا کردووە، پێداچوونەوەی بابەتەکان و ڕێکخستنەوەیان لە کارەکانی مەحمود زامدار بوون. ئەم گۆڤارە لە مەکتەبی سکرتاریەت ڕێکدەخرا و لە چاپخانەی ڕۆژنامەی خەبات لە ناوپردان بە ئامێری ڕۆنیۆ چاپ دەکرا. تا کۆنگرەی شەشەمی

(١) مسعود بارزاني، المصدر السابق، ص ص ٢٢٢، ٢٣٩-٢٤٠، ٢٥٤.

(٢) خەبات(النضال)، عدد ٣٣٠، السنة الثانية، (الاربعاء ٥ تشرين الاول- مطبعة صلاح الدين- بغداد)، ص ص ٣، ٦.

(٣) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢.

(٤) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣؛ لمحات عن تاريخ الحركة الطلابية الكردستانية، من مطبوعات اتحاد الطلبة و الشبيبة الديمقراطي الكردستاني- العراق، (نيسان ١٩٩٢)، ص ٣٦.

(ی.ق.ک) تەنیا ٣ ژمـارەی لێ بڵاوکراوەتەوە[١].

- **لاپەڕەی (صــفحة اتحاد طلبة كردســتان- العراق) لە ڕۆژنامەی (التآخي):** لە نێوان ژمارە ٣ی خولی ١ی کانوونی دووەمی ١٩٦٩ و ژمـــــارە ٤ی خولی ٢ی ئایاری ١٩٧١ی گۆڤاری خەباتی قوتابیان، وەســـتانی تێکەوت، چونکە لە دوای ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ و ئاشــکرایی کارەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردســتان مۆڵەتی فەرمی حکومەتیان وەرنەگرتبوو بۆ دەرکردنی خولی ٢ی گۆڤارەکە، بۆیە یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان ســـەرپەرشـــتی لاپەڕەیەکی عەرەبی دەکرد بە ناوی (صــفحة اتحاد طلبة كردســتان- العراق) لە ڕۆژنامەی (التآخي)، تـــا دوای کۆنگرەی شەشەمی (ی.ق.ک) لە ١٥-١٧ی تەمووزی ١٩٧١ بەردەوام بوو، هەردوو هەفتە جارێک بڵاودەکرایەوە تاکو ژمارە ٨٦٢ی ڕۆژنامەی (التآخي)ی ١٦ی تشـــــرینی یەکەمی ١٩٧١[٢]. ئەو لاپەڕانەی لەبەردەستمانن لە دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمـــانەن: لاپەڕەی تایبەت بە یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە لاپەڕەی ٣ی ئەم ژمارانەی ڕۆژنامەی (التآخي) دایە (ژمارە ٧٩٧ی ١ی ئابی ١٩٧١، ژمارە ٨١٠ی ٨ی ئابی ١٩٧١، ژمارە ٨١٥ی ٢٢ی ئابی ١٩٧١، ژمارە ٨٢١ی ٢٩ی ئابی ١٩٧١، ژمارە ٨٢٧ی ٥ی ئەیلوولی ١٩٧١، ژمارە ٨٣٣ی لە ١٢ی ئەیلوولی ١٩٧١)[٣]. دواتر لاپەڕەکە بووەتە پاشکۆی سەربەخۆ بەناوی (ملحق التآخي)[٤].

- **ملحـــــق التآخي- صـفحة اتحاد طلبة كردسـتان:** پاشـکۆیەکی چوار لاپەڕەیی ڕۆژنامەی (التآخي) بووە، لاپەڕەکانی ئەو پاشـــکۆیە تایبەت بووە بە یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و یەکێتی مامۆستایانی کوردسـتان، کە هەر یەکەیان لاپەڕەی تایبەت بە خۆی هەبووە و بە هاوبەشـی دوو هەفتە جارێک ئەم پاشـکۆیەیان دەردەکرد، ئەم پاشـکۆیە لە دوای کۆنگرەی حەوتەمی (ی.ق.ک) دەیان ژمارەی لێ دەرچووە تا سـاڵی ١٩٧٢ بەردەوام بووە[٥]. لەگەڵ ژمارە ٨٦٢ی ڕۆژنامەی (التآخي) (ملحق التآخي- صفحة اتحاد نساء كردستان)ی ڕۆژی شەممە لە ١٦ی تشـــــرینی یەکەمی ١٩٧١ دا دەرچووە، کەواتە (ملحق التآخي- صـــفحة اتحاد طلبة كردســـتان)یش

(١) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٢، ٣٤.
(٢) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٨- ٣٩.
(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
(٤) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٨- ٣٩.
(٥) هەمان سەرچاوە، ل ل ٣٨- ٣٩.

هەبووە لەو ژمارەیەدا[١]. لە دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان ئەم لاپەڕانەی یەکێتی قوتابیان بە ناوی (ملحق التآخي- صفحة اتحاد طلبة كردستان) هەیە کە ئەم ژمـارە و لاپەڕانەی (ملحق التآخي)یان وەرگرتووە: (ژمـارە ٨٨٤ی ١٠ی تشـرینی دووەمی ١٩٧١ لاپەڕە ١٣ و ١٤، ژمارە ٩٠٣ لاپەڕە ٩ و ١٦، ژمارە ٩١٣ لاپەڕە ١٠، ژمارە ٩٢٦ لاپەڕە ١٣، ژمارە ٩٣٨ لاپەڕە ١٤، ژمارە ٩٤٤ لاپەڕە ١٣، ژمارە ٩٥٣ لاپەڕە ١٣، ژمـارە ٩٥٨ لاپەڕە ١٤، ژمارە ٩٦٤ لاپەڕە ١٣، ژمارە ٩٦٩ لاپەڕە ١٣، ژمارە ٩٧٤ لاپەڕە ١٣، ژمـارە ٩٨٠ لاپەڕە ١٩، ژمارە ٩٨٦ لاپەڕە ١٣، ژمارە ٩٩١ لاپەڕە ١٣، ژمارە ١٠٠٣ لاپەڕە ١٤، ژمارە ١١٣٢ی ٩ی ئەیلوولی ١٩٧٢ لاپەڕە ٩)[٢].

- **خولی دووەمی گۆڤاری خـەباتی قوتـابیان (نضال الطلبة)**: خولی دووەمی ئەم گۆڤارە بە زمانی کوردی و زمـانی عەرەبی دەرچووە کە لە ژمارە ٤ی ئـایاری ١٩٧١ لە دوای کۆنگرەی شـەشـەمی (ی.ق.ک) دەستپێدەکات، بەڵام بەهەڵە لەسـەری نووسراوە ژمارە ١، لە لاپەڕەی قوتابیان لە ڕۆژنامەی (التآخي)ی ژمـارە ٨٨٤ی ١٠ی تشـرینی دووەمی ١٩٧١ ئەو هەڵەیە ڕوونکراوەتەوە[٣]. لێرەدا نووسەرەکان بە هەڵە نووسیویانە ژمارە ٢٨٨٤، دوای بەدواداچوون و گەڕان بەناو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (التآخي) بۆمـان ڕوون بووەوە خۆی ژمارە ٨٨٤ی ١٠ی تشـرینی دووەمی ١٩٧١ی (التآخي) بووە و لەم ژمارەیدا هاتووە (لە ڕۆژانی داهاتوو ژمارە ٥ی گۆڤاری خەباتی قوتابیان دەردەچێت کە تەواوکەری ژمارە ٤ی پێشـووترە کە بەهەڵە لەسەری نووسراوە ژمارە ١، چونکە ژمارە ١ لە تشـرینی دووەمی ١٩٦٧ دەرچووە)[٤]. ژمارە ٥ی خەباتی قوتابیان(نضال الطلبة) لە تشـرینی دووەمی ١٩٧١ دەرچووە[٥]. ژمارە ٦ی لە حوزەیرانی ١٩٧٢ لە دوای کۆنگرەی حەوتەمی قوتابیان (لە سـلێمانی ٣٠ی ئاداری ١٩٧٢) دەرچوو[٦]. ژمارە ٧-٨ی لە تشـرینی دووەمی ١٩٧٢ کە ژمارەیەکی تایبەت بووە و ژمارە ١١ی لە حوزەیرانی ١٩٧٣ دەرچووە، لەسـەریـان نووسراوە (لەلایەن یەکێتی قوتـابیـانی کوردسـتان- عێراق بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە). لە چاپخـانەی (دار التـآخي)

(١) ملحق التآخي-صـفحة اتحاد نسـاء كردسـتان، عدد ٨٨٤، (١٠-١١-١٩٧١- مطبعة دار الجاحظ- بغداد)، ص ٢٠.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٣) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣- ٤؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

(٤) ملحق التآخي- صـفحة اتحاد طلبة كردسـتان، عدد ٨٨٤، (١٠-١١-١٩٧١- مطبعة دار الجاحظ- بغداد)، ص ١٣.

(٥) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز سیروان عوسمان، (٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥).

(٦) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

چاپکراون[١]. تا ساڵی ١٩٧٥، ١٣ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە و دواتر وەستاوە[٢].

فەرهاد عەونی سەبارەت بەم خولە نووسیویەتی ((گۆڤاری خەباتی قوتابیان(نضال الطلبة) ژمارە ١ی خولی دووەمی لە ئایاری ١٩٧١ بە زمانی عەرەبی تاکو ژمـــــارە ٤ی من ســەرپەرشــتی دەرکردنی ئەم گۆڤارەم کردووە، کە لەلایەن مەکتەبی ســکرتایەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە دەرچووە، دواتر هەر یەک لە لقەکانی سلێمانی، کەرکووک، دهۆک، هەولێر گۆڤارێکیان بە زمانی کوردی بە ناوی خەباتی قوتابیان دەرچوواندوە))[٣]. لێرەدا وەک دیارە فەرهاد عەونی باسی ژمارە ٤ بەدواوەیە کە خولی دووەمی ئەم گۆڤارە بووە.

بەڵام حەمە سـاڵح لەبارەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ئەم خولە نووسـیویەتی ((ژمارە ١ی لە ناوەڕاستی ١٩٧٠ دەرچووە))[٤].

- **لاپەڕەی خــــــەباتی قوتابیان لە ڕۆژنامەی برایەتی:** دوای ئەوەی ڕۆژنامەی برایەتی لە ســـاڵی ١٩٧٤ هاوشـــان لەگەڵ ڕۆژنامەی (التآخي) دەرچوو، دووبارە یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان لاپەڕەی ی بە زمانی کوردی لە ڕۆژنامەی برایەتی بڵاوکردەوە. لە گۆشـــەی ســـەرنجێک لە لاپەڕە ٣ی ژمـــــارە ٥ی ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٧٤ ڕۆژنامەی برایەتی نووسراوە (لاپەڕەی کە دەنگی یەکێتی قوتابیانی کوردســتانە، هەموو ڕۆژێکی یەکشــەممە دەردەچێـت. ڕای یەکێتییەکەمـان دەربـارەی جۆرەهـا ڕووداو و هەواڵ و چـالاکییەکـانی قوتـــابیان دەردەخات. ئەم لاپەڕەیە مینبەرێکی بیروڕا و زادەی مێشک و قەڵەمی قوتابیان دەبێت و هەموو بەرهەمێکیان کە ســـوودبەخش بێت بڵاودەکرێتەوە. خەباتی قوتابیان). هەروەها ئەو لاپەڕانەی لە دەســتەی ئینســکلۆپیدیا بەرچاومـــــان کەوتوون لە ڕۆژنامەی برایەتی ئەمانە بوونە: (ژمـــارە ٥ی ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٧٤ لاپەڕە ٣، ژمارە ١١ لاپەڕە ٥، ژمارە ١٨ لاپەڕە ٣، ژمـارە ٢٥ی ٦ی شوباتی ١٩٧٤ لاپەڕە ٥)[٥].

گۆڤاری خەباتی قوتابیان دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ و دامەزراندنی سەرکردایەتی کاتی تا کۆنگرەی نۆیەم لە ســـەرچاوەکان باس نەکراوە، هەروەها لە ئابی ١٩٨٦ تا ١٩٩٣ هەردوو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردســتان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتان یەکخران و

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٢) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

(٣) فەرهاد عەونی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

(٤) حەمە ساڵح فەرهادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٤.

(٥) لاپەڕەی یەکێتی قوتابیانی کوردســتان، گۆشــەی ســەرنجێک، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٥، (١٣-١-١٩٧٤-چاپخانەی دار الزمان- بغداد)، ل ٣؛ موســا ئەحمەد، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٣٩؛ ئەرشــیفی دەســتەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

کاروچالاکییەکانیان هاوبەش بوون، واتە ڕۆژنـامە و گۆڤاری تایبەت بەخۆیان نەبووە بەڵکو هاوبەش بوونە، کە لە تەوەرێکی تایبەت بە جیا باسی دەکەین.

- **خولی سـێیەمی ڕۆژنامەی خەباتی قوتابیان:** خولی سـێیەمی ڕۆژنامەی خەباتی قوتابیان لە ســاڵی ١٩٩٣ لە هەولێر دەرچوویتەوە، دوای کۆنگرەی ئازادی بڵاوکراوەی پێشــکەوتن لەلایەن یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتـان درێژەی پێـدرا و یەکێتی قوتـابیـانی کوردســتانیش بۆ جارێکی دیکە ناوی خەباتی قوتابیانی هەڵبژارد کە لە کۆنگرەی پێنجەم بڕیاری لەسـەر درابوو، کە درێژەپێدەری گۆڤاری خەباتی قوتابیانە. ژمارە ١ی خولی سێیەم لەســەری نووسراوە (خەباتی قوتابیان ڕۆژنامەی یەکێتی قوتابیانی کوردســتان- عێراق)ە، قەبارەی بە شـێوەیەکی نوێ بوو کە دواتر گەلێ ڕۆژنامەی دیکە لاسـایی خەباتی قوتابیانی کردەوە. لە ساڵی ١٩٩٣ تەواوی ژمارەکانی بە زمانی کوردی دەرچووینە، جگە لە ژمارە ٦-٧ کە بە زمانی کوردی و عەرەبی و لاتینی و ژمارە ١٢ بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە. ژمارە ١ی تشــرینی دووەمی ١٩٩٣ تا ژمارە ٣٠ی ٢٧ی تەمووزی ١٩٩٨ لە سەری نووسراوە خولی سێیەم. پاش داگیرکردنی هەولێر لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لە ژمارە ٦-٧ی ئاداری ١٩٩٤ بە دواوە بۆ ماوەیەک ڕۆژنامەکە وەســتانی تێکەوت. لە ئەیلوولی ١٩٩٥ درێژەی پێدرایەوە و ژمارە ٨ی بە شەش لاپەڕە و پاشکۆیەکی تایبەتی دوو لاپەڕەیی، لەمەڕ شــەهیدکردنی دکتۆر محەمەد قەرەداغی دەرچووە و پیتچنینی ئەم ژمارەیە لە ڕۆژنامەی برایەتی کراوە. یەکێتی قوتابیانی کوردستان ژمارە ٩-١٠ی ڕۆژنامەکە لە تشــرینی دووەمی ١٩٩٥ و ژمارە ١١ی لە مانگی ئایاری ١٩٩٦ دەرکردووە. لەو مــاوەیەدا ڕۆژنامەی بەهۆی شەڕی ناوخۆ وەستانی تێکەوتەوە[١].

- **لاپەڕەی خەبـاتی قوتـابیـان لە ڕۆژنـامەی برایەتی:** ڕۆژنـامەی خەبـاتی قوتـابیـان بەهۆی شـەڕی ناوخۆ وەستانی تێکەوتەوە و دووبارە یەکێتی قوتابیانی کوردستان لاپەڕەی خەباتی قوتابیانی لە ڕۆژنامەی برایەتی ئامـادە دەکرد، کە لە مەسیف سەلاحەدین دەرچووە.

ســەبارەت بەو ژمارانەی لە ڕۆژنامەی برایەتیدا دەرچووینە؛ عیرفان عەزیز نووســیویەتی ((ژمارە ١ی ئەم لاپەڕەیە لە ٨ی تشـرینی دووەمی ١٩٩٥ لە لاپەڕە ٢٤ی ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٢ی لە ٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٥ لە لاپەڕە ٩، ژمارە ٣ی لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٩٦ لە لاپەڕە ١٠، ژمــــارە ٤ی لە ٣١ی ئاداری ١٩٩٦ لە لاپەڕە ١٠، ژمارە ٥ی لە ٢٦ی نیسـانی ١٩٩٦ لە لاپەڕە ١٠، ژمارە ٦ی لە ١٥ی ئایاری ١٩٩٦، دەرچووینە. ژمارە ٦ی دوایین

(١) موسا ئەحمەد، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ل ٩- ١٢؛ ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

لاپەڕەی  لە ڕۆژنامەی برایەتی لە پاشـکۆیەکی سـەربەخۆدا دەرچووە، کە تایبەت بووە بە یادی لەسـێدارەدانی شـەهید لەیلا قاسـم و هاوڕێکانی"[1]، ئێمەش بەدواداچووغان بۆ لاپەڕەی خەباتی قوتابیان کرد لە ڕۆژنامەی برایەتی و ئەوانەی بەرچاومان کەوتوون ئەمانە بوون (یەکەم لاپەڕەی لە لاپەڕە ٢٤ و ٢٥ی ژمارە (٢١٤٥،٢١٤٤،٢١٤٤،٢١٤٢)ی ڕۆژنامەی برایەتی دایە کە لە ٨ی تشـرینی دووەمی ١٩٩٥ دەرچووە، لاپەڕە ٩ی ژمارە ٢١٤٨ لە ٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٥، لاپەڕە ٩ی ژمـارە ٢١٥١ لە ٣٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٥، لاپەڕە ٩ی ژمارە ٢١٥٥ لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٩٦، لاپەڕە ٦ی ژمـارە ٢١٥٧ لە ١٥ی شوباتی ١٩٩٦، لاپەڕە ٧ی ژمارە ٢١٦٨ لە ١٥ی ئایاری ١٩٩٦ی ڕۆژنامەی برایەتی دەرچووە)[2].

- **بەردەوامی خولی سـێیەمی ڕۆژنـامەی خەباتی قوتابیان:** لە ئایاری ١٩٩٦ ژمارە ١١ی ڕۆژنامەی خەباتی قوتابیان دووبارە دەسـتی بە دەرچوون کردەوە[3]. ژمارە ١٦ی بە تیراژی ٣٥٠٠ دانە چاپکراوە. لە ژمارە ٢١ بەدواوە واتە لە ژمـارە ٢٢ەوە تەواوی پیتچنین و کاری هونەری و کاری کۆمپیوتەری لە دەزگای کۆمپیوتەری ناوەندی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کراون. ژمـارە ٢٤ی تایبەت بووە بە یادی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، لەگەڵ ژمـارە ٢٦ پاشـکۆیەکی عەرەبی بە ٤ لاپەڕەیی هەبووە. ژمارە ٢٧ی تایبەت بووە بە یادی سەد ساڵەی ڕۆژنـامەنووسی کوردی. ژمارە ٣٠ تایبەت بووە بە بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان. لە ژمارە ١ی تشـرینی دووەمی ١٩٩٣ تا ژمارە ٣١ی ٢٧ی تەمووزی ١٩٩٨ لە شـێوەی ڕۆژنـامە دەرچووە، بـابەت و نـاوەڕۆکی ئەم ڕۆژنـامەیە لەم مـاوەیەدا بریتی بووە لە، بـابەتی ڕێـکخراوەیی و ڕۆشـنبیری و ڕەخنەیی بەتـایبەتی ڕەخنەگرتنی توند لە شەڕی ناوخۆ کە لە سـەرنجڕاکێشـترین مانشێتدا لە گۆشـەی ڕۆشـنایی ژمارە ٥ی خەباتی قوتابیان نووسراوە (هەڵگیرسـانەوەی جەولەی سێیەمی شـەڕ خیانەتێکی ترە و لە خزمەتی داگیرکەران و بە فیتی ئەوانە)، هەروەهـا بابەتی وەرزشـی و دیمانە و هەواڵی قوتابیان لە خۆگرتبوو[4].

- **گۆڤاری خەبـاتی قوتابیان:** لە ژمـارە ٣٢ی نیسـانی ١٩٩٩ بە دواوە خەباتی قوتابیان بەشـێوەی گۆڤار دەرچووە کە دەسـتەی نووسـەرانی محەمەد فەخرەدین جەباری، زێرەڤان تۆڤی، سـەمیرە نادر، زیاد حسێن بوون. لە ژمارە ٣٣-یەوە ساڵح سـەفتی و نەسرەدین گولی بۆ دەسـتەی نووسـەران زیادکران. لە ژمارە ٣٥-ەوە دەسـتەی نووسـەران فەرسـەت سـۆفی،

---

(١) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٣) هەمان سەرچاوە.

(٤) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٨٠- ٨٦.

محەمەد فەخرەدین جەباری، هێمن باجەلان، زێرەڤان تۆڤی، بەیار ئاکرەیی و زیاد حسـێن بوون. لە ژمـــارە ٣٨ زیاد حسێن لە دەستەی نووسەران نەماوە و ئەمیر عەبدولڕەحمان و ڕێناس جانۆ لە دەســتەی نووســەران زیادکراون. لە ژمارە ٤٠ ئەمیر عەبدولڕەحمان لە دەسـتەی نووسـەران نەماوە. ژمارە ٤١-٤٢ زمانی عەرەبی بۆ زیادکراوە. لە ژمارە ٤٣ سـوار قامشـلی بۆ دەسـتەی نووسـەران زیاد بووە. لە ژمارە ٤٩ ەوە دەسـتەی نووسـەران لابردرا. خاوەن ئیمتیازی لە ژمارە ١ تا ٣٠ ساسان عەونی، لە ژمارە ٣١ تا ٤٨ عەلی عەونی، لە ژمارە ٤٩ تا ٥٩ موسا ئەحمەد بووە. سەرنووسەری لە ژمارە ١ تا ژمارە ٦- ٧ و ١٣ و ١٥ تـــا ٣٠ گوهدار ئیسماعیل بەرواری، لە ژمارە ٨ تا ١٢ و ١٤ فارس عومەر، لە ژمارە ٣١ تا ٣٤ شەعبان شـەعبان، لە ژمارە ٣٥ تا ٤٨ موسـا ئەحمەد، لە ژمارە ٤٩ تا ٥٨ یاسـین سـاڵح، لە ژمارە ٥٩ فرسەت سۆفی بووینە. ژمارە ٩-١٠ تا ١٤ی لە دهۆک، ژمارە ١٦ و ٣٢ لە چاپخانەی زانکۆی سـەلاحەدین لە هەولێر، ژمـــارە ٣٣ تا ٣٩ و ٥٠ تا ٥٤ و ٥٨ و ٥٩ لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر چاپکراون. دواین ژمارەی گۆڤاری خەباتی قوتابیان ژمـــــارە ٥٩ی ئەیلوولی ٢٠٠٢-ە، دواتر بۆ ماوەی ٣ ساڵ وەستاوە[١].

- **گۆڤاری خەباتی قوتابیان لەلایەن سـەنتەری خامە:** دوای دامەزراندنی سـەنتەری خامە دووبارە لە ساڵی ٢٠٠٥ دەستی بە دەرچوون کردەوە، وەک گۆڤارێکی ڕێکخراوەیی گشتی بووە بە ناوی ئۆرگانی یەکێتی قوتابیانی کوردســتان دەرکەوتووە و لە تەواوی شـــار و شـارۆچکەکانی کوردســتان و بەغدا و موسـڵیش بڵاوکراوەتەوە. لە ژمارە ٦٠-ەوە لەلایەن سـەنتەری خامەوە لە مانگی تشـــــرینی یەکەمی ٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە. لە ژمارە ٦٤-ەوە دەســتەی نووســەرانی بۆ زیادکراوە کە فاخر کرمانجی، کۆڤان فەتاح، ڕەسـوڵ حسـێن و عوسمان خدر بوونە[٢].

خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری خەباتی قوتابیان؛ لە ژمـارە ٦٠ تـا ٧١ بەرەڤان حەمدی، لە ژمارە ٧٢ تا ٧٦ ڕێناس جانۆ، لە ژمارە ٧٧ تا ٩١ هەرمـــان محەمەد سـەلیم، لە ژمارە ٩٢ تا ١١٠ عرفان عەزیز، لە ژمارە ١١ تا ١١٥ فاتیح مەولود زادە، لە ژمارە ١١٦ تا ١٢٠ حەسـەن شـێخ عەلائەدین و لە ژمارە ١٢١ تا ١٤٧ نێچیرڤان حسـێن محەمەد بووینە. سـەرنووسـەرانی لە ژمارە ٦٠ تا ٧١ ڕێناس جانۆ، لە ژمارە ٧٢ تا ٨٢ کاروان محەمەد ســابیر، لە ژمارە ٨٣ تا ٩١ شـــوکریە تەیمور، لە ژمارە ٩٢ تا ١٠٧ فاتیح مەولود زادە، لە ژمارە ١٠٨ تا ١١٠ ســەگڤان

(١) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشـوو، ل ل ٩- ١٢؛ ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٨٠- ٨٦.

(٢) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٨٦، ١٦٨- ١٧٠.

مەرعی، لە ژمـــارە ١١١ تا ١١٥ و ١١٧ تا ١١٩ سلێمان موحسن، ژمارە ١١٦ و ١٢٠ زەڤەر بادی، ژمارە ١٢١ کاروان میرانی و لە ژمارە ١٢٢ تا ١٤٧ هۆگر بەهائەدین بووینە. ژمارە ٦١ لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر، ژمـــــارە ٦٤ و ٦٥ و ٦٧ تا ٧١ لە چاپخانەی منارە لە هەولێر، ژمـــارە ٧٢ تا ٨٨ و ٩٠ تا ٩٩ و ١٠١ و ١٠٢ و ١٠٤ تا ١١٤ لە چاپخانەی ڕۆژهەڵات لە هەولێر، ژمارە ١٠٠ و ١٠٣ لە چاپخانەی ڕۆکسانا لە هەولێر چاپکراون. ژمارە ١٢٨ لە ١٥ی شوباتی ٢٠٢٠ دەرچووە (ژمـــارە ١٢٨ لەسەر بەرگەکەی بەهەڵە نووسراوە ١٢٧). دوا ژمارەی لەبەردەستمانە لە دەستەی ئینسکلۆپیدیا، ژمارە ١٤٧ لە ١٨ی تشـــرینی دووەمی ٢٠٢١ دەرچووە[١].

٢- **مەشــخەڵ:** گۆڤاری یەکێتی قوتابیانی کوردســتان، لێــــژنەی هەولێری یەکێتی قوتابیان کوردستان دەریدەکرد. لە ساڵی ١٩٥٥ یەکێتی قوتابیانی کوردستان لێژنەیەکیان لە کەمال غەمبار، ئەحمەد نەقشبەندی، لەتیف شێخ سادق، جەواد ئەسعەد شێتنە و بەشیر حسێن پێکهێنا. ئەم لێژنەیە گۆڤاری (مەشــخەل)یان لە هەولێر دەردەکرد. لاپەڕەکانی بەدەســت دەنووسرایەوە و چەند ژمـــــارەیەکی بە کاربۆن لەبەر دەگیرا و بەســەر قوتابیاندا دابەش دەکرا[٢].

لەبارەی ساڵی دەرچوونی گۆڤاری مەشخەڵ جەواد شێروانی ساڵی ١٩٥٥ی بە ساڵی ١٩٩٥ نووسیوەتەوە، هەروەها لە دەستەی نووسەرانی عەبدولڕەحمان گۆمەشینیشی نووسیوە جگە لەو نووسەرانەی لای سەرەوە ئاماژەمان پێکردووە[٣].

٣- **بۆ پێشــەوە:** گۆڤاری یەکێتی قوتابیانی کوردســتان بوو، لێژنەی هەولێری یەکێتی قوتابیان کوردستان دەریدەکرد. لە ١٩٥٦- ١٩٥٧ یەکێتی قوتابیانی کوردستان لێژنەیەکیان لە کەمال غەمبار، ئەحمەد نەقشبەندی، لەتیف شێخ سادق، جەواد ئەسعەد شێتنە و بەشیر حسێن پێکهێنا و ئەم لێژنەیە گۆڤاری بۆ پێشەوەیان لە هەولێر دەردەکرد[٤] و دەستەی نووسەرانی کەمال غەمبار، بەشیر حسێن، حەیدەر هەمزە خدر و محەمەد حەسەن مەنگوڕی بووە[٥].

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٢) عرفان عەزیز عەزیز، ڕۆژنامەنووسی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، زنجیرەی مێژوویی یەکێتی قوتابیانی کوردستان (٢)، چاپی یەکەم، (چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر- ٢٠١٢)، ل ٢٤.

(٣) جەواد محەمەد شـــێروانی، لە قوڵایی مێژووەوە چەنـد بیرەوەرییەک بە بۆنەی دامەزرانـدنی "ی.ق.ک"ەوە، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٢٥٢٩، (چوارشەممە ١٩٩٨/٢/١٨- هەولێر)، ل ٧.

(٤) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

(٥) جەواد محەمەد شێروانی، لە قوڵایی مێژووەوە ... سەرچاوەی پێشوو. ل ٧.

٤- **دەنگی قوتـــــابیانی کوردســتان:** بڵاوکراوەی دەنگی قوتابیانی کوردســتان بوو، لەلایەن لێژنەیەکی یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان لە هەولێر دەرچووە. هەریەک لە کەمال غەمبار، بەشیر حسێن، حەیدەر هەمزە ئەندامی لێژنەکە بوون، بە دەست دەنووسرایەوە و بەسەر قوتابیاندا دابەشدەکرا. ئەم بڵاوکراوەیە دوای گۆڤاری (بۆ پێشەوەی ساڵانی ١٩٥٦- ١٩٥٧) دەرچووە[١].

٥- **ڕاپەڕینی قوتابیان:** بڵاوکراوەی ڕاپەڕینی قوتابیان لە ســلێمانی، لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردســتان دەرچووە، ئەم بڵاوکراوەیە دوای گۆڤاری (بۆ پێشــەوەی ســاڵانی ١٩٥٦- ١٩٥٧) دەرچووە[٢].

٦- **دەنگی قوتـــــابیان (صــوت الطلبة):** گۆڤاری یەکێتی قوتابیانی کورســتان بوو، لە دوای بەســتنی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان، کە دەبووە یەکەم کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی گشــتی عێراق لە بەغدا لە ١٦ی شــوباتی ١٩٥٩، یەکێتی قوتابیانی کوردستان بڕیاری دانانی لێژنەیەکیان دا بەناوی لێژنەی پەیوەندار بە قوتابیانی کوردستان، گۆڤارێکیان بە نـــاوی دەنگی قوتابیان (صوت الطلبة) بە زمـــانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی دەرکردووە کە بابەتی پەیوەندار بە قوتابیان و بابەتی سیاسی و نەتەوەیی تێدا بڵاودەکرانەوە. ژمـــارە ٣ی ساڵی ٢ی ئاداری١٩٦٠ لە چاپخانەی (نجوم) چاپکراوە. تەنیا ٣ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە[٣].

٧- **گـزنگ:** گۆڤارێکی وێژەیی و خوێندەواری و کۆمەڵایەتی قوتابیان بووە، لەلایەن لێژنەیەکی تایبەتی لێـــژنەی یەکێتی قوتابیانی ناوەندی ئێوارانی سلێمانییەوە دەرچووە. بەشێوەی نیگارین لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەری و باســی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و پەروەردە لەســـەر لاپەڕەکانی بڵاوکراوەتەوە، ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٥٩ بە زمانی کوردی دەرچووە[٤].

٨- **هیوای کوردستان:** گۆڤارێکی وێژەیی و کۆمەڵایەتی قوتابیان بوو، مانگی جارێک لە شاری

---

(١) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٢٤.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ لمحات عن تاريخ الحركة الطلابية.... المصدر السابق، ص ص ١٩- ٢٠؛ سەلاح دەلۆ، مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کەرکووک، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٢٥٧٠، (چوارشەممە ١٩٩٨/٤/٢٢- هەولێر)، ل ١١.

(٤) عبدالجبار محمد جەباری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢١.

سـلێمانی دەرچووە، دوای ماوەیەک بەشـێوەی نیو مانگ جارێک دەرچووە. ژمارە ١ی لە تشـرینی دووەمی ١٩٥٩ دەرچووە، دوا ژمارەی ژمارە ١٣ بوو لە ١٩ی تشـرینی یەکەمی ١٩٦٩ دەرچووە، ئیتر لەبەر لاوازی چالاکی قوتابیان گۆڤارەکە لە دەرچوواندن پەکی کەوتووە[١].

سـەبارەت بە لایەنی دەرچواندنی ئەم گۆڤارەیە؛ سـالح یوسـف نووسـیویەتی ((لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە شاری سلێمانی دەرچووە))[٢]، بەڵام عەبدولجەبار جەباری نووسیویەتی ((لەلایەن یەکێتی قوتابیانی گشتی سلێمانییەوە دەرچووە))[٣].

٩- **پێشـڕەو:** گۆڤارێکی ڕۆشـنبیری پەروەردەیی قوتابیان بوو، لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی کەرکووک، بە زمـانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی دەرچووە، ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٦٠ لە چاپدراوە[٤].

١٠- **قـوتـابیانی کورد لە بەسرا:** بڵاوکراوەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو، لە ساڵانی ١٩٦٤- ١٩٦٨، لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی بەسرا دەرچووە، بە سەرپەرشتی نیزامەدین گلی کە ئەوکات بەرپرسـی لقی بەسـڕای یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان بووە، بەدەسـت دەنووسرایەوە و بەسـەر قوتابیان و کەسـایەتی نیشـتیمانی و نەتەوەییەکانی دابەشدەکرا. بۆ ماوەی ٤ ساڵ بەردەوام بووە، کە نزیکەی ١٠ بۆ ١٢ ژمارەی لێ دەرچووە[٥].

١١- **نـضال الطلبة:** ئەم گۆڤارە ئۆرگانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە، لە ساڵی ١٩٦٨ یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان لە هەر یەک لە لقەکانی بەغدا و سـلێمانی و کەرکووک و مووسڵ و هەولێر، گۆڤار و بڵاوکراوە خولیەکانیان دەردەکرد[٦]. ناوی گۆڤار و بڵاوکراوەکانی ئەو ساڵانەمان بە دەست نەکەوتووە.

١٢- **بڵێسـە:** بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی ڕێکخراوی قوتابیانی پارتی دیموکراتی کوردسـتان و لێژنەی محەلی بەغدا، بە زمـانی عەرەبی دەرچووە. ژمارە ١ی بەبێ ڕێکەوت، ژمارە ٢ی لە

(١) صالح یوسف صوفی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێ، چاپا ئێکێ، ل ١٠٧٤؛ عبدالجبار محمد جەباری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩.
(٢) صالح یوسف صوفی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگێ سێ، چاپا ئێکێ، ل ١٠٧٤.
(٣) عبدالجبار محمد جەباری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩.
(٤) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩.
(٥) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٤- ٢٥.
(٦) لمحات عن تاريخ الحركة الطلابية... المصدر السابق، ص ٣٦.

تشـرینی دووەمی ١٩٧٠، ژمارە ٤ کە دوا ژمارەیە لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٠ دەرچووە[1].

**١٣-ڕێـبازی قوتـابیان:** گۆڤارێکی قوتابیانەی گشتی بوو، لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی سـلێمانی مانگی جارێک لە حەفتاکاندا، لە ژێر دروشـمی (خەبات و زانیاری لە پێناوی چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستـانی عێراق) دەرچووە[2]. لەبارەی دەرچوونی ئەم گۆڤارە؛ عرفان عەزیز نووسـیویەتی ((ژمارە ١ی لە سـاڵی ١٩٧٢ دەرچووە، دوا ژمـــارەی ٣-٤ی لە ساڵی ١٩٧٣ دەرچووە))[3] و هەروەها موسا ئەحمەد نووسیویەتی ((لە ساڵی ١٩٧٣ دەستی بە دەرچوون کردووە))[4].

**١٤- بەرەو ڕووناکی:** گۆڤارێکی وێژەیی و ڕۆشنبیری گشتی بوو. یەکەم گۆڤار بووە لە گەلاڵە بـــڵاوبکرێتەوە، لێژنەی زمان و وێژەی کوردی لە خوێندنگەی ناوەندی گەلاڵەی کوڕان بە هاوکاری قایمقامی قەزای چۆمان (فەرەنســـۆ هەریری) و ناوچە و لقی یەکێتی قوتابیانی کوردســـتانی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگەکە بە دیالێکتی کرمانجی خواروو- ســـۆرانی بە ئەلفوبێی کوردی لە عەرەبی و ئارامی داهێنراو دەریان دەکرد. ژمـارە ١ی لە ساڵی ١٩٧٢ و ژمـــــارە ٣ی لە ســاڵی ١٩٧٣ دەرچووینە. لە چاپخانەی کوردســتان لە هەولێر چاپدەکرا. دەســـتەی بەڕێوەبەربردنی گۆڤارەکە ئیبراهیم ســـەعید بەرزنجی، نەژاد عەزیز ســـورمێ، سـەردار کەمال مەولود، ئـــازاد عەبدولوەهاب جوندیانی، غەفور حسێن گەلاڵی و فەوزی جەودەت جەمیل بوون. تەنیا ٣ ژمارەی لێ دەرچووە[5].

**١٥- کاروانی قوتابیان:** گۆڤاری قوتابیان بووە، لقی نەینەوای یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان دەریدەکرد. ژمارە ١ی لە کانوونی دووەمی ١٩٧٣ دەرچووە[6].

**١٦- دەنـــــگی قوتابیان/ دەنگی قوتابیانی کوردسـتان:** گۆڤارێکی مـــــانگانە بووە، لێژنەی ڕۆشــنبیری لقی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان دەریدەکرد. بابەتەکانی ئەدەبی و سـیاســی و هەواڵن، جیاواز لە گۆڤارەکانی دیکەی قوتابخانەکان، زیاتر گرنگی بە کاروباری سیاسی و ڕێکخراوەیی قوتابیانی کوردستان لە شاری هەولێر داوە لە حەفتاکان. ژمـارە ١ی

(١) جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم (ب)، ل ٩٠.

(٢) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

(٣) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

(٤) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.

(٥) جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم (ب)، ل ل ١٠١- ١٠٣.

(٦) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.

دەنـگی قوتابیان لە قەبارەی گەورەدایە، ڕۆژ و مانگی دەرچوونی لەسەر نەنووسراوە، بەڵام لە لاپەڕەی یەکەمدا لێژنەی ڕۆشـنبیری بروسـکەیەکی پیرۆزبایی ئاراسـتەی گشـت قوتابیان کردووە بەبۆنەی بیسـتەمین سـاڵگەری دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان، لە ژێرەوەی نووسراوە ١٥ی شوبـاتی ١٩٧٣. بە ڕۆنیۆ لە چاپدراوە، بەرگەکەی لە چاپخانە چاپ نەکراوە، نووسین و وێنەی سەر بەرگەکە بە دەست نووسراون و کێشـراون. ژمارەی ٢-٣ی دەنگی قوتابیانی کوردسـتان سـاڵی ١ لە تشـرینی دووەمی ١٩٧٣ دەرچووە و لەسـەری نووسراوە (بڵاوکراوەی یەکێتی قوتابیانی کوردسـتانی عێراق لقی هەولێر)، بەرگەکەی لە چاپخانە لە چاپدراوە و لە ناوەڕاسـتی بەرگی پێشـەوەی ئەم ژمارەیە وێنەی سـەرکردەی مەزن بـارزانیی نەمر هەیە، وێنەکە بە دروشـمی (زایەڵە زەنگی قوتـابیـانی کوردسـتان دەورەدراوە)[1].

**١٧- چرایێ گـەش (المشـعل الوضـاء):** بڵاڤۆک یان گۆڤارا لقا دهۆک- نەینەوا یا ئێکەتیا قوتابیێت کوردسـتانێ بوو، ب زمانێ کوردی زاراوەی کرمانجی سـەروو و زمانێ عەرەبی دەردکەفت. هژمارا ١ێ ل هـاڤینـا ١٩٧٣ ل دهۆکێ دەرکەفتییە. ڤان هێژایـان بـابەت ل هژمارا ١ێ بڵاڤکرینە نزار ئەحمەد عوبێد، عەمەر باجلوری، ئەحمەد عەلی ئەتروشـی و موئەیەد تەیب. هژمارا ٢ێ و دوماهیکێ ل ناڤ شـوڕەشا ئەیلوولێ ل هاڤینا ١٩٧٤ ل ناحیا سـەرسـنگ دەرکەفتییە، ل سـەر بەرگێ وێ هاتبوو نڤیسـین (بڵاڤۆکا ئێکەتیا قوتابیێت کوردسـتانێ ل دهۆک- نەینەوا)، ڤان هێژایان بابەت ڤێ هژمارێدا بڵاڤکرینە ڕەئوف کامل ئاکرەیی، نزار ئەحمەد عوبێد، هوزانڤان عەبدولسـتار سـلێمان کارەی و هەژار (عوسـمان موحسـن). ئەڤ بڵاڤۆکە ژ نەخشـەکێشـانا ئەحمەد خەلیل بامەڕنی بوو. گوتارێت ڤێ بڵاڤۆکێ ب ئـامێرێ چاپێ دهـاتنە چاپکرن و ب ئـامێرێ ڕۆنیو دهـاتنە ڕاکێشـان، هەر ژمارەکێ ٣٠٠ دانە لێ هاتینە بڵاڤکرن[2].

سـەبارەت دەرچوونا ئێکەم ژمارا وێ موسـا ئەحمەد نڤێسـیە ((گۆڤاری (المشـعل الوضـاء) ژمارە ١ی لە کانوونی دووەمی ١٩٧٤ دەرچووە))[3].

(١) عەبدوڵڵا ئەنوەر عەبدوڵڵا (سـمکۆ)، ڕۆژنامەوانیی کوردی لە شـاری هەولێردا (١٩٣٥-١٩٧٥)، یەکێتی نووسـەرانی کورد مەڵبەندی گشـتی ٩، چاپی یەکەم، (چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر- ٢٠١٢)، ل ل ٢١٣-٢١٥؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٨، ٤٠.

(٢) وەصـفی حەسـەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٢٤؛ موسـەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥٣- ٥٤؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

(٣) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

**١٨- باباگوڕگوڕ- بـــــاوە گڕگڕ:** گۆڤارێکی خولی ڕۆشـــنبیری نیمچە ئاشـــکرا بووە[١]، لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان لقی کەرکووک بە ڕەش و ســـپی دەرچووە[٢]. ئەم گۆڤارەی بە نـاوی بـابـاگوڕگوڕ و بـاوەگڕگڕ هـاتووە کە بە زمـانی کوردی دیـالێکتی کرمـانجی خواروو-ســـۆرانی بە ئەلفوبێی کوردی لە عەرەبی و ئـارامی داهێنراو دەرچووە[٣]. ژمـارە ١ی لە کانوونی دووەمی ١٩٧٣ بە ٢٠ لاپەڕە دەرچووە[٤]. ژمـــارە ٣ی لە تشـــرینی دووەمی ١٩٧٣ لە بەغدا لە مەکتەبی ســـکرتاریەتی یەکێتی قوتـابیـانی کوردســـتـان چاپکراوە، بە ڕۆنیۆ چاپکراوە لە ســـەرجەم قوتابخانەکانی کەرکووک بڵاوکراوەتەوە، ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە نێو قوتابیاندا[٥]. دەستەی نووسەرانی زاهیر ڕۆژبەیانی (سەرنووسەر)، حەمەساڵح جەباری (شـەهید) نەخشـەسـاز و چاپکەر، حسـێن ڕەسـوڵ و سـەباح جەوهەر و محەمەد عەزیز، ئەندامانی لێژنەی ڕۆشـنبیری گۆڤارەکە بوون[٦]، جگە لەمـــــانە سـەباح بازرگان ئاماژەی بە ئـازاد عەبـدولمەجیـد، عەلی حســـێن، نەجمەدین فـاتیح و ئەمین کەریمیش کردووە وەک دەستەی نووسەران[٧].

**١٩- ڕزگاری:** گۆڤاری یەکێتی قوتـابیـانی کوردســـتـان بووە، لقی دیالەی یەکێتی قوتـابیـانی کوردســـتان دەریکردووە. ژمارە ١ی لە ســـاڵی ١٩٧٤[٨] و ژمـــــارە ٢ی لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٧٤ دەرچووە. قەبارەی ئەم گۆڤارە فۆڵســـکاب بووە و بابەتەکانی بە تایپێکی سادە تایپکراون، زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکان بە دەست تایپ کراون[٩].

**٢٠- قوتـــــابی:** گۆڤاری یەکێتی قوتابیانی کوردســـتانە، لەلایەن لێژنەی ڕۆشـــنبیری یەکێتی قوتابیانی کوردستانی زانکۆی سلێمانییەوە دەرچووە. ژمـــارە ١ی لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ بڵاوکراوەتەوە[١٠].

(١) صباح البازرگان، المصدر السابق، ص ٢٥.
(٢) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩.
(٣) جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم (ب)، ل ل ١٠٩- ١١٠.
(٤) صباح البازرگان، المصدر السابق، ص ٢٥.
(٥) جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم (ب)، ل ل ١٠٩- ١١٠.
(٦) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.
(٧) صباح البازرگان، المصدر السابق، ص ٢٥.
(٨) پاشماوەی کاروانی ڕۆشنبیری...، برایەتی، ژمارە ١٥، (١٩٧٤/١/٢٤- چاپخانەی دار الجاحظ)، ل ٧.
(٩) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.
(١٠) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.

**٢١- صـــــدای دانش اموز:** گۆڤاری یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان لقی ئاوارە لە ڕۆژهەڵاتی کورستان دەرچووە. لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دەستکرا بە دەرکردنی گۆڤارێک بە زمـــــانی فارســی بە ناوی (صــدای دانش اموز) واتاکەی (دەنگی قوتابی) بووە، لە کەرەج ڕۆژهەڵاتی کوردســتان. ١١ ژمـــــارەی لێ دەرچوو، بەڵام نەتوانرا درێژەی پێبدرێ[١]، چونکە ئەوانەی دەریاندەکرد تووشی گرفت بوون لەلایەن ئیتـــــلاعاتی ئێرانەوە. ئەم گۆڤـارە بـاس لە قوتـابیـانی کورد و ژیـانی ئـاوارەیی و گرفتەکـانی بەردەم قوتابیانی کورد لە ئێران دەکرد و بابەتی سیاسی و نەتـەوەیشی تێدابووە[٢].

**٢٢- دەنگی قوتابی:** گۆڤاری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی ئاوارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە زمانی کوردی دەرچووە، بابەتەکانی هەواڵی قوتابیانی کوردستان و پرسی زمانی کوردی و ژیانی ئاوارەیی و بابەتی کلتوری کوردی تێدا بووە لەگەڵ شیعر و کورتە چیرۆک[٣]. ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٧٩ لە کەرەج[٤]، ژمـارە ٣ی لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٩، ژمارە ١٠ی ئـۆرگانی لە سەردەمی شۆڕشی گوڵان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەســتی شــۆڕش و لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان، ژمارە ١٦ی لە ئەیلوولی ١٩٨٤ بە ١٢ لاپەڕە، ژمــارە ٢٨ لە ساڵی ٢٦٨٦ی کوردی و دوا ژمــارەی کە ژمارە ٢٩-یە لە نیسانی ١٩٨٦ دەرچووە. قەبارەیان فۆڵسکابی بووە[٥].

**٢٣- ڕاگەیێنراوی ناوخۆ/ ڕاگەیاندراوی ناوخۆ/ ڕاگەیندراوی ناوخۆ:** بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی بووە لە ناوچە ئـــــازادکراوەکانی ژێر دەستی شـۆڕش و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەرچووە. باسی چالاکییەکانی یەکێتی قوتابیان و هەواڵەکانی ناو شار کردووە لە کوردستان کە لە ڕێگای ڕێکخستنە نهێنییەکانەوە دەگەیشتە دەستیان. نـــــازانرێ بەشـــی یەکەم و دواییەکەی کەی دەرچووە[٦]. لە ســاڵی ١٩٨٢ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشـی شـەشـەمی لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٨٣ بە ٤ لاپەڕەی فۆڵسـکاب و

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٣٢.
(٢) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.
(٣) هەمان سەرچاوە، ل ل ٤٦- ٤٧.
(٤) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.
(٥) موســا ئەحمەد، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٣١؛ ئەرشــیفی دەســتەی ئینســکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردســتان؛ ئیســماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... ســەرچاوەی پێشــوو، ل ١٥٢؛ ئیســماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.
(٦) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤٧- ٤٨.

بەشی هەشتەمی لە ١٠ی ئاداری ١٩٨٤ دەرچووە. لە سەری نووسراوە (ڕاگەیندراوی ناوخۆ بەشــی ڕاگەیاندنی یەکێتی قوتابیانی کوردســتان لە ســەردەمی شــاخ لە ئێران لقی ئاوارە دەریدەکرد). پتـر لە ١٩ ژمارەی لێ دەرچووە[١].

**٢٤- گازیا خوێندکارا:** گۆڤارەکا هەیڤانە بوو، ژ لایێ نڤیسینگەها پیشـەیی و جەماوەری یا لقا ١ یا پارتی دیموکراتی کوردســـتان ل بەراهیێ ل کوماتە و پاشـــتر ل گوندێ زێوە دەڤەرا نێروەییا دەردچوو. ســەرپەرشــتێ ڤێ گۆڤارێ و کارمەندێ وێ یێ ســەرەکی تەیار ســەلیم گەرماڤی بوو، ژ هەڤکارێت وی رزگار کەمەکی (بۆ نەخشـەسازی) و محەمەد ئەمین مایی بوون. عەبدولعەزیز تەیب، ســـمکۆ ئامێدی، ئیحســـان ئامێدی، حەبیب کەلەش، د. رزگار زاخۆیی، عیماد جەمیل، ئەرجان ماری شێخانی... هتد، ژ نڤیسکارێت گازیا خوێندکارا بوون. ژ هەژمارا ١ تا ١٠ ب ناڤێ گازیا خوێندکاران و پاشـتر بناڤێ گازیا خوێندکار و لاوان هاتییە بلاڤکرن. هژمارا ١ێ ل ئادارا ١٩٨٣ و هژمارا ٣٥ ل شـــواتا ١٩٨٦ دەرکەفتییە و ب چاپ و رۆنیۆیێ دهاتە بەرهەڤکرن و ٤٠٠ دانە ژێ چاپ دکرن[٢].

**٢٥- دەنـگی لاوان و قوتابیان:** گۆڤاری هاوبەشی نێوان یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان- عێراق لقی ئـــــاوارە و یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان- عێراق لقی ئێرانە، تایبەت بە ١٨ی شــوبات دەرچووە و بێ ژمارەیە، لە ١٨ی شــوباتی ١٩٨٥ بە زمانی کوردی دەرچووە[٣]. لە سەردەمی شاخ لە کەرەج لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرچووە[٤].

**٢٦- المهرجـــــان:** گۆڤارێکی کاتی بووە، لەلایەن ڕێکخراوە بەشـداربووەکانی یەکێتی لاوان و قوتابیانی کوردستانەوە لە ڕۆژانی ڤیستیڤاڵی لاوان و قوتــابیانی جیهانی بڵاوکراوەتەوە، بە هەردوو زمـانی عەرەبی و ئینگلیزی ٢ ژمـارەی لێ دەرچووە، یەکێکیـان تـایبەت بووە بە ١٢مین ڤیســتیڤاڵی لاوان و قوتابیانی جیهانی کە لە ســاڵی ١٩٨٥ لە مۆســکۆی پایتەختی یەکێتی سـۆڤیەت بەسـتراوە، ئەوی دیکە پێش بەسـتنی سـێزدەهەمین ڤیسـتیڤاڵی جیهانی لاوان و قوتـابیان کە لە کۆریای دیموکراتی، تیایدا بـاس لە بزووتنەوەی لاوان و قوتـابیـانی کوردســتان و عێراق کراوە، دیرۆک و کەلتوری شــۆڕشــی ڕزگاریخوازی کورد و کوردســتان

(١) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢

(٢) وەصــفی حەســەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... ســەرچاوەی پێشــوو، ل ل ٤٠، ٤٣، ٣٣؛ موســەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٤) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣.

پانتاییەکی فراوانی لە گۆڤارەکەدا داگیرکردووە، بوێری ژیان و دەنگی هەقخوازیانەی ڕەوای کورد و ئازادیخوازی گەلی کوردی تیا بەرزکراوەتەوە[1].

**٢٧- شەمالک:** گۆڤارێکی ئەدەبی-ڕۆشنبیری بووە، لەلایەن قوتابی گوهدار ئیسماعیل و ڕزگار سـەعید بە هاوکاری چەند هەڤاڵێک بە زمـــانی کوردی و فارسـی بڵاوکراوەتەوە. خولی یەکەمی لە شاری ورمێی کوردستانی ڕۆژهەڵات، خولی دووەمی لەلایەن بەشی ڕاگەیاندنی یەکێتی قوتـــابیانی کوردستان لە هەولێر دەرچووە. ژمارە ١ی لە نیسانی ١٩٨٩ و ژمارە ٨-٩ی لە کانوونی دووەمی ١٩٩٠ دەرچووە. بە تایپی دەســتی چەند دانەیەکی بە قەوارەی ئەی ٤ لێ چاپکراوە. لە خولی یەکەمیدا ٩ ژمــارەی لێ بڵاوکرایتەوە. بەشی کوردی ژمارە ١ تا ٦ی بە تیپی لاتینی لە دوو ژمارەی جیاوازدا بڵاوکراوەتەوە، خولی دووەمـــی لە هەولێر درێژەی پێدرا و تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارە ١ی خولی دووەمی لە کانوونی دووەمی ١٩٩٤ بە ٢٠ لاپەڕەی فۆڵسکابی فۆتۆکۆپیکراو دەرچووە[2].

**٢٨- چەلەنگ (ÇELENG):** گۆڤارا قوتابیان بوویە، یەکەم گۆڤاری قوتابیانە کە بە پیتی لاتینی دەرچووبێت. لەلایەن فورات ئارام و گوهدار ئیسـماعیل بەرواری، بەزمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی ژووروو- خواروو لە زاخۆ دەرچووە. تەنیا یەک ژمارەی لە ئاداری ١٩٩٢ بە ١٨ لاپەڕەی قەبارە بچووک دەرچووە[3]. ل بارەی ســاڵا دەرچوونا وێ موســەدەق تۆڤی نڤێسیە ((هژمارا ١ێ ل مەها ئادارا ١٩٧٢ دەرکەفتیە))[4]، دەکرێت هەڵەی تایپ بێت.

**٢٩- خــــامە (XAME):** بڵاوکراوەیەک بوو لەلایەن گوهدار ئیسماعیل ئامادە دەکرا، لێژنەی ڕێکخراوی کۆلێژی ئادابی یەکێتی قوتابیان کوردستان بە پیتی لاتینی دەریدەکرد، کە پێشتر لەلایەن یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردســتان دەرچووە، بەڵام لە پاش کۆنگرەی ئازادی و جیابوونەوەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، بڵاوکراوەی خامە لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردســتان درێژەی پێدراوە. ژمارە ســفری

(١) سێزدەمین ڤستیڤالی جیهانی ی لاوان و قوتابیان، ڕۆژنامەی خەبات(النضال)، ژمارە ٥٨٥، (تشـــرینی دووەمی ١٩٨٨)، ل ٢؛ نەوزاد فوئاد رەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ٨٤؛ قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٩- ٣٠.

(٢) موســا ئەحمەد، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ل ١٣- ١٤؛ ئیســماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥

(٣) وەصـفی حەسـەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٤٥؛ ئیســماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨

(٤) موسەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢

ئەزموونی (یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان) لە ٢ی ئایاری ١٩٩٣، ژمـــارە ٣ی ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٩٣، ژمارە ٤ی ٢٠ی تشــرینی یەکەمی ١٩٩٣ بە ٨ لاپەڕە دەرچووە. هەرچەندە عـرفان عەزیز پێی وایە یەکەم ژمارەی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان)، ژمـارە ٤-٥ بەڵام لە ژمارە ٣ی بەردەســتەمان نووسراوە (لێژنەی ڕێکخراوی کۆلێژی ئادابی یەکێتی قوتابیان کوردستان دەریدەکات)، واتە ژمـــارە ٣ یەکەم ژمارەی یەکێتی قوتابیان بووە نەک ژمارە ٤. هەروەها ژمـــــارە ٧ی کە دوا ژمارەیەتی لە ١٥ی تەمووزی ١٩٩٦ بە ١٢ لاپەڕەی فۆڵسکابی لە دهۆک چاپکراوە[١].

**٣٠- جەژنی قوتـــــابیان (جەژنا قوتابی):** بڵاڤۆکەکا تایبەت ب بیرهاتنا ٤١ سـاڵیا دامەزراندنا ئێکەتیا قوتابیان، ژ لایێ ڕاگەهاندنا یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان لقی دهۆک- نەینەوا دەردکەفت. سێ ژمارە لێ دەرکەفتینە. هژمارا ١ێ ل ١٧ی شواتا ١٩٩٤، هژمارا ٢ێ ل ١٨ێ شواتا ١٩٩٤و هژمارا ٣ێ ل ١٩ێ شواتا ١٩٩٤دەرچووینە[٢].

**٣١- ئاسۆی زانـکۆ:** بڵاوکراوەی لێژنەی زانکۆی سلێمانی یەکێتی قوتابیانی کوردستانە، لە یادی ڤیستیڤاڵی ساڵانەی زانکۆی سلێمانیدا دەریدەکات. زۆربەی توێژەرانی بواری ڕۆژنامەڤانی لەبارەی دەرچوونی ژمارە ١ی هەمـــــــان بۆچوونیان هەیە کە لە ٢٠ی ئاداری ١٩٩٤، بە قەبارەی فۆڵســـکابی دەرچووە و تەنیا ئەو ژمارەی لێ دەرچووە[٣]، بەڵام جەمال خەزنەدار پێی وایە ژمارە ١ی لە ٢٠ی شوباتی ١٩٩٤ دەرچووە[٤].

**٣٢- ڕۆژی قوتابیان:** بڵاوکراوەی مانگانەی یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان بووە، لێژنە ناوچەی هەڵەبجەی شـەهید دەریدەکرد. لە ئامـــادەکردنی قوتابی هێمن ئەحمەد بووە. ژمارە ١ی لە شوباتی ١٩٩٤ دەرچووە. تـەنیا ٣ ژمارەی لێ دەرچووە[٥].

**٣٣- ڕۆشــنبیری یەکێتی قوتابیانی کوردســتان:** بڵاوکراوەیەکی ڕۆشــنبیری ناوخۆیی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە، مەکتەبی سکرتاریەت بە دیالێــکتی کرمانجی خواروو لە هەولێر

(١) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان؛ عرفان عەزیز عەزیز، سـەرچاوەی پێشوو، ل ل ٨٦- ٨٨.

(٢) موسـا ئەحمەد، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٢٣؛ عرفان عەزیز عەزیز، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٩٢؛ وەصـفی حەسەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

(٣) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٨.

(٤) جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم (الف)، ل ٢٤٩.

(٥) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٩٣- ٩٤.

دەریدەکرد. ژمارە سفری ئەزموونی لە ئاداری ١٩٩٤ بە قەبارە فۆلّسکاب، ژمارە ٥ی لە ئابی ١٩٩٦ و ژمارە ٦ی لە ئایاری ١٩٩٧ دەرچووینە. دەستەی نووسەرانی لەسەر نەبووە[1].

**٣٤- ڤیستەڤال:** بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە ڤیستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان، لەلایەن لێژنەی ناوچەی زانکۆ و پەیمانگاکانی سەر بە لقی دهۆک- نەینەوا بڵاودەکرایەوە. ژمارە ١ی ١٩- ٢١ی نیسانی ١٩٩٤ بە ٦ لاپەڕەی فۆڵسکابی، ژمارە ٢ی ٢٤- ٢٦ی نیسانی ١٩٩٥ لە شێوەی پەرتووکدا بووە و ژمارە ٣ دوایین ژمارەییەتی لە ١١- ١٥ی ئایاری ١٩٩٧ دەرچووە. لەسەر وێنەکەی نووسراوە ڤیستەڤال[2].

**٣٥- پێشڕەوی قوتابیان:** ڕۆژنامەی لقی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە. ژمارە ٥ بە ناوی ڕۆژنامەی پێشڕەوی قوتابیان[3] لە حوزەیرانی ١٩٩٤ دەرچووە کە ئۆرگانی لقی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە[4]. ڕۆژنامەی پێشڕەوی قوتابیان تەنیا ئەو ژمارەی لێ دەرچووە، دەستەی نووسەران و ئامادەکردنی شەعبان شەعبان چاڵی، جێبەجێکردنی سەعید محێ تاهیر، چاپی ئەیوب حەمە ساڵح بوون[5]. پێشتر ژمارە ١ی لە کانوونی دووەمی ١٩٨٨ بەناوی گۆڤاری دەنگی قوتابیان و لاوان لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستی شۆڕش لەلایەن یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان دەرچووە[6]. ژمارە ٣ی پاش ڕاپەڕین گۆڤاری پێشڕەو لە هەولێر لە ئەیلوولی ١٩٩١ و لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستان و لاوانی دیموکراتی کوردستان دەرچووە و ژمارە ٤-یش بەپێشڕەو دەرچووە[7].

**٣٦- گازی:** گۆڤارەکا هەیڤانە یا گشتی بوو، دەزگەهێ ڕاگەهاندنا گازی لقا دهۆک- نەینەوا یا ئێکەتی قوتابیێن کوردستان دەردکر. گازی تەنیا یەک ژمارەی لەلایەن لقی دهۆک- نەینەوای یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەرچووە. دواتر چەند ژمارەیەکی لەلایەن

(١) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٢- ١٣؛ ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم (ب)، ل ٢٣١؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١.
(٢) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢.
(٣) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٥- ١٦.
(٤) هەمان سەرچاوە، ل ١٦.
(٥) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٨.
(٦) ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٣.
(٧) ئیسماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

نووسینگەی ڕێکخراوی جەماوەرییەکانی لقی ١ی پارتی دیموکراتی کوردستان لێ دەرچووە، دواتر بووە دەزگایەکی ســەربەخۆی (ی.ق.ک) بەناوی گازی، مانگانە بە بەردەوامی ئەم گۆڤارە دەرچووە[١]. هژمارا ئێکێ ل تشـرینی دووەمی ١٩٩٤ ب زمانێ کوردی (پیتی ئارامی لە عەرەبی داهێنراو) ژ لایێ دەزگەهێ ڕاگەهـاندنا گـازی لقا نەینەوا- دهۆک یـا ئێکەتی قوتابیێن کوردســتانێ هاتیە بڵاڤکرن. ســەر بەرپەڕێ ئێکێ یا هژمارا ٢ێ هاتیە نڤێســین (گۆڤارەکا هەیڤانەیا گشـتییە دەزگەهێ ڕاگەهاندنا گازی دەردکەت). هژمـــارا ٣ وێڤە ب زمـانێ کوردی (پیتی ئـارامی لە عەرەبی داهێنراو، لاتینی) دەردچوو، ژمـارە ٣ تـا ٧-٨ نەنڤیسایە کا کێ دەرئێخستیە، هژمارا ٩-١٠ هەتا ٥٩ نڤیسایە ژ لایێ دەزگەهێ ڕاگەهاندنا گازی لقا دهۆک هاتیە بڵاڤکرن. هەر ٥ هژمـــــارێن بەراهیێ ناڤبەرا ٣٢ بو ٥٤ بەرپەڕاندا بوون، هژمارێن پاشــتر ناڤبەرا ٤٤ بۆ ٨٢ بەرپەڕاندا بوون. ژ هژمارا ٣ تا ٧-٨ هیچ چاپخانە سەرنەڤیسانە، ژمارە ٩-١٠، ١٨، ٢٠، ٢١، ٢٦، ٣٠، ٣١ ل چاپخانا کۆلێژا شەریعێ ل دهۆکێ، هژمـــارا ٢٥ ل چاپخانا خەبات ل دهۆکێ، هژمارا ٣٤ هەتا ٥٩ ل چاپخانا هاوار ل دهۆکێ چاپکرینە. ژمارە ٥٩ لە تشــرینی دووەمی ١٩٩٩ دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی عەبدوڵاساڵح بووە، سەرنووسـەری ژمارە ١ تا ٦ محەمەد سەعید ژۆری و ژمارە ٧-٨ هیچ سـەرنەنڤیسـیە و لێ دەســتەکا شـیرەتکاران شــەوکەت شـێخ یەزدین و کاروان ئاکرەیی و جەعفەر ئیبراهیم بوون، ژمارە ٩-١٠ تا ٥٩ فەهمی ســەلمان بوویە. دەســتەکا نڤیســینێ هشــیار ڕێکانی، ئیســماعیل بادی، سـتار تەها ردینی بوون، پاشـان عەبدوڵا سـاڵح هەتا راوەسـتانا گۆڤارێ بەردەوام بوو د پۆستێ خۆدا. د قۆناغەکا دیتر گۆڕانکاری ل دەستەکا نڤیسینێ هاتیە کرن و دەســتەک ب ڤی ئاوایی کەفتیەکاری، میرئال زیلان، هشــیار ڕێکانی، ســتار تاها ردێنی، عزەت فەندی، محەمەد عەلی ئەتریشی، بێریڤان ڕەشید، هەروەسا هودا ئەحمەد سەبری و کامل ئوسمان وەک دەرهێنەر و مونتیڤ زێدەبوون، ل قۆناغەکا دیتر دەستەکا نڤیسینێ ب ڤی ئاوای بوو عزەت فەندی، میرئال زیلانی، بێریڤان رەشـید، محەمەد عەلی ئەتروشـی، ئیحسـان حەسـەن زوبێر، سـەلاح هروری، تەیب دەشـتانی. هەروەسـا د. سـۆزان حسـێن بۆ کۆمپیوتەر و نەجمەدین جبرائیـل بۆ مۆنتیڤ. هژمـارا ٦٥ و دومـاهیێ ل ســـاڵا ٢٠٠٠ دەرکەفتییە[٢].

**٣٧- گۆیژە:** بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتیی بوو، یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی سلێمانی

(١) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ موسەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠٥- ١٠٦؛ وەصفی حەسەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦٧- ٦٨.

بەشـی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندن لە هەڵەبجە دەریدەکرد. ژمارە سـفری لە مانگی ئابی ١٩٩٥ دەرچووە، قەبارەی فۆڵسکابیە و بە فۆتۆکۆپی چاپکراوە، تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووە[1].

**٣٨- ئاینده (المســتقبل- Ayînde):** بڵاوکراوەیەکی ڕۆشـنبیری گشـتیی بوو، ئۆرگانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە، لقی کەرکووکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان مانگانە دەریدەکرد. لەلای ســەرەوە نووسراوە (زانســـت و خەبـات لە پێنـاو ژیـانێکی ئـازاد و دواڕۆژێکی بەختەوەردا). ناوەڕۆکی هەوڵدان بۆ ئاییندەیەکی بەختیار و ســەربڵند و مســۆگەرکردنی دواڕۆژی قوتـابیـان پـاش تەواوکردنی خوێـندنی زانکۆ، بە زمـانی کوردی دەرچووە. ژمـارە سفری ئەزموونی لە ئەیلوولی ١٩٩٥ بە قەبارەی فۆڵسکاب دەرچووە. ژمارە ١ی لە تشـرینی یەکەمی ١٩٩٥ دەرچووە کە ئەم بابەتانەی تێدا بڵاوبووەتەوە (لەسـایەی حوکمی تاکڕەویدا دەســتێوەردان لە پڕۆســەی خوێندن بەردەوامە، شــاڵاوی P.K.K و کاریگەری لەســەر ڕێکەوتنی (دبلن)، کێشــەی ئاو و ســتراتیژیەتی کوردســتان، خوێندنەوە، کۆنگرەی ئازادی و گرێدانی خەباتی شــاخ بە شــارەوە، چەند چاوپێکەوتنێک لە یادی کۆنگرەی ئازادی دا، ئـازادی ئەکـادیمی، خوێـنـدن و پەروەردە لە کوردســتـانـدا لە پـاش ١٩٩٢، لاوانی کورد، نوشـوسـتی یان گەڕان بەدوای چارەسـەردا). بابەتەکان لە نووسـینەوەی ئەم بەڕێزانە بووە، سـەلام حسێن، مەهدی کاکەیی، یاسین ساڵح، خۆگر، باجەلان، بێستون فەرەج، م. حسێن، م. سـاڵح کاکەیی، مام هێرش جەباری، م. تۆڵە، عەبدوڵا پەشـێو. ژمارە ٢ی لە تشـــــرینی دووەمی ١٩٩٥ دەرچووە دواتر وەسـتاوە[2] لەبارەی شـوێنی دەرچوونیەوە؛ سـەباح بازرگان نووســـیویەتی ((لە هەڵەبجە دەرچووە))، کەچی جەمـال خەزنەدار نووســـیویەتی ((لە کەرکووک دەرچووە))[3].

**٣٩- الهدى:** بڵاوکراوەیەکە لێـــژنەی شـەریعەی سـەر بە لێژنەی زانکۆ و پەیمانگاکانی لقی دهۆک- نەینەوای یەکێتی قوتابیـانی کوردســـتان دەریدەکرد. یا تایبەت بوو ب هەلکەفتا ڕۆژا زانکۆیا دهۆک. ســەبارەت ڕێکەفتا دەرچوونا وێ؛ موســا ئەحمەد و عرفان عەزیز نڤێسینە (ل ساڵا ١٩٩٥دەرکەفتیە و ل ساڵا ١٩٩٨ ناڤێ وێ هاتە گهوڕین بۆ بڵاڤۆکا قوباد)،

(١) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

(٢) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان؛ عرفان عەزیز عەزیز، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٩٦؛ جەمال خەزنەدار، سـەرچاوەی پێشـوو، بەرگی یەکەم (الف)، ل ٢٦٧؛ صـباح البازرگان، المصدر السابق، ص ٢١.

(٣) صباح البازرگان، المصدر السابق، ص ٢١؛ جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم (الف)، ل ٢٦٧.

لێ وەسفی ڕدێنی نڤێسایە ((ل ٣١ێ چریا ئێکێ یا ١٩٩٦ دەرکەفتییە))[١].

**٤٠- پەیامی زانـــــکۆ:** گۆڤارێکی ڕۆشـنبیری گشـتی بوو، لقی زانکۆی سـەلاحەدینی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە شەقڵاوە دەریدەکرد. ژمارە سفری ئەزموونی لە تشـــرینی دووەمی ١٩٩٥ لە قەبارەی پەرتووکدا دەرچووە. سـەرنووسـەری مسـتەفا سـەلیم پشـدەری بوو. لە دهۆک چاپکراوە و تەنیا ئەو ژمارەی لێ دەرچووە[٢].

**٤١- روناک (Ronak)/ نوژدار:** بــــــڵاڤۆکەکا هەیڤانە بوویە، ژ لایێ لێژنا قوتابیێت کۆلێژا نوژداری یا ئێکەتی قوتابیێت کوردستانێ ل زانکۆیا دهۆک ب چاڤدێریا چەند مامۆستایەکا ل کۆلێژێ دەردکر، ژ لایێ یاسین دێرکی دهاتە بەرهەڤکرن. ژمارە سفر ل شـوباتا ١٩٩٦ ب قەبارا نیڤ فۆڵسـکابی دەرکەفتیە، ژمارە ٢ ل نیسـانا ١٩٩٦ ب زمانێ کوردی و عەرەبی و هەردوو ڕێنووســـی عەرەبی و لاتینی نووسراوە[٣]. هەرچەنـدە عرفان نووســـیویەتی ((ل هژمـــــارا ٣ ناڤێ وێ بوویە نوژدار، ژمارە ٤ دوماهیک ژمارە بوویە ل نیســـانا ١٩٩٧ دەرچوویە))[٤]، لێ وەسفی ڕدێنی نڤێسیە ((هژمارا ٣ێ ل ئادارا ١٩٩٦ دەرکەفتییە ب ناڤێ رونــــاک. پشـتی راوەسـتانا بڵاڤوکا روناک جارەکا دی قوتابیێت کولیجا نوژداریێ ل زانکۆیا دهۆک، رابوون ب دەرکرنا بڵاڤوکەکا دیتر ل بن نــــــاڤێ نوژدار و هژمارا ٤ لێ دانان وەک تەمامکەرێ بڵاڤۆکا روناک))[٥].

**٤٢- تورە (Ture):** گۆڤاری یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان بووە، لێژنەی کۆلێژی ئادابی یەکێتی قوتابیانی کوردســتان لە زانکۆی دهۆک دەریدەکرد. ژمارەی سـفری لە شـوباتی ١٩٩٦ بە قەبارەی نیو فۆڵسکاب دەرچووە. ژمـــارە ١ی ڕۆژ و مانگی دەرچوونی لەسەر نەنووسراوە، بەڵام لە یەکەم لاپەڕەیدا بە گەورەیی نووسراوە (پیرۆزبێت ١٨ی شـــوبات، جەژنا قوتابیێن کوردستانێ)[٦]. خاوەن ئیمتیازی عەلی عەونی و سـەرنووسـەر زێوەر عابد بووینە، دەستەی نووسـەران شـڤان عەبدوڵا، ژیان عومەر، فاروق موســا، سـۆلین تاجەدین بووینە. ژمارە ٣

(١) موســا ئەحمەد، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٢٦؛ عرفان عەزیز عەزیز، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ل ٩٥- ٩٦؛ وەصفی حەسەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

(٢) موســا ئەحمەد، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ١٨؛ ئەرشـيفی دەسـتەی ئینســكلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥.

(٣) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٩٨- ٩٩.

(٤) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٩.

(٥) وەصفی حەسەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠٢- ١٠٣.

(٦) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

دواپین ژمـــــارەی بووە لە ١٤ی نیســانی ١٩٩٧ دەرچووە، هەروەها ئاماژە بەوە کراوە کە تەنیا دوو ژمارە لێ دەرچووە، واتە لێرەدا دوو زانیاری لێک جیاوازی نووسراوەتەوە یان دەبێت ژمارە ٣ بەهەڵە نووسرابێت یانیش تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرنەچووە[١].

**٤٣- کرێـــوە:** بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری و گشتیی بووە، لێژنەی پەروەردەی یەکێتی قوتابیانی کوردســتان مانگانە لە ژێر دروشــمی (ئاشــتی، زانســت، ئاوەدانکردنەوە) بە زمانی کوردی دەریدەکرد. ژمــــارە ســفری لە ١٨ی شــوباتی ١٩٩٧ بە ١٦ لاپەڕە دەرچووە. ئەم بەڕێزانە بابەتیان تێدا نووسیوەتەوە مەزهەر عەولا، ئەبوبەکر کاکەشین، پشتیوان عوسمان مستەفا، وریا بەگ زادە و حسێن ڕەسوڵ عەلی[٢].

**٤٤- واژە:** بڵاوکراوەی یان گۆڤاری ڕۆشنبیری گشتیی بووە، لێــــژنەی کۆلێژی ئادابی زانکۆی ســەلاحەدینی یەکێتی قوتابیانی کوردســتان لە هەولێر دەریدەکرد. ژمارە ١ی لە نیســانی ١٩٩٧ بە قەبارەی فۆلسکابی دەرچووە و لە چاپخانەی کریستاڵ لە هەولێر چاپکراوە. ژمارە ٢ی لە حوزەیرانی ١٩٩٧ دەرچووە. تەنیا ئەو دوو ژمارەی لێ دەرچووە. سـەرنووسـەرەکەی گوهدار ئیسـماعل بووە. دەسـتەی نووسـەرانی موراد خۆشـەوی، شـەعبان شـەعبان، فەرمان حەســەن بوون[٣]. هەرچەندە بەشــی زۆری توێژەران پێیان وایە گۆڤارە بەڵام مـــــامۆســتا عەبدوڵا زەنگەنە دەڵێت: "وەک بڵاوکراوە تۆمارکراوە"[٤].

**٤٥- هەواڵنـامەی هەفتـانە (پەیمانگـای تەکنیکی هەولێر):** بڵاوکراوەیەکی هەفتـانە بووە، لێژنەی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر لەلایەن زێرەڤان محەمەد ئامـــــــادە دەکرا. ژمارە ١ی لە ٢٩ی ئاداری ١٩٩٧ و ژمارە ٥ دوا ژمارەی بووە کە لە ١٧ی ئایاری ١٩٩٧ دەرچووە[٥].

**٤٦- بوژانەوە:** بڵاوکراوەی مانگانەی لێژنە پیشـــەییەکانی لقی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بە سەرپەرشتی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لق دەریدەکرد. ژمارە ١ی لە ئابی

---

(١) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٩٦، ٩٨.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٣) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩؛ ئیسـماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧.

(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە، (هەولێر- ٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٣).

(٥) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

١٩٩٧ لە چاپخانەی ئۆفێستی کریستاڵ لە هەولێر چاپکراوە، ژمارە ٢ی لە تشـرینی یەکەمی ١٩٩٧ دەرچووە و لە دوا لاپەڕەیدا نووسراوە (زۆر سـوپاسـی لێژنە ناوچەی (١ و ٢)ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین کە هاوکارمان بوون لە دەرچوواندنی ژمـارە ١ دا). ژمارە ٣ی دوا ژمارەی بووە لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٧ دەرچووە[١].

**٤٧- فیدڕالی:** گۆڤارێکی ڕۆشـنبیری فیکری سـیاسـیی بووە، لقی کەرکووکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەریدەکرد. ژمارە ١ی ساڵی یەکەمی لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٧ دەرچووە[٢].

**٤٨- قوتابی:** بڵاڤۆکەکا تایبەتە ب هەلکەفتا ١٨ێ شـواتێ، یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان لقی دهۆک- نەینەوا دەردئێخسـت، ل سـالا ١٩٩٨ ل دهۆک ب بەرپەڕێن فۆلسـکابی دەرکەفتیە[٣]. تنێ ئێک ژمارە لێ هاتیە بڵاڤکرن[٤].

**٤٩- بـەرهەم:** بڵاوکراوەیەکی مانگانەی گشـتی بوو. بڵاوکراوەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان لقی هەولێر لێژنە ناوەندییەکان (نووسـینگەی ڕێکخسـتنی قوتابیان، ڕێکخراوی پێش کەوتن)، بە زمـانی کوردی لە ژێر دروشمی (قوتابییان سەری ڕمـن لە گشت شۆڕش و ڕاپەڕینێکدا) دەریدەکرد. ژمارە سفری لە کـانوونی یەکەمی ١٩٩٨ دەرچووە، سەرنووسەری شێرزاد عومەر مامەسەنی بووە. ژمارە ٢ی لە ئاداری ١٩٩٩ دەرچووە[٥].

**٥٠- ژیانەوە:** بڵاوکراوەیەکی ڕۆشـنبیری گشـتی بوو، لێژنەی دیانای سـەر بە ناوچەی سـۆرانی یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان، بە زمانی کوردی لە ژێر دروشـمی (قوتابیان سـەری ڕمن لە گشـت شـۆڕش و ڕاپەڕینێکدا، بارزانی نەمر) دەریدەکرد. ژمـارە ٢ی کە لەبەر دەستمانە، تـایبەت بووە بە جەژنەکـانی ئـادار و نەورۆز، لە ٢٠ی ئـاداری ١٩٩٩ دەرچووە. سـەرپەرشـتیارەکەی ئەختیار حاجی سـەعید و دەسـتەی نووسـەران جیهاد یەحیا و هیوا وسمان بوون[٦].

**٥١- سۆران:** بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتیی بوو، لێژنەی ناوچەی سۆرانی یەکێتی قوتابیانی

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٩٩- ١٠٠.

(٢) ئیسماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣.

(٣) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.

(٤) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦.

(٥) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٦) هەمان سەرچاوە.

کوردســتان، بە زمانی کوردی لە ژێر دروشــمی (قوتابیان ســەری ڕمن لە گشــت شــۆڕش و ڕاپەڕینێکدا، بارزانیی نەمر) و (خەبات دەکەین لە پێناوی زانســـت و ڕەوشـــت و ژیانێکی بەختەوەر) دەریدەکرد. ژمارە ١ی لە شـوباتی ١٩٩٩ دەرچووە. سـەرپەرشـتیار ڕەفیق غازی ماوانی و سـەرنووسـەر فەرمان سـاڵح و دەسـتەی نووسـەران سـازان عەلی حەیدەر و سـالار تەحسین سەیدۆ بوون[١].

**٥٢- دەنگێ قوتابیێن زانـــــکو:** بڵاوکراوەی لقی زانکۆی دهۆکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە، بە بۆنەی ڤیســتیڤاڵی زانکۆی دهۆک بە زمانی کوردی و عەرەبی دەریکردووە. ژمارە ١ی لە بەهاری ١٩٩٩ لە دهۆک دەرچووە. ژمارە ٢ تایبەت بوو ب ڤیسـتەڤاڵا ٨ێ یا زانکۆیا دهۆک. سـەرپەرشتیاری ئیدریس محەمەد حسێن و ئامادەکاری بەشـی کوردی حامد نهێلی و بەشــی عەرەبی وەلید عەلی سـلێڤانەیی بوونە. هژمارا ٣ێ و دوماهیکێ ل ١٤ێ نیسـانا ٢٠٠١، ب هەلکەفتا ڤیســـتەڤالا ٩ێ یا زانکۆیا دهۆک دەرکەفتییە. دەســـتەکا ئامادەکارا ب ڤی ئاوای بوو، ئیدریس محەمەد حســێن ســـەرپەرشـــتێ کاری و نەعمەت حامد نهێلی بۆ پشکا کوردی و وەلید عەلی سلێڤانەیی پشکا عەرەبی[٢].

لە بارەی ناوی ئەم بڵاوکراوەیە؛ وەسـفی ڕدێـــــنی نووسـیویەتی ((بڵاڤۆکا زانکۆ(دەنگێ قـــــــوتابیان))، بەڵام بە گوێرەی وێنەیێ بڵاڤۆکەکەی ل پەرتووکا عرفان عەزیز ناڤێ وێ (دەنگێ قوتابیێن زانکو)ی بوویە نەک (دەنگێ قوتابیان)[٣].

**٥٣- ســـەرەڕم:** گۆڤارەکا قوتابیان بوو، لقا دهۆک- نەینەوا یا ئێکەتیا قوتابیێن کوردســـتانێ ل دهۆکێ ب زمانێ کوردی دەردئێخســـت. هژمارا ســـفرێ ل تیرمەها ١٩٩٩، هژمارا ١ێ ل تەباخ و ئیلونا ١٩٩٩، ل چاپخانا هاوار ل دهۆکێ و هژمارا ٣ێ و دوماهیێ ل هاڤینا ٢٠٠٠ دەرکەفتییە. خودانێ ئیمتیازێ عەلی تەتەر نێروەیی و ســـەرنڤیســـکار بەشـــیر یوســـف بووینە[٤].

**٥٤- خەباتی قوتابیان:** بڵاوکراوەیەکی مانـــــگانە بووە، لەلایەن لێژنەی قوتابخانەی میری

(١) هەمان سەرچاوە.

(٢) عرفان عەزیز عەزیز، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ل ١٠٦- ١٠٧؛ وەصــفی حەســەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣.

(٣) هەمان سەرچاوە.

(٤) ئەرشـــیفی دەســـتەی ئینســـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردســـتان؛ وەصـــفی حەســـەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢.

سـۆرانی ئێوارانی یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان، لە ژێر دروشـمی (قوتابیان سـەری ڕمن لە گشـت شـۆڕش و ڕاپەڕینێکدا) دەرچووە. ژمارە ٢ی لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٩ دەرچووە. سـەرنووسـەری پیشـتیوان مەلا محەمەدئەمین و بەڕێوەبەری نووسـین حسـێن ئاودەل بووینە[١].

**٥٥- چرا (çra):** بڵاوکراوەی مانگانەی لێژنەی قوتابخانەی میری سـۆرانی ئێوارانی یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان، بە زمانی کوردی لە ژێر دروشـمی (قوتابیان سـەری ڕمن لە گشـت شۆڕش و ڕاپەڕینێکدا) و (زانست، ئازادی، پێگەیاندن) دەریدەکرد. ژمارە ١ی ساڵی یەکەمی لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٩ دەرچووە، سـەرنووسـەری دڵشـاد مەلا سـادق و دەسـتەی نووسەرانی سدقی مەحمود و پشتیوان ئەسوەد بوون. لە ژمارە ٤-٥ی ساڵی ٢٠٠٠ پشتیوان ئەسوەد لە دەستەی نووسەران نەماوە و ئاریان حەمە شەریف زیاد بووە[٢].

**٥٦- سۆما:** بڵاوکراوەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو، دیاری بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لێژنەی ناوچەی شـەقڵاوەی یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان، لە یادی ١٨ی شـوباتی ٢٠٠٠، بە زمانی کوردی لە ژێر دروشـمی (قوتابیان سـەری ڕمن لە گشـت شـۆڕش و ڕاپەڕینێکدا) دەریکردووە. ژمـارەی لەسـەر نەنووسراوە لە ١٨ی شـوباتی ٢٠٠٠ بە ٤ لاپەڕە دەرچووە. ئەم بەڕێزانە بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە سـەنگەر کانەبی گەورە، سـامان حەمەدئەمین عەلی، فەرەیدون فەتاح شێرەیی، کەیفی ساڵح، سالار یاسین، دانا پێشـەنگ، شەونم ڕەزاق، سـەلاح حەمید، حسـێن جەلیل، شـیلان جەبار، ئاڤێسـتە محەمەد بوون و ناونیشـانی بابەتەکانیش (با مێژوومان بەهاداربێت، یاد و سـۆزی خەیاڵە ناسـکەکان و مێژووی تێکۆشـانی زێڕین، ئەگەر یاسـا زوڵمیش بێت لە بێ یاسـایی چاکترە، ئەرک و قۆپیەکردن لە قوتابخانە و کاریگەری لەسەر قوتابی، شەهید ئازاد سلێمان میران، ١٨ی شوبات، قوتابی و جگەرەکێشان) بوون[٣].

**٥٧- سـەدەی هۆشـیاری:** هەیڤنامەیەکی ڕۆشـنبیری گشـتیی بووە، بە هاوکاری یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان بە زمانی کوردی دەرچووە. ژمـارە ٧ی لە نیسـانی ٢٠٠١ دەرچووە، سـەرنووسـەری شـێرزاد عومەر و دەسـتەی نووسـەرانی بەشـدار حەسـەن، ڤیان عەزیز و

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
(٢) هەمان سەرچاوە.
(٣) هەمان سەرچاوە.

جیهانگیر ئەسعەد بوون[١].

**٥٨- ڕزگاری (Rizgary):** بڵاوکراوەیەکی قوتـــــابیان بووە، لێژنەی ئامادەیی ڕزگاری یەکێتی قوتـابیانی کوردستان بە زمانی کوردی دەریدەکرد. ژمارەی سەرەتای بە نۆبەرە دەرچووە لە تشــرینی دووەمی ٢٠٠١ و ژمـارە ٢ی لە ئاداری ٢٠٠٢ دەرچووینە. سەرنووسەری سەنگەر هادی و دەسـتەی نووسـەرانی زنار شـەهاب ئەرگۆشـی، شـەماڵ عەبدوڵا، سـامان ڕەحمان، توانا عەبدولەتیف بوون[٢].

**٥٩- ڕاپەڕین:** بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتی بوو، لێژنە ناوچەی قوتابییە دەرکراوەکانی لقی ڕاپەڕینی یەکێتی قوتابیانی کوردســتان بە زمانی کوردی دەریدەکرد. ژمارە ٤ی لە شــوباتی ٢٠٠٢، ژمارە ٥ی لە نیسانی ٢٠٠٢ و ژمارە ٦ لە نیسانی ٢٠٠٢ دەرچووینە[٣].

**٦٠- کانگا:** بڵاوکراوەیەکی ڕۆشــنبیری گشــتیی بووە، لێژنەی یەکێتی قوتابیانی کوردســتان لە پەیمانگای مەڵبەندی مــــــامۆســـتایان لە هەولێر بە زمانی کوردی دەریدەکرد. بابەتەکانی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بوون. ژمارە سفری ئەزموونی لە نەورۆزی ساڵی ٢٧٠٢ی کوردی، بە ٨ لاپەڕە دەرچووە. سەرپەرشتکاری سەڵاح حەمید و سەرنووسەری فەرمان ساڵح و دەستەی نووسەرانی ئەحمەد ئیبراهیم خان دەلۆ، فەیرۆز زەنگەنە، هەولێر مستەفا ڕەئوف بوون[٤].

**٦١- کوردســـتانی ئازاد:** بڵاوکراوەیەکی ڕۆشـــنبیری گشـــتی بوو، لێژنەی ناوەندییەکانی لقی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان، بە هاوکاری نووسـینگەی (زەنگ)، بە زمانی کوردی دەریدەکرد. ژمـــــارە ١ی لە نیسانی ٢٠٠٢ دەرچووە، سەرنووسەری ئەیاد ئەحمەد موراد و بەڕێوەبەری نووسین هەڤاڵ عەبدولعەزیز و دەستەی نووسەرانی عەبدولسەلام عەبدوڵا و سەنگەر هادی و زریان مەولود و سعود هاشم بوون[٥].

**٦٢- شـــایان:** بڵاوکراوەی لێژنەی یەکێتی قوتابیانی کوردســتان لە کۆلێژی ماف لە هەولێر، بە زمانی کوردی دەرچووە. ژمارە ٣ی لە ٦ی ئاياری ٢٠٠٢ دەرچووە[٦].

---

(١) هەمان سەرچاوە.
(٢) هەمان سەرچاوە.
(٣) هەمان سەرچاوە.
(٤) هەمان سەرچاوە.
(٥) هەمان سەرچاوە.
(٦) هەمان سەرچاوە.

٦٣- **ژیلەمۆی هەریری:** بڵاوکراوەیەکی مانگانەی گشتی بووە، لێژنەی ناوچەی هەریری یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بە زمانی کوردی دەریدەکرد. ژمارە سفری لە ئایاری ٢٠٠٢ دەرچووە، سەرنووسەری هیوا هاشم ئەرگۆشی و دەستەی نووسەرانی سیامەند سەیفەدین ئەرگۆشی، موشیر خەلەف، فەریق سدیق، سوهام خالید ئەرگۆشی و هەدیا محەمەد بوون[1].

٦٤- **ڕۆژنامەی ڕوانین (Rwanin):** هەفتەنامەیەکی قوتابیانەی ڕەخنەگرانەیە، سەنتەری خامە ١٥ ڕۆژ جارێک لە هەولێر بە زمانی کوردی بە تیراژی ١٠٠٠٠ دانە دەریدەکرد. هەوڵی داوە بۆ خستنە ڕووی گشت کێشەکانی قوتابیان بە نیشاندانی ڕێوشوێنی چارەسەریان، گرنگی بە هونەر و ورزش و کەلتور دراوە و لە ناوەندەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان بە شار و شارۆچکەکانیەوە بڵاوکراوەتەوە. لە ژمارە ١ تا ١٤ی نووسراوە (ڕۆژنامەیەکی قوتابیانەیە یەکێتی قوتابیانی کوردستان پازدە ڕۆژ جارێک دەریدەکات). لە ژمارە ١٥ تا ٢٧ی نووسراوە (بڵاوکراوەیەکی قوتابیانەیە یەکێتی قوتابیانی کوردستان مانگی دوو جار دەریدەکات)، لە ژمارە ٢٨ تا ٥٨ی نووسراوە (ڕۆژنامەیەکی قوتابیانەیە سەنتەری خامە بۆ ڕاگەیاندن و لێکۆڵینەوەی قوتابیان مانگی دوو جار دەریدەکات)، ژمارە ١٠٨ لەسەری نووسراوە (وردبوونەوە لە زانیارییەکان، گەیاندنی ئاریشەی قوتابیان). هەرچەندە عرفان عەزیز نووسیویەتی ((ژمارە ١ی لە ٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢ دەرچووە))، بەڵام نووسەر بەهەڵە ڕێکەوتەکەی نووسیوە، ژمارە سفری ڕوانین کە لەبەردەستمانە لە دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ و ژمارە ١ی لە ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢ دەرچووە تا ساڵی ٢٠١٢، ٩١ ژمارەی لێ دەرچووە. لە ژمارە ١ تا ١٤ی ٨ لاپەڕەیی، لە ژمارە ١٥ تا ٢٦ی ١٢ لاپەڕەیی، لە ژمارە ٢٧ تا ٥٨ی ١٦ لاپەڕەیی و ژمارە ١٠٨ی (تایبەت) کە دوا ژمارەی بەردەستمانە ٨ لاپەڕەیی بووینە. لە سەرەتادا خاوەنی ئیمتیاز ڕێناس جانۆ و سەرنووسەری کاروان محەمەد سابیر بوون، لە ژمارە ٥٩ شوکریە تەیمور بووەتە سەرنووسەری، لە ژمارە ٦٤ خاوەن ئیمتیاز هەرمان محەمەد سەلیم و سەرنووسەر شوکریە تەیمور بوونە، لە ژمارە ٦٧ خاوەن ئیمتیاز عرفان عەزیز عەزیز و سەرنووسەری فاتیح مەولەوی زادە بوون. لە ژمارە سفر تا ١٩ خاوەن ئیمتیازی موسا ئەحمەد و سەرنووسەری فەرسەت سۆفی بوونە، لە ژمارە ٢٠ تا ٤٦ خاوەن ئیمتیازی بەرەڤان حەمدی و سەرنووسەری ڕێناس جانۆ بووە، ژمارە ٤٧ و ٤٨ مان نیە و ژمارە ٤٩ خاوەن ئیمتیازی ڕێناس جانۆ و سەرنووسەری کاروان محەمەد سابیر، لە ژمارە ٥٠

---

(١) هەمان سەرچاوە.

تا ٥٧-مان نیە، ژمارە ٥٨ خاوەن ئیمتیازی هەرمـان محەمەد سەلیم و سەرنووسەری کاروان محەمەد ســابیر، لە ژمارە ٥٩ تا ١٠٧مان نییە و ژمارە ١٠٨ی ١٨ی شــوباتی ٢٠١٩، خاوەن ئیمتیازی نێچیرڤان حسێن و سـەرنووسـەری کاروان میرانی بووە. ژمارە ٨، ٩، ١٠، ١٣، ١٤، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٣، ٢٦، ٢٧ لە چاپخانەی ڕۆشـنبیری لە هەولێر، ژمـــارە ٢٥ لە چاپخانەی نـازە لە هەولێر، ژمارە ٤٠، ٤٦ تا ٤٩ لە چاپخانەی منارە لە هەولێر چاپکراون. لە ژمارە ٨٥ دیزاین و چاپ بووەتە ڕۆکسـانا. سـتافی نووسـینی کاروان محەمەد، گۆران شـێخ مسـتەفا، عەبدولقادر ئەحمەد، ڕەسـوڵ بەختیار، محەمەد عەبدوڵا، هێمن میرانی، ئیبراهیم سـەمین، بەسـام عەلی، دیار بەکر، ئاسـۆ عەلی، دڵشـاد هیوا، فاتیح مەولەوی زادە، زریان جەمیل، هاوکار فارس، کەریم کاوە، شـکار ئەحمەد، شـوکریە تەیمور، شـاهۆ خالید، کرمانج نەجم، پێشەوا ئیبراهیم و محەمەد جەمال... بوون[١].

ا- **الملحـــق روانین الشـهری (Rwanin):** پاشـکۆی ڕۆژنامەی روانینە، یەکێتی قوتابیانی کوردستان بە زمـــانی عەرەبی دەریکردووە. ژمـــارە سفری لە ٣٠ی تشـــرینی یەکەمی ٢٠٠٢ بە ٢ لاپەڕە دەرچووە[٢].

٦٥- **ســامســۆن:** بڵاوکراوەی قوتابیان بووە، لێــــژنە ناوەندییەکانی لقی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان بە زمانی کوردی دەریدەکرد. ژمارە ٢ی لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٣ دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی ئەیاد ئەحمەد موراد و سـەرنووسـەر سـەنگەر هادی قەساب و دەستەی نووسەرانی سامان ڕەحمان و شەماڵ عەبدوڵا و زریان مەولود بوو[٣].

٦٦- **هەڵبژاردن (Helbijartin):** بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی قوتابیان بووە، یەکێتی قوتـابیـانی کوردســـتان بە زمـانی کوردی دەریـدەکرد. ئەم بڵاوکراوەیە بە نەخشـــەســـازییەکی جوان دیزاین کراوە. بابەتەکانی زیاتر باســـی قوتابیان و هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی و بەرنامەی یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان دەکات بۆ خزمەتکردنی قوتابیان، بڵاوکراوەکە زیـاتر بۆ پڕوپـاگەنـدەکردن بووە بۆ لیســـتی نوێنەرایەتی یەکێتی قوتـابیـانی کوردستان. لە ژمارە ٢ تا ٥ لە چاپخانەی ڕۆشنبیری لە هەولێر چاپکراون[٤].

(١) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان؛ عرفان عەزیز عەزیز، سـەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٥٣- ١٥٩.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٣) هەمان سەرچاوە.

(٤) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان؛ عرفان عەزیز عەزیز، سـەرچاوەی پێشوو، ل ل ١١٢- ١١٣.

سەبارەت بە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەم بڵاوکراوەیە؛ ئەو ژمارانەی بەردەستمان ژمارە ١ی لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢ بە ٤ لاپەڕە دەرچووە، ژمارە ٥ی لە ١٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣ دەرچووە، بەڵام عرفان عەزیز نووسیویەتی ((مێژووی دەرچوونی ئەم بڵاوکراوەیە ساڵی ٢٠٠٣ بووە. ژمارە ١ی لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤ دەرچووە، ژمارە ٥ی دوایین ژمارەی بووە لە ١٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤ دەرچووە))[١].

٦٧- **کڵپە:** بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری قوتابیانە، لقی کەرکووکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان مانگانە دەریدەکرد. لەسەری نووسراوە (بڵاوکراوەی یەکێتی قوتابیانی کوردستانە لقی کەرکووک دەریدەکات). یەکەم بڵاوکراوەی کوردییە لە پاش پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ لە کەرکووک دەرچووبێت، کە هاوکات بووە لەگەڵ ساڵیادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان. گرنگی بە هەواڵی پەروەردەیی و سیاسی داوە. تیراژی یەکەم ژمارەی ٥٠٠ دانە بووە، بەڵام لەبەر فراوانی سنووری کارکردن لە ژمارەکانی دیکە کراوەتە ١٥٠٠ دانە. ئەوانەی بینیومانن لە دەستەی ئینسکلۆپیدیا (ژمارە سفری لە شوباتی ٢٠٠٣ و ژمارە ١ی لە نیسانی ٢٠٠٣ دەرچووە)، کەچی عرفان عەزیز نووسیوویەتی ((ژمارە سفری لە ٢٦ی شوباتی ٢٠٠٣ دەرچووە)). ژمارە ٣ی لە تەمووزی ٢٠٠٣ دەرچووە، لە مانشێتی سەرەکی ئەم ژمارەیەدا نووسراوە (سەرۆک بارزانی: کوردستانییەتی کەرکووک گفتوگۆ هەڵناگرێ). ئومێد کامل خاوەن ئیمتیاز و محەمەد عەبدوڵا سەرنووسەری بووینە کە خاوەن بیرۆکە و هەڵسووڕێنەری سەرەکی ئەم بڵاوکراوەیە بووە. لۆگۆی بڵاوکراوەکە لەلایەن ئەندازیار خالید سلێمان ئامادەکراوە[٢].

٦٨- **نشـرة شعلة العلم:** بلاڤۆکەکا هەیڤانە بوویە، ئێکەتیا قوتابیێن کوردستانێ مەکتەبا بەغدا لێژنا دیالا ب زمانێ عەرەبی دەردێخست. لەسەری نووسرابوو (الطلبة رأس الرمح في كل الثورات) واتە قوتابیان سەری ڕمن لە گشت شۆڕشەکان. هژمارا ١ێ یا ساڵا ئێکێ ل چریا دووێ ٢٠٠٣ دەرچووبوو. خودانێ ئیمتیازێ ئەیاد یاسین دەلۆ بوویە[٣].

٦٩- **مەرگەسات:** بلاڤۆکەکا تایبەت ب ساڵڕوژا کێمیا بارانکرنا باژێرێ هەڵەبجە بوویە، ڕاگەهاندنا لقا زانکۆیا دهۆک یا ئێکەتیا قوتابیێن کوردستانێ ل ١٦ێ ئادارا ٢٠٠٤ ب زمانێ

(١) هەمان سەرچاوە.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠٩- ١١٠.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

کوردی بلاڤکریە. ئامادەکرنا وێ ژ لایێ عومەر محەمەد، عەتا عومەر، نەوشـــێروان ئەنوەر، بەختیار ئەحمەد بوویە. ل چاپخانا هاوار ل دهۆکێ هاتیە چاپکرن[1].

**٧٠- کۆنگرە ١١:** بـڵاوکراوەیەکی تایبەت بە کۆنگرەی ١١ی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە، کۆمەڵێک قوتابی بە زمـــانی کوردی دەریانکردووە. ژمارە ١ی لە ٢ی ئابی ٢٠٠٤، لە یەکەم ڕۆژی کۆنگرەی ١١ی یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان بە ٨ لاپەڕە دەرچووە و لە چاپخانەی ڕۆشـــنبیری لە هەولێر چاپکراوە و ئەم بەڕێزانە بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە عرفان عەزیز، شـــڤان تەحســـین و شـــڤان مەولود، زاهیر ڕۆژبەیانی، عەبدوڵا حەمەد عەبدوڵا، شـــاکر ئەبوبەکر عەزیز، ئەسکەندەر زرار، چالاک ڕەفیق سابیر، ڕێبوار عومەر عەبـــدوڵا، نەوزاد عەبدوڵا حاجی، مافپەروەر ئەحلام ئەســـعەد محەمەد، پارێزەر بەشـــدار حەســـەن، م.زیاد حوسێن، پێشڕەو زرار و ڕێبین مەولود، ئاواز عەبدولواحید، زامناک ئیسماعیل، هۆشـمەند ڕەفیق، ڕێدار محەمەد ســـەعید. ژمارە ٢ی لە دووەم ڕۆژی کۆنگرە لە ٣ی ئابی ٢٠٠٤ دەرچووە، دوا لاپەڕەی ئەم ژمارەیە کورتەیەک لە بـــارەی ١٠ کۆنگرەکانی پێشووی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە و بابەتەکانی ئەم ژمارەیە ئەم بەڕێزانە نووسیویانەتەوە عرفان عەزیز، محەمەد ئیســـماعیل و تاڵب ڕەحمان، دڵشـاد شـەعبان غەفار، د. کوردسـتان پیرداود، دانا عەبدولعەزیز، هەرمان محەمەد ســـەلیم، گۆران مامەند ئیبراهیم، ســـەروان موسـا، عەبدولسـەلام دۆڵەمەری مێرگەسـۆر، ئارام حسـێن، کەریم کاوە چۆمانی، سـەنگەر هادی و شـــڤان ئاکرەیی، فاتیح مەولەوی زادە و پێشـــڕەو زرار، تاهیر محەمەد ئەحمەد، تەیب زرار، بێدار بێژدار، هەڤاڵ عەبدولڕەحمان، ســـەوســـەن عەبدولواحید عەلی، زامناک ئیسماعیل و خاوەر زرار[2].

هەرچەندە عرفان عەزیز ناوی تەنیا بە (کۆنگرە) هێناوە و خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری عرفان عەزیز و دەســـتەی نووســـەرانیش کەریم کاوە، فاتیح مەولەوی زادە و خاوەر زرار بوونە[3]، بەڵام ئەو ژمارانەی بەردەسـتمان بوون هیچ ئاماژەیان بە دەسـتەی نووسـەران و خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەریان نەکردووە[4].

**٧١- خامە:** گۆڤارێکی وەرزی زانســـتی بووە، ســـەنتەری خامە بۆ ڕاگەیاندن و لێکۆڵینەوەی قوتـابیـان بە زمـانی کوردی و عەرەبی دەریـدەکرد. تەواوی نـاوەڕۆکەکەی لێکۆڵینەوەی

(١) هەمان سەرچاوە.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١١٣- ١١٤.

(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

دەرچووانی قوتابیانی زانکۆ بووە بە زمـــانی کوردی، عەرەبی. ژمارە ١ی لە ساڵی ٢٠٠٥ و ژمارە ١٦ لە ســاڵی ٢٠١٢ دەرچووە. زیاتر لە ٤٠٠ لاپەڕەی بووە، بە تیراژی ١٠٠٠ دانە لە هەموو شـــار و شـــارۆچکەکانی کوردســـتان و موســـڵ و بەغداش بڵاوکراوەتەوە. خاوەنی ئیمتیازی لە ژمـــارە ١ تا ٣، ٧-٨ تا ١٦ سـەنتەری خامە و لە ژمارە ٤ تا ٦ بەڕەڤان حەمدی بووە، سـەرنووسـەری لە ژمارە ١ تا ٦ ڕێناس جانۆ و لە ژمارە ٩ کاروان محەمەد سـابیر و لە ژمارە ١٠-١١، ١٢ شـــوکریە تەیمور و لە ژمارە ١٣ تا ١٦ فاتیح مەولەوی زادە بووە. ژمارە ٣ تا ٦ لە چاپخانەی منارە لە هەولێر، ژمارە ٧-٨ تا ژمـــــارە ١٦ لە چاپخانەی ڕۆژهەڵات لە هەولێر چاپکراون[١].

**٧٢- ئەلند:** بـڵاڤۆکا قوتابیان بوویە، تایبەت بوویە ب ڕۆژانێن کەمپا ئەلند ڤە، کو لقا زاخۆ یا ئێکەتیا قوتابیێن کوردســتانێ هەر ٢ ڕۆژان جارەکێ دەردئێخســت. ژمـــارە ١ی لە ٢٠ی تەمووزی ٢٠٠٥ دەرچووە. پشـــتی ڕاوەســـتـانـا کەمپێ ئەڤ بڵاڤۆکەش هـاتیە ڕاگرتن، سـەرپەرشتێ کاری جەبار حەجی عەبدوڵا و دەستەکا نقیسـەرا سـەیفەدین حاجی، جەمال هەسن خەلیل، ڤەهێل جیهاد شوکری، فەرهاد ئەبابەکر عەبدوڵا بوون[٢].

**٧٣- ئـــۆزۆن:** کۆڤارێکی زانکۆیی زانستی گشتییە، لەلایەن سەنتەری خامە دەرچووە. لە نێو زانکۆکاندا هەڵقوڵاوە، توانیویەتی گرووپێکی لێهاتووی قوتابیان و خوێندکارانی هەرســێ زانکۆی (ســـەلاحەدین و ســـلێمانی و هەولێری پزیشـــکی) کۆبکاتەوە. ژمارە ١ی لە ٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٦ بە تیراژی ١٠٠٠ دانە، ژمـــارە ٤ی ئۆزۆن کە لە مـــایسی ٢٠٠٦ و ژمارە ٦ی لە مانگی ئۆکتۆبەر دەرچووە و لە سـەری نووسراوە (گۆڤارێکی زانکۆیی زانسـتی گشتییە، لەلایەن سەنتەری خامە دەردەچێت). ژمـــارە ٢٦ی لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٠ بە تیـراژی ٣٠٠٠ دانە دەرچووە. لە نێو زانکۆکاندا هەڵقوڵاوە، توانیویەتی گرووپێکی لێهاتووی قوتابیان و خوێندکارانی هەرسێ زانکۆی (سـەلاحەدین و سـلێمانی و هەولێری پزیشـکی) کۆبکاتەوە لە هەر ١٩ ژمارەدا ٧ زانکۆی ٥ وڵات بەشـــداری تێدا کردووە. خاوەن ئیمتیاز تا ژمارە ٣٥ ســەنتەری خامە بووە و لە ژمارە ٣٨ و ٣٩ بووەتە مســتەفا ئەحمەد ئەرگۆشـی و سـەرنووسـەری مستەفا ئەحمەد ئەرگۆشی بووە. لە ژمارە ٨ تا ١٤ ساڵی ٢ بووە، لە ژمـــارە ١٥ تا ١٧ سـاڵی ٣، ژمارە ١٨ تا ٢٠ سـاڵی ٤، لە ژمارە ٢٢ تا ٢٦ سـاڵی ٥، لە ژمارە ٣٠ تا ٣٤ ساڵی ٦، ژمـارە ٣٥ و ٣٨ کە لەبەردەستمانن ساڵیان لەسەر نیە، ژمارە ٣٩ ساڵی ١١ی لەسەر

(١) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـكلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان؛ عرفان عەزیز عەزیز، سـەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٦١- ١٦٦.

(٢) دلێر ڕەشید و چیا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

نووسراوە. ژمارە ٦ و ٧ و ٩ تا ١٢ لە چاپخانەی منارە لە هەولێر، لە ژمارە ١٤ تا ٣٠ لە چاپخانەی ڕۆژهەڵات لە هەولێر چاپکراون. گۆڤارەکە سـایتی تایبەت بە خۆی هەبووە www.govariozone.com[٢].

سەبارەت بە زمـانی دەرچوونی ئەم گۆڤارە؛ عرفـان عەزیز نووسیویەتی ((بە هەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی دەردەچووە)) و جەمـال خەزنەدار نووسیویەتی ((بە زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی خواروو دەرچووە))[٣].

**٧٤- پرمە و پـلار:** ڕۆڤارێکی کاریکاتێری و توانج ئامێزی مانگانەیە، لەلایەن سەنتەری خامە دەرچووە. زیاتر لە زانکۆ و پەیمانگاکانی سلێمانی بڵاوکراوەتەوە. ژمارە ١ی لە ٢٧ی ئاداری ٢٠٠٦ بە تیراژی ٥٠٠٠ دانە دەرچووە، لە ڕێی بەشـی ڕاگەیاندنی مەکتەبی سـکرتایەتی یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان پەخش و بڵاودەکرایەوە. تەنیا ٩ ژمـارەی لێ دەرچووە. سـەرنووسـەری ئاوات جەمال و دەسـتەی نووسـینی نەهرۆ عەلی و هیوا ئەحمەد بوون. تا ژمارە ٢٥ی ئابی ٢٠٢١ لە سایتی یەکێتی قوتابییان ksu1953.org هەیە[٤].

**٧٥- دیدی زانـکۆ:** بـڵاوکراوەی نوێخوازی هەمەڕەنگی گشـتیی بووە، لقی زانکۆ و پەیمانگەکانی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان ٢٠ ڕۆژ جـارێک، بە زمانی کوردی دەریدەکرد. لاپەڕەکانی تایبەت بوون بە بابەتی پەیڤین و ئاینی و وەرزشـی و ئەدەب و هونەر و زانستی و IT و هەمەڕەنگ. ژمـارە ١ی لە مایسی ٢٠٠٦ دەرچووە و ژمارە ٤ی لە ئاداری ٢٠٠٧ بە ٨ لاپەڕە دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی هۆشـمەند ڕەفیق و سـەرنووسـەری ڕەفیق کەرەم ستونی و ستافی نووسینی بڕیار مستەفا شەریف، دلێر ئەسعەد مەلا ناسر، زانکۆ محەمەد عوسـمان، ماکوان عزەت مەحمود بوون. لە ژمارە ٢ بەدواوە ماکوان عیزەت مەحمود لە ستافی نووسین نەماوە و ئاوات نەقشبەندی زیاد بووە. ژمارە ٤ لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر چاپکراوە[٥].

(١) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٧٣- ١٧٦.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم (الف)، ل ٤٤٢؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٧٣- ١٧٦.

(٣) جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم (الف)، ل ٤٤٢؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٧٣- ١٧٦.

(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٧٦- ١٧٧.

(٥) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

**٧٦- ڤـــــەژەن:** گۆڤارەکا ڕەوشـەنبیری یا گشـتی یا هەیڤانەیە، ژ لایێ ئێکەتی قـــوتابیێت کوردستانێ ب کوردی دەردچوو[1]. ب هاروکاریا کارگێرییا پارێزگەها دهۆکێ هاتیە بلاڤکرن. هژمــــارا ٢٥ نڤێسـایە (گۆڤارەکا ڕەوشـەنبیرییا گشـتییا ئازادە، هەیڤێ جارەکێ کۆڕبەندا ســـەرەرم یا قوتابیان دەردئێخیت). پتر گرنگی دایە مژارێن ڕەوشـــەنبیرییێن هەمەجۆر یێن پەیوەندی ب قوتابی و لاوانڤە هەی[2]. ســەبارەت دەرچوونا ئێکەم ژمارە؛ ســاڵح یوســف نڤێســیە ((لە ٥ی گوڵانی ٢٠٠٦))[3]. موســەدەق تۆڤی نڤێســیە ((ل نیســانا ٢٠٠٦ هاتیە بلاڤکرن))[4]. ژمــــــارە ٤ ل تەمووزا ٢٠٠٦ دەرکەفتیە و ژمارە ٧٠ کو دوماهیک ژمارەیە بەردەسـتێ مە ل تیرمەهــــا ٢٠١٢ دەرکەفتیە. خاوەن ئیمتیاز ل ژمارە ٤ هەتا ٢٦ دڵشـاد شـەعبان غەفار و ژمارە ٣٣ تا ٧٠ کۆڕبەندا سـەرەڕم بوویە. سـەرنڤیسـەر ل ژمارە ٤ هەتا ٤٩ ئەمین عەبدولقادر و ژمــــــارە ٧٠ زەڤەر بادی بوویە. ژمارە ١٠ تا ٤١ ل چاپخانا هاوار ل دهۆک، هژمارە ٤٩ و ٧٠ ل چاپخانا خانی هاتینە چاپکرن[5].

أ- **زمانێ دایکێ:** پاشبەندا گۆڤارا ڤەژەن بوویە، ساڵانە ب هەلکەفتا ٢١ێ شباتێ ڕۆژا زمانێ دایکێ دەردکەفت. ژ وەشـانێن پرۆژێن هەڤپشـک و هاروکاریێ یێن ڕێڤەبەرییا گشـتییا چاپ و بلاڤکرنێ ل دهۆک بوویە. هژمـارا ١ێ ل ساڵا ٢٠١٠، ٨٦ بەرپەڕێن تیپێن لاتینی و ٦٤ بەرپەڕێن تیپێن لاتینی یێن زمـانێ کوردی دەرکەفتییە. کۆڕبەنـدا ســـەرەڕم یـا قوتابیان خودانێ پاشـبەندێ و گۆڤارێ بوویە و ئەمین عەبدولقادر سـەرنڤیسـەر بوویە. ل چاپخانەیا ڕۆشنبیری یا هەولێرێ هاتیە چاپکرن[6].

**٧٧- دیدی زانـــــکۆ:** گۆڤارێکی قوتابیانەی ڕۆشنبیری گشتی بوو، لقی زانکۆ و پەیمانگەکانی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان مــــانگێ جارێک بە زمانی کوردی دەریدەکرد. ژمارە سـفری لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ (وێنەی ژمارە سـفر بەردەسـتە لەسـەری نووسراوە ١٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩)، ژمارە ٢ی لە نیسانی ٢٠١٠ دەرچووە. تەنیا ژمــــارە سـفر و ١ و ٢ی لێ دەرچووە. دانا عەبدولعەزیز خاوەن ئیمتیاز و بەختیار حسێن سـەرنووسـەری بووە، دەستەی نووسـەرانی عومەر خدر، شاناز محەمەد، سالار دلاوەر، سارا سالار و هێمن نەبی

(١) هەمان سەرچاوە.

(٢) موسەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٥٢- ١٥٣.

(٣) صالح یوسف صوفی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگێ دووێ، ل ٤٥١.

(٤) موسەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٢.

(٥) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٦) موسەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٥٣- ١٥٤.

بوون[1].

**٧٨- بەرەو ریفرانـدۆم:** بڵاوکراوەی تـایبەت بووە بە ڕیفرانـدۆم، لەلایەن یەکێتی قوتـابیـانی کوردســـتان ١٠ ڕۆژ جارێک بە زمانی کوردی بە ٤ لاپەڕە دەدەرچوو. ژمارە ١ی لە ٢٣ی تەمووزی ٢٠١٧ دەرچووە، بابەتی ئەم بەرێزانە تێیدا بڵاوکراوەتەوە شوان بەرزنجی، سیروان مینەخان، ئاســـۆ حاجی، محەمەد جەمال، کاروان میران. ژمارە ٢ی لە ٩ی ئابی ٢٠١٧ دەرچووە، بابەتی ئەم بەرێزانە تێیدا بڵاوکراوەتەوە کاروان میرانی، د. ســـالار عوســـمان، محەمەد جەمال، سەنگین ئەحمەد سەلام، هاوبەش مستەفا گۆرۆنی، فریاد ڕەسوڵ. ژمارە ٣ی لە ٢٤ی ئـابی ٢٠١٧ دەرچووە، بـابەتی ئەم بەرێزانە تێیـدا بڵاوکراوەتەوە محەمەد جەمال، د.مەغدید سەپان، فریاد ڕەسوڵ، کاروان میرانی. ژمـارە ٤ی لە ٧ی ئەیلوولی ٢٠١٧ دەرچووە، ژمـارە ٥ی لە ٢٠ی ئەیلوولی ٢٠١٧ دەرچووە، بـابەتی ئەم بەرێزانە تێیـدا بڵاوکراوەتەوە محەمەد جەمال، پێشەوا ئیبراهیم، سیروان مینەخان، ڕەهێل ئەحمەد، شێخە ئەحمەد میکائیل، د. ڕەحیم سـورخ، د. عوسـمان وەیسـی، کاروان میرانی. خاوەن ئیمتیازی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و سەرنووسەری کاروان میرانی بوون[2].

**٧٩- ڕۆژی قوتابی:** بڵاوکراوەی تایبەت بووە بە ٧٠ ســـاڵەی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، لەلایەن بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ١٨ی شوباتی ٢٠٢٣ بە ٤ لاپەڕە، بە زمانی کوردی(شێوەزاری کوردی ناوەڕاست و بادینی) و زمـــانی عەرەبی دەریکردووە. بابەتەکانی (ڕۆژی قوتابیان چییە؟، کەی ڕۆژی قوتابییە لە کوردســـتان؟، بۆچی ١٨ی شـــوبات بە ڕۆژی قوتابیان دیاریکراوە؟، یەکێتی قوتابیانی کوردستان چییە و چی کردووە و چی دەکات؟)[3].

**٨٠- خەباتی قوتـــابیان (خانەقین):** گۆڤاری قوتابیانە، لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ڕێکخراوی ئامادەیی خانەقینی بەیانیان بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە. ناوەکەشـــی لەســـەر پێشـــنیاری قوتابی ئیبراهیم ســـەرحان حســـێن بووە. ژمارە ١ی لە چاپخانەی (المعارف)ی بەغدا بێ مۆڵەت لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم لە شاری بەغدا چاپکراوە،

(١) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٣) لاپەڕی فەرمـی یەکـێـتـی قـوتـابـیـانـی کـوردســـتـان لە ڕێـکەوتـی ١٦ی شـــوبـاتـی ٢٠٢٣.
http://www.facebook.com/ksu.1953?mibextid=LQQJ4d

گوایە تا ٧٠ ژمارەی لێ دەرچووە[١].

**٨١- زێـڕین:** بڵاوکراوەی قوتابیانە، لێژنەی کۆلێژی یاسا و ڕامیاری یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەریدەکرد[٢].

**٨٢- ڕاپەڕینی قوتـابیان:** بڵاوکراوەی قوتابیان بووە، لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی سلێمانی دەرچووە[٣].

**٨٣- ٦٠ خاڵ بۆ سـەرکەوتن لە تـاقی کردنەوە:** بڵاوکراوەیەکی لێژنەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە. لەسەری نووسراوە دیارییەکی بچووکە بۆ قوتابیانی خۆشەویست بە زمانی کوردی بووە و سەرنووسەری ئانیتانیک بووە[٤].

**٨٤- القائد مصـطفى البارزاني و السـيرة البارزاني الخاليدة:** بڵاوکراوەی قوتابیانە، لەلایەن لێژنەی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیـاندنی نـاوەنـدی مەکتەبی سـکرتـاریەتی یەکێتی قوتـابیـان دەرچووە[٥].

**٨٥- لانەی شێران:** بڵاوکراوەیەکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، لێژنەی قوتابیانی قوتابخانەی کوردستانی کوڕان بووە[٦].

**٨٦- هەڵمەت:** گۆڤاری قوتابیان بووە[٧]. هیچ زانیارییەکی دیکەمان دەستنەکەوت.

**٨٧- هێـلانە:** بڵاوکراوەی قوتابیانە، کۆمەڵە قوتابیەکی دواناوەندی دیانای کوڕان دەریدەکرد، ژمارە ١ی لە کانوونی دووەم دەرچووە، خاوەنی ئیمتیازی نسـرەت سۆفی و بەڕێوەبەری نووسین فەرمان ساڵح بوون[٨].

(١) ئەحمەد باوەر، گۆڤاری خەباتی قوتابیان لە خانەقین ١٩٥٨، گۆڤاری رامان، ژمارە ١٨، خولی سـێیەم، (٢٠١٤- چاپخانەی خانی- دهۆک)، ل ١٢٤- ١٢٥.

(٢) بڵاوکراوەی کرێوە (ی. ق. ک)، ژمارە سفر، (سێشەممە ١٩٩٧/٢/١٨)، ل ١.

(٣) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٥) هەمان سەرچاوە.

(٦) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر بەکر، (هەولێر- ١ی شوباتی ٢٠٢٣).

(٧) عبدالجبار محمد جەباری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٠.

(٨) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

٨٨- **گۆشـەی جەماوەریی و پیشـەییەکان لە ڕادیۆی دەنگی کوردسـتان:** بەرنامەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە ڕادیۆی (دەنگی کوردستان) پەخشـدەکرا. یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان لە ڕێی کادرە پێشکەوتووەکانیان بابەتی تایبەت بە قوتابیانی بۆ دەناردن، سـەرەتای ئەم بەرنامەیەش دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵانی دوای نسـکۆی شۆڕشی ئەیلوول تا ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١[١].

٨٩- **بەرنـــــامەی خەباتی قوتابیان لە ڕادیۆی (FM)ی زاخۆ:** بەرنامەیەکی قوتابیان بووە، بۆ ماوەی ٦ سـاڵ لە ڕادیۆی زاخۆ پێشـکەش دەکرا، لە سـاڵی ١٩٩٤ تا ٢٠٠١ بەردەوام بووە. گرنگترین بڕگەکانی (پەیڤا بەرنامەی، دەنگوباس و بزاڤ و چالاکییەکانی قوتابیان، گۆشـــا چارە چییە، دیرۆک و دەســـتکەوتەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان، گۆشـــا ڤەکری)، بەرنامەکە لەلایەن خالید عەلی بناڤی ئامادە و پێشکەش دەکرا[٢].

٩٠- **بەرنـــامەی خەباتی قوتابیان لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان:** دوای ڕاپەڕین لە ساڵی ١٩٩٦ ئەم بەرنامەیە پێشکەشدەکرا، ئامادەکاری بەرنامەکە فەرید شیوەزوری بوو[٣].

٩١- **بەرنـــــامەی خەباتی قوتابیان لە کەناڵی لۆکاڵی کەرکووک-سلێمانی و کەناڵی مەرکەزی هەولێر:** لە ساڵی ١٩٩٦ بۆ یەکەمجار بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی لەلایەن ستافی ڕاگەیاندنی هەردوو لقی کەرکووک- سلێمانی پێشکەشکرا، بەڵام ماوەی پێشکەشکردنی ئەم بەرنامەیە زۆر کەم بوو. دواتر ئەم بەرنـامەیە لە کەنـاڵی مەرکەزی KTV هەولێر پێشـــکەشـــکرا، لەســـەرەتادا فەرید شـــیوەزوری ئامادەکار و وێنەگری ئەم بەرنامەیە بووە، دواتر هێمن ڕەشـید باجەلان و لانە عزەدین بوونە پێشـکەشـکاری بەرنامەکە، دواتر هێمن میرانی بووە پێشـــکەشـــکاری بەرنامەکە. بەرنامەکە تا دوایی ســـاڵی ٢٠٠٢ بەردەوام بووە، بەڵام بە ڕێکوپێکی و لەسەر یەک پێشکەش نەدەکرا[٤].

٩٢- **بەرنـــــامەی (زەنگ) لە ڕادیۆی (هەرێم):** ئەم بەرنامەیە لە ڕادیۆی هەرێم پێشـــکەش دەکرا لە ســـاڵی ١٩٩٩ تا ســـاڵی ٢٠٠١ بەردەوام بوو. لقی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان ســـەرپەرشـــتی بەرنامەکەی دەکرد. ڕۆژگار شـێخانی بۆ ماوەیەک بەرنامەکەی

(١) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٥.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ١١٧.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ١١٥.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل ل ١١٥- ١١٦.

پێشکەش دەکرد و دواتر بارزان زیاد ئامادەی دەکرد و سەنگەر جەمال و کامل فەخرەدین پێشکەشیان دەکرد، ساکار نەجمەدین یەکێک بوو لە پێشکەشکارانی بەرنامەی زەنگ کە لە ١١ی حوزەیرانی ٢٠٠٠ جوانەمەرگ بوو[١].

٩٣- **بەرنامەی بەریکانە لە تەلەڤزیۆنی گوڵان:** لە ساڵی ٢٠٠٢ تا ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوامبوو، لە تەلەڤزیۆنی گوڵان پێشکەشدەکرا. پێشبڕکێیەکی زانستی بوو لە نێوان قوتابخانەکان و قوتابیانی کۆلێژەکان، ئامادەکار و پێشکەشکاری ڕێناس جانۆ بوو[٢].

٩٤- **بەرنامەی ڕوانین لە تەلەڤزیۆنی قەڵات:** بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی بوو لە تەلەڤزیۆنی قەڵات پێشکەشدەکرا، بۆ ماوەی ساڵێک بەردەوام بوو لە ساڵی ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٠ پێشکەشدەکرا. ئامادەکاری بەرنامەکە کۆڤان فەتاح و پێشکەشکاری بەرنامەکە هاوسەر ساڵح بوو[٣].

٩٥- **یەکێتی قوتابیانی کوردستان:** سایتی سەرەکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە، لە ساڵی ٢٠٠٣ بە ناونیشانی Kurdistanstudents.com کاریدەکرد[٤].

٩٦- **قوتابیان:** ماڵپەڕی سەنتەری خامەی (ی.ق.ک) بووە، دوای ئەنجامدانی کۆنگرەی ١١ی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و دامەزراندنی سەنتەری خامە بڕیار درا بە دروستکردنی ماڵپەڕی قوتابیان، بەڕێوەبەری ماڵپەڕەکە کاروان سابیر و مەهدی هادی تەکنیککاری ماڵپەڕ بوو، ماڵپەڕەکە WWW.qutabiyan.org لەبەر نەبوونی بودجەی پێویست نەخشەسازی ماڵپەڕەکە سادە بوو، لە ١٨ی شوباتی ٢٠٠٧ ماڵپەڕەکە بە فەرمی کەوتە کار، لەبەر چەند هۆکارێکی تەکنیکی ڕێنووسی ماڵپەڕەکە بەم شێوەیە گۆڕا WWW.qutabiyan.com. دوای کۆنگرەی ١٢ی یەکێتی قوتابیان، کەریم کاوە بووەتە بەڕێوەبەری سایتی قوتابیان و دەرباز یونس تەکنیککار بوو. دوای ئەوانیش کۆڤان فەتاح بووەتە بەڕێوەبەری سایت و گەنجۆ عالایی بووەتە تەکنیککار، دوای ئەویش کاروانی میرانی بووەتە بەڕێوەبەری سایت[٥].

(١) هەمان سەرچاوە، ل ل ١١٦- ١١٧.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ١١٦.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ١١٦.

(٤) ڕۆژنامەی ڕوانین- Rwanin، ژمارە ١٠، (٢٠٠٣/١٢/٧- چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر)، ل ١.

(٥) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٧٨- ١٨٠.

**٩٧- گـــــازی:** دەزگای یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان دهۆک- نەینەوا بوو، لە ســـاڵی ١٩٩٥ دامەزراوە.

**٩٨- خـامە:** سەنتەری ڕاگەیاندن و لێکۆڵینەوەی قوتابیانە، سەر بە بەشی ڕاگەیـاندنی یەکێتی قوتابیانی کوردســتانە[١]. بە نووسراوی ژمـــــارە ٧٥٥٠ لە ٢ی ئابی ٢٠٠٥ وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێی پێدرا و بە هاوکاری ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی و پاڵپشتی ڕێکخراوی یەکێتی قوتـابیـانی کوردســـتـان یەکەم مۆمی داگیرســـانـد. پێنج بڵاوکراوە و ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنی خستە بواری کارکردنەوە، (ڕۆژنامەی ڕوانین، گۆڤاری خامە، گۆڤاری ئۆزۆن، خەباتی قوتابیان، پرمە و پلار). یەکەم بەڕێوەبەری ســەنتەرەکە ڕێناس جانۆ بووە و سەرچاوەی دامەزراندنی سەنتەرەکەش هەر بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، لە دووەم کۆنفرانسی لە ســاڵی ٢٠٠٦ هەر ڕێناس جانۆ بەڕێوەبەر بووە، دوای کۆنگرەی ١٢ی یەکێتی قوتـــــابیان کاروان محەمەد سابیر بوو بە بەڕێوەبەر، دوای ئەویش شوکریە تەیمور بووەتە بەڕێوەبەر، لە کۆنفرانســی ســێیەمی ساڵی ٢٠٠٩ شـوکریە تەیمور دووبارە بووەتەوە بەڕێوەبەر، دوای کۆنگرەی ١٣ی یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان، فاتیح مەولەوی زادە بووەتە بەڕێوەبەر، لە کۆنفرانســی چوارەمی ساڵی ٢٠١١ دووبارە فاتیح مەولەوی زادە بووەتەوە بەڕێوەبەر[٢]، لە ساڵی ٢٠١٩ هۆگر بەهادین بەڕێوەبەری سەنتەرەکە بووە[٣].

## ب- ڕاگەیاندنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان:

ســـەر بە ڕێکخراوە جەمـاوەرییەکـانە کە چەنـدین بڵاوکراوە و بەرنـامەی ڕادیۆی و تەلەڤزیۆنی و ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی هەبووە، لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

**١- خەباتی لاوان:** ئۆرگانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان بووە، لە دوای دامەزراندنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتـان دەســـتی بەدەرچوون کردووە و بەپێی کـات و بارودۆخی حزب، گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە وا لە خوارەوە باسی دەکەین:

- **ڕۆژنـامەی خەبـاتی لاوان:** یەکەمجـار وەک ڕۆژنـامە دەرچووە بەنـاوی خەبـاتی لاوان، هەرچەندە عرفان عەزیز نووســـیویەتی ((ئەم بڵاوکراوەیە لە ســـاڵی ١٩٥٥ دەرچووە، لە

---

(١) پاڤین ڕەمەزان، یەکێتی قوتابیانی کوردستان پرۆژەیەک ڕادەگەیەنێت، WWW.kdp.info 17 DEC 2019.

(٢) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١١٨- ١٥٢.

(٣) پاڤین ڕەمەزان، سەرچاوەی پێشوو.

نامەکەی جەلال تاڵەبانی کە بۆ مەلا مستەفا بـــارزانی نووسـیوە کە ئەوکات پەناهندەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران بووە، ڕێکەوتی ٨ی تشـــرینی یەکەمی ١٩٥٥ بەسەرەوەیە، تێیدا ئاماژە بەوەکراوە کە بڵاوکراوەی خەباتی لاوان بۆ یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان دەرچووە، کە سەر بە سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بووە))[١]. هەروەها قارەمان مەهدی نووسـیویەتی ((یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردسـتان لە سـاڵی پەنجاکان گۆڤـارێکی دەرکردووە بە نـاوی گۆڤـاری خەبـاتی لاوان))[٢]، ئێمەش بەدواداچوونمـان بۆ هەمان ســـەرچاوە کرد کە عرفان عەزیز و قارەمان مەهدی بەکاریانهێناوە، لە نامەی ژمارە ٧ی تایبەت بە هەواڵەکانی (١٩٤٩ تا ١٩٥٥)ی ناو حزب، ئاماژە بەوەکراوە کە ((لە ســـاڵی ١٩٥٣ ڕۆژنـامەی خەبـاتی لاوان بۆ یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان دەرکراوە، واتە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان ڕۆژنامەی تایبەت بەخۆی هەیە))[٣]. لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە ساڵی ١٩٥٣ دەرچووە نەک ساڵی ١٩٥٥، هەروەها ڕۆژنامەی خەباتی لاوان بووە نەک گۆڤاری خەباتی لاوان.

- **لاپەڕەی لاوان لە ڕۆژنامەی خـــەبات:** لە ساڵی ١٩٥٩ لاپەڕەی لاوان لە لاپەڕە ٥ی ژمارە ١ی ساڵی ١ی ٤ی نیسانی ١٩٥٩ی ڕۆژنامەی خەباتدا هەبووە[٤].

- **لاپەڕەی (صفحة اتحاد شبيبة كردستان) لە ڕۆژنامەی (التآخي):** لە دوای ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ و ئاشـــکرایی کارەکانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان، یەکێتیەکە ســـەرپەرشـــتی لاپەڕەیەکی عەرەبی دەکرد بە ناوی (صـــفحة اتحاد شـــبيبة كردســـتان) لە ڕۆژنامەی (التآخي) کە ئەم ژمـــــارە و لاپەڕانەی وەرگرتبوو (ژمارە ٨١٢ی ١٨ی ئابی ١٩٧١ لاپەڕە ٣، ژمـــارە ٨١٨ی ٢٥ی ئابی ١٩٧١ لاپەڕە ٢، ژمارە ٨٣٠ی ٨ی ئەیلوولی ١٩٧١ لاپەڕە ٣، ژمارە ٨٦٢ی ١٦ی تشـرینی یەکەمی ١٩٧١ لاپەڕە ١٩ و ٢٠)[٥].

- **پاشـــکۆی (ملحق التآخي-صـــفحة اتحاد شـــبيبة كردســـتان):** دواتر ئەو لاپەڕەیە بووە پاشـکۆیەکی سـەربەخۆ بە ناوی (ملحق التآخي) کە پاشـکۆیەکی چوار لاپەڕەیی ڕۆژنامەی (التآخي) بووە، لاپەڕەکانی ئەو پاشـــکۆیە تایبەت بووە بە یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و یەکێتی مامۆستایانی

(١) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٣- ٢٤.
(٢) قارەمان مەهدی، مێژووی ڕۆژنامەگەریی لاوانی کوردســـتان ١٩٣١- ٢٠٠١، بەرگی یەکەم، (چاپخانەی ئۆفسیتی پاک- هەولێر- ٢٠٠٢)، ل ل ٢٦- ٢٨.
(٣) مسعود بارزاني، المصدر السابق، ص ص ٢٢٢، ٢٣٩- ٢٤٠، ٢٥٤.
(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
(٥) هەمان سەرچاوە.

کوردستان، کە هەر یەکەیان لاپەڕەی تایبەت بە خۆی هەبووە و بە هاوبەشی دوو هەفتە جارێک ئەم پاشکۆیەیان دەردەکرد. ئەم پاشکۆیە لە دوای کۆنگرەی حەوتەمی (ی.ق.ک) دەیان ژمارەی لێ دەرچووە تا ساڵی ١٩٧٢ بەردەوام بووە[١]. لاپەڕەی (صفحة اتحاد نساء کردستان) لە ژمارە ٨٦٢ی (ملحق (التآخي-صفحة اتحاد نساء کردستان)ی ڕۆژی شەمە لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١ دا دەرچووە کەواتە (ملحق التآخي-صفحة اتحاد شبيبة کردستان)یش هەبووە لەو ژمارەیەدا[٢]. لە دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم لاپەڕانەی یەکێتی لاوان بە ناوی (ملحق التآخي- صفحة اتحاد شبيبة کردستان) هەیە کە ئەم ژمارە و لاپەڕانەی وەرگرتووە (ژمارە ٨٨٤ی لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٧١ لاپەڕە ١٧ و ١٨، ژمارە ٩٠٣ لاپەڕە ١٠ و ١١، ژمارە ٩١٣ لاپەڕە ١١، ژمارە ٩٢٦ لاپەڕە ١٥، ژمارە ٩٣٨ لاپەڕە ١٥، ژمارە ٩٤٤ لاپەڕە ١٥، ژمارە ٩٥٣ لاپەڕە ١٥، ژمارە ٩٥٨ لاپەڕە ١٥، ژمارە ٩٦٤ لاپەڕە ١٥، ژمارە ٩٦٩ لاپەڕە ١٥، ژمارە ٩٧٤ لاپەڕە ١٤، ژمارە ٩٨٠ لاپەڕە ١٧، ژمارە ٩٨٦ لاپەڕە ١٤، ژمارە ٩٩١ لاپەڕە ١٤، ژمارە ١٠٠٣ لاپەڕە ١٥، ژمارە ١١٣٢ی ٩ی ئەیلوولی ١٩٧٢ لاپەڕە ١٠)[٣].

- **لاپەڕەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژنامەی برایەتی (ساڵی حەفتاکان):** لاپەڕەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە مانگی هەشتی ساڵی ١٩٧١ تا ساڵی ١٩٧٣ لە ڕۆژنامەی برایەتی- ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا لاپەڕەیەک بۆ کاروباری لاوان تەرخان کرابوو، کە لەلایەن یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان سەرپەرشتی کراوە. تێیدا بایەخ بە باری ژیانی لاوان و هەواڵ و چالاکییەکانی لاوان دراوە، هەروەها بابەتی هەمەجۆری پەیوەندار بە لاوانی لەخۆگرتووە، لە دوای ڕاپەڕینیش ڕۆژنامەی برایەتی بۆ ماوەی چەند ساڵێک هەفتانە لاپەڕەیەکی بۆ کاروباری لاوان و قوتابیان تەرخان کردبوو[٤].

- **گۆڤاری خەباتی لاوان (نضال الشبيبة):** بڵاوکراوەی سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانە بە زمانی کوردی و زمانی عەرەبی دەرچووە، ژمارە ١ی ساڵی ١ی لە ساڵی ١٩٧٢ دەرچووە[٥]. ژمارە ٢ی لە ساڵی ١٩٧٣ (گۆڤاری خەباتی لاوان ئۆرگانی ناوەندی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بووە) بە زمانی عەرەبی بە ٢٨

(١) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٨- ٣٩.
(٢) ملحق التآخي-صفحة اتحاد نساء کردستان، عدد ٨٨٤، (١٠-١١-١٩٧١- مطبعة دار الجاحظ- بغداد)، ص ٢٠.
(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
(٤) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.
(٥) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

لاپەڕە، بە بۆنەی یادی ٢٠ ساڵەی دامەزرانـــــدنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانەوە دەرچووە[١].

- **لاپەڕەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتان لە ڕۆژنامەی برایەتی (دوای ڕاپەڕین): لە** دوای شــەڕی ناوخۆ ڕۆژنامەی برایەتی لاپەڕەیەکی بۆ یەکێتی لاوان تەرخانکردبوو، بەناوی لاپەڕەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان لە لاپەڕە ٧ی ژمارە ٢١٥٧ی ١٥ی شـــوباتی ١٩٩٦ی ڕۆژنامەی برایەتی[٢].

٢- **دەنـــگی لاوان:** ئۆرگانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بە زمانی کوردی دەرچووە. گرنگی بە دەنگوباســەکانی لاوانی کورد و عێراق بە تایبەت هەلومەرجی پەیوەندیدار بە لاوانەوە دراوە. ژمـــارە ١ی لە ســاڵی ١٩٧١ لە بەغدا دەرچووە. ســەیدا ســاڵح یوســفی سەرنووسەری بووە، کە ئەو کاتە سەرۆکی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بووە[٣].

٣- **دەنگی لاوان:** گۆڤاری مانگانە بووە، لەلایەن بەشــی ڕۆشــنبیری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتانە لە ســەنتەری لاوانی ســلێمانی بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە. گرنگی بە دەنگوباسەکانی لاوانی کوردستان داوە. ژمـــارە ٤ی لە ساڵی ١٩٧٨ دەرچووە، ژمـــارە ٥ و ١٤ی بەردەستن بەڵام بێ ڕێکەوتن. ئامادەکردنیان لەلایەن نەجات خەمبار بووە[٤].

٤- **دیاری لاوان:** گۆڤارێکی وەرزی لاوانە، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی لاوان بە زمانی کوردی دەرچووە. بارەگای گۆڤارەکە لە دەربەندی ڕایـــات بووە. ژمارە ١ی لە تشـــرینی یەکەمی ١٩٧٤ و ژمارە ٢ی لە ســەرەتای ســاڵی ١٩٧٥ بڵاوکراوەتەوە. تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچووە. فەرهاد عەونی ســەرپەرشــتیار و دارۆ شــێخ نوری یاریدەدەری ســەرپەرشــتیاری گۆڤارەکە بووینە[٥]. ئەنوەر تۆڤی و ســـۆران قەفتان و نوری ئیســـماعیل بەشـــدارییان لە دەرچوواندنی گۆڤارەکەدا دەکرد، گۆڤارەکە بە ڕۆنیۆ ڕادەکێشـرا. بابەتەکانی ژمارە سێیەمی خەریک بوون تەواوبن، بەڵام پیلانە شـــومەکەی ٦ی ئاداری جەزائیری بەســـەرداهات و

---

(١) نەوزاد فوئاد رەشـــید، چەپکە گوڵێک لە مێژووی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان، چاپی یەکەم، (چاپخانەی ووڵات- هەولێر- شوباتی ٢٠١٤)، ل ٨٢؛ قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٣) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

(٤) ئەرشـیفی مەکتەبی سـیاسـی پارتی دیموکراتی کوردسـتان؛ نەوزاد فوئاد رەشـید، سـەرچاوەی پێشـوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ٨٢.

(٥) فەرهاد عەونی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

بڵاونەکرایەوە[1].

**٥- ڕۆژا لاوان:** بـــڵاڤۆکەکا هەیامی بوویە، ب ناڤێ ئێکەتیا لاوێن دیموکراتا کوردستانا عێراقێ تایێ دهۆک-نەینەوا ل ناوچێن ئازادکری یێن بن دەستێ شۆڕشێ ب زمانی کوردی کرمانجی ژوورو- ئارامی و عەرەبی دەردکەفت. ژمارا ١ێ ل ئادارا ١٩٨٣ ب ٨ لاپەڕێن فۆڵســـکاب، ژمارا ٣ێ ل نیسانـــا ١٩٨٣ دەرکەتیە. لە ژمارە ٤ ناوەکەی گۆڕاوە بووەتە (گازیا خوینکار و لاوان) تـاکو ژمـارە ٤١ لەلایەن نووســـینگەی پیشـــەییەکـانی لقی ١ی پـارتی دیموکراتی کوردســـتانەوە بڵاوکراوەتەوە. لە دوای کۆنفرانســـی ئابی ١٩٨٦ لە ژمارە ٤٢-ەوە دەبێتە وەرزی و ئۆرگانی لقی دهۆک- نەینەوای یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان[2].

**٦- گازیـــــا لاوان:** بڵاڤۆک یان گۆڤارا لێژنا ناوچا زاخۆ یا لقا دهۆک- نەینەوا یا ئێکەتیا لاوێن دیموکراتا کوردســـتانێ ب زمانێ کوردی و عەرەبی ب قەبارێ ناڤنجی ل شـــێوێ پەرتووکێ بوویە. ژمارە ٢ ل ئـــــایارا ١٩٨٣ دەرکەفتیە، ب تایپ چاپکرینە و وێنێت وێ ب دەســـتی ڕەنگ هاتینەکرن. ل مـــــاوێ ٤ ساڵاندا هەتا کانینا ئێکێ یا ساڵا ١٩٨٦، ٨ ژمارە ل ناوچێن ئازادکری یێن بن دەســـتێ شـــۆڕشـــێ دەرکەفتینە، پاش ڕاپەڕینێ هژمارا ٩ کو دومـــــاهیک هژمارا وێ بویە ل نیڤا ئیلونا ١٩٩١ ب تیپێن لاتینی و عەرەبی دەرکەفتیە، ل سەر نڤیسایە (دەنـگڤەدانا گازیا خوێندکار و لاوان، گۆڤارا لیژنا ناڤخۆیی زاخۆیا ئێکەتی قـوتابی و لاوێن دیموکراتا کوردستانێ یە[3]. قارەمـــــان مەهدی لەبارەی سـاڵی دەرچوونی ئەم بڵاوکراوەیە بەهەڵە نووسیویەتی لە ساڵی ١٩٧٣ دەرچووە[4].

**٧- هیـــــوای لاوان:** گۆڤاری لاوان بووە کە ئۆرگانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان- عێراق/ لقی ئێران لە سـەردەمی شـاخ لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان بە زمانی کوردی دەرچووە.

---

(١) فەرهاد عەونی، خەباتی قوتابیان و دیاری لاوان... سەرچاوەی پێشوو، ل ٧.

(٢) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١؛ نەوزاد فوئاد رەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ٨٣؛ عرفان عەزیز عەزیز، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ٤٨؛ ئیســـماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی ... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦.

(٣) موسـا ئەحمەد، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٢٥؛ عرفان عەزیز عەزیز، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٧٥؛ چالاکی رۆشـــنبیری لاوانی هەردوو پارێزگای دهۆک و نەینەوا، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٥٦٩، (کانوونی یەکەمی ١٩٨٦)، ل ٤؛ نەوزاد فوئاد رەشـید، سـەرچاوەی پێشـوو، شـوباتی ٢٠١٤، ل ل ٨٢- ٨٣؛ قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

(٤) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

ژماره ١ی له نەورۆزی ساڵی ١٩٨٣ به قەبارەی پەرتووک دەرچووه[(١)]، ژماره ٤ی له کانوونی یەکەمی ١٩٨٣، ژماره ٢١ی ژمارەیەکی تایبەت بووه به ١٨ی شــوبات و بێ ڕێکەوت بووه، ژماره ١٨-١٩ی له ســاڵی ٢٦٨٥ی کوردی[(٢)] و ژماره ٢٢-٢٣ی له نیســـان و گوڵانی ١٩٨٦ دەرچووه[(٣)]. پاش ئەوەی له ساڵی ١٩٨٦ هەردوو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان یەکخران و بووه (یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردســـتان) به ناوی گۆڤاری (هیوای قوتابیان و لاوان) درێژەیان به دەرکردنی ئەم گۆڤاره دا[(٤)].

٨- **دەنــگڤەدانا لاوان (دەنگ ڤەدانا لاوان):** بڵاڤۆک یان گۆڤارەکا سیاسی ڕەوشەنبیری بوویه، ژ ئالیێ لێژنا زاخۆ یا ئێکەتیا لاوێن دیموکراتا کوردستانێ ل دەڤەرا سندیا ل حەفت تەنینێ ل پشتا کەشانێ ب زمـــانێ کوردی دهاته بڵاڤکرن. هژمارا ١ێ ل ئادارا ١٩٨٤، هژمارا ٨ێ و داویێ ل هاڤینا ســاڵا ١٩٨٦ هاتیه بڵاڤکرن. ســەرپەرشــتێ گۆڤارێ حەمید مەعروف بوو کو بەرپرسێ لێژنا زاخۆ یا ئێکەتیا لاوێت دیموکراتا کوردستانێ ل وی دەمی بوو. ژ کارمەندێت بڵاڤۆکێ ئەبو شــڤان(یونس ئوســمان مزوری)[(٥)]. پاش ڕاپەڕین جارێکی دیکه دەرچووەتەوه، ناوەکەی بووەته (دەنگ ڤەدان)، دواتر بووەته (دەنگ ڤەدانا خوێندکار و لاوان). ژماره ٩ی ئەو خوله له مانگی ئەیلوولی ١٩٩١ به لاتینی دەرچووه، ئەو بڵاوکراوەیه لەلایەن گوهدار ئیســـماعیل و حەمید مەعروف ســـەرپەرشــتی کراوه[(٦)]. ئیســـماعیل تەنیا نووســـیویەتی ((تا ژمـاره (١١)م بەرچاوکەوتووه))[(٧)].

٩- **دەنــــــگی لاوان:** گۆڤاری لاوان بووه، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان- عێراق له ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان، به زمانی کوردی کرمانجی خواروو- ئارامی دەریکردووه. ژماره ١ی له ١٨ی شوباتی ١٩٨٥ که له شێوەی پەرتووک ب ٨ لاپەڕە دەرچووه. پاش ئەوەی له ساڵی ١٩٨٦ هەردوو ڕێکخراوی (یەکێتی قوتابیـانی کوردســـتان) و (یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتان) یەکخران به ناوی (یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردســتان) درێژەیان

---

(١) ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٣) ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨.

(٤) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩.

(٥) وەصــفی حەســەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٣٥؛ موســەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠.

(٦) ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٥.

(٧) هەمان سەرچاوه، ل ١٤٥.

بە دەرکردنی ئەم گۆڤارەدا بە ناوی (دەنگی قوتابیان و لاوان)[1].

**١٠- ئاسۆی لاوان:** ئـــۆرگانی ڕێکخراوی یەکێتی لاوانی کوردستانی عێراق بووە. ڕۆژنامەیەکی قەبارە مام ناوەندی بووە، بەشـــێوەیەکی ســـەرەکی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە بایەخ بە ژیان و کاروباری لاوانی داوە. لە ســـەرەتای ڕاپەڕینی بەهاری ســـاڵی ١٩٩١ لە هەولێر دەرچووە. تا ساڵی ٢٠٠٢، ٢١ ژمـارەی لێ دەرچووە و دواتریش بەردەوام بووە[2].

**١١- گــزنگ:** گۆڤاری وەرزی لاوان بووە، ئۆرگانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان-عێراق، لە شاری کەرەجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە زمانی کوردی دەرچووە. بەشێوەیەکی سەرەکی تیـایـدا بـایەخ بە لایەنی مێژوویی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هونەری دراوە و نـــــــاوەڕۆکەکەی ڕەنگدانەوەی گۆڤارێکی لاوانەی تێدا دەردەکەوێت. ژمارە ١ی لە ٣٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٣ بە ٤٢ لاپەڕەی قەبارە پەرتووک و دوا ژمارەی کە لەبەردەســـتمانە ژمارە ١١-١٢ی لە ســـاڵی ٢٦٩٥ی کوردی بە تیراژی ٧٠٠ دانە دەرچووە. لە ژمارە ٩ تا ژمارە ١١-١٢ی نووسراوە ساڵی ٢. سـەرنووسـەری ژمارە ١ عەبدولڕەحمان پاشا و ژمارە ٢ و ٣مان بەردەست نەبوو و ژمـارە ٤-٥ تا ژمارە ١٠ سەرنووسەرەکەی ساڵح مەحمود (ڕێبوار) بووە. لەبارەی سـاڵی دەرچوونی دوا ژمارەی؛ قارەمان مەهدی و نەوزاد فوئاد رەشـید نووسـیویانە ((تـا ساڵی ١٩٩٧ بەردەوام بووە و ١٢ ژمارەی لێ دەرچووە))، بەڵام وەک پێشتر ئـامـاژەمان پێداوە دوا ژمارەی کە بینیومانە ژمارە ١١-١٢ی سـاڵی ٢٦٩٥ی کوردیە واتە بەرامبەر سـاڵی ١٩٩٥ و ١٩٩٦ دەرچووە نەک ساڵی ١٩٩٧[3].

**١٢- پێشـــکەوتن:** گۆڤاری لاوانە، لە ســـاڵی ١٩٩٣ بووەتە ئۆرگانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، زیاتر گرنگی بە توێژینەوە داوە.

یەکەم ژمـارەی لە کـانوونی دووەمی ١٩٨٧ دەرچووە. نووسراوە (پێشـــکەوتن یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردســـتان دەریدەکات)[4]. ژمارە ٤٨ی دوا ژمارەی هاوبەش

(١) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩؛ ئیسماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧؛ ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٣.

(٢) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

(٣) ئەرشـــیفی دەســـتەی ئینســـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردســـتان؛ ئیســـماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٨٥؛ صـالح یوسـف صـوفی، سـەرچاوەی پێشـوو، بەرگێ سـێ، ل ١٢٧٣؛ قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥؛ نەوزاد فوئاد رەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢.

(٤) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤- ٥.

بووە، تایبەت بووە بە بەڵگەنامەکانی کۆنگرە[١]. لە ساڵی ١٩٩٣ هەردوو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان جیابوونەوە، پێشکەوتن لەلایەن یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان درێژەی پێدرا[٢]. لە ژمارە ٤٩ بووە ئۆرگانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان. لە ژمارە ٥٤ لە شێوە و ناوەڕۆک وەک گۆڤار دەرچووە[٣]، لە ژمارە ٤٩-ەوە بە قەبارەیەکی بچووک و لە شێوەی گۆڤار دەرچووە[٤]، لە ژمارە ٥٥-ەوە نووسراوە دوو مانگ جارێک دەردەچێت[٥]. لە ژمارە ٥٩-ەوە مانگانە بە بەردەوامی بە گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری گشتیی لە هەولێر چاپ و بڵاودەکرایەوە[٦]. ژمارە ١٤٧ تا ژمارە ١٥٤ی ساڵی ٢٠٠٦ لە گۆڤارێکی (ڕوناکبیری گشتییەوە) کرا بە گۆڤارێکی (وەرزی گشتی) و ٨ ژمارەی لێ دەرچووە، کە زیاتر گرنگی بە توێژینەوە داوە. لە دوای کۆنگرەی ٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ لە ژمارە ١٥٥ هاتەوە سەر شێوازی پێشووی خۆی، مانگانە دەردەچێت و بایەخ بە ڕۆشنبیری گشتی دەدات[٧]. ژمارە ٩٠ ژمارەیەکی تایبەت بووە، دوا ژمارەی بەردەستمان ژمارە ٢٠١ لە ئابی ٢٠١٨ دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی ژمارە ٥٥ تا ٦٩ ئیبراهیم مستەفا، ژمارە ٧٠ تا ١١٩ ئیبراهیم ئیسماعیل ناسر، ژمارە ١٢٠ تا ١٥٦ نەجات باپیر ئیسماعیل، ژمارە ١٥٧ تا ١٩٨ ئومێد خۆشناو، ژمارە ١٩٩ تا ٢٠١ تەیمور تەیمور عەبدال بووینە. سەرنووسەری ژمارە ٥٥ ئیبراهیم ئیسماعیل، ژمارە ٥٦ تا ٦٠- ٦١ بەهزاد محەمەد پیرمووسا، ژمارە ٦٢ تا ٦٩ ڕەفعەت سەعید، ژمارە ٧٠ تا ١١٩ مەحمود ئەرگۆشی، ژمارە ١٢٠ تا ١٢٨ دەهام عەبدولباقی نێروەیی، ژمارە ١٢٩-١٣٠ تا ١٥٦ سیروان ناشاد، ژمارە ١٥٧ تا ١٩٨ ئاڤان حەمە ساڵح، ژمارە ١٩٩ تا ٢٠١ شاخەوان عومەر سلێمان بوون. ژمارە ٥٧ لە چاپخانەی یۆڤێستا لە دهۆک، ژمارە ١٢٢ و ١٢٤ و ١٢٥ و ١٢٨ و ١٤٩ لە چاپخانەی حاجی هاشم لە هەولێر، ژمارە ١٢٩- ١٣٩ تا ١٣٤ و ژمارە ١٣٦ تا ١٤٨ و ژمارە ١٥٠ و ١٥١ لە چاپخانەی منارە لە هەولێر، ژمارە ١٥٤ لە چاپخانەی کاروان، ژمارە ١٩٩ و ٢٠١ لە چاپخانەی هونەری وڵات لە هەولێر چاپکراون[٨].

(١) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥٥- ٦٠.

(٢) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.

(٣) نەوزاد فوئاد رەشید، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٤، ل ل ٨٦- ٨٨.

(٤) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.

(٥) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٦) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.

(٧) نەوزاد فوئاد رەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ل ٨٦- ٨٨.

(٨) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

**١٣- پێشـكەوتن:** پاشـكۆی گۆڤاری پێشـكەوتن بووە، لە دوای ڕاپەڕین گۆڤاری پێشـكەوتن لە دوو ژمارەیدا لە شـێوەی ڕۆژنامە دوو پاشـكۆی بڵاوكردۆتەوە كە هەریەكەیان تایبەت بووە بە كاتی بەســـتنی كۆنگرەكانی ســـاڵی ١٩٩٣ و ســـاڵی ١٩٩٨ی یەكێتی لاوانی دیموكراتی كوردســـتان، ئەم دوو ژمـــــــارەیە بە ڕەنگاوڕەنگی دەرچووینە و هەواڵ و چالاكییەكانی كۆنگرەكانیان تێدا بڵاوكراوەتەوە. پاشـــكۆی پێشـــكەوتنی ڕێكەوتی ٢٩ی نیســـانی ١٩٩٨ ژمارەی لەسەر نییە و بە زمانی كوردی بە ٤٠ لاپەڕە دەرچووە، كە پاشكۆیەكی تایبەت بووە بە ڕۆژی بەستنی كۆنگرەی (پێشكەوتن) واتە كۆنگرەی پێنجەمی یەكێتی لاوانی دیموكراتی كوردستان. خـاوەن ئیمتیازی ئیبراهیم مستەفا و سەرنووسەری ڕەفعەت سەعید و دەستەی نووسەران میقداد شاسواری و سیروان ناشاد بوون[١].

**١٤- ئاسۆی لاوان (ASOY LAWAN):** ڕۆژنامەیەكی ڕۆشنبیری گشتییە، ئـــۆرگانی یەكێتی لاوانی دیموكراتی كوردســـتانی عێراق بووە، لە هەولێر مانگی جارێک بە زمانی كوردی لە ژێر دروشمی (لە پێناو ژیانێكی بەختەوەر و ئاسوودە و دواڕۆژێكی باشتر) دەرچووە. ژمارە ســـفری لە ١٩ی تشـــــــرینی دووەمی ١٩٩٥ بە ڕەش و ســـپی بە ٦ لاپەڕە دەرچووە، لەم ژمارەیەدا (بەیاننامەی یەكێتی لاوانی دیموكراتی كوردستان لە یادی ساڵڕۆژی دامەزراندنی، چالاكییەكانی یەكێتی لاوانی دیموكراتی لە كوردسـتانی عێراق، زانسـت، مادەسڕكەرەكان و شـێواندنی ڕەوشـتی لاوان، حكومەتی سـەدەی بیسـتەم، بابلۆ پیكاسـۆ، هۆڵی میدی، بیمەی بێكاری). عەدنان كۆچەر، كوردۆ كەریم، مونیر تەژلە یان تەژنە، بەشدار عەبدولقادر، سالار مەكتەبە بابەتەكان نووســـیویانەتەوە. لە پەراوێزی دوا لاپەڕە نووسراوە (زامنی دوا ڕۆژی هەموو گەلێک ڕادەی وشیاری لاوەكانیەتی)[٢].

**١٥- ســـۆراغ (التســـاؤل):** گۆڤارێكی وەرزییە، یەكێتی لاوانی دیموكراتی كوردســـتان لقی كەركووک بە زمانی كوردی لە كەركووک دەریدەكرد. ژمـــــارە ســـفری لە كانوونی دووەمی ١٩٩٦ دەرچووە[٣]. مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە وای بۆ دەچێت ئەم گۆڤارە هی شیوعی بێت نەک پارتی[٤].

(١) قارەمان مەهدی، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٣٨؛ ئەرشــیفی دەســتەی ئینســكلۆپیدیای پارتی دیموكراتی كوردستان.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسكلۆپیدیای پارتی دیموكراتی كوردستان.

(٣) صباح البازرگان، المصدر السابق، ص ٣٣.

(٤) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـكلۆپیدیای پارتی دیموكراتی كوردسـتان/ چاوپێكەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە، (هەولێر- ٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٣).

**١٦- الشبيبة الديموقراطية:** ڕۆژنـامەی ناوەندی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بووە بە زمـــانی عەرەبی دەرچووە. ژمـــارە ١٧ی بڵاوکراوە لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٨ بە ٤ لاپەڕە دەرچووە[١]. مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە وای بۆ دەچێت ئەم گۆڤارە هی شـیوعی بێت نەک پارتی[٢].

**١٧- ئاسۆ:** گۆڤارێکی ڕۆشـنبیری گشـتی بووە، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دوو مانگ جارێک لە هەولێر بە زمـانی کوردی کرمانجی خواروو، لە ژێر دروشمی (بۆ مافە ئەکادیمی و پیشـــەیی و دیموکراتییەکانی لاوان خەبات دەکەین) دەریدەکرد. ژمارە ١ی لە ئاداری ٢٠٠١ دەرچووە. خاوەنی ئیمتیاز ڕەشـید مسـتەفا عەلی، سـەرنووسـەری سـامان عەلی قەرەچۆغی و بەڕێوەبەری نووسـین سـمکۆ ڕەشـید سـەیدا بووە، دەسـتەی نووسـەران بەهائەدین کەمال، ئیبراهیم ئیسـماعیل، کارمەند بەکر، محەمەد چاوشـین بوون. پیتچینن و کاری نەخشـەسـازی گۆڤاری ئاسـۆ. ژمارە ٨ی لە سـاڵی ٢٠٠٥ بە ڕەش و سـپی دەرچووە[٣]. مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە وای بۆ دەچێت ئەم گۆڤارە هی شیوعی بێت نەک پارتی[٤].

**١٨- پـــرس (Pirs):** بڵاوکراوەیەکی سیاسی و هونەری و کۆمەڵایەتی ئازادە، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان مانگی دووجار بە زمـــانی کوردی دەریدەکرد. بابەتەکانی سیاسی و کـــــۆمەڵایەتی و هونەری تێیدا بڵاوکراونەتەوە. ژمارە ١ی لە ١٤ی ئابی ٢٠٠٥ بە ١٢ لاپەڕەیی، ژمارە ٣ی لە ١٣ی ئەیلوولی ٢٠٠٥ و دوا ژمارەی بەردەسـتیشـمان ژمارە ١٨٧ لە ١٧ی ئەیلوولی ٢٠١٣ دەرچووە. ناونیشـــانی لە هەولێر لە بارەگای مەکتەبی سـکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردسـتان بووە. لە ژمارە ٣ تا ٨٨ خاوەن ئیمتیاز نەجات باپیر و سەرنووسەری سیروان ناشاد، لە ژمارە ٩١ تا ژمارە ١٨٢ خاوەن ئیمتیازەکەی ئومێد خۆشناو و سەرنووسەری ئاڤان حەمە ساڵح بوونە. ژمارە ٣ تا ٨، ٢١ تا ٤٤، ٤٩ لە چاپخانەی منارە لە هەولێر، ژمـــــارە ٤٥ و ٤٦ لە چاپخانەی حاجی هاشـــم لە هەولێر، ژمارە ٩٤ تا ١٠٥ لە چاپخانەی کاروان لە هەولێر، ژمارە ١٨٧ لە چاپخانەی کوردســتان لە هەولێر چاپکراون. لە ژمارە ٩٥ تا ١٠٥ دابەشـکردنی لەلایەن خانەی سـەهەندەوە بووە. دەسـتەی نووسـەران زوو

---

(١) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە، (هەولێر- ٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٣).

(٣) جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم (الف)، ل ل ٣٦٧- ٣٦٨.

(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە، (هەولێر- ٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٣).

زوو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە[١]. لە ساڵی ٢٠١٥ گۆڕانکاری لە سکرتایەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کرا، خاوەن ئیمتیازی ئەم بڵاوکراوەیە بوو بە تەیمور تەیمور عەبدال و سەرنووسەر بوو بە شاخەوان عومەر. تا ساڵی ٢٠١٨، ١٩١ ژمارەی لێ دەرچووە[٢].

**١٩- پرسی وەرزش (pirsî werziş)**: بڵاوکراوەیەکی وەرزشیی ئازادە، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دوو هەفتە جارێک بە زمانی کوردی دەریدەکات[٣]. ئەم بڵاوکراوەیە گرنگی بە هەواڵە وەرزشییەکانی ناوخۆیی و جیهانی داوە، ڕۆڵی باشی هەبووە لە گەیاندنی پەیامی وەرزشی بە خوێنەرانی وەرزشی لە کوردستاندا. ژمارە ١ی لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧ بە ٤ لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگ دەرچووە[٤]. ژمارە ٢٢ لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ بە ٤ لاپەڕە دەرچووە. خاوەی ئیمتیازی نەجات باپیر و سەرنووسەر سەعید هەرکی بوونە. لە چاپخانەی حاجی هاشم لە هەولێر چاپکراوە[٥]. دەستەی نووسەران ئیحسان تاهیر و شێرزاد کەریم بوون. دوای ئەنجامدانی کۆنگرەی ٧ی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ئەم بڵاوکراوەیە ڕاگیراوە[٦].

**٢٠- نیڤین**: کۆڤارەکا ڕەوشەنبیری گشتییە، هەیڤانە ژ ناڤەندا باڵایا دهۆکێ یا ئێکەتی لاوێن دیموکراتا کوردستانێ ب زمانێ کوردی دەردکەفت. بابەتێت وێ هەمەجۆرن، کۆمەڵایەتی و وەرزشی و هونەری و ئەدەبی. هەرچەندە نەوزاد فوئاد نووسیویەتی ((ژمارە سفری لە تەمووزی ٢٠١١ بە ٣٨ لاپەڕە دەرچووە)) و موسەدەق تۆڤی نڤێسیە ((هژمارا ١ێ ل تەباخا ٢٠٠٨ دەرکەفتییە. تنێ ٧ ژمارە لێ دەرکەفتینە))، لێ هژمارا ١ێ هەتا هژمارا ٧ێ ل ئەرشیفخانەیا دەستەیا ئینسکلۆپیدیا کو بەردەستن هەمی بێ ڕێکەفتن، هەروەسا هژمارا ١ێ ٤٢ لاپەڕەنە بێ ڕێکەفتە و سەر بەرگێ وێ بابەتەکا وەرزشی هەیە کو زڤریتەڤە بۆ ساڵا ٢٠١١، دبیت یا وی ساڵی بیت. هژمارا ١،٢،٧ خودانێ ئیمتیازێ دلشاد ئیبراهیم و سەرنڤیسەر خالید ئەتروشی و دەستەیا نڤیسکاران قەهرەمان عەگید سەرگەلی، دلخاز خورشید نهێلی، ڕێڤینگ نێچیرڤان، نیوار ئامێدی بوون. هژمارا ٣ خودان ئیمتیاز و

---

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ نەوزاد فوئاد رەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ١٠٥.

(٢) نەوزاد فوئاد رەشید، چەپکە گوڵێک لە مێژووی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، (چاپخانەی وڵات- هەولێر- حوزەیرانی ٢٠١٨)، ل ١٠٨.

(٣) ئەرشیفی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

(٤) نەوزاد فوئاد رەشید، سەرچاوەی پێشوو، حوزەیرانی ٢٠١٨، ل ١٠٧.

(٥) ئەرشیفی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٦) نەوزاد فوئاد رەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ١٠٨.

سەرنڤیسەر سەرنەنڤێسیە[١].

**٢١- سـەرکەوتن:** بـــڵاوکراوەی تایبەت بە حەوتەمین کۆنگرەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتان بووە، لەلایەن یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتان بە ژمـــارەی تایبەت لە حوزەیرانی ٢٠٠٩ بە زمانی کوردی دەرچووە. لە چاپخانەی هێڤی لە هەولێر چاپکراوە. نەجات باپیر خاوەن ئیمتیاز و سیروان ناشاد سەرنووسەری بووە[٢].

**٢٢- ١٨ی شـوبات:** بڵاوکراوەی لاوانە، لەلایەن یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردسـتان بێ ژمارە لە ١٨ی شوباتی ٢٠١٠ بە زمانی کوردی دەرچووە[٣].

**٢٣- ١٨ شـــوبات:** بڵاوکراوەی لاوانە، لەلایەن یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتان بۆ یادی دامەزراندنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان لە ١٨ی شـــوبات بە زمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە، کە بروســـکە و بەیاننامەی تایبەت بە یادی دامەزراندنی هەردوو (یەکێتی قوتابیانی کوردســتان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتان)ی تێیدا بڵاوکراوەتەوە. هیچ زانیاریەکی وەک ڕێکەوت و ژمـــارەی لەسـەر نیە، بە ٨ لاپەڕە دەرچووە. بابەتەکانی ئەم بەرێزانەی تێدا بڵاوکراوەتەوە ئــاڤان حەمە ساڵح، شاخەوان عومەر سلێمان، شاکر ئەحمەد سمۆ، زیاد ئیسـماعیل، شـوان محەمەد تەها، بێستون بەشارەتی، دوو دیمانەی جیا لەگەڵ هەریەک لە ئومێد خۆشـــناو و نەجات باپیر تێیدا بڵاوکراوەتەوە، جگە لەمانە ئەلبومی کاروچالاکییەکانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان و مێژووی کۆنگرەکانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان تێیدا بڵاوکراوەتەوە[٤].

**٢٤- لاوانێ شـنگال(شـبيبە شـنگال):** گۆڤارێکی ڕۆشـنبیری گشـتییە، لەلایەن ناوەندی باڵای شــنگالی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتان مانگێ جارێک بە زمانی عەرەبی دەرچووە. ژمارە سـفری لە تەمووزی ٢٠١١ بە ٥٤ لاپەڕە دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی ئومێد خۆشـناو و سەرنووسەری سامر شێخ خدر بووینە[٥].

---

(١) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان؛ نەوزاد فوئاد ڕەشـید، سـەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ١٠٨؛ موسەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٩.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٣) ئەرشیفی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٤) هەمان سەرچاوە.

(٥) نەوزاد فوئاد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ١١٤.

**٢٥- لاو:** گۆڤارێکی تایبەت بە یەکەمین ڤیستیڤاڵی کورتە فیلم بووە. لە ١٢ی ئابی ٢٠١١ کە هاوکات بووە لەگەڵ ڕۆژی جیهانی لاوان و دەستپێکردنی یەکەمین ڤیستیڤاڵی کورتە فیلم، کە بەشی هونەری مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بە سپۆنسەری کۆمپانیای کۆرەک تیلیکۆم ئەنجامی داوە، لەگەڵ ئەوەشدا گۆڤارێکی بە ناوی لاو لە چاپداوە کە لە ٤٤ لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگ پێکهاتووە، جگە لە باسکردنی ئەو کورتە فیلمانەی کە بەشداری ڤیستیڤاڵەکە بووینە چەندین بابەت و وتاری هەمە جۆری بلاوکردۆتەوە. خاوەن ئیمتیازی ئومێد خۆشناو و سەرنووسەری ڕووخۆش سەعید و زەردەشت محەمەد بوون[١].

**٢٦- الشبيبة:** گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتییە، لەلایەن ناوەندی باڵای موسڵی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان مانگێ جارێک بە زمانی عەرەبی دەرچووە. ژمارە سفری لە ئەیلوولی ٢٠١١ بە ٤٨ لاپەڕە دەرچووە، خاوەن ئیمتیازی ئومێد خۆشناو و سەرنووسەری کاوە سەعید زێباری بووە[٢].

**٢٧- لاوان پرێس:** گۆڤاری وەرزی لاوان بووە، لەلایەن ناوەندی باڵای شێخانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بە زمانی کوردی دەرچووە. ژمارە سفری لەساڵی ٢٠١٢ لە چاپخانەی هاوار لە دهۆک دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی ئومێد خۆشناو و سەرنووسەرەکەی مەهدیساڵح بوون[٣]، بەڵام نەوزاد فوئاد لەبارەی ئەم ژمارەیەوە نووسیویەتی ((لە کانوونی دووەمی ٢٠١٢ بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە))[٤].

**٢٨- بەرەو سەربەخۆیی:** بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان، لەلایەن یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دوو هەفتە جارێک بە زمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە. ژمارە ١ی لە ١٦ی تەمووزی ٢٠١٧، ژمارە ٢ی لە ١ی ئابی ٢٠١٧، ژمارە ٣ی لە ١٦ی ئابی ٢٠١٧ و ژمارە ٤ی لە ١٣ی ئەیلوولی ٢٠١٧، بە ٤ لاپەڕە، ژمارە ٥ی لە ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠١٧ بە ٤ لاپەڕە دەرچووینە. تیراژی ١٠ هەزار دانە بووە. ژمارە ١ی لە چاپخانەی پارێزگای دهۆک، ژمارە ٢ تا ٤ لە چاپخانەی هونەری وڵات چاپکراون. خاوەن ئیمتیازی تەیمور عەبدال و سەرنووسەری شاخەوان عومەر بوون. لە هەولێر لە

(١) هەمان سەرچاوە، ل ١١٧.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ١١٣.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٤) نەوزاد فوئاد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ل ١١٥- ١١٦.

باڵەخانەی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بووە[١].

**٢٩- پــەیمان:** ئەم گۆڤارە لەلایەن یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دەرچووە. بایەخی بە بڵاوکردنەوەی کورتە چیرۆک داوە و ڕۆڵی باشی گێڕاوە لەم بوارەدا[٢].

**٣٠- بەرنـــــامەی لاوان لە ڕادیۆ:** بەرنامەیەکی هەفتانە بووە، لە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، لە ١٩٧٠- ١٩٧٣ لەلایەن یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ئامـادەکراوە و لە ڕادیۆی کوردی بەغدا پەخشــکراوە[٣]. تیایدا باس لە کاروباری توێژی لاوان و هەواڵ و چالاکییەکانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کراوە. بێژەرەکەشی کادری یەکێتی لاوان بووە[٤].

**٣١- بەرنامەی پەیامی لاوان (لقی سلێمانی):** لەلایەن لقی سلێمانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردسـتانەوە، بەرنامەی پەیامی لاوان لە تەلەڤزیۆنی سـلێمانی لە ٢١ی ئـــــاداری ١٩٩٣ پەخشـــدەکرا. بەرنامەکە لەلایەن لوقمان غەریـب ئـامادەکراوە و لەلایەن هەریەک لەم کادرانەوە شــاســوار حەمە شــەریف، پەری مەجید، یاســین قادر ســەعد، جوان ئەحمەد ئیبراهیم، ناســکە جەلال، شــاهۆ ئەمین پێشــکەشــکراوە. بەرنامەکە لە ســەرەتادا بەناوی هەردوو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستانەوە پێشکەشکراوە تاکو دوای کۆنگرەی ئازادی، دواتر لقی ســلێمانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتان بە تەنیا ئامادە و پێشکەشی کردووە[٥].

**٣٢- بەرنامەی پێشــکەوتنی لاوان:** بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی بووە، هەفتانە لەلایەن بەشـــی ڕاگەیاندنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان ئامادەکراوە لە تەلەڤزیۆنی کوردســـتان ناوخۆیی (ktv)، هەموو شــەوانی شــەممەیەک بڵاودەکرایەوە[٦]، لە ســاڵی ١٩٩٣ تا ٢٠٠٢ بەردەوام بووە[٧]. ناوەڕۆکی بەرنامەکە هەواڵ و چالاکییەکانی یەکێتی لاوان و ڕیپۆرتاژی

(١) ئەرشـیفی مەکتەبی سیاسـی پارتی دیموکراتی کوردسـتان؛ نەوزاد فوئاد رەشـید، سـەرچاوەی پێشـوو، حوزەیرانی ٢٠١٨، ل ١١٢.

(٢) نەوزاد فوئاد رەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ٩٢.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٨١

(٤) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

(٥) نەوزاد فوئاد رەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ٩٦.

(٦) هەمان سەرچاوە، ل ٩٤.

(٧) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

پەیوەندیدار بە کێشە و خواست و ئارەزووەکانی لاوان[1] و دەرخستنی بەهرە و تواناکانی لاوان بووە. وێنەگر و پەیامنێر و پێشکەشکارانی ئەم بەرنامەیە کادرەکانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بوونە وەک مەریوان غەریب، ساڵح هەرکی، خانی مەحمود، سیروان ناشاد، قارەمان مەهدی، سۆزان عیزەدین، شنۆ هەولێری، ئومێد خۆشناو، شەوین سەدیق، گلێنە خوڵقی، کامەران ئەمین، سالار غەریب. ستافی وێنەگران نەوزاد، یاسین نەبی، کامەران جەمیل، سمکۆ کەریم، تاریق کاکەیی[2].

**٣٣- بەرنامەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان (لقی سۆران):** لە ساڵی ١٩٩٥ تا ١٩٩٨ لە ڕادیۆی لقی ١٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان هەفتانە بەرنامەیەکی ڕادیۆییان هەبووە، لەلایەن لقی سۆرانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ئامادە و پێشکەش کراوە. پێشکەشکارەکان یوسف حەسەن زێڕۆ، جەلال سەعید، جەلال مەحمود، یادگار کەمال. یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئاستی زۆر لق و ناوەندەکانی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، لەو شوێنانەی کە کەناڵی ڕاگەیاندنی بینین و بیستنی پارتی دیموکراتی کوردستانیان لێبووە، بەرنامەی هەفتانەیان لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنیەکان بڵاوکردۆتەوە[3].

**٣٤- بەرنامەی پێشکەوتنی لاوان (لقی هەولێر):** ئەم بەرنامەیە لەلایەن لقی هەولێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانەوە هەفتانە ئامادە و پێشکەشکراوە. بەرنامەکانی بریتی بووە لە ڕوماڵکردنی کاروچالاکییەکانی لقی هەولێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و چەندین بابەتی هەمەڕەنگ و لاوان لەلایەن عەبدولڕەحمان مەعروف و سابیر حسێن لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لق ئامادە دەکرا، لەلایەن ئومێد خۆشناو، نەوال خدر و ئاڵا موفتی پێشکەش دەکرا[4].

لەبارەی پەخشی بەرنامەکە؛ قارەمان مەهدی نووسیویەتی ((لە ساڵی ١٩٩٥ تا ئابی ١٩٩٦ لە ڕادیۆی گوڵان هەفتانە بەرنامەی پێشکەوتنی لاوانیان بڵاوکردۆتەوە و هەمان بەرنامە لە ساڵی ١٩٩٦ تا ١٩٩٧ لە ڕادیۆی لقی ٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر درێژەی

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٤٥.

(٢) نەوزاد فوئاد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ل ٩٤-٩٥.

(٣) نەوزاد فوئاد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ٩٨؛ قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

(٤) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦؛ نەوزاد فوئاد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ٩٧.

پێدراوە))[١] و نەوزاد فوئادیش نووسـیویەتی ((لە سـاڵی ١٩٩٥ تا ١٩٩٨ لە ڕادیۆی گوڵان و ڕادیۆی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە))[٢].

**٣٥- بەرنامەی پێشکەوتنی لاوان لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان:** ئەم بەرنامەیە لەلایەن بەشی ڕاگەیاندنی مەکتەبی سـکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردسـتان لە سـاڵی ١٩٩٥ تا ٢٠٠٠ ئامادەکراوە و هەفتانە لە ڕادیۆی (دەنگی کوردستان) پێشکەش کراوە. بڕگەکانی ئەم بەرنامەیە، ڕوماڵکردنی کاروچالاکییەکانی لاوان و چەندین بڕگە و بەرنامەی هونەری، ڕۆشـنبیری، چاوپێکەوتن و ڕیپۆرتاژ لەگەڵ پەیامی ڕێکخراوی یەکێتی لاوان بۆ لاوانی کوردستان. ئامادەکاران سیروان ناشاد و مەریوان غەریب، پێشکەشکاران سیروان ناشاد، مەریوان غەریب، خاوەن خان، شنۆ هەولێری، سۆزان عزەدین[٣].

**٣٦- بەرنامەی ئایندە:** ئەم بەرنامەیە بەرنامەیەکی هەفتانەی تایبەت بە لاوان بووە لە کەناڵی تەلەڤزیۆنی کوردستان کە باس لە گیروگرفتە جیاجیاکانی لاوانی کوردستانی دەکرد. لە ٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٠ یەکەم ئەلقەی پێشـکەشـکراوە و لە ماوەی یەک سـاڵدا واتە تا ٨ی حوزەیرانی ٢٠٠١ بەرنامەکە گەیشتۆتە ٥٢ ئەڵقە و تا سـاڵی ٢٠٠٢ هەفتانە بە بەردەوامی ئامادە و پێشکەش دەکرا[٤].

**٣٧- بەرنامەی پێشـکەوتنی لاوان (لقی ئـاکرێ):** ئەم بەرنامەیە لە ئامادەکردن و پێشـکەشـکردنی کادرانی لاوان بووە لە تەلەڤزیۆن و ڕادیۆی ناوخۆیی ئاکرێ هەفتانە پێشـکەشـکراوە، ڕوماڵی کاروچالاکی و بەرنامەکانی لاوانی کردووە لە سـنووری خۆی. ئامادەکار و پێشـکەشـکاران ئەمین بۆتانی، بەهار کەمال، کادار سـەعید، رزگار ڕەشـید و شەماڵ ساڵح[٥].

**٣٩- بەرنامەی پێشکەوتنی لاوان (لقی ڕانیە):** ئەم بەرنامەیە لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی کادرانی لاوان بووە لە تەلەڤزیۆن و ڕادیۆی ناوخۆی ڕانیە هەفتانە پێشکەش کراوە، ڕوماڵی کاروچالاکی و بەرنامەکانی لاوانی کردووە لە سنووری خۆی[٦].

---

(١) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.
(٢) نەوزاد فوئاد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ٩٧.
(٣) هەمان سەرچاوە، ل ل ٩٥- ٩٦.
(٤) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.
(٥) نەوزاد فوئاد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ٩٨.
(٦) هەمان سەرچاوە، ل ٩٩.

**٤٠- بەرنـامەی ئـاســـۆی لاوان:** بەرنـامەیەکی هەفتـانەیە لەلایەن یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتانی عێراق ئامادە دەکرا و لە تەلەڤزیۆنی ئازادی شـــەوانی شـــەممە لە هەولێر پێشکەش دەکرا[١].

**٤١- بەرنامەی پێشـــکەوتنی لاوان (لـــــقی دهۆک- نەینەوا)ی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان:** بەرنامەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان لقی دهۆک- نەینەوا بووە لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی دهۆک پەخشـکراوە. بریتی بووە لە ڕومـــــاڵکردنی کاروچالاکییەکانی خۆیان لەگەڵ چەندین بڕگە و بەرنامەی هەمەجۆری دیکە. ئامادەکردن و پێشـکەشـکردنی سابیر مستەفا، بیلال ئەحمەد، ئیحسان عەبدولعەزیز، کۆڤان عەبدولخالق[٢].

**٤٢- پێشـکەوتن:** ڕادیۆی پێشـکەوتن بە بڕیاری مەکتەبی سـکرتاریەتی لاوان دامەزراوە، تاکە ڕادیۆی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتانە کە تـــــاکو ئەمڕۆ بەردەوام بووبێت. ئەم ڕادیۆیە لە کاتژمێر ٤ی ئێوارەی ڕۆژی شەمەی ٢٠ی ئاداری ١٩٩٩، بەبۆنەی جەژنی نەورۆز و ســـەری ســـاڵی کوردییەوە، لە ڕێوەڕەســـمێکی شـــایســـتەدا لەلایەن شـــەهید ســـامی عەبـدولڕەحمان، بەرپرســـی کـارگێڕی مەکتەبی ســـیاســـی ئەوکـاتی پـارتی دیموکراتی کوردستانەوە، پەخشـی ئاسایی کرایەوە و لە پەخشـی ڕادیۆ و وتارێکی لە سـتۆدیۆی ڕادیۆ پێشکەش کرد. لەو کاتەدا لەسەر شەپۆلی ١٢٠٠ کیلۆ هێرتز، لە کاتژمێر ٧ی بەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ و لە ٩ی ئێوارە تا ٢ی شەو بەرنامەکانی پەخش دەکرا، کە ٢١ بەرنامەی جۆراوجۆری هەبووە. بەڕێوەبەرانی یەک لە دوای یەکی ئەم ڕادیۆیە، ساڵح هەرکی (٢٠ی ئاداری ١٩٩٩ تا ٩ی ئابی ٢٠٠٠)، مەحمود ئەرگۆشـــی (٢٠٠٠ تا ٢٠٠٤)، دەهام عەبدولباقی (٢٠٠٤ تا ٢٠٠٥)، ســـیروان ناشـــاد (٢٠٠٥ تا ٢٠٠٩)، ئەحمەد بەکر (٢٠٠٩ تا ....). ئەم ڕادیۆیە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، یەکێ لەوانە ئەوەیە کە شـــەو پەخشـــی دووەمی بەرنامەکانی دەکرێتەوە و تا دوای نیوەشـەو بەردەوام دەبێت[٣]. لە سـاڵی ٢٠١١ پەخشـی فراوان کرد و لە پەخشی ناوخۆیی بوو بە پەخشی سەرتاسەری کوردستان و لە ڕێگەی شەپۆلی (FM) بە فریکوێنســـی (١٠١،٣ و ١٠١،٧ و ١٠١،٩) کیلۆ هێرتز، لە کاتژمێر ٧ی بەیانی تا ١ی شـــەو پەخشـــی بەردەوام بووە. ئەم ڕادیۆیە وەک قوتـابخـانەیەک بووە بۆ پێگەیـانـدنی لاوانی

---

(١) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

(٢) نەوزاد فوئاد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ٩٧؛ قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

(٣) نەوزاد فوئاد ڕەشید، سـەرچاوەی پێشـوو، حوزەیرانی ٢٠١٨، ل ١٠١؛ نەوزاد فوئاد ڕەشـید، سـەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ٩٧؛ قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤٣، ٤٦.

ئارەزووومەندی بواری ڕاگەیاندن و سەدان ڕاگەیاندنکاری پێگەیاندووە[١]. دوای ساڵی ٢٠١٥ بەهۆی قەیرانی دارایی و سیاسییەوە نەتوانرا زیاتر پێشبخرێت، بۆیە پەخشی ئەکاتی ئەم ڕادیۆیە تەنیا ناو هەولێر و دەوروبەری هەولێر بووە و ٢٤ کاتژمێر پەخشـــی هەبووە و لە ڕێگای پەخشـــی تەلەڤزیۆنی لاوانەوە، لە یەکی شـــەو تا یەکی دوای نیوەڕۆ گوێ بیســـتی ڕادیۆی پێشکەوتن دەبوون لەسەرجەم کوردستان لەو ماوە دیاریکراوە[٢]. کارمەندێن کەڤن ســـاڵح هەرکی، مەحمود ئەرگوشـــی، دەهام عەبدولباقی نێروەیی، ســـالار غەریب، ئومێد خۆشـــناو، مەریوان غەریب، تانیا عومەر، ســـەرباز عومەر، نۆڤەر محیەدین، بێریڤان، زانا تەقیەدین، ئەحمەد بەکر، سیروان ناشاد، هوڤان خەلیل، شاخەوان عومەر، شەوین سدیق، سەیفەدین تاهیر و هوشیار عوسمان[٣].

٤٣- **خەبـات/ لاوان:** ڕادیۆیەکی لۆکاڵی ناوخۆیی بووە سەر بە ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی لاوانی خەبات بووە، لە سنووری ناوەندی بـــاڵای دەوروبەری هەولێر، لە سەنتەری قەزای خەبات لە سـنووری پارێزگای هەولێر کاریدەکرد. زیاتر گرنگی بە لاوان و گۆرانی و موزیک دەدا و لە کاتی پێویســـتدا ڕوماڵی کاروچالاکی ســـنووری قەزای خەبات دەکرد. لە ١١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧ دامەزراوە، لەســـەر شـــەپۆلی (FM) بە فریکوێنســـی ٨٨,٧ پەخش دەکرد، ڕۆژانە ٦ کاتژمێر پەخشـــی هەیە و مۆڵەتی فەرمی لە وەزارەتی ڕۆشـنبیری و لاوان وەرگرتووە[٤]. بەڕێوەبەرانی ڕادیۆ یوسف شێخ محەمەد (٢٠١٤)[٥]، مێوان موسا (٢٠١٨)[٦].

لەبـارەی نـاوی ڕادیۆکە؛ نەوزاد فوئـاد لە بەرگی یەکەمی پەرتووکەکەی نووســـیویەتی ((ڕادیۆی لاوان لە خەبات)) کەچی لە ناوەڕۆک نووسیویەتی ((ڕادیۆی خەبات))[٧].

٤٤- **دەنگی لاوان:** ڕادیۆی لاوانە، لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردسـتان دەسـتپێشـخەری نواند و یەکەم ڕادیۆی ناوخۆیی لە کوردسـتان دامەزراند لە ئابی ١٩٩٢، لە شـاری هەولێر لە باڵەخانەی شـیراتۆن، پەخشـی ڕادیۆی لەسـەر شـەپۆلی

(١) نەوزاد فوئاد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ١٠٤.

(٢) نەوزاد فوئاد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، حوزەیرانی ٢٠١٨، ل ١٠١.

(٣) وەسفی حەسەن ردێنی، ئێزگە و ... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٨٣ ، ٩٥.

(٤) نەوزاد فوئاد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، حوزەیرانی ٢٠١٨، ل ١٠٩.

(٥) نەوزاد فوئاد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ١٠٨.

(٦) نەوزاد فوئاد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، حوزەیرانی ٢٠١٨، ل ١٠٩.

(٧) نەوزاد فوئاد ڕەشید، سـەرچاوەی پێشـوو، حوزەیرانی ٢٠١٨، ل ١٠٩؛ نەوزاد فوئاد ڕەشـید، سـەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ١٠٨.

(FM) دەســتپێکرد بە ناوی دەنگی قوتابیان و لاوان، لە کاتژمێر ٧ی بەیانی تا ٧ی ئێوارە بە چەندین بەرنامەی هەمەڕەنگی هونەری و ڕۆشــنبیری و ســیاســی بەردەوام بوو. لە دوای بەســتنی کۆنگرەی ئازادی لە ســاڵی ١٩٩٣ و جیابوونەوەی هەردوو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردســتان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتان، بەڕێوەبردنی ڕادیۆکە بەر یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتان کەوت، لێرەشــەوە ناوەکەی گۆڕا بۆ ڕادیۆی دەنگی لاوان و بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی بە بڕیارێک خرایە ســەر دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی گوڵان، کە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دامەزرابوو. لە ساڵی ١٩٩٤ ئەم ئێزگەیە وەستاوە[١].

٤٥- **نــــاوەندی بەریتانیای یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتان:** ڕادیۆی لاوانە، وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا لە ١٧ی تشـــــرینی یەکەمی ٢٠٠٦ بە دەستپێکردنی ڕادیۆی (ناوەندی بەریتانیای یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان) ڕازی بوو[٢].

٤٦- **لاو یـــان لاوان:** تەلەڤزیۆنێکی لۆکاڵی ناوخۆییە و سەر بە ناوەندی باڵای هەولێرە، لە یادی ٥٦ ســاڵەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتان لەلایەن فازڵ میرانی ســکرتیری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کرایەوە. یەکەم ڕۆژی پەخشی کردنەوەی ڕاستەوخۆ نەوزاد فوئاد ڕەشید وەک پەیامنێر بەڕێوەی دەبرد. شێوازی کارکردنی جگە لە ســیاســەت، گرنگی بە بوارەکانی لاوان و هونەر و وەرزش و ڕۆشــنبیری و کۆمەڵایەتی و ئایینی دەدا، لەگەڵ ڕۆماڵکردنی کاروچالاکییەکانی ڕێکخراوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان. ئەم تەلەڤزیۆنە بە سیستەمی دیجیتاڵ کاریدەکرد و پەخشەکەی دەگەیشتە هەرســێ پارێزگای هەولێر و دهۆک و سلێمانی، لە کاتژمیر ١ی دوای نیوەڕۆ تا ١ی شــەو پەخشی بەرنامەکانی دەکرد. دواتر بەڕێوەبەرەکەی بەختیار ئیسماعیل بووە[٣].

لە بارەی ساڵی پەخشــکردن و بەرنامەکانی ئەم تەلەڤزیۆنەوە؛ نەوزاد فوئاد دوو زانیاری جیاوازی نووســیوە، لە یەکەم پەرتووکی نووســیویەتی ((لە ١٨ی شــوباتی ٢٠١٠ کە ٩ بەرنامەی هەبووە))[٤] کەچی لە بەرگی دووەمی پەرتووکەکەیدا نووســیویەتی ((لە ١٨ی

(١) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣؛ نەوزاد فوئاد رەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ٩٠- ٩١.

(٢) صالح یوسف صوفی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگێ سێ، ل ١٠٢٦.

(٣)نەوزاد فوئاد رەشــید، ســەرچاوەی پێشــوو، شــوباتی ٢٠١٤، ل ل ١١٠- ١١١؛ نەوزاد فوئاد رەشــید، سەرچاوەی پێشوو، حوزەیرانی ٢٠١٨، ل ل ١٠٩- ١١٠.

(٤) نەوزاد فوئاد رەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ل ١١٠- ١١١.

شوباتی ٢٠٠٩ کە ٨ بەرنامەی هەبووە))[١].

**٤٦- لاوان:** ماڵپەڕی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٧ دامەزراوە، تایبەت بووە بە کاروچالاکییەکانی یەکێتی لاوان، هاوکات بابەتی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و وەرزشی تێدا بڵاودەکرێتەوە[٢].

## پ- ڕاگەیاندنی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان:

لەبەر پێویستی حزبی ئەو سەردەمە لە ساڵی ١٩٨٦ بڕیار درا هەردوو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان یەکبخرێن کە تا ساڵی ١٩٩٣ بەم شێوەیە بەردەوام بوو. چەندین بڵاوکراوە و بەرنامەی ڕادیۆی و تەلەڤزیۆنی و هەبووە، لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

**١- لاپەڕەکانی (الطلبة و الشباب)/ خەباتی قوتابیان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان/ قوتابیان و لاوان:**

**- لاپەڕەی (الطلبة و الشباب) لە ڕۆژنامەی (التآخي):** لاپەڕەی تایبەتی قوتابیان و لاوان بەناوی لاپەڕەی (الطلبة و الشباب) لە ڕۆژنامەی (التآخي) بەم شێوەیە بووە: ژمارە ٥٣٣ی ٨ی ئەیلوولی ١٩٧٠ لاپەڕە ٦، ژمارە ٦٠٠ی ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٧٠ لاپەڕە ٣، ژمارە ٦٣٣ی ٨ی کانوونی دووەمی ١٩٧١ لاپەڕە ٣، ژمارە ٦٣٨ی ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٧١ لاپەڕە ٣، ژمارە ٦٥٠ی ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٧١ لاپەڕە ٣ ، ژمارە ٦٥٦ی ٣ی شوباتی ١٩٧١ لاپەڕە ٣، ژمارە ٦٦٤ی ١٧ی شوباتی ١٩٧١ لاپەڕە ٣، ژمارە ٦٧٥ی ٣ی ئاداری ١٩٧١ لاپەڕە ٣ و ژمارە ٧٤٦ی ٣٠ی ئایاری ١٩٧١ لاپەڕە ٣[٣].

**- لاپەڕەی (خەباتی قوتابیان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان) لە ڕۆژنامەی برایەتی ساڵی حەفتاکان:** لە لاپەڕە ٥ی ژمارە ٢٦/٨٣ی ١٦ی شوباتی ١٩٧٤ی ڕۆژنامەی برایەتی (پاشکۆی ڕۆژنامەی (التآخي))دا بووە[٤].

**- لاپەڕەی (قوتابیان و لاوان) لە ڕۆژنامەی برایەتی ساڵی ١٩٩٣:** لاپەڕەیەکی تایبەت بە یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژنامەی برایەتی بووە، هەموو ڕۆژانی

---

(١) نەوزاد فوئاد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، حوزەیرانی ٢٠١٨، ل ل ١٠٩- ١١٠.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ١١١.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٤) هەمان سەرچاوە.

ســـێشـــەمە لە لاپەڕە ٦ی ئەم ژمارانەی ڕۆژنامەی برایەتی هەبووە: ژمارە ١٦٩٧ لە ٢٠ی تەمووزی ١٩٩٣، ژمـــــارە ١٧٠٣ لە ٢٧ی تەمووزی ١٩٩٣، ژمارە ١٧٠٩ی ٣ی ئابی ١٩٩٣، ژمارە ١٧١٥ کە دوا لاپەڕە بووە لە ١٠ی ئابی ١٩٩٣[١].

٢- **گازیا خوێندکار و لاوان:** گۆڤاری دەوری یا لقا دهۆک- نەینەوا یا ئێکەتیا قوتابی و لاوێن دیموکراتا کوردســـتانێ بوو، بەر لە ڕاپەڕین ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی ســـەر بە لقی ١ی پارتی دیموکراتی کوردســـتان دەریدەکرد. ئەڤ گۆڤارە ب ئامێرێ فوتو ســـتێنســـل دهاتە راکێشـــان و چاپکرن. تەمامکەرا هژمارێت ناڤ شـــۆرەشـــا گولانێ بوو کو پاش بەســـتنی کۆنفرانسی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان لە دوایی ساڵی ١٩٨٦، بڕیار درا هەموو بڵاوکراوەکانی قوتابیان و لاوان ببنە یەک و بە ناوی قوتابی و لاوان دەربچن. ئەوەبوو (گازیا خوێندکارا) و ڕۆژنامە (ڕۆژا لاوان) گۆڕا بۆ ڕۆژنامەی (گازیا خوێندکار و لاوان) تا ژمارە ٤١ی ســـاڵی ١٩٨٦ بەشـــێوەی ڕۆژنامە بووە و دواتر کراوەتە گۆڤار. هژمارا ٣٦-٣٧ ل گولان و خزیرانا ١٩٨٦ دەرکەفتییە ژ ستافێ ســەرەکیێ ڤێ گۆڤارێ تەیار ســەلیم گەرماڤی، حەسەن شەبیبە، محەمەد ئەمین مایی (مام دژوار) هەروەسا ل سالێت دیماهیێ ژی دەلیل ڕەمەزان و حەســەن نوری ڕولەکێ چالاک د ڤێ گۆڤارێدا هەبوویە. پشـــتی ئەنفالێت ڕەش ئەڤ گۆڤارە هاتیە ڕاوەســـتاندن و ســـەبارەت دوماهیک هژمارا پشـــتی ئەنفالێت توێژەرا بۆچونێن جیاواز هەنە؛ وەســـفی ڕدینی نڤێســـیە ((هژمارا ٤٢ و دوماهیێ ل بوهارا ١٩٨٨ دەرکەفتیە و هژمـــــارا ٤٣ ل تیرمەها ١٩٩١ ل دهۆک)) و موسـەدەق تۆڤی نووسیویەتی ((هژمـــــــارا ٤٣ و داویێ ل بهارا ١٩٨٨ هاتیە بلاڤکرن)) هەرچی ئیســـماعیل تەنیایە نووسیویەتی ((ژمارە ٤٢ی لە ٤ی نیسانی ١٩٨٧)). دوای ڕاپەڕین یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردســـتان دەریکرد. پشـــتی ســـەرهلدانا پیروز دووبارە ل باژێری دهۆکێ دەرکەفتیەڤە. ژمارە ٤٤ لە ئابی ١٩٩١ بە ٣٢ لاپەڕە، ژمارە ٤٥ی لە ئەیلوولی ١٩٩١، ژمارە ٤٦ دوا ژمارەی ئەم خولە لە کانوونی دووەمی ١٩٩٢ دەرچووە. دەستەیا نڤیسەرێن هژمارا ٤٥ حەسەن محەمەد حەسەن، ئیحسان عەبدوڵا، عەبدولوەهاب خالید، ئەحمەد عەبدوڵا، ل هژمارا ٤٦ هەمـــان نڤیسەرن تنێ عەبدولوەهاب خالید نەمایە. دەرهێنانا هونەریا ژمارە ٤٣ هەتا ٤٦ هودا ئەحمەد سەبری، نافیع بامەڕنی[٢].

---

(١) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.

(٢) ئەرشـــیفی دەســـتەی ئینســـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردســـتان؛ وەصـــفی حەســـەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ل ٤٠، ٤٣، ٣٣؛ ئیســـماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ل ١٢٦- ١٢٧؛ قارەمان مەهدی، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ٢١؛ موســـەدەق تۆڤی،

**٣- زەنگ:** گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بوو، هەڤاڵانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستانی عێراق، لە سەردەمی شاخ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە زمانی کوردی کرمانجی خواروو- ئارامی دەریاندەکرد. ژمارە ١ی لە ســاڵی ١٩٨٦ بە ٤٨ لاپەڕەی قەبارە کتێب دەرچووە و تەنیا ئەو ژمارەی لێ دەرچووە و وەستاوە[١].

**٤- دەنــــگڤەدانا گازیا خوێندکار و لاوان یان دەنگ ڤەدانا خوێندکار و لاوان:** گۆڤارا لیژنا ناڤخۆیی یا زاخۆ یا ئێکەتی قوتابی و لاوێن دیموکراتا کوردســتانێ بوویە. ســەرەتا ئەم بڵاوکراوەیە بە ناوی (گازیا لاوان) لەلایەن لێژنەی ناوچەی زاخۆی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دەرچووە، ٨ ژمارەی لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستی شۆڕش لێ دەرچووە، بە زمانی کوردی و عەرەبی بە تایپ چاپکراوە و وێنەکانی بە دەســت ڕەنگ کراون. ل هژمارا ٩ بوویە (دەنگڤەدانا گازیا خوێندکار و لاوان) کو دوماهیک هژمارا وێ بوویە ل نیڤا ئیلونا ١٩٩١ ب زمـــانێ کوردی تیپێن عەرەبی و دوو لاپەرێت وێ ب تیپێن لاتینی بوون، پشــتی ڕاپەڕینێ ل زاخۆ دەرکەفتیە و وەک تەمامکەرێ وان هژمارێت پێشــتر ل ڕۆژانێت شــۆڕشــا گولانێ دەردکەفتن. لەســەری نووسراوە (دەنگڤە دانا گازیا خوێندکار و لاوان، گۆڤارا لێژنا ناڤخۆیی یا زاخۆ یا ئێکەتیا قوتابی و لاوێن دیموکراتا کوردســتانێیە). ژ لایێ گوهدار ئیسماعیل بەرواری و حەمید مەعروف دهاتە سەرپەرشتیکرن[٢].

**٥- دەنــــگی قوتابیان و لاوان:** گۆڤاری قوتابیان و لاوان بووە، کە ئۆرگانی لقی هەولێری یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان- عێراق بووە. یەکەمجار بە نــاوی گۆڤاری (دەنگی لاوان) لە شــێوەی پەرتووک لە ســەرەتاکانی ســاڵانی هەشــتاکان لەلایەن یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتان دەرکراوە، پاش ئەوەی لە ١٩٨٦ هەردوو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردســتان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتان بوون بە یەک ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردســتان، درێژەی بە دەرکردنی ئەم گۆڤارەی دا بە

---

دیرۆکا... ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٥٩؛ عەبدوڵا موحەممەد زەنگەنە، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ل ٥٢- ٥٣؛ ئیســماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٤٥؛ لە بڵاوکراوەکانی راگەیاندنی پارتیمان، ڕۆژنامەی خەبات(النضال)، ژمارە ٥٤٩، (کانونی دووەمی ١٩٨٤)، ل ٦.

(١) ئیســماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٣٠؛ ئیســماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩١.

(٢) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥؛ عرفان عەزیز عەزیز، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٧٥؛ وەصفی حەسەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

نـاوی دەنگی قوتـابیـان و لاوان[١]. ژمـارە ١ی لە کـانوونی دووەمی ١٩٨٨ لە نـاوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستی شۆڕش بە زمانی کوردی کرمـــانجی خواروو- ئارامی[٢] و ژمارە ٢ی ئاداری ١٩٨٨ کە دەســـتەی نووســـەرانی لەســـەر نیە دوا ژمارەیەتی بە ناوی دەنگی قوتابیان و لاوان[٣]. لە ژمارە ٣ی ئەیلوولی ١٩٩١ی پاش ڕاپەڕین لە هەولێر ناوی بووەتە پێشڕەو کە درێژەپێدەر و تەواوکەری دەنگی قوتابیان و لاوانە و ژمارە ٤ی تشـرینی یەکەم و دووەمی ١٩٩١ی پێشـــڕەو دوا ژمارەیەتی بەم ناوە. لە ژمارە ٥-ەوە ناوەکەی گۆڕا بۆ پێشڕەوی قوتابیان[٤].

٦- **پێشـــڕەو:** بڵاوکراوەی قوتابیان و لاوان بووە، کە ئۆرگانی لقی هەولێری یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردســـتانی عێراقە، لە هەولێر بە زمـــــانی کوردی کرمانجی خواروو- ئارامی دەرچووە[٥]. درێژە پێدەر و تەواوکەری گۆڤاری دەنگی قوتابیان و لاوانە و هەمان زنجیرە ژمارەی وەرگرتووە، واتە ژمارە ١ی پێشــڕەو بە ژمــــارە ٣ دەســتی پێکردووە و لە ئەیلوولی ١٩٩١ دەرچووە، بەڵام لە شێوە و قەبارەی ڕۆژنامەدایە[٦]. ژمارە ٤ لە تشـــــرینی یەکەم و دووەمی ١٩٩١ بە هەشـــت لاپەڕە دەرچووە[٧]. دوای کۆنگرەی ئازادی، پێشـــڕەو لەلایەن لقی هەولێری یەکێتی قوتـابیـانی کوردســـتـان درێژەی پێـدرا، ژمـارەی ٥ی لە حوزەیرانی ١٩٩٤ بە ناوی پێشڕەوی قوتابیان دەرچووە[٨].

٧- **هیوای قوتـــابیان و لاوان:** ئەم گۆڤارە ئۆرگانی لقی ئاوارەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بووە. دوای کۆنفرانسی هاوبەشی ئابی ١٩٨٦ هەردوو گۆڤاری (دەنگی قوتابیان) و (هیوای لاوان) کە لە ســەردەمی شـاخ لە کەرەج- ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەچوون، بوون بە یەک و بە ناوی گۆڤاری (هیوای قوتابیان و لاوان) بەزمانی کوردی کرمانجی خواروو- ئارامی دەرچوو. ژمـــــارە ١ی لە پاییزی ساڵی ٢٦٨٦ی کوردی لە شـــێوەی پەرتووک دەرچووە. ژمارە ١١ی دوا ژمـــــــارەی بووە لە دوایی بەهاری ١٩٨٩

(١) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩.
(٢) ئیسماعیل تەنیا، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی.. سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٣.
(٣) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣.
(٤) موســا ئەحمەد، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ل ١٥- ١٦؛ ئیســماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.
(٥) ئیسماعیل تەنیا، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٣.
(٦) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٥- ١٦.
(٧) عەبدوڵڵا موحەممەد زەنگەنە، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣١-٣٢.
(٨) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٥- ١٦.

دەرچووە. ژمارە ٦ تایبەت بووە بە داستانی دێرەلۆک[١].

٨- **هیوای قوتابیان و لاوان:** پاشـــکۆی گۆڤاری هیوای قوتابیان و لاوان بووە، لە کەرەج- ڕۆژهەڵاتی کوردســتان بە زمـــــانی کوردی دەرچووە. ژمارە ١ی لە پاییزی ســاڵی ٢٦٨٧ی کوردی دەرچووە، تایبەت بووە بە خولی وەرزشی بــــارزانی نەمر، کە لەسەردەمی شاخ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان سازدراوە[٢].

٩- **پێشـــکەوتن:** ئۆرگانی یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان و لاوانی دیموکراتی کوردســـتان بە شـــێوەیەکی مانگانە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە. لەســـەر لۆگۆکەی نووسراوە (بەرەو یەکگرتن بۆ ڕووخانی ڕژێم و دوایی هێنان بە شەڕ تا بتوانین بە ئاشتی و ئازادی بخوێنین). لە دوای بەستنی کۆنفرانسی هاوبەشی ئابی ١٩٨٦، هەردوو ڕێکخراوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان و یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان، لەبەر چەند پێویستیەکی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئەو کات یەکخران، هەر لەو کۆنفرانسەشدا بڕیاری دەرکردنی ڕۆژنامەیەک درا ئەویش بە ناوی پێشـــکەوتن، لەســـەر داواکاری شـــەهیدی سەرکردە سمکۆ ئامێدی بووە. ژمارە ١ی پێشکەوتن لە کانوونی دووەمی ١٩٨٧ دەرچووە. ژمارە ٥، ٩، ١٠، ١٢، ١٣، ١٥، ١٦، ٢٠ بە زمانی عەرەبی دەرچووە[٣]. دەســـتەی نووســـەرانی لەسەر نەبووە. ژمارە ٤ لە تشـــــرینی دووەمی ١٩٨٧ دەرچووە و ساڵنامەی پێشکەوتنی ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ هاوپێچ کراوە. ژمارە ١٨ی تایبەت بووە بە یادی ٣٧ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان. ژمارە ٢٢ی تشـــــرینی دووەمی ١٩٩٠ دوا ژمارە بووە، کە لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەســـتی شـــۆڕش دەرچووبێت. پاش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ پێشـــکەوتن بە شـــێوەی ڕۆژنامە وەک ئۆرگانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان- عێراق بەشێوەی ڕێکوپێک درێژەی پێدرا و لە چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر چاپکرا. ژمارە ٢٣ی لە تشـــــــرینی یەکەم و دووەمی ١٩٩١ دەرچووە. ژمارە ٢٥ی تایبەت بووە بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ســـــاڵی ١٩٩٢، ژمارە ٢٦ی تایبەت بووە بە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان، لە ژمارە ٢٧-ەوە پێشکەوتن مانگی دوو جار دەرچووە، لە ژمارە ٤٥ کە لە ناوەڕاستی ئەیلوولی ١٩٩٣ دەرچووە بە ئاشکرا لەسەری نووسراوە خاوەنی ئیمتیاز عەبدوڵا خەلیل و سەرنووسەری فریاد بـــــارزانییە. ژمارە ٤٧ی

(١) ئەرشیفی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان؛ موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣؛ ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٨.

(٢) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ل ٤- ٥.

تـایبەت بووە بە کۆنگرەی ئـازادی و لە هۆڵی کۆنگرەدا بڵاوکراوەتەوە، ژمـارە ٤٨ی دوا ژمارەی هاوبەش بووە، کە تایبەت بووە بە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی قوتابیان و لاوان[١]. لە سـاڵی ١٩٩٣ هەردوو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردسـتان جیابوونەوە، پێشـکەوتن لە ژمارە ٤٩-یەوە بە شـێوەی گۆڤار لەلایەن یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان درێژەی پێدرا[٢].

١٠- **پێشکەوتن ڕۆشنبیری:** پاشکۆی گـۆڤاری پێشکەوتنی ئۆرگانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان- عێراق بووە، وەک گۆڤار ناوبەناو بە زمانی کوردی کرمانجی خواروو- ئارامی لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسـتی شـۆڕش دەرچووە. بەشـێوەیەکی سـەرەکی بـایەخی بە ڕۆشـنبیری گشـتی و هونەر و ئەدەب و بـابەتی لاوانە و بیروبـاوەڕی نیشتیمانپەروەری و شۆڕشگێڕانەی داوە. ژمارە ١ی لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٨ و دەستەی نووسـەرانی لەسـەر نەنووسراوە، ژمارە ٢ لە نیسـانی ١٩٨٩ و ژمارە ٣ لە ئابی ١٩٨٩ و ژمارە ٤ی لە نیسانی ١٩٩٠ بڵاوبووەتەوە، تەنیا ٤ ژمارەی لێ دەرچووە[٣].

١١- **بەیـــان (الفجر):** گۆڤارێکی ڕامیاری و ڕۆشنبیری بووە، لەلایەن لقی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردسـتان لقی کەرکووک بە زمانی کوردی لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسـتی شـۆڕش دەرچووە. ژمارە ١ی لە بەهاری ١٩٨٧ دەرچووە و تەنیا یەک ژمارە لە سـەردەمی شـۆڕش لێ دەرچووە و خولی دووەمی ژمارە ١ی لە بەهاری ١٩٩١ دەرچووە وتەنیا ئەو ژمارەیەی لێ دەرچووە و وەستاوە[٤].

١٢- **موژدە/ مژدە:** گۆڤارێکی مانگانەی سیاسی و ڕۆشنبیرییە، لقی سلێمانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان بە زمـانی کوردی کرمانجی خواروو- ئارامی دەریدەکرد. ژمارە ١ی لە تشـرینی یەکەمی ١٩٩١ لە سلێمانی بڵاوکراوەتەوە، جگە لە بەرگەکەی ٥٦ لاپەڕە بووە. سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕی و بەڕێوەبەری نووسین ئامانج ژاژڵەیی و سەرۆکی نووسین

(١) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥٥- ٦٠.

(٢) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.

(٣) موسا ئەحمەد، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٩؛ ئیسـماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٣٥؛ عرفان عەزیز عەزیز، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٦٣؛ قارەمان مەهدی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٣٨؛ نەوزاد فوئاد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ٨٦.

(٤) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩؛ جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم (ب)، ل ١٦٤؛ عرفان عەزیز عەزیز، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٦٠؛ ئیسـماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٢؛ صباح البازرگان، المصدر السابق، ص ٢٩.

ئاراس عەبدولکەریم و دەستەی هونەری کەیوان عەلی و ئاسۆ مەحمود بوون[١] و خولی یەکەمی هەر ئەو ژمارەیەی لێ دەرچووە. ژمارە ١ی خولی دووەمی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ی بەناوی (مژدە) لە هەولێر بە شێوەی پەرتووک دەرچووە[٢]. ژمارە ٣ی خولی دووەمی کانوونی یەکەمی ١٩٩٧، ژمارە ٨ی خولی دووەمی ئایاری ١٩٩٨، ژمارە ١ی خولی سێیەمی لە ساڵی ١٩٩٩ و ژمارە ٢-٣ی خولی سێیەمی لە ساڵی ١٩٩٩ دەرچووینە. خاوەن ئیمتیازی ژمارە ٣ی خولی دووەم و ژمارە ٨ی خولی دووەمی شەمیران عەلی و سەرنووسەری ژمارە ٣ی خولی دووەمی فاتیح ئیسماعیل، ژمارە ٨ی خولی دووەمی دیار عەلی کەمال، خاوەن ئیمتیازی ژمارە ١ی خولی سێیەم و ٢-٣ی خولی سێیەمی شەعبان شەعبان و سەرنووسەریان شەمیران عەلی بووینە[٣].

١٣- **بڵێسەی باوەگوڕگوڕ/ بڵێسەی بابە گوڕگوڕ:** گۆڤارێکی ڕۆشنبیری سیاسی لقی کەرکووکی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان، لە شارۆچکەی چەمچەماڵ بە زمانی کوردی کرمانجی خواروو- ئارامی لە ژێر دروشمی (زانست و خەبات لە پێناو ژیانێکی ئازاد و دواڕۆژێکی بەختەوەردا) دەریکردووە. ژمارە ١ی لە تشرینی یەکەمی ١٩٩١ دەرچووە، جگە لە بەرگەکەی ٢٨ لاپەڕەیە. تاقانەیە، تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووە[٤]. بەڵام جەمال خەزنەدار نووسیویەتی ((زاهیر ڕۆژبەیانی دەڵێت: گۆڤاری بڵێسەی بابە گوڕگوڕ لە ساڵی ١٩٩٢ دیسان ژمارەی ١ی لەلایەن لقی کەرکووکی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە دەرکرا، بەڵام دواتر وەستا. سەرچاوەیەکی دیکە دەڵێت: ژمارەی ١ی بڵێسەی باوە گوڕگوڕ لە چەمچەماڵ دەرچووە و تەنیا ئەو ژمارەیەی لێ دەرچووە))[٥].

١٤- **شەپۆڵ:** بڵاوکراوەی ناوخۆیی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان لقی سلێمانی، بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بە زمانی کوردی کرمانجی خواروو- ئارامی دەریدەکرد. ژمارە سفری (ئەزموونی) لە حوزەیرانی ١٩٩٢ بە چوار لاپەڕەی قەبارەی پەرتووک[٦]، ژمارە ١ی لە تەمووزی ١٩٩٢ بە ٨ لاپەڕە، ژمارە ٢ی لە ئەیلوولی ١٩٩٢

---

(١) عەبدوڵڵا موحەممەد زەنگەنە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

(٢) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٧٤، ١٠٢.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٤) عەبدوڵڵا موحەممەد زەنگەنە، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٤- ٢٥؛ موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠.

(٥) جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم (ب)، ل ١٩٠.

(٦) ئیسماعیل تەنیا، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٣.

دەرچووە. تەنیا ٦ ژمارەی لێ دەرچووە[١].

سەبارەتی بە ساڵی دەرچوونی ژمارە سفری (ئەزموونی)؛ موسا ئەحمەد و عرفان عەزیز و نەوزاد فوئاد بە هەڵە نووسیویانە ((ژمـــارە سفری (ئەزموونی) لە حوزەیرانی ١٩٩٤ دەرچووە))[٢].

**١٥- قـوتـابيان/ لاوان (تەق تەق):** بەرهەمێکی ئەدەبی بووە ڕێکخراوی تەق تەقی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان یارمەتی لە چاپدانی دەدا. ژمارە ١ی لە ڕەشەمەی ســـاڵی ٢٩٦٢ی کوردی دەرچووە. تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووە و لە ئامادەکردنی شاخەوان عەلی حەمەد بووە[٣].

**١٦- ئەستێرە (ESTÊRE):** گۆڤارێکی ڕۆشنبیری ئەدەبی بووە، لێژنەی زانکۆی سەلاحەدینی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان بە زمانی کوردی دەریدەکرد. ژمارە و ڕۆژی دەرچوونی لەسەر نەنووسراوە، بەپێی زانیارییەکانی هەڤاڵ ساسان عەونی سەرنووسەری ئەوکاتی ئەســتێرە: (ژمارە ١ی لە ناوەڕاســتی کانوونی یەکەمی ١٩٩٢ چاپکراوە و بۆ دوای ١٩٩٢ ئامادەی بڵاوکردنەوە بوو، بەڵام بەهۆی گەڕانەوەی قوتابیان بۆ شـــارەکانیان لە پشووی نیوەی ساڵ دوایـــانخست و لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خوێندن لە مانگی شوباتدا بڵاوکرایەوە، بە تیراژی ٣٠٠ دانە بە فۆتۆکۆپی، وە بەرگەکەشی بە ڕۆنیۆ کێشراوە)[٤]. ژمارە ٢ی لە شوباتی ١٩٩٣ لە هەولێر دەرچووە، ئەم ژمارەی کارگێڕی نووسین ساسان عەونی بووە، ئەمجەد خۆشنووسی بۆ کردووە و شیرین نەجمەدین و گوهدار ئیسماعیل تایپیان کردووە[٥].

**١٧- ١٨شـــوات (ŞIWAT):** ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بووە، بۆ ماوەی هەفتەیەک لەلایەن لقی دهۆک- نەینەوا یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستـــان بەبۆنەی ١٨ی شـــوباتی

(١) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧؛ نەوزاد فوئاد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ٩٤؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨.

(٢) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧؛ نەوزاد فوئاد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ٩٤؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨.

(٣) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٥- ١٦.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل ١٧.

(٥) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

ســـاڵی ١٩٩٢[١]، بە زمانی کوردی دەرچووە. هەرچەندە ئیســـماعیل تەنیا نووســـیویەتی ((ڕۆژنامەی ١٨ شـوات ژمارە ١ی لە ١٨ی شـوباتی ١٩٩٢ دەرچووە))[٢]، بەڵام ژمارە ٣ی کە لەبەردەستمانە لە ١٧ی شوباتی ١٩٩٢ دەرچووە و ژمارە ٤ی لە ١٨ی شوباتی ١٩٩٢ و ژمارە ٥ی لە ١٩ی شوباتی ١٩٩٢ دەرچووە[٣]. لەسەر وێنەکەی نووسراوە (١٨ شوات ŞIWAT)[٤].

**١٨- ١٨ی شـوات:** ئەڤ بڵـــاڤۆکە ژ لایێ لقا ئێکەتیا قوتابیێن کوردســتانێ و ئێکەتیا لاوێن دیموکراتا کوردســـتانێ ل دهۆکێ دەردچوو، کو تایبەت ب بیرەوەریا ١٨ێ شـــواتێ ڕوژا دامەزراندنا ئێکەتیا قوتابی و لاوێن کوردستانێ بوو و ساڵانە ئێک هژمار ل مەها شـوباتێ ب ڤێ هەلکەفتێ دەردچوو. ژمـارا ساڵا ئێکێ ل شواتا ١٩٩٣ و دووماهیک هژمار ل شواتا ١٩٩٦ دەرکەفتییە[٥].

**١٩- تیشک:** گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی بووە، لەلایەن لێژنەی زانکۆی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردســـتانەوە دەرکراوە. ژمارە ١ی لە شـــوباتی ١٩٩٣ دەرچووە و تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچووە[٦].

**٢٠- خـــــامە:** گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشـــنبیری بووە، ڕێکخراوی کۆلێژی ئادابی زانکۆی ســـەلاحەدینی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردســـتان، بە پیتی لاتینی لە هەولێر دەریـدەکرد. خـامە یەکەمین بڵاوکراوەیە کە بە زاراوەی کرمـانجی خواروو بە پیتی لاتینی دەرکرابێ. ژمارە سفری ئەزموونی لە ٢ی ئایاری ١٩٩٣ بە قەبارەی نیو فۆڵسکاب دەرچووە. ژمـارە ١ی لە ١٧ی ئـایاری ١٩٩٣ دەرچووە و دوو ئەلبومی دوو لاپەڕەیی لەگەڵ بووە، کە تایبەت بووە بە وێنە و چالاکییەکانی ڕێکخراوی کۆلێژی ئاداب. ئەو ئەلبومەی لەگەڵ ژمارە ٢ی بووە، تـایبەت بووە بە بەرگی ئەو پەرتووک و نـامیلکـانەی کە بۆ فێربوونی لاتینی چاپکراون. پاش کۆنگرەی ئازادی و جیابوونەوەی یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردسـتان، بڵاوکراوەی خــــامە لەلایەن لێژنەی کۆلێژی ئادابی یەکێتی قوتابیانی کوردستان درێژەی پێدرا. ژمـــارە ٦ی لە ٥ی نیسـانی ١٩٩٤ بڵاوکراوەتەوە. ژمارە ٧ی دوا ژمارەیەتی لە ١٥ی تەمـــــووزی ١٩٩٦ بە لاپەڕەی فۆڵسـکابی لە دهۆک چاپکراوە،

(١) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

(٢) ئیسماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٤) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٩.

(٥) وەصفی حەسەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠١- ١٠٢.

(٦) نەوزاد فوئاد رەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ٩٩.

ئەلبومی ژمـــــارەکە تایبەتە بە چەند وێنەیەکی بارزانی نەمر، لەلایەن هەڤاڵ گوهدار ئیسـماعیل ئامـــادە دەکرا. دەسـتەی کارگێڕی گوهدار ئیسـماعیل، بەهزاد پیرموس، تاڤگە عومەر، پەیام ساڵەیی بوون[١].

**٢١- پێشــکەوتن و خەباتی قوتابیان:** ژمارەی هاوبەشـــی نێوان گۆڤاری پێشــکەوتنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و گۆڤاری خەباتی قوتابیانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە، لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان دەرچووە. ژمـــارە ١ی لە ١٨ی شوباتی ١٩٩٤ بە زمانی کوردی، بە بۆنەی یادی دامەزراندنی هەردوو یەکێتی قوتـابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستانەوە دەرچووە[٢].

**٢٢- دەنگ ڤەدان:** گۆڤاری یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردســـتان لێژنەی ناوچەی زاخۆ دەریدەکرد. تا ساڵی ١٩٩٨ تەنیا ١١ ژمارەی لێ دەرچووە[٣].

**٢٣- پەیامی لاوان لقی سـلێمانی:** بەرنامەکە لە سـەرەتادا بەناوی هەردوو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردســـتانەوە پێشـــکەش کراوە تاکو دوای کۆنگرەی ئازادی، دواتر لقی سـلێمانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردسـتان بە تەنیا لە تەلەڤزیۆنی سـلێمانی لە ٢١ی ئاداری ١٩٩٣ ئامادە و پێشـــکەشـــی کردووە. بەرنامەکە لەلایەن لوقمان غەریب ئامادەکراوە و لەلایەن هەریەک لەم کادرانەوە شـــاســـوار حەمە شـــەریف، پەری مەجید، یاسین قادر سەعد، جوان ئەحمەد ئیبراهیم، ناسکە جەلال، شاهۆ ئەمین پێشکەشکراوە.[٤].

**٢٤- قوتابی و لاوان (دهۆک):** ئەڤ ئێزگەهە ژ لایێ پشـکا ڕەوشـەنبیری یا ئێکەتیا قوتابی و لاوێت کوردســـتانێ لقا دهۆک- نەینەوا دهاتە ب ڕێڤەبرن و ب داهێنان و ڕەنجا فەرهاد مەلا حەمدی ل هەیڤا چریـــا ئێکێ ١٩٩١ ل باژێرێ دهۆک کەفتەکاری. بەرنامێت وێ ب کوردی و عەرەبی بوون، کارمەندێت وێ ئەحمەد عوسمان، تەیار سەلیم، خوشناڤ جەمیل، حەمدیا وەیسی، عادل حەسەن، هودا ئەحمەد سەبری، نسرەت هادی، ئاڵان حەمید سوری، نزار گەرماڤی، کەمال داود، سەلیم یونس ئامێدی، حەسەن نوری، ڕافیدا، هەروەسا ئیحسان

(١) عەبدوڵلا موحەممەد زەنگەنە، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ١٢٧؛ موسـا ئەحمەد، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ل ١٧- ١٨؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٨٦- ٨٨؛ نەوزاد فوئاد رەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ٩٩.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٣) ئیسماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.

(٤) نەوزاد فوئاد رەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ٩٦.

ئامێدی، ئەحمەد عەبدوڵا جاسـم، عەبدولوەهاب خالید، حەسـەن شـەبیبە و ئیحسـان باجلوری ڕولەکێ کاریگەر هەبوو د دانانا بەرنامێت ڤی ئێزگەی. ل هاڤینا سـاڵا ١٩٩٢ پەخشا وێ ڕاوەستیا[١].

**٢٥- لاوان و قوتـابیان (دهۆک)**: ڕادیۆی قوتابیان و لاوان بووە، لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لقی دهۆک- نەینەوای یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردسـتان، ڕادیۆیەک لەو دەڤەرە دەکەنەوە تا سـاڵی ١٩٩٤ بەردەوام دەبێت و ڕۆژانە ١٢ کاتژمێر بەرنامەکانی خۆی پەخش دەکات و بەرنامەکانی بریتی بووە لە ڕوومـاڵکردنی کاروچالاکییەکانی لاوان و قوتابیان، لەگەڵ چەنـدین بەرنـامەی هەمەڕەنگی هونەری و ڕۆشـنبیری و لاوانەی هەبووە. بەڕێوەبەری ئەم ڕادیۆیە حەسـەن نوری بووە و نـاوبراو کـادرێکی پێشـکەوتووی لاوان بووە[٢].

**٢٦- (FM)ی قوتابیان و لاوان/ دەنگی لاوان:** ئەم ئێزگەیە لە سـاڵی ١٩٩٢ لەلایەن یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردسـتان سـەرەتا بە ناوی (ئێزگەی FMی قوتابیان و لاوان) لە هەولێر دامەزراند. پاش سـاڵی ١٩٩٣ لە دوای ئەوەی ئەو دوو ڕێکخراوە جیابوونەوە، ئەم ئێزگەیە بە بەر یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردسـتان کەوت و نـاوی کرایە (دەنگی لاوان)، ڕۆژانە چەند کاتژمێـرێک بەرنامەکانی خۆی پەخش دەکرد و لە ساڵی ١٩٩٤ ئەم ئێزگەیە وەستاوە[٣].

**٢٧- دەنـگێ قوتابی و لاوان (هەولێر):** ئێزگێ دەنگێ قوتابی و لاوێت پارتی دیموکراتی کوردسـتان لقا هەولێر بوو. ل ١٨ێ ئادارا ١٩٩٢ ل شـاری هەولێر ل ئوتێل شـیراتۆن ل سـەر شەپۆلا (FM) پەخشا خو ڕاگەهاند. ئەڤ ئێزگە ب داهێنان و تەکنیکا فەرهاد مەلا حەمدی هاتە دانان. عادل حەسەن لایێ کارگێڕی ڤە ڕولەکێ کاریگەر هەبوو ژ بۆ دانانا ڤی ئێزگەی، کارمەندێت وێ ژیلوان تاهیر، زاگرۆس ئەحمەد کـەمال، ئالا محەمەد، دەریا کەریم، دونیا ئەحمەد و فەرهاد تەڵعەت... بوون. ل هاڤینا ١٩٩٤ ڕاوەستیا[٤].

**٢٨- دەنگی قوتابیان و لاوان:** یەکەم ڕادیۆی ناوخۆیی لە کوردسـتان لەلایەن یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردسـتان لە دوای ڕاپەڕینی سـاڵی ١٩٩١ دامەزرا و لە ئابی ١٩٩٢ لە شـاری

(١) وەسفی حەسەن ردێنی، ئێزگە و... سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.

(٢) نەوزاد فوئاد رەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ٩١.

(٣) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣.

(٤) وەسفی حەسەن ردێنی، ئێزگە و... سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧.

هەولێر لە باڵەخانەی شـیراتۆن، پەخشـی ڕادیۆی لەسـەر شـەپۆلی (FM) بە ناوی دەنگی قوتابیان و لاوان دەسـتپێکرد. لە کاتژمێر ٧ی بەیانی تا ٧ی ئێوارە بە چەندین بەرنامەی هەمەڕەنگی هونەری و ڕۆشـنبیری و سـیاسـی بەردەوام بوو. لە دوای بەسـتنی کۆنگرەی ئازادی لە سـاڵی ١٩٩٣ و جیابوونەوەی هەردوو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، بەڕێوەبردنـی ڕادیۆکە بەر یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردسـتان کەوت، لێرەشـەوە ناوەکەی گۆڕا بۆ ڕادیۆی (دەنگی لاوان) و بەردەوام بوو تاکو ئەو کاتەی بە بڕیارێک خرایە سـەر دەزگای ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندنی گوڵان، کە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دامەزرابوو[1].

## ت- ڕاگەیاندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان:

سـەر بە ڕێکخراوە جەمـاوەرییەکـانە کە چەنـدین بڵاوکراوە و بەرنـامەی ڕادیۆی و تەلەڤزیۆنی و ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی هەبووە، لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

**١- دایکایەتی نوێ:** گۆڤارێکی ڕۆشـنبیری شـۆڕشـگێڕە کە تەعبیر لە سـەختی ژیانی دایکایەتی کوردستان دەکرد. ژمـارە ١ی لە کانوونی دووەمی ١٩٦٣ دەرچووە[2]. ئەم گۆڤارە ٢ ژمـارەی لە سـاڵی ١٩٦٣ لێ دەرچووە، سـەرنووسـەری کامل بەسـیر و دەسـتەی نووسـەرانی بەهیە مەعروف (گزنگ)، ئەنجوم زوهدی (قەدەم خێر)، درەخشان شێخ جەلال (سولاف)[3].

**٢- لاپەڕەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ڕۆژنامەکاندا:**

**- لاپەڕەی (المرأة في اسـبوع) و (المرأة)ی یەکێتی ئـافرەتانی کوردسـتان لە ڕۆژنامەی (التآخي):** لاپەڕەی تایبەت بە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە زمانی عەرەبی بە ناوی (المرأة في اسـبوع) بووە و لە لاپەڕەی ٣ی ئەم ژمارانەی ڕۆژنامەی (التآخـي) دایە: ژمارە ٣٨٧ی ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٦٨، ٣٩٤، ٤٠٧، ٤٢٩ی ١١ی تشـرینی دووەمی ١٩٦٨). دواتر ناوی لاپەڕەکە کرایە (المرأة) و لاپەڕەی ٣ی ئەم ژمارانەی ڕۆژنامەی (التآخي)دایە (ژمـارە ٥٣٠ی ٥ی ئەیلوولی ١٩٧٠، ٥٣٦، ٥٤٨، ٥٥٤، ٥٦٠، ٥٦٦، ٥٧٢، ٦٢٩، ٦٣٤، ٦٤٦، ٦٥٢، ٦٦٠، ٦٦٦،

(١) نەوزاد فوئاد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، شوباتی ٢٠١٤، ل ل ٩٠- ٩١.

(٢) درەخشـان شـێخ جەلال حەفیدزادە، کورتەیەک لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئافرەتانی کوردسـتان و هەندێ لە بیرەوەرییەکانم، چاپی یەکەم، (چاپخانەی شڤان- ٢٠١٢)، ل ٤٨.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ خاتوو لیا سەیفەدین، (٢٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥).

٦٧٢،٦٨٢، ٦٨٨، ٦٩٣، ٦٩٩، ٧١١، ٧١٧، ٧٢٢،٧٢٨، ٧٣٩، ٧٤٥، ٨٠٨، ٨٠٩، ٨١٤، ٨٢٠، ٨٢٦، ژمارە ٨٣٢ی ١١ی ئەیلوولی ١٩٧١[١].

- **پاشـــکۆی (ملحق التآخي- صـــفحة اتحاد نســـاء کردســـتان):** دواتر ئەو لاپەڕەیە بووە پاشـکۆیەکی سـەربەخۆ بە ناوی (ملحق التآخي) کە پاشـکۆیەکی چوار لاپەڕەیی ڕۆژنامەی (التآخي) بووە، لاپەڕەکانی ئەو پاشـــکۆیە تایبەت بووە بە یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و یەکێتی مامۆستایانی کوردسـتان، کە هەر یەکەیان لاپەڕەی تایبەت بە خۆی هەبووە و بە هاوبەشـی دوو هەفتە جارێک ئەم پاشـکۆیەیان دەردەکرد. ئەم پاشـکۆیە لە دوای کۆنگرەی حەوتەمی (ی.ق.ک) دەیان ژمارەی لێ دەرچووە کە تا ســـاڵی ١٩٧٢ بەردەوام بووە[٢]. لاپەڕەی (صـــفحة اتحاد نساء کردستان) لە ژمارە ٨٦٢ی (ملحق التآخي- صفحة اتحاد نساء کردستان)ی ڕۆژی شەمە لە ١٦ی تشـــــــــرینی یەکەمی ١٩٧١دا دەرچووە[٣]. بە زمانی عەرەبی بووە و ئەم ژمارە و لاپەڕانەی وەرگرتووە: ژمارە ٨٨٤ی لە ١٠ی تشـــرینی دووەمی ١٩٧١ لاپەڕە ١٩ و ٢٠، ٩٠٣ لاپەڕە ١٢ و ١٣، ٩١٣ لاپەڕە ٩، ٩٢٦ لاپەڕە ١٤، ٩٣٢ لاپەڕە ٦، ٩٣٨ لاپەڕە ١٣، ٩٤٤ لاپەڕە ١٤، ٩٥٣ لاپەڕە ١٤، ٩٥٨ لاپەڕە ١٣، ٩٦٤ لاپەڕە ١٤، ٩٦٩ لاپەڕە ١٤، ٩٧٤ لاپەڕە ١٥، ٩٨٠ لاپەڕە ٢٠، ٩٨٦ لاپەڕە ١٥، ٩٩١ لاپەڕە ١٥، ١٠٠٣ لاپەڕە ١٣، ژمـارە ١١٣٢ی ٩ی ئەیلوولی ١٩٧٢ لاپەڕە ١١[٤].

- **لاپەڕەی (ئـــافرەتان) لە ڕۆژنـــامەی برایەتی:** لە دوای شەڕی ناوخۆ لاپەڕەی ئافرەتان لە ڕۆژنامەی برایەتی بە زمانی کوردی دەرچووە، ئەو لاپەڕانەی بەرچاومـــان کەوتوون ئەمانە بوون: ژمـارە ١ی لاپەڕەی (ئـافرەتـان) لە لاپەڕە ٢٣ی ژمـارە (٢١٤٢،٢١٤٣،٢١٤٤،٢١٤٥)ی ڕۆژنامەی برایەتی لە ٨ی تشـرینی دووەمی ١٩٩٥، لاپەڕە ٨ی ژمارە ٢١٤٧، لاپەڕە ٦ی ژمارە ٢١٤٩، لاپەڕە ١١ی ژمارە ٢١٥٢، لاپەڕە ١١ی ژمارە ٢١٧٧ لە ٢٤ی تەمووزی ١٩٩٦[٥].

**٣- دەنگی ئافرەت:** گۆڤارێکی ڕۆشـــنبیری ســـیاســـی بووە، دوایی بووەتە گۆڤارێکی وەرزیی ڕۆشنبیری ڕامیاری گشتیی. سەرەتا ئۆرگانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان- عێراق لقی ئاوارە بووە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان دەرچووە و دوای ڕاپەڕین لەلایەن مەکتەبی ســـکرتاریەتی

---

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٢) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٨-٣٩.

(٣) ملحق التآخي- صـفحة اتحاد نسـاء کردسـتان، عدد ٨٨٤، (١٠-١١-١٩٧١- مطبعة دار الجاحظ- بغداد)، ص ٢٠.

(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٥) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

ئافرەتانی کوردستان درێژەی بەدەرچوونی دایەوە. ژمارە ١ی لە شوباتی ١٩٨٦ بە ١٢ لاپەڕەی شێوە کتێب، ژمارە ٣ی لە ساڵی ١٩٨٧، ژمارە ٥ی لە ساڵی ١٩٨٨ و ژمارە ٦ی لە ئایاری ١٩٩٠ دوا ژمارەی بووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرچووبێت. ژمارە ٧ی لە تەمووزی ١٩٩٢ بە ٣٤ لاپەڕەی گەورە لە شاری هەولێر درێژەی بەدەرچوونی داوە لەسەر ناوی لقی هەولێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ژێر دروشمی (گۆڤارێکی ئاشتی و ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری) بڵاوکراوەتەوە. لە ژمارە ٩-یەوە لە زستانی ١٩٩٦ لە شارۆچکەی پیرمام دەرچووە و بووەتە (گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیری و ڕامیاری گشتیی)، ژمارە ١٠ی لە بەهاری ١٩٩٦ بە ٦٠ لاپەڕە دەرچووە و بووەتە (گۆڤارێکی وەرزیی ڕۆشنبیری ڕامیاری گشتییە) و ژمارە ١١ی لە هاوینی ١٩٩٦ دەرچووە، ژمارەی تایبەتی لە ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٦ دەرچووە، دواتر لە دەرچوون وەستاوە لە جێگەی ئەو گۆڤاری (وێ) دەرچووە. ژمارە ١٨ ڕێکەوتی لەسەر نەنووسراوە، ژمارە ١١ دوو جار دەرچووە، ١١ی (تایبەت) لە ١١ی کانینا بچیک ١٩٩٦ دەرچوویە، ژمارە ١١ خۆی بەس ساڵی ١٩٩٦ لەسەر نووسراوە. ژمارە ٣ تا ٦ لە ژمارە ١٠ و ١١ی (تایبەت) و ١٣ تا ١٨ و٢٥ و ٢٦ بە زمانی کوردی دەرچووینە، ژمارە ١١ و ١٩ تا ٢٤ بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە. ژمارە ٢٦ی لە ساڵی ٢٠٠٢ دەرچووە. ژمارە ٣ لە چاپخانەی خەبات لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستی شۆڕش ، ژمارە ١٠ ل چاپخانا کۆلێژا شەریعێ ل دهۆک، ژمارە ١١ لە چاپخانەی خەبات، ژمارە ١١ی (تایبەت) و ١٤ و ١٥ و ٢٠ و ٢١ و ٢٦ لە چاپخانەی ڕۆشنبیری لە هەولێر، ژمارە ٢٣ و ٢٤ لە چاپخانەی وەزارەت پەروەردە لە هەولێر چاپکراون. خاوەن ئیمتیازی لە ژمارە ١٠ تا ٢٦ شیرین ئامێدی بووە، سەرنووسەری لە ژمارە ١٠ و ١١ و ١١ی (تایبەت) پرشنگ فەلەکەدین کاکەیی، لە ژمارە ١٤ سنۆبەر سابیر بووە[١].

سنەوبەر سابیر بۆ ڕۆژنامەی برایەتی ((گۆڤاری دەنگی ئافرەت یەکەمین ژمارەی لە ١٩٥٣ لەلایەن ئۆرگانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان- عێراق لقی ئاوارە دەرچووە))[٢]، دوای گەڕان و پرسینێکی زۆر بۆمان دەرکەوت کە یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٨٦ دەرچووە نەک ساڵی ١٩٥٣.

---

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ ڕێناس نەورۆزی، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کوردستان، چاپی یەکەم، (چاپخانەی ڕۆشنبیری لە هەولێر- بەلجیکا- ٢٠١١)، ل ل ٣٢- ٣٤.

(٢) سنەوبەر سابیر، ئافرەت و ڕۆژنامەگەریی، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٢٥٧٠، (چوارشەممە ١٩٩٨/٤/٢٢- هەولێر)، ل ٢١.

٤- **ژیـــــن:** بڵاوکراوەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لقی دهۆک- نەینەوا، لە شاری دهۆک بە زمـــــانی کوردی کرمانجی ژووروو و عەرەبی بە ڕێنووســی ئارامی دەرچووە. ژمارە ١ی لە ئاداری ١٩٩٣ بە ٣٢ لاپەڕەی پێوانەی شێوە گۆڤاری ناوەندی دەرچووە و دوایی وەستاوە[١].

٥- **مافی ئافرەت:** گۆڤاری ئافرەتان بووە، ژمارە ســفری ئەم گۆڤارە لە ١ی نیســـانی ١٩٩٨ دەرچووە[٢].

٦- **لاوێژ/ ئاوێزە:** بـــڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری مانگانە بووە، لقی هەولێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە زمانی کوردی کرمانجی ناوین بە ڕێنووسی ئارامی یەکەمجار بە ناوی لاوێژ لە ژێر دروشمی (ئافرەت نیوەی جیهانە، یەکەم مامۆستای ژیانە) دەرکردووە. ژمارە سفری لە شـــوباتی ١٩٩٩ دەرچووە و ڕۆژنامە بووە، بەڵام ژمارەکانی دیکەی هەمووی بە بڵاوکراوە دەرچووینە، ژمارە ١ی لە ئاداری ١٩٩٩ ، ژمارە ٦ی لە ئابی ١٩٩٩ بە ١٢ لاپەڕەی فۆڵسکاب بووە. ژمارە ٨ی لاوێژ لە تشـــرینی یەکەمی ١٩٩٩ دەرچووە، دواتر نـــاوی گۆڕاوە بووەتە (ئاوێزە)، ژمارە ١٨ی ئاوێزەمان لەبەردەستە لە تشـرینی دووەمی ٢٠٠٩ دەرچووە[٣].

٧- **تیـرۆژ (TIROZ):** بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری مانگانە بووە، لقی سۆرانی یەکێتی ئافرەتانی کوردســـتان بە زمانی کوردی دەریدەکرد. ژمـــــارە ٣ی لە ئاداری ٢٠٠٠ دەرچووە، کە ســەرپەرشـتیاری نووسـینی بەیان تۆفیق و بەڕێوەبەری نووسـین، میدیا حەســەن بووینە و لەسەری نووسراوە (ئافرەت نیوەی کۆمەڵە). ژمارە ١٦ی لە تشــرینی دووەمی ٢٠٠١ بە ١٢ لاپەڕە دەرچووە و بەڕێوەبەری نووســینی بەیان تۆفیق بووە، لەســەری نووسراوە (ئافرەت نیوەی جیهانە، یەکەم مـامۆستای ژیانە، دایکە، خوشکە، خێزانە، بۆ پەروەردە لێـزانە)[٤].

٨- **دەنــگی نوێ:** گۆڤاری ئافرەتان بووە، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە هەولێر ٤ ژمارەی بە زمـانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەرچوواندووە، ٢ ژمـارەی دوایی بە زمـانی کوردی دەرکردووە. ژمارە ١ی لە تشـــرینی دووەمی ٢٠٠٣ و ژمارە ٦ی لە شوباتی ٢٠٠٥ دەرچووە، ژمارە ١ تا ٤ بە زمــــــانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و ژمارە ٥ و ٦ بە زمانی کوردی دەرچووە. ژمارە ٣ و ٤ لە چاپخانەی ڕۆشـــنبیری لە هەولێر و ژمارە ٥ و ٦ لە چاپخانەی

(١) ڕێناس نەورۆزی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣.

(٢) سنەوبەر سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ ڕێناس نەورۆزی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.

(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر چاپکراون. خاوەن ئیمتیاز شـیرین ئامێدی و سـەرنووسـەری سۆلاڤ ئەحمەد بوو[١].

٩- **سـەدای وێ:** بـڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە ڕۆژی "نا بۆ توندوتیژی"، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە هەولێر بە زمانی کوردی کرمانجی ناوین و ڕێنوسی ئارامی دەریکردووە. هەر لە تەنیشـت کلێشـەنی ئەم بڵاوکراوە تایبەتییە نووسراوە (سـەدای وێ سـەدایەکە بۆ گۆڤارێکی ڕۆشـنبیری کۆمەڵایەتی گشـتی، کە تواناکانی ئافرەتانی کوردسـتان دەخاتەڕوو، ئەویش گۆڤاری (وێ)یە، کە بەشـی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردسـتان دەریدەکات، لە چەند ڕۆژێکی داهاتوو دێتە بەردیدی خوێنەران و ڕۆشنبیرانی بەڕێز). ئەم بـڵاوکراوە تایبەتییە لە ٢٥ی تشـرینی دووەمی ٢٠٠٧ بە پێوانەی گەورە و وێنەدار و ڕەنگین دەرچووە[٢].

١٠- **وێ:** گۆڤارێکی ڕۆشـنبیری کۆمەڵایەتی گشـتیی بووە، یەکێتی ئافرەتانی کوردسـتان لە هەولێر مانگانە بە زمانی کوردی دەریکردووە. ژمارە ١ی لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧ و ژمارە ٦٥ لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٣ دەرچووینە. خاوەنی ئیمتیازی یەکێتی ئافرەتانی کوردسـتان و سـەرنووسـەری لە ژمارە ١ تا ٢٩-٣٠ کۆسار کەریم ڕۆژ و لە ژمـارە ٣١ تا ٦٥ سـەروین محەمەد تەها بووینە. دەستەی نووسەران ئەحلام مەنسوڕ، چنوور نامیق، سۆلاڤ محەمەد کاکەیی، نەسرین حەسـەن بوون، دەسـتەی پەیامنێران سـەروین محەمەد تەها، سـۆزان حەسـەن سـۆفیان، شـەونم ڕەزا مەحمود بوون. دواتر بەشـێک لە ئەندامانی دەسـتەی نووسەران گۆڕاون. ژمـارە ١ و ١٧ لە چاپخانەی ئاراس لە هەولێر، ژمارە ٢ تا ١٦ و ١٨ تا ٢٤ و ٣٢ تا ٣٩ و ژمـارە ٤١ و ٤٢ و ٤٨ تا ٥٣ لە چاپخانەی حاجی هاشم لە هەولێر، ژمارە ٣١ لە چاپخانەی ڕۆژهەڵات لە هەولێر و ژمـارە ٥٨ لە چاپخانەی ماردین لە هەولێر چاپکراون[٣].

١١- **هەنگاو:** بڵاوکراوەی یەکێتی ئافرەتانی کوردسـتان بووە، لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستانەوە دەرچووە. ژمـارە ٢ی لە ساڵی ٢٠٠٨ دەرچووە کە

---

(١) هەمان سەرچاوە.

(٢) ڕێناس نەورۆزی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥.

(٣) ڕێناس نەورۆزی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٩٦؛ ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

ڕۆژە عەبدوڵا شەریف سەرنووسەری بووە[1].

**١٢- ئــــاگا:** مانگنامەی گشــتی ئافرەتان بووە، یەکێتی ئافرەتانی کوردســتان- ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە زمـانی کوردی کرمانجی ناوین و ڕێنووسی ئارامی دەریکردووە. ژمارە ١ی لە ناوەڕاســتی ســاڵی ٢٠٠٨ دەرچووە، ژمارە ٦ی لە دوایی ســاڵی ٢٠٠٨ دەرچووە، پێوانەی گەورە و ڕەنگین و وێنەدار بووە[2]. ژمارە ١٨ی لە تشـــــــرینی دووەمی ٢٠٠٩ دەرچوو[3].

**١٣- المراة:** گۆڤاری ئافرەتــــان بووە، لقی نەینەوای یەکێتی ئافرەتانی کوردســتان بە زمانی عەرەبی دەریدەکرد. ژمارە ١ی سـاڵی یەکەمی لە تشـــــرینی دووەمی ٢٠٠٨ و ژمارە ٣ی ســاڵی یەکەمی لە حوزەیرانی ٢٠٠٩ دەرچووە، خاوەن ئیمتیـازی خســـــــرۆ گۆران و سەرنووسەری نەشوان ئەلقەس ئەلیاس بووە[4].

**١٤- کــــانی کوردستان:** گۆڤاری ئافرەتان بووە، لقی بەغدای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە زمانی عەرەبی دەریدەکرد. ژمارە ٢ی سـاڵی یەکەمی ٢٠٠٩ سـەرنووسـەرەکەی هند عەباس بووە[5].

**١٥- ئافریدە:** ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتی کۆمەڵایەتی بووە، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان- ئەنجوومەنی پـارێزگـای کەرکووک بە هەردوو زمـانی کوردی و عەرەبی دەریـدەکرد. ژمـارە ١ی لە ٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ دەرچووە، خـاوەن ئیمتیـازی ئەنجوومەنی پـارێزگـای کەرکووکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و سەرنووسەری میدیا جاف بووە. ژمـــارە ١٤ی لە شوباتی ٢٠١٠ دەرچووە کە دوا ژمارەی بووە[6].

**١٦- شــیکار:** گۆڤاری ئافرەتان بووە، پەیمانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردســتان بۆ پرســە کۆمەڵایەتیەکان لە هەولێر بە زمانی کوردی دەریدەکرد. ژمارە سفری ساڵی یەکەمی ساڵی

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
(٢) ڕێناس نەورۆزی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٨.
(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
(٤) هەمان سەرچاوە.
(٥) هەمان سەرچاوە.
(٦) جەمال خەزنەدار، سـەرچاوەی پێشـوو، بەرگی یەکەم (الف)، ل ٥١٢؛ صباح البازرگان، المصدر السابق، ص ١٥٢.

٢٠١٢، لە ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٤ بووەتە ساڵی ٢، لە ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١٥ بووەتە ساڵی ٣، لە ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠١٦ بووەتە ساڵی ٤، لە ژمارە ١٧-١٨ی ساڵی ٢٠١٧ بووەتە ساڵی ٥، لە ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠١٨ بووەتە ساڵی ٦، لە ژمارە ٢٥ی ساڵی ٢٠١٨ بووەتە ساڵی ٧، لە ژمارە ٢٩ی ساڵی ٢٠٢٠ بووەتە ساڵی ٨. ژمارە ٢، ١٠، ١٣، ١٤ لە چاپخانەی شەهاب لە هەولێر و ژمارە ١١-١٢ لە چاپخانەی خانی لە دهۆک چاپکراون. خاوەنی ئیمتیازی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و سەرنووسەری مەهاباد قەرەداغی بووە[1].

١٧- **بەڵێ (VOTE YES):** بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە ڕیفراندۆم بووە، لەلایەن یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دوو هەفتە جارێک بە زمانی کوردی دەرچووە. ژمارە ٣ی لە ١٦ی ئابی ٢٠١٧ بە ٤ لاپەڕە دەرچووە[2].

١٨- **هێلین:** بڵاوکراوەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بووە. ڕۆژنامەی هەولێر دەرفەتی بۆ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ڕەخساند و ٤ لاپەڕەی تەرخانکرد بۆ بڵاوکراوەی هێلین دوو هەفتە جارێک بڵاوبکرێتەوە[3]. هەرچەندە لە سایتی هێلین میدیای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان نووسراوە (ژمارە ١ی بڵاوکراوەی (هێلین) لە ژمارە ٣٣٢٤ی ڕۆژنامەی هەولێر لە ٢٤ی ئابی ٢٠٢٠ دەرچووە، دوا ژمارەی لە سایتەکەیان ژمارە ٤٦-٥ کە لە ژمارە ٣٦٧١ی ڕۆژنامەی هەولێر لە ١٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٢ بووە)[4]، بەڵام دوای ئەوەی ئێمە بەدواداچووغان بۆی کرد بۆمان ڕوون بووەوە؛ یەکەم ژمارەی ئەم بڵاوکراوەیە لە لاپەڕە (٧ تا ١٠)ی لە ژمارە ٣٣١٦ی ڕۆژنامەی هەولێر لە ١٠ی ئابی ٢٠٢٠، ژمارە ٣٣٢٤ی ٢٤ی ئابی ٢٠٢٠ دووەمین ژمارەیەتی و لە ژمارە ٤٠٠٥ی ڕۆژنامەی هەولێر لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ دەرچووە. لە یەکەم ژمارەیدا لە ١٠ی ئابی ٢٠٢٠ ناسک سەعید و شەیما مستەفا و نەسرین حەسەن سەرپەرشتیان کردووە، بەڵام لە ٢٤ی ئابی ٢٠٢٠ تا ٢١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣ ناسک سەعید و شەیما مستەفا سەرپەرشتیان کردووە و لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ لیا سەیفەدین سەرپەرشتی کردووە. تا ئێستاش بەردەوامە لە دەرچوون[5].

---

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاودەنگ فاڕووق، (هەولێر- ١ی شوباتی ٢٠٢٣)؛ د. ڤیان سلێمان، هێلین بڵاوکراوەیەک لە ئافرەتەوە بۆ ئافرەت، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ٣٣١٦، (٢٠٢٠/٨/١٠)، ل ١١.

(٤) http://helinmedia.org.

(٥) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

**١٩- هێلین:** گۆڤاری هەمەڕەنگی یەکێتی ئافرەتـــــانی کوردســـتانە. ژمارە ســـفری لە ١١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ لە هەولێر بە زمانی کوردی دەرچووە. سەرنووسەری ناسک سەعید و بەڕێوەبەری نووسین لیا سەیفەدین و خاوەن ئیمتیازی زیبا تەها بوون[١].

**٢٠- تـــــەوار:** گۆڤاری وەرزی بووە، بە زمانی کوردی لەلایەن یەکێتی ئافرەتانی کوردستانەوە دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بووە[٢].

**٢١- ژیـــــــانەوە:** ڕۆژنامەی ئافرەتان بووە، هەر ١٥ ڕۆژ جارێک بە زمانی کوردی لەلایەن یەکێتی ئافرەتانی کوردســـتانەوە دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی یەکێتی ئافرەتانی کوردســـتان بووە[٣].

**٢٢- بەرنـــــامە تەلەڤزیۆنیەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردســـتان لە حەفتاکان:** لە گۆشـــەی (تعقیب.. و رد..)ی لاپەرە ٢٠ی پاشکۆی (التآخي)دا، کە بەڕێوەبەری بەرنـــامە پێشنیارکراو و ناوخۆییەکان (سـەفوەت محەمەد فەرید ئەلنحاس) بۆ ڕۆژنامەی (التآخي) ناردووە، تێیدا هاتووە: (بۆ یەکێتی ئافرەتانی کوردســتان ناوەندی گشـتییەکەی لە ڕۆژنامەی (التآخي): لە لاپەڕەی (یەکێتی ئافرەتانی کوردسـتان)ی ژمارە ٨٦٢ی (ملحق التآخي- صـفحة اتحاد نسـاء کردستان)ی ڕۆژی شەمە لە ١٦ی تشـــــرینی دووەمی ١٩٧١دا، بابەتێک لە ژێر ناونیشانی (گرنگی دابینکردنی گۆشـەیەکی تایبەت بە یەکێتی ئافرەتانی کوردسـتان لە ڕادیۆی کوردی و تەلەڤزیۆنی کەرکووک و موسڵ)، ئێمە گۆشەی (البیت السعید) واتە (ماڵی بەختەوەر)مان بۆ یەکێتی ئـافرەتـانی کوردســـتـانمـان دابینکرووە لە ١ی تشـــــــــرینی یەکەمی ١٩٧١ پەخشـــــدەکرێـت تـا ئێســـتـاش بەردەوامە، کە لەلایەن ئەنـدامـانی یەکێتی ئـافرەتـانی کوردستانەوە پێشکەش دەکرێت و لە ڕێـی (الاثیر) پەخشدەکرێت. هەروەها بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیمان بۆ یەکێتیەکە دابین کردووە، تا لە کوردســـتان پەخش بکرێت، ســـەرۆکی یەکێتیەکە زەکیە ئیسـماعیل حەقی و سـەرۆکی لقی بەغدای یەکێتییەکە لێی ئاگادارن). لە هەمان لاپەڕە یەکێتی ئافرەتانی کوردســـتان وەڵامی پەیامەکەی ســـەفوەت محەمەدیان داوەتەوە و نووسیویانە (ئێمە سوپاسی بەڕێوەبەرایەتی بەرنامە پێشنیارکراو و ناوخۆییەکان

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ خاتوو لیا سەیفەدین، (٢٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥).
(٢) حبيب كركوكي، المصدر السابق، ص ٢٠٢.
(٣) المصدر السابق، ص ١٨٥.

لە دەزگای گشتی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان دەکەین، کە هاوکار بووە لەگەڵ یەکێتیەکەمان)[١].

**٢٣- هێلین:** ڕادیۆی سەربەخۆی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانە، لە ٢٩ی نیسانی ٢٠١٣ دامەزراوە، لە ماوەی ساڵانی کارکردنیدا سێ بەڕێوەبەری هەبووە نەرمین سندی، شەیما مستەفا و دلڤین شەماڵ[٢].

**٢٤- بەرنامەی (ئافرەت و جڤاک) لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان (زاخۆ):** بەرنامەی تایبەت بە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بووە لە زاخۆ، لە ٢٠١٨ تا ٢٠٢٣، نزیکەی ٢٣ بەرنامەی پێشکەشکراوە، پێشکەشکاری ئەدیبا عزەدین بووە[٣].

**٢٥- بەرنامەی (ئافرەت و پێگە) لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان (ئاکرێ):** بەرنامەی تایبەت بە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بووە لە ئاکرێ، لە ٢٠٢٠ تا ٢٠٢٣، ١٥ ڕۆژ جارێک ئەم بەرنامەیە پێشکەش دەکرا، پێشکەشکاری جیهان حاجی بووە[٤].

**٢٦- بەرنامەی (ئێڤارا دهۆک) لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان (دهۆک):** بەرنامەی تایبەت بە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بووە لە دهۆک، لە ٢٠٢٠ تا ٢٠٢٥، نزیکەی ٢٤٠ بەرنامەی پێشکەش کراوە، پێشکەشکاری ڕێژین عەبدولڕەحمان بووە[٥].

**٢٧- بەرنامەی (خەرمان) لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان (سلێمانی):** بەرنامەی تایبەت بە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بووە لە سلێمانی، لە ٢٠٢١ تا ٢٠٢٣، نزیکەی ١٢ بەرنامەی پێشکەش کراوە، پێشکەشکارانی لیا سەیفەدین و فریشتە عوسمان بوون[٦].

**٢٨- بەرنامەی (دەنگی ئافرەت) لە ڕادیۆی زاری کرمانجی (سۆران):** بەرنامەی تایبەت بە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بووە لە سۆران، لە ساڵی ٢٠٢٣ بۆ ماوەی شەش مانگ لەلایەن

(١) ملحق التآخي-صفحة اتحاد نساء كردستان، عدد ٨٨٤، (١٠-١١-١٩٧١- مطبعة دار الجاحظ- بغداد)، ص ٢٠.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ خاتوو لیا سەیفەدین، (٢٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥).

(٣) هەمان سەرچاوە.

(٤) هەمان سەرچاوە.

(٥) هەمان سەرچاوە.

(٦) هەمان سەرچاوە.

دهۆک خدر(دهۆک بەڕۆژی) سەرپەرشتی و پێشکەش دەکرا[1].

**دووەم: ڕێکخراوە پیشەییەکان:**

سەر بە ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی کۆمیتەی ناوەندی مەکتەبی سیاسی پارتییە، کە چەند مەکتەب و ناوەندێکی هەیە لێرەدا ئاماژە بەو مەکتەب و ناوەندانە دەکەین کە بڵاوکراوەیان هەبووە:

**ا- مەکتەبی کرێکار و جوتیاران:** سەر بە ڕێکخراوی پیشەییەکانە کە بڵاوکراوەی خۆی هەبووە، لێرەدا دەیخەینەڕوو:

**١- خەباتی کرێکاران:** گۆڤاری مەکتەبی کرێکار و جوتیارانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بە ناونیشانی یەکێتی نەقابەکانی پارێزگای سلێمانی. یەک ژمارەی لە شێوەی نامیلکەدا لە سلێمانی بە زمانی کوردی لە شوباتی ١٩٧٣ بۆ تێکۆشان لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجی نەتەوەیی و چینایەتی، لە ژێر بیر و باوەڕی پارتە پێشڕەوەکەی خەڵکی کوردستان- پارتی دیموکراتی کوردستان- بەسەرکردایەتی قارەمان مستەفا بارزانی بڵاوبووەتەوە. مەحمود مەلا عیزەت نووسیویەتی و لە چاپخانەی ڕاپەڕین چاپکراوە[2].

**ب- ناوەندی ڕۆشنبیری قەڵات:** سەر بە ڕێکخراوی پیشەییەکانە کە بڵاوکراوەی خۆی هەبووە، لێرەدا دەیخەینەڕوو:

**١- دەنگی قەڵات:** ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتی بووە، ناوەندی ڕۆشنبیری قەڵات مانگی جارێک دەریدەکرد. ژمارەیەکی ئەزموونی لە تەمووزی ١٩٩٩ بە زمانی کوردی بە ٤ لاپەڕە دەرچووە، ژمارە سفری لە ئەیلوولی ١٩٩٩، ژمارە ١٣ی لەبیر کراوە دەرنەچووە و ژمارە ١٤ی کە کۆتا ژمارەیەتی لە ئاداری ٢٠٠٤ دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی مەحمود محەمەد و سەرنووسەری محەمەد عەلی عوزێر بووینە[3].

---

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ خاتوو دهۆک بەڕۆژی، (١ی شوباتی ٢٠٢٥).

(٢) خەباتی کرێکاران، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٤٠، خولی چوارەم، (چوارشەمە ١٩٧٣/٢/٢٨- مطبعة الحوادث- بەغدا)، ل ٢؛ ڕەفیق سالح ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد عەلی عوزێر، (پیرمام- ١٧ی شوباتی ٢٠٢٥).

## تەوەری دووەم

## ڕاگەیاندنی مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگاکانی کۆمیتەی ناوەندی مەکتەبی سیاسی

کـــۆمیتەی ناوەندی مەکتەبی سیاسی پێکدێت لە مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگای (هەولێر، دهۆک، ســلێمانی- هەڵەبجە- ڕاپەڕین، نەینەوا، کەرکووک- گـــەرمیان، بەغدا) کە هەر مەکتەبێک بەرپرســە لە تێکڕای کاروبـــارەکانی پارتایەتی لە پارێزگاکەی خۆی و لقەکانی سنوورەکە لەخۆی دەگرێت. پێشـتر نـــاوی ئەنجوومەنی سـەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و لە کۆنگرەی ١٤ لە ساڵی ٢٠٢٣ نـــاوەکەی گۆڕا بۆ مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگا.

### ● مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگای هەولێر:

بەرپرسە لە تێکـــڕای کاروبارەکانی پارتایەتی لە سنووری پارێزگای هەولێر، پێشتر ناوی ئەنجوومەنی ســەرکردایەتی هەولێری پـــارتی دیموکراتی کوردســتان بووە. ئەم لقانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

**أ- لقی٢ی هەولێر:**

ئەم لقە نوێنەرایەتی پارتی و چالاکییەکانی لە هەولێر دەکات و کۆمەڵێک بڵاوکراوەی هەبووە وەک:

**١- ســەفین:** گۆڤارێکی ســیاســی و ڕۆشــنبیری بوو، مانگی دوو ژمارەی لێ دەرچووە، ڕاگەیاندنی لقی ٢ی پارتی دیموکراتی کوردســتان هەواڵ و چالاکی پێشــمەرگەی تێدا بڵاوکردۆتەوە. لەســەر زنجیرەی ژمارەکانی ســاڵانی ســەردەمی شــۆڕشــی ئەیلوول بڵاوکراوەتەوە، دواتر لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەســتی شــۆڕش بە زمانی کوردی دەرچووە. ژمارە ١ی لە مانگی تشــرینی دووەمی ١٩٦٧ بە سەرپەرشتی محەمەد مەلا قادر، لە ساڵی ١٩٦٨ مەجید ئەتروشی سەرنووسەر بووە، ژمارە ٣ی ساڵی ٢ی شوباتی ١٩٦٨، ژمـــارە ٩ی ساڵی ٢ی ئابی ١٩٦٨ دەرچووە. لەسەرەتادا بە ٨ لاپەڕە دەرچووە، ســـمکۆ بارزانی تێیدا کاریدەکرد، دواتر بوو بە ١٢ لاپەڕە و ٦٠٠ دانەی لێ چاپ دەکرا. ژمارەکانی خولی یەکەم تا ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بەردەوام بووە، دواتر

وەستاوە. پاش هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵان دووبارە خولێکی نوێ دەرچووەوە. ژمارە ٣٠ی لە ساڵی ١٩٨٠ و ژمارە ٣١ی لە مانگی ئەیلوولی ١٩٨٠، ژمارە ٣٢ی ساڵی ١٨ی لە کانوونی دووەمی ١٩٨٦، ژمارە ٣٣ی ساڵی ١٩ی شوباتی ١٩٨٦، ژمارە ٤٣-٤٤ی کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٨٧، ژمارە ٥٤ی حوزەیرانی ١٩٨٨، ژمارە ٥٦ی تەمووزی ١٩٨٩، ژمارە ٥٧ی ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ١٩٨٩، ژمارە ٥٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٥، ژمارە ٥٩-٦٠ی تەمووز و ئابی ٢٠٠٥، ژمارە ٦٠ی شوباتی ٢٠١٥ (لە دەستپێکی دووبارە بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارە زنجیرە ژمارە ٦٠ی وەرگرتووە، ژمارە ٦٣ی ئابی ٢٠١٦ و ژمارە ٦٤ی ٢٦ی ئایاری ٢٠١٧ دەرچووینە. خاوەن ئیمتیازی ژمارە ٥٨ پشتیوان سادق و سەرنووسەری ئیسماعیل عەباس کاکەشین و خاوەن ئیمتیازی ژمارە ٦٠ تا ٦٤ لقی ٢ی سەفین و سەرنووسەری ئاری فاروق نانەکەلی بوون[١].

٢- **سەفین:** پاشکۆی گۆڤاری سەفین لقی ٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق بوو. ژمارە ١ی لە ئابی ١٩٧٨ بە شەش لاپەڕەی قەبارە فوڵسکاب دەرچووە[٢].

٣- **الانصات (لقی٢):** بڵاوکراوەی ڕۆژانەی لقی ٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، دەستنووس بووە. ژمارە ١ی لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٩١ بڵاوکراوەتەوە. لە ژمارە ١ نووسراوە (بڵاوکراوەی ڕۆژانەی لقی ٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن بەشی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی لقەوە دەرچووە)، بەڵام لە ژمارە ٤ی ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٩١ نووسراوە (بڵاوکراوەی ڕۆژانەی لقی ٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن بەشی ڕاگەیاندنی لق دەرچووە). بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی دەرچووە. ژمارە ٦٦ بێ ڕێکەوت بووە و ژمارە ٦٧ دوو جار دەرچووە، یەکێکیان لە ٣٠ی ئایاری ١٩٩٢ و ئەوی دیکە لە ٣١ی ئایاری ١٩٩٢ و ژمارە ٦٨ لە ١ی حوزەیرانی ١٩٩٢ دەرچووە. ژمارە ٧٢ لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٩٢ دەرچووە و لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٩٢ ژمارەی لەسەر نییە و ژمارە ٧٤ لە ٧ی حوزەیرانی ١٩٩٢ دەرچووە. ژمارە ٧٥ لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٩٢ دەرچووە و لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٩٢ بە دواوە تا ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٥ کە لەبەر دەستمانن هەمووی بێ ژمارە دەرچووە[٣].

---

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ محەمەد مەلا قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤٩، ٧٤- ٧٦؛ ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥؛ وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٧- ٣٨، ٩٠.

(٢) ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

٤- **دێـــرین:** گۆڤاری مەکتەبی ڕاگەیاندنی لقی ٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. ژمارە ١ی لە ٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٥ بە زمـانی کوردی دەرچووە و لە چـاپخـانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر چاپکراوە، خاوەن ئیمتیازی پشـــتیوان ســـادق و ســـەرنووســـەری ئیسماعیل عەباس کاکەشین بووە[1].

٥- **ئێـــزگێ لقا ٢:** ل ٢٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٦ ل شارێ هەولێر پەخشا خۆ ڕاگەهاند. سالار عوسمان ڕێڤەبەرێ وێ بوو. کارمەندێت وێ عەبدولستار عاسم، شەیدا شێخانی، عەبدولخالق محەمەد، نەوال عەبدولخالق، ڕەعد خەتاب، هەلاو عەبدولخالق. ل هاڤینا ٢٠٠٠ هاتیە ڕاوەستاندن[2].

**ب- لقی ١٠ی سۆران:**

ئەم لقە نوێنەرایەتی پارتی و چالاکییەکانی لە ئیدارەی ســـەربەخۆی ســـۆران دەکات و کۆمەڵێک بڵاوکراوەی هەبووە وەک:

١- **زۆزک:** گۆڤاری لقی ١٠ی پـــــارتی دیموکراتی کوردســـتان بووە. ژمارە ١ی لە کانوونی دووەمی ١٩٩٩ و ژمـارە ٢ی لە شـــوبـاتی ١٩٩٩ بە زمـانی کوردی دەرچووە. خـاوەن ئیمتیازی عومەر عوسمان و سەرنووسەری ئازا سرێشمەیی بوونە[3].

**پ- لقی ١٦ی دەوروبەری هەولێر:**

ئەم لقە نوێنەرایەتی پـــــارتی و چالاکییەکانی لە دەوروبەری هەولێر دەکات و کۆمەڵێک بڵاوکراوەی هەبووە وەک:

١-**دەشت:** گۆڤاری لقی ١٦ی دەوروبەری هەولێری پـارتی دیموکراتی کوردستان بە زمانی کوردی بووە. ژمارە سفری لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٧ و ژمـارە ٣٧، ٣٨ی ١٠ی تشـرینی دووەمی ٢٠١٠ دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی کاکەمین نەجار بووە، سەرنووسەری لە سفر تا ١٥ ڕەفعەت ســەعید و لە ژمارە ١٦ تا ٣١ میقداد شـاســوار و لە ٣٢ تا ٣٧، ٣٨ خالید دەربەندی بوونە. ژمارە سفر لە چاپخانەی کاروان لە هەولێر، ژمارە ٢ تا ٧ لە چاپخانەی منارە لە هەولێر، ژمـارە ٨، ٩، ١٣ تا ١٥، ١٧، ٢٠، ٢٢، ٢٣ لە چاپخانەی هیڤی لە هەولێر

(١) هەمان سەرچاوە.

(٢) وەسفی حەسەن ردێنی، ئێزگە و... سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

چاپکراون[1].

**ت- لقی ٢٣ی مەخمور:**

ئەم لـــــــقە هیچ بڵاوکراوەیەک و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنێکیان نەبووە، هیچمان بەدەســـت نەکەوت.

**ج- لقی ٢٤ی شەقڵاوە:**

ئەم لقە نوێنەرایەتی پـــارتی و چالاکییەکانی لە شەقڵاوە دەکات و کۆمەڵێک بڵاوکراوەی هەبووە وەک:

**١-هەورێ:** گۆڤاری لێژنە ناوچەی شـــەقڵاوەی پارتی دیموکراتی کوردســـتانە، بە زمانی کوردی بووە. ژمارە ١ی لە ساڵی ٢٠٠٥، ژمارە ٣ لە ئاداری ٢٠٠٦ و ژمارە ٤ ساڵی لەسەر نییە. ژمارە ٢ و ٣ لە چـــاپخانەی ڕۆشنبیری لە هەولێر و ژمارە ٤ لە چاپخانەی منارە لە هەولێر چاپکراوە. خاوەن ئیمتیازی بڵند ئیســماعیل جەرجیس و ســەرنووســەری سامان حەمەدەمین عەلی بووە[2].

**چ- لقی ٢٦ی گوڵان:**

هیچ بڵاوکراوەیەک و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنێکی ئەم لقەمان بەدەست نەکەوت.

## • مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگای دهۆک:

بەرپرســـ لە تێکڕای کاروبارەکانی پارتایەتی لە ســـنووری پارێزگای دهۆک، پێشـــتر ناوی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دهۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. ئەم لقانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

**ا- لقی ١ی دهۆک:**

ئەم لقە نوێنەرایەتی پارتی و چالاکییەکانی دەکات لە موسڵ دواتر دهۆک نەینەوا ئێستاش دهۆک، کۆمەڵێک بڵاوکراوەی هەبووە وەک:

**١- دەنـــگێ کوردستان(صوت کوردستان):** گۆڤارەکا سیاسی خولی وەرزی بوو، ژ لایێ لقا ١ یا پارتا دیموکراتا کوردســـتانێ ل بەهدینان ب هەردوو زمـــــانێت کوردی و عەرەبی

(١) هەمان سەرچاوە.

(٢) هەمان سەرچاوە.

دەردکەفت، وتارێت سیاسی و کاروبارێن شۆڕشێ بڵاڤدکرد. ب ئامێرێ چاپێ ژ لایێ مەلا سەعید سمو تەلۆەیی دهاتە چاپکرن. ب ئامێرێ ڕۆنیۆ دهاتە ڕاکێشان. هژمارا ١ێ ل زڤستانا ساڵا ١٩٦٧ ل بارەگایێ لقا ١ ل گوندێ گەلناسکێ ل دەڤەرا دوسکیا و هژمارا ١٤ێ و دیماهیکێ ل بوهارا ساڵا ١٩٦٩ دەرکەفتیە. نڤیسەر محەمەد عەلی یونس توڤی بامەڕنی، مەلا حەمدی عەبدولمەجید ئەلسەلەفی، عەبدولکەریم فەندی، نەعمان عیسا بارزانی (ل وی دەمی بەرپرسێ لقا ئێک بوو)، مەلا ساڵح سلێڤانی، مەلا عەلی بەروشکی، مافپەروەر یوسف مەتی موسڵاوی یان مەلا خدر (کادرەکێ حزبا شیوعیا عێراقێ بوو) بوون[١].

٢- **پێش کەفتن/ پێشکەتن (التقدم):** بڵاڤۆکەکا ڕوشەنبیری و سیاسی بوو، ژ لایێ پشکا ڕەوشەنبیری ل لقا ١ یا پارتی دیموکراتی کوردستان هەر ١٥ ڕۆژا جارەکێ ب زمانێ عەرەبی دەرچووە. ئەڤ بڵاڤۆکە یا تایبەت بوو ب ئەندام و لایەنگرێت پارتی دیموکراتی کوردستان ل سنوورێ هەردوو پارێزگەهێت موسڵ و دهۆک. گوتارێت ڤێ بڵاڤۆکێ ب ئامێرێ چاپێ دهاتە چاپکرن و ب ئامێرێ رونیو دهاتە ڕاکێشان. هژمارا ١ێ ل ١٥ێ کانوونا دوویێ یا ١٩٧١ و هژمارا ١٧ ل ١٥ێ چریا ئێکێ یا ١٩٧١ دەرکەفتییە. هەر ژمارەکێ ٣٠٠ دانە لێ دهاتنە بڵاڤکرن[٢].

٣- **گازیا قوتابیان و لاوان:** بڵاوکراوەیەکی مانگانەی قوتابیان و لاوان بووە، لقی یەکی پارتی لە ساڵانی هەشتاکان دەریدەکرد، چارەسەری کێشەکانی لاوان و قوتابیانی دەکرد، بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە[٣].

٤- **اخبار مەتین:** بڵاڤۆکەکا دەنگوباسی بوو، بەشێ ڕاگەهاندنا لقا ١ یا پارتیا دیموکراتا کوردستانێ لە ناوچێت ئازادکری یێت بن دەستێ شۆڕشێ ب زمانێ عەرەبی دەردئێخست. بابەتێت کو بڵاڤدکرن دەنگوباسێت شۆڕش و هۆزان و داستان و قەهرەمانەتیا شۆڕشا گوڵان بووینە و گۆشەکا تایبەت ب شەهیدان هەبوویە، ڕووداوێت

(١) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧؛ وەصفی حەسەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

(٢) وەصفی حەسەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩؛ موسەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.

(٣) لە بڵاوکراوەکانی راگەیاندنی پارتیمان، ڕۆژنامەی خەبات(النضال)، ژمارە ٥٤٩، (کانونی دووەمی ١٩٨٤)، ل ٦.

ڕۆژانە یێت ناڤ سەنگەرێت پێشمەرگە و قەهرەمانەتیا وان تێدا بـلاڤدكرن. هژمارا ١یٚ ل ٢٠یٚ نیســانا ١٩٨٨ ب ٣ بەرپەڕان، هژمارا ٢یٚ ل ٢٩یٚ نیســانا ١٩٨٨ ب ٥ بەرپەڕان، هژمارا ٣یٚ كو هژمارەكا تایبەت بوویە ل ١٤یٚ ئایــارا ١٩٨٨ ب ٤ بەرپەڕان، هژمارا ٤یٚ ل ١٥یٚ ئایارا ١٩٨٨ ب ٤ بەرپەڕان و دوماهیک هژمـارا بەردەست ژمارە ٥ یا ٣١یٚ ئایارا ١٩٨٨ ب ٧ بەرپەڕان دەركەفتیە. هەرچـــــەندە ئسـیماعیل تەنیا نووسـیویەتی ((دوا ژمارەی ژمارە ٥ لە ١٥ی ئایـاری ١٩٨٨ دەرچووە))، بەڵام بەپێی ئەو ژمارانەی بەرچاومان كەوتوون لە دەســتەی ئینســكلۆپیدیا (ژمـــــارە ٥ لە ٣١ی ئایار دەرچووە نەک ١٥ی ئایار)[١].

٥-**بوتـــان:** ڕۆژنامەیا لقا ئێک یا پارتی دیموکراتی كوردستانیٚ لقا دهۆک- نەینەوا بوو، ب زمانیٚ كوردی دهاتە بلاڤكرن. هژمارا سـفریٚ ل ٢٥یٚ خزیرانا ١٩٩١، هژمارا ١٣ و داویێ ل سالا ١٩٩٢ هاتینە بلاڤكرن. هژمـــارا ٦ بەرەف ژوور پاشبەندەكا عەرەبی دگەلدا بوو، ڕۆژنامە ل دهۆكێ دهاتە بەرهەڤكرن و ل هەڤلێـریٚ دهاتە چاپكرن. دەستەكا نڤیسەرا سەعید دێرەشـی، كەریم بیانی، موحسـن قۆچان، نەجیب بــــالایی و بەهجەت هرۆری بوون[٢].

٦- **خالخالـۆک:** گۆڤارەكا تایبەت بوو ب زارۆكان كو پاشبەندیٚ ڕۆژناما بوتان بوو. ل هاڤینا سالا ١٩٩٢ تنیٚ هژمارەک ژێ دەركەفتیە. هەمـــان ستافیٚ ڕۆژنامەیا بوتان سەرپەرشتیا ڤیٚ گۆڤاریٚ دكر[٣].

٧- **ئـەڤرۆ/ الانصات- AL INSAT (دهۆک):** بلاڤوكەكا ڕۆژانە یا تایبەت ب دەنگ و باسا بوو. ب هەرسـیٚ زمانێت كوردی، عەرەبی، فارسـی ژ ئالیێ نڤیسـینگەها ڕەوشـەنبیری و ڕاگەهاندنا لقا ١ یا پارتی دیموکراتی كوردستان ل باژاریٚ دهۆک دەرچووە. ل سالا ١٩٩١ تا شواتا سالا ٢٠٠٠ نــــاڤیٚ ویٚ (الانصات-AL INSAT) بوو كە زیاتر لە ٢٥٠٠ ژمارەی لێ دەركەفتیە و پاشدا ناڤیٚ ویٚ هاتە گهۆڕین بۆ (ئەڤرۆ) كو هەتـا سالا ٢٠٠٣ بەردەوام بوویە. شـێوازیٚ بەرهەڤكرنا ویٚ چەند گەنجان گوهداریا ئێزگەهێن ناڤخۆیی و جیهانی دكرن و ئەو نوچە و شرۆڤەیێن پەیوەندی ب كوردستانیٚ ڤە هەین تومـار دكرن و پاشتر

(١) ئەرشـیفی مەكتەبی سـیاسـی پارتی دیموکراتی كوردسـتان؛ ئیسـماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٥.

(٢) موسەدەق تۆڤی، دیرۆكا.... سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٨٢.

ل سەر کاغەزێ تایپ دکرن و پشتی دیزاینێ ب شێوێ بـــڵاڤۆکەکێ کۆپی دکرن و بڵاڤدکرن. ل دەســتپێکێ ئەڤ بڵاڤۆکە بۆ چەند مەهەکا ب ســەرپەرشــتیا ســەگڤان عەبدولحەکیم دەرچووە. پاشی ل هاڤینا ساڵا ١٩٩٢ و تا دوماهیێ ب سەرپەرشتیا بەکر کوڤلی دەردچوو. ژ ستافێ بـــڵاڤۆکێ ئازاد سبغەتوڵا باوانی، رەبیع مەحمود، عومەر محەمەد عامر، عەبدولکەریم ئـــاکرەیی، چیا ئەحمەد شانە هروری، سەلام زاویتەیی، عومەر محەمەدتاهیر مایی، جخسی مستەفـــا، سەلاحەدین ئامێدی، فاروق ئەمین ئامێدی، ئەحمەد بادی، دیار بەکر کوڤلی...هتد[١].

سەبارەت دەرکەفتنا ژمـــارێت وێ بیروڕاییێت جیاواز هەنە؛ موسەدەق تۆڤی نڤێسیە ((هژمارا ١ێ ل ئیلونا ١٩٩١ هاتیە بڵاڤکرن ب نـــاڤێ ئەنسات، ژ هژمارا ٣٠٤٤ ڤە ب ناڤێ ئەڤرۆ هاتیە ناڤکرن و داوی هژمـــار ٣٨٣٣ بوو ل ٣٠ کانینا دوویێ یا ساڵا ٢٠٠٣ هاتیە بڵاڤکرن)) ، ئیسماعیل تەنیا نڤێسیە ((ژمـــارە سفری لە ٢٨ی ئەیلوولی ١٩٩١ تا شوباتی ٢٠٠٠ بەردەوام بووە، لە ژمارە ١٥٧٥ ناوی بووەتە (ئـــەڤرۆ) کە درێژەپێدەری (ئەنسات)ی ١ی شوباتی ١٩٩٦-٥)) و جەمال خەزنەدار نووسیویەتی ((لە ژمارە ٢٨٠٤ی ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٩٩ ناوی بووەتە ئەڤرۆ))[٢].

٨- **سەرەدان:** بـــڵاڤۆکەکا تایبەتی بوو، ڕاگەهاندنا لقا ١ یا پارتی دیموکراتی کوردستان ب زمانێ کوردی کرمانجی ژووروو- ئارامی، ل دور سەردانا بارزانی بۆ دهۆکێ ل ٢ێ کانینا مەزنا ١٩٩١ ب ١٤ بەرپەڕان دەرئێخستیە. لێ دەربارەی ڕێکەفتا دەرکەفتنا وێ وەسفی ڕدێنی ڕایەکا جیاواز نڤێســییە ((ب تنێ ئێک ژمارە ل ٢ێ کانینا مەزنا ١٩٩٣ دەرکەفتییە))[٣].

٩- **ڕاســتە ڕێ:** بـــڵاڤۆکا ئێکەتی زانایێن ئایینی یێن ئیسـلامی سـەر ب لقا ١ یا پارتی دیموکراتی کوردستانێ ڤەیە. هژمارا ١ێ ل ئادارا ساڵا ١٩٩٢ ل دهۆکێ دەرکەفتیە[٤].

(١) وەصـفی حەسـەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٤٦؛ موسـەدەق تۆڤی، دیرۆکا.... سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤؛ ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٦٢- ٢٦٣؛ جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم (الف)، ل ل ٢١٥- ٢١٦.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) عەبدوڵلا موحەممەد زەنگەنە، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٤٦؛ ئیسـماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٨؛ وەصفی حەسەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

(٤) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیسـماعیل ئیبراهیم، (دهۆک- ١٥ێ تەمووزا ٢٠٢٤).

**١٠- پـــــەیمان لاتینی:** ڕۆژنامەک سیاسـی ڕەوشـەنبیری گشـتی بوو، د گەل دەسـتپێکرنا ڕۆژناما پـــەیمان ژ لایێ لقا ١ یا پارتی دیموکراتی کوردستان دەستکرن ب بەرهەڤکرنا پاشبەندا پەیمان ب تیپێن لاتینی. یـا لاتینی وەک یا تیپێن عەرەبی بوو، چ ئەو هژمارێن وەک پاشـبەندا پەیمان دەرکەتی یـــان دەمێ خوەسـەر دەرکەفتی شـیا هەردوو واران هەمبێز بکەت. د گەل هژمـارا ١ یـا ١١ تیرمەهـــــا ١٩٩٤ێ یـا پەیمان دوو بەرپەڕ تەرخانکرن بۆ لاتینی، دووەمین هژماریش هەمـــان شـێوە، ل هژمارا ٣ بو ١٣ بوونە ٣ بەرپەڕ، هژمارا ١٤-١٥ هەڤپشک و خوەسەر ب تیپێن لاتینی دەرکەت، هژمـــارێن ١٦-١٧، ١٨، ١٩ جودا جودا ب تیپێن لاتینی دەرکەتن و دوماهیک هژمار ب تیپێن لاتینی دەرکەتی هژمارا ٢٠ بوو ب هەلکەفتا یوبیلا زێڕینا پارتـــــا دیموکراتا کوردســـتانێ. ئیسماعیل بادی و عیزەت فەندی سەرپەرشتییا پـەیمان لاتینی دکرن. پەیمانا لاتینی شیا هژمـارەکا باش ژ نڤیسکارێن ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ ل دور بەژنا خوە بجڤینیت[١].

**١١- پـــــەیمانا خانی:** پاشـبەندا هەفتینامەیا پەیمان بوو یا لایێ لقا ١ یا پارتی دیموکراتی کوردســتان، ب هەلکەفتا دامەزراندنا میهرەجانا خانی ل ڕوژێت ٢١ و ٢٢ و ٢٣ خزیرانا ١٩٩٥ دەردچوو[٢].

**١٢- پـــــەیمان (ئەدەب و هونەر):** پاشــکۆیا هەفتەنامەیا پەیمان ژ لایێ لقا ١ یا پارتی دیموکراتی کوردستان دەردکەفت، کو هەفتەنامەکا ڕەوشەنبیری- سیاسی بوو ب زمـانێ کوردی ل دهۆکێ دەردچوو. دوماهیک هژمـــــارا پاشــکۆیا پەیمان (ئەدەب و هونەر) ژمارە ١٢١ ل ١٩ێ شواتا ٢٠٠٣ دەرکەفتییە[٣].

**١٣- دوبـــــان:** بـــڵاڤۆکەکا هەیڤانە بوو، ژ ئالیێ لێژنا ناوچا سێمێلێ یا پارتی دیموکراتی کوردستان دهاتە بڵاڤکرن. تنێ دوو ژمـــارە لێ دەرکەفتینە یا ١ێ ل ئەیلوولا ١٩٩٦ و یا ٢ێ ل چریا ئێکێ یا ١٩٩٦[٤].

**ب- لقی ٨ی زاخـۆ:**

ئەم لقە نوێنەرایەتی پـــارتی و چالاکییەکانی لە ئێران دەکرد لە ساڵی ١٩٧٥ تا ناوەڕاستی

(١) موسەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠٢- ١٠٣.

(٢) وەصفی حەسەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا.... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٦٥.

(٤) موسەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٤.

نەوەدەکان، دواتر لە ساڵی ٢٠٠١ لە زاخۆ دەستی بەڕێکخستن کردووە، کۆمەڵێک بڵاوکراوەی هەبووە وەک:

١- **ڕزگاری/ ڕزگاری الخلاص/ ڕزگاری التحریر:** گۆڤارێکی سیاسی و ڕۆشنبیری گشتی ناوبەناو بوو، لقی ٨ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئێران بڵاویدەکردەوە. لە پەنابەرانی کوردی عێراقی لە ئێراندا دابەشکراوە و ژمارەکانی پەیتا پەیتا گەیشتوونەتە ئەوروپا و ئەمریکا و کەنەدا[١]. ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٨٤[٢]، ژمارە ٢ی لە نیسان و مایسی ١٩٨٤ و ژمارە ٧ی لە ئاداری ١٩٨٥ دەرچووە کە تایبەت بووە بە شەشەمین ساڵیادی کۆچی دوایی ڕابەری کورد مەلا مستەفا بارزانی. دوا ژمارەی کە لەبەردەستمانە ژمارە ٢٢ی تەمووزی ١٩٨٩. ژمارە ٢ و ٤ بە ناوی (ڕزگاری الخلاص) و ژمارە ٦ و ٨ بە (ڕزگاری التحریر)، ژمارەکانی دیکە هەمووی تەنیا ڕزگاری لەسەر نووسراوە. ژمارە ٤ تا ٦بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە. ژمارە ٢ و ٧ تا ٢٢ بە زمانی کوردی دەرچووە[٣]. لە ساڵی ١٩٨٦، تەنیا ٣ ژمارەی لێ دەرچووە[٤].

٢- **سپێدە:** گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی بوو، لقی ٨ی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق، لە شاری کەرەج/ ئێران دەرچوواندووە، بە زمانی کوردی کرمانجی خواروو-ئارامی و عەرەبی بوو. ژمارە ١ی لە هاوینی ١٩٩٢ دەرچووە[٥]. ژمارە ٥ی لە ساڵی ١٩٩٤ دەرچووە. سەرنووسەری عەبدولڕەحمان پاشا بووە[٦].

**پ- لقی ٩ی ئاکرێ:**

ئەم لقە نوێنەرایەتی پارتی و چالاکییەکانی لە قەزای ئاکرێ دەکات و کۆمەڵێک بڵاوکراوەی هەبووە وەک:

١- **الانصات (ئاکرێ):** بڵاڤۆکەکا تایبەت بوو ب دەنگوباسان، ل ئاکرێ ڕۆژانە ب هەردوو زمانێت کوردی و عەرەبی ژ لایێ پشکا ڕاگەهاندنا لێژنا ناڤخۆیی یا پارتی دیموکراتی کوردستان ل ئاکرێ دەردچوو، پاشرا ژی ژ باڵ لقا ٩ یا پارتا دیموکراتا کوردستانێ ڤە

(١) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١.
(٢) ئیسماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.
(٣) ئەرشیفی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان.
(٤) چاپەمەنییەکانمان لە ساڵی ١٩٨٦، خەبات، ژمارە ٥٦٩، (کانوونی یەکەمی ١٩٨٦)، ل ٤.
(٥) ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٦.
(٦) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

بەردەوامی پێ هاتیە دان. هەژمـــارا ئێکێ ل ٢٥ێ کانینا ئێکێ ١٩٩١ دەرکەفتیە. ئەڤ بڵاڤۆکە ب ســەرپەرشــتیا عەبدولســەمیع ڕەجەب شــەعبان و نەوزاد محەمەد ڕەجەب بوون. تـایبەت بوویە ب دەنـگوباسان کو دهاتنە بڵاڤکرن لسەر نڤیسینگەهـ و بەش و ئورگانێن لێژنا ناوچا ئاکرێ. هژمارا دومـاهیێ ل نیسانا ١٩٩٤ دەرکەفتیە[١].

٢- **سیپـە:** گۆڤارەکا ڕەوشەنبیری هەیڤانە ڕەوشەنبیری- گشتی بوویە، ژ ئالیێ لقا ٩ یا پارتا دیموکراتـا کوردســـتـانێ دهـاتە ژ ٤٠ هەتـا ٤٨ بەرپەڕێن ڕەنگـاوڕەنـگ و بـابەتێن هەمەڕەنگێن ڕەوشـەنبیری دهاتنە وەشـاندن و بڵاڤکرن. هژمارا ١ێ ل تیرمەها ٢٠٠٩ تا ژمارە ٧٠ی لە ئاياری ٢٠١٥ ل دەم و ژڤـانێن خو یێ دیاریکری دهاتنە بڵاڤکرن کو بۆ ٦ ساڵان بەردەوام بوویە. خاوەن  ئیمتیازی لە ژمــارە ٣ تا ٧ عەبدولخالق باپیری، لە ژمارە ٨ تا ٢٤ قادر قەچاخ، لە ژمارە ٣٠ تا ٧٠ ســەربەســت عومەر حەســەن(ســەربەســت تروانشـی) بووە. سەرنووسـەری لە ژمارە ٣ تا ٧٠ شـەمــــاڵ ئیسماعیل بووینە. دەستەکا نڤیسـەرا ئازاد مستەفا، شـەهاب ئــــاکرەیی، ئیدریس هەرکی، ئەلند ئاکرەیی، بورهان زێباری بوون. ل ڕادیۆیا (دەنگی کوردستان) ئــاکرێ کار ل سەر ڤێ گۆڤارێ دهاتە کرن و ل چاپخانا خـانی ل دهۆکێ دهاتە چاپکرن[٢].

**ت- لقی ١٨ی ئـامێدی:**

ئەم لقە نوێنەرایەتی پـــــارتی و چالاکییەکانی لە قەزای ئامێدی دەکات و کۆمەڵێک بڵاوکراوەی هەبووە وەک:

١- **الانصات (ئـــامێدی):** بـــڵاڤۆکەک تایبەت بوو ب دەنگوباسان ڕۆژانە ژ ئالیێ پشکا ڕاگەهاندنێ یا پارتـــا دیموکراتا کوردستانی یا ئێکگرتی ڤە دهاتە بڵاڤکرن. ئەڤ بڵاڤۆکە ل سەر پشک و نـاڤەندێن ڤێ پارتیی دهاتنە بڵاڤکرن، هەرچەند بڵاڤۆکەکا ڕۆژانە بوویە بەلێ ل بەر چەند هۆکـــــارەکان نەکارینە بەردەوام ڕۆژانە ئامادەبکەن[٣]. ب هەردوو زمـانێت کوردی و عەرەبی بوویە و هژمـارا ١ێ ل ١٩ێ تشرینا دوویێ ١٩٩٢ دەرکەفتیە. ژێدەرێت ڤێ بڵاڤۆکێ ڕادیۆیا لەندەن، دەنـــــگێ گەلێ کوردســتان، دەنگێ ئەمریکا،

(١) زێرەڤان تەمو، دیرۆکا ڕۆژنامەڤانیێ ل ئاکرێ ١٩٥٠- ٢٠٢٠، چاپا ئێکێ، (چاپخانەی جنگل- تەهران- ٢٠٢٠)، ل ٣٠- ٣١.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ موسەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٦٤- ١٦٥؛ زێرەڤان تەمو، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٧٨- ٧٩، ٨٤.

(٣) موسەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٤.

دەنگێ ئوپۆزسیۆنا عێراقێ، مۆنتۆ کارلۆ، ڕادیۆیـا کوێتی، ڕادیۆیا (شرق الاوسط)، ڕادیۆیا دیمەشـەق و ڕادیۆیا دەنگێ ئەڵمانیا بوون. ئەڤ دەنـــــگوباسـە ژ لایێ بەرهەڤکارێ ئەنساتێ محەمەد عەبدوڵا ئامێدی دهاتە بـــەرهەڤکرن و تومارکرن و پاشـان دهاتنە لێک ڤاڤارتن و پشترا ژ لایێ خانـما زکرا ئەحمەد سەعدوڵا ئامێدی دهاتنە کۆپی کرن[١]. دەربارەی دوماهیک هژمارا وێ موسـەدەق تۆڤی نڤێسـیە ((هژمارا ٣٥ دومــــاهیک هژمار ل ٢٩ێ کانینا دوویێ ١٩٩٣ دەرکەتییە))[٢] و سەردار هێتوتی نڤێسیە ((هژمــارە ٣٥ کو داوی هژمارە ل ٢٦ێ کانینا دوویێ ١٩٩٣ دەرکەفتیە))[٣].

٢- **سـیلاڤ:** گۆڤارا لێژنا ناوچا ئـــامێدیێ سـەر ب لقا ١٨ یا ئامێدیێ یا پارتی دیموکراتی کوردستانێ ڤەیە، ژمـارە ١ ل شوباتا ٢٠٠٦ ل ئامێدیێ دەرکەفتییە و تا نها بەردەوامە[٤].

٣- **دەنـــــگی قوتابی(خویندکار) و لاوان- سـەرسـنکێ/ دەنگێ جەماوەری/ دەنگێ کوردستانێ- ئامێدیێ:** ڕادیۆیا (دەنگێ کوردستانێ- ئـامێدیێ) لقا ١ یا پارتی دیموکراتی کوردسـتان ئێکەم ئێزگێ (FM)ێ کوردی پشـتی سـەرهەلدانێ ل باژێرێ سـەرسـنگێ ب ناڤێ ئێزگێ (دەنــــگێ خویندکار و لاوان) دەسـت دەتە پەخشــێ خۆ، کو ڕادیۆیەکا ڕەوشەنبیری گشتی بوو، سەر ب پارتی دیموکراتی کوردستانێ ڤە، ئەڤە ئێکەمین ڕادیۆیا پارتی دیموکراتی کوردستان بوو ل دەڤەرا بەهدینـــان پشتی سەرهلدانێ هاتیە دانان. ژێدەرێن ڕادیۆیێ یێن ناڤخۆیی ڕادیۆیا ناڤەندیا پـارتی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژنامە و بلاڤۆکێن پــــارتی و حزبێن دیتر بوون و ژێدەرێن دەرڤە ڕادیۆیا دەنگێ ئەمریکا و ڕادیۆیا لەندەن و ڕادیۆیا مۆنتیکارلۆ بوون.

سـەبارەت دەسـتکاربوونا وێ وەسـفی ڕدێنی نڤێسـیە ((ل ١٥ێ چریا ئێکێ ١٩٩١ ئەڤ ڕادیۆیە دەسـت دەتە کاری))، سـەردار هێتوتی نڤێسـیە ((ل ڕێکەفتی ١٧ێ چریا ئێکێ ١٩٩١ ئەڤ ڕادیۆیە دەست دەتە کاری))[٥].

---

(١) سـەردار هێتوتی، ڕاگەهاندن و ڕۆژنامەڤانیا دەڤەرا ئامێدیێ ١٩٩١- ٢٠١٣، چاپا ئێکێ، (چاپخانا خانی- دهۆک- ٢٠١٣)، ل ٤٠.

(٢) موسەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٤.

(٣) سەردار هێتوتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤٠- ٤١.

(٤) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـكلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیسـماعیل ئیبراهیم، (دهۆک- ١٥ێ تەمووزا ٢٠٢٤).

(٥) وەسـفی حەسـەن ردێنی، ئێزگە و... سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٦٠؛ سـەردار هێتوتی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ١٠.

ب ڕەنجا فەرهـــــاد مەلا حەمدی هاتبوو دانان و دروسـتکرن و پەخشـا خۆ ڕاگەهاند. هەموو بەرنامە ژی ب ڕەنگەکێ ئێکسـەر بوون، ناڤەندا ئێزگەی ل تاخێ سـەرهەلدان بوو ل باژێرێ سـەرسـنکێ و ب تنێ ڤێ ناڤەندا هەنێ ٣ ژوور هەبوون و ئێک سـتۆدیۆ بوو. ئەو ئامێرێ کو پەخشا بەرناما پێ دهـــاتە کرن ژ جۆرێ (ئەم پی فایەر) بوو، ژبەر نەبوونا هاروکاریا پێشـوەخت و دەسـتپێکێ ب ڕێکا ئامێرێن داگرتنێ یێت خەمخورێن ڤێ ئێزگەی کار برێڤە دچوو و هەموو کاسـێت ژی هەر یێت هەڤالێن ئێزگەی بوون. دەستپێکێ ل ژێر ڤی ناڤونیشانێ دەستپێکر (ڤێرە دەنـــگێ خویندکار و لاوانە، سەر ب لێژنا ناوچا سەرسنکێ یـا ئێکەتیا قوتابی و لاوێن دیموکراتا کوردستانێ)، پاشان ل هاڤینا ١٩٩٣ ڕادیۆ هاتە گرێدان ب نڤیسـینگەها پیشـەیی یـــا لقا ئێک یا پارتی دیموکراتی کوردستان، پاشان لێژنا ناوچا ئـامێدیێ و ناڤێ وێ دبیتە (ڕادیۆیا دەنگێ جەماوەری- ل دەڤەرا ئـــامێدیێ) و ل سەر هەمان پێلا ئێزگێ (خوێندکار و لاوان) وەشانا خۆە دکر و ناڤەندا وێ ژی هەر ل سەرسنکێ بوو، ل ٢٦ێ ئایارا ١٩٩٥ تێتە ڤەگوهاستن بۆ ئامێدیێ و ناڤێ وێ دهێتە گۆرین بۆ (ڕادیۆیـا دەنگێ کوردستانێ- ئامێدی).

ئێکەمجار ل دەمژمێر ٦ ئێڤاری هەتـــا ١٠ شەڤێ پەخش دکر، پاشی هاتیە ڤەگوهاستن بۆ ئامێدیی ل دەمژمێر ٧ سپێدێ هەتـا ٥ ئێڤاری پەخش دکر. دەستپێکێ زمانێ کوردی و سریانی و عەرەبی بوو، دەما چوویە ئامێدیێ بەس کوردی و سریانی بوو. ل سەرسنکێ پەخش کێم بوو بەس نزیکی بـــارەگەهێ وێ بوو پاشان بۆ سەرسـنک و سیارەتیکا و بامەڕنێ و ئامێدیێ بوو. لێ دەما چیتە ئــــامێدیێ پەخش دگەهیتە هەمی دەڤەرێ. ئێکەم بێژەرێ وێ یێ کچ زوزان ڕەسول بوو.

هەروەسـا دگەل دامەزراندنا ڕادیۆیێ نزار ئیحسـان ب کوردی و سـەلمان ئیسـحاق کو مەسیحی بوو، شیان ب هەرسێ زمانێن کوردی و سریـــانی و عەرەبی بەرناما د ئێک دەمدا پێشـکەش بکەن. ئەڤ ڕادیۆیێ بۆ ماوێ ١٠ سـالًا خزمەت کریە، ل ئادارا ١٩٩٢ جەنابێ سـەرۆک بارزانی سـەرەدانا ڤێ ڕادیۆیێ کریە. ل هاڤینا ٢٠٠٠ ب بڕیارەکا پارتی دیموکراتی کوردستان ڕادیۆ ئێکجاری تێتە دائێخستن و ئەرشیفا وێش دهێتە ڤەگوهاستن بۆ ڕادیۆیا (دەنگێ کوردسـتان) ل دهۆکێ. ل چریا ئێکێ ١٩٩١ تـــا نیڤا مەها خزیرانا ١٩٩٧، شەعبان سلێمان وەک ڕێڤەبەر و سەرپەرشتێ گشتی یێ ڕادیۆیێ بوو.

ڕێڤەبەرێن جێبەجێکـار ب ڤی ئـاوایی بوون، نەزیف محەمەد عەلی ئێکەم ڕێڤەبەرێ جێبەجێکارێ ڕادیۆیێ بوو بۆ ماوێ سێ مەهـــان پاشان نەوزاد زاهیر بۆ ماوێ سالەکێ بوو، پشـتی وی هشـیار ئەحمەد ل سـالًا ١٩٩٤ تا ١٩٩٥ بوو ل وی دەمی ناڤێ ڕادیۆیێ

ژی هاتە گهورین بۆ (دەنگێ جەماوەری) ل ئـامێدیێ، دەما کو ڕادیۆ دهێتە ڤەگوهاستن بۆ ئامێدیێ، شەعبان سلێمان هەموو کارێن ڕادیۆیێ دکەت تـاکو خزیرانا ١٩٩٧ و پشتی وی دڵشـاد سـاڵح دبیتە ڕێڤەبەر و ل هاڤینا ١٩٩٩ێ هەتـــا هاڤینا ٢٠٠٠ کو ڕادیۆ ب ئێکجاری ڕاتوەستیت، یوسف تۆفیق دبیتە ڕێڤەبەرێ ڕادیۆی[١].

کارمەنـــدێن وێ؛ ئەکرەم ئیبراهیم بەرواری، هوشیار ئەحمەد، ئیبراهیم ئیدریس، زۆزان ڕەســـوڵ، نەوزاد زاهیر وەک بێژەر و نڤیســـکار بووینە، ئەکرەم بەرواری وەک بێژەر، ئیبراهیم ئیـدریس، بەهزاد محەمەد ســـەلیم نێروەیی وەک بێژەر و ئـامـادەکـارێـت بەرنامان، ئـــازاد سـامی ئامێدی وەک بێژەرێ کوردی و لەیلا مەجید سـاوا وەک بێژەرا عەرەبی[٢].

٤- **دەنگێ کوردستان/ ئـــامێدی (لقا ١٨)**: ڕادیۆیەکا ڕەوشەنبیری گشتی بوو، سەر ب لقا ١٨ یا پارتا دیموکراتـــا کوردسـتانێ ڤە بوو. ل ڕێکەفتی ٢٦ی ئایـــاری ٢٠٠٦ دەسـت پەخشـێ خۆ یی ئاسـایی کریە، کو پێشـتر ل نەوروزا هەمان سـاڵ وەک تێسـت دەسـت پەخشـا خۆ کربوو. زمانێ ســـەرەکی کوردی بوو و پرۆگرام ب زمانێ سریانیش دهاتنە پێشکێش کرن. ل سەر پێلا (FM) ب فریکانسێت ئێکەمجار ل پێـــلا ٨٨ مێگاهێرتز بوو پاشـان (٨٩،٧ و ٩٦،٩) ل سـەرانسـەری ئـــامێدیێ و پشـکەکا دەڤەرا زاخۆ و شـنگال و سـێمێل و دهۆک و میسـڵ و شـێخان و ئـــاکرێ و هەولێر و هەریر و مێرگەسـورێ، ل دەمژمێر ٨ێ ســـپێدێ هەتا ٨ێ ئێڤاری دهـاتە پەخشـــکرن. ل ئیلونا ٢٠٠٧ دەمێن پەخشـێ دبیتە ٨ێ سپێدێ هەتا ٩ێ شـەڤێ. دڵشـاد بەرچی ڕێڤەبەرێ وێ بوو و ژ لایێ نڤیسینگەها ڕاگەهاندن و ڕەوشەنبیریا لقا ١٨ ڤە دهاتە سەرپەرشتیکرن. نـاڤەندا وێ ل تاخێ مەیدانێ بوو ل ئامێدیێ. دوو ستۆدیۆ هەبوون. ڕۆژانە ١٠ بلاڤۆکێت دەنگوباسان هەبوون. هەرچەنـدە ئەڤ ڕادیۆیە خۆ ب درێژەپێـدەرا ڕادیۆیـا (دەنگێ خوینـدکار و لاوان) و ڕادیۆیا (دەنگێ کوردسـتان) ل ئامێدیێ ل سـالا ١٩٩٥ ددانیت، لێ ل ڕێکەفتی ٢٣ی خزیرانا ٢٠١٠ ب ناڤەکێ دی و ل ئاڤاهیەکێ دی دەست دەتە خەباتێ و ناڤێ وێ دبیتە ڕادیۆیا (سیلاڤ)[٣].

٥- **سیلاڤ:** ڕادیۆ لە ١٧ی تشـــــرینی یەکەمی ١٩٩١ لە ئامێدی لەلایەن ناوەندی سیلاڤی

(١) سەردار هێتوتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠- ١٧.

(٢) وەسفی حەسەن ردێنی، ئێزگە و... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦٠- ٦١.

(٣) سەردار هێتوتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٤- ٢٥، ٢٧- ٢٨.

ڕەوشـەنبیری و ڕاگەیاندنی ئامێدی دامەزراوە[1]. لێ سـەردار هێتوتی نڤێسـیە ((ڕادیۆیا (سیلاڤ) پێشتر ب ناڤێ (دەنگێ کوردستان) سەر ب لقا ١٨ ڤە بوو لێ پشتی گوهرینا ناڤی بوویە ڕادیۆیەکا سەربخۆ سەر ب حزبێ ڤە نەما))[2].

٦- ١١٠ (**دێرەلوک**): ئەڤ ڕادیۆ ژ لایێ پارتی دیموکراتی کوردسـتانێ ڤە ئێکەم ڕادیۆ ل دێرەلوکێ ل سـەر پێلا (FM) دکەڤیتە کاری. ل ٥ێ ئیلونا ٢٠١٣ ل گوندێ هاریکێ سـەر ب دێرەلوک ب ڕەنجا بەهزاد یاسـین و ب ڕێڤەبەریا دلشـاد بەرچی دەسـت ب کاری دکەت. یا گرێدایی ب نڤیسـینگەها ڕاگەهاندن و ڕەوشـەنبیری یـا لقا ١٨ یا پارتا دیموکراتا کوردستانێ بۆ مەرەما پروپاگەندی و هەوا هەلبژارتنێت پەرلەمانا کوردستانێ یێت سـالا ٢٠١٣ هاتبوو دانان. بەرنامێت وێ ٢٤ دەمژمێری بوون، هیچ سـتۆدیۆیەک نەبووینە ناڤا سـتۆدیۆیێت ڕادیۆیا سـیلاڤ بەرنـامێت خۆ بەرهەڤ دکرن. کو هەمی بەرنامێت وێ ستران و دروشـم و دیدار دگەل بەربژێران بوون ل سـەر لیستا ١١٠ یـا پارتی دیموکراتی کوردسـتان. ب ئالاڤەکێ (ئار ڤی ئار ٣٠٠ وات) و ل سـەر فریکانسـا ٩٩.٥ پەخشـا خۆ دکر، دەنگێ وێ دگەهشـتە سـیارەتیکا و سـەڤرە، ل دەمژمێر ٧ سپێدەهیا ٢٠ێ ئیلونا ٢٠١٣ ئەڤ ڕادیۆیە ژ پەخشێ رادوەستیت[3].

٧- **دەڤەرا ئـامێدیێ/ لقا ١٨ یا پارتا دیموکراتا کوردسـتانێ**: مالپەرەکێ گشـتییە، ئێکەم مالپەرێ ئەلیکترۆنی کو ل دەڤەرا ئـامێدیێ دەسـت ب بلاڤکرنا بابەتان کری مالپەرێ www.amedye.com بوو. ل نیڤا دوویێ سـالا ٢٠٠٦ دەسـت ب دروسـتکرنا مالپەری هاتیە کرن و ل چریا ئێکێ ٢٠٠٦ کەفتیە خزمەتا خوینەران، ب زمانێ کوردی و چەند پشـکەکێن کێم بوون. خودانێ ئیمتیازا مالپەری محەمەد محسـن بوو و ل ژێر چاڤدێریا نڤیسـینگەها ڕەوشـەنبیری و ڕاگەهاندنا لقا ١٨ یا پارتی دیموکراتی کوردسـتان بوو، چیا ئیبراهیم ڕێڤەبەرێ مـالپەری بوو، پشتی چەند هەیڤەکێن کێم ل مالپەری نامینیت و ڕێبار ئیحسـان و نەشـوان خەلیل جهێ وی دگرن. پشـتی پێشـڤەچوونێ ژ بلی زمانێ کوردی هەردوو زمانێن ئینگلیزی و عەرەبی ژ مالپەری زیاد دبن. پشـکێن مالپەری (سـەرەکی، دەڤەرێ بناسـە، فولکلور، ئەدەب و هونەر، سـتران و موسـیقا، ناڤدارێت دەڤەرێ، شەهیدێن دەڤەرێ، ڕەنگاوڕەنگ، سەقا، لینک، پەیوەندی) ژ بلی دەنگوباسان

(١) صالح یوسف صوفی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگێ سێ، ل ١٠٢٦.
(٢) سەردار هێتوتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٤- ٢٥، ٢٨.
(٣) هەمان سەرچاوە، ل ل ٣٥- ٣٦.

و ئەرشیفی ژی. ل دەستپێکا ٢٠٠٨ عەلی حەفزولا دبیتە ڕێڤەبەرێ ماڵپەڕی و پشکێن مالپەڕی زێدە دبن. ل دوماهیکا ساڵا ٢٠٠٨ هەڤال لوتفی حەسەن دبیتە ڕێڤەبەر و ئەوژی پشکا زێدە دکەت. هەتا ساڵا ٢٠١٢ وەک زمانحالێ پارتی دیموکراتی کوردستان لقا ١٨ بوو، پاشان دبیتە ماڵپەڕێ کەرتێ ئەهلی. ل ٢٨ێ تەمووزی ٢٠١٣ ب ناڤێ لقا ١٨ یا پارتا دیموکراتا کوردستانێ دەست دایە وەشاندنا بابەتان ب شێوەکێ ئەلکترۆنی و ژ چەند پشکان پێک دهات. بزاڤ و چالاکیێن لقا ١٨ و لیژنێن سەر ب لقا ناڤبری ڤە بڵاڤ دکرن و زێدەباری بلاڤکرنا نوچەیێن دامودەزگەهێن میری و بوویەر و رویدانێن جڤاکی ل دەڤەرا ئامیدیێ، هەروەسا گرنگیێ ددەتە نوچەیێن کوردستانێ و عێراقێ و جیهانێ، ژ بلی ڤێ یەکێ گرنگیێ ددەتە شینوار و سروشت و کولتورێ دەڤەرا ئامێدیێ. خودانێ ئیمتیازێ فەریق فاروق بوو و سەرنڤیسەر و ڕێڤەبەرێ ماڵپەڕی عەلی ڕێکانی و کارێ کۆمپیوتەر نیزال بوو. پشکێن وێ (سەرەکی، دەنگوباس، پارتی دیموکراتی کوردستان، لقا ١٨، ئامێدیێ، پەرتووک، دەربارێ مە، ئەرشیف، پەیوەندی)، هەروەسا بلاڤکرنا شەهیدێن دەڤەرێ. ل ساڵا ٢٠١٣ ناڤەندا ڤێ ماڵپەڕێ د ناڤا ئاڤاهیێ لقا ١٨ دابوو ل کانیا ماڵا[١].

**ج- لقی ٢٠ی شێخان:**

ئەم لقە هیچ بڵاوکراوەیەک و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنێکیان نەبووە تا ئێستا[٢].

## • مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگای کەرکووک- گەرمیان:

بەرپرسە لە تێکڕای کاروبارەکانی پارتایەتی لە سنووری پارێزگای کەرکووک و گەرمیان، پێشتر ناوی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک- گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، ئەم گۆڤارەی هەبووە:

**ا- ڕۆژانەی کەرکووک:** گۆڤارێکی مانگانەی سیاسی ڕۆشنبیری گشتییە، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کەرکووک- گەرمیان بە زمانی کوردی

(١) سەردار هێتوتی، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ل ٩٢- ٩٤، ٩٨- ٩٩.
(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ سەعید مەموزینی، (٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥).

دەریدەکرد. ژمارە ١ی تا ٨ی لە ٢٠١٤ دەرچووە[١].

**هەروەها ئـەم لقانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:**

**ا- لقی٣ی کەرکووک:**

ئەم لقە نوێنەرایەتی پارتی و چالاکییەکانی لە کەرکووک دەکات و کۆمەڵێک بڵاوکراوەی هەبووە وەک:

**١- مەشـخەڵ(الشـعلة/ ینار):** گۆڤارێکی سـیاسـی نهێنی بوو، لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەوروبەری کەرکووک دەریدەکرد. ژمارە ١ی لە تشـــرینی دووەمی ١٩٦٨ دەرچووە[٢]. لەبەر ئەوەی کەرکووک شـــارێکی تێکەڵاو بووە، بۆیە ئەم گۆڤارە بە ســـێ زمـانـی کوردی و تورکمانی و عەرەبی بڵاودەکرایەوە. ئەم گۆڤـارە هەر لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی تا دوا ژمارەی وتاری پڕ لە جۆشـــی کوردایەتی بڵاودەکردەوە و ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە ســـنووری پارێزگای کەرکووک. ئەم گۆڤارە بە ڕۆنیۆ لە چاپ دەدرا[٣]. هەرچەندە لە ڕۆژنامەی خەباتدا هاتووە کە (گۆڤاری مەشخەڵ لە ساڵی ١٩٦٩ لەلایەن لقی کەرکووکی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق دەرچووە)[٤]. بەڵام ئەو ژمارانەی لە دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیا بەرچاومان کەوتوون، ژمارە ٢ی لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٦٩ دەرچووە و ئەوە دەسەلمێنێت کە ژمـارە ١ی لە ساڵی ١٩٦٨دەرچووە نەک ساڵی ١٩٦٩، هەروەها ژمارە ٤ی لە شوباتی ١٩٧٠ دەرچووە[٥].

**٢- بـــاوە گوڕگوڕ/ بابەگوڕگوڕ:** گۆڤارێکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتیی بووە، لەلایەن لقی ٣ی کەرکووکی پـارتی دیموکراتی کوردســـتـان بە زمـانی کوردی بە شـــێوەی خولی دەرکردووە. ژمارە ١ی لە ئابی ١٩٨٤ لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەســـتی شـــۆڕش بە ناوی (باوە گوڕگوڕ) دەرچووە، لە ژمارە ٣ی ئاداری ١٩٨٥ تا ژمـارە ١٥ی ناوی گۆڕاوە بۆ (بابە گوڕگوڕ) و دواتر وەسـتاوە. ژمارە ١٢-١٣ی تشـــــرینی یەکەم و دووەمی ١٩٨٦، ژمارە ١٤ی نیســان و مـــــایســی ١٩٨٧. لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە هەڵەبجە دەســتی

(١) https://zheen.org.

(٢) صباح البازرگان، المصدر السابق، ص ٢١.

(٣) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٨- ٣٩.

(٤) حول بعض فعـاليـات فروع و كوادر الحزب، جريـدة خەبـات، العـدد ٥١١، (حزيران ١٩٦٩- مطبعـة خەبات)، ص ١.

(٥) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

بەدەرچوون کردەوە[١]. لە ســاڵی ١٩٨٦ تەنیا ٩ ژمارەی لێ دەرچووە[٢]. بابەتی لەســەر تەعریبکردنی کەرکووک و شــێواندنی ڕووی نەتەوایەتی ئەم شــارە بڵاودەکردەوە[٣]. ژمارەی ١ی خولی ٢ لە شوباتی ١٩٩٦ لە ژێر دروشمی: دیموکراتی بۆ عێراق (ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان). یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی کەرکووک دوو ژمارەی لێ بڵاوکردەوە. ژمارەی ١ی قۆناغی ٢ی بە ناونیشــانی (گۆڤارێکی ســیاســی ڕۆشــنبیری گشتییە، مانگانە مەکتەبی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات) دەرچووە، ژمــارە ٣ی خولی ٢ی لە ١٦ی ئابی ١٩٩٦ دەرچووە کە خاوەن ئیمتیازی ژمارە ٣ نوری حەمە عەلی و ســەرنووســەرەکەی حەمە ســەعید کەلاری بوونە، لە ژمارە ٤ی خولی ٢ی ئاداری ١٩٩٧ ناوەکەی بووەتە (باوەگوڕگوڕ) لەگەڵ ژمارە ٥ی خولی ٢ی حوزەیرانی ١٩٩٧ لە هەولێر دەرچووە. ژمــارە ٤ و ٥ لە چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشــنبیری لە هەولێر چاپکراون و خاوەن ئیمتیـــازی ســەڵاح دەلۆ و عومەر ئەحمەد سەرنووسەر بوونە[٤].

٣- **دڵی کوردســـتان:** بڵاوکراوەی مەکتەبی ڕۆشــنبیری و ڕاگەیـانـدنی لقی ٣ی پـارتی دیموکراتی کوردســـتان بووە، بە زمانی کوردی لە کەرکووک دەرچووە. ژمارە ١٦ی لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٢ دەرچووە[٥].

٤- **یۆبیلی زێڕین(الیوبیل الذهبي):** بـــــڵاوکراوەی ڕۆژانە بووە، بەبۆنەی ٥٠ ســـاڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردســـتان لەلایەن ســـەرکردایەتی مەیدانی کەرکووک-سلێمانی حزب بە زمانی کوردی لە هەڵەبجە دەرچووە. ٧ ژمارەی لێ دەرچووە، لە ١٠ی ئابی ١٩٩٦ تا ١٦ی ئابی ١٩٩٦ دەرچووە. ســـەرنووســـەری حەمەی ئامۆزا و دەســـتەی نووسەران سەردار جاف و یوسف لەتیف و محەمەد سەعید کەلاری بوون[٦].

٥- **پەیـــــامی کەرکووک:** ڕۆژنامەیەکی ســیاســی ڕۆشــنبیری گشــتییە، لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردســتان لە کەرکووک دەریدەکات. بابەتەکانی ســیاســی و کۆمەڵایەتی و

---

(١) صباح البازرگان، المصدر السابق، ص ص ٢٧- ٢٨.

(٢) چاپەمەنییەکانمان لە ساڵی ١٩٨٦، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٥٦٩، (کانوونی یەکەمی ١٩٨٦)، ل ٤.

(٣) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی.. سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١.

(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٥) هەمان سەرچاوە.

(٦) صباح البازرگان، المصدر السابق، ص ٣٦.

وەرزشی و ئەدەبین. ژمارە ٥ی تشـــــرینی دووەمی ٢٠٠٤ بە ٨ لاپەڕە، بە زمانی کوردی دەرچووە. لە چاپخانەی ڕۆشنبیری لە هەولێر چاپکراوە. خاوەن ئیمتیازی لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرنووسەری لوقمان عەبدوللەتیف و جێگری سەرنووسەر وریا جاف بوون، دەستەی نووسەران مەهدی زریان، سەمیرە حسێن جاف، محەمەد شوانی، تایپ و دەرهێنانی هونەری مەریوان جەلال ڕەشید بوو. ناونیشانی کەرکووک- بارەگای لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان[١].

٦- **ڕۆژی زانکۆ (شمس الجامعة):** گۆڤاری لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە[٢]. ژمارە سفری لە حوزەیرانی ٢٠٠٧ و دوا ژمارەی ژمارە ١٢ لە نیسانی ٢٠٠٩ دەرچووە. دەستەی نووسەرانی حەبیب کەرکووکی و ئومێد سەباح و سامان بابان بوون[٣]. ژمارە ٥ و ٧ لە چاپخانەی ڕۆشنبیری لە هەولێر چاپکراون. خاوەن ئیمتیاز فەهمی فایەق و سەرنووسەر محەمەد خورشید بووە[٤].

٧- **الصــــــراحة:** گۆڤارێکی سیاسی ڕۆشنبیری مانگانەی گشتییە لەلایەن پەیوەندی نەتەوەیی لە لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەردەچێت. ژمارە ١ی لە ئەیلوولی ٢٠٠٧ بە زمانی عەرەبی دەرچووە. لە ژمارە ٣٤-٥وە بوو بە گۆڤار، ژمارە ٦٦ لە ئاداری ٢٠١١ و ژمارە ٣٥ لە ١ی تشـــرینی دووەمی ٢٠٠٧ دەرچووە، ژمارە ٤٢ تایبەت بووە بە یادی ١٦ی ئاب، ژمارە ٦٥ لە چاپخانەی نەورۆز لە کەرکووک چاپکراوە، خاوەن ئیمتیازی لە ژمارە ٣٥ تا ٥٥ نەجات حەسەن، لە ژمارە ٦٥ سەڵاح دەلۆ بوونە، سەرنووسەری ژمارە ٣٥ تا ٣٨ کامەران تاهیر، لە ژمارە ٤٠ تـا ٦٥ سامـان بابان بوونە، دەستەی نووسەرانی عمران ئەلقانونی، جەنگیز کەرکووکی و ئاسۆ ئەلحاج بوون[٥].

٨- **ئیمام قاســمی ئەمڕۆ (امام قاســم الیوم):** بڵاوکراوەیەکی مانگانەیە لەلایەن بەشـی ڕاگەیاندنی لێــــژنەی ناوخۆی ٤ی کەرکووکی پارتی دیموکراتی کوردســتان لە گەڕەکی ئیمام قاسم- کەرکووک دەرچووە. ژمـــارە سفری لە ئەیلوولی ٢٠٠٧ بە زمانی کوردی

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) صباح البازرگان، المصدر السابق، ص ١٣٥.

(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٥) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ صباح البازرگان، المصدر السابق، ص ١٣٧.

دەرچووە و تاکە ژمارەیە کە بەردەستە[1].

**٩- ڕۆژی کەرکووک:** گۆڤاری لقی ٣ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک- گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە بە زمانی کوردی دەرچووە. ژمارە ١ی لە ئاداری ٢٠١٤ لە کەرکووک و دوا ژمارەی کە لەبەردەستمانە ژمارە ١٠ لە نیسانی ٢٠١٥ دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک- گەرمیان و سەرنووسەری سەردار جاف بووە[2].

**ب- لقی ١٩ی چەمچەماڵ:**

ئەم لقە نوێنەرایەتی پارتی و چالاکییەکانی لە چەمچەماڵ دەکات و کۆمەڵێک بڵاوکراوەی هەبووە وەک:

**١- هیوا:** ساڵنامەیەکی تایبەتە بە یادی ئەنفالە، لقی ١٩ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە چەمچەماڵ بە زمانی کوردی دەریدەکات. لەسەری نووسراوە (لە فرمێسکەوە بۆ هیوا). ژمارە ١ی لە نەورۆزی ٢٧١٤ (نیسانی ٢٠١٤) بە ٤ لاپەڕە دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی لقی ١٩ی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرنووسەری ئیسماعیل هەنارەیی و نەخشەسازی ئەنجام سەعید بابان بووە[3].

**٢- هەژیان:** ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتی بووە، لقی ١٩ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە چەمچەماڵ بە زمانی کوردی دەریدەکرد. ژمارە سفری لە ئەیلوولی ٢٠٠٦ بە ٨ لاپەڕە و ژمارە ١ی لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ دەرچووە، خاوەن ئیمتیازی نوری حەمە عەلی، سەرنووسەری خالید عەبدول و دەستەی نووسەران هیوا حسێن، شەیدا خالید و عەبدوڵا سەنگاوی بوون. تەنیا ١٢ ژمارەی لێ دەرچووە[4].

**پ- لقی ٢٢ی گەرمیان:**

هیچ بڵاوکراوەیەک و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنێکی ئەم لقەمان بەدەست نەکەوت.

---

(١) صباح البازرگان، المصدر السابق، ص ١٣٨.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٣) هەمان سەرچاوە.

(٤) صباح البازرگان، المصدر السابق، ص ١٢١.

**پ- لقی ٢٥ی کەلار:**

هیچ بڵاوکراوەیەک و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنێکی ئەم لقەمان بەدەست نەکەوت.

## • مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگای سلێمانی- هەڵەبجە- ڕاپەڕین:

بەرپرســە لە تێکڕای کاروبارەکانی پارتایەتی لە ســنووری پارێزگای ســلێمانی و هەڵەبجە و ڕاپەڕین دەکات، پێشــتر ناوی ئەنجوومەنی ســەرکردایەتی ســلێمانی- هەڵەبجەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، ئەم لقانە لەخۆ دەگرێت:

**ا- لقی ٤ی سلێمانی:**

ئەم لقە نوێنەرایەتی پارتی و چالاکییەکانی لە ســلێمانی دەکات و کۆمەڵێک بڵاوکراوەی هەبووە وەک:

**١-ڕزگاری کوردستان/ ڕزگــاری:** گۆڤاری ناوبەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. لقی سـلێمانی پارتی دیموکراتی کوردسـتان بەرپرسـی گۆڤارەکە بوو، یەکەم جار ناوی ڕزگاری کوردستان بوو و دواتر بووەتە ڕزگاری و لەلایەن لقی ٤ی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بە زمانی کوردی دەرچووە. ڕزگاری وەک دەستە خوشکەکانی تری بە ڕۆنیۆ لە چاپ ئەدرا، بابەتەکانی بریتی بوون لە وتاری سیاسی، باسی شۆڕش و کاروباری سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان، بە نهێنی لە سلێمانی چاپدەکرا. ژمارەی ١ی (ڕزگاری کوردستان) لە ١ی گوڵانی ١٩٦٣، لە ژمارە ٥ی ساڵی ٥ لە ئابی ١٩٦٧-ەوە بووەتە (ڕزگاری)، ژمــارەی ٦ی بە ناوی ڕزگاری لە ١ی ئەیلوولی ١٩٦٧، ژمارە ٧ لە ٧ی ئاداری ١٩٦٩ دەرچووە، لە ژمارە ١٠ تا ژمارە ١٩-٢٠ ساڵی ٦ بووە و لە ژمارە ٢١ تا دوا ژمارەی بەردەستمان ژمارە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٧٠ ســاڵی ٧ بوو. ڕەفیق ســاڵح نووســیویەتی ((ژمارە ٤ی ســاڵی یەکەمی لە کانوونی یەکەمی ١٩٦٢ و ژمارە ٤ی ســاڵی ٢ لە کانوونی دووەمی ١٩٦٢ دەرچووە))، لێرەدا ڕەفیق ساڵح ساڵی ١٩٦٣ بەهەڵە تایپ کردووە بە ساڵی ١٩٦٢ دەرچووە[1].

**٢- ئەزمەڕ- ئەزمڕ:** گۆڤارێکی سیاسی و ڕۆشنبیری گشتییە، پارتی دیموکراتی کوردستان- یەکگرتوو- مەکتەبی ڕۆشــنبیری لقی ٤ لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەســتی شــۆڕش لە سلێمانی- هەڵەبجە دەرچووە. بابەتی سیاسی و ئەدەبی و فەرهەنگی تیا بڵاودەکرایەوە.

---

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ صالح یوسف صوفی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووێ، ل ٤٣٥؛ ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦؛ https://zheen.org.

ژمارەی ١ی خولی یەکەمی کانوونی یەکەمی ١٩٨٥ بە قەبارەی کتێب[١]، ژمارە ٢ لە کانوونی دووەمی ١٩٨٦ تا ژمارە ١٠ لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٦[٢] و لە ساڵی ١٩٨٦، ١١ ژمارەی لێ دەرچووە[٣].

خولی دووەم و سێیەمی ئەم گۆڤارە؛ بە ژمارە ١ لە ئەیلوولی ١٩٩١ لە سلێمانی دەستپێکردووە، جگە لە بەرگەکەی ٥٢ لاپەڕە بووە و هەر ئەو ژمارەیەی لێ دەرچووە[٤]. ئەم خولە وەک گۆڤارێکی دەوری سیاسی و ڕۆشنبیری بوو، بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لقی ٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەژێر دروشمی (دیموکراتی بۆ عێراق- خود موختاری بۆ کوردستان) دەریدەکات. لە تشرینی دووەمی ١٩٩٥ ژمارەی ١ی خولی سێیەم لە هەڵەبجەی شەهید دەرچووە، لەم خولەدا ٦ ژمارەی لێ دەرچووە[٥]. هەرچەندە جەمال خەزنەدار لە بارەی خولی سێیەمی نووسیویەتی ((٦ ژمارەی لێ دەرچووە))، بەڵام ئێمە تا ژمارە ٩ی خولی ٣ی تەمووزی ١٩٩٦مان بینیوە[٦].

٣- **ئەزمەڕ:** بڵاوکراوەی تایبەت بە کیمیابارانیکردنی شاری هەڵەبجە بووە، لەلایەن نووسینگەی لقی ٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق لە ١٦ی ئاداری ١٩٩٦ بە زمانی کوردی دەرچووە[٧].

٤- **گزنگی سلێمانی:** بڵاوکراوەی لێژنەی ناوچەی ٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان بە زمانی کوردی دەرچووە، ژمارە سفری لە ئایاری ١٩٩٧ دەرچووە[٨].

٥- **مەهاباد:** بڵاوکراوەیەکی تایبەت بوو بە یادی شەهیدبوونی پێشەوای نەمر قازی محەمەد و هەڤاڵەکانی. بەشی ڕاگەیاندنی لقی ٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق لە سلێمانی، بە زمانی کوردی کرمانجی خواروو- ئارامی دەریدەکرد[٩].

---

(١) جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم (الف)، ل ل ١٧٥- ١٧٦.
(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
(٣) چاپەمەنییەکانمان لە ساڵی ١٩٨٦، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٥٦٩، (کانوونی یەکەمی ١٩٨٦)، ل ٤.
(٤) عەبدوڵڵا موحەممەد زەنگەنە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.
(٥) جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم (الف)، ل ل ١٧٥- ١٧٦.
(٦) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
(٧) هەمان سەرچاوە.
(٨) هەمان سەرچاوە.
(٩) ئیسماعیل تەنیا، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٢.

**ب- لقی ١١ی ڕانیە:**

ئەم لقە نوێنەرایەتی پارتی و چالاکییەکانی لە قەزای ڕانیە دەکات و کۆمەڵێک بڵاوکراوەی هەبووە وەک:

**١- دەروازە:** ڕۆژنامەیەکی گشتی مانگانە بوو، بەشی ڕاگەیاندنی لێژنە ناوچەی ڕانیەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە زمانی کوردی کرمانجی خواروو- ئارامی دەریدەکرد. ژمارە سفری لە ٨ی شوباتی ١٩٩٢ و ژمارە ٨ی لە گەلاڕێزانی ١٩٩٢ دەرچووینە(١).

**٢- ڕێنوێن (Rewen):** گۆڤاری مەکتەبی ڕاگەیاندنی لقی ١١ی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بە زمانی کوردی لە هەولێر دەرچووە. ژمارە ١ی لە ئاداری ٢٠٠٩، ژمارە ٣ی تەمووزی ٢٠٠٩ ژمارەیەکی تایبەت بووە بە هەڵبژاردن، ژمارە ٤ی لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٩ دەرچووە و دوا ژمارەی بەردەستمان ژمارە ٥ ڕێکەوتی لەسەر نەنووسراوە. خاوەن ئیمتیازی هەڵۆ ئەحمەد کوردە و سەرنووسەرەکەی نیازی حەمە عەزیز بووە. ژمارە ١ لە چاپخانەی منارە لە هەولێر و ژمارە ٥ لە چاپخانەی کوردستان چاپکراون(٢).

**٣- دەروازە:** گۆڤارێکە دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لقی ١١ی پارتی دیموکراتی کوردستان بە زمانی کوردی دەریدەکرد. خاوەن ئیمتیازی هیوا گەیلانی بووە، ئەو گۆڤارەی بەردەستمانە بێ ژمارەیە و لە ١ی ئاداری ٢٠٢٢ دەرچووە(٣).

**٤- ٤/٢٤:** گۆڤاری لقی ١١ی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە(٤). هیچ زانیارییەکی دیکەمان دەست نەکەوت.

**٥- دۆکیۆمێنت:** بڵاوکراوە (گۆڤار)ی وەرزی دۆکیۆمێنتارییە، بۆ چالاکییەکانی لقی ١١ی پارتی دیموکراتی کوردستان. خاوەن ئیمتیازی لقی ١١-یە و دەستەی ئامادەکاری ستافی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لقی ١١-یە. ژمارە ٣ی لە ١ی ئاداری ٢٠١٤ دەرچووە لە سەروتارەکەی نووسراوە (سێهەمین ژمارەی گۆڤاری دۆکیۆمێنت)، کەواتە بە گۆڤار هەژمار

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٤.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٣) هەمان سەرچاوە.

(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر بەکر، (هەولێر- ١ی شوباتی ٢٠٢٣).

دەکرێت[١].

**پ- لقی ١٢ی هەڵەبجە:**

ئەم لقە نوێنەرایەتی پارتی و چالاکییەکانی لە هەڵەبجە دەکات و کۆمەڵێک بڵاوکراوەی هەبووە وەک:

**١- ئەمریکاناسی:** ئەم گۆڤارە تایبەتە بە وەرگێڕان و توێژینەوە لە ژمارە ٤-ەوە چۆتە سەر لقی ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان. ژمارە ٤ی لە زستانی ٢٠١٣ و ژمارە ٥ی لە بەهاری ٢٠١٣ دەرچووە، لە چاپخانەی کەمال چاپکراوە. خاوەن ئیمتیازی عەبدوڵا ئەحمەد محەمەد و سەرنووسەری ماجد خەلیل بووە[٢].

**٢- دۆسیەی هەڵەبجە:** گۆڤارێکە دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لقی ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەریدەکرد. ژمارە ١ی لە ٢٦ی نیسانی ٢٠١٣ و ژمارە ٢ لە ١٦ی ئاداری ٢٠١٩ بە زمانی کوردی دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی فاروق عەبدولکەریم و سەرنووسەری ژمارە ١ی ماجد خەلیل و ژمارە ٢ی فاروق عەبدولکەریم بووە[٣].

**ت- لقی ٢١ی دەوروبەری سلێمانی:**

ئەم لقە نوێنەرایەتی پارتی و چالاکییەکانی لە دەوروبەری سلێمانی دەکات و کۆمەڵێک بڵاوکراوەی هەبووە وەک:

**١- ئەزمەڕ:** لقی ٢١ی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە زمانی کوردی دەرچوواندووە. ژمارە ١ی لە ساڵی ٢٠٠٧ و ژمارە ١٤ی لە ساڵی ٢٠١١ دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی فازڵ ڕەئوف و سەرنووسەری لە ژمارە ١ تا ژمارە ١٠ مستەفا ئیبراهیم و لە ژمارە ١٢ و ١٤ بەرهەم شێخ عزەدین بووە. ژمارە ١ لە چاپخانەی منارە لە هەولێر، ژمارە ٦ و ٧ لە چاپخانەی دیلان لە هەولێر و ژمارە ١٤ لە چاپخانەی شەهاب لە هەولێر چاپکراون[٤].

(١) هەمان سەرچاوە.
(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
(٣) هەمان سەرچاوە.
(٤) هەمان سەرچاوە.

## • مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگای بەغدا:

بەرپرسە لە تێکڕای کاروبارەکانی پـــارتایەتی لە سنووری پارێزگای بەغدا دەکات، ئەم لقانە لەخۆ دەگرێت:

**ا- لقی ٥ی بەغدا:**

ئەم لقە نوێنەرایەتی پارتی و چالاکییەکانی لە بەغدا دەکات و کۆمەڵێک بڵاوکراوەی هەبووە وەک:

**١-بۆ پێشەوە:** بڵاوکراوەی ناوخۆیی لقی پارتی دیموکراتی کورد بە زمانی عەرەبی و کوردی دەرچووە، وەک دیارە بە دەسـت نووسراوەتەوە و بە کاربۆن دانەیان لێگیراوە. ژمارە ٣ بە ٨ لاپەڕە دەرچووە. بەپێی وێنەی ئەم بڵاوکراوەیە بێـت بـابەتەکەی لاپەڕە ١ی کە لە بڵاوکراوەی (خــــەباتمان) وەرگیراوە دەردەکەوێت ئەم بڵاوکراوەیە لە ســاڵانی چلەکان دەرچووە، چونکە بڵاوکراوەی خەباتمان لە چلەکان بڵاوکراوەتەوە(١).

**٢- خەباتمان:** بڵاوکراوەی ناوخۆیی لقی پارتی دیموکراتی کورد بە زمـانی عەرەبی و کوردی دەرچووە. وەک دیارە بە دەســـت نووسراوەتەوە بە کاربۆن دانەیان لێگیراوە. ژمارە ٨ی ساڵی یەکەم لە ســاڵی ١٩٤٩ بە ٦ لاپەڕە دەرچووە. بابەتەکانی زۆربەی عەلی حەمدی و ساڵح ڕوشـدی نووسـیویانەتەوە، دواتر ناوەکەی کرایە خەباتی کوردستان بەم ناوە وەک ئۆرگانی عەرەبی پارتی دیموکراتی کوردســـتان بەردەوام بوو. ئەم بۆچوونەیان هەڵەیە کە پێشـــتر لە خەباتی کوردســـتان باســـمان کردووە. هەرچەندە د. ســـامان جەلال وێنەی بڵاوکراوەکەی لە پەرتووکەکەی داناوە کە لەسەری نووسراوە ژمارە ٨ی ساڵی یەکەم ١٩٤٩ بڵاوکراوەی ناوخۆی پارتییە، بەڵام کە دێتە ناوەڕۆک ئاماژەی بە ســاڵی ١٩٥٦ کردووە وەک ڕێکەوتی دەرچوونی ئەم بڵاوکراوەیە و وەک بڵاوکراوەی جوتیاران دەداتە ناســـاندن، ئەمەش هەڵەیەکی زەقە(٢).

**٣- صوت کوردستان:** بڵاوکراوەی لێژنە ناوچەی بەغدای پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق

(١) سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥، ٨٣.

(٢) د. سامان جەلال، ئینسایکلۆپیدیای میدیای کوردی لە باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، (چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر- ٢٠٢٣)، ل ٥١٣؛ سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥-٧.

لە بـــــەغدا بە ڕۆنیۆ لە چاپ دەدرا و پەخش دەکرا. بە زمانی عەرەبی بووە.[١] ژمارە ١ی ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٦١، ٥ لاپەڕە بووە[٢]، ژمارە ٤ی لە ساڵی ١٩٦٢ و ژمارە ٨ و ٩ی لە ساڵی ١٩٦٨ دەرچووینە[٣]. لێرەدا عەبدولفەتاح بۆتانی وەک گۆڤار و بنکەی ژین وەک ڕۆژنامە ئاماژەیان پێکردووە.

٤-**صوت كوردستان** (**بەغدا**): بـــڵاوکراوەیەکی لقی بەغدای پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بە ڕۆنیۆ لە چاپ دەدرا و بە زمـــــانی عەرەبی بڵاودەکرایەوە، تیایدا دەنگوباسـی شـۆڕش بـڵاودەکرایەوە[٤]، لە ساڵی ١٩٨٦ دەرچووە[٥].

٥- **ڕزگاری:** گۆڤاری پێشـــمەرگەی کوردســـتانە، لقی ٥ی پێشـــمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردســـتان لە ســـلێمانی بە زمانی کوردی دەریدەکرد. ژمارەی ٢ی ســـاڵی یەکەمی لە تشـرینی دووەمی ١٩٦٧[٦] و ژمارە ٢ی لە ساڵی ١٩٦٦ دەرچووینە[٧].

٦- **الفدرالية**: گۆڤاری لقی ٥ی پارتی دیموکراتی کوردســـتان لە بەغدا بە زمانی عەرەبی بووە. ژمارە ســـفری ســـاڵی یەکەم لە ئایاری ٢٠٠٥ دەرچووە و ســـەرنووســـەرەکەی عەبدولجەلیل فەیلی بووە[٨].

٧- **١٦آب:** پاشکۆی ڕۆژنامەی (التآخي)یە، لەلایەن لقی ٥ی پـــارتی دیموکراتی کوردستان ژمارەیەکی تایبەت لە ٢٢ی ئابی ٢٠٠٦ بە زمانی عەرەبی لە بەغدا دەرچووە[٩].

**ب- لقی ١٥ی خانەقین:**

ئەم لقە نوێنەرایەتی پارتی و چالاکییەکانی لە خانەقین دەکات و کۆمەڵێک بڵاوکراوەی

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە، (هەولێر- ٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٣).

(٢) د. عبدالفتاح البوتاني، توزيع نشـــــرة حزبية بإسم (صوت كردستان)، مجلة الصوت الآخر، العدد ٨١، (الاربعاء ٢٠٠٦/١٢/٢٥)، ص ١١.

(٣) https://zheen.org.

(٤) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠.

(٥) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٦) ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

(٧) https://zheen.org.

(٨) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٩) هەمان سەرچاوە.

هەبووە وەک:

**١- سیروان:** گۆڤاری لقی ١٥ی خانەقینی پـــارتی دیموکراتی کوردستانە، بە زمانی کوردی دەرچووە. ژمارە ١ی لە ســاڵی ٢٠٠٨، ژمارە ٢٠ لە ســاڵی ٢٠١٤ و دوا ژمارەی کە لەلامان بەردەستە ژمارە ٢١ لە ساڵی ٢٠١٧ دەرچووینە. خاوەن ئیمتیازی لە ژمارە ١ تا ١٠ دیاری حسێن، لە ژمارە ١١ تا ١٤ ئەکبەر حەیدەر سۆرەمەری، لە ژمارە ١٥ لقی ١٥ی خانەقینی پارتی دیموکراتی کوردســتان و لە ژمارە ١٦ تا ٢١ جەعفەر شــێخ مســتەفا بووینە، سەرنووسەری لە ژمارە ١ تا ٩ محەمەد عەزیز و لە ژمارە ١٠ تا ٢١ عومەر عەلی شەریف بووینە[١].

## • مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگای نەینەوا:

بەرپرسە لە تێکڕای کاروبارەکانی پــارتایەتی لە سنووری پارێزگای نەینەوا دەکات، ئەم لقانە لەخۆ دەگرێت:

**ا- لقی ١٤ی موسڵ:**

هیچ بڵاوکراوەیەک و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنێکی ئەم لقەمان بەدەست نەکەوت.

**ب- لقی ١٧ی شنگال:**

هیچ بڵاوکراوەیەک و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنێکی ئەم لقەمان بەدەست نەکەوت.

## • گۆڤاری هاوبەشی نێوان لقی ٣ و لقی ٤ی پارتی:

**١- شەهیدانی کوردستان/ شەهیدان:** شەهیدانی کوردستان گۆڤارێکی سیاسی ڕۆشنبیری بووە، لێژنەی ڕاگەیـاندنی لقی ٣ی کەرکووک و لقی ٤ی ســلێمانی پارتی دیموکراتی کوردســتان لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستی شۆڕش بە شێوەی خولی دەریکردووە. یەکەم ژمارەی بە زمانی کوردی لە ساڵی ١٩٨٢ دەرچووە[٢]. لە ڕۆژنامەی خەبات نووسراوە (گۆڤاری شەهیدان بڵاوکراوەی خولی بووە)[٣].

---

(١) هەمان سەرچاوە.

(٢) صباح البازرگان، المصدر السابق، ص ٢٦.

(٣) لە بڵاوکراوەکانی راگەیاندنی پارتیمان، ڕۆژنامەی خەبات(النضـــال)، ژمارە ٥٤٩، (کانونی دووەمی ١٩٨٤)، ل ٦.

- **لقی ٦ و ٧ی ئەوڕوپا و ئەمریکا:**

ئەم لقە نوێنەرایەتی پارتی و چالاکییەکانی لە ئەوڕوپا و ئەمریکا دەکات و کۆمەڵێک بڵاوکراوەی هەبووە وەک:

**١- صــدى خەبات:** بــــڵاوکراوەیەکی خولی بووە، بابەتەکانی تایبەت بووە بە بەیاننامە و بڵاوکراوە و دەنگوباسی حزب، یەکەم خولی ژمارە ٦ی لە ساڵی ١٩٦٦ و ژمارە ٥ی لە ساڵی ١٩٧٥، دواتر خولێکی دیکەی لە ژمارە ١ی تشــرینی یەکەمی ١٩٧٦ تا ژمارە ٣ی ئەیلوولی ١٩٧٧ و ژمارە ٥ی لە ســاڵی ١٩٧٧ لەلایەن لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردســتانی بە زمانی عەرەبی دەرچووینە. لە ژمارە ٥ی دوایی شــوباتی ١٩٧٩ لەلایەن لقی ئەوڕوپای پارتی دیموکراتی کوردســتان لە ژێر دروشــمی (خەبات لە پێناو دیموکراتی بۆ عێراق و حوکمی زاتی ڕاستەقینە بۆ کوردستان) و ژمارە ١٠ی لە ساڵی ١٩٨٤ دەرچوونە [١].

**٢- دەنگی شــورش (صــوت الثورة الكردية)/ زوزک:** بڵاوکراوەی هەواڵییە پارتی دیموکراتی کوردســتان لقی ئەوڕوپا بە زمــــانی عەرەبی دەریدەکرد. ژمارە ١ی ٢٥ی نیســانی ١٩٧٤ دەرچووە. لە ژمارە ٢ی ٢٧ی نیســـانی ١٩٧٤ نووسراوە دەنگی شــورش(صــوت الثورة الكردية)، لە ژمارە ٧ی دوایی تشــرینی دووەمی ١٩٧٤ و ژمارە ٨ی ٥ی کانوونی دووەمی ١٩٧٥ تەنیـا نووسراوە دەنگی شــورش[٢]. دواتر نـاوەکەی گۆڕاوە بووە بە (زوزک) کە بڵاوکراوەیەکی خولی بووە، لە ئەڵمانیا بە زمـانی عەرەبی دەرچووە، ژمـارە ١ی لە ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩٧٥ دەرچووە، لەم ژمارەیەدا لە گۆشەی سەرەوەی لاپەڕە ١دا هاتووە: لەمەو دوا دەنگی شــورش لەژێر ناوی زوزک دەردەچێت[٣]. ژمـارە ٥ی لە ١٧ی ئاداری ١٩٧٥ دەرچووە، لە لاپەڕە ١ و ٤ی ئەو ژمارەیە چاوپێکەوتنی پەیامنێری ئاژانسی ڕۆیتەرز لەگەڵ بـارزانی نەمر هەیە، لە لاپەڕە ٢ و ٣ هەواڵەکانی پێشــمەرگە و کوردســـتان و ڕووداوەکانی هەفتەی تێدایە، لە لاپەڕە ٣ نووسراوە (هەرچەندە دامـان نابوو ئەو ژمارەیە تـایبەت بێـت بە یـادی نەورۆز و ئـادار، بەڵام بەهۆی ئەو هەواڵە گرنگانەی تـایبەت بە شـۆڕش پێمان گەیشـتن و چاوپێکەوتنەکەی سـەرکردەی کورد، بۆیە بابەتەکانمان گۆڕی)[٤].

(١) https://zheen.org؛ ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٢) نوزاد علي احمد، صحافة... المصدر السابق، ص ص ١١، ١٥، ٢٣، ٤٣.

(٣) المصدر السابق، ص ٦١.

(٤) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١.

ژمارە ٦ لە شوباتی ١٩٧٦ و ژمارە ٨ی لە نیسانی ١٩٧٦ دەرچووە[١].

٣- **پێشـمەرگە:** لەلایەن نوێنەری دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردسـتان دەرچووە، ژمارە ١ی لە تشـرینی یەکەمی ١٩٧٤[٢].

٤- **PESH MERGA:** گۆڤارێکی گشـتی بوو، لەلایەن نوێنەری دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە فنلەندا بە زمانی ئینگلیزی دەرچووە. ژمارە ١ی لە تشـرینی دووەمی ١٩٧٤ و ژمـارە ٢ی لە کـانوونی یەکەمی ١٩٧٤ و ژمـارە ٣ی لە کـانوونی دووەمی ١٩٧٥ دەرچووینە[٣]. بابەتەکانی بۆ سـەرنج ڕاکێشـانی هاوڵاتیانی ڕۆژئاوا بوو بەرامبەر بە مەسـەلەی کورد. پارتی دیموکراتی کوردسـتان- سـەرکردایەتی کاتی- بایەخێکی باشـی بەم گۆڤارە دابوو و گەلێ بابەت و هەواڵ و لێکۆڵینەوە تێیدا بڵاودەکرایەوە[٤]. ژمـارە ١٦،١٧ی لە یەک بەرگدا لە مایس و حوزەیرانی ١٩٨٣[٥] و ژمـارە ١٨ی لە ئاداری ١٩٨٩ لە لەندەن دەرچووینە[٦]. ئیسـماعیل تەنیا بەهەڵە نووسـیویەتی ((ژمارە ١ی لە دواییەکانی سـاڵی ١٩٧٧ دەرچووە))[٧].

٥- **نشـرة الاخبار الاسبوعية من اذاعة كردستان:** بـڵاوکراوەیە لەلایەن نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەسکەندەناڤیا بڵاودەکرایەوە، بە دەست نووسراوەتەوە و کۆپی کراوە، ژمارەیەک لە تشـرینی دووەم و ژمارەیەکیش لەکانوونی یەکەمی ناوەڕاسـتی حەفتاکان دەرچووە[٨].

٦- **Kurdistan Review:** بڵاوکراوەی گشـتییە، لەلایەن نوێنەری دەرەوەی پـارتی دیموکراتی کوردسـتان لە فنلەندا بە زمانی ئینگلیزی دەرچووە، ژمارە ١ی لە تشـرینی دووەمی ١٩٧٤ چەند بەڵگەنامەی وێنەیی و هەواڵ و شـیکردنەوەی لەسـەر کوردسـتانی

(١) ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.
(٢) نوزاد علي احمد، صحافة... المصدر السابق، ص ٣٥.
(٣) نوزاد علي احمد، صحافة... المصدر السابق، ص ص ١٢٣، ١٤٥.
(٤) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢.
(٥) ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.
(٦) www.hewalname.com.
(٧) ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.
(٨) نوزاد علي احمد، صحافة... المصدر السابق، ص ١٠٥.

تێدایە[١].

٧- **نشـــرة صحفية:** بڵاوکراوەی پـــارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەوروپا بە زمانی عەرەبی بڵاویدەکردەوە. ژمـارە ١ی لە ١٦ی ئاداری ١٩٧٥ دەرچووە[٢].

٨- **زاگرۆس:** گۆڤـارێکی ڕامیـاری و وێژەیی و هونەری بوو، لقی ٧ی پـارتی دیموکراتی کوردســتان لە ئەمریکا و کەنەدا بڵاویدەکردەوە. ژمـــــارە ١ی ســاڵی یەکەمی تەمووزی ١٩٧٨، ژمارە ٢ی ساڵی ٢ی تەمووزی ١٩٧٩، ژمــارە ٣ی ئاداری ١٩٨٠، ژمارە ٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٠، ژمارە ٥ی ئایـــــاری ١٩٨١، ژمارە ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٨٢، ژمارە ٧ی ئەیلوولی ١٩٨٢ و ژمـارە ٨، ٩ی حوزەیرانی ١٩٨٤ دەرچووینە. بۆ یەکەمین جـار بوو گۆڤارێکی کوردی لە ئەمریکا دەربچێت، بە زمـانی کوردی و عەرەبی بوو. تا کـانوونی دووەمی ١٩٨٤، تەنیـا ٨ ژمارەی لێ دەرچووبوو. فریـاد بـارزانی و محیەدین ڕەحیم لە ئەمریکا ئامێرێکی فۆتۆ زینکی کۆنەیان لە ماڵێک کڕی و ئەم گۆڤارەیان پێ چاپ دەکرد، ناوی خوازراوی فریاد بـــــارزانی لە نووسینەکان جوتیار بووە. بابەتەکانیان چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان و لقی ٧ و بەیـــــاننامەی حزبی و سیاسی و بابەتی هەمە ڕەنگ بوونە. فریاد بارزانی و محەمەد سـەعید دۆسـکی و محیەدین ڕەحیم ئەندامانی چالاکی ئەم گۆڤارە بوونە[٣].

٩- **وولات (Welat- الوطن):** بـــــڵاوکراوەی خولی ناو بەناو بووە، لقی ٦ی پارتیمان لە ئەوروپا بە زمانی عەرەبی دەریدەکرد[٤]. بابەتی مێژوویی و سیاسی لەسەر کێشەی کورد بڵاودەکردەوە. ژمـارەکـانی دەگەیشـــتە ئەمریکـا و کەنەدا. چەنـد ژمـارەیەکی لێ بڵاوکراوەتەوە[٥]. یەکەم ژمـارەی لە ئـاداری ١٩٨٢ دەرچووە. چەنـد ژمـارەیەکی کەمی

(١) المصدر السابق، ص ص ٥٦، ١٧١، ٢٠٨.

(٢) المصدر السابق، ص ١٠١.

(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان؛ لە بڵاوکراوەکانی راگەیاندنی پارتیمان، ڕۆژنـامەی خەبـات(النضـــال)، ژمـارە ٥٤٩، (کـانونی دووەمی ١٩٨٤)، ل ٦؛ وریـا جـاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢.

(٤) لە بڵاوکراوەکانی راگەیـاندنی پارتیمان، ڕۆژنامەی خەبات(النضـــال)، ژمارە ٥٤٩، (کانونی دووەمی ١٩٨٤)، ل ٦؛ https://zheen.org.

(٥) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩.

لێدەرچووە و وەســتاوە[١]. تا کانوونی دووەمی ١٩٨٤، تەنیا ٦ ژمارەی لێ دەرچووە[٢]، لە ســاڵی ١٩٨٦، تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووە[٣]. ژمارە ١٢ی لە ســاڵی ١٩٨٨ دەرچووە[٤]. وریا جاف و ئیسـماعیل تەنیا بەهەڵە نووسـیویانە ((لقی ٨ی پارتی دیموکراتی کوردسـتان لە ئەوروپا دەریدەکرد))[٥].

١٠- **News & Views KDP /KURDISTAN TODAY**: گۆڤارێک بوو، لقی ٧ی پارتی دیموکراتی کوردســـتان، لە ئەمریکا و کەنەدا بە زمانی ئینگلیزی دەریدەکرد. تەنیا یەک ژمارەی لە کانوونی دووەمی ١٩٨٧ لێ دەرچووە و وەســـتاوە. لە دوای ڕاپەڕین شـــەش ژمارەی تریشـــی لێ دەرچووە[٦]. ســەرنجی دابووە ســەر مەســەلەی کورد، ژمارە ١ی لە کانوونی دووەمی ١٩٨٧ بڵاوکراوەتەوە، تەنیا ئەو ژمارەی لێ دەرچووە. بابەتەکانی باسی کێشـــەی کورد لای بیانیەکان و کورد لە چاپەمەنیەکانی نێودەوڵەتی و دەنگوباس و چالاکی ڕێکخراوەکانی پارتی لە دەرەوە بڵاودەکردەوە. ناوبەناو بڵاودەکرایەوە، زۆر لە وتارەکانی ڕۆژنامەی خەباتی دەکردە ئینگلیزی و لە ئەوروپا و ئەمریکا و کەنەدا دابەش ئەکرا[٧]. ئیســـماعیل تەنیا و وریا جاف نووســـیویانە ((لە ژمارە ٢ ناوەکەی بووەتە (NEWS- KDP- VIEWS)))[٨]، خۆی لە ئەســـڵدا ناوەکەی ( NEWS & VIEWS KDP)، شـایەنی باســە تا ژمارە ٣ی ســاڵی یەکەمی شــوباتی ١٩٩٣ لە بەردەســتمانە لە دەســتەی ئینســكلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردســتان هەر بەناوی ( KURDISTAN TODAY) دەرچووە، ئەوەی بەڕێز ئیســـماعیل تەنیا و وریا جاف نووســـیویانە هەڵەی تێدا کراوە. دواتر بۆتە (NEWS & VIEWS KDP) کە لەلایەن لقی ئەمریکا و ئەوروپای پارتی دیموکراتی کوردســـتان لە لەندەن، بە زمانی ئینگلیزی بە ٨ لاپەڕە دەرچووە، ژمارە

---

(١) ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨.

(٢) لە بڵاوکراوەکانی راگەیاندنی پارتیمان، ڕۆژنامەی خەبات(النضـــال)، ژمارە ٥٤٩، (کانونی دووەمی ١٩٨٤)، ل ٦.

(٣) چاپەمەنییەکانمان لە ساڵی ١٩٨٦، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٥٦٩، (کانوونی یەکەمی ١٩٨٦)، ل ٤.

(٤) https://zheen.org.

(٥) وریـا جـاف، مێژووی ڕۆژنـامەگەریی... ســـەرچـاوەی پێشـــوو، ل ٨٩. ئیســـماعیـل تەنیـا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨.

(٦) ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٣.

(٧) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٨٩، ١٠٥.

(٨) ئیســـماعیـل تەنیـا، رابەری ڕۆژنـامەگەریی... ســـەرچـاوەی پێشـــوو، ل ١٩٣. وریـا جـاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی.. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٥.

ای لە تەمووزی ١٩٩٣ دەرچووە و ژمارە ٣ لە شوباتی ١٩٩٤[1].

**١١- زاگرۆس:** ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتی بوو، لقی ٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەمریکا و کەنەدا بە زمانی عەرەبی بڵاودەکردەوە، بابەتەکانی سیاسی بوون. ژمارە ١ی لە شوباتی ١٩٩٠ بڵاوبووەتەوە، تێکڕا ٥ ژمارەی لێ بڵاوبووەتەوە. دوا ژمارەی لە ئەیلوولی ١٩٩٠ بڵاوبووەتەوە[2]. لەسەر ژمارە ١ی شوباتی ١٩٩٠ نووسراوە (ڕۆژنامەی گشتییە لەلایەن نووسینگەی زاگرۆسی کوردییەوە دەردەچێت)[3].

**١٢- نشــــرة:** بڵاوکراوەیەکی خولی بوو، لێژنەی ناوخۆی ئەڵمانیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بەرلین بە زمانی عەرەبی دەریدەکرد. ژمارە ١ی حوزەیرانی ١٩٩٣ بە قەبارەی ئەی ٥ و بە ٤٢ لاپەڕە دەرچووە. بە فۆنتێکی جوان چاپکراوە. هەندێک لەو نووسەرانەی بابەتیان لەو ژمارەیەدا بڵاوکردۆتەوە بریتین لە محەمەد عامر دێرشەوی، ئوم ڤانا، فرەنسۆ هەریری، سلێمان کامل، موراد بامەڕنی و بابێ ئاڵا[4].

**١٣- ئاشتی (ASHTI):** بەلاڤۆکا ڕەوشەنبیری سیاسی، ڕاگەهاندنا کۆمیتا ئەڵمانیا پارتی دیموکراتی کوردستان- یەکگرتی دەریدەکرد. ژمارە ٨ی بە زمانی کوردی کرمانجی ژووروو- ڕێنووسی لاتینی و عەرەبی، بە قەبارەی ئەی ٤ و بە ڕەنگی ڕەش و سپی لە بەرلین دەرچووە. لە دەستە ڕاستەوە: لە لاپەڕە ١ تاوەکو لاپەڕە ٢٤ بە زمانی عەرەبییە لە دەستە چەپەوەش، لە لاپەڕە ١ تاوەکو لاپەڕە ١٦ بە زمانی کوردییە. هەمووی بەسەر یەکەوەیە، ٤٠ لاپەڕەیە. دانە ئۆرجینالەکانی ئەو بڵاوکراوەیە لە ئەرشیفی (جەمال خەزنەدار) دا پارێزراوە[5]. سەرنووسەرەکەی محەمەد عامر دێرشەوی بوو. زۆربەی نووسینەکانی باسی شەڕی براکوژی دەکەن و بێزاری دەردەبڕن بەرامبەر بەو شەڕە. نووسەرە دیارەکانی فەوزی ئەتروشی، محەمەد عامر دێرشەوی، ن. ئەرگوشی، دایکی فانا، هەژار موکریانی، د.م.س.، ئەحمەد دەشتی، عەبدولکەریم هەراوس[6].

---

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
(٢) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢.
(٣) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
(٤) ئیسماعیل تەنیا، بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئەڵمانیا ١٩٦٣- ٢٠٠٦، دەزگای بارزان نیوز بۆ توێژینەوە و راگەیاندن زنجیرە (١)، چاپی یەکەم، (چاپخانەی پاک- هەولێر- ٢٠١٠)، ل ل ٨٨- ٨٩.
(٥) ئیسماعیل تەنیا، بزاڤی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٩٦- ٩٧.
(٦) جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم (الف)، ل ٢٤٥.

سەبارەت بە دەرچوونی ئیسماعیل تەنیا نووسیویەتی ((لە مانگەکانی کانوونی دووەم و شــوباتی ١٩٩٥ دەرچووە)) بەڵام جەمال خەزنەدار نووســیویەتی ((لە ســاڵی ١٩٩٤ دەرچووە))[١].

**١٤- بێنـــــاو:** بڵاوکراوەیەک بوو بەیادی ٣ ساڵەی کارەساتی ١٣ی حوزەیرانی سلێمانی، ڕێکخراوی ئازادی پارتی دیموکراتی کوردســتان لە نۆرنبێرگ لە ژێر دروشــمی (کورد دەجەنگێ بۆ نەمـانی جەنگ) دەریدەکرد[٢]. ژمارەیەکی تایبەت بوو لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٩٧ بە زمانی کوردی کرمانجی خواروو- ڕێنوســی ئارامی دەرچووە. ئامادەکردنی ئەم ژمارە تایبەتە تاریق فەقی عەبدوڵا، تابلۆی بەرگی یەکەم باوکی ســاڤین، خۆشــنووس خوشکە ح. حەمیدە ئێرانی، بە فۆنتێکی جوانی ئاسایی چاپکراوە. بەشێک لەو بابەتانەی لەو بڵاوکراوەیەدا بڵاوکراونەتەوە بریتین لە لاپەڕە ١ تـــاجە گوڵینەیەک بۆ سەر گڵکۆی عوســمانی قادر منەوەر- حەمە ســەعید حەســەن، لاپەڕە ٣ شــەڕی پێش کارەســات و ڕووداوەکانی...- پ لە سلێمانییەوە، لاپەڕە ٥ سەر لە بەیـــانی ١٣ی حوزەیران، لاپەڕە ٦ چۆنیەتی قەومانی کارەســـاتەکەی ١٣ی حوزەیران. قەبارەی گۆڤارەکە ئەی ٤ و بەبێ بەرگ ٣٨ لاپەڕەیە[٣]. هەرچەنـدە جەمـال خەزنەدار نووســیویەتی بڵاوکراوە، بەڵام ئیسماعیل تەنیا وەک گۆڤار ناوی دەبات.

**١٥- ڕێبازی بارزانی:** گۆڤارێکە لەلایەن لقی ٧ی پـــارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەمریکا دەرچووە. ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٩٨ دەرچووە[٤].

**١٦- هەڵاڵە:** گۆڤارێکی سیاسی و ڕۆشنبیری وەرزی بوو، لەلایەن لێـــژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان- باشووری ئەڵمانیا دەرچووە، بە زمـانی کوردی بووە. لە چاپخانەی هەڵاڵە لە ئەڵمانیا چاپکراوە[٥]. بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگی هونەری و جوانی هەبوو، ژمارە سفری لە ئەیلوولی ١٩٩٨، بە قەبارەی ئەی ٤، دەرچووە. ژمــارە ٦ دوا ژمارەی بووە و لە ســاڵی ٢٠٠٠ دەرچووە و ئیتر وەســتاوە. خاوەن ئیمتیازی ســەرهەد غەفوری بوو،

(١) ئیسماعیل تەنیا، بزاڤی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦- ٩٧، جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم (الف)، ل ٢٤٥.

(٢) جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم (ب)، ل ٢٦٢.

(٣) ئیسماعیل تەنیا، بزاڤی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠٧- ١٠٨.

(٤) پشـــتیوان، لە ئەمریکادا ژمارە ١ی گۆڤاری ڕێبازی بارزانی دەرچوو، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٢٥١٠، (چوارشەممە ٢١/١/١٩٩٨- هەولێر)، ل ٨.

(٥) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

ســـەرنووســـەری تاریق فەقێ عەبدوڵا بوو، بەڕێوەبەری نووســـین باوکی ســـاڤین بوو، بەڕێوەبەری هونەری ســـامان حاجی نوری بوو، دەســـتەی نووســـەران د. نازەنین جاف، پڕشنگ کاکەیی، هەورامـان عەلی و مەریوان مەحمود[١].

**١٧- Rasti:** ئەم گۆڤارە لەلایەن لقی ٦ی ئەوروپای پـــارتی دیموکراتی کوردستان بەشێوە نووسینی لاتینی دەرچووە. ژمارە ١٠ی لە شوباتی ٢٠٠١ دەرچووە[٢].

**١٨- بەرەو ئاسۆ:** بـــڵاوکراوەیەکی گشتی وەرزی بووە، بەشی ڕێکخستنی لێژنەی ناوچەی ٢ی ئەڵمانیای پارتی دیموکراتی کوردستان بە زمانی عەرەبی دەریکردووە. ژمارەی ١ی لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٣ تاکە ژمارە بووە کە لێی بڵاوکرایەوە. بەڕێوەبەرانی تاریق فەقێ عەبدوڵا، ئازاد ڕەشید، شۆڕش غەفوری بوون. [٣].

**١٩- دەنگ و باســی کوردســتان:** بڵاوکراوەیەکی سیاســی و ڕۆشـنبیری گشـتی بوو. چالاکی ڕێکخســـتنەکـانی پـارتی لە دەرەوە بڵاودەکردەوە بە تـایبەت لە ئەوروپـا و ئەمریکـا. ژمـارەیەکی تـایبەتی بە زمـانی فـارســـی لێ بڵاوکراوەتەوە. تـا نزیکی ڕاپەڕین بەردەوام بووە[٤].

**٢٠- سـەردەم:** ئەڤ ئێزگەیە سـەر ب پارتی دیموکراتی کوردسـتانە، ب پشـتەڤانیا هێزا تەها بەرواری بەرپرســـێ لێژنا پارتی ل ســـوید ل ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٩٦ ل شـــارێ ســـتۆکهۆڵم پایتەختێ ســـوید هاتە ڤەکرن. جاران ڤی ئێزگەی ٣ دەمژمێر پەخشـــێ زمانێ کوردی هەبوون. لێ ژ ســـاڵا ٢٠٠١ و هێرڤە پەخشـــا ڤی ئێزگەی بوویە حەفتیێ دوو دەمژمێر. ژ کارمەندێت سـەرەکی یێت دەستپێکا ئێزگەی ئەحمەد مـــایی تا ساڵا ٢٠٠٢ وەک ڕێڤەبەر و نزار محەمەد نەجیب بەرواری و فەیسەڵ ئەتروشی وەک بێژەر، تـا ساڵا ٢٠٠٢ ڤان هێژایان ژی کـارکریە، سیامەند حسێن وەک بێژەر، مەریوان محەمەد، نسرەت حاجی، ئالان بەهائەدین، عومەر سـۆران، ئامانج تـــاریق، سـاڵح گولی، بەهزاد پیرموس بەرواری، ستار ئەحمەد، لورین ژ کوردستانا باکوور. ل ناڤبەرا ساڵێن ٢٠٠٢ هەتـــا ٢٠٠٥ تنێ ٣ کارمەندان ل ڤی ئێزگەی کاردکرن مەریوان محەمەد نـــاسراو بە مەریوان سـورە،

(١) ئیسماعیل تەنیا، بزاڤی... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٠.

(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٣) جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم (ب)، ل ل ٣٤١- ٣٤٢.

(٤) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٨٦- ٨٨.

جوتیار سندی و مەعروف ژ کوردستانا ڕۆژهەڵات[1].

**٢٠- زاگرۆسی کوردی:** نووسینگەی پــارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە ئەمریکا، لە ژمارە ١ی شــوباتی ١٩٩٠ی ڕۆژنامەی زاگرۆس نووسراوە (لەلایەن نووســینگەی زاگرۆســی کوردییەوە دەردەچێت)[2].

(١) وەسفی حەسەن ردێنی، ئێزگە و... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٧- ٢٨.
(٢) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

# بەشی چوارەم

## ڕاگەیاندنی (هاوبەش، دژبەری شۆڕشی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان)

# تەوەری یەکەم

## ڕاگەیاندنی هاوبەش

لە ماوەی ڕابردوودا پارتی دیموکراتی کوردستان وێڕای هەبوونی ڕاگەیاندنی تایبەت بەخۆی، بەپێی پێویستی زۆرجار لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی کوردستانی، ڕاگەیاندنی هاوبەشی هەبووە، لێرەدا دەیانخەینە ڕوو:

١- **خەباتی قوتابیان**: هاوبەشی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی (پارتی) و یەکێتی قوتابیانی کوردستانی (سۆسیالیست) بووە، بە زمانی کوردی کرمانجی خواروو- ڕێنووسی ئارامی بوو. ژمارە سفری کانوونی دووەمی ١٩٨٣ لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستی شۆڕش دەرچووە[١]. ئیسماعیل تەنیا نووسیویەتی ((زیاتر لە ١٢ ژمارەی لێ دەرچووە))[٢]، موسا ئەحمەد نووسیویەتی ((سێ ژمارەی لێ بڵاوبووەتەوە))[٣] هەروەها لە لاپەڕە ٧ی ژمارە ٢ی ساڵی یەکەمی کانوونی یەکەمی ١٩٨٤ی گۆڤاری (دەنگی لاوان و قوتابیان) نووسراوە ((لە تشرینی دووەمی ١٩٨٤ ژمارە ٦ی گۆڤاری خەباتی قوتابیان دەرچووە))[٤].

٢- **رێیا سەرکەفتنێ (طريق النصر)**: ڕۆژنامەیەکی وەرزی بوو ژ لایێ لێژنا ڕاگەهاندنا بەرەی نیشتیمانی دیموکراتی عێراقی (جود) دهاتە بلاڤکرن، کو هنگی ژ (پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی سوشیالیستی کوردستان و حزبا شیوعیا عێراقی و پاسوک) پێک دهات، ل پارێزگای دهۆک و نەینەوا لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستی شۆڕش ل دەڤەرا کۆماتە و زێوەشکان هاتە وەشان. ئەم بڵاوکراوەیە بە سێ چاپ بڵاوکرایەوە، چاپێک تەنیا بە زمانی کوردی، کرمانجی ژوورو- ئارامی. چاپێکی دیکەی هەر بە زمانی کوردی بەڵام بە کرمانجی ژوورو- ڕێنووسی لاتینی. چاپی سێیەمی بە زمانی عەرەبی بووە. ١٠٠ دانە ژێ دهاتنە چاپکرن. سەبارەت ئێکەم هژمارا وێ ئیسماعیل تەنیا نڤێسیە ((ژمارە ١ی لە ٥ی شوباتی ١٩٨٣دا دەرچووە)) و موسەدەق تۆڤی و وەسفی ڕدێنی نڤێسینە ((هژمارا ١ێ ل ئادارا ١٩٨٣ دەرکەفتیە)). سەبارەت دوماهیک هژمارا ڤێ گۆڤارێ موسەدەق تۆڤی نڤێسیە

(١) ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی.. سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٢١- ١٢٢.

(٢) ئیسماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی.. سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

(٣) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.

(٤) دەنگی لاوان و قوتابیان (دەنگی لێژنەی باڵای هاوکاری نێوان ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوانی کوردستان و سەرانسەری عێراقە)، ژمارە ٢، ساڵی ١، (کانوونی ١ی ١٩٨٤)، ل ٧.

((هژمارا ٥ێ ل ١٩٨٧ دەرکەفتیە)) و وەسفی ڕدێنی نڤێسیە ((دوماهیک هژمارا وێ ژمارە ٥ بوویە کو ل شواتــا ١٩٨٨ ڕاوەستایە))، کەچی ئیسماعیل تەنیایە نووسیویەتی ((ژمــارە ٨ی ســالّی ٣ی لە کانوونی دووەمی ١٩٨٦دا دەرچووە)). ســەرپەرشــتێ چاپا عەرەبی ئەبو نەهران(داود ئەمین) و سەرپەرشتێ چاپا کوردی ب تیپێن لاتینی ئەدیب چەلکی، هەروەسا هێژا د. رزگار زاخۆیی سـەرپەرشـتێ چــــاپا کوردی ب تیپێن عەرەبی بوون. ژ سـتافێ ڤێ گۆڤـارێ بۆ مـاوەیەکێ درێژ تەیــــــار ســەلیم گەرمـاڤی، ئەرشــەد خۆشــنـاو، ئەبو ئەسیر(عەبدولەتیف ئەلسەعدی)، خالید محەمەد دەرکـاری، ئەبو هندرێن، ئەبو سامر، ئەبو سەعد (بۆ نەخشەسازی) بوون[١].

٣- **ڕێبـازی لاوان**: بـڵاوکراوەی(گۆڤاری)[٢] یەکێتی لاوانی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق بووە. ژمارە ١ی لە ئابی ١٩٨٣ بە ١٦ لاپەڕە بەشێوەی پەرتووک دەرچووە[٣]، ژمـارە ٦٦ی ساڵی ٩ی لە کانوونی یەکەمی ١٩٩١ دەرچووە[٤].

٤- **دەنــگی لاوان**: گۆڤارێی یەکێتی دیموکراتی کوردستان- عێراق بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ١٠ لاپەڕەی قەبارە فۆڵسـکاب دەریدەکرد. ژمـــــارە ١ی لە تشــــــرینی دووەمی ١٩٨٣ دەرچووە[٥].

٥- **دەنــــــگی لاوان و قوتابیان**: بڵاوکراوەی هاوبەشــە لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەســتی شــۆڕش دەرچووە. دوای دامەزراندنی لێژنەی بەرزی هاوکاری نێوان ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوانی کوردستان-عێراق لە ١-٣ی حوزەیرانی ١٩٨٤، ژمـارە ١ی ساڵی یەکەم لە حوزەیرانی ١٩٨٤ تـایبەتە بووە بە بەڵگەنـامەکـانی کۆبوونەوەی ڕێکخراوەکـانی قوتـابیـان و لاوانی کوردستان و عێراق، دواتر کە بوو بە لێـژنەی باڵای هاوکاری نێوان ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی قوتــابیان و لاوان لە کوردستان و سەرانسەری عێراق، دەستکرا بە دەرکردنی گۆڤارێک وەک دەنـــــــگی ئەو لێژنەیە بە ژمارە ٢ی ســاڵی یەکەم لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٤ دەرچوو کە

(١) ئیسـماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی.. سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٢٥- ١٢٦؛ وەصفی حەسەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٢- ٣٣؛ موسەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨.

(٢) عەبدوڵڵا زەنگەنە و ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، رابەری ڕۆژنامەنووسی کوردی، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس ژمارە ٤، (٢٠٠٥/٤/٢٢- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر)، ل ١٩١.

(٣) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

(٤) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

(٥) ئیســماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٢٥؛ ئیســماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٦.

یەکێتی قوتابیانی کوردستان ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە درێژەپێدانی ئەم گۆڤارە و زۆربەی ژمـارەکانی لە بارەگای یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئامادە دەکران و بە چاپ دەگەیێنران. لە چـاپخانەی خەبات چاپکراوە. ژمارە ٩ی لە تشـرینی دووەمی ١٩٩٠ بە ٨ لاپەڕە دەرچووە[١].

٦- **ڕۆشنبیـــــری پێشمەرگە (ثقافة الانصار):** گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و هونەری گشتی بووە، لە بەشـی دووەمی ساڵی ١٩٨٤ هونەرمەندان و نووسـەران و ڕۆشـنبیـــــران لەنێو بەرەی جود بڕیاری دامەزراندنی کۆمەڵەی نووسـەران و ڕۆژنامەنووسـان و هونەرمەندانی پێشـمەرگە دا، کە هەڵسـان بە دەرکردنی گۆڤارێکی ڕۆشـنبیــــــری و هونەری گشـتی بەناوی ڕۆشـنبیری پێشمەرگە (ثقافة الانصار) و لە ناوچە ئـازادکراوەکانی ژێر دەستی شۆڕش دەرچووە. تەنیا ٣ ژمـارەی لێ بڵاوکراوەتەوە[٢].

٧- **صوت الشبيبة الكردستانية:** لەلایەن لاوانی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق لقی سوریـــا بە زمانی عەرەبی دەرچووە. ژمـارە ٩ی لە ساڵی ١٩٨٦ دەرچووە[٣].

٨- **بەرەی کوردســتانی:** ئـــــۆرگانی ناوەندی بەرەی کوردسـتانی بووە، ڕۆژنامەکە وەک زمانی ڕەســمی بەرەی کوردســتانی بـــــڵاوکراوەیەوە و یاســا و بڕیارەکانی بە زمانی کوردی تێدا بڵاودەکرایەوە. خولی یەکەمی لە ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٨٨ دەستی پێکردووە و ژمـــــارە ٢٤- ٢٥ پێکەوە لە کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٩١ دەرچووە. ژمارە ١ی خولی دووەمی لە تشـرینی یەکەمی ١٩٩١ بە ٨ لاپەڕە دەرچووە. ژمـــارە ٧ی خولی دووەمی لە مارتی ١٩٩٢ دەرچووە. دەستەی نووسەرانی لەسەر نەنووسراوە[٤].

٩- **ڕاپەڕینی خوێندکــاران:** گۆڤاری یەکێتی پێشەنگی خوێندکــارانی کوردستان بوو، ژمارە ١ی لە دوایی ١٩٨٧ و ژمارە ٦ی لە حوزەیرانی ١٩٩٠ دەرچووە[٥].

١٠- **زانکۆ:** ئـــــۆرگانی یەکێتی پێشەنگی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لقی هەولێر بووە کە

(١) ئەرشـــیفی دەســـتەی ئینســـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردســـتان؛ ئیســـماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥؛ عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥٤- ٥٥.
(٢) ئاســـۆ حەســـەن، لە ڕۆژنامەگەری شـــاخ: بۆ ئەوەی (( دەنگی قوتابیان و لاوان)) و ((ڕۆشـــنبیری پێشمەرگە)) لەبیرنەکرێن، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٢٥٧٠، (چوارشەممە ١٩٩٨/٤/٢٢- هەولێر)، ل ٢٠.
(٣) https://zheen.org.
(٤) عەبدوڵڵا موحەممەد زەنگەنە، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٧-٢٨.
(٥) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

بە زمـــانی کوردی کرمانجی خواروو- ئارامی و عەرەب دەریدەکرد. ژمارە ١ی لە تشـــرینی یەکەمی ١٩٩١ بە قەبارەی فۆڵسـکاب دەرچووە. ژمـــارە ٢ی لە سـاڵی ١٩٩٢ دەرچووە[١]. ئیســـماعیل تەنیا لە پەرتووکێکیدا نووسـیویەتی ((ڕۆژنامەی (زانکۆ) یەکێتی پێشـــەنگی خوێندکاران و لاوانی کوردســـتان لقی دهۆک- نەینەوا دەریدەکرد. زیاتر لە ٧ ژمارەی لێ دەرچووە))[٢] و لە پەرتووکەکەی دیکەی نووسـیویەتی ((ئـــــۆرگانی یەکێتی پێشـــەنگی خوێندکارانی کوردســـتان لقی هەولێر بووە. ژمـــارەی ٢ی سـاڵی ٢ی ڕێکەوتەکەی دیاری نەکراوە، بەڵام بە گوێرەی بابەتەکان وا دیارە لە ساڵی ١٩٩٢ دەرچووە))[٣].

**١١- پێـــلا سەربەست**: گۆڤارا ئێکەتیا پێشەنگ یـا خویندکار و لاوێن پـارتی گەل لقا دهۆک- نەینەوا بوو، ل دهۆکێ ب زمانێ کوردی کرمانجی ژووروو- لاتینی دەرکەفتیە. لە ژمـارە ٤-٥ سـەرنڤیسـەرێ وێ فەهمی سـەلمان و دەسـتەکا نڤیسـکارانێت وێ سـەلام باڵایی، مەجید حەسۆ، محەمەد عـەلی ئەتروشی بوون. دەرهێنانا هونەری دلشێر یونس بو کریە[٤].

سەبارەت بە دەرچوونی یەکەم ژمارە: ئیسماعیل تەنیا (لە پەرتوکێکیدا) و وەسفی ڕدێنی و موسـەدەق تۆڤی نڤێسـینە ((هژمارا ١ێ ل ٣١ێ تەبـــاخا ١٩٩١))[٥] و موسـا ئەحمەد و عەبدوڵا زەنگەنە و ئیسماعیل تەنیـــا (لە پەرتوکێکی دیکەیدا) نووسیویانە ((ژمارە ١ی لە تشـرینی یەکەمی ١٩٩١ دەرچووە))[٦].

هەروەها بە دەرچوونی کۆتا ژمـارە؛ ئیسماعیل تەنیا (لە پەرتوکێکیدا) و وەسفی ڕدێنی و موســـەدەق تۆڤی نڤێســـینە ((هژمـارا ٤-٥ێ و داویێ ل کـانوونـا دووێ ١٩٩٢ هـاتیە بڵاڤکرن))[٧]، موســـا ئەحمەد و عەبدوڵا زەنگەنە نووســـیویانە ((زیـاتر لە ٧ ژمارەی لێ

(١) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٦- ٣٧.

(٢) ئیسماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.

(٣) ئیسماعیل تەنیا، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی.. سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٨.

(٤) عەبدوڵا موحەممەد زەنگەنە، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٣١؛ موسـا ئەحمەد، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٣٦؛ ئیســماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٤٩؛ موســەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤؛ وەصفی حەسەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥؛ ئیسماعیل تەنیا، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٨.

(٥) موســـەدەق تۆڤی، دیرۆکا... ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ٧٤؛ وەصـــفی حەســـەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥؛ ئیسماعیل تەنیا، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٨.

(٦) عەبدوڵا موحەممەد زەنگەنە، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٣١؛ موسـا ئەحمەد، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٣٦؛ ئیسماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.

(٧) موســـەدەق تۆڤی، دیرۆکا... ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ٧٤؛ وەصـــفی حەســـەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا... سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥؛ ئیسماعیل تەنیا، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٨.

دەرچووە))[١] و ئیسـماعیل تەنیا لە پەرتوکێکی دیکەیدا نووسـیویەتی ((تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووە))[٢].

**١٢- زەنـگ:** ئـۆرگانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی سۆسیالیستی کوردستان و یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردسـتان لقی هەولێر بوو، لە شـێوەی ڕۆژنامە بە زمانی کوردی کرمانجی خواروو- ئارامی دەرچووە، ژمارەی ١ی لە مـانگی کانوونی یەکەمی ١٩٩١ دەرچووە، ژمارە ٢ی کە دوا ژمارەی بووە لە کانوونی دووەمی ١٩٩٢ دەرچووە. دەسـتەی نووسـەرانی لەسـەر نەبووە، بەڵام ئەو سـەرنووسـەرانەی سـەرپەرشـتیان کردووە ئاسـۆ حەسـەن، ڕێبوار عەبدولڕەحمان، ئیسماعیل تەنیـا، برزۆ عەلی هەژار، مستەفا پەژار، کەریم دەشتی، هیمداد حسێن، عەباس عەبدوڵا یوسف، خالید جوتیار[٣].

**١٣- زەنـــگ:** ئەم هەفتەنامەیە یەکێک بووە لە بڵاوکراوە هەرە پێشـکەوتووەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بە دوو خول دەرچووە، خولی یەکەمی لە ساڵی ١٩٩١ لەلایەن یەکێتی قوتابیانی سـۆسـیالیسـت دەرچووە تەنیا دوو ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، دوای یەکگرتنی حزبەکان هـاتۆتە نـاو پـارتی دیموکراتی کوردسـتان لە خولی دووەمەوە لەلایەن یەکێتی قوتـابیانی کوردستانەوە دەرچووە[٤]. لەسەری نووسراوە (هەفتەنامەیەکی قوتابیانە یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان دەریدەکات). بابەتەکانی ڕەخنەیی، ڕۆشـنبیری، ڕێکخراوەیی، زانسـتی، کۆمەڵایەتی، وە هەواڵ و چالاکی قوتابیان و کاری ڕێکخراوەیی و هەواڵی ناو دەزگاکانی پەروەردەیی و زانکۆکان و قوتابخانەکان بەشێک بوون لە بابەتەکانی زەنگ[٥].

ژمارە ١ی خولی دووەمی لە ١٠ی تشـرینی یەکەمی ١٩٩٨[٦] و دوا ژمـارەی پێش چاومان کەوتووە ژمارە ٤٠ی خولی دووەمی لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠ بووە. خاوەن ئیمتیازی لە ژمارە ١ تا ٤٠ عەلی عەونی و سەرنووسەری لە ژمـارە ١ تا ٣٤ شەعبان شەعبان و لە ژمارە ٣٥ تا ٤٠ موسا ئەحمەد بووە. ژمارە ١ تا ٣٢ لە چاپخانەی زانکۆی سـەلاحەدین لە هەولێر و

(١) عەبدوڵا موحەممەد زەنگەنە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١؛ موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.
(٢) ئیسماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.
(٣) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧؛ ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٨.
(٤) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٤.
(٥) هەمان سەرچاوە، ل ١٠٥.
(٦) هەمان سەرچاوە، ل ١٠٥.

ژمارە ٣٤ لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر چاپکراون[١].

**١٤- خەباتی نوێ**: گۆڤارێکی ئەدەبی ڕۆشـنبیری یەکێتی پێشـەنگی خوێندکـــاران و لاوانی کوردسـتان لقی سـلێمانی بووە. ژمـــارە ١ی لە کانوونی دووەمی ١٩٩٢ دەرچووە، قەبارەی وەک پەرتووک بووە، ژمـارە ٢-٣ی هەر لە ساڵی ١٩٩٢ دەرچووە[٢].

**١٥- تیشــک**: بڵاوکراوەی قوتابیان و لاوان بووە، دەنگی قوتابیان و لاوانی ســۆســیالیســتی کوردسـتان لقی سـلێمانی بە زمانی کوردی کرمانجی خواروو- ئارامی دەرچووە. ژمارە ١ی لە شــوباتی ١٩٩٢ و ژمـــــارە ٢ی لە ٢ی ئاداری ١٩٩٢ هەر یەکەیان بە ٨ لاپەڕە دەرچووینە، دەسـتەی نووسـەرانی دیارنەکراوە، دەرهێنانی هونەری لەلایەن بەڕێز کـــاروان بووە. ژمارە ٣ی لە گوڵان(مـایس)ی ١٩٩٢ بە ٨ لاپەڕە دەرچووە، کە وەک دەنــگی خوێندکاران و لاوانی سۆسیالیست لقی سلێمانی خۆی دەنـاسێنێ، بەڕێوەبەری دڵشاد کاکی بووە[٣].

**١٦- زمنـــــاکۆ**: ڕۆژنامەیەک بووە، یەکێتی قوتابیان و لاوانی سـۆسـیالیسـتی کوردسـتان لقی سـلێمانی، بە زمانی کوردی کرمانجی خواروو- ئارامی دەریدەکرد. ژمـــارە ١ی لە شـوباتی ١٩٩٢ دەرچووە. هەر ئەو ژمـــــارەی لێ دەرچووە و وەســـتاوە. لە چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەولێر چاپکراوە[٤].

**١٧- بـــەردەڕەشـی نوێ**: ڕۆژنامەیەکا سیاسی و ڕەوشـەنبیری و گشـتی بوویە ژ بال ئێکەتیا یا لاوان و قوتابیێن کوردســـتانێ لێژنا بەردەڕەش ب زمـانێ کوردی و عەرەبی دەردکەفت. زۆربەی توێژەران لەســـەر ئەوە کۆکن کە ژمـــــارە ١ی لە حوزەیرانی ١٩٩٢ بە ٦ لاپەڕە دەرچووە. ناوی ستافی نووسین و بەڕێوەبردنی لەسەر نەنووسراوە[٥]، هەرچی زێرەڤان تەمۆ نوسـیوویەتی ((دوو هژمار لێ هاتینە بلاڤکرن، ژمارە سـفری ٤ بەرپەڕ و ژمارە ١ی ٦ بەرپەڕ بوویە. هژمـارا ١ێ ل ئایارا ١٩٩٢ هاتیە بڵاڤکرن. ستاڤێ ڤێ ڕۆژنامێ مەسعود عەبدولکەریم عەبدولڕەحمان، ئەمین عیسا قادر، فەتحوڵا جەرجیس بارانی، سەعـــدوڵا جەرجیس بارانی،

---

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٢) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧.

(٣) ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٤؛ موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨. عەبدوڵلا موحەممەد زەنگەنە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠.

(٤) ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٥.

(٥) عەبدوڵلا موحەممەد زەنگەنە، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٧٣- ٧٤؛ موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧؛ جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم (ب)، ل ٢١٧.

شەمسەدین عەبدولقادر، محەمەد ڕەشید عوسمان، ئەرسەلان سەعید بوون))[1]، دەکرێت لێرەدا زێرەڤان تەمۆ مەبەستی لە ژمارە سفری بێت کە لە ئایاری ١٩٩٢ دەرچووە نەک ژمارە ١.

**١٨- ئـــەلند:** ڕۆژنامەیەکا ڕەوشەنبیری وەرزشی گشتی بوو، لێژنا زاخۆ یا ئێکەتیا پێشەنگ یا خویندکـــار و لاوێن دیموکراتا کوردستانێ دەردئێخست. ئێکەمین ڕۆژنامە بوویە ل زاخۆ دەرکەفتی، سەرپەرشتێ وێ محەمەد کەمال بۆسەڵی بوویە[2].

دلێر ڕەشید و چیا ئەحمەد لە پەرتووکەکەیانــدا نووسیویانە ((ژمارا ١ێ ل هاڤینا ١٩٩٢ دەرکەفتیە و دوماهیک هژمار بەردەستا کەفتی هژمارا ٧ بوویە))[3]، کەچی موسەدەق تۆڤی نووسیویەتی ((هژمارا ١ێ ل هاڤینا ١٩٩٣ هاتیە بلاڤکرن، تنێ ٣ هژمار هاتینە بلاڤکرن))[4].

**١٩- بـــەرەی کوردستانی:** پاشکۆی ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانییە، کە ئۆرگانی ناوەندی بەرەی کوردســتانی بووە، ئەم پاشــکۆیە بە زمانی عەرەبی دەرچووە. ژمارە ١ی لە شــوباتی ١٩٩٢ دەرچووە، پاشکۆی ژمــارە ٧ی لە ٣٠ی تشــرینی یەکەمی ١٩٩٢ دەرچووە. تەنیا ژمارە ١ی بە ٨ لاپەڕە دەرچووە، ئەوانی دیکە هەمووی بە ٤ لاپەڕە دەرچووە، کە هەمان قەبارەی ڕۆژنامە کوردییەکەی هەبووە. دەســتەی نووســەرانی لەســەر نەنووسراوە، بەڵام هەندێک ژمارەی ناوی عەبدوڵا ئاگرینی وەک سەرنووسەر لەسەر نووسراوە[5].

**٢٠- دەنـــگدان(التصویت):** ڕۆژنامەکا ڕۆژانە بوو، لێـــژنا ڕاگەهاندنا ل پارێزگەها دهۆکێ یا پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبێن کوردستانی بۆ پەرلەمانێ کوردستانێ کو لیستا ١٦٢ یا هەلبژارتنان بوو. هژمارا ١ێ ل ١٧ێ کانوونا دووێ یا ٢٠٠٥ ل دهۆکێ دەرکەفتیە[6].

**٢١- دەنـــــگی دیموکراتی کوردســتان:** ڕۆژنامەی لیســتی دەنگی دیموکراتی کوردســتانە بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر (پارتی دیموکراتی کوردســتان، حزبی شــیوعی کوردســتان،

(١) زێرەڤان تەمو، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٢- ٣٣.

(٢) دلێر ڕەشید و چیا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩؛ موسەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٨.

(٣) دلێر ڕەشید و چیا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩.

(٤) موسەدەق تۆڤی، دیرۆکا... سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٨.

(٥) عەبدوڵلا موحەممەد زەنگەنە، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٧-٢٨.

(٦) ئەرشــیفی دەســتەی ئینســکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردســتان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیســماعیل ئیبراهیم، (دهۆک- ١٥ێ تەمووزا ٢٠٢٤).

کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کلدان، بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمان لە کوردستان، ئۆجاغی برایەتی تورکمان، کۆمەڵەی ڕۆشـنبیری تورکمان، پارتی نەتەوەیی ڕزگاری تورکمان، کۆمەڵەی لیبراڵی تورکمان، پـارتی دیموکراتی تورکمانی کوردسـتـان، پـارتی برایەتی تورکمان، حزبی یەکێتی تورکمانی عێراق، حزبی نیشـتیمانی دیموکراتی کوردسـتان، حزبی گەلی تورکمانی عێراق، حزب الشرـوق الترکمان العراق)، بە زمانی کوردی دەرچووە. ژمارە ١ی لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ بە ٨ لاپەڕە و ژمـارە ٤ی لە ٢٦ی کـانوونی دووەمی ٢٠٠٥ بە ٨ لاپەڕە دەرچووە. تەنیا ئەم دوو ژمارە بە بەرچاومان کەوتن. سـەرنووسـەری بێوار عەبدولڕەحمان و دەستەی نووسەران نـامیق هەورامی، چنار نامیق، خەلیل بلەیی، ناجی شانەدەری، نەوید تاڵب، محەمەد هەڵەبجەیی، ساڵح عومەر بوون. سـەرپەرشـتیاری چاپ ئیسـماعیل عارف و کۆمپیوتەر و نەخشەڕێژ سەربەست عومەر، سەنگەر شنۆیی، شاخەوان جەعفەر، عەبدوڵا ڕەفیق، ڕازان مەحمود، شـیلان عەلی بوون. لە ژمارە ٤ هونەر مەرجان زیادبووە و ٤ فۆتۆ کەمال ئاکرەیی بووە. لە چـاپخانەی ڕۆشنبیری لە هەولێر چاپکراوە. ناونیشانی لە بارەگای گوڵان لە هەولێر بووە. سـەروتاری ژمارە ١ی سـەرۆ قادر و ژمارە ٤ی فەرەیدون جوانڕۆ نووسیویەتیەوە[١].

**٢٢- ٧٣٠: پـاشکۆیەکی** هاوبەشی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردسـتان بووە، تایبەت بووە بە لێژنەی ڕاگەیاندنی لیسـتی هاوپەیمانیی کوردسـتان لە ڕێگەی هەردوو ڕۆژنامەی (خەبات) و (کوردستانی نوێ) بۆ هەڵبژاردنەکـانی ساڵی ٢٠٠٥ ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەریدەکرد. ژمـارە ١ی لە ٢٧ی تشـرینی دووەمی ٢٠٠٥ دەرچووە، دوا ژمارەی بەبەرچاومان کەوتووە ژمـارە ١٤ ەیە لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ دەرچووە. ئەم پاشکۆیە ٤ لاپەڕەی هەبووە[٢].

**٢٣- دەنگدان (Dengdan):** بـڵاڤۆکەکا بەروەختە، ب هەلکەفتا هەلبژارتنان ل ئامێدیێ دەردکەفت. ئێکەم بڵاڤۆکا تایبەت ب هەلبژارتنان بوو ل ئامێدیێ بڵاڤ ببیت. هژمارا ١ێ ل ١ێ تیرمەها ٢٠٠٩، ب هەڤپشـکی دناڤبەرا لقا ١٨ یا پارتا دیموکراتا کوردسـتانێ و مەڵبەندا ٢٣ یا ئێکەتیا نیشتیمانی کوردستانێ دەردکەفت، مەرەم پێ رێکلام و پروپاگەندا هەلبژارتنان بوو بۆ لیسـتا کوردسـتانی و هەلبژارتنێن سـەرۆکێ هەرێما کوردسـتانێ بۆ سـاڵا ٢٠٠٩ سـێ هژمار ب ٤ بەرپەڕان لێ بـڵاڤبوون، ب شـێوەکێ رەنگاورەنگ و ب دیزاینەکێ نە یێ

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٢) هەمان سەرچاوە.

سەردەمیانە، بێ بەرامبەر بــــڵاڤدکرن. ستافی کاری خالید دێرەشی، عەبدوڵا مشەختی، بڵند ســـلێمان، محەمەد عەبدوڵا، هەڤاڵ ئامێدی، ســـەردار هێتوتی، ئەدیب مەحمود بوون، ل چاپخانا خانی ل دهۆکێ دهاتە چاپکرن. هژمـــــارا ٣ ل ٢٠ێ تیرمەها ٢٠٠٩ دەرکەفتیە. کو بڕیاربوو ٤ هژمار لێ دەرکەڤن لێ بەس ٣ دەرکەفتن. ل نیڤا سەری یا بەرپەڕێ ئێکێ هژمارا ١ێ و ٢ێ وێنەکێ سـەرۆک بــــارزانی و ئارمێ لیسـتا ٥٤ هاتیە بڵاڤکرن. هژمارا ٣یێ وێنێ سەرۆک بـارزانی و جەلال تاڵەبانی هەیە[1].

**٢٤- قەلا دووزێ**: بــڵاوکراوەی لێژنە ناوچەی قەڵادزێی سەر بە لقی سلێمانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی سۆسیالیستی کوردستان بووە[2].

**٢٥- بـــەرەی کوردستان:** ئەڤ ئێزگەیە دەنگێ بەرەی کوردستانی بوو. ل ١٣ێ کــــانینا بچیکا ١٩٨٨ کەفتیەکاری. بارەگا و سـتۆدیۆ ل ڕاژانێ و پەخشـا وێ ل هەلەجێ بوو. ژ کارمەندێت ڤی ئێزگەی یێت پارتی دیموکراتی کوردستان (شەهید حەمید سوری، د. ڕزگـــار، بارزان مەلا خالید)، یەکێتی نیشـــتیمانی کوردســـتان(ئەرســـەلان بایز، محەمەدئەمین محەمەد ســـاڵح دهۆکی)، پارتــا کۆمۆنیستا عێراقی (شەماڵ حەوێزی، شەهید رزگار(هۆگر محەمەد خەلیل)) بوون. بێژەرێت ڤی ئێزگەی (فەهیم عەبدوڵا حەمۆ، بەهجەت ئاڤدەل، هێمن حەســـەن) بوون، جـارجـار ژی بـارزان مەلا خـالیـد هەڤکـاریـا وان دکر. ئەڤ ئێزگە ل گولانـا ١٩٨٩ ڕاوەستیایە[3].

(١) سەردار هێتوتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٧٦- ٧٨.

(٢) موسا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨.

(٣) وەسفی حەسەن ردێنی، ئێزگە و... سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

## تەوەری دووەم

## ڕاگەیاندنی دژبەری شۆڕشی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان

لە دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان دوای ماوەیەک بۆ چەندین جار، چەند گرووپێک کەوتنە خۆیان و لە پارتی دیموکراتی کوردستان جیا دەبوونەوە و بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان و دژبەری پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی کورد شانبەشانی دەرچوونی بڵاوکراوەکانی پارتی ئەوانیش درێژەیان بە هەمان ژمارە و بڵاوکراوەیان دەدا لەوانە:

**١- ڕزگـــــاری:** ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد وەک ڕۆژنامە بووە، دوای بەســـتنی کۆنگرەی یەکەمی پارتی کەوتە بڵاوبوونەوە. لە پاش کۆنگرەی ســـێیەمی پارتی کە لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٥٣ لە شـــاری کەرکووک بەســـترا، بڕیار درا ناوی ڕۆژنامەی ڕزگاری بکرێتە خەبات[١]. لە کۆنگرەی دووەمی حزبەوە تـــــا ســـاڵی ١٩٥٦ لێکترازان لە نێوان ئەندامان ڕوویداوە، ئەوەبوو هەمزە عەبدوڵا لە پارتی جیابووەوە و بە جیا بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆژنامەی ڕزگاری دەرکرد و بەنـــاوی حزبی بەرەی پێشکەوتوو کاریان دەکرد، لە دژی پارتی ئەم ژمارانەیان دەرکرد (ژمـــــارە ٣ی ســـاڵی ٨ی بە زمانی عەرەبی و بە زمانی کوردی هەر یەکەیان بە جیا لە کانوونی یەکەمی ١٩٥٣، ژمـــــارە ٤ی ســـاڵی ٨ی بە زمانی عەرەبی و بە زمانی کوردی هەر یەکەیان بە جیا لە کـــانوونی دووەمی ١٩٥٤، ژمـــارە ٥ی ســـاڵی ٨ی بە زمانی عەرەبی لە مارتی ١٩٥٤، ژمارە ٦ی ســـاڵی ٨ی نیســـانی ١٩٥٤ بە زمانی عەرەبی و ژمارە ٧ی ساڵی ٩ی تشـــرینی دووەمی ١٩٥٤ بە زمـانی کوردی دەرکردووە). ئەو ژمـــارانەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەو مـــاوەیە دەریدەکرد ئەمانەبوون (ژمارە ٦ی ساڵی ٦ی مارتی ١٩٥٢، ژمارە ١٠- ١٣ی ساڵی ٦ و حەفتەمی تەمووز- تشـــــرینی یەکەمی ١٩٥٢، ژمارە ١ی ساڵی ٧ی مارتی ١٩٥٣، ژمـارە ٦ی ساڵی ٧ی ئۆغستۆسی ١٩٥٣ و ژمارە ٢ی ساڵی ٩ی حوزەیرانی ١٩٥٥). لە ساڵی ١٩٥٦ ئەوانەی جیاببوونەوە و بەناوی پـــارتی کاریان دەکرد، هاتنەوە ناو پـارتی[٢].

لە ئەرشیفی بنکەی ژین لە بـارەی ڕۆژنامەی ڕزگاری نووسراوە ((زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کورد-بەرەی پێشـــکەوتوو، ژمـــــارە ٣ی ســـاڵی ١٩٥٣ و ژمارە ٤ تـــــا ٧ لە ســـاڵی ١٩٥٤

(١) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٤-١٥.

(٢) سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦- ٧.

دەرچووە))[1].

٢- **ئاسۆی کورد:** ئەم گۆڤارە لەلایەن یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی سەر بەو گرووپەی لە ساڵی ١٩٦٤ لە پارتی دیموکراتی کوردستان جیابوونەوە، بڵاوکراوەتەوە.

یەکەمین ژمارەی لە ئـــاداری ١٩٦٤ بە زمانی کوردی و پیتی عەرەبی بوو دەرچووە و بە تابیعە و ڕۆنیۆ لە سلێمانی بە نهێنی چاپدەکرا. تەنیـــا چەند ژمارەیەکی لێ دەرچووە، ئەم گۆڤارە لە لایەنی چاپ و هونەرییەوە زۆر سادە بووە و لە نـــاوەڕۆکدا پتر گرنگی بە بابەتی ڕێکخراوەیی و سیاسی داوە. یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستـان بەرپرسی بوو[٢].

٣- **بەرەو پێشەوە:** بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی- پـارتی دیموکراتی کوردستان دەریدەکرد. لەسەری نووسراوە (نەشرەی نـاوخۆ، بۆ ئەنـدامانی پارتی دیموکراتی کوردســـتانی عێراق- مەکتەبی سیاسی دەرچووە). ژمـــارە ١ی لە تشـــرینی یەکەمی ١٩٦٤ بە دیالێکتی کرمانجی خواروو- ســـۆرانی و بە ئەلفوبێی کوردی لە عەرەبی و ئارامی داهێنراو چاپکراوە. پاش بڵاوکردنەوەی ژمارە ١ی نازانرێت چەند ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. بە تابیعە و ڕۆنیۆ، لە سلێمانی بە نهێنی چاپدەکرا[٣].

٤- **تیشک:** ئـــۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان- لقی هەولێر بووە و ژمارە ٢ی ساڵی یەکەم لە ٢١ی ئەیلوولی ١٩٦٤ لەلایەن جەلال تـاڵەبـانییەوە دەرچووە و لەگەڵ حزبی بەعس کەوتبوو دژ بە شۆڕشی کورد و چەکداری کوردی[٤].

٥- **دەنگی قوتـــابیانی کوردستان:** بڵاوکراوەیەک بووە، دوای جیابوونەوەی گرووپی مەکتەبی ســیاســی لە ســاڵی ١٩٦٤، گرووپی مەکتەبی ســکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردســتانیش جیابوونەوە و بەنـــاوی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە کاریان دەکرد، لە کانوونی دووەمی ١٩٦٥ ئەم بڵاوکراوەیان دەرکرد[٥].

٦- **ئـــاگر:** ئەم گۆڤارە لەلایەن یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتانی ســەر بەو گرووپەی لە ســـاڵی ١٩٦٦ کە بۆ جاری دووەم لە پارتی دیموکراتی کوردســـتان جیابوونەتەوە دەرکراوە،

(١) https://zheen.org.

(٢) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.

(٣) https://zheen.org.؛ ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨.

(٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٥) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

یەکەمین ژمارەی لە شوباتی ١٩٦٦ بڵاوبووەتەوە و تەنیا ئەم ژمارەی لێ دەرچووە[١].

٧- **خەبات:** ژمارە ٤٧٣ی ڕۆژنامەی خەبات لە کانوونی دووەمی ١٩٦٤ لە مـــاوەت دەرچووە، ئەم ژمارە دوا ژمـــــارە بووە جەلال تاڵەبانی تێیدا بەشـــداربووە پێش ئەوەی لە پارتی جیا ببێتەوە. بۆیە کە چوونە بـــــەغدا لە شـوباتی ١٩٦٦ ژمارە ٤٧٤ تا ژمارە ٤٨٤ لە حوزەیرانی ١٩٦٨، ١١ ژمارەیـان بە نـاوی پارتی دیموکراتی کوردســـتانەوە دەرکرد لە دژی شـــۆڕش، لەســـەریان نووسراوە لە چاپخانەی خەبات دەرچووە بەڵام لە چاپخانەی تایمس لە بەغدا چاپکراون. هەر ١١ ژمارەکە بە ٤ لاپەڕەیی چاپکراون تەنیا ژمارە ٤٨٢ کە لە تشـــــــرینی دووەمی ١٩٦٧ دەرچووە بە ٦ لاپەڕە بووە. ژمارە ٤٧٤ی ڕۆژنامەی خەبات لە تشـــــرینی دووەمی ١٩٦٤ لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەســـتی شـــۆڕش دەرچووە، بەڵام ژمارە ٤٧٤ ئەوەی دژی شـــۆڕش لە بەغدا لە شـــوباتی ١٩٦٦ دەرچووە، کە لە شـــوباتی ١٩٦٦ پارتی دیموکراتی کوردستان ژمـــارە ٤٨٥ی بـــڵاوکردۆتەوە لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستی شـــۆڕش[٢]. لە ٢٨ی کـانوونی دووەمی ١٩٦٦ هەریەک لە جەلال تـاڵەبـانی، حلمی عەلی شــەریف، عەلی عەســکەری و عومەر دەبابە بەبێ پرســی بەرپرســانی باڵای شـۆڕش، دۆڵە ڕەقەیان بەجێهێشت و چوونە پاڵ حکومەتی عێراق[٣].

٨- **کورد و یەکێتی خاکی عێراق:** بڵاوکراوەیەک بووە، دوای جیابوونەوەی گرووپی مەکتەبی سیاسی لە ١٩٦٤، گرووپی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستانیش جیابوونەوە و بەناوی یەکێتی قوتابیانی کوردسـتانەوە کاریان دەکرد، لە شـوباتی ١٩٦٦ ئەم بڵاوکراوەیان دەرکرد[٤].

٩- **پێشـڕەو:** گۆڤاری هۆشـیاری و زانیاری پارتی دیموکراتی کوردسـتان بووە، لە ژێر دروشـمی (هۆشیاری- ڕێکخستن- زانیاری) مەکتەبی سیاسی پارتی ٢ ژمارەی لە گۆڤاری پێشـڕەوی کە دژی شـــۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردســـتان بووە دەرکردووە. ژمارە ١ی لە مارتی ١٩٦٦ و ژمارە ٢ی لە ئابی ١٩٦٦ دەرچووە. دواتر لە کانوونی دووەمی ١٩٦٧ کۆمیتەی ئەوڕووپا ژمارە

---

(١) قارەمان مەهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٧- ٢٨.
(٢) دڵشاد مستەفا وەسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥٤، ٥٦.
(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٥٣.
(٤) عرفان عەزیز عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

١ی چاپی ئەوروپای دەرکرد[١].

**١٠- خەباتی کوردستان:** لە ساڵی ١٩٦٦ جەلال تاڵەبانی بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا دووبارە ئەو ڕۆژنامەی دەرکرد کە دژی شـۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردسـتان بووە. دواتر لە سـاڵی ١٩٧٩ لەسـەری نووسراوە (ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردسـتان، کۆمیتەی ئامادەکار). ژمارە ٣ی شـوباتی ١٩٧٩بە زمانی کوردی دەرچووە. ئەم ڕۆژنامەیەش هی پارتی دیموکراتی کوردسـتان نەبووە، هی حزبە کارتۆنییەکانی دژ بە شـۆڕش و دژ بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بووە[٢].

**١١- روناکی/ النور:** (روناکی) ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری ڕۆژانە بووە، لە بەغدا لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردسـتان. بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە. خەبات و کۆشـشـی لە ژێر تیشـکی سـۆشـیالیسـتی عیلمیدا دەکرد و هەر لەو درزەشـەوە ئەینواڕیە گیروگرفتەکانی کوردسـتان و عێراق و وڵاتانی جیهان. یەکەم ژمارەی لە سـاڵی ١٩٦٨ دەرچووەو یەکەم ژمارەی بە زمانی کوردی لە بەرگی گۆڤار لە ٢٣ی ئایاری ١٩٦٩ هاتە کایەوە. ژمارە عەرەبییەکەیشی گەیشتە ٢٥٠ ژمارە. خاوەنی ئیمتیاز حلمی عەلی شەریف و سەرنووسەری پارێزەر عومەر مستەفا بووە[٣].

(النور) ڕۆژنامەی ڕۆژانەی سـیاسـییە، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردسـتان- گرووپی مەکتەبی سیاسی بە زمانی عەرەبی دەرچووە. ژمارە ١ تا ٤٣٤ی لە ساڵی ١٩٦٨ و لە ساڵی ١٩٧٠ش هەندێک ژمـارەی لێ دەرچووە، لە ساڵی ١٩٧٣ ژمارە ٤٣٣ تا ٤٤١ بە خولێکی نوێ دەرچووە بە ئۆرگانی شـۆڕشـگێری کوردسـتان بەشـێوەی نهێنی لە لوبنان چاپ و بڵاوکراونەتەوە[٤].

**١٢- چەکی خەبـات:** گۆڤاری لقی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، خۆی بەرپرسی بووە. لە سـلێمانی بە زمانی کوردی دەرچووە. ژمارە ٢ی سـاڵی یەکەمی لە ئـایاری ١٩٦٨

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە، (هەولێر- ٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٣)؛ گۆڤاری پێشـڕەو، ژمارە ١، (کانوونی دووەمی ١٩٦٧- چاپی ئەوڕووپا).

(٢) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان؛ ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسـتان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆسـتا عەبدوڵا زەنگەنە، (هەولێر- ٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٣).

(٣) عبدالجبار محمد جەباری، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٣٢- ١٣٣.

(٤) https://zheen.org.

دەرچووە[١].

**١٣- رابەر:** بڵاوکراوەی ڕۆشـــنبیری بوو، لەلایەن لێژنە نـاوچەی ســـلێمانی پـارتی دیموکراتی کوردستان (گرووپی مەکتەبی سیاسی) دوو هەفتە جارێک لە سلێمانی بە زمـــانی کوردی و پیتی عەرەبی بڵاویـدەکردەوە. بە ڕۆنیۆ چاپـدەکرا، ژمـارەی یەکەمی لە شـــوبـاتی ١٩٦٩ و ژمارەی ١٣ لە کانوونی یەکەمی ١٩٦٩ دەرچووە[٢].

**١٤- دەنـــــگوباس...بروسکە:** بڵاوکراوەیەک بووە، دەزگای دەنگوباسی سەر بە لقی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان (مەکتەبی سیاسی)، ناوبەناو بە زمــانی کوردی دەرچووە. ژمارە ١ی لە سالّی ١٩٦٩[٣] بە تــــابیعە و ڕۆنیۆ چاپدەکرا، ژمارەی ٢ی لە ١٥ی ئابی ١٩٦٩، ژمارە ٦ی لە ٢٤ی ئەیلوولی ١٩٦٩، ٧ی لە ساڵی ١٩٦٩ و ژمارە ١١ی لە ساڵی ١٩٧٠ دەرچووینە[٤].

**١٥- ڕزگــــاری (سـلێمانی):** ئەم گۆڤارە لەلایەن نەوشـیروان مسـتەفا دژ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەرچووە، بەڵام نووسراوە (گۆڤارێکە لە ساڵی ١٩٦٩ لەلایەن لقی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستانی- عێراق دەرچووە)[٥].

**١٦- ڕەنـج:** بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری سەر بە لقی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان (مەکتەبی سیاسـی) بوو. بە تابیعە و ڕۆنیۆ چاپدەکرا. تەنیا ٣ ژمــــارەی بە زمانی کوردی لە سـلێمانی دەرچووە. ژمـارەی ٢ی لە ئەیلوولی ١٩٦٩ دەرچووە[٦].

**١٧- التـآخي:** ئەبێ بۆ ڕاســـتی ئەوە بگوترێ ئەو حزبە کـارتۆنیەی کە ڕژێم بە نـاوی پـارتی دیموکراتی کوردســتان دروســتی کردبوو، لە ٢٧ی ئاداری ١٩٧٤ بارەگای (التآخي) داگیرکرد و بە هەمان شێوە بڵاوی کردەوە، تەنانەت ئەوەی نەیتوانی لە (التآخي) بدزێ ڕێبازە بێگەرد و ڕاســتگۆیەکەی بوو[٧]. کۆمەڵێک هەڵپەرســت کەوتنە خۆ لەوانە عەزیز عەقراوی کە لەگەڵ شۆڕش نەکەوتن و دژبەری شۆڕش و گەلی کورد وەستان، هەستان بە درێژەدان بە ڕۆژنامەی

(١) ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٦٧.

(٣) جەمال خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم (ب)، ل ٧٩.

(٤) https://zheen.org. ؛ ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩.

(٥) حول بعض فعـاليـات فروع و كوادر الحزب، جريـدة خەبـات، العـدد ٥١١، (حزيران ١٩٦٩- مطبعـة خەبات)، ص ١.

(٦) ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.

(٧) وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

(التآخي) دژ بە گەلی کورد، بەڵام بەس ناوەکە ئەوبوو ناوەڕۆک و ئامانجی جیاواز بوو، بۆیە ئەو ژمارانە دەکرێت ١٥٨٤یش هەبێت بەس لای ئێمە ژمارە ١٥٨٥ لە ٢٨ی ئاداری ١٩٧٤ تا ژمارە ٢١٣٤ لە ١٧ی شـــوباتی ١٩٧٦ دەرچووە، ئامــــــاژەمان پێداوە بە (التآخي) پارتی دیموکراتی کوردســتان هەژمـــــار ناکرێت. بەڵکو ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردســتان ژمارە ١٥٨٤ لە ١ی ئاداری ١٩٩٣ دووبارە کەوتەوە بەر بڵاوکردنەوە و چاپکردن[١].

**١٨- التــــآخي و قضـايا الكادحين:** ئەم پاشـکۆیە بەسـەرپەرشـتی مەکتەبی ناوەندی کرێکار و جوتیارانی پارتی دیموکراتی کوردســـتانی دەرچووە کە هی ئەو حزبە کارتۆنیە بوو ڕژێم بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردســـتان دروســـتی کردبوو عەزیز عەقراوی کاری تێدا کردووە و لەسـەری نووسراوە (پاشـکۆیەکی مانگانەی التآخي). ژمارە ١ی لە ١٦ی تشـــــرینی دووەمی ١٩٧٤ دەرچووە، ژمارە ٢٠٥٦/١٣ لە ٨ی تشـــرینی دووەمی ١٩٧٥ دەرچووە. ژمارە ١، ٢، ١٣ بە زمـــانی عەرەبی، ژمارە ٥، ٦، ٧ بە زمانی کوردی و عەرەبی و ژمارە ١٠ بە زمانی عەرەبی دەرچووینە[٢].

**١٩- نــــاوخۆی پارتی:** ڕۆژنامەیەک بووە، بەناوی مەکتەبی ناوەندی سەر بە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردسـتان کە هی حزبە کارتۆنییەکەی هاشـم حەسـەن عەقراوی لە بەغدا بووە، بە زمانی کوردی دەریدەکرد. ژمارە ١ی لە تشـــــرینی یەکەمی ١٩٧٦دا دەرچووە، ئەو پارتیە، پارتیە کارتۆنیەکە بوو کە هاشـم حەسـەن عەقراوی سـکرتێری بوو، بارەگای سـەرەکیان لە بەغدا بوو[٣].

**٢٠- الپـــارتي:** ئەم بـــڵاوکراوەیە لەلایەن عەزیز عەقراوی دەرچووە کە بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان بە زمـانی عەرەبی دەریکردووە. ژمارە ١٠ی لە ساڵی ١٩٧٩ دەرچووە[٤].

(١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵا زەنگەنە، (هەولێر- ٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٣)؛ ئەرشـــیفی دەســـتەی ئینســـکلۆپیـدیای پـارتی دیموکراتی کوردستان.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) ئیسماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی... سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢.

(٤) https://zheen.org.

# لیستی سەرچاوەکان:

## ١- پەرتووکە کوردییەکان:


- مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد (یەکەم راپەڕینی بارزان ١٩٣١-١٩٣٢)،چاپی دووەم، چاپخانەی خەبات، ١٩٩٢، کوردستان.
- علی عبدلله، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق تا بەستنی کۆنگرەی سێ یەمی، چاپخانەی خەبات، ئەیلوول ١٩٦٨.
- عەبدوڵلا موحەممەد زەنگەنە، ڕۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی دوای راپەڕین، ژمارە ٤٢، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨.
- عەبدوڵلا زەنگەنە و سدیق و ڕفیق سالح ئەحمەد، برایەتی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسییە، پرۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین و زانکۆی زاخۆ، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠١٧.
- محەمەد مەلا قادر، سەربردە-کورتەیەک لە بیرەوەرییەکان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩.
- ئاری نانەکەلی، برایەتی ١٩٧٠-١٩٧١ دووەمین گۆڤاری سیاسیی ئاشکرای پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان- هەولێر، ٢٠٢٠.
- موسا ئەحمەد، ڕۆژنامەگەریی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان زنجیرە (٩)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، حوزەیرانی ١٩٩٨.
- فەرهاد عەونی، ئەزموونی ڕۆژنامەوانیم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.
- عارف روشدی عارف، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا ١٩٥٦- ١٩٧٥، چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢.
- دڵشاد مستەفا وەسانی، خەبات بەردەوامە... پوختەیەک دەربارەی ڕۆژنامەی خەبات ١٩٥٩- ٢٠١٩، لە بڵاوکراوەکانی خەبات، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢١.
- صالح یوسف صوفی، کرۆنۆلۆژیا کوردستانێ و جیهانێ، بەرگێ دووێ، چاپا ئێکێ، ڕێڤەبەریيا چاپ و بلاڤکرنێ، چاپخانا پارێزگەها دهۆکێ، دهۆک، ٢٠١٣.

- صالح یوسف صوفی، کرۆنۆلۆژیا کوردستانێ و جیهانێ، بەرگێ سێ، ڕێڤەبەرییا چاپ و بلاڤکرنێ، چاپخانا پارێزگەها دهۆکێ، دهۆک، ٢٠١٣.
- موسەدەق تۆڤی، ئینسکلۆپیدیا پارێزگەها دهۆکێ، بەرگێ شەشێ، ٢٠١٧.
- موســـەدەق تۆڤی، دیرۆکا ڕۆژنامەڤانیێ ل پارێزگەها دهۆکێ، چاپا ئێکێ، نیســـانا ٢٠١٩.
- وەصـــفی حەســـەن، داســـتانا لێدانا گازخانا کەرکووک، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠١٠.
- وەسـفی حەسـەن ردێنی، ئێزگە و تەلەڤزیۆنێت کوردی ١٩٣٩- ٢٠٠٢، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥.
- وەصفی حەسەن ردێنی، ڕۆژنامەگەریا دەڤەرا بەهدینان، وەشانا دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشـانێ (ژمارا وەشـانێ ١٦٨)، چاپا ئێکێ، چاپخانا حەجی هاشـم- هەولێر، ٢٠٠٦.
- زێرەڤان تەمو، دیرۆکا ڕۆژنامەڤانیێ ل ئاکرێ ١٩٥٠- ٢٠٢٠، چاپا ئێکێ، چاپخانەی جنگل، تەهران، ٢٠٢٠.
- زاهیر ڕۆژبەیانی، ئەزموونی ڕۆژنامەگەریم، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووســـەرانی کورد- لقی کەرکووک ژمارە ١٦٧، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٢.
- وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردســتان ١٩٤٦- ١٩٩٦، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، دهۆک ١٩٩٦.
- وریـا جـاف، کـاروانی ڕۆژنـامەگەریی کوردی، کتێبی گوڵان ژمـارە (١٩)، چـاپخـانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨.
- وریا جاف، مێژووی دەنگی کوردستانی عێراق، چاپخانەی خەبات، دهۆک، ٢٠٠٢.
- جەلیـل کـاکەوەیس، برایەتی ئەدەب و هونەر بیبلۆگرافیـای ١٠٠ ژمـارەی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- جەمال خەزنەدار، ئینسـکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی کوردی، بڵاوکراوەکانی سـەندیکای ڕۆژنامەنووســـانی کوردســـتان گۆڤاری ڕۆژنامەنووس (٤)، بەرگی یەکەم (الف)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١١.
- جەمـــال خەزنەدار، ئینسـکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی کوردی، پڕۆژەی نووسـینەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی ١٨٩٨- ٢٠١٥، بەرگی دووەم (ب)، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر ٢٠١٨.

- عرفان عەزیز عەزیز، ڕۆژنامەنووسی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، زنجیرەی مێژوویی یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان (٢)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.
- قارەمان مەهدی، مێژووی ڕۆژنامەگەریی لاوانی کوردســـتان ١٩٣١- ٢٠٠١، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئۆفسیتی پاک، هەولێر، ٢٠٠٢.
- نەوزاد فوئاد رەشید، چەپکە گوڵێک لە مێژووی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ووڵات، هەولێر، شوباتی ٢٠١٤.
- نەوزاد فوئاد رەشید، چەپکە گوڵێک لە مێژووی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وڵات، هەولێر، حوزەیرانی ٢٠١٨.
- دانا ئادامز شمیدت، سەفەرێک بۆ ناو پیاوە ئازاکانی کوردستان، وەرگێڕانی ئەبوبەکر ســاڵح ئیســماعیل، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨.
- دلێر ڕەشـــید و چیا ئەحمەد، ســـەرهلدانا ڕۆژنامەگەریێ ل دەڤەرا زاخۆ (١٩٩١-٢٠١٢)، چاپخانا کوردستان، زاخۆ، ٢٠١٢.
- ســـەردار هێتوتی، ڕاگەهاندن و ڕۆژنامەڤانیا دەڤەرا ئامێدیێ ١٩٩١- ٢٠١٣، چاپا ئێکێ، چاپخانا خانی، دهۆک، ٢٠١٣.
- ڕەفیق ســاڵح ئەحمەد، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەنوســـیی کوردیی لە شــاری ســلێمانی (١٩٢٠-١٩٩٠)، بڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانیی نوێ ژمارە (١)، ٢٠٠٢.
- ســدیق ســاڵح و ڕەفیق ســاڵح، ڕۆژنامەوانیی نهێنیی پارتی دیموکراتی کوردســتان-عیراق ١٩٤٦- ١٩٥٨، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١١.
- ئیسـماعیل تەنیا، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی ١٩٧٥- ١٩٩٣، لە چاپکراوەکانی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی میللی کوردســـتان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشـــنبیری-هەولێر، ١٩٩٨.
- ئیســـماعیل تەنیا، بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئەڵمانیا ١٩٦٣- ٢٠٠٦، دەزگای بارزان نیوز بۆ توێژینەوە و ڕاگەیاندن زنجیرە (١)، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاک-هەولێر، ٢٠١٠.
- ئیسـماعیل تەنیا، رابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی (ئازاری ١٩٧٥- ١٩٩٣)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ٢٠١٣.

- عبدالجبار محمد جەباری، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٠.
- نەوشـــیروان مســـتەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی ڕۆژنامەوانی ی کوردی ١٩٣٨- ١٩٥٨ (ڕۆژنامەوانی ی نهێنی)، بەرگی سـێیەم/ بەشــی یەکەم، سـلێمانی، ٢٠٠٤.
- نەوزاد عەلی ئەحمەد، ڕۆژنـامەگەریی خوێنـدکارانی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکا ١٩٤٩-١٩٩١، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشــک، مەڵبەندی کۆردۆلۆجی/ سـلێمانی، ٢٠٠٨.
- سەنگەر شێخەشلی، بڵاوکراوە وەرزشییەکانی دوای ١٩٩٤- ٢٠٠٤، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردسـتانی نوێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، سلیمانی، ٢٠٠٤.
- عەبدوڵڵا ئەنوەر عەبدوڵڵا (سمکۆ)، ڕۆژنامەوانیی کوردی لە شاری هەولێردا (١٩٣٥-١٩٧٥)، یەکێتی نووســەرانی کورد مەڵبەندی گشــتی ٩، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.
- درەخشـــان شــێخ جەلال حەفیـدزادە، کورتەیەک لە بزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی ئافرەتانی کوردسـتان و هەندێ لە بیرەوەرییەکانم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شـڤان، ٢٠١٢.
- ڕێناس نەورۆزی، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر، بەلجیکا ٢٠١١.
- حەمە سالح فەرهادی، چەند لایەنێکی ڕۆژنامەنووسی کوردی، چاپخانەی الحوادث، بەغدا ١٩٨٨.
- د.سـامان جەلال،ئینسـایکلۆپیدیای میدیای کوردی لە باشــووری کوردســتان، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، ٢٠٢٣، هەولێر.


## ٢- پەرتووکە عەرەبییەکان:


- مســـعود بارزاني، البارزاني و الحركة التحررية الكردية (ثورة بارزان) ١٩٤٥- ١٩٥٨، كردستان، كانون الاول ١٩٨٧.
- حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردسـتاني- العراق، مطبعة خەبات، دهۆک، ١٩٩٨.

- لمحات عن تاريخ الحركة الطلابية الكردستانية، من مطبوعات اتحاد الطلبة و الشبيبة الديمقراطى الكردستاني- العراق، نيسان ١٩٩٢.
- فرهاد محمد أحمد، جريدة خەبات/ النضـــال ١٩٥٩- ١٩٦١، دراســـة تاريخية، دار سپيريز للطباعة والنشر، الطبعة الأولى، مطبعة خانى، دهوك، ٢٠٠٨.
- رزگار نورى شاوەيس، ڕزگارى ثم خەبات لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني- نضـال مشرـف لاكثر من نصـف قرن-عرض تأريخي_ (١٩٤٦- )١٩٩٨، من منشـورات مؤسسة (برايەتى و خەبات) الصحافية، مطبعة التربية في اقليم كوردستان، ١٩٩٨.
- صـــباح البازرگان، المرشـــد الى صـــحافة كركوك ١٩١١-٢٠١١، مطبعة ازاد هورامي، كركوك، ٢٠١٣.
- نوزاد علي احمد، صـــحافة الحزب الديمقراطي الكردســـتاني (خارج الوطن)، مطبعة شڤان، السليمانية، ٢٠١٠.
- نوزاد علي أحمد، خەبات لســـان الحزب الديمقراطي الكردســـتاني "جناح المكتب السياسي"، سويد، ٢٠١١.
- نوزاد على احمد، الكادر، الطبعة الاولى، مطبعة شهاب- اربيل، ٢٠١٥.
- جعفر عباس حميدي، التطورات السياسية في العراق ١٩٤١- ١٩٥٣، رسالة ماجستير، مطبعة النعمان، نجف الأشرف، ١٩٧٦.
- الدكتور جعفر عباس حميدي، التطورات و الاتجاهات الســياســية الداخلية في العراق ١٩٥٣-١٩٥٨، رسالة دكتوراه، الطبعة الاولى، ١٩٧٩-١٩٨٠.
- هشــام عمار أحمد الراوي، موســوعة الصــحافة البغدادية و رجالاتها، الطبعة الأولى، الناشر دار الحكمة، لندن، ٢٠١٣.
- فاروق ابراهيم شريف، الضـــباط الكورد في الجيش العراقي، الجزء الاول، الطبعـة الاولى، مطبعة ORKA MATBAACILIK TURKEY، توركيا، مايس ٢٠١٤.
- حبيب كركوكي، الخطاب الســـياسي في القنوات الفضـــائية الكوردية، مطبعة ئارابخا كركوك، كركوك، ٢٠٠٦.

## ٣- ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان/ چاوپێکەوتنەکان:

- چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر بەکر، هەولێر، ١ی شوباتی ٢٠٢٣.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ هاودەنگ فارووق، هەولێر، ١ی شوباتی ٢٠٢٣.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ فریاد بارزانی، پیرمام، ٢٣ی شوباتی ٢٠٢٣.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ شکار عەفان نەقشبەندی، پیرمام، ٢٣ی ئابی ٢٠٢٣.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا زەنگەنە، هەولێر، ٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٣.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیسماعیل ئیبراهیم، دهۆک، ١٥ێ تەمووزا ٢٠٢٤.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد عەلی عوزێر، پیرمام، ١٧ی شوباتی ٢٠٢٥.
- چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ جەواد مەلەکشاهی، ١٤ی ئایاری ٢٠٢٣.
- چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ جەبار حەجی عەبدوڵا، ١٤ی ئایاری ٢٠٢٣.
- چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ فەرهاد محەمەد، ١٤ی ئایاری ٢٠٢٣.
- چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆ قادر، ٢٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.
- چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ شڤان حەمدی حوسێن، ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤.
- چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ شاخەوان کەریم محەمەد، ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤.
- چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ کاوێز مەلا پەروێز، ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤.
- چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەسعەد عەدۆ، ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤.
- چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ کاروان کەلاری، ٢٠ی شوباتی ٢٠٢٤.
- چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ سەعید مەموزینی، ٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥.
- چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ خاتوو لیا سەیفەدین، ٢٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥.
- چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز سیروان عوسمان، ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥.
- چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ خاتوو دهۆک بەڕۆژی، ١ی شوباتی ٢٠٢٥.
- چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لەگەڵ داروین وەیس، ١٨ی ئابی ٢٠٢٥.

## ٤- دەستە و ناوەندەکان:

- ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
- ئەرشیفی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- ناڤەندا خانی یا ڕەوشەنبیری و ڕاگەهاندنێ.

## ٥- ڕۆژنامەکان:

- ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٣، ٦ی تەمووزی ١٩٥٩، چاپخانەی النجاح.
- نتیجة انتخابات نقابة الصحفيين، جريدة خەبات(النضال)، العدد ٥٠، السنة الاولى، الثلاثاء ٨ ايلول ١٩٥٩، مطبعة النجاح- بغداد.
- ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٥٤، ساڵی (١)، یەکشەمە ١٣ ئەیلوول، چاپخانەی (النجاح)، بەغدا.
- ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٥٨، ساڵی (١)، هەینی ١٨ ئەیلوول، چاپخانەی (النجاح)، بەغدا.
- جريدة خەبات(النضال)، عدد ٧٤، السنة الاولى، الاحد ١١ تشرين الاول ١٩٥٩، مطبعة (النجاح)، بغداد.
- جريدة خەبات(النضال)، عدد ١١٧، الجمعة ١١ كانون الاول ١٩٥٩، مطبعة (الراى العام)، بغداد.
- الى رفاق المحترمين في مكتب خەبات بغداد، جريدة خەبات(النضال)، عدد ١٧٦، السنة الاولى، الاثنين ٢٩ شباط ١٩٦٠.
- جريدة خەبات- نضال، عدد ١٩٥، السنة الثالثة، الاربعاء ٦ نيسان ١٩٦٠.
- ابراهيم احمد يتكلم..، جريدة خەبات- نضال، عدد ١٩٦، السنة الثانية، الجمعة ٨ نيسان ١٩٦٠.
- جريدة خەبات(النضال)، عدد ٣٣٠، السنة الثانية، الاربعاء ٥ تشرين الاول، مطبعة صلاح الدين، بغداد.
- جريدة خەبات، عدد ٤٧٤، تشرين الثانى ١٩٦٤، مطبعة خەبات.

- جريدة خەبات، عدد ٤٧٥، كانون الاول ١٩٦٤،مطبعة خەبات.
- جريدة خەبات، عدد ٤٧٦، شباط ١٩٦٥، مطبعة خەبات.
- جريدة خەبات، عدد ٤٧٧، نيسان ١٩٦٥.
- جريدة خەبات، عدد ٤٧٨، حزيران ١٩٦٥، مطبعة خەبات.
- ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٤٨٠، خەرمانان ١٩٦٥، چاپخانەی خەبات.
- ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٤٨٢، سەرماوەز ١٩٦٥، چاپخانەی خەبات.
- جريدة خەبات، عدد ٤٨٣، كانون الاول ١٩٦٥، مطبعة خەبات.
- ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٤٨٥، ريبەندان(سەرەتای شباط) ١٩٦٦، چاپخانەی خەبات.
- جريدة خەبات، عدد ٤٨٦، آزار ١٩٦٦، مطبعة خەبات.
- جريدة خەبات، عدد ٤٨٧، ايار ١٩٦٦، مطبعة خەبات.
- جريدة خەبات، عدد ٤٨٨، حزيران ١٩٦٦، مطبعة خەبات.
- حول بعض فعاليات فروع و كوادر الحزب، جريدة خەبات، العدد ٥١١، حزيران ١٩٦٩، مطبعة خەبات.
- جريدة خەبات(النضال)، عدد ٥١٤، تشرين الاول ١٩٦٩، مطبعة خەبات
- جريدة خەبات(النضال)، عدد ٥١٥، تشرين الثاني ١٩٦٩، مطبعة خەبات.
- من ادبيات الحزب، جريدة خەبات(النضال)، عدد ٥١٩، اواسط حزيران، مطبعة خەبات.
- اخبار كردستان، جريدة خەبات(النضال)، عدد ٥٤٣، تشرين الثانى ١٩٨٠.
- دەنگوباسی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات(النضال)، ژمارە ٥٤٦، شوباتی ١٩٨١.
- دەستەی نووسەرانی خەبات،"خەبات" داوای لێبووردن دەکات!، ڕۆژنامەی خەبات(النضال)، ژمارە ٥٤٨، ئاب- ١٩٨٣.
- لە بڵاوکراوەکانی ڕاگەیاندنی پارتیمان، ڕۆژنامەی خەبات(النضال)، ژمارە ٥٤٩، کانونی دووەمی ١٩٨٤.
- اصدارات اعلامية، جريدة خەبات(النضال)، عدد ٥٥٠، شباط ١٩٨٤.
- ڕۆژنامەگەری کوردی لە یادی جەژنی خۆیدا ٨٦ مۆم دەکوژێنێتەوە، ڕۆژنامەی خەبات(النضال)، ژمارە ٥٥١، کۆتایی نیسان.

- خەبات و راستی یەکی مێژوویی، ڕۆژنامەی خەبات(النضال)، ژمارە ٥٥٣، ساڵی ٢٦، کانونی یەکەم/ ١٩٨٤.
- لە بڵاوکراوەکانی پارتیمان، ڕۆژنامەی خەبات(النضال)، ژمارە ٥٦٧-٥٦٨، تشــــرینی یەکەم و تشـرینی دووەمی ١٩٨٦.
- چالاکی رۆشـــنبیری لاوانی هەردوو پارێزگای دهۆک و نەینەوا، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٥٦٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٦.
- چاپەمەنییەکانمان لە ســـاڵی ١٩٨٦، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٥٦٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٦.
- ســـابیر ئەحمەد، یۆبیلی زیوین "٢٥" ســـاڵەی ئێزگەی دەنگی کوردســـتانی عیراق، ڕۆژنامەی خەبات(النضال)، ژمارە ٥٨٥، تشـرینی دووەمی ١٩٨٨.
- سێزدەمین ڤستیڤالی جیهانی ی لاوان و قوتابیان، ڕۆژنامەی خەبات(النضال)، ژمارە ٥٨٥، تشـرینی دووەمی ١٩٨٨.
- ڕۆژنامەی خەبات(النضال)، ژمارە ٦٠٠، ئابی ١٩٨٩.
- ئیبراهیم ئەحمەد، ئامانجی کوردســـتان، ڕۆژنامەی کوردســـتان، ژمارە ١، ســـاڵی ١، شەممە ١٩٦١/٣/٤، چاپخانەی کوردستانی نوێ.
- ڕۆژنامەی برایی (التآخي)، بێ ژمارە، ١٧ شوبات ١٩٦٨، دار الجاحظ، بغداد.
- عرض مقتضـــب للصـــحافة الكردية العلنية، جريدة التآخي، عدد ٤٦٣، الاثنين ١٥ حزيران ١٩٧٠، مطبعة دار الجاحظ، بغداد.
- ملحق (التآخي)-صـفحة اتحاد نسـاء كردسـتان، عدد ٨٨٤، ١٠-١١-١٩٧١، مطبعة دار الجاحظ، بغداد.
- ملحق (التآخي)، صـفحة اتحاد طلبة كردسـتان، عدد ٨٨٤، ١٠-١١-١٩٧١، مطبعة دار الجاحظ، بغداد
- خەبـاتی کرێکـاران، ڕۆژنـامەی برایەتی، ژمـارە ٤٠، خولی چوارەم، چوارشـــەمە ١٩٧٣/٢/٢٨،مطبعة الحوادث، بەغدا.
- ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٠، ١٩٧٤/١/١.
- لاپەڕەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، گۆشـەی سـەرنجێک، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٥، ١٣-١-١٩٧٤، چاپخانەی دار الزمان، بغداد.

- پاشـــماوەی کـاروانی ڕۆشـــنبیری...، ڕۆژنـامەی برایەتی، ژمـارە ١٥، ١٩٧٤/١/٢٤، چاپخانەی (دار الجاحظ)، ل ٧.
- بەبۆنەی یادی بیســـت و یەکەمینی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردســـتانەوە، ڕۆژنامەی برایەتی (پاشـــکۆی (التآخي))، ژمارە ٢٦، ٧-١١-١٩٧٤، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغدا.
- ڕۆژنامەی برایەتی (التآخي)، ژمارە ١٥٨٥، ١٩٩٣/٣/٢.
- پشـــتیوان، لە ئەمریکادا ژمارە ١ی گۆڤاری ڕێبازی بارزانی دەرچوو، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٢٥١٠، چوارشەممە ١٩٩٨/١/٢١، هەولێر.
- جەواد محەمەد شـــێروانی، لە قوڵایی مێـــــــژووەوە چەند بیرەوەرییەک بە بۆنەی دامەزرانـدنـی "ی.ق.ک"ەوە، ڕۆژنـامەی بـرایەتـی، ژمـارە ٢٥٢٩، چـوارشـــەمـمە ١٩٩٨/٢/١٨، هەولێر.
- فەرهاد عەونی، خەباتی قوتابیان و دیاری لاوان دوولاپەڕەی پرشـــنگداری مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردین، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٢٥٧٠، ١٩٩٨/٤/٢٢.
- ســـەڵاح دەلۆ، مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کەرکووک، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٢٥٧٠، چوارشەممە ١٩٩٨/٤/٢٢، هەولێر.
- ســـنەوبەر ســـابیر، ئـافرەت و ڕۆژنـامەگەریی، ڕۆژنـامەی برایەتی، ژمـارە ٢٥٧٠، چوارشەممە، ١٩٩٨/٤/٢٢، هەولێر.
- ئاســـۆ حەســـەن، لە ڕۆژنامەگەری شـــاخ: بۆ ئەوەی ((دەنگی قوتابیان و لاوان)) و ((ڕۆشنبیری پێشمەرگە)) لەبیرنەکرێن، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٢٥٧٠، چوارشەممە، ١٩٩٨/٤/٢٢، هەولێر.
- حەمەی ئەحمەد جـاف، لە ئەرشـــیفی مێژووی ڕۆژنـامەگەریی پـارتی دیموکراتی کوردســـتانەوە گۆڤاری (کادر) یان پەیمانگای دێرینی پێگەیاندنی کادران، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٢٥٧٠، چوارشەممە ١٩٩٨/٤/٢٢، هەولێر.
- محەمەد، لە سێیەمین ساڵڕۆژی دا... ئێرە سۆرانە، دەنگی ئاشتی ئازادی دیموکراسی، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٢٥٠٦، پێنج شەممە ١٩٩٨/١١/١٥، هەولێر.
- جريدة (التآخي)، عدد ٧٠١٨، ٢٠١٥/١١/٢٥، دار (التآخي) للطباعة و النشر، بغداد.
- نشرة مەتین (عەرەبی)، بێ ژمارە، حوزەیران/ ١٩٨١.
- نشرة اخبارية، عدد الاول، شباط ١٩٨٤، براغ.

- دەنگی لاوان و قوتابیان (دەنگی لێژنەی باڵای هاوکاری نێوان ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوانی کوردستان و سەرانسەری عێراقە)، ژمارە ٢ی ساڵی ١ی کانوونی ١ی ١٩٨٤.
- بڵاوکراوەی کرێوە (ی. ق. ک)، ژمارە سفر، سێشەممە ١٩٩٧/٢/١٨.
- ڕۆژنامەی روانین- Rwanin، ژمارە ١٠، ٢٠٠٣/١٢/٧، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری.
- ڕۆژنامەی هەولێر پۆست، ژمارە ١٦٨، ١٥ی ئابی ٢٠٠٧، هەولێر، چاپخانەی موکریانی.
- د. ڤیان سلێمان، هێلین بڵاوکراوەیەک لە ئافرەتەوە بۆ ئافرەت، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ٣٣١٦، ٢٠٢٠/٨/١٠.
- سەلام عەبدوڵا، پاشکۆی هزر و هونەر، ژمارە ١٣٥، ٢٠٢٣/٨/١٠.
- رۆژناما ئەڤرۆ، هژمارا ٣٤٨٧، ٣/٣/ ٢٠٢٤، چاپخانا موکریانی.
- PDK News Views, (Kurdistan Demokratic Party, Iraq in USA & Eurpe), issue 1, july 1993 ,Merrifield, Virginia.


## ٦- گۆڤارەکان:


- گۆڤاری پێشڕەو، ژمارە ١ کانوونی دووەمی ١٩٦٧، چاپی ئەوروپا.
- التآخي...، گۆڤاری برایەتی، ژمارە ٥ی ساڵی یەکەمی خوولی دووهەم، ناوەڕاستی ئەیلوولی ١٩٧٠، چاپخانەی دار الزمان، بەغدا.
- دیدەنییەکی خێرا لەگەڵ مام سەفەر مەلا غەفوور و یەکەم چاپخانەی شۆڕشی کوردستان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٣، ٥ ئایار ١٩٩٨، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- عەبدوڵڵا زەنگەنە و رەفیق ساڵح ئەحمەد، رابەری رۆژنامەنووسی کوردی، گۆڤاری رۆژنامەنووس ژمارە ٤، ٢٠٠٥/٤/٢٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- د. عبدالفتاح البوتاني، توزيع نشرة حزبية بإسم (صوت كردستان)، مجلة الصوت الآخر، العدد ٨١، الاربعاء ٢٠٠٦/١٢/٢٥.

- ژیار پشدەری، ئێزگەی دەنگی کوردستان دەنگی زوڵاڵی شۆڕش و خەباتی نەتەوەیی و بڵندگۆی ڕاستی، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە ١٢٦، ئەیلوولی ٢٠٠٨، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
- بەسەرکردنەوەی هەڤاڵ (لەتیف قۆجە) پێشمەرگەی دێرینی شۆڕشی ئەیلوول، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە ١٥٥، شوبات ٢٠١١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- حەمە ئەحمەد جاف، خامەی سامی شۆڕش، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە ١٥٨، ئایاری ٢٠١١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- ئەحمەد باوەر، گۆڤاری خەباتی قوتابیان لە خانەقین ١٩٥٨، گۆڤاری رامان، ژمارە ١٨، خولی سێیەم، ٢٠١٤، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- د. سالار عوسمان، مەتین پێویستە چیبکات...؟!!، گۆڤاری مەتین، ژمارە ٢٣٣، ئادارا ٢٠٢٣، دهۆک.


## ٧- ماستەرنامە:


- هۆگر بەهادین شریف، ماستەرنامە، ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان (١٩٧٦-١٩٩١)، هەولێر، ٢٠٢٣.


## ٨- ماڵپەڕەکان:


- https://www.google.com/url?q=https://facebook.com/.DerwazeHD/post. 16 DEC 2019.
- https://kurdistantv.net/ku/news/83190.
- https://xebat.net.
- WWW.kdp.info,17 DEC 2019,
  پاڤین رەمەزان، یەکێتی قوتابیانی کوردستان پرۆژەیەک ڕادەگەیەنێت
- www.kurdishglobe.krd.
- https://www.xaniagency.com/.govarasivore/.
- https://rojnameyaevro.com/ku/.derbareyme/.

- http://helinmedia.org.
- https://zheen.org.
- www.hewalname.com.
- https://www.instagram.com/xaniagency?igsh=MTEzM3NjbWh1MjZkcA==.
- http://www.facebook.com/ksu.1953?mibextid=LQQJ4d, پەیجی فەرمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ڕێکەوتی ١٦ی شوباتی ٢٠٢٣، لە فەیسبووک.

## ناسنامەی پرۆژە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA